







# سەدەیەک دوای سایکس - پیکۆ

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- دوای سەد ساڵ، هەمان چاوەڕوانی.....................................................بەرزان فەرەج...................... ٥

٢- سایکس پیکۆ و هەڵلاو بگری یوبیلی ئەڵماسی! ...............................................سەربەست کەرکوکی................ ٧

٣- وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن زادە بە بۆنەی سەت ساڵەی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ................. ١٠

٤- سایکس - پیکۆ و کورد و ئاینشتاین....................................................نزار سابیر.................. ١٦

٥- پێش هەڵوەشانەوەی سایکس پیکۆ پێشمەرگە سنووری کوردستانی بە خوێنی خۆی نیشانکرد........ڕێبوار حەمەلاو شوانی...... ٢٢

٦-"سایکس - پیکۆ"، ئایا کورد هەڵەی کرد یان؟..........................................................ئەمەگ ڕامان............ ٢٤

٧- ئاوڕێکی کورت لەسەر مێژووی سایکس پیکۆ.............................................................ئیمان مورادوەیسی....... ٢٦

٨- خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناخی دوای سایکس پیکۆ پرسی نەتەوە لە کێشەی لاوەکی.................جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی..... ٢٨

٩- کۆتایی سایکس پیکۆ؛ سەرەتای پۆستسایکس پیکۆ..................................................................هەندرێن......... ٣١

١٠- دوای سەد ساڵ چاوەڕوانی و ئەگەرو پێشهاتەکان لەبارەی کوردستانەوە...........................خەبات - ئاشتی شەهباز...... ٣٣

١١- خۆری سایکس پیکۆ لە ئاوابووندایە.........................................................شاخەوان برایم عەبدوڵڵا..... ٣٧

١٢- سایکس - پیکۆ: ئەمڕۆ..............................................................................سەردار عەزیز......... ٤٢

١٣- سەدەیەک دوای سایکس - پیکۆ، هەر سایکس- پیکۆیە.........سامی مۆوبەید......لە ئینگلیزییەوە/ ئاراز ئەحمەد محەمەد..... ٤٦

١٤- سێ ڕێکەوتنی پێویست بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی سایکس - پیکۆ.........................هاشم محەمەد ئەحمەد.......... ٤٩

١٥- پاش سەدەیەک، سەرەتایەک بۆ کورد.....................................................................لیزا فەلەکەدین........... ٥١

١٦- یەکڕیزی نێو ماڵی کورد لەنێوان خواست و کردار....................................................شێرکۆ حەبیب......... ٥٦

١٧- هەڵوەشاندنەوەی سایکس پیکۆ بەندە بە یەکێتی و یەکبوونی کوردەوە!!.................................عەتا قەرەداخی....... ٥٨

١٨- لۆمەی سایکس - پیکۆ مەکەن!.........................................................................ئاسۆس هەردی....... ٦٢

١٩- سایکس پیکۆ.........................................................................................ئاریان فەرەج........ ٦٤

٢٠- ئایا سایکس - پیکۆ هۆکارە بۆ نەبوونی دەوڵەتی کوردی؟.....................................................یاسین ساڵح......... ٦٦

٢١- وڵاتە یەکگرتووەکانی کورد...........................................................................عارف قوربانی......... ٧٠

٢٢- سەدساڵ پاش خیانەتنامەی سایکس پیکۆ!.........................................................ئاریتما محەممەدی........... ٧٢

٢٤- سایکس پیکۆ دوای سەد ساڵ.......................................................................حەمە جاف......... ٧٧

٢٥- لە سەدساڵەی (سایکس - پیکۆ)دا: قوناغێکە پیاوی خۆی دەوێ.....................................عەبدولسلام بەرواری........ ٧٩

٢٦- یادی سەد ساڵەی سایکس — پیکۆ........................عەبدولباری عەتوان.............وەرگێڕانی: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا..... ٨١

٢٧- جیۆپۆلەتیکی کوردستان لە نێوان ١٠٠ ساڵی ڕابوردوودا ( بەرەو سایکس پیکۆی دووەم )................ یعقوب کاکل.......... ٨٤

٢٩- سایکس - پیکۆ بۆ خراپە..........................................................چیمەن ساڵح.......... ٩٧
٣٠- کورد و سەدەمین ساڵوەگەڕی سایکس - پیکۆ.......................... ڕا و بۆچوونی پۆلێک لە کارناسانی سیاسی........... ٩٩
٣١- هەڵوەشانەوەی پەیمانی سایکس پیکۆ.....................و دژبەرانی و ئەرکی ئێمە!!...............ڕەشید قازی........ ١٠٣
٣٢- پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی سەدساڵەی ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ................ ڕۆژنامەی خەبات....... ١٠٦
٣٣- ناوەڕۆکی سایکس - پیکۆ کە لە شاری سان پیتەرسبورگ واژۆ کرا..................... ڕێبوار قاسم و چۆمان تەقیەدین...... ١٠٨
٣٤- ڕێکەوتنامەی سایکس - پیکۆ........................................ ماڵپەڕی ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە......... ١١٢
٣٥- ئەو دوو پیاوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەش کرد.........................................................وێستگە.......... ١١٤
٣٦- سایکس - پیکۆ..........................................................................مستەفا شڵماشی........ ١١٦
٢٧- لە پەراوێزی ١٠٠ ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ دا...........................................عەزیز شێخانی......... ١١٧
٢٨- ئەگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ئارادایە: کوردان، سەدەیەک پاش سایکس پیکۆ.....محەممەد عەلی دەستماڵی... ١٢١
٢٩- کورد و سەدەمین ساڵوەگەڕی سایکس - پیکۆ.................................. ڕا و بۆچوونی پۆلێک لە کارناسانی سیاسی......... ١٢٤
٣٠- سایکس پیکۆیەکی تر بەڕێوەیە .....................................................................سمکۆ محەمەد.......... ١٢٩
٣١- سەد ساڵ دوای سایکس - پیکۆ، بارزانی دەیەوێت چیبکات؟..............................................نوچەنێت.......... ١٣١
٣٢- دوای سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەکەی سایکس پیکۆ دا، کورد و کوردستان لە کوێی مێژوو دان!.......بێهزاد پیرموسا........ ١٣٤
٣٣- سەد ساڵ دوای "سایکس - پیکۆ" و پرسی سەربەخۆیی کورد...........................................حاتەم مێنبەری........ ١٤٠
٣٤- تیرۆر بۆشاییەکانی سایکس پیکۆ پڕدەکاتەوە........................................................زکری موسا......... ١٤٢
٣٥- ئەمڕۆ یادی ١٠٠ ساڵەی نەخشەی سایکس پیکۆیە.. دەوڵەتی کوردستان راستییەکی گەشاوەیە.....ئازا حەسیب قەرەداخی.... ١٤٥
٣٦- سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنە شومەکەدا تێپەڕی، با خۆمان بۆ سەربەخۆیی ئامادە بکەین.........ئامانج عەبدوڵڵا سوور..... ١٤٧
٣٧- برینە یەک سەدەییەکە بەرەو سارێژبوون دەچێت.............................................. هەولێر........... ١٤٨
٣٨- رۆژهەڵاتی کوردستان و "سایکس - پیکۆ"...........................................................ژیوار رەسووڵی........ ١٥٠
٣٩- پەیمانی سایکس - پیکۆ...........................................................................ئەحمەد شێربەگی....... ١٥٣
٤٠- پاش سەدەیەک لە سایکس - پیکۆ...............................................................بورهان شێخ رەئوف........ ١٥٤
٤١- دوای سەد ساڵ........................................................................................سەلام عەبدوڵڵا........ ١٥٧
٤٢- ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێککەوتناممەی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت.................................................ڕووداو.......... ١٥٩
٤٣- قۆناغی پۆست سایکس پیکۆ............................................................... کوردستانی نوێ......... ١٦١
٤٤- کورد لە سەدیەکی ڕەشی چەپەڵدا.....................................................ئاڤان شێخ کریم باراوی......... ١٧٧
٤٥- ناوەندێکی جیهانی: کۆتایی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ نزیکە....................................... ماڵپەڕی هەولێر........... ١٧٩
٤٦- چەند راسپاردەیەک لە دووەم کۆنفرانسی سایکس پیکۆدا........................................ کوردستانی نوێ.......... ١٨١
٤٧- دوای سەدساڵەی سایکس - پیکۆ، کورد لەچاوەڕوانی کیری - لاڤرۆڤ...............................هیوا سەید سەلیم........ ١٨٤
٤٩- مەرگی "پەیمانی سایکس پیکۆ" و شانسی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.....................ڕێبوار رەشید.......... ١٨٦
٥٠- ئەوەیە ڕەگی مەسەلەکە..........................................................................پیتر گالبرێیث ...... ١٩٣
٥١- پاش ١٠٠ ساڵ لە سایکس - پیکۆ; سەرکردەکانی عیراق باشترین بژاردە پێشنیار دەکەن................ س.م................ ٢٠٠

٥٢- سایکس پیکۆ دژی عەرەب نەبووە، دژی کورد بوو........................................................ مەلا بەختیار...... ٢٠٣
٥٣- وەسفی کوردەکان لە گرێبەستی سایکس - پیکۆ بە دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ.............................. کورد پریس........ ٢٠٥
٥٤- سایکس پیکۆ و کاریگەرییەکانی لەسەر کـورد........................................................رزگار حاجی حەمید......... ٢٠٧
٥٥- سایکس پیکۆ لە بیری مرۆڤی کورد دایە؟...........................................................محمد مندلاوی.......... ٢١١
٥٦- دوای سەدەیەک، دروستبوونی دەوڵەت، یان لێکترازانی زیاتر.........................................فەهمی بورهان.......... ٢١٤
٥٧- دوای سەدەیەک، دروستبوونی دەوڵەت، یان لێکترازانی زیاتر.........................................فەهمی بورهان.......... ٢١٦
٥٨- د. بەرهەم: دوای ١٠٠ ساڵ لە سایکس پیکۆ ناکرێت کورد فەرامۆش بکرێت...................................................... ٢١٨
٥٩- نەخشەی سایکس پیکۆ تەعریفی ریفراندۆم دەگۆڕێت...............................................ڕێکان سەباح............ ٢٢٠
٦٠- کیری - لاڤرۆڤ لەبری سایکس - پیکۆ............................................................ مەشخەڵ کەوڵۆسی......... ٢٢٢
٦١- ١١ ساڵ پلانی پێش وەختە بۆ ساڵ ڕۆژی نەخشەسازی سایکس و پیکۆ و کوردی بێ ئاگا.......... کارزان هەنارەیی ......... ٢٢٤
٦٢- کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆ و ململانێ ی هێزەکان لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ!!..... بهمن کاک عبدالله.... ٢٢٦
٦٣- ئاخۆ ژنێڤ سێ سایکس - پیکۆی دووی لێ دەکەوێتەوە؟..............................................جەنگیز چاندار......... ٢٢٧
٦٤- لە دایک بوونێکی نوێ و دواین چرکەکانی تەمەنی سایکس - پیکۆ!...................................عباس آزاد عباس.......... ٢٣٢
٦٥- سایکس - پیکۆ و داعش کەوتنە ناو گۆزەوە!..........................................................ڕەوف گوڵبەدەن......... ٢٣٥
٦٦- (سیڤەر) زیاتر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕووندەکاتەوە تا (سایکس - پیکۆ)............. و: کوردەوان محەمەد سەعید.... ٢٤١
٦٧- کوردو زیندوکردنەوەی پەیمانی سیڤەر.................حازم مبیضین..........لە عەرەبیەوە: سەریاس سەمین............. ٢٤٥
٦٨- کوردوپەیمانە نێودەوڵەتیەکانی (سایکس پیکۆ سازانۆف - سیڤەر- لۆزان)...........ئامادەکردنی :ژیلوان هەڵەدنی.......... ٢٤٨
٦٩- سەربەخۆیی کورد و چارەنووسی سایکس پیکۆ دوای داعش.............................................. گوڵستان.......... ٢٥٢
٧٠- ئایا کاتی کۆتاییهاتنی سایکس - پیکۆ هاتووە؟.......................................................سەروەر سالار ......... ٢٥٥
٧١- کـۆتایی ڕێکەوتننامەی نهێنی "سـایکس - پیکـۆ "..................................................جەهانگیر قوربانی......... ٢٥٧
٧٢- سایکس پیکۆ سنوورەکەی بەلم دروستکرا، ئێستا بەخوێن دەسڕدرێتەوە"...............................مایکل ولیامز ......... ٢٥٩
٧٣- ڕەهەندەکان ١٠٠ ساڵ دوای سایکس پیکۆ.......................................................... سمکۆ محەمەد........ ٢٦١
٧٤- چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، سایکس پیکۆ هەڵدەوەشێنێتەوە؟ ........................................ هۆشیار عەلی......... ٢٦٣
٧٥- جەواد مەلا: سایکس - پیکۆ زەوی کوردستانی دابەشکرد و حیزبە کوردیەکانیش خەڵکەکەی.......... بەهمەن عومەر........ ٢٦٥



# دوای سەد ساڵ، هەمان چاوەڕوانی

## بەرزان فەرەج



دوای سەد ساڵ لە دارِشتنەوەی نەخشەی جەستە لێکهەڵوەشاوەکەی ئیمپراتۆریەتێکی نەخۆش، کورد هێشتا برینداری غەدرێکی مێژووییە کە بەدەر لە نەتەوەکانی دراوسێی، لە دەوڵەت بێبەش کرا و بە سنوورەکان شوناس و خاکیان پارچە پارچە کرد. بێ ئاگایە لەوەی کە تەنیا قەڵەمی سایکس و پیکۆ نەبوو خاک و میللەتێکیان لە میراتیی پیاوە نەخۆشەکەی دوای جەنگ بێبەش کرد، بێ ئاگا لەوەی کە نائامادەیی خودی کورد وەکو نەتەوە و پرۆژەی بەدەوڵەتبوون پێش پارچە پارچەکردنی لەنێو بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، لەت لەتبوونی کورد لەناو دڵی خۆیدا هۆکاری نەبوونە دەوڵەتی بوو. کورد گلەیی لە سایکس- پیکۆ و شیوەن بۆ سیڤەرێک دەکات وەک شیوەنی بێهوودەی شیعە بۆ مەرگی حوسەین پاش بەتەنیا جێهێشتنی لەلایەن وەفادارەکانییەوە.

چوار سەدە پێش سایکس پیکۆ و سیڤەر و لۆزان، کوردستان بە پێشەنگیی کورد خۆی بۆ سوارەکانی سوڵتانی عوسمانی و شای سەفەوی، لەنێو سنوورەکاندا لەت کرا، کەچی تەنیا دوای سەد ساڵ کورد گلەیی و هاوار ڕووبەڕووی جیهانێک دەکاتەوە و داوای دووبارە دارِشتنەوەی نەخشەیەکی سەد ساڵە و مافی خوراوی لێ دەکات کە دووکەڵ و گڕی ئێستای ناوچەکە و کارەساتەکانی نابینێت، ئیدی چ ویژدانێک سەدەیەک لە ستەمکاری و غەدر و خیانەتی بیر دێنێتەوە کە تێیدا جینۆساید و وێرانکارییە گەورەکان و جەنگە بێ کۆتاییەکان ڕوویاندا و، نەوەکانی ئەم ناوچە گڕاوی و پڕ قەیرانانەی مەحکوم کرد بە سەدەیەک یەکدی کوشتن و یەکدی ڕەتکردنەوە و نەگونجان لە شوناسێکدا؟ دوای سەد ساڵ، تەنیا مێژوونووس و ئەکادیمی و سیاسییە خانەنشینەکان ئەو ڕاستییە دەڵێن کە بێ دەوڵەتیی گەلێکی لەبیرکراو، سەد ساڵ جەنگ و نائارامی بە نەخشە دروستکراوەکەی سایکس- پیکۆ بەخشی، کەچی ئەفسوس هیچ دیپلۆماتکارێک دیار نییە ئەو نەخشەیە تێکبداتەوە و ئەمجارەیان بە قەڵەمی ویژدان دایڕێژێتەوە.

سایکس - پیکۆ بەسەر چوو، جارێک نەخشەی بەشێک لە جیهانی دارِشت و دووبارە نابێتەوە. دوو دیپلۆماتی فەرەنسی و ئینگلیزی ویستیان لەگەڵ دابەشکردنی جەستەی پیاوە نەخۆشەکەدا، دنیایەکی ئارامیش دروست بکەن. ئەوان لەناو بیاباندا سنوورەکانیان کێشا تا بە ئارامی تێیدا بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا فەراهەم بکەن. ئەوان هێڵەکانیان کێشا و دواجار لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس (1919)، لە هۆڵە ئاوێنە بەندەکەی کۆشکی ڤێرسایدا، لە چواردە بەندەکەی ویلسندا، لە پەیمانی سیڤەر و لۆزاندا، نەخشەکە بەپێی سەنگی ئەکتەرەکان دارِێژرایەوە. ئایا بەڕاست سایکس- پیکۆ بۆ دنیایەکی ئارام بوو؟ دوای سەد ساڵ مێژوونووسی ئینگلیزی جێمس بار لە دوا کتێبیدا بە ناوی (سنوورکێشان لەناو لمدا) دەڵێت: "سایکس- پیکۆ ئاشتییەکیان داهێنا کە لە دەرئەنجامدا تەنیا جەنگی لێکەوتەوە، هەموو نەخشەکان بە شێوەیەک دارِێژران کە ئەو ناوچەیە هەرگیز ئاشتی بەخۆوە نەبینێت".

بەڵام کێ ئەو نەخشە گڕاویانە جارێکی دی دادەڕێژێتەوە و کێ سنوورەکانی ناو لم تێکدەداتەوە؟ جارێکی دی چاوەڕوانی سایکس - پیکۆیەکی دی مەکەن، چاوەڕوانی کۆنگرەیەکی ئاشتیی پاریس و سیڤەر و لۆزانێکی دی مەکەن، ئەوەی نەخشەکان دەگۆڕێت لە ئیرادەی

ئەکتەرەکانی ئێرەدایە. خۆر لەم رۆژهەڵاتەوە هەڵدێ و لە خۆرئاوا بزر دەبێت، چاوەڕوانی پێچەوانە مەکەن. بەندی دوازدەهەمی چواردە بەندەکەی ویلسن و بڕگەکانی ٦٢ - ٦٤ی سیڤەر، بەڵێن و هیوایەکیان بە چاوهەڵهێنانی دەوڵەتێکی کوردی تێدا بوو، بەڵام ئەوەی خەونی کوردی لە لۆزاندا لەبار برد، نائامادەیی کورد خۆی بوو وەکو شوناس و پرۆژەی نەتەوە لە بەرامبەر ڕێنیسانس و راچەنینی شوناس و پرۆژەی نەتەوەیی ئەوانی دیکەدا.

جەنەراڵی تورک، مستەفا کەمال پاشا، لەنێو داروپەردووی داڕووخاو و سەرە مەرگی ئیمپراتۆریەتی بزربووی خەلافەت و ئوممەی ئیسلامیدا، تاج و مێزەری سوڵتان فڕێدەدات و پشت لە خۆرهەڵات، ڕێبەرایەتی نەوەکانی بە شەپقەی ئەوروپییەوە بەرەو خۆرئاوا دەکات و شوناسێک بۆ تورک دروست دەکات کە ڕێککەوتنەکانی سیڤەر و پەیمانی ئاشتی زیندە بەچاڵ دەکات و نەخشەکان بە سەرکەوتووەکانی جەنگ، دادەڕێژێتەوە. ئەو دەبێتە باوکی تورک و دوای سەد ساڵ وڵاتێک بۆ نەوەکانی جێدەهێڵێت کە ئێستا ئەکتەری سەرەکی و هەرگیز پشتتێنەکراوی داڕشتنەوەی نەخشەکانی سایکس- پیکۆیە.

میرێکی جەنگ و رابەری خێڵە بەدووەکانی عەرەب، شەریف حوسێن (شەریفی مەککە) و هاشمیەکان، لەنێو سنوورەکانی لمدا، لە خاکە بەجێماوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میراتی خەلیفەکانی عەرەب، مەملەکەتێک بەدەست دێنێ و دەبێتە باوکی نەوەکانی وێڵ بوو بەدوای شوناسی عەرەبیدا کە دوای سەد ساڵ دەبێتە بکەرێکی سەرەکیی ئەگەری داڕشتنەوەی هەر گۆڕانکارییەک لە نەخشەکانی سایکس - پیکۆ دا.

پێش سەد ساڵ، ژەنەراڵێکی بزربوو لەنێو شوناسی کوردبوونی بە رەچەڵەک نەوەی خەندان و بابانەکانی سلێمانی و شوناسی عوسمانی و ئیسلامبووندا، ژەنەراڵ شەریف پاشا، بێ ئاگا لەوەی هاوڕێ ژەنەراڵەکەی، کە بوو بە ئەتاتورک و توانی کۆتایی بە سیڤەر بهێنێت و کەرامەتی تورکەکان لە دەوڵەتێکی تورکیدا بپارێزێت، بێ ئاگا لەوەی کە شەریفی مەککە وەک ڕێبەری خێڵە بەدووە شمشێربەدەستەکان لەناو لمدا مەملەکەتێکی عەرەبیی بەدەست هێنا، ئەم شەرمنانە تەنیا بە نامەیەکەوە لە دەرگای سیڤەر و لۆزانی دا و ئومێدی وابوو بە یاداشتێک سۆزی دابەشکەرانی ناوچەکە دەجوڵێنێ و ئاوڕێک لە کورد دەدەنەوە و دەوڵەتێکی پێ دەبەخشن و خۆیشی دەبێتە باوکی کوردان. بەڵام هەرگیز دەرگاکانی سیڤەر و لۆزان و کۆنگرەی ئاشتییان لێ نەکردەوە و خۆی و نەخشەی کوردستانەکەی بێ ئومێد لە دەرەوەی دەروازەکان مانەوە. نە ئەو توانی ببێتە باوکی کورد و ڕێبەرایەتی نەوەکانی بکات و شوناسی نەتەوەیەکیان پێ ببەخشێ، نە دوای سەد ساڵیش کورد توانی باوکی بزربووی خۆی بدۆزێتەوە کە بتوانێ ببێتە بکەرێک و لە داڕشتنەوەی نەخشەکانی سایکس- پیکۆدا پشتی تێ نەکرێت. بۆیە دواجار ژەنەراڵی خانەنشین بێ هیوا لە ئایندە و پشتکردوو لە خەونەکانی، وەسێتی کرد کە دوای مەرگی تەرمەکەی بسووتێنن و سوتووەکەی فڕێ بدەنە دەریاوە، چونکە نە ئەو ساتە خاک و دەوڵەتێکی کوردی هەبوو لە باوەشی بگرێ و نە لە ئایندەشدا چاوەڕوانی دەکرد.

دوای سەد ساڵ، کورد هێشتا بەدوای باوکێکدا دەگەڕێت و پێویستی بە رابەرێک هەیە کە ئەو هەمموو نەوە تۆراو و لێک جودا و برا دوژمنانە پێکەوە ئاشت بکاتەوە و لە جیاتی ڕێککەوتنە ستراتیژی و سیاسیە دوو لایەنییەکان کە دەرئەنجامەکەی سەد ساڵی دی دواخستنی خەونی دەوڵەتی کوردستانە، لە پرۆژە و شوناس و کردەیەکی کوردیدا کۆبکاتەوە کە لەم ساتەوەختەی ناوچەکە و گرگرتنیدا داوای پێبەخشینی دەوڵەت نەکات، بەڵکو ئەکتەرێکی دروستکردنی دەوڵەت بێت و خۆی لە خاکی خۆیدا بەبێ چاوەڕوانی ئەوانی دی، بڵێ: من هەم، کەواتە من دەوڵەتم. دوای سەد ساڵ ئەمەو هیچی دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت / ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٦

# سایکس پیکۆو هەڵڵاو بگری یوبێلی ئەڵماسی!

## سەربەست کەرکوکی

لەم چەند رۆژەی دواییدا، فۆبیایەکی سەیر بەرۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتی و میدیا حزبی و ئەهلییەکانی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە؛ ئەویش دیاردەو فۆبیای باسی سایکس پیکۆ و یادی سەد ساڵەی ئەو پیلانە نەگریسەی مێژووە.



میللەتانی تر، یوبێلی زیوی و ئاڵتونی و ئەڵماسی و هەروەها هەزار ساڵەیەیان بۆ شانازییە مێژووییەکانی خۆیان دەکەن و کەچی ئێمەی نەتەوەی کورد تازە بە تازە بەبێ رۆداچوونەوەیەکی قووڵ، لە بۆ رووداوێک یادی سەد ساڵە دەکەینەوە، کە سەد عەیار بیرهێنانەوەی شکستی و ناتوانایی و نەبوونیی رچەیەکی نەتەوەییمان بۆ دەسەلمێنێت و، هەر وەکو ئەوەی مێژووی زوڵمی دونیاو شانازی خۆمان بێت، تەپڵ و دوزەلەی بۆ لێدەدەین ! چەشنی سەد ساڵەی دامەزراندنی رۆژنامەگەریی کوردیی و یا دوو سەد ساڵەو هەزار ساڵەی شارو شارۆچکەکانمان گردبوون و بەزمی بۆ دەگێرین. وەلی لە راستیدا ئێمە بەم هەڵڵایەمان جگە لە پیشاندانی قەبارەی بێ دەسەڵاتیمان چ شتێکی تر ناکەین.

لەوەش زیاتر، با بگەڕێینەوە بۆ واقیعەکانی کات و ساتی پیلانەکەو ساڵانی پاش ئەویش، تا بزانین، ئەرێ ئەم مامە (سایکس و پیکۆت)ـانە ئەوەندە رۆڵیان هەبووە لە دابەشکردنی کوردستان و ئەوە دەهێنن کە ئێمە ئەم کاتە پڕ مەترسیانەی خۆمان و جەماوەری پێوە خەریک بکەین؟

١- دابەشکردنی کوردستانی خاک، لە پێش پیلانی سایکس پیکۆوە واقیعی تاڵی سیاسی بووە؛ ئەم دابەشکردنە لە رێکەوتنی ئەماسیەوە (لە ١٥٥٥)، تا رێکەوتنی زەهاو ( ١٦٣٩)، ئەرزرومی یەکەم( ١٨٢٣)، و ئەرزرومی دووەم ( لە ١٨٤٧)، و رێکەوتنی تاران (١٩١١) و رێکەوتنی ئەستانە (١٩١٣) ی نێوان تورکی عوسمانلی و دەوڵەتی ئێرانی سەفەویەوە لە سەر سنوور و جیوسیاسی ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرە، لە پێش ئەو سایکس پیکۆیەدا هەبووە.

٢- رێکەوتن (پیلان)ی سایکس پیکۆ سەبارەت بە میراتەکانی ئیمپراتۆریەتە نەخۆشەکە بووە، نەک بە تەنیا سەبارەت بە کوردستانە دابەشبووەکەی ئێمە و بەس؛ پیلانەکە هەموو ئەم ئەرز و خاکانەی لە خۆگرتبوو؛ شام (سوریا و لوبنان، فەلەستین، ئوردن و ولایەتی ئەسکەندەرۆنە) و ولایەتەکانی موسڵ و بەغداو بەسرە.

٣- لە نێوان سێ دەوڵەتی باڵادەستی ساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بووە؛ بەریتانیا و فەرەنسا و روسیای قەیسەری. لە پاش شۆڕشی ئوکتۆبەری ١٩١٧ بە بڕیاری گەورە شۆڕشگێری دنیا (ڤلادیمیر ئیلیچ لەنین) ەوە حکومەتی روسیای بەلشەفی لە رێکەوتنەکە

کشاوەتەوە و هەر ئەوانیش پیلانەکەیان بۆ جیهان ئاشکرا کردووە.

٤- نەتەوەکانی هەر هەموو ئەو وڵاتانەی لە پاش ڕێکەوتنەکەو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، سەربەخۆ بوون و دەوڵەتیان دروستکرد، بە هیچ شێوەیەک وەکو کۆت و پەیوەند تەماشای ئەو ڕێکەوتنەیان نەکردو هەر گوێشیان بە هەبوونی نەدابوو؛ دەوڵەتی عیراق لە ١٩٢١ بەبێ هیچ ناوهێنانێکی سایکس پیکۆ و لایەنی دووەمی سایکس پیکۆ دامەزرێنرا. دەوڵەتی ئوردن و سوریا و لوبنانیش هەر وەسا. تورکیاش لە ساڵانی سی سەدەی رابردوودا بە سەپاندنی ریفراندۆمێکی پڕ لە ساختەکاری توانی سەرجەمی ویلایەتی (ئەسکەندەرۆنە) کە لە چوارچیوەی پیلانی سایکس پیکۆ بوو، بخاتە سەر دەوڵەتی ئەتاتۆرکی و ناوەکەشی گۆڕی و کردیە (هەتای) و ئەسکەندەرۆنەی لە بیری عەرەب و جیهانیش بردەوە.

٥- جووەکانی دنیا، هەر لەو ساتەوەختەوە بەبێ گوێدانە هەبوون یا نەبوونی ئەم ڕێکەوتنە، هەوڵی لۆبیکردنی نەتەوەیی خۆیان داو لە ساڵی ١٩١٧ ەوە پەیمانی (بلفۆر)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیایان مسۆگەر کردو بە سەدان هەزار خەڵکی جوویان لە هەموو قوژبنەو (بوچاغ)ێکی دنیاوە هێنایە فەلەستین و لە چلەکانی سەدەی رابردوودا دەوڵەتی ئیسرائیلیان لەسەر ئەو خاکەدا داچەقاند !

٦- ئەو پیلانە، لەپاش وەدەرکەوتنی سۆڤیەت، ڕێکەوتنێک بووە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی کە تا سەرەتاکانی جەنگی دووەمی جیهانیەوە حەول و قودرەتی زلهێزییان هەبووە. بەڵام لە پاش هاتنە کایەی شیوازی نوێی دەسەڵاتی نێونەتەوەیی ( ئەمریکا و سۆڤیەت) و دامەزراندنی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەو ڕێکەوتنە، لە ئەرشیفی مێژووی دیپلۆماسیەتی جیهانیدا نەبێت لە هیچ نەخشەو پلانێکی جیوسیاسیدا گرنگی و کاریگەریی نەما.

ئیتر نازانین، حزبە کوردییەکانی باشوور، میدیاکان و دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی کورستان، بە دووی چ بناغێکی پووچ و چ تۆویەکی پووکی ئەو مەسەلەیەدا دەگەڕێن؟

ئەگەر مەسەلە ئامادەکردنی خەڵک و جەماوەر بێت بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەوا دەبێت بزانن کە کاری وا مەزن بەو شێوەیە کردەنی نییە، چونکە ئەوڕۆکە سایکس پیکۆ وڵاتێک نییە خاوەندی بێت — بە بەریتانیا و فەرنساشەوە- و لە خۆڕا هەڵستن بە پاراستن و نەهێشتنی لە گۆڕنانی. واتا پارێزەری سایکس پیکۆ بەرەی بێ سەنگەرەو ئەوەی خاوەندی بڕیارو دوا هەنگاوی ئەسەحیشە، گەلی کورد خۆیەتی، ئەو جەماوەرەیە کە سەد ساڵی رەبەقە گیرۆدەی داوی ئاڵۆزو گێژاوی :

- سەر لێشێواوی کوردانی ئۆروستوکراتی ئەستەنبولی پاش ئینقلابی مەشروتەی عوسمانلی بوون (١٩١٤ تا ١٩١٩)،لە ناو قەدیشدا،
- گیرۆدەی کەرە سەرخێڵ و دەرەبەگە چڵێس و عەشیرەتبازێتی سەرجەمی ناوچەکانی کوردستانی گەورە بوون ( ١٩٢٠ تا ١٩٥٨)
- لە دوا جاریشا - هەر لە ساڵانی ١٩٦٠ەوە، خەڵکەکە ئەو حزبانە بە دەمڕاستی خۆیان دەزانن کە لە کوردستانیەتدا عیراقچی و ئێرانچی و تورکخواهن، کە کاتێ دروشمی یەکپارچەیی عیراق و ئێران هەڵدەکەن، ئەوجا ڕێی هەڵەتی کوردستانیت دەگرن. ئەو حزبانەی لە دیموکراتیەتدا نیوەن و لە شۆڕشگێڕیدا نیوەن و لە ئاشتیدا نیوەن و لە دانانی سیستەمی ئیداریی و حکومەتیدا نیوەو لە گەرداندنی ئابووریشا، .. ن !

دەردی ئێمەی نەتەوەی کورد، یاد و یادەوەری نییە، دەردی ئێمە ئەوەیە کە نازانین لەسەر چ سەکۆیەکدا وەستاوین و هاوار بۆ چی دەکەین. دەردی ئێمەی کورد نەدۆزینەوەی رەچەو پایگاکانی گەیشتن بە ویستەکانمانە، کە کورت و پوخت لەم خالانەی خوارەوەدا خۆیان بەرچەستە دەکەن:

١- یەکگرتوویی رەوتی هەڵبژاردنی چارەسەرییەکان و یەکبوونی هەڵوێستە نەتەوەییەکان و دانانی سنووره یاساییەکان لە نێوان داخوازیی و پلانە نەتەوەییەکان و بەرژەوەندیی و دەسەلاتە حزبیەکانمان.

٢- مسۆگەرکردنی ئابوورییەکی کاتی تەنگەژەیی، درێژخایەنی ماوەی ٣ - ٥ ساڵ؛ بۆ بەردەوامیی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەتی خۆ ئامادەکردوو بۆ سەربەخۆیی و هەروەها بۆ مسۆگەرکردنی بژێوێکی مامناوەندی بۆ سەرجەم خەڵکانی کوردستان.

٣- دانانی ژووری ئۆپەراسیۆنی لۆبیکردنی نەتەوەیی ( نەک حزبی) و ناردنی نوێنەرانی گەل، بۆ هەر هەموو وڵاتانی دونیا، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی پشتیوانی دیپلۆماسی و مسۆگەرکردنی دانپیانانی دەوڵەتانی جیهان بە دەوڵەتی کوردستانی چاوەڕوانکراو.

٤- خۆ ئامادەکردنی عەسکەریی و سەپاندنی سیستەمی پێشمەرگایەتی ئیجباری و شەرڤانیی خۆبەخش، بۆ ئامادەکردنی گەنجانی کوردستان (بە کوڕو کچەوە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەموو ئەگەرێکی نەشیاو، لە لایەن نەیارانەرانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە.

٥- دانانی ئەنجومەنی تایبەت بە دەستەی سەربەخۆی یاسایی و سیاسی (هەر پارچەیەک و بە گوێرەی بارودۆخی شیاوی خۆی) بۆ دەستنیشانکردنی شێوەی سیستەمی سیاسی و ئیداری دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکە و دەستنیشانکردنی رۆڵ و هاوبەشییەکانی هەر هەموو نەتەوەکانی ناو خاکی کوردستان.

ئەمانەن، هەندێ لەو خاڵانەی  ئەگەر هەر لە ئێستاوە هەنگاویان بۆ بنرێت، دەبنە هاندەری هەموو کەسێک بۆ پشتیوانیکردنی سەربەخۆیی راستەقینەی کوردستان، نەک چاوەڕوانی و شێن و شەپۆڕکردن بۆ یادێکی نەگریسی وەک سایکس - پیکۆ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  /  ڕێکەوتی: ٢٩ی مەی ٢٠١٦

# وتوویژی رۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن زادە بە بۆنەی سەت ساڵەی پەیمانی سایکس ـ پێکۆ

رۆژنامەی "کوردستان"

"ئیشکالێکی فۆکووسی لەڕادەبەر لەسەر سایکس - پێکۆ لەوەدایە کە بە بنەماگرتنی ئەو رێککەوتننامەیە بۆ راستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییە کە لە کورد کراوە، ئۆتۆماتیک دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی مەسەلەی کورد لە دووەمین پارچەی کوردستان کە لەڕووی سیاسییەوە بەڕابردووترینیشە، واتە رۆژهەڵاتی کوردستان "



ئەمساڵ، سەد ساڵ بە سەر ئیمزا کردنی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ تێپەڕ بوو. ئەم رێکەوتە باس و موناقشەیەکی زۆری لە نێوان روناکبیران و کەسایەتیە سیاسییەکانی کورد بە گشتی بە دواوە بوو. هۆیەکەشی ئەوەیە کە گەلی کورد یەکێک لەو میللەتانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە زۆرترین زەرەر و زیانی لە هەمبەر ئیمزاکرانی ئەو پەیمانە بەرکەوتوە. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە " کوردستان" وتووێژێکی دەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات و پسپۆر و شارەزا لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان پێکهێناوە کە دەقەکەی بەمجۆرەیە:

**پرسیار : بۆ ئەوەی بچینە نێو باسەکەمان، با بزانین بەستێن و هۆکارەکانی هاتنە گۆڕ و ئیمزاکرانی پەیمانی سایکس پیکۆ چی بوون و ئەم رێککەوتنە بە چ شێوەیەک نەخشەی ناوچەی داڕشتەوە؟**

**وەڵام:** لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ئەوەندەی سایکس - پێکۆ بۆ کورد ئاشنا نیە، بەڵام پێم وایە تێگەیشتنی باو لەلای ئێمە بۆ ئەو رێککەوتننامەیە هەمیشە زۆر ورد و دروست نەبووە. ئەو رێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەناوی ئەو دوو دیپلۆماتەوە ناوی دەرکردوە کە ئامادەیان کردبوو، بەڵام لەڕاستیدا لەلایەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا و باڵیۆزی فەڕانسە لە پاریس لەو سەردەمەدا (ئێدوارد گرێ و پۆل کامبۆن)ەوە ئیمزا کراوە. ئەگەرچی ئامانجی رێککەوتنەکە دابەشکردنی ناوچەی حزوور و نفووزی ئەو زلهێزانە لە سەرزەمینە پێشتر عوسمانییەکان و بەگشتی رۆژهەڵات لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانییە، بەڵام پێش هەموو شتێک بەرهەمی پێویستیی ئیدارەی ململانەی نێوان ئەو زلهێزانە لەپێش شەڕەوە و پێویستییە سەربازییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و تەنانەت پلانەکانی "لۆرانسی عەرەبی" بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوایی کوڕەکانی خانەوادەی هاشمی بووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ململانێکانی پێشووتری زلهێزەکان بۆ نموونە ئینگلیزەکان کە لەو سەردەمەدا لە میسر بوون هەمیشە سەبارەت بە مەرامەکانی فەڕانسە لەسەر کاناڵی سوئێز نیگەران بوون، لەو لاشەوە ئینگلیز بۆی گرینگ بووە کە رووسەکان دەست بەسەر ئەو دەڤەرانەدا نەگرن

کە سەرەڕێی هیندی ئەو کات حەیاتی بۆ بریتانیا بوون. سەبارەت بە پێویستییەکانی شەریش، هاوپەیمانان بەهۆی گیروگرفتەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئاڵمان لە بەرەی رۆژئاوادا پێویستیان بە کردنەوەی بەرەیەک لە رۆژهەڵات هەبووە، بەتایبەتی کە دەوڵەتی عوسمانییش لایەنگری لە ئاڵمان دەکرد. بەلەبەرچاوگرتنی رکابەرییەکانیش، کردنەوەی ئەم بەرەیە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەبێ جۆرێک هەماهەنگی و رێککەوتنی ئەو زلهێزانە سەبارەت بە ئایندەی ئەو ناوچانە ئیمکانی نەبوو. بەمچەشنە جیا لە وەخۆکەوتنی رووسیە لەو بەرەیەدا بەنیازی کۆنترۆڵی گەرووە گرینگەکانی وەک داردانێل و بۆسفۆر و نیمچە دوورگەی گالیپۆلی و تەنانەت خەونی وەدەستهێنانەوەی قوستەنتەنیە و بەڵێنی نفووز لە ناوچە ئەرمەنی نشین و کوردنشینەکانی عوسمانیدا، هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان دەریای مێدیتەرانە و دەریای رەش لە پێنج زۆندا لەنێوان فەڕانسە و بریتانیادا دابەش دەبن (فەڕانسە لوبنان و سیلیسی - ئاناتۆلیی ئێستا-ی وەک ناوچەی بەڕێوەبەری راستەوخۆ و باکوری سوریەی ئێستا و موسڵی وەک ناوچەی نفووز وەبەر دەکەوێ؛ بریتانیاش کوەیت و مێزۆپۆتامیی وەک ناوچەی بەڕێوەبەریی راستەوخۆ و ئوردون و فەلەستینی وەک ناوچەی نفووز دەدرێتێ، ئورشەلیم و هەیفا و هەندێک دەڤەری دیکەش بۆ ژێر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی دیاری دەکرێن). دابەشکارییەکە کە تەئیدی رووسیە و دواتر ئیتالیاشی لەسەر دەبێ، دوای کۆتایی شەڕ لە کۆنفرانسی سەن ژان دو مۆریەن و سان ڕێمۆ بە پەسندی کۆمەڵی نەتەوەکان دەگا و لە چوارچێوەی سیستمی مانداکاندا شەرعیەت وەردەگرێ، بەڵام نەک لە سیغەی ئەسڵیی خۆیدا، چونکە لەلایەک موسڵ دەخرێتە سەر عیراق و فەڕانسە رازی دەبێ کە لە بەرامبەر پشکدارییەکی بەرچاو لە نەوتی کەرکووکدا موسڵ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا. لەلایەکی دیکەوە، تورکەکان ناوچەی سیلیسی وەدەست دێننەوە و ئەو ناوچانەی قەرار بوو لەسەر بنەمای پەیمانی سێڤر چارەنووسیان بە پرسکردن بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە (بەتایبەتی کوردەکان) دیاری بکرێ، دەگەڕێنەوە نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە کە تورکیەی ئەمڕۆ پێک دێنێ.

**پرسیار: ئەگەر بمانەوێ بەراوردێک لەنێوان ئەو سەردەمەدا کە پەیمانی سایکس پیکۆی تێدا ئیمزا کراوە و سەردەمی ئێستادا بکەین، ئایا چ شتێک لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟**

**وەڵام:** بێگومان سایکس - پێکۆ و رێککەوتننامە پێوەندیدارەکانیش رەنگدانەوەی واقیعی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکێشەی هێز لە جیهانی ئەو سەردەمەدا بوون. پێش هەموو شتێک سایکس - پێکۆ رێککەوتننامەیەکی نهێنی بوو کە هەروەک دەزانین پاش هاتنە سەرکاری بۆلشێڤیکەکان ئاشکرا بوو. ئەمڕۆ سەردەمی رێککەوتننامەی نهێنی بەسەر چووە و ئاشکرایی و تۆمارکرانی رێککەوتننامەکان یەکێک لە مەرجەکانی ئیعتباریان لە یاسای نێودەوڵەتیدایە. پاشان، لە سەردەمی سایکس - پێکۆ و پاش سایکس - پێکۆشدا بەهۆی ئەوە کە رووسیە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانی بوو و ئەمریکاش بەهۆی نەهاتنی بۆ نێو کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ دەورەیەکی دیکە لە گەمەی گەورەی سیاسیی ناوچەکە کشایەوە، دوو زلهێزی ئەسڵی فەڕانسە و بریتانیا بوون و هیچ هێز و دەسەڵاتێکی ئیقلیمییش وجوودی بەکردەوەی وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین نەبوو. لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵ ئەوەدا کە چەشنێک لە فرەجەمسەری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام لە ناوچەی ئێمەدا ئەوە ئەمریکا و رووسیەن کە بوونەتە دوو زلهێزە هەرە دیار و شوێندانەرەکە. ئەوە جیا لەوە کە چەندین دەسەڵاتی ناوچەیی وەک ئێران و تورکیە و عەرەبستان پەیدا بوون و لە کێشە و ململانێکانی ئەم ناوچەیەدا نەخشیان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا کۆمەڵێک ئەکتەری ناودەوڵەتی سەریان هەڵداوە کە تەرسیمی ئایندەی ئەم ناوچەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بوونی ئەوان واقعبینانە دەرناچێ. بەشێوەیەکی گشتی، سەردەمی ئەمڕۆ بێجگە لەوە کە سەردەمی تەکنۆلۆژی و بەجیهانیبوونی زانیاری و وشیاریی گەلانە، دەتوانین بڵێین هەموو ئەو فۆرموولبەندییانەش کە

لە دەورە یەکبەدوای یەکەکاندا دیزاینی سیاسی و ستراتژیی ناوچە و بەگشتی بنەما و ئاقاری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان دیاری دەکرد، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

**پرسیار: هۆکاری ئەوە کە کورد لە سەردەمی سایکس پیکۆدا لەبەرچاو نەگیراوە بۆچی دەگەڕێتەوە و ئایا وەک دەڵێن نەهامەتیی گەلی کورد بەڕاستی لە پەیمانی سایکس پیکۆوە سەرچاوە دەگرێ؟**

**وەڵام:** ئەوە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئاکام و کۆتایی ئەم پرۆسەیەی بە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ دەستی پێ کردبوو ویست و بەرژەوەندیی کوردی نادیدە گرت، بێگومان ڕاستە. بەڵام ئەوە تەنیا پێوەندیی بە پلان و بڕیاری زلهێزەکانی ئەوددەمەوە نیە، بەڵکوو دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە نەبوونی فاکتەرێکی بەهێز و یەکگرتووی کوردی لەوکاتەدا کاریگەریی گەورەی هەبووە. دابەشبوونی بژاردەکانی کورد لەو سەردەمەدا لەنێوان ئەوانەی بە کاریگەری وەرگرتن لە کەلتوری عوسمانی تەنیا بیریان لە شتێک بۆ کورد لە چوارچێوەی قەوارەی جێنشینی ئەو ئیمپراتۆرییەدا دەکردەوە و ئەوانە کە پێیان وابوو پێویستە کورد لەو بازنەیە دەربچێ و چارەنووسی خۆی بە تەواوی بگرێتە دەست، و نەبوونی بزوتنەوەیەکی یەکدەست و ڕێکخراوی کورد کە ئەو هەستەی لەلای دەسەڵاتە ئیمپریالی و پۆست - ئیمپریالییەکان دروست کردبا کە کوردەکان هەم دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان جێ بخەن و هەم لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو و جێگای متمانەی وان یاری بکەن، هەمووی هۆکارن بۆ وەدینەهاتنی خەونی کوردی بەو چەشنەی ئەمڕۆ ئێمە باسی دەکەین. سەرباری ئەوەش ئەوە کە بڵێین ئەوە ڕێککەوتننامەی سایکس- پێکۆ بووە کە سەرچاوەی نەهامەتیی گەلی کوردە، پێم وایە زۆر عیلمی نیە. یەکەم، لەبەر ئەوەی هەروەک دەزانین دابەشبوونی هەرە گەورەی کوردستان بۆ چوار سەدە پێش سایکس-پێکۆ دەگەڕێتەوە. ئیشکالێکی فۆکووسی لەڕادەبەر لەسەر سایکس-پێکۆش ڕێک لەوەدایە کە بە بنەماگرتنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییە کە لە کورد کراوە، دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی مەسەلەی کورد لە دووەمین پارچەی کوردستان کە لەڕووی سیاسییەوە بەڕابردووترینیشە، واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە هەروەک دەزانین بەهۆی بەشدارنەبوونی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سایکس-پێکۆ هیچ گۆڕانێکی بەسەر سنوورەکانی ئێراندا نەهێنا؛ دووەم، لەبەر ئەوەی نەخشەی سایکس-پێکۆ قەت وەک خۆی جێبەجێ نەکرا؛ سێهەم و لە هەمووی گرینگتر، خۆ سایکس و پێکۆ نەیانگوتبوو کە چارەنووسی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێر ئیدارە و نفووزی زلهێزەکان دەقیق چی دەبێ و چۆن دەبێ. هەروەک دەزانین ئەوە لەدرێژەی پرۆسەی سایکس-پێکۆدا و بە پەسندی کۆمەڵی نەتەوەکان بوو کە سیستەمی مانداکان دامەزرا و کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەش کە یەک لەوان پەیمانی سێڤر بوو ئیمزا کران. سیستەمی مانداش و ئەو ڕێککەوتننامانەش ئەگەر هەمووی وەک خۆی و بەبێ تەبعیز جێبەجێ کرابا، دەکرا هەر ئەودەم کورد لەسەر بەشێک لە خاکەکەی ببێ بە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی.

**پرسیار: ئێستا کە سەت ساڵ بەسەر سایکس پیکۆدا تێدەپەڕێ، ڕستەیەک بە دایم دووپات دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن "سایکس پیکۆ" کۆتایی پێهاتووە. بە بڕوای ئێوە ئەو ڕستەیە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ و تا چ ڕادەیەک دەگەڵ ڕاستی یەک دەگرێتەوە؟**

**وەڵام:** تێپەڕینی سەت ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەیەکدا بە خودیی خۆی کۆتایی بەو ڕێککەوتننامەیە ناهێنێ. دیارە لە یاسای نێونەتەوەییدا ڕێککەوتننامەمان هەن (بۆ نموونە لەبواری بەکرێدانی سەرزەمینێک بە دەوڵەتێکی دیکە) کە ماوەکەی دیاریکراوە و

پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیە ئەگەر لایەنەکان گرێبەستەکەیان نوێ نەکەنەوە، ڕێککەوتننامەکە هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام ئەمە سایکس - پیکۆ ناگرێتەوە، بەتایبەتی کە بنەمای قانوونیی نەخشەی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سایکس - پیکۆ نیە بەڵکوو ڕێککەوتنەکانی دواترن و کۆمەڵێک پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتیشیان هاتۆتە سەر. ئەگەر تەنانەت سایکس پیکۆش بە بنەما بگرین، نەک پاش تێپەڕینی سەت ساڵ، بەڵکوو تەنیا چەند ساڵ پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، شۆڕشەکانی کورد و هێندێک بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی عەرەبی نیشانەی ناڕەزامەندیی گەلانی ناوچە لەو دابەشکارییە بوون. سەت ساڵەی سایکس - پیکۆ بە مانای هەڵوەشانەوەی میراتی ئەو ڕێککەوتننامەیە نیە، بەڵام دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو ناعەدالەتی و نالەبارییانەیە کە مشووری ئیمپریالیی سایکس - پیکۆ بەدووی خۆیدا هێنان. ئەمڕۆ نەک هەر کورد، زۆر لایەنی دیکەش بە جۆرێک پێیان خۆشە "نەزم"ی پاش سایکس - پیکۆ کۆتایی پێ بێ، ئەگەرچی دەزانین کە مەرام و مەبەستی هەموویان لە کۆتایی سایکس - پیکۆ وەکیەک نیە. بۆ نموونە ئەگەر بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کۆتایی هاتنی سایکس - پیکۆ بە مانای ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییەیە کە لێی کراوە، بۆ پان - تورکیسم ئەمە گەڕاندنەوەی شکۆیەکی لەدەستچوو و لەڕاستیدا فراوانخوازییە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەو لایەنەی لە هەمووان زیاتر و پێش هەمووان باسی کۆتایی سایکس پیکۆی کردووە، واتە داعش، بەپێچەوانەی ئیدیعاکەی نەک هەر کۆتایی بە سایکس پیکۆ نەهێناوە، بەڵکوو لەڕاستیدا سایکس - پیکۆی لە سیغەی ئەوەڵی خۆیدا جێبەجێ کردوە، چونکە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕاست ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە بە ناوچەی ژێر نفووزی فەڕانسە داندرابوون. مێژووناسێکی فەڕانسەوی لەبارەی سایکس-پیکۆوە دەڵێ ڕۆژئاواییەکان خەتەکانیان کێشایەوە، عەرەبەکانیش ڕەنگیان کرد. بە باوەڕی من خەتەکان هەر لە شوێنی خۆیان ماون، بەڵام ڕەنگرێژییەکە لە زۆر لە خانەکانی ئەو هێلکارییەدا ژەنگی هەڵێناوە و سەردەمی بەسەرچووە. کەواتە ئەگەر ناتوانین بڵێین نەخشەی سیاسیی ناوچە هەڵوەشاوەتەوە یا تەنانەت هەڵدەوەشێتەوە، لانیکەم ئەو نەزمە سیاسییەی ئەو نەخشە سیاسییەی لەسەر داڕێژرابوو، لە زۆر لاوە چۆتە ژێر پرسیار و زەواڵی هاتووە.

**پرسیار: ساڵی ٢٠٠٦ ئامریکا باسی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێی هێنایە گۆڕێ. ئایا دەکرێ ئەم باسە وەک لە دایک بوونی سایکس پیکۆی تازە یان بە وتەیەکی دیکە لە ئێعتبار کەوتنی پەیمانی سایکس پیکۆ سەیر بکرێ؟**

**وەڵام:** باسکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازە یا گەورە پێش ئەو کاتەش لەنێو ئیدارەی جۆرج بووشدا مەترەح بوو. دیارە ئەو کاتەش ئەوەندەی مەبەست گۆڕینی هاوکێشە و پرەنسیپەکانی زاڵ بەسەر یاریی سیاسی لەو ناوچەیەدا بوو، ئەوەندە مەبەست سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە نەبوو. دۆخی زاڵ بەسەر یاسای نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافی جودابوونەوە و سەربەخۆیی هەتا کۆتایی شەڕی سارد بارێکی زۆر ناعادڵانە بوو و لەڕاستیدا لە غەیری لێکجیابوونەوەی مەخمەلی یان بەڕەسمی ناسرانی قەوارەی گەلێک کە حاکمیەتی خۆی بە زۆری وەدەست هێنابێتەوە، ئەو مافە تەنیا بۆ موستەعمەرەکان بە ڕەوا دەزانرا. دەزانین کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا تابووی تەواوەتیی ئەرزی بە تەواوی شکاوە و دۆخە حقووقییەکە بۆ ئەو حاڵەتانە کە موستەعمەرە نین، گۆڕانی باشی بەسەرداهاتووە. ئەوەش ڕاستە کە کێشە و ئاڵۆزییەکانی سەت ساڵی ڕابردووی ناوچە و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لوتکەی قەیرانەکانیەتی، شکستی ئەو پارادیگمانەیان سەلماند کە لە پاش سایکس - پیکۆوە قەوارە و نەزمی سیاسیی ناوچەیان لەسەر دامەزرابوو. بەچەشنێک کە ئەمڕۆ دۆخی زاڵ بەسەر وڵاتانی وەک سوریە، عیراق، لوبنان، یەمەن کە زۆربەیان چوونەتە حاڵەتی دەوڵەتی شکستخواردووەوە (Failed State)و کێشەی پێکەوە هەڵکردنی سوننە و شیعە و هەروەها دۆزی کورد، هەمووی دەبیرخانە ڕەسمییە ڕۆژئاواییەکانیشی خستۆتە فکری ئەوە کە بڵێی وەختی سایکس - پیکۆیەکی دیکە نەهاتبێ؟

تەنانەت زۆرگرووپی لۆبیگەری و ناوەندی نیئۆکۆنسێرڤاتیڤ هێندێک نەخشەی غەیرە ڕەسمیشیان بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چەکمەجەکانیاندا هەیە. لەگەڵ هەمووی ئەمانەش، جارێ بەدوور دەزانرێ کە نەخشەی ئەو ناوچەیە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم کارە بکرێ دوو شت کە لە سەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوون، ئێستا وجوودیان نیە. یەکەم پێویستە هەموو ئەو ناوچانەی کە باس لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنوورەکانیان دەکرێ وەک سەردەمی عوسمانی یان وەک سەردەمی سۆڤیەت لەژێر حاکمییەتێکی هاوبەشدا بووبن بۆ ئەوەی لە ئەنجامی نەمانی ئەو حاکمییەتەدا قەوارە گشتییەکەش لەبەریەکهەڵوەشێ. دووەم، پێویستە چوارچێوەیەک بۆ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەسەر چۆنیەتی داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکان لە گۆڕێدا بێ. شتێک کە لەسەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ململانەی زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکان وەها بنەما و چوارچێوەیەک لەبەردەست نیە و وێ ناچێ لە ئایندەیەکی نزیکیشدا شکڵ بگرێ. ئەو تەوافوقە "ئیمپریالیستی"یەی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لەسەر ناوچەیەک کرا کە لە بەرامبەر نەخشە نێودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر پاسیڤ بوو، ئەمڕۆ بەدی ناکرێ و ژینگەکەش بە چەشنێک سێکتاریستی بووە کە بەپێچەوانەی ئورووپا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئالیەتێک بۆ کۆنترۆڵی توندوتیژی نیە. هەربۆیە زلهێزەکان هێشتا پێیان وایە بەردەوام بوون لەسەر چوارچێوەکانی مەوجوود کەم زیانترین بژارە (هەوڵەکانی لێکنزیکبوونەوەی ئەم دواییانەی ئەمریکا و ڕوسیە سەبارەت بە ئایندەی سوریە نیشانەیەکی ئەم ڕاستییەیە). هەربۆیە ئەوەی دەکرێ ڕوو بدا جارێ تەنیا تەزعیف و تەقویەتی ئەم دەوڵەت لە بەرامبەر ئەو دەوڵەت یا ئەم فاکتەر لەنێو دەوڵەتەکەدا لە بەرامبەر ئەو فاکتەر لە هەمان دەوڵەتدا، سەرهەڵدانی قەوارەگەلی مەیلەودەوڵەت (Quasi State)، و مامەڵەی بەجیا و کەیس بە کەیس لەگەڵ ئەو حاڵەتانەیە کە لەوندا گەلێک (وەک بۆ نموونە کورد لە باشووری کوردستان) هاتۆتە سەر ڕێڕەوی سەربەخۆیی. ئەو کاتە بەپێی بوونی زەمینەی لەبار و ژێرخانی پێویست بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ کەیسە دیاریکراوەکە دەکا.

**پرسیار: بۆ ئەوەی میللەتی کورد بتوانێ لەم هەل و مەرجە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ، دەبێ چ بکا و چ ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر؟ ئێستا کە زۆر باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکرێ، ئایا کورد دەتوانێ بۆخۆی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی جیهانی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەوری هەبێ؟**

**وەڵام:** کورد لە بازنەی بڕیاردان لەسەر سیاسەتی جیهانی دا نیە هەتا لە داڕشتنەوەی ئەو سیاسەتە لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەوری هەبێ. بەڵام پێشوەچوونی مەسەلەی کورد و جێگە و پێگەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە کورد ئەمڕۆ بەتایبەتی لە پەراوێزی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشدا وەدەستی هێناوە، هەم لەڕووی زەینییەوە و هەم لەڕووی هەلومەرجەوە بەستێنێکی لەباری دروست کردووە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە ئاقاربەخشین بە سیاسەتی جیهانی لەپێوەندی لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا وەک ئەکتەر و نەک هەر وەک کارتێکراو دەور بگێڕێ. سەرکەوتنی کورد لەو دۆخەدا پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر کورد خۆی و یەکەم مەرجیشی ئەوەیە کە کورد هەموو هیوا و تەمای بە پلانێکی نێودەوڵەتی نەبەستێ کە گۆیا دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ بەدیاری دێنێ و لە ئاکامدا خۆی لە پێویستیی خۆ حازر کردن و چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی بێنیاز ببینێ. نابێ لەبیرمان بچێ خودی سایکس - پیکۆ لەسەر بەستێنی چەشنێک لە خیانەتی نێودەوڵەتی دروست بوو، چونکە ئینگلیزەکان لە ساڵی ۱۹۱۵ دا لەسەر دەستی کۆمیسێری باڵای خۆیان لە قاهیرە (ماک ماهۆن) بەڵێنی مەملەکەتێکی یەکگرتووی عەرەبییان بە شەریفی مەککە دابوو. دەشزانین ساڵێک پێش تەواو بوونی شەڕ بەڵێنی بەلفۆریان بۆ دروست کردنی کیانێکی قەومی بۆ جوولەکە ڕاگەیاند. تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانی کاتێک لە

باڵكانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی شەڕ هەڵایسابوو، فەڕانسەییەكان بۆ خاتری پاراستنی نفووز و ئیمتیازاتیان لە عوسمانیدا زۆر نیگەرانی هەڵوەشانی عوسمانی بوون و قازانجی خۆیان لە پاراستنی ستاتووكۆ (وەزعیەتی مەوجوود)دا دەدی. مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە ئەگەر تەنانەت ئاشكرا بوو كە قەول و قەرارێكیش بە كورد دراوە، هێشتا كورد نابێ ئەو ئەزموونانەی رابردووی لەبیر بچێتەوە كە لەودا زلهێزەكان و دەوڵەتانی ناوچە خیانەتیان پێ كردوە. ئێستا بەمەبەستی خۆئامادەكردن بۆ دوورەدیمەنی هەلومەرجێك كە لەودا سەربەخۆیی كوردستان (لانیكەم لە باشوور) عەمەلی ببێ، پێویستە كورد نێوماڵی خۆی و پێوەندییە دەروونییەكانی نەك هەر لە باشوور بەڵكوو لەسەر ئاستی هەموو پارچەكانی كوردستاندا بە چەشنێك رێك بخاتەوە كە جیهانی دەرەوە فاكتەری كوردی هەمووی بەسەریەكەوە ببینێ و حیسابێكی یەكدەست یا لانیكەم هەماهەنگی بۆ بكاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا كە كورد ناتوانێ لە مەیدانی كارتێكەرییە نێوخۆییەكانی تایبەت بە هەركام لە دەوڵەتانی حاكم بەسەر كوردستاندا غایب بێ، بەڵام پێویستە ئەولەویەت و فۆكووس بخاتە سەر دایناميزمی تایبەت بە كورد خۆی، هەم بە دروستكردنی ژێرخانەكانی سەروەری و هەم بە پێناسەیەكی فراوانی كوردی كە هەموو بزوتنەوەی كورد لەبەرچاو بگرێ. ئەگەر نەخشی سەربازیی كورد لە قەیرانی ئەمڕۆی ناوچەدا دەتوانێ حاكمییەتی ئەو گەلە لەسەر خاكی خۆی بچەسپێنێ و بشیكاتە پارتنێرێكی نێودەوڵەتی، پێویستە ئەمە پشت بە رۆئیایەكی سیاسیی هاوبەشی كوردییش ببەستێ. ئاكامی سیاسی و حقووقیی ئەو رەوتە ئەگەر تەنانەت لە كورتخایەندا سەربەخۆیی كوردستان یا یەكگرتنەوەی هەموو كوردستانیش نەبێ، لانیكەم دەبێتە هۆی ئەوە كە جێگە و پێگەی كورد هەم لە هاوكێشەكانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و هەم لە چوارچێوەی ئالترناتیڤی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەدا كە كوردستانیان بەسەردا دابەش كراوە، بەشێوەیەكی چارەنووسساز ئەوەندە بەهێز بێ كە هیچ لایەنێك ئیدی نەتوانێ حاشا لە كورد بكا و سات و سەودا بە چارەنووس و مافە رەوا و بنەڕەتییەكانی بكا.

لە ژمارە ٦٨٠ ی رۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستانی و كورد / ڕێكەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦

# سایکس - پیکۆ و کورد و ئاینشتاین

نزار سابیر

**یاریکەرێکی نوێ لەسەر مێزێکی کۆن**

١٠٠ ژمارەیەکی جوانە. ڕێکەوتێکی جوانە لەم کاتەدا، کە ناوچەکە بەهۆی جەنگێکی بەرفراوانەوە بەسەریەکدا دراوە و داعش سنووری سووریا و ئێراقی' هەڵوەشاندۆتەوە، لەم مانگی مایۆیەدا ١٠٠ ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆدا، کە بناغەی دارِشت بۆ بەشێکی گەورەی ئەم نەخشە سیاسی - جوگرافیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ڕێکەوتە سەدیە جوانە باس و خوازی سایکس-پیکۆی لە میدیاکاندا چاک گەرمکردووە. کە ئەمە دەڵێم، دڵنیاشم هەندێک هەن ئەم ژمارەی سەدە بە ڕێکەوت نازانن و پیلانێکی پێشوەخت لەپشت ئەم ژمارەیەوە مەزەندەدەکەن.



بە هەر حاڵ، ئێستا زلهێزەکان دیسانەوە نیشتوونەتە سەر مێزی "پۆکەر"ەکە و وەها دەردەکەوێ، کە خەریکی لێدانەوەی "فڵچە"ن لە کارتە جیۆسیاسیەکان. ئاماژەگەلی گرنگیش دەرکەوتوون، کە دیسان "دەست"ی نوێ بەسەر یاریکەرە بەهێز و بێهێزەکانی ناوچەکەدا دابەشبکرێنەوە، بە خێر و شەڕی نوێوە.

لەم یاریەدا، هێشتا دوای ١٠٠ ساڵ، هەندێک شت هەن زۆر نەگۆڕاون: ئەوسا جەنگی دژ بە خەلافەتی ئیسلامی ئۆسمانی یاریەکەی' هێنابووە پێش، ئێستا جەنگی دژ بە خەلافەتی ئیسلامی داعش بەزمەکەی سازکردووە. پێڕی یاریکەران هەر ئەوانەی جارانن. یاریکەرێکی تازە کە هەبێ، ئەمەریکایە. ئەمیش تەواو تازە نییە؛ کوڕی بەریتانیا و فەرەنسایە. ئەو کاتەی ئەو جووتە سەرگەرمی ڕێککەوتننامەکە بوون، ئەم تازە مووی' دەرکردبوو و لە دوورەوە تەماشای'دەکرد. ئەمڕۆ، کە ئەوان پیربوون و ئەمیش لە هەڕەتی تین و گوڕی'دایە، پێشیان کەوتووە و بۆتە دەمڕاستیان.

ڕووسیاش کۆنە ئاشنایە. کاتی خۆی' بەشێک بوو لە ڕێککەوتنەکە. ئەوەندە هەیە، ئەوسا، کە قەیسەری بەسەرەوە بوو، هەر لە ئەوەڵەوە بۆ یاریەکە دامەزرابوو، بەڵام بە هۆی شۆڕشی بەلشەفیەکانەوە لەپڕ هەڵستا و لێی' چووە دەرێ، بەبێ ئەوەی یاریەکە تەواوبکا. ئەمجارەیان، بە پێچەوانەوە، بێ ئەوەی جێی' لەدەوری مێزەکە گرتبێ، لەپڕ بە مەزاجێکی قەیسەرانەوە خۆی' کرد بە ژووردا و جێی سەرەوەی مێزەکەی' گرت. ئەم دابەزینە بەهێزەی ئەم، هەرچەندە ئەمریکا و تیپەکەی پشتی' شڵەژاندووە، بەڵام هەندێک جار بە چاوداگرتن بەیەک دەڵێن، ئەوەندەی' پارە لەژێر قوندا نییە، بەرگەی یاری درێژخایەن بگرێ. بۆیە هەوڵدەدەن یاریەکە ئەوەندەی دەکرێ درێژە بکێشێ. بەڵام هورچە سپیەکە، پشتبەستوو بە مێژووی هورچبوونی خۆی'، لە سەرکێشی ناترسێ. ئەمانە یاریکەرە ڕەنگکاڵەکانن؛ مووکاڵ و چاوکاڵ. هەرچەندە میوانن و نەرمونیان دەردەکەون، بەڵام بە حوکمی زیرەکی و لێزانی،

ئاغای ماڵن. ئەمان کات و وادەی یارییەکە دیاریدەکەن و هەر ئەمانیش فڵچە لە کارتەکان دەدەن و دابەشیاندەکەن. شەڕی نێوان ئەمان لەسەر ئەم جێگەیەیە؛ واتە سەر "بانکەکە".

یاریکەرە ڕەشتاڵەکانیش هەر ئەوانەی جارانن. ئێران ئەوسا بە دەستی بنەماڵەی قاجارەکانەوە داوەشابوو و هێزی یاریکردنی نەبوو. ئاقڵییەک کە کردیان ئەوەبوو، نەبوونە لایەنێک لە شەڕە گەورەکەی جیهان و بەوەش خۆیان لە زەرەر و زیانی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتنامەکە پاراست. بەڵام ئەمڕۆ ڕێک ئەو مەلایانە لەسەر تەختی ئێران دانیشتوون، کە بەر لە پتر ١٠٠ ساڵ فەتوای حەرامبوونی جگەرەکێشانیان دا، بۆ ئەوەی گورز لەو مۆنۆپۆڵی بازرگانیی تووتنە بوەشێنن، کە قاجارە گەندەڵەکان لە پاڵ چەندان کەرتی ئابووریی دیکەدا خستبوویاننە ژێر دەستی مووکاڵەکان. ئەم مەلایانە ئێستا بە ڕقێکی مێژووییانەی سەدساڵەوە دابەزیونەتە سەر مێزی یاریکردنەکە و جیرانە و پشووەدرێژانە خۆیان بۆ بەربەرەکانێ و دەستکەوتی گەورە ئاوەتەوە.

یاریکەرێکی ڕەشتاڵەی دیکە تورکەکانن. لە گەمژەیییەوە بێ یان لە ناچاری، ئەگەر سوڵتانەکەی گوێ‌ئاوی بۆسفۆر داخڵی جەنگە گەورەکەی یەکەم نەبووایە، ئەو دوو دیپلۆماتە بەریتانی و فەرەنسییەی ناویان سایکس و پیکۆیە، ئەمڕۆ کەس ناویانی' نەدەبیست؛ چونکە ڕێککەوتنامە بەناوبانگەکەیان لە ڕاستیدا ڕێککەوتنە بۆ دابەشکردنی کەلاکی ئیمپراتۆرییە ئۆسمانییەکە بەسەر براوەکانی جەنگەکەدا. سیاسەتمەدارە ئۆسمانییەکان تەمائی ئەوەیان هەبوو، بە پشتی ئەڵەمانەکان جەنگەکە ببەنەوە و ئەو شوێنانە بخەنەوە سەر ئیمپراتۆریاکە، کە لە دەورانی پێش جەنگەکەدا لە بالکان و ئەورووپا دۆڕاندبوویانن. تەماع سەری خۆیان و ئیمپراتۆرییەکەشیانی' خوارد. ئەمڕۆ سوڵتانێکی نوێ لە بەرگی سەرکۆمارێکدا لە گوێ بۆسفۆر دانیشتووە، تەمائی ئەوەی هەیە میلی سەئات بگێڕێتەوە بۆ ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک لەو شوێنەوە حوکمی ئیمپراتۆریایەک دەکرا، لە بۆسنەوە شۆڕدەبۆوە بۆ حیجاز و لیبیا. تورکیا بەم سوڵتانە گرژەوە هاتۆتە سەر مێزی یاریکردن. ڕەنگە پەرەسەندنی ئاستی ململانێی نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا دیاریی'بکەن، ئەم سوڵتانە نوێیە بە مایەی خۆیەوە هەڵدەستێتەوە یان، وەک سوڵتانە کۆنەکە، سەری خۆی' و لایەکی وڵاتەکەشی' دەخوا.

یاریکەرێکی کۆنی ڕەشتاڵەی دیکە عەرەبەکانن، بە سوننە و شیعە و عەلەوییانەوە، بە عەگال و عەمامە و ئەفەندییانەوە. هەرچەندە، ئەگەر بە گشتی وەک عەرەب وەربگیرێن، دۆڕاوترین لایەنی یارییەکەن، بەڵام دەمدرێژترینی سەر مێزەکەن. ماوەی ١٠٠ ساڵە نەفرەت لە سایکس-پیکۆ دەکەن، گوایە خیانەتی' لێکردوون و وڵاتەکەیانی' بەش بەش کردووە، لە کاتێکدا ئەگەر سایکس-پیکۆکارەکان نەبوونایە، ڕەنگە لە بری ئەم هەموو دەوڵەتەی ئێستا هەیانە، دوور نەبوو هێشتا هەر ڕەعیەتی ژێردەستی تورکە ئۆسمانییەکان بوونایە. لە ڕاستیدا خۆشبوونی موناسەبەت بۆ کۆبوونەوەی یاریکەرەکان و تێکەڵکردنەوەی کارتەکان و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیان بەشی زۆری' دەگەڕێتەوە بۆ فەشەل و بوودەڵەیی ئەمان لە بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتانەی سایکس-پیکۆکارەکان لەسەر سینی پێشکەشیانکردن. گیرخواردن لەناو دۆگمای دینی و جیهانبینیی ئەکتەرە دینییە سیاسییەکانی پێش پتر لە ١٤٠٠ ساڵیانەوە و تێنەپەڕاندنی قۆناغی تیرەگەری لەسەر ئاستی زۆرینە ڕێگایان خۆشکردووە بۆ ئەوەی عەرەب لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابوردوودا، لە بری ئەوەی بە ناسیۆنالیزم ببن بە یەک "ئوممە"، بە چەقۆی عەشرەتیزم و مەزهەبیزم لەتلەت و پەرتپەرت ببن. ڕاستییەکەی' هەر ئەم لەتلەتبوون و پەرتپەرتبوونەی ئەمانە وای'کردووە یاریکەرێکی ڕەشتاڵی دیکە ئەمجارە ڕێی' هەبێ لەسەر مێزی یاریکردنەکە جێگەیەک بۆ خۆی' هیساب بکا مایەی ئومێد بێ؛ لە کاتێکدا ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەر بەردەستی و تەپڵەکرشتنی' پێ

دەکرا. ئەم یاریکەرە هەڵکشاوە کوردە.

کورد تا ئێستا ڕێی' پێ نەدراوە لەسەر مێزی گفتوگۆکانی ژنێف لەسەر داهاتووی سووریا دابنیشێ، سەرەڕای خۆسەپاندنی بەهێزی' لە مەیدانی شەڕدا و جێگرتنی بەرچاوی لەسەر ئەردی واقیع. هەرێمی کوردستانی سەر بە ئێراق، سەرەڕای ئەوەی بە عەمەلی لە هەموو بوارەکاندا دەستی لە ئێراق بۆتەوە و، پەیوەندییە ڕەسمییە شکڵییەکە نەبێ، هیچ پەیوەندییەکی دیکەی' بە بەغداوە نەماوە، کەچی ئەمەریکا بە ئاشکرا هێشتا لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی ئێراقدایە و دژ بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی قسەدەکا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کورد خۆی' بە یاریکەرێکی پڕئومێدی سەر مێزی پۆکەری سیاسیی ئەمجارە دادەنێ بۆ دابەشکردنەوەی خێر و شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست. ئەمەش هەر تەنیا خۆشخەیاڵییەکی ساویلکانە نییە.

١٠٠ ساڵ لەمەوبەر کورد خاوەنی هیچ هێزێکی ڕێکخراوی هیساببۆکراو نەبوو. دژ بە خۆی' و دژ بە مێژوو شەڕی'دەکرد بۆ هێشتنەوەی خەلافەت بەرانبەر بە "گاوران"ی ڕووس و ئینگلیز. ئەوانەی لە ڕێساکانی یارییە نوێیەکەی جیهان دەگەیشتن تەنیا چەند شوانێکی بێ مێگەل بوون و ئەوانەشی تەقەی سەریان دەهات، چەندان مێگەلی بێ شوان بوون. لات و هەژار بوون. ئێستا کە یادی ١٠٠ ساڵەی سایکس-پیکۆ دەکەینەوە، دەبێ یادی ١٠٠ ساڵەی "سەفەربەلک"یش بکەینەوە، کە بە هەزاران خەڵک لە برسان و نەخۆشییان دەمردن. شارێکی وەک سلێمانی لە ماوەی دوو ساڵدا لە ٢٠ هەزار نفووسەوە هاتە سەر ٢ هەزار و نیو.

ئەمڕۆ هەموو کوردستانی سەر بە سنووری ئێراق و سووریا بە دەست کورد خۆیەوەن. ئەگەرچی ئەم ناوچانە یەکگرتوو نین و، لەبری یەک هێز، سێ هێز حوکمیان دەکەن، بەڵام هەموو هێزی ڕێکخراون لە قاڵبی حیزبدا، کە بایی ئەوەندە توانین و ئەسبابی شەڕکردنیان پێیە، خۆیان لەبەردەم هێزە لۆکاڵییەکان پێ ڕابگیرێ، ئەگەر هێزی دەرەکی یارمەتییان نەدەن یان بە چەکی ئاسمانی شەڕیان بۆ یەکلانەکەنەوە. هەموو ئەم هێزانەش، بە پێچەوانەی ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش، دژ بە خەلافەت شەڕدەکەن (خەلافەتی داعش) و کلکیان لەگەڵ مووکاڵە سەردەستەکاندا گرێداوە. ئەمە بێجگە لەوەی دابەستە و قەڵەو لەسەر بۆری نەوت و گاز دانیشتوون.

ئەدی چۆنە هێشتا بە ڕەسمی بانگنەکراون بۆسەر مێزەکە؟

کێشەی ئەم یاریکەرە ڕەشتاڵە خڕەیە گرێی خۆبەکەمزانینیەتی'. هێشتا شەرمی بەردەستی و تەپڵەکرشتنەکەی ئەم ١٠٠ ساڵەی ڕابوردوو بەری'نەداوە. سەرەڕای دەوڵەمەندی و داشسواری، هێشتا سایکۆلۆژیای سەپان سەری' بەجێنەهێشتووە؛ سەرباری زۆرترین کار و ئەرککێشان و قوربانی، لە خۆی' ڕانابینێ هاوشانی گەورەپیاوان لەسەر دۆشەک دابنیشێ و سنگدەرپەڕیوانە ئەوەی ئەوان بە خۆیان ڕەوا دەبینن، ئەمیش بە خۆی' ڕەوا ببینێ.

ئەوەی وا دەکا سایکس-پیکۆسازەکانی ئەمڕۆ کورسییەک بۆ ئەم یاریکەرە شەرمنە بگرن، بوونی بەهێزی خۆیەتی' لەسەر ئەرزی واقیع. ئەوەی واش دەکا بە ڕەسمی بانگی' نەکەن بۆ سەر مێزەکە، گوێڕایەڵی و دەمەردوویی خۆیەتی'.

لە هەمووی خەتەرتر ئەوەیە، گرێی خۆبەکەمزانین لای ئەم یاریکەرە سەری' کێشاوە بۆ بلۆکبوون لەئاست تێگەیشتنی ڕێساکانی یاریکردن لە دنیای دەرەوەی خۆی'دا. هەرچەندە خۆی' داناوە بچێتە سەر مێزی پۆکەرەکە، بەڵام لە دڵەوە وا دەزانێ، ئەو دەستە کارتەی' وەری'دەگرێ، پێشوەخت پێکەوەنراوە و دەستەکەی بەهێز بێ یان نا، لە ئەنجامی یارییەکە ناگۆڕێ، چونکە بە چاوێکی میتافیزیکانەوە لە توانای زلهێزەکان دەنواڕێ. لە ئاستە بەرزەکانی سیاسەتدا هەرچی ڕوودەدا و ڕوونادا بە قەدەری لەسەرەوە بۆ نووسراو تێدەگا. ئەمە یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ئەم یاریکەرە تازەهەڵکەوتووەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستی ١٠٠ ساڵ دوای سایکس-پیکۆ.

دەستێکی باش و یاریکەرێکی خراپ

لەو چەند ڕۆژەی مانگی مایۆی ساڵی ١٩١٦دا، کە سایکس و پیکۆ حازرکارییان دەکرد بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا، لە بەرلین پیاوێک تێورییەکی' بڵاوکردەوە، کە کاریگەرییەکانی' لە سنووری ١٠٠ ساڵ و ناوچەیەکی گۆی زەویدا نەمایەوە، بەڵکو چارەنووسی پەیوەندیی ئینسانی' بە دنیا و گەردوونەوە گۆڕی و کەس نازانێ جارێ کاریگەرییەکانی تا کەی بڕدەکەن.

ئەو پیاوە ناوی' ئەلبێرت ئاینشتاین بوو. تێورییە بەناوبانگەکەشی' ناوی' تێووریی گشتیی نیسبییەت بوو. ئەم تێوورییە دەرگای' خستە سەر پشت بۆ تێگەیشتنێکی نوێی گەردوون، لە bing bang ەوە بۆ کونە ڕەشەکان و دواتر دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی.

تێۆرییەکە، زۆر بە کورتی، یاساکەی نیوتن لەبارەی هێزی کێشکردنی زەوییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە. نیوتن پێی' وا بوو، کات یەکەی نەگۆڕی بوونە. ئاینشتاین گوتی'، نەخێر کات و شوێن لە گۆڕین دێن و ئەوەی نەگۆڕە ڕووناکییە، کە لەوەتەی هەیە و هەتا ماوە بە خێرایی ٢٩٩ هەزار و ٧٢٢ کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا دەڕوا، بێ زیاد و بێ کەم.

ئەمە ئەوەی' لێ دەکەوێتەوە شوێن و کات بە ناچاری خۆیان بە گوێرەی ڕووناکی بگۆڕن و نیسبی بن. بە گوێرەی ئاینشتاین کات لەو شوێنانەدا، کە دوورترن لە چەقی (بواری کێشکردن)ەوە، لەسەرخۆتر تێدەپەڕێ. بۆ تاقیکردنەوەی ئەمە ساڵی ١٩٧١ دوو فڕۆکە هەڵفڕین و کاتژمێرێکی ئەتۆمییشیان لەگەڵ خۆیاندا برد، کە غەڵەت قبووڵناکا. لەسەر زەویش کاتژمێرێکی لەو جۆرە دانرا. ئەنجام ڕێک ئەوە بوو، کە ئاینشتاین پێشبینیی' کردبوو: کاتژمێری ناو فڕۆکەکە کەمتر کاتی' ژماردبوو وەک لەوەی سەر زەوی. هەرچەندە فەرقەکە لەو ئاستەدا ئەوەندە نەبوو جێی بایەخی ئینسانی ئاسایی بێ. بەڵام بۆ زانستکاران شۆڕش بوو. ئێستا سەتەلایتەکان، کە لە بۆشایی ئاسماندا دەخولێنەوە، ئەگەر ڕەچاوی ئەو تێۆرییەی ئاینشتاین نەکەن، فەرقی کات کارەسات دەخاتە کاریانەوە.

ئیمکانییەتی تێۆرییانەی تێپەڕاندنی کات ئیلهامی بە سینەماکاران بەخشی و لە زنجیرە بەناوبانگەکانی (ستارتریک)دا ئینسان سواری کەشتی دەبوو، کە بە خێرایی ڕووناکی دەڕۆیشت و بە دڵی خۆی' دەگەڕایەوە بۆ ڕابوردوو یان دەچوو بۆ داهاتوو.
هەرچەندە تێۆرییەکەی ئاینشتاین بە کردار فڕی بە دنیای سیاسەتەوە نییە. بەڵام من هەزدەکەم ئەم هەلە لەدەستنەدەم و لە یادی ١٠٠ ساڵەی ئەم دوو ڕووداوە مێژووییەدا ئیلهامێک لە تێۆرییەکە وەربگرم و لە ڕێی کوردەوە پەیوەندییەک لەنێوان ئاینشتاین و

سایکس - پیکۆدا دروستبکەم.

لای ئاینشتاین کات نیسبیەیە. ئەگەر لەسەر شۆستەی جادەی شەستیەکە وەستابیت و (بیئێم)ێک بە خێرایی ١٤٠ کم لە سەئاتێکدا گیڤڤەبکا بە لاتدا، یەکجار خێرا دێتە بەرچاوت و ئەو ماوەیەیشی' دەی'بڕێ بە کاتێکی زۆر کورت دێتە بەر زەینت. بەڵام ئەگەر خۆت لە (کرایزلەر)ێکدا دانیشتبیت، کە بە خێرایی ١٢٠کم لە سەئاتێکدا لێبخوڕێ، تێپەڕینی (بیئێم)ەکە زۆر کوتوپڕ نایەتە بەرچاوت و ئەو ماوەیەشی' دەی'بڕێ وەک کاتێکی زۆر کورت هەستپێناکەیت.

کورد، چونکە خۆی'، لەڕووی زانست و کەلتوورەوە وەستاوە، وا هەستدەکا ئەو مووکاڵانە فڕیون. بۆیە دەستی' لەوە شوشتووە پێیان بگاتەوە، چ جای پێشبڕکێیان لەگەڵدا بکا. بۆیە، لەو فڕینەی خۆیاندا، کاتێک مووکاڵەکان ئاوڕێک لە کورد دەدەنەوە، کورد زۆر دڵی' پێ خۆش دەبێ. لە بواری سیاسەتدا فەرقی ڕێکردن بە ئامرازی دەوڵەت و دامودەزگای ناشەخسی لەچاو ڕێکردن بە ئامرازی بنەماڵە و دەسەڵاتی خێڵەکی وەک فەرقی خێرایی (بیئێم)ەکە وایە لەچاو کیسەڵدا. تورکیا و ئێران، هەرچەندە لە دەوڵەتداریدا (بیئێم)یان پێ نییە، بەڵام چونکە بە کیسەڵی خێڵ ناڕۆن بەڕێوە، خێرایی (بیئێم)ە مووکاڵەکە ئەوەندە نەی'حەپەساندوون، بیر لە پێگەیشتنەوەی' نەکەنەوە. تورک، سەرەڕای دۆڕانیان لە جەنگدا، یەکەم یاریکەر بوون تەحەدای مووکاڵەکانیان کرد و سایکس-پیکۆیان بەش بە حاڵی خۆیان هەڵوەشاندەوە. تورکیای ١٩٢٣ پێنج ئەوەندەی ئەوە بوو سایکس_پیکۆ بۆی' دەستنیشانکردبوون.

١٠٠ ساڵ بەسەر سایکس-پیکۆدا تێپەڕیوە. کورد چیدی کۆمەڵێک تیرە و عەشیرەتی بێسەروبەر و ناڕێکخراو نییە. کورد پێشکەوتووترە؛ ئێستا کۆمەڵێک حیزبە. مادام باسی ڕیفراندۆم بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت جاری هەر بۆ کوردستانی سەر بە ئێراق تاووتوێی واقیعیانەی' بۆ دەکرێ، با واز لە تەجروبەی حیزبی تۆتالیتارانەی پەکەکە و پاشکۆکانی بهێنین و لەسەر حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی هێشتا سەر بە ئێراق بڕۆین، کە ٢٥ ساڵە بە کردەوە حوکمدەکەن.

کورد، کە لە سەدەی ٢٠دا شەقی مزری سایکس-پیکۆی' خوارد، فێربوو واز لە شەرعییەتی عەشایری و بنەماڵەیی وەک بابان و بۆتان و بادینان و سۆران بهێنێ و حیزب دروستبکا. فێریشبوو ناوی مارکە لە حیزبەکانی' بنێ یان بیانکا بە دروشم بۆیان، چ هی سەر بە دنیای غەرب، چ هی سەر بە دنیای شەرق: دیموکراتی، کۆمۆنیستی، سۆسیالدیموکراتی و هتد. هەر بۆ ڕاگرتنی مۆدەش، کاتێک حیزبەکانی هاتنە سەر دەسەڵات، پەرلەمان و حکومەت و دەزگای دیکەی مۆدێرنیان دامەزراند.

بەڵام لەگەڵ یەکەم ئیمتیحاندا دەرکەوت ئەم حیزبانە، هەر وەک ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش، مەکینەی خێڵیان لەسەرە. لەسەر دەسەڵات، وەک بابانەکان و سۆرانەکانی سەدەی ١٩، پارتی و یەکێتی کەوتنە شەڕی بێمانا و گەمژانەوە دژ بە یەک. لەگەڵ چەسپانی دەسەڵاتیشیاندا شەرم لە ئاشکراکردنی شەرعییەتی بنەماڵەیی و خێڵەکی هێدی هێدی کەمبۆوە، تا جومگەکانی دەسەڵاتیان بە نەوەکانیان پڕکردەوە. هەمووی چەند مانگێکیش لەمەوپێش پارتی "دیموکرات"ی کوردستان شەقێکی عەشاییرانەی لە پەرلەمان هەڵدا و دای'خست. حیزبە "سۆسیالدیموکراتەکە"ی کوردستانیش، واتە یەکێتی، چونکە لەلای خۆیەوە بە میکانیزمە خێڵەکییەکان حوکمدەکا،

ئەمەی پێ کفری دیموکراتی نەبوو و دەنگی'نەکرد. لە ڕاستیدا هەموو حیزبەکانی دیکەش، بە گۆڕان و ئیسلامییەکانەوە، میکانیزمە خێڵەکییەکانیان زۆر پێ غەریب نییە و تێگەیشتنیان هەیە بۆ شەقی عەشاییرانەی لەو جۆرەی پارتی.
ئێستا، مادام بە گوێرەی تیۆرییەکەی ئاینشتاین، ئیمکانییەتی هاتوچۆکردن بە کاتدا هەیە، کورد سواری کەشتییەکی "نیسبی" دەکەین و بەم بارە پێشکەوتووەی ئێستای'ەوە دەیخەینەوە ساڵی ١٩١٦، کە سایکس و پیکۆ خەریکی دابەشکردنی خێر و شەڕ بوون.

هەڵبەت ئەو جووتە چەند لووتبەرز و بێباکیش بوونایە، هەر نەیاندەتوانی باز بەسەر هێزی پارتی و یەکێتیدا بدەن و حیسابێکیان بۆ نەکەن. بۆیە زۆر ڕێی' تێ دەچوو، ویلایەتی موسڵ نەلکێنن بە ئێراقەوە و، بە چەشنی ئەردەن و سعوودستان، دوو دەوڵەتۆکەی - با بڵێین - بارزانستان و تاڵەبانستانیان بە سەرپەرشتی خۆیان دابمەزراندایە. لەبەر ئەوەشی شوێنی کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری هاوچەشنی ئەوەی سعوودستان نییە و حوکمی بارزانی و تاڵەبانی وەک ماڵی هاشمییەکانی ئەردەن "مەلیکی دەستووری" نییە، زۆر ڕێی' تێ دەچوو، بەهارێکی لەوەی بەهاری عەرەبی بەسەریاندا دابهاتایە و ئەوەی ئێستا لە یەمەن و ئێراق بەرکەماڵە، لە کوردستانیش بەرکەماڵ بووایە؛ دین و عەشرەتیش بەیەکدابچوونایە و، هەر وەک ئەفغانستان، هێزی چاوەڕوانکراو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات هێزێکی ئیسلامیی توندڕەوی وەک ئەنسارولئیسلام بووایە. بۆ ئەوەی ئەم مۆتەکەیە ڕوونەدا، باشتر وایە، گورج کورد سواری کەشتییەکە بکەینەوە و لێگەڕێین سایکس و پیکۆ بە دڵی خۆیان کەتنەکانی خۆیان بنێنەوە. خۆ کەتن لە سیاسەت نابڕێ.

ڕەنگە ئێستا کێری و لاڤرۆڤ خەریکی هەمان ئەو کەتنە بن، کە سایکس و پیکۆ بەر لە ١٠٠ ساڵ خەریکی' بوون. ئەوەندە هەیە، لەبەر ئەوەی کارتە باشەکان لەدەست عەرەب بوونەتەوە، کارتگەلی باش هاتوونەتە دەست کورد. بەڵام ئەقڵییەتی خێڵەکی وای' کردووە کارتەکان، لەبری یەک دەست، دابەشبن بەسەر چەند دەستێکدا و "پێڕ"ە بەهێزەکان لە دەست هەموو لایەک بچن.

خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە بۆ حاڵی کورد داتای دڵخۆشکەر نادەن بە دەستەوە. ئاراستەی زاڵ لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا پرۆژەی دەسەڵاتی خێڵەکییە. پێناچێ جارێ هێزی سینفی شاریی ناخێڵەکی لە هەقی هێزی زاڵی دەستە و تاقمە خێڵەکی و عەشاییرییەکان بێ. هەر ئەو واقیعەیە وای' کردووە هێزێکی بەزیوی وەک گۆڕان بە ناچاری بگەڕێتەوە بۆلای یەکێتی و ڕێککەوتننامەی' لەگەڵدا ئیمزابکا، لە حاڵێکدا هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی لەناو یەکێتیدا نەگۆڕاوە.
ئیهتیمالێکی لاوازە ئەم ڕێککەوتنە بتوانێ ئەجێندای دەوڵەتداریی مەدەنی تەنانەت بەسەر یەکێتیشدا بسەپێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم ئەم ڕێککەوتنە بۆی' بچێتە سەر، هیچ نەبێ ڕێ خۆش بکا بۆ ئەوەی کورد لە کۆتاییدا وەک نەتەوە لەسەر مێزی یاریکردنەکە دابنیشێ. نەتەوەیەکی کیسەڵڕەوتی خێڵەکی لەچاو خێڵێکی دەسەڵاتداری داکوتراودا خێراتر پێشدەکەوێ. هەموو شتێک "نیسبی"یە، ڕووناکی نەبێ!

خۆزگە دەمتوانی سواری کەشتییەکەی ئاینشتاین بوومایە و ئەمجارە گیڤڤەم بکردایە بۆ داهاتوو؛ بۆ دوای ١٠٠ ساڵ. دەترسم ئەوەندە سامناک بێ، بە پەلە سواربېمەوە و بگەڕێمەوە بۆ ئێستا. بۆ کورد چییە؟ وابزانم باشتر وایە واز لە ئاینشتاین بێنم و بە یاساکانی نیوتن بە جێگەی خۆمەوە بنووسێم و سەیری کەتنەکانی کێری و لاڤرۆڤ بکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس / ڕێکەوتی: ٢٤ی مەی ٢٠١٦

# پێش هەڵوەشانەوەی سایکس پیکۆ پێشمەرگە سنووری کوردستانی بە خوێنی خۆی نیشانکرد

ڕێبوار حەمەلاو شوانی

**پێش کۆتایی هاتنی ڕێککەوتنی داگیرکارانەی سایکس پیکۆ توانی بە خوێنی خۆی سنووری کوردستان بە درێژایی دەسنینشان بکات.**




**دوژمنانی ناو خۆ پاشان دەرەوە سەروەری و شانازی تەنیا بۆ ئەوکەسانەیە بەشداری شەری داعشیان کرد ئەوانیش پێشمەرگەن لەدوای ئەوان کسی ترنیە جێگای شانازی بێت لەم کات و ساتە... سەد ساڵەی بەدبەختی کورد وا بەسەر دەچێت، پەیمانی شوومی سایکس پیکۆ، لەسەر دەستی پێشمەرگە واخەریکە پێکهاتەکەی تێکوپێک دەشکێت..لەماوەی رابردوو ئیشی پێشمەرگە رێگا کوردکردنەوەی داعش بو بۆ جەهەنەم. لەسەر رێنمایی سەرۆک بارزانی و فەرماندەبەرێزەکان پێشمەرگە قارەمانەکان سەرجەم مۆڵگەکانی داعشیان کاول کرد بەسەدان کیلۆمتر پاککرایەوە و سورەکانی مادەی ١٤٠ تێکشکا و بەخوێنی پێشمەرگەقارەمانەکان دووبارە دارێژرایەوە."**

**ئەم شانازیەش بە تایبەت بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت لەبەر ئەوەی زۆربەی شەرەکان لە سنوری پارتی بوو وە لەم کاتەش تەنیا سەرک بارزانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە و وە زۆربەی لایەنەکان نەک پێشمەرگەیان نیە و بەشداری شەرەکان ناکەن بەڵکو دژایەتی پێشمەرگەیان کرد لە رێگای راگەیاندەکانیان چالاکیەکانی داعشان دەگواستەوە بەڵام بۆ دواجار هەرپێشمەرگەش سەرکەوت و هەر پارتیشە شەری سەربەخۆی دەکات بۆیە بژی سەرۆک بارزانی بژیت پارتی بژیت فەرماندە ماندوونەناسەکان کوری سەرۆک برای سەرۆک حکومەت و سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.با رێگە نەدەین نەوشیروان و نموونەی ئەو گاڵتە بە چارەنووسی کورد بکەن... لە ئێستەدا پێشمەرگە، گەرما، سەرما دەست لە سەر تفەنگ سنووری ١٠٥٠ کیلۆمەتر لە خاکی کوردستان لە داگیرکەران و دوژمنان دەپارێزن و کەسانێکی نۆکەری بێگانە و نەیاری کورد بە ناوی کوردایەتییەوە موزایدە و قسەی زڵ دەکەن و تەنیا رۆژێک و کاتژمێرێک بەرەکانی جەنگییان نەبینیووە.**

**با هەموومان یەکریز پشتیوانی پێشمەرگە قارەمانەکان ،سەرۆک بارزانی بین و چیتر رێگە نەدەین کەسانێک بە ناوی کورد بوون کە تەنیا بۆنی کوردیشیان لێنایەت و خائینن گاڵتە بە چارەنووسی میللەتەکەمان بکەن ..پێوستە کورد وانە لە ئەزموونی دەیان ساڵەی خۆی لەگەڵ رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا وەر بگرێت ، چونکە نە باوەریان بە مافەرەواکانی کورد و نەک ئامادە وەک هاووڵاتی پلەیەک حیسابی بۆ بکەن. بە دڵنیاییەوە هەموو سیاسییەکانی کوردستان دەزانن بەغدا هیچ چارەسەرییەکی بۆ کورد پێ نییە و راستگۆش نییە لەگەڵ کورد و تەنانەت ئەگەر رێککەوتنیش بکرێت ئەوە جێبەجێ ناکرێت، بەڵام دیارە کورد وا پێی باشە**

تاوانەکە هەموو جارێک لای بەغدا بێت و کورد نیازپاکی خۆی پیشان بدات کە بەردەوام ئامادەن لەگەڵ بەغدا رێکبکەون، بەڵام ئەوە بەغدایە رێک ناکەوێت یان ئەوە ئەو رێککەوتنانەش ئەنجام دراون جێبەجێیان ناکات.دەیەوێت هەمیشە نیازپاکی خۆی پیشان بدات بەرانبەر بە بەغدا و ئەوەش بۆ رای گشتی جیهانی خاڵێکی ئەرێنییە بۆ کورد کە کورد دەیویست لەگەڵ عێراق رێک بکەوێت و عیراقێکی ئارام و ئاوەدان دروست بێت، بەڵام ئەوە بەغدایە هەمیشە رێککەوتنەکان جێبەجێ ناکات".

دەسەڵاتی بەغدا هیچکات بەشێوەیەک وڵاتی بەڕێوە نەبردووە کە هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە وەکو هاووڵاتی پلە یەک خۆی ببینێتەوە و ئەوەش وای کردووە رێگا بۆ ئەگەرەکانی دیکە بکرێتەوە وەکو ئەگەری جیابوونەوە چونکە بەڕاستی عێراق تەنیا لەسەر نەخشە بە یەکگرتووی ماوەتەوە و لە پراکتیکدا وڵاتێک نییە بەناوی عێراق و گەلێکیش نییە کە ناسنامەکەی عیراقی بێت، چونکە شیعە خۆی بە شیعە و سوننە بە سوننە و کوردیش خۆی بە کورد دەزانێت.پێداگری و داکۆکیکردنی سەرۆک بارزانی چ لە سەر ئاستی ناوچەکە، نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی مافەرەواکانی کورد، کاریگەری زۆری هەبووە بۆ ئەوەی جیهان کورد وەک خاوەن ماف بناسێت.

لە لایەکی دیکەوە بوونی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕ کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مۆڕاڵ و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هەبووە، ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە، کاتێک پێشمەرگە دەبینێت سەرۆکەکەی پێش خۆی لە بەرەکانی شەڕە، وەک کارێکی سرووشتی ئەمە وادەکات هیممەتی پێشمەرگە زیاتر بێت، لەمەش زیاتر زۆر جار کاک مسعود بارزانی ئەوەی دووپات کردۆتەوە و گوتوویەتی: «من شانازی بەوە دەکەم کە پێشمەرگەم، نەک سەرۆک، هەروەها شانازی دەکەم کە بە درێژایی تەمەنم و تا ئێستا پێشمەرگەم» لە باری واقیعیشدا ئەمە هەقیقەتە، بەرێز کاک مسعود بارزانی بە درێژایی تەمەنی هەر پێشمەرگە بووە و هەموو تاڵی و نەهامەتییەکانی بینیوە، بۆیە ئەم سەرۆکە دەتوانێت سەرۆکایەتی ئەم واقیعەی ئێستا بکات و دەتوانێت ئەم قۆناخە تێپەڕێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی: ٢٤ی مەی ٢٠١٦

# "سایكس- پیكۆ"، ئایا كورد هەڵەی كرد یان...؟

ئەمەگ ڕامان



زۆر جار گوێمان لێدەبێ كە دەڵێن كورد لە جەنگەی شەڕی جیهانی یەكەمدا هەڵەی كرد، هەر بۆیە لە سایكس- پیكۆ و لۆزان دا قوربانی كرا. وەک هەڵە ئاماژە بە هاوكاریی ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەكان دەكرێ كە لە شەڕی عوسمانییەكاندا چووبوونە ریزی سوپای تورک و بۆ وێنە لە ریزەكانی "سوپای حەمیدییە"دا دەستیان لە كۆمەڵكوژی ئەرمەنییەكاندا هەبووە. هەروەها باس لەوە دەكرێ كە كورد پڕۆژەی سەربەخۆیی نەبووە، واتا خۆی سەربەخۆیی نەویستووە و بۆیەش نەیانداوەتێ.

لێرەدا دەكرێ پرسیارێک بهێننیە ئاراوە كە ئەگەر كورد ئەم هەڵانەی نەكردبایە، چی رووی دەدا؟ ئایا ئەگەر شێخ، مەلا یان ئاغایەک داوای رێفراندۆم یان سەربەخۆیی هێنابایە گۆڕ، كورد بە سەربەخۆیی شاد دەبوو؟ یان بۆ وێنە ئەگەر چەند سەرهەڵدانێک كرابان و تەنانەت پێوەندی بە دەوڵەتانی فەرانسا و ئینگلیز كرابا و چەند دەهەزار كەسیش بەدەست عوسمانییەكان كۆمەڵكوژ كرابان، ئایا ئەوان لەپای ئەم هەڵوێستە ، ئەمەگناسیی خۆیان نیشان دەدا و لە ناو پەیمانەكانی سایكس- پیكۆ و لۆزاندا وڵاتێكی گەورە و هاوبەشیان بۆ كوردەكان دیاری دەكرد؟

بە باوەڕی من وڵامی ئەم پرسیارانە "نا"یە. راستە كورد لەو سەروبەندەدا بە شێوەیەكی چالاک لە دژی عوسمانی و بۆ داوای سەربەخۆیی رانەپەڕیوە، راستە ژمارەیەک لە كورد وەک هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەكانی ئەمڕۆ هاوكاری عوسمانییەكانیان كردووە، بەڵام ئەمانە هەمووی نابێتە بەڵگە كە كورد وەک گەل هەڵە یان تاوانێكی مێژوویی كردبێ، یان لە خەوی جەهل و نەزانیدا بووبێ و لەبەر ئەمەش ئەم بەڵایەی بەسەر هاتبێ، تۆڵەی لێ كرابێتەوە و سزا درابێ.

دەوڵەتانی فەرانسا و ئینگلیز بێگومان زۆر باشتر لە خودی كورد ئەم گەلەیان ناسیوە، لە مێژووی دێرین و گەلێک سەرهەڵدانی ئەوان لەپێناو رزگاری و سەربەخۆییدا ئاگادار بوون، لەوە ئاگادار بوون كە ئەم گەلە دێرین و بوێرە خەون بە رزگاری خۆی لە ژێر چەپۆكی داگیركەراندا دەبینێ و لە پۆتانسییەل و تواناكانی ئەم گەلە شارەزا بوون. ئەوان هەروەها زانیویانە كە چالاكی و هاوكاریی بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتە كوردەكان لەپێناو خەلافەتی عوسمانیدا و هەروەها لە كۆمەڵكوژی ئەرمەنییەكاندا، هەرگیز نابێ بەناوی "گەلی كورد"ـەوە ئەژمار بكرێ. ئەوان خۆیان بە ساڵان سیخور و نێردراویان لە كوردستان هەبووە و زانیویانە كە بە درێژای مێژوو هیچ گەلێک لە ناوچەكەدا هێندەی كورد دڵكراوە، میواندار و ئاشتیخواز نەبووە و بۆ وێنە بە دەیان ساڵ پێشتر لە شارە كوردییەكاندا "گەڕەكی جوولەكان" و "گەڕەكی ئەرمەنییان" هەبوون و كورد كێشەی لەگەڵ نەتەوە و ئایینە جیاوازەكانی ناو كوردستان نەبووە.

دەوڵەتانی فەرانسا و ئینگلیز نەک هەر لە ئێمە زۆرتر شارەزای مێژوو و کۆمەڵگا و ڕەوانشناسی گەلی کورد بوون، بەڵکوو لە ئێمەش باشتر شارەزای یاسا و پیوەرە نێونەتەوەییەکان بوون. ئەوان زانیویانە کە کاتێک گەلێک بندەست و بەستراوەی خەلافەتێکی دڕندە بێ، ئەو ناکرێ هەڵە یان تاوانی ژمارەیەک شیخ و مەلا یان سەرۆک عەشیرەتی ئەم گەلە، بکرێتە تاوان لەسەر تێکڕای ئەو گەلە و بڕیاری سزادانی گشتیی بۆ دەربکرێ، چونکوو ئەم کەسانە یان لە ترسی سەر و ماڵی خۆیان ناچار بە هاوکاری کراون، یان بە پارە و زێڕ و زیوەر و لەدژی بەرژەوەندی گەلەکەیان بەکرێ گیراون. ئەگەر کورد ئەو کاتە وەک نەتەوەیەکی سەربەست و بەناوی دەوڵەتی کوردی بەرەسمی لایەنی خەلافەتی عوسمانی بگرتایە و وەک هاوپەیمانی ئەوان چووبایە ناو شەڕ لە دژی ئەورووپییەکان، ئەوسا هەموو شتێک جیاواز دەبوو. ئەوسا دەکرا بڵێین کورد یان سەرانی کورد هەڵەیەکی مێژووییان کرد و لەبەر ئەوە ئەورووپییەکان سزایان دان و وڵاتەکەیان دابەش کرد. ئاشکرایە لە باری یاساییەوە ناکرێ گەلێک کە خاوەن بڕیار و سەروەری خۆی نییە و لەژێر زەختی دڕندانەی داگیرکەردا دەژی، لەبەر بڕیار و هەڵوێستێک کە داگیرکەر بەسەر بەشێک یان کەسانێک لەم گەلەیدا سەپاندووە، سزا بدرێ.

ئەگەر فەرانسا و ئینگلیز ویستبایان لەو چاخەدا دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ پێک بهێندرێ، ئەوە سەرەڕای هەموو ئەو هەڵانە یان نەیاری ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان، ئەوا کەسێکی جێی متمانەی خۆیان پەیدا دەکرد، هاریکارییان دەکرد و دەیانکردە سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان و بێگومان گەلێک کەسیش لەو کاتەدا هەبوون کە شیاو و ئامادەی وەها کارێک بن.

لە لایەکی دیکەوە ئەوە کورد سەد ساڵە هەوڵ دەدا، خۆی لە زلهێزەکان و بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان نیزیک بکاتەوە، دڵیان بەدەست بێنێ و دانوسانیان لەگەڵ بکا و نەک لە پێناو سەربەخۆیی، بەڵکوو تەنانەت لەپێناو دەسەڵاتدارییەکی ناوچەییدا (ئۆتۆنۆمی، فیدرالی...) هاریکارییان لێ بخوازێ، کەچی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لەم سەد ساڵەیەدا دیسان هەر کوردیان پەراوێز خست و تەنانەت هاوکار بوون بۆ لێدان و کۆمەڵکوژ کردنی.

لەراستیدا هۆکاری ئەوە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ناخوازن و تا ئێستا نەیانهێشتووە، گەلی کورد بە سەربەخۆیی بگا، هەڵە و کەمایەسییەکانی سیاسەتی کوردی نەبووە، بەڵکوو ئەوان لەوە ترساون کە کیانێکی کوردی بەهێز و دەوڵەمەند لە ناوچەکەدا دەتوانێ بە زیانی بەرژەوەندی سیاسی و بەتایبەتی ئابووری ئەوان بشکێتەوە. ئایا بۆ وێنە ئەگەر کابرایەک بخوازێ بچێ و لە کۆڵانی دارتاشان و لە پەنا دارتاشەکانی دیکە دوکانێک بۆ خۆی بکاتەوە، دارتاشەکانی دیکە، بەتایبەتی دارتاشە زلەکان ڕازی دەبن و پێشوازی لێدەکەن؟ بێگومان نا، مەگەر ئەوەی کابرای گۆڕین، کابرایەکی بوێر و بە ئیرادە و بەهێز بێ و بتوانێ خۆی بسەپێنێ...

کەوابوو سایکس- پیکۆ و لۆزان بە باوەڕی من بەرهەمی هەڵە و کەموکوڕی سیاسەتی کوردی نەبوون، بەڵکوو بەرهەمی پرژ و بڵاوی، لاوازی و نەبوونی وزە و توانا بووە. بە هەمان شێوەش کورد تەنیا کاتێک دەتوانێ تەلیسمی سایکس- پیکۆ بشکێنێ و خۆی لە سیاچاڵی کۆیلەیی ڕزگار بکا کە ببێتە گەلێکی یەکگرتوو و خاوەن هێز و ئیرادە. "ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ئەگەر لە گوندێکیشدا بێ"، هەرگیز ئەو پرۆژەیە نییە کە بتوانێ گەلێکی وەها یەکگرتوو و بەهێز دروست بکا. بە پێچەوانەوە ئەگەر گەلی ئیمە لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن بتوانێ هیز و ئیرادەی بەرخۆدانی کۆبانی لەخۆیدا دروست بکا، ئەوسا دەتوانێ وڵامی مێژوویی خۆی بە سایکس و پیکۆ بداتەوە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی: ٢٤ی مەی ٢٠١٦**

# ئاوڕێکی کورت لەسەر مێژووی سایکس پیکۆ

## ئیمان مورادوەیسی



لە پاییزی ١٩١٥ی زایینی، لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەم دا، بریتانیاو فەرانسەو ڕووسیە و لایێک لەو شەڕە بوون بڕیاریان دا کە ئەگەر لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بوون و براوەی ئەو شەڕە بوون، دەوڵەتی عوسمانی کە لایێکی تری ئەم شەڕە بوو لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن، دوو نوێنەر لە وڵاتانی بریتانیا و فەڕانسە چەند مانگێک بە شێوەی نەهێنی وتووێژیان دەکردو ئاکامی وتووێژەکانیان بە ڕووسیا ڕادەگەیاند. هەتا مانگی مەی ١٩١٦ کە سەد ساڵ پێش ئێستا دەکات بە ڕازی بوونی هەموو لایێک بە نەهێنی "ڕێککەوتننامەی ئاسیایی بچووک" کە هێندێک لە مێژووزانان باوەڕیان وایە جوغرافیای سیاسی و تەنانەت داهاتووی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ناڤینی قەڵەم لێدا، ئەم ڕێککەوتننامەیە زیاتر بە ناوی "ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ دەناسین.

### واتای سایکس پیکۆ چیە؟

سایکس ناوی نوێنەری بریتانیا لە دانیشتنەکاندا بووو پیکۆ نازناوی نوێنەری فەڕانسە، ئەم ڕێککەوتننامە کە بە هۆی دانیشتنەکانی ئەم دوو نوێنەرە بە تێکەڵاوی ناوی ئەو دوو کەسە، ناوبانگی دەرکرد.

### ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە چی بوو؟

بە کورتی هەر یەک لە لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەشێک لە ئیمپراتووریی عۆسمانیان هەڵبژاردو ئەو بەشانە بە تەواوی لە ژێردەسهەڵاتی ئەوان دابەش کران.

پشکی بریتانیا بە کورتی برتی بوو لە: بەشێک لە عێراق، کوەیت، ئۆردۆن، نیوەی باشووری ئسراییل و هتد...

پشکی فەڕانسە بە کورتی: سوریە، لوبنان، بەشێک لە باکووری عێراق وبەشێک لە تورکیا کە هاوسنووری سووریایە.

پشکی ڕووسیە: بەشێک لە تورکیا لەجیرانەتی ئێران و هەروەها ئێستانبوول وهتد...

### ئەدی ڕای خەڵک و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەچی؟

بەکورتی، بۆچوونی خەڵکی ئەو وڵاتانە گرینگیەکی نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە بەدژ ڕاوەستانی خەڵک لەو کاتەدا دەیتوانی کێشەساز بێت، بەڵام زلهێزانی ئوروپایی هۆکارێکیان نەدەبینی کە ڕای کەسێک وەربگرن، کەسایەتیە سیاسیەکانی ئوروپا بەتایبەت سایکس و پیکۆ کە خۆرهەڵاتی ناڤینیان دیتبوو لەو باوەڕەدا بوون کە حکوومەتی ئەوان بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانەدا خێر و بەرەکەتە بۆیان.

## هەوڵی کورد دوای سایکس - پیکۆ:

ساڵێک پێش ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی لە ئامادەبوونی مەرجەکان بۆڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەکردو ئێستا باس لە نەبوونی توانا بۆڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەکات؟؟
لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا و لەناوچوونی دەوڵەتی عۆسمانی، دەرفەتێکی باش بۆ درووست کردنی دەوڵەتی کوردی هاتبۆ ئاراوە بەڵام ڕووداوەکانی دواتر بە شێوەیەک بەرەوپێش نەچوو کە لە ڕێککەوتننامەی *سێڤر* پێش بینی کرابوو.

بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ، کوردستان لەسەر سێ وڵاتی سوریەو تورکیەو عێراق دابەش بوو کە ئێستا شی لەگەڵ بێت هێشتا بەو شێوە ماوەتەوە. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا کوردەکانی ناوچە، بینەری چەندها ڕووداو یان هەوڵدانی مێژوویی بوونەو ئەم هەوڵ دان و ڕووداوانە هێشتا نەگەیشتوون بە ئاکام و کورد بەئاواتی کۆنی خۆی نەگەیوە.
یەکەم ئەزموونی کوردەکان پاش شەڕی جیهانی یەکەم بزاڤی مستە فابارزانی لەک وردستانی عێراق بوو کە لە دوو جاردا هەوڵی بۆ درا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣١ هەتا ١٩٤٢ کە نەگەیشت بە ئاکام وسەرکوت کرا.
دووهەمین ڕووداو کۆماری کوردستان یوو لە مەهاباد کە ساڵی ١٩٤٦ لە ئێران بە هۆی شەڕی جیهانی دووهەم و بوونی ئەرتەشی سوور لە بەشی ڕۆژئاوای ئێران و کاریگەرییەکانی سەری هەڵداو بە شێوەی کۆمارێکی خودموختار، دوای نزیک بە یەک ساڵ لەگەڵ چوونی ڕووسەکان لە باکووری ئێران سەرکوت کراو کۆتایی پێهات .

### هەرێمی کوردستانی باشوور و داهاتووی سایکس - پیکۆ:

کوردەکانی دانیشتووی عێراق لەدوای ڕووخانی سەدام، لە ساڵی ٢٠٠٣ ئاڵووگۆڕێکی نوێ بەسەر ژیان و دۆخینەتەوەییاندا هاتووە، کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە لەگەڵ ئامریکا بۆ ڕووخانی سەدام کاریگەرییان هەبوو، دوای ڕووخانی سەدام، وڵاتێکیان لە بەشێک لەعێراق (کە لە ئەسڵدا کوردستانە نەک عێراق)، دامەزراندو بە فەرمی لە یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا ناسران و داهاتی نەوت، ئیزنی ئەوەی پێدان کە لەباری ئابووری زۆر بە باشی سەرکوتووبن و بتوانن پێوەندی ئابووری لەگەڵ دوو وڵاتی جیران واتا ئێران وتورکیەدا درووست بکەن.

لە ئێستاشدا واتا ساڵی ٢٠١٦، بڕیاری ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لەو بەشە لە کوردستان دراوە کە ئەگەر بێت و ئەنجام بدرێت و سەرکەوتوو بێت ئەوا دەکرێ بڵێین یەکەم تیر لە دڵی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٤ی مەی ٢٠١٦

# خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناخی دوای سایکس پیکۆ پرسی نەتەوە لە کێشەی لاوەکی نێوان حزبەکان گەورەترە

جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی*

لە چەند رۆژی رابردوو سەد ساڵی تەواو بە سەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ تێپەڕی. راستە ئەم رێککەوتنە لە بنەڕەتدا رێککەوتنی هێزەکانی ئیمپریالیزم بوو بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی گەلی کوردی تێدا زەرەرمەند بوو، هەر بەهۆی ئەم رێککەوتنەشەوە کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا داگیرکرا و کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی بێبەش کرا. هەر بۆیە ئەگەر هەموو لایەک لە سەر ئەو سنوورە دەستکردانەی سایکس پیکۆ بێدەنگ بن، ئەوا نابێت کورد بێدەنگ بێت و دەبێت هەنگاوی پراکتیکی و واقیعییانە بۆ لابردنی ئەو زوڵمە هەڵبگرێت و ئەو غەدرەی لە کورد کراوە، کۆتایی بێت.

ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی سنوورەکانی سایکس پیکۆ بوونیان نەماوە. ئەو دەوڵەتانەی بەرەنجامی ئەم رێککەوتنەن سەروەریی خۆیان لەدەستداوە و توانای ئەوەیان نییە خاکەکەی خۆیان بپارێزن، بەڵام وێڕای ئەم راستییانەش کە لە سەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە و هەموو جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی بە کردەیی ئەو سنوورانە کۆتاییان هاتووە، کەچی وا هەستدەکرێت هێشتا لە ناو ئەقڵییەتی بەشێکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەو سنوورانە هەمان سنوورەکانی سەردەمانی شەڕی ساردن و هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە.

لێرەوە گرنگە ئەقڵی سیاسیی کورد بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی سیاسیی تازەی کوردستان و ناوچەکە خوێندنەوەیەکی ریالیستییانەی بارودۆخە بکات، لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییانەدا ئاستی تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەو سنوورە دەستکردانە ببەزێنێت، ئەمەش کاتێک دروست دەبێت کە بیرکردنەوەی نەتەوەیی زاڵ بێت بە سەر هەموو بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبایەتیدا و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبایەتی بێت.

دیارە لە هەموو وڵاتێکی دیموکراتی کە دیاردەی فرەحزبی و فرەلایەنی، سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە بێت، کارێکی ئاسایی و سروشتییە لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا جیاوازی بیر و بۆچوون و تەنانەت کێشەی سیاسیش لە نێوان ئەو حزبانە لەسەر پرسە لۆکاڵەکانی کۆمەڵگە بوونی هەبێت، بەڵام ناکرێت ئەم کێشە و ناکۆکییانە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و چارەنووسی ئایندەی نەتەوە و حزبەکان لەسەر پرسی نەتەوە و چارەنووسی نەتەوە، کێشە، یان جیاوازی، یان ناکۆکیی بەردەوامیان هەبێت. لەمەش زیاتر ناکرێت پرسی نەتەوە بچووک بکرێتەوە بۆ سەر ئاستی ناوچەگەرایی و بە چاویلکەی سیاسیی ناوچەگەرایی پرسی چارەنووسی نەتەوە بخوێندرێتەوە، یان بگەڕێینەوە بۆ دواوە و پرسی چارەنووسی نەتەوە بکەینە قوربانی تێڕوانینی ناوچەگەری و تێڕوانینی تەسکبینانە.

بۆ ئێستای کوردستان کە بە بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیدار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە و گرینگە هەموو توانا و ئیمکانیەتی سەرجەم حزبە سیاسییەکان لە خزمەتی پرسی نەتەوەییدا لە سەر بنەمای دڵنیایی و متمانە دروستکردنەوە یەک بخرێنەوە و گومان و ڕاڕایی لە قۆناخی دوای سایکس پیکۆ کۆتایی پێبهێنین.

ئاشکرایە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی سایکس پیکۆ - دا، بۆ کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، قۆناخی شپرزەیی و ناڕوونی بووە، ڕاشکاوانەتر لەوە دڵنیا نەبووین ئەگەر هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵبگرین، چارەنووسمان بەرەو کوێ دەچێت، بەڵام ئێستا ئاییندە ڕۆشنە و پێشهاتەکان پێمان دەڵێن، ڕوانگەی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت تا ڕادەیەکی باشیش لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، تەفەهومێکی زۆر باش بۆ زەروورەتی دەوڵەتی کوردستان دروست بووە و ئەو قۆناخە تێپەڕیوە کە باسی دەوڵەتی کوردستان بکەین، هەموو جیهان وا سەیر بکەن کە شتێکی سەیر و نامۆ باس دەکەین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە نێودەوڵەتییە کە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ بەرژەوەندیی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەبارە، پێویستی بەوەیە هەوڵەکانیش لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان هاوشانی بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە یەکبگرنەوە و کێشە و جیاوازییە سیاسییەکانمان نەکەینە لەمپەر و شپرزەیی و ئاستەنگ دروستکردن بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان.

دیارە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، وەک پرۆسە جیاوازە لە دەرکردنی بڕیارێک بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە نەخشەڕێگە و میکانیزمی گونجاو و لەبەرچاوگرتنی تەواوی ڕەهەندەکان و زەمینەسازکردن بۆ دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکان هەیە. سەرۆک بارزانی کە ڕێبەرایەتی سەرخستنی ئەم پرۆسەیەی خستۆتە سەرشانی خۆی، لە چەندین بۆنەدا ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، کورد دەیەوێت پرۆسەی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

کەواتە ئەم پرۆسەیە لەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی فەرزدەکات، بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکریزی میکانیزمی ئەم پرۆسەیە دیاری بکەن و، هەر لایەکیش بە قەد قەوارەی خۆی بەرپرسیاریەتی ئەم پرۆسەیە بخاتە سەرشانی خۆی، بۆ ئەمەش گرینگە هەموو لایەکمان لەسەر ئەوە ڕێکبکەوین، ئایا ئێمە پێشان ریفراندۆم دەکەین و پاشان لەبەر ڕۆشنایی ئاکامی ریفراندۆمەکە بڕیار دەدەین و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان ڕادەگەیەنین، یان ئێمە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاری جیابوونەوە دەدەین و ئەم بڕیارە دەخەینە بەردەمی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەیەی ریفراندۆم دەنگی لەسەر بدەن و پاشان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنین؟ لە هەردوو حاڵەتەکە چ هەموو حزبەکان بڕیار بدەن و پەسەندکردنی بگەڕێننەوە بۆ گەلی کوردستان، یان گەلی کوردستان بڕیار بدات و حزبەکان پێوەی پابەندبن، هەردوو ڕێگەکە گەڕانەوەیە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و دەبێت حزبە سیاسییەکان لەسەر ئەو میکانیزمە ڕێکبکەون.

ئەو خاڵانەی لە نەخشەڕێگەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەری ڕێکدەکەون، دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بە پێی ئەو نەخشەڕێگەیە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەگەر خوانەخواستە نەتوانین ئەمە بکەین، ئەمە مانای ئەوەیە، هێشتا کەلتووری داگیرکارانی کوردستان و ترسی سەد ساڵەی سایکس پیکۆ بە سەر ئەقڵی سیاسیی کورددا زاڵە، بۆیە دەبێت لە ژێر

کاریگەری ئەو کەلتوور و ترسە خۆمان ڕزگار بکەین و بە ئیرادەیەکی پۆلایینەوە، بەڤینێک لە بیرکردنەوەی خۆماندا دروست بکەین، بەوەی سایکس پیکۆ لە واقیعدا بوونی نەماوە و ئەوەشی ماوە لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی نابێت وەک شەبەحێک سەیری بکەین و ئیرادەمان بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئاینده سڕبکات.

خاڵی هەرە گەشاوە کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە گەشبینی سەیری ئاینده بکەین، سەرکەوتن و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر، ئەم سەرکەوتنانەی پێشمەرگە کە بۆتە مایەی شانازی بۆ هەر تاکێکی کوردستان و سەرسامی بۆ هەموو جیهانی ئازاد و دیموکراتخواز، بەشێکی گرینگی پێناسەی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندنی تەنیا هێز و سوپایە ئەو ئیرادە و توانایەی هەیە کە بتوانێت خاک و وڵاتی خۆی بپارێزێت، گەلێکیش خاوەنی سوپایەکی وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، ئەوا ئەو گەل و نەتەوەیە شایەنی دەوڵەتی سەربەخۆیە و جیهانیش ڕێز لەو ئیرادەیە دەگرێت.

لە دوماهیدا، گرینگە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین، پرسی سەربەخۆیی، یان بڕیاردانی چارەنووس، پرسێکە لە ئەجیندا و بەرنامەی ئەم حزب و ئەو حزب گەورەتره، ڕاستە حزبەکان لە پرۆسەی دیموکراتیدا نوێنەرایەتی میللەتی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەم نوێنەرایەتییە تەنیا بۆ پرسی بەڕێکردنی کاری ڕۆژانە و حوکمڕانییە، لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، دەبێت هەموو لایەک بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری میللەت، دەبێت میللەت بڕیاری خۆی بدات و هەر بڕیارێکیش بدات، دەبێت هەموو حزبەکان پێوەی پابەند بن و هەر ئەو بڕیارەش جێبەجێ دەکرێت.

*جێگری سەرۆکی پەرلەمان

سەرچاوە:ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان / ڕێکەوتی: ٢٣ی مەی ٢٠١٦

# کۆتایی سایکس پیکۆ؛ سەرەتای پۆستسایکس پیکۆ

هەندرێن

لە دوای ٢٠٠٣ەوە کۆمەڵگەی کوردستان بوو بە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆری مەکینەیی بۆ کاڵایە مادییەکان نەک مەعنەوییەکانی بازاڕی سەرمایەداریی، هەر بۆیە ساڵانێکە ناوە ناوە میدیا، بوارە مەعریفییەکان، لەوانەش زانستگەکان بوونەتە بەرخۆریی ئەو دۆخە مادییە، مەکینەیی و ئامێرییە.



ئەو ماوەیە، مانگی مای میدیا و مەیدانەکانی ئێرە بەدەر لە گوێیەک بۆ بیستن، بوون بە زارەکانی سایکس پیکۆ؛ بابەتی سایکس پیکۆ، یەکگرتنی نێوان گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان، بە زۆرگۆییەکی زیاندارەوە زمانییان نەزۆرک کردووە.

دیارە ئاکامی کۆی سەرکەوتن، دەستکەوت، دابەشکردن و... تاد، مێژووی جیهان و نەتەوەکان، کردەی سیستەمی گوتاری دەستەڵاتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆن. ئەم سیستەمی کۆگوتاری دەستەڵاتانەش، لە کۆبوونەوە، کۆکردنەوە، دانووساندن (دیبەیەت)، یەکگرتنەوە، کۆنفرانس و... تاد بەرهەمهاتوون، بۆ نموونە، سەرکەوتن و سەربەخۆیی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیا لە سەتەی نۆزدەدا، ئاکامی ناسیۆنالیزمی کولتووریی ئەڵمانیی لە بەرانبەر دەستەڵاتی باڵای فەرەنسا و بریتانیا، بەرهەمی کۆبەندی گوتاری هێردەر و فرێدریش لیست بوو؛ ئاکامی دابەشکردنی نەخشەی ئەورووپای ناوەڕست لە سەتەی نۆزدەدا، بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسیی و کۆنگرەی ڤیێنا بوو، دابەشکردنی دروستبوونی دەوڵەتە عەرەبییەکان و لەت و پەتبوونی کوردستانیش، بەرهەمی شەڕی یەکەمی جیهانیی و کۆبوونەوە درێژەکانی سایکس و پیکۆ بوون و... تاد.

بەڵام لە دۆخی ئێستای کوردستاندا، ئەوەی جێگەی تێڕامانە نەک تێدامان، ئەوەیە، بە بۆنەی سەت ساڵ تێپەڕین بەسەر پەیمانی سایکس پیکۆدا، (خۆشی ئەوەیە، پسپۆڕانی ناو تیڤییەکانی کوردستان لەسەر وەزنی گۆکردنی عەرەبییدا، دەڵێن سایکس - پیکۆ، نەک پیکۆ)، کە گوایە بۆ کۆکردنەوەی کوردستانە، مانگێک زیاترە میدیا، دکتۆر، پرۆفیسۆر و... تاد خەنی بوونە بە بڵاوکردنەوەی هەرای هەواڵ و هەوڵی خۆسازکردن و ئامادەبوونن لە کۆنفراس، کۆبوونەوە، یەکگرتن و... تاد، کە سەبارەت بە سایکس پیکۆوە ڕێکدەخرێن.

ئەڵبەت تشتێکی بەڵگەنەویستە، کە ئەوە ئەرکی میدیا و توێژی ئەکادیمییەکانی کوردستانن، کە بۆ تێگەیشتن و تێکدانی ئەو پەیمانی سایکس پیکۆیە و پرسیارەکانی تری کۆمەڵگەدا، مژولی تاووتوێکردنی یەکگرتنەوەی یەکێتی جەستەی لێکترازاوی نیشتمان بن، لێ ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەو کۆنفراس، کۆبوونەوە و دیبەیتانەی نێوان ئەکادیمییەکان لە تیڤیی و یەکگرتنانەی نێوان حیزبەکان نەک هەر بۆ تێکدانی ئەو سنوورە کولتووریی، جیۆگرافییە هەلا هەلا بووەی کوردستان نین، بەڵکە ئەو کۆنفراس، کۆبوونەوە، یەکگرتنانە بوونەتە بەردەوامییەک، کۆلۆنیالییەکی خۆیەکیی لەو پەیمانی سایکس پیکۆیەدا.، کە ئەمەش کتومت دەکرێ

ئەو دۆخی دوای سەت ساڵ تێپەڕین بەسەر پەیمانی سایکس پیکۆیە، بە تێکەڵاوییەک لە دۆخی سەرەتای گوتاری کۆلۆنیالیزمی نوێ و پۆستکۆلۆنیالیزم ناودێری بکەین، واتە ئەو سایکس پیکۆیە لە گوتارێکی دەرەکییەوە بۆتە گوتارێکی ناوەکیی. بە واتەیەکی تر، ئاکامی دابەشکردنی جەستەی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دەستکرد لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاوە، بۆتە دابەشکارییەکی خۆیەکیی بە دەستی کورد خۆیەوە.

هەمووو دەزانین، کە گەرەکە بیزانین، بەر لە هەر ئەنجامێک دەبوو بە دەم تێپەڕینی یادی سەت ساڵ بەسەر سایکس پیکۆوە ئەو کۆنفرانس، کۆبوونەوە، یەکگرتن، دانووساندن (دیبەت)انە زەمینە خۆشکەربووان بۆ نەهێشتنی سنووری نێوان دێگەڵە، "سمێلکا و سنوورە نیشتمانیی و ئەخلاقە خۆخۆرییەکانی مرۆڤی کورد، کەچی بە پێچەوانەوە بوونەتە جۆشدان و هەڕەشە بۆ ئاییندەی ئەو سنوور و ئەخلاقە خۆخۆرییەی مرۆڤی کورد.

لەوەش بترازێ، ئەو کۆنفرانس، دیبەیت و... تاد، بوونەتە بۆنەیەک بۆ جەختکردنەوە لە زیادکردنی کولتووری باوی لەقەبسازیی، بۆ نموونە، بۆ گوتنی خوشکەڵەش بێت، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە لەو کۆنفرانس و دیبەیتانەی تیڤیدا کە سەبارەت بە سەربەخۆیی و حیکایەتی سایکس پیکۆ ئەنجام دەدرێن، سیمینار پێشکەشکار هەیە خۆی "مامۆستا" یان "دکتۆر"ە، کەچی پێشەشکارەکانی تیڤی یان کۆنفرانسەکان لە گۆترە بە "پرۆفیسۆر" یان "دکتۆر" بانگییان دەکەن، هەروەک ئەو کەسە ناوی پرۆفیسۆر بێت!

لەوەش هەژەندهێنەرتر، گەرەکە سرنج لەوە بدەیت، کە چۆن لەو کۆنفرانسانەدا بەڕێوەبەر و مێدیای کوردیی جەخت لەسەر بەشداریکردنی چەند میوانی رۆژئاوایی و ئەمەریکییانە دەکرێنەوە، هەروەک بە بەشداریکردنی ئەوانە ئەو کۆنفرانسانە دەبن بە جیهانیی و دواجاریش دەرمانی دەری کورد چارەسەر دەبێت، واتە بە ئامادەبوونی ئەو توێژەرە سافیلکە لە کورد و مێژووی کوردانەوە لەو کۆنفرانسانەدا، قەدەری کورد دەبێ بە جیهانیی و دەوڵەت. ئەو ئەخلاقە بەزەبییهێنەرەش لە بنەڕەتدا مانای ئەخلاقی بێمتانەیی، خۆبەکەمزانی و نەبوونی ئیرادەی کورد نیشاندەدەن. ئەو رووحە پاشکۆییە، کە ئاکامی بوونی مێژوویی کوردە لە بندەستی، وایکردووە، بڕوای بەو هەموو دکتۆر، پرۆفیسۆر و توێژەرانەی خۆی نەبێت لەو دەیان زانستگەی خۆیدا.

بە هەرەمێنبوونی بازاڕی ئەو مۆدە و مۆدێلەی ئەکادیمیی و ئابوورییە، بەشێکن لەو کولتووری فیتیشیزمی کاڵاپەرستیی، کولتووری بەرخۆرییەی کە دوای ٢٠٠٣ دەستی پێکرد. هۆکاری ئەمەش گواستنەوەی کولتووری ئامێریی و مەکینەیی سەرمایەدارییە بەدەر لە کولتووری مەعنەویی، کولتووری ئێستێتیکیی هزریی، فەلسەفە، بۆ کوردستان. گواستنەوەی ئەو کولتووری ماددیی، مەکینەییە بۆ کوردستان، وایکرد هەموو بەهایەک، خوێندن، نووسین، مەعریفە، ئەخلاق، نەتەوە و... تاد، لە بەهای مەعنەویی، کولتوورییەوە ببن بە بەهای بازرگانیی، قازانج، پایە و پارە، بە کورتی کاڵا.

بەڵێ، لە پێناو دەستپێوەگرتن بە قەدەری کوردبوونی کوردبوونمەوە گەرەکە بڵێم، ئەو کۆنفرانس، کۆبوونەوە، یەکگرتن، دیبەیت، سەنتەرسازییانەی کە ئێستا بوون بە مۆدە مۆدێل، هێندەی بەردەوامی هەوەسی کاسبی ئابووریی، گوتاری ئابووریی و نمایشکردنی لەقەبسازیی (د. پێشگر و خێڵی پاشگریی)ن، کە دوای ٢٠٠٣ بوون بە مۆدە مۆدێل، ئەوەندە بەرهەمی گوتاری مەعریفیی، ئەکادیمیی و ئێتیکی نیشتمانیی نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٣ی مەی ٢٠١٦

# دوای سەد ساڵ چاوەڕوانی و ئەگەرو پێشهاتەکان لەبارەی کوردستانەوە

خەبات- ئاشتی شەهباز

لەگەڵ وادەی تەواوبوونی ١٠٠ ساڵ لە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین لەنێۆهۆڵی ڕاگەیاندن لەمیدیا سەنتەر دیدارێکی تایبەت بەم پرسە لەشاری هەولێرسازکرد، کە ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بواری سیاسی و ئابوری ناسان ویاساناسانی نێودەوڵەتی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرو چالاکوانان و ڕۆژنامەوانان لە ١٦ / ٥ / ٢٠١٦ بەشداریان تێداکرد. د. ڕۆژنوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ . د . ک)و سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیری وراگەیاندنی پارتی مەحموودمحەمەد وهەروەها د. ئەحمەددزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ژمارەیەک لەمامۆستایانی زانکۆو بەرپرسانی حزبی و حکومی ئامادەی دیدارەکەبوون. لەدەستپێکدا سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیری وراگەیاندنی پارتی وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتەکاندا باسی لەگرنگی پرسەکە کرد، کەتایبەت بەو ڕێککەوتننامەیە و دابەشکردنی کوردستان و سروشتی ئەوسای ناوچە و واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان بوو. دواتر سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، لەگەڵ چەندین بابەتی بەپێزی جۆراوجۆری تایبەت بە پرسی کۆتاهاتنی ڕێکەوتننامەکەو پێشهات وئەگەرەکان لەبارەی نەخشەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و پرسی بەدەوڵەوت بوونی کوردستان بەتایبەتی لە سێ پانێڵدا هاتەبەرباس. خەبات لەوبارەوە راوبۆچوونی چەند کەسایەتی تایبەتمەند و مامۆستایانی زانکۆی وەرگرت، کەوەڵامەکانیان بەمشێوەیەبوو.

### ✳ ئایا لەگەڵ تەواوبوونی وادەی سایکس پیکۆ هیچ بنەمایەک هەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ؟

- **نەورەس ڕەشید ئەندام لەسەنتەری دیراسات:** کۆمەڵێک فاکتەر هەیە کە ئاماژەیە، ئێمە هەنگاوی گەورەمان ناوەو بەرەوپێشتر دەڕۆین . یەکێ لەوانە ئێمە کەلە رابردوودا هێزێکی وامان نەبووە نەسوود بەوڵاتان بگەیێنین یان زەرەریان لێبدەین، واتا ڕۆڵێکی ونبوومان هەبووە و مافمان پێشێلکراوەو بوینەتە شوێنی ئەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەوانمان پاراستووە، خاڵی دووەم ئەو قییەمە سیاسی و یاساییەی هەبووە نەبۆتە مایەی چارەنووس، وڵاتان تا ئێستا کەسەردەمی گلۆبالیزیمە ڕێزیان لێنەگرتووین، بەڵام ئێستا ئەو قییەمە لەپەرەوسەندندایە. یەکێ لەو کێشانەی ئێمە ئەوەبوو، وڵاتانی ژێردەستە بە کاروباری ناوخۆ هەژماردەکرا، بەبەشێک لەکێشەکانی ناوخۆ سەیردەکراو ونەدەبووایە دەست تێوەردانی تێدابکرایە، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە ئێستا بەشێکە لەوەی کە دەوڵەتان وهەتا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەری دێنە جواب. ئاماژە بەخاڵێکی تر دەدات و دەڵێ : لەڕووەی تایبەتیەوە

سەبارەت بەکوردستان، ئەمرۆ ئێمە توانیومانە ئەو وڵاتە گەشەی پێبدەین وبیبوژێنینەوە کەئێستا ئێمە ئەمانەوێ ژێرخانێکی ئابووری پتەودرووستبکەین ونەوت و سەرچاوەکانی تریش کاریگەریان هەیە، لەلایەنێکیتر وەک هەولێر کەپایتەختە وبۆتە شارێکی جیهانی، ئەمەلەرووی ئابوورییەوە، لەروویەکی زانستیانەو ئەکادیمیی وەکو دراساتی ئایندەیی سەیربکەین، لێرە گریمانە وئەگەرهەیە، لەرووی سیاسی ئستراتیجیەوە ئێمە بەشێکین لە معادەلەی لەناوچەکە، کەشەڕی داعش ئێمە ئەیکەین بەکردەگی، کەلەهەموو جیهان جگە لەئێمە هیچ هێزێکی ترنییە.

بەدڵنیاییەوە ئەمە یاسای سروشتییە و ئەمرۆ سەردەم وائەخوازێ هەموو دەرئەنجامەکان ئاماژەن کە ئایە ئەوەی هەیە سابیتە و ناگۆڕێ ؟ ئایا بەرووددواوە ئەگەڕێنەوە یان بەرەوپێشەو ئەڕۆین ئێمە؟ ئێمە بەرەو پێشەوە ئەڕۆین . کەواتا ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ بەرەو کۆتایی ئەڕوات.

**دکتۆر دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس** لەدیداری تایبەت بە ١٠٠ ساڵەی سایکس پیکۆدا لە پانێلی یەکەم سەبارەت بە فاکتەرەکانی ئابووری لە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ پێشکەشی کرد، سەبارەت بە پرسیاری خەبات، ئایا هیچ شتێک بەفەرمی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە راگەێنراوە لەدوای کۆتایی هاتنی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ و گۆڕانکاری لەنەخشەی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟

د . دلێرئیسماعیل: هیچ وڵاتێک بەتایبەتی زلهێزەکان نەخشە بۆ ئێمە دانارێژن، وبەتایبەتی بۆ بەرژەوەندی ئێمە، پێویستە ئێمە خۆمان نەخشە بۆخۆمان دارێژین وخۆمان کار بۆ ئایندەی خۆمان بکەین. ئەوان مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعدا دەکەن، ئەو ئەمری واقیعەی کەهەیە دەبێ ئێمە سوود لەو هەلومەرجەی نێوخۆیی نێودەوڵەتیی و هەرێمییەوە وەربگرین کەلە ئێستادا هەیە، کە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دروست بووە، یەکێ لە کێشەگەورەکانی ئێمە نەبوونی یەک ریزییە لەنێو بزوتنەوەی رزگاری گەلی کوردستانە، بۆیە گرنگترین شت بۆئێمە یەکێتی ریزەکانی رزگاری گەلی کوردستان بپارێزین. ئەوان وەختێک شتێک بەفەرمی رادەگەێنن کە ئێمە شتێکمان بۆخۆمان کردبێ، کاتێک ئێمە فیدرالیزمان ڕاگەیاند لەساڵی ١٩٩١ دا ئەوکات هیچ هێزێک لەگەڵ ئێمە نەبوون و هەموو دژ بوون .بەڵام دواتر مامەڵەشیان لەگەڵ کردین . ئەمرۆ ئێمە هەنگاوی گەورەمان ناوە وئەوانیش مامەلە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەکەن، وەک ناردنی هاوکاری سەربازی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی لەخۆیدا ئەمەش مامەڵەیەکی نوێیە لەسەرئاستی نێو دەوڵەتیدا. مامەلەکردنی وڵاتان و دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی ومامەڵەکردنی دبلوماسیانە وبەستنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جۆرێکی نوێیە لەدەرەوەی بوونی قەوارەی دەوڵەتدا مامەڵە دەکەن. بۆیە دەبێ خۆمان شتێک بکەین، ئەمرۆ سنورەکان نەماون، داعش سنورەکانی نەهێشتووە، ئەوهەنگاوەی ئێمە ناومانە پێویستە ئێمە پارێزگاری لێبکەین و پتەوی بکەین، ئەمەش تەنهابەیەک ریزی گەلی کورد دەکرێت.

سایکس پیکۆ لەژێر سێبەری گۆڕانکاریەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەمە ناونیشانی ئەو بابەتەبوو کە دکتۆر خەلیل مستەفا ئەترووشی مامۆستا لە زانکۆی دهۆک لە دیدارەکەدا پێشکەشی کردو،چەندین خاڵی گرنگ وئاماژەکانی بەرەو بەسەربەخۆبوونی کوردستان خستەڕوو . لەبارەی پرسیاری ئەوەی ئایا بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەناوچەکاندا روویانداوە دەکرێ بەبنەما وەربگێرن بۆ سەربەخۆیی کوردستان وئەمجارەیان لەبەرژەوەندی کورددا دەبێت ولەسەرحیسابی کوردنابێت، یاخود هەنگاونانە بەرەو

بەدەوڵەتبوونی کوردستان؟

**د . خەلیل ئەترووشی:** بەقەناعەتی من دوای شەڕی سەدساڵ بەسەرگەلی کوردو تەواوبوونی وادەی ڕێکەوتننامەکە وئەو گۆڕانکاریانەی لەناوچەی ڕۆژهەلاتدا هاتۆتە ئارا، پێشهاتەکات ئاماژەن بۆئەوەی بەلێ نەخشەی ڕۆژهەلات دەگۆڕێت و هەروەها نەمانی شەڕی سارد وشۆڕشی بەهاری عەرەبی و کێشەی نێوان ولاتانی دەوربەرلەگەل ئیسرائیل وهەروەها نەمانی چەکی ئەتۆمی دەوڵەتی ئێران و ململانێەکانی مەزهەبی نێوشیعە وسوننە وهۆکارەکانی نائارامی لەناوچەکاندا نەبوونی چەمکی دیموکراسی تێدا و کێشەکانی وڵاتی سعودی وئێراندا وکێشە ئالۆزەکانی نێوخۆی عێراق وکێشەکانی سوریا و ئەوانە هەمووی و نەبوونی ئاسایشی خۆراک وهێزی ئاو و ئەمانە هەمووی گرێدراون بەیەکە وەو ئەوە ئەوەمان پێ دەلێ بەلێ نەخشەی سیاسی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دێتە گۆڕین. بەلام پرسیار ئەوەیە ئایا گۆڕانکاریەکان لەبەرژەوەندی کورددادەبێت یان نا ؟ ئێستا نەخشەکە لەبەرچاوە کە نەخشەکە دەگۆڕدرێت چەندین ناوچە دابەش دەبن وپرۆژەی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەئارادایە و لەنێو ئەو پرۆژەیشدا کوردستان دەبێتە دەوڵەت . جگەلەباشوورلەبەشەکانی دیکە وەک باکورو ڕۆژئاواش هەرێمی نیمچە سەربەخۆدروست دەبن کەلەپاشەرۆژدا ئەم پارچانە یەکدەگرنەوە و کوردستانی یەکپارچەیی دروستدەبێتەوە لەسەربنەمای ئەوەی ڕێکەوتننامەکەی سایکس پیکۆ بەکۆتاهاتووە.

بڕیاردان لەچارەنووس مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە، دوای ١٠٠ ساڵ لەنەهامەتی وخەبات دا، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ( پ . د . ک ) بەهەماهەنگی زانکۆی سەلاحەدین دیداری تایبەتی بەم بۆنەیەوە لەهۆلی ڕاگەیاندن لەنێوبارەگا سازکرد، کە چەندین پسپۆرو شارەزو مامۆستایانی زانکۆکان و کەسایەتیە بەئەزموونەکانی نێوحزب هەریەک بەجیا بابەتی جۆراوجۆریان لەوبارەیەوە پێشکەش کرد. لەنێویشاندا دکتۆرە ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بابەتێکی لەژێرناونیشانی دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی کوردستان و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت تێدا پێشکەش کرد.لەبارەی پرسیاری خەباتدا سەبارەت بەوەی لەنێو ئەوپاسا بەرجەستەکراوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا بۆپێشگرتن لەوتوندوتیژیانەی دەرهەق بە ئافرەتان کراوەودەکرێت، کەلەسەدا ٥ یشی نەهاتە جێبەجێکرن، چۆن لە داهاتوودا پێگەو ڕۆلی ئافرەتان چۆن و بەچ پێوەرێک دەنرخێندرێ؟

**د. ڤیان سلێمان دەڵێ:** پێویستی بە هەمووارکردنەوە وچاکسازیکردن هەیە، لەسێ لایەنی زۆر گرنگدا، یەکەمیان بەتایبەتی چاکسازی لەیاسادا ولە دەستوری هەرێمی کوردستان کە دەنووسرێتەوە پێویستە لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەئەرک و مافدا وەکو یەک، هاودەرفەت وهاوبەشی یەکتربن لەهەموو پرۆسەکانی ژیانی کۆمەڵگادا، و گۆرانکاری زۆرلەباری کەسێتی بکرێت . جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایانەی کەهەن و بەتایبەت ئەو یاسایانەی پەیوەست بەئافرەتان د . ڤیان بۆئەوەی گەڕاندەوە کەوا بەربەستی جددی هەیە و ئەویش نارۆشنبیرییە و پابەندنەبوونە بەیاساکان کە پێویست دەکات گۆڕانکاری لە سستمی کۆمەلایەتی و جیهازی ئەمنی بکرێت. جگە لەپەرەپێدان بەوشیاری کۆمەلایەتی ورۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا بەهەردوو توخمەوە، پێویستە ئافرەت لەنێودەزگانی وەزارەتی ناوخۆشدا بوون و ڕۆڵیان هەبێت وهاوسەنگی هەبێت، جونکە ئافرەت لەرێگای بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە دەتوانی بگاتە مافەکانی خۆی و عەدالەت پارێزگاری لێبکات . ڕاستە بنکە ی زۆر کراونەتەوەودادگای تایبەت بەکێشەکان دانراوەن، بەلام پێویستە ئەوانە بە سستماتیک بکرێت و ئەکتیف بکرێنەوە . بۆیە دەبێ لەئێستاوە زەمینە سازی بۆبکرێت، تا ئافرەتان بتوانن لە داهاتوودا بەشداری پرۆسەی سیاسی بن و ڕۆڵیان دیاربێت .جونکە لەو پرۆسەیەوە هەنگاوەکانی ژنان بەرەو خاوەن دەسەلات بوون

لەنێودەزگاكانی چ تشریعی یان جێبەجێكاری وبڕیاردانـدا دەست پێدەكات . كە لەكۆتاییـدا هێـزی ئـافرەت لەنێوكایەكـانی كۆمەڵگەدا بەروونی بەرجەستەدەبێت . ئەگینا بەهیچ جۆرێك بەمافەكانی ناگات.

سكرتێری یەكێتی ئافرەتـانی كوردسـتان پێـوایە ئافرەتـان لەچوارچێـوەی حزبەكانـدا هەوڵەكانیـان چـڕبكەنەوەو ئـاوێتەی پەروەردەی پرۆسەی سیاسی حزبەكـان بـن وهەوڵبـدەن و دەبـێ قەنـاعەت بـۆ سـەركردە سیاسـەكان دروسـتبكرێت كە ئافرەتـان لەسـەربنەمای جـۆری كۆمەڵایەتی وتەواوكەری شیاكاری سیاسیەكەیە .ودەبێ ئەوە بنەمایەك بێت بۆ وڵاتێكی دیموكرات، وڵاتێك كە مـافی هـاووڵاتیبوون بـۆ هەموو توێژەكان دەستەبەركرابێت، لەنێویاندا ئافرەتـان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات / ڕێكەوتی: ١٨ی مەی ٢٠١٦

# خۆری سایکس پیکۆ لە ئاوابووندایە

## شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم، وڵاتانی زلهێزی جیهان بە تایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا، جارێکی دیکە فۆکس دەخەنەوە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ناوچانەی لەژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابوون، ئەمەش هاوکات بوو کە دەوڵەتی عوسمانی، بەهۆی لاوازبوونی پێگە سیاسی و سەربازییەکەی لەبەرانبەر بەهێزی وڵاتانی زلهێزی جیهان، بە دەوڵەتە نەخۆشەکە دەناسرایەوە، ئەگەرچی هیچ یەکێک لەو وڵاتە زلهێزانە لە بنەڕەتدا دۆستی یەکتری نەبوون، تەنیا بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری کۆی دەکردنەوە و بەرژەوەندیان لەوە دابوو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتە نەخۆشەکە کۆنترۆڵ بکەن، بەبێ گوێدانە ماف و ئیرادەی ئەو نەتەوە و گەلە جیاوازانەی کە پێشووتر دەوڵەتی عوسمانی بەزەبری هێز، فەرمانڕەوایی دەکردن، لەبری ئەوەی گفتوگۆکانیان بۆ ئەوە بێت کە ماف بۆ خەڵکانی خوراو بگەڕێننەوە، بەپێچەوانەوە ژێربەژێر گفتوگۆیان دەستپێدەکرد کە چۆن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پارچەپارچە بکەن و دەوڵەتی عوسمانی زیاتر لەوەی هەبوو لاوازتری بکەن، دەرئەنجام لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە رێککەوتنی سیاسیی هاتەکایەوە.



### ئەنجامی گفتووگۆی وڵاتە زلهێزەکان

لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و پەرتەوازەیی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەکەرەکردنی ئاواتی وڵاتە زلهێزەکان بۆ دابەشکاری لە ناوچەکەدا، وایکرد وڵاتە زلهێزەکانی وەک بەریتانیا و فەرەنسا و دواتریش رووسیا، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ژێربەژێر ساز بکەن، ئەگەرچی پێش ئەوەی رووسیا بە کردەیی بێتە ناو کۆبوونەوەی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ تاوتوێکردنی چۆنێتی دەستگرتن و دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەجۆرێک لە جۆرەکان، فەرەنسا و بەریتانیا، لەنێوان خۆیاندا گەیشتبوونە رێککەوتنێک، بەڵام بەهۆی بەهێزی پێگە سیاسییەکەی رووسیا لەناوچەکەدا، بەناچاری بۆ لای رووسیا دەگەڕێنەوە و رازی دەکەن لەسەر گرێدانی رێککەوتنێکی فراوانتری سیاسی کە بە سایکس پیکۆ ناسراوە.

### سایکس پیکۆ چییە:

سایکس پیکۆ، کە هەندێکجار بە سایکس پیکۆش ناوی دێت، رێککەوتننامەیەکی نهێنی نێوان هەر سێ وڵاتی زلهێزی ئەوروپایە، ئەوانیش، بەریتانیا، فەرەنسا، رووسیا، لەسەر دابەشکردنی بەشێکی زۆر لەو خاک و ناوچانەی دەوڵەتی عوسمانی لەژێر گوشاری هێزدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیری کردبوون، سەرەتا بەشێوەیەکی نهێنی ئەو رێککەوتننامەیە لە ساڵی ١٩١٦ لەنێوان مارک

سایكسی بەریتانی و جۆرج بیكۆی فەرەنسی واژوو دەكرێت، بەڵام بەهۆی پێگە و مێژووی كۆنی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مارك سایكس و جۆرج پیكۆ بەمەبەستی فراوانكردن و رازیكردنی رووسیا لەگەڵ نوێنەری رووسیا كۆدەبنەوە و پاشان دەگەنە رێككەوتننامەیەك كە دواتر بە ناوی (سایكس بیكۆ- سازانۆف) ناسرا، سازانۆڤ ئەوكات وەزیری دەرەوەی رووسیای قەیسەری بوو، بەڵام هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆكتۆبەری كۆمۆنیستەكان لە رووسیا بە سەرۆكایەتی لینین، رووسیای قەیسەری هەڵوەشایەوە و ئەوە بوو رووسیا بە جۆرێك لە جۆرەكان كشایەوە لەو رێككەوتننامەیە و فەرەنسا و بەریتانیا لە پشت رێككەوتننامەكە مانەوە كەوا ئێستا بە رێككەوتننامەی سایكس پیكۆ دەناسرێت.

### دەرئەنجامەكانی رێككەوتننامەكە

پێش ئەوەی باس لە ئەنجامەكانی ئەو رێككەوتننامەیە (سایكس پیكۆ) بكرێت، گرنگە ئاماژەیەك بە هۆكاری گرێدانی ئەو رێككەوتننامەیە بكرێت، گرنگی ئەوەش لەوە دایە تا بزاندرێت بۆ فەرەنسا و بەریتانیا لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان، بیر لە سازان دەكەنەوە، ئەگەرچی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە لە سێبەردا هیچ كات ئارەزوویان بۆ یەك نەبووە، چونكە هەر یەك لەو دوو دەوڵەتە لە مێژوودا، ترسیان لە یەكتری هەبووە كە كامەیان دەبێتە گەورە زلهێزی ئەوروپا، ئەگەرچی ئێستا ئەڵمانیا دەیەوێت بەهۆی بەهێزی ئابووری و پێگە جوگرافییەكەی لە بەرانبەر بەریتانیادا بوەستێتەوە، بەڵام دواتر هەر یەك لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، ناتوانن یەكتری پەراوێزبخەن، چونكە هەر سێ دەوڵەت سیاسەت و سوپا و ئابووری ئەوروپایان قۆرخكردووە.

دەوڵەتی عوسمانی لەسەروبەندی جەنگی جیهانی یەكەمەوە، هاوپەیمانی ئەڵمانیا و نەمسادا بوو، ئەمەش واتە بەرەی دژە فەرەنسا و بەریتانیا و رووسیا، هەر بۆیەش فەرەنسا و بەریتانیا بەر لەوەی دەوڵەتی عوسمانی كە بە دەوڵەتە نەخۆشەكە ناسرابوو بكەوێت، لەنێوان خۆیاندا بەجۆرێك لە جۆرەكان رێككەوتبوون لە ئەگەری شكستی یەكجارەكی دەوڵەتی داگیركەری عوسمانی، خاك و ئەو ناوچانە بەسەر خۆیاندا دابەشبكەن كە لە لایەن عوسمانییەوە داگیركرابوون، واتە هەر زوو چاو خرابووە سەر میراتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەركە شەڕی جیهانیش لە ١٩١٤دا هەڵدەگیرسێت و دەوڵەتی عوسمانی زیاتر لەوەی پێشووتری دووچاری شكست و بێ هێزی تر دەبێتەوە، ئیدی زەمینە بۆ رێككەوتننامەكە دەرەخسێت و پاشان لە ١٩١٦ سایكس پیكۆ واژوو دەكرێت، بەپێی ئەو رێككەوتنەش، ویلایەتی بەسرا و بەغدای ئەوكات بۆ بەریتانیا و ویلایەتی مووسڵیش كە درابوو بە فەرەنسا، بەڵام لە ئاكامی رێككەوتننامەی سان ریمۆ ١٩٢٠ بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی درایە بەریتانیا، ئەمە سەرباری ئەوەی بەریتانیا، سووریا و ئوردنی ئێستا درابوون بە بەریتانیا، لوبنان درایە فەرەنسا، هەروەها فەلەستین بە هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا درا كە پاشان بەهۆی رێككەوتنێك بەر قەوارەی ئەوكاتی جولەكە كەوت.

### كورد زەرەمەندی یەكەمی سایكس پیكۆ

كورد وەك نەتەوەیەكی دیاری ناوچەكە، پشكی هەرە گەورەی ئەو غەدرە دابەشكارییەی رێككەوتننامەی سایكس پیكۆی بەركەوت، ئەگەر بەشێك لە خاكی عەرەب لە ملمانێ و رێككەوتنەكەدا دابەشكراوە، بەڵام كورد قوربانی سەرەكی ئەو دابەشكارییە بە زۆرە بووە، بەوەی شتێك رەچاو نەكراو بەناوی دەوڵەتی كوردستان یان خاكی كوردان بێت، بەڵكو كورد و خاكەكەی بەسەر چەند دەوڵەت و نەتەوەیەكی تری باڵادەستی ناوچەكەدا دابەشكراوە، وەك تورك و فارس و عەرەب، ئەگەرچی شكستی دەوڵەتی عوسمانی بۆ توركەكان

زیانێکی گەورە بوو، بەڵام بۆ کورد زۆر زیاتر بوو، ڕاستە دەوڵەتی عوسمانی بە هیچ شێوەیەک مافی گەلی کوردی ڕەچاو نەکردووە، بەڵام دیسانەوە ئەو ڕێککەوتنە مافی کوردی پێشێلکردەوە و شتێکی بەناوی شووناسی نەتەوەیی و جوگرافیای کوردستان نەهێشتەوە. دوای ئەوەی ویلایەتی مووسڵ کە لە سایکس پیکۆدا بۆ فەڕەنسا دیاریکراوە و پاشان لە لایەن وڵاتی بەریتانیاوە وەرگیرا، ئیدی لەو نێوانەدا دەوڵەتی عێراق دروست دەبێت و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە یەکتری جیادەبنەوە و جۆرێک دابڕان دروست دەبێت کە بەهۆیەوە پێگەی کورد لاواز دەبێت، کەوایە ئەو ڕێککەوتنە لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، زیانی بۆ گەل و خاکی کوردستان هەبووە، دروستکردنی عێراق و سووریایەکی بەهێز کە بەرئەنجامی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ و ئەوانی دوای ئەون، هۆکاری سەرەکین لە دروستکردنی کێشە لەناوچەکەدا و چەوساندنەوەی گەلی کورد، بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەو سنوورانە بە ڕاستی و واقیعی نازانێت، بەڵکو بە زەبری هێز و گوشاری نێودەوڵەتی دروستکراون و بۆ بەرژەوەندی خۆیان کوردیان بەسەر دابەشکراون.

### سایکس پیکۆ و قۆناغی دوای داعش

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، لەگەڵ پەیدابوونی دەستیگرت بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی سووریا و عێراق، ئێستاش کە یادی ١٠٠ ساڵەی سایکس پیکۆ دەکرێتەوە، بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، ویلایەتی مووسڵ لە ژێردەستی ئەو گرووپە چەکدارەدایە، بەشێکی زۆریش لە خاکی سووریا، کەوایە لە زۆربەی وڵاتانی ناو چوارچێوەی سایکس بیکۆ، داعش کاریگەری هەیە و شتێک نەماوە بەناوی سایکس پیکۆ، کورد لە باشوور پێشمەرگەی هەیە، خۆی خۆی بەڕێوەدەبات، عێراق بەتەواوە بووە، پاڵپشتی جیهانی بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کوردی باشوور و ڕۆژئاوا هەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەولێر بووەتە ناوەندێکی سیاسی کوردستان و فۆکسی دنیای کەوتووەتە سەر، لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کورد بەشێکی زۆری ئەو خاکە داگیرکراوە هەم لە داعش و هەمیش لە حکوومەتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد وەرگرتووەتەوە، چ باشوور و چ ڕۆژئاوا، تازە ئامادەنین بکەونەوە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی سووریا و عێراقەوە، ئەمە وەک فاکت لەسەر ئاستی جیهاندا مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت و هاوکارییە جیهانییەکان بۆ پێشمەرگە لە باشوور و شەڕڤان لە ڕۆژئاوا ڕوویان لە زیادی کردووە و بەپێی شارەزایان و چاودێرانی سیاسی، ئیدی قۆناغی دوای داعش بە کۆتایی سایکس پیکۆ هەژمار دەکرێت و تەنانەت خودی ئەو وڵاتانەی خاوەنی سایکس پیکۆن گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو ڕێککەوتننامەیە زیانی زیاتر بووە وەک لە قازانج.

### بۆچوونی سیاسەتوان و ڕۆشنبیران

گەورە بیرمەندی ئەمەریکی، نوام چۆمسکی کە بەردەوام فۆکس دەخاتە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی جیهان، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ادب و فنون) لەبارەی سایکس بیکۆوە دەڵێت: سایکس بیکۆ تەنیا یەک سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە و لە ئێستادا تێکدەشکێت، هەروەها دەشڵێت: ئەو ڕێککەوتننامە بەدەستی ئیمپریالی کراوە و هیچ ڕەوایەتییەکی نییە، نوام چۆمسکی لە دیدارەکەیدا ئاشکراشی کردووە، سایکس پیکۆ ڕایەڵەی گرووپە مرۆییەکانی پچڕاندووە و ئەو هێڵانە دەچەسپێنێت کە مانایەکیان نییە، ئەو بیرمەندە ئەمەریکییە زۆربەی ئەو ئاڵۆزییانەی ڕوودەدەن لەناوچەکەدا، هۆکارەکەی بۆ ئەو سنوور سەپێنراوانە دەگەڕێتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە گەلەکانەوە نییە. لەلایەکی ترەوە سەرۆککۆماری تورکیا، کە سەد ساڵ پێش ئێستا ئەو خاکانەی لەدەستی وڵاتەکەیدا بوون بەهۆی

سایکس پیکۆوە دابەشکران بەسەر وڵاتانی زلهێزی جیهاندا، رەجەب تەیب ئۆردوغان لە میانەی کردنەوەی پێشەنگەیەکدا بەناوی بەڵگەکانی جەنگی جیهانی سەد ساڵە، رایاگەیاند: ئەو رێککەوتنە بۆ دروستکردنی دیوار لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا واژوو کرا کە لە بنەڕەتدا مەبەستی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە نەبوو، هەروەها ئەردۆغان دەشڵێت: ئەوەی ئەو رێککەوتنەی دارشتووە ئامانجیان خوێنرشتن بووە و بۆیەش ئارامی و ئاسایش لەناوچەکەدا بەرقەرار نەبووە. لە لایەکی ترەوە، لەسەروبەندی داگیرکارییەکانی داعشدا، نووسەری دیاری واشنتۆن پۆست، دیڤید ئەگناتیۆس، لەبارەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر سایکس پیکۆدا دەڵێت:

ئەو رێککەوتننامەیە وڵاتانی لاوازی وەک عێراق و سووریای دروستکردووە، هەروەها دەشڵێت: ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی ئەو چوارچێوە داگیرکارییەی بەریتانیا و فەرەنسا دروستیانکردووە سوودی نەبووە و ناشتوانێت بەردەوام بێت کە نووسەر لێرەدا مەبەستی لە کۆتایی سایکس پیکۆیە، هەروەها سەبارەت بە رۆڵی ئەمەریکا لە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دیڤید ئەگناتیۆس، دەنووسێت: پێویستە ئەمەریکا بە دوای پەیکەرێکی تری حوکمدا بگەڕێت بۆ داهاتوو کە ببێتە جێگرەوەی ئەو هێڵانەی لە سایکس پیکۆدا لەسەر لم دانراون. هەر لە ماڵپەڕی واشنتۆن پۆستدا، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە ئەمەریکا، گریگۆری گۆز، لە شیکردنەوەیەکدا سەبارەت بە ئەگەرەکانی کۆتایی سایکس بیکۆ ئاشکرای کردووە کە بە سەیرکردنی جەنگی سووریا و پشێویەکانی عێراق و لوبنان هەست دەکرێت ئەو سنوورە دەستکردانەی لە لایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لەسەر میراتی دەوڵەتی عوسمانی دروستکران، کۆتاییان نزیکبووەتەوە و خەریکە دەتوێنەوە، سەبارەت بە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و لوبنان، ئەو پرۆفیسۆرە ئەمەریکییە دەڵێت: ئەوەی هەرێمی کوردستان لە واقیعدا سەربەخۆییە، بەڵام هێشتا دانی پێدانەندراوە لە لایەن وڵاتانی نێودەوڵەتییەوە، ئەوەش وەک بەڵگەیەکی لاوازبوونی سایکس پیکۆ سەیر دەکات، هەروەها سەبارەت بە حکوومەتی لوبنانیش بۆچوونی وایە کە حکوومەتی لوبنان تا ئێستاش نەیتوانیوە کۆنترۆڵی خاکەکەی بکات، سەبارەت بە عێراقیش ئاماژە بە دروستبوونی هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەو پێیوایە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵوەشانەوەی عێراق دەگەیەنێت.

## سایکس پیکۆ لە هەولێرەوە هەڵدەوەشێندرێتەوە

ئێستا سەد ساڵ بەسەر سایکس پیکۆدا تێدەپەرێت، لەو ماوەیەشدا هەلومەرجی جیاواز و ئاڵۆز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتوونەتەکایەوە، عێراق بە کردەوە بووە بە سێ دەوڵەتی رانەگەیەنراوە، هەولێر، وەک ناوەندی بڕیاری سیاسی هەرێمی کوردستان، وەک دیفاکتۆیەک و دەوڵەتێکی ددان پێدانراو مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، داعش بەشێکی زۆر لە خاکی عێراق بە تایبەتی سنووری سوننەی داگیرکردووە، شەڕی مەزهەبگەرایی لە عێراقدا تا ئاستی هەڵکوتانە سەر پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت پەرەی سەندووە، کەس چارەنووسی سووریا نازانێت و بەشێکی زۆریش لە خاکی کوردستان کەوتووەتەوە دەست کورد خۆی و لەو لاتریشەوە داعش بەشێکی داگیرکردووە، حکوومەتەکەی بەشار، نزیکەی سەدا سی خاکەکەی لەدەستدا ماوە و هەموو جیهان هەڕەشەی رۆیشتنی دەکەن، تورکیا بە فیعلی دەیەوێت سووریا بۆ بەرژەوەندی خۆی بکاربهێنێت، ئەمەریکا لە لایەک هاوکاری کورد دەکات و لە لایەکی تریشەوە دەڵێت نابێت ئەسەد بمێنێت، لە یەمەن شەڕی حوسییەکان و دەسەڵات بەردەوامە، لیبیا بە هەمان شێوە هەڕەشەی لەسەرە، هەرچی سیاسیەتوانی جیهانیش هەن باس لە ئەگەرەکانی نەخشەیەکی تر دەکەنەوە کە پێدەچێت دەوڵەتی تازە دروست ببن.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە رێبەرایەتی فەرمیی هەرێمی کوردستان دەکات، بە دەنگی بەرز داوای جیابوونەوە لە

عێراق و کۆتایی سایکس پیکۆ دەکات، تا ئاستێکی باشیش ئەمەریکا بێدەنگی هەڵبژاردووە لەبەرانبەر لێدوانەکانیدا کە شارەزاییان دەڵێن ئەو قسەی ئەمەریکییەکان دەکات، سەرۆکی هەرێم، لەبارەی سایکس پیکۆ لە گفتووگۆیەکی رۆژنامەوانیدا بۆ ئەلحەیاتی لەندەنی ئاشکرای کردووە کە سایکس پیکۆ سنوورێکی دەستکردە و سروشتی نییە، هەروەها بارزانی دەڵێت هەر دابەشکردنێکی بە زۆر ناکرێت هەتا هەتایە بەردەوامی هەبێت، سەرۆکی هەرێمی بۆ ئەو رۆژنامە جیهانی و بەناوبانگە گوتویەتیشی، سنووری نوێ ئەو سنوورەیە کە بە خوێن نەخشێنراوە لە ناوچەکەدا لە جیاتی سایکس پیکۆ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# سایکس - پیکۆ: ئەمڕۆ

## سەردار عەزیز



لە ١٧ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٦ بەریتانیاو فەرەنسا ڕێککەوتنامەیەکیان واژۆکرد بۆ بەڕێوەبردنو ئیدارەدانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ڕێککەوتنە، پەیماننامە نیە، کە لەزۆر شوێندا لەئەدەبیاتی کوردیدا بەپەیماننامە ناوی دێت. لەروی دیپلۆماسیەوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ڕێککەتنامەو پەیماننامەدا هەیە. چونکە بەشی زۆری ئەم ڕێککەوتنامەیە لەرێگای نامەوە بوە، نەک دیدار، هەرچەندە دیداریش هەبوە، بەڵام کەمتر لەئاستی باڵادا، بۆ نمونە هیچ کام لەجۆرج پیکۆو مارک سایکس بەرپرسی باڵانەبون کە ڕێککەوتنامەکەیان بەناوەوە بڵاوبوەتەوە. لەڕاستیدا ئەم ڕێککەوتنامەیە بەفەرمی ناوی ڕێککەتنامەی ئاسیای ناوەندە، نەک سایکس- پیکۆ. ئەوەی شایانی باسە، کە هەردو وڵاتی روسیاو ئیتاڵیاش بەشداربون لەم پرۆسەیەدا چونکە هەردو خواستی بەشیان هەبو لە ناوچەکەدا، بەتایبەت هەردوکیان لەناوچەی ئەنادۆڵ. ئەوەی ئەمڕۆ من لێرەدا مەبەستمە خوێندنەوەی ئەم ڕێککەتنامەیەیە بەدیدی ئێستا. کە دەڵێم دیدی ئێستا، مەبەستم ئەو دیدە نیە کە بڕوای وەهایە کە ئەم ناوچەیە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنامەیە هاتوەتە ئاراوەو ئێستا ئەم مۆدێلە کۆتایی هاتوە.

بەڵکو مەبەستی من لەخوێندنەوەی دەقی ڕێککەوتنامەکەیە کە بریتیە لەدوانزە خاڵ لەڕوانگەی ئێستاوە، یان لەڕوانگەی نەگۆڕی کۆمەڵێک بنەماوە، کە ئەمڕۆ لەمامەڵەمان لە گەڵ دونیادا سودی لێدەبینین. ئەمە جۆرێکە لەجیوپۆلەتیکال ئیمپارەتیڤی هێزی گەورە لەجیهاندا، بەزمانێکی تر بەرژەوەندی نەگۆڕی هێزە جیهانیەکان. لەهەمانکاتدا دەمەوێت لەروی ناڕاستەییەوە، مەبەستم لەمە لەرێی وەهمو خەیاڵو خراپ تێگەیشتنو پیلانگێڕیەوە ئەم دەقە بخوێنمەوە. دیارە ئەم ڕوانگەیە کە بەوەهمو خەیاڵو پیلان لەقەڵەمی ئەدەم لای زۆرێک لەخەڵک وەک ڕاستیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نمونە دەوترێت ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ دوای سەد ساڵ بەسەر دەچێت یان ئیکسپایەر دەبێت.

بۆیە بابەتی سەرەکی ئەم نوسینەی من بریتیە لەپرسی ئەوەی کە ئایا ڕێککەوتنامەیەک کە سەد ساڵ لەمەوپێش واژۆکراوە چیمان پێدەڵێت لەئەمڕۆدا.

خاڵی یەکەم دەربارەی کۆمەڵێک پرینسیپە. یەکەم، بەشکردنو دیاریکردنی ناوچەکە، لەگەڵ شێوازی حکومڕانیدا. ئەم شێوازە بریتیە لەئەگەرێک، یان ناوچەکە وەک یەک یەکە لەلایەن حکومەتێکی عەرەبیەوە یان لەکۆنفدراڵیەکی چەند حکومەتیدا بەسەرکردایەتی کوێخایەکی عەرەبی. بەڵام هەردولا لەسەر ئەوە ڕێکن کە عەرەب ناتوانێت حکومی خۆی بکات. لەهەمانکاتدا دیاریکردنی ئەولەویەتی و باڵادەستی هەرلایەک بەسەر ناوچەکەدا. بۆ نمونە ئەم خاڵە بەرونی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە هەریەک لەدو وڵاتی باڵادەست مافی بازرگانی و قەرزی لۆکاڵیان هەیە، هەروەها بەدابینکردنی ڕاوێژکارو فەرمانبەری بیانی بەپێی خواستی حکومەت یان حکومەتەکان.

ئەم خاڵە چیمان پێدەڵێت؟

**یەکەم،** دەبێ رون بێت کە کێ لەکوێ باڵادەستە، مافی چیە.

**دوو،** لەپاش دەسەڵات، ئیدارەو ئابوری دێت، کە ئەویش مافی وڵاتی کۆنترۆڵکەرە.

**سێ،** دیاریکردنی ستاتۆو رۆڵی خەڵکانی لۆکاڵ، کە بەگشتی وەها دەبینرێن کە بێتوانان لەوەی کاروباری خۆیان ببەن بەڕێوە، لەروی سیاسیو ئابوری و ئاسایشەوە.

**خاڵی دوەم،** رێگەپێدانی هەردو وڵات بەیەکتر بەبونی ئازادی لەوەی کە چۆن پەیوەندی لەگەڵ هێزە لۆکاڵیەکاندا ببەستن. ئەمە ئاماژەیەکی رونە بەجیاکردنەوەی ناوچەو دەستێورنەدان لەکاروباری یەکتر، بنەمایەکی کە ئەورپییەکان لەرێککەتنامەی وێستفیلیاوە هێناویانەتە ئاراوە. کەواتە لەخاڵی یەکەمدا مافی دانپیانان دابینکرا، لەخاڵی دوەم چۆنێتی پەیوەندی.

**سێ،** دروستکردنی ناوچەیەکی دور لەدەسەڵاتی هەردو بەریتانیاو فەرەنسا بۆ ئەوەی لایەنەکانی تری پێ ڕازی بکەن وەک روسیا، ئیتاڵیا لەگەڵ شەریفی مەککە. بونی ئەم پانتاییە رەنگ قاوەییە، بۆئەوەیە کە کۆمەڵێک پەیام بگەیەنن: یەکەم، هەردو وڵات هەمو ناوچەکە تەنها بۆ خۆیان نابەن. دو، بوار هەیە بۆ ئەوانی تریش هەتا بەشێک بن لەناوچەکە.

**چوارو پێنج،** دەربارەی بونی بەندەری ئازادە، لەبەندەرەکانی حەیفاو عەکاو ئەسکەندەریە. هەروەها دوپاتی ئازادی هاتوچۆو شمەک دەکاتەوە بەرێگای ئاسنینیدا. ئەم خەسڵەتە یەکێک لەخەسڵەتە سەرەکیەکانی کۆلۆنیالیزم. کردنەوەی رێگا، ئازادکردنو دروستکردنی رێگاوبان بۆ گەیشتنی شمەکو هەناردەکردنی کەرەستەی خاو. ئەمە سەرەتای جیهانگیریە. سیستەمی سەرمایەداری پێویستی بەوە هەبوە کە دەستی بگاتە بازاڕو هەروەها کەرەستە خاوەکان. بۆیە سەربازو شمەک پێکەوە سنورەکان دەبڕن، رێگاکان دەکەنەوە، ئازادی دەهێنن بۆ بەندەرەکان. دەبینی خاڵی شەشیش بەهەمان شێوە دەربارەی هێڵی ئاسنینو شەمەندەفەرە کە ئەو رۆژگارە وەک ئامرازی سەرەکی گەیاندن بینراوە.

**خاڵی هەشتیش** دەربارەی تاریفەی گومرگیە. بەڵام خاڵەکانی تر هەتا خاڵی دوانزە دەربارەی ئیدارەکردنی ناوچەکەیە لەروی هێزو خاوەندارێتیو چەکەوە. هەردو وڵات لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە رێگە بەهێزێکی تر نەدەن بێتە ناوچەکە، ناوچەکە نەکەوێتە دەست هێزو لایەنی تر، هەروەها چەک بەرەزامەندی خۆیان بێتە ناوچەکە.

دەکرێت ئەم خاڵانە پۆلێن بکەین بۆ ئەم پۆلێنانەی خوارەوە:

**یەکەم،** خاوەندارێتی و کێشانی نەخشە،

**دوەم،** مافی ئیدارە،

**سێیەم،** ئازادی هاتوچۆو شمەک،

**چوارهەم،** بواردان بەدەست گەیشتن بەناوچەکە لەڕێگای هێڵی ئاسنینەوە،
**پێنجەم،** ڕێگریکردن لەهێزی تر کە بێتە ناوچەکە.

ئایا ئەمڕۆ ئەم خاڵانە چی دەگەیەنن؟ دیارە هەر پاش ئەم ڕێککەوتنە کە چەند ساڵی خایاند هەتا بێتە واژۆکردن هەڵوێستی هەردو وڵات دەگۆڕێتو گۆڕانکاری لەپیشەسازیو تەکنەلۆجیاو هاوسەنگی هێز جارێکی تر کاریگەری لەسەر ئەم چۆنێتی بەڕێوەچونی ناوچەکەو دەستگەیشتن بەسەرچاوەکانی گۆڕانکاری بەسەردادێت. خاڵێک کە گرنگە ئەوەیە موسڵە. پاشان دروستکردنی ئوردن، کە پاش نیورۆیەک چرچل خۆی بەتەنها نەخشەی بۆ کێشا.

**ئەمڕۆ ئەگەر لەم دەقە بنوارین، دەبینین کە ڕەفتاری هێزە باڵاکانی جیهان هێندە نەگۆڕاوە.**

**یەکەم،** هەمو هێزەکان پێیان باشە کە هیچ هێزێکی نەیار باڵادەست نەبێت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
**دوەم،** هەمو هێزە گەورەکان پێیان باشە کە ناوچەکە لەروی بازرگانیەوە کراوەبێتو سامانە سروشتیەکەی بگاتە بازاڕ.
**سێ،** هێشتا کێشەی چەکو جۆری چەکو خاوەندارێتی چەک کێشەیە، بۆ نمونە چەکی ئەتۆمی ئێران
**چوار،** هێشتا هێزە گەورەکان لەو باوەڕەدان کە خەڵکی ناوچەکە ناتوانن حوکمی خۆیان بکەن. لەراستیدا خەڵکی ناوچەکە هەمو رۆژێک خۆیان ئەمە بەدونیا دەڵێن بەچەندین شێوازی قێزەوەن.

## سایکس پیکۆ لەعەقڵی رۆژهەڵاتیدا

عەقڵی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد بەتایبەتی، عەقڵێکی سەرەتاییە، کە خەسڵەتەکانی بریتین لەخۆشباوەڕی، بەشەخسی کردنی کێشەکان، نەبونی توانا بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزی، سادەو ساویلکە کردنی کێشەکان، بڕوابون بەموئامەرە، کە رەگەکەی لهئاینەوە هاتوە چونکە خەڵکی ئاینی بڕوای وەهایە کە هێزێک هەیە لە ئەو باڵاترەو ئەویش خۆی وەک بچوکێک ناتوانێت هەمو شتێک بزانێت. خۆ بەقوربانیزان و بێتاوان، گوناهبارکردنی ئەویتر.

**خوێندنەوەی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ لەڕوانگەی ئەم عەقڵەوە کۆمەڵێک دەرئەنجامی هەیە:**

**یەکەم،** چونکە بەناوی دو کەسەوەیە ئەوا بەباشیو بەئاسانی جێگای باوەڕە، بۆ نمونە ڕێککەوتنامەی سانریمۆ یان قاهیرە کاریگەری زیاترە بەڵام چونکە بەناوی شەخسەوە نیە ئەوا نەناسراوە.
**دوو،** وەها دائەنرێت کە دایکی هەمو بەڵاکان ئەم نەخشەیەیە، ئەگەر ئەم نەخشەیە وەها نەکێشرایە ئەوا ئەم ناوچەیە شامی شەریف دەبو. ئەزمونی شکستخواردوی چارەکە سەدەی کورد بۆ خۆی هەمو ئەم وەهمانە بەتاڵ دەکاتەوە. هەرچۆنێک نەخشەی ئەم ناوچەیە بکێشیت وڵاتی سەرکەوتوی تیادا نابێت چونکە ئاستی عەقڵی خەڵکەکەی لەئاستی ئەوەدا نیە کە بتوانن ببنە بەشێک لەدەوڵەت.

**سێ،** سەد ساڵەی ئەم پەیماننامەیە وەها دەبینرێت کە ساتەوەختی بەسەرچونیەتی. چوار، هەتا ئەمڕۆ پاش سەد ساڵ، لەشکستو

**کوشت و کوشتار، ئەگەر بڵێیت دەوڵەت پێویستی بەوەیە کە بونیاد بنرێت، دەوڵەت پێکهاتەی ئاڵۆزە، دەوڵەت ناوەندی دەوێت، دەزگای دەوێت، سیستەمی دەوێت، ناسنامەی هاوبەشی دەوێت، هاوڵاتی دەوێت، ناوەندی ڕاکێشانی تواناو داینەمۆی نوێبونەوەی دەوێت، جێگای بەرهەمهێنانی مەعریفەی دەوێت، هیچ نەبێت هێندەی سەری دەرزیەک عەقڵی دەوێت، زۆرینەی کورد گاڵتەی لێدێت.**

**پێنج، زۆربەی کورد بڕوای وەهایە کە دەوڵەت لەرێگای راگەیاندنێکی تەلەفزوێنەوە دێتە ئاراوە. بەیاننامەی ژمارە سفر، بڕیارمان دا دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین. نوقتە کۆتایی دێر.**


**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / ڕێکەوتی: ٢٢ی مەی ٢٠١٦**

# سەدەیەک دوای سایکس - پیکۆ، هەر سایکس- پیکۆیە"

**سامی مۆوبەید**

**لە ئینگلیزییەوە/ ئاراز ئەحمەد محەمەد**

ئەوە راستە کە تەنانەت جەماوەری عەرەبیش دەیانویست ڕێگریی لە نەهامەتییەکانی ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ بکەن، بەڵام زۆر لەوە لاوازتر بون بتوانن ئەو ڕێگرییە ئەنجام بدەن.




سەد ساڵ پێش ئێستا و لە ١٦-٥-١٩١٦ دا، ڕێکەوتننامەی ئاسایی بچوک- کە باشتر بە ناوی هەردو ئەندازیاری ڕێکەوتننامەوەکەوە، مارک سایکس و فرانکۆ جۆرج- پیکۆوە ناسراو بو بە هۆی پێدانی فۆڕم و شێوەی هەنوکەیی چەندین دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاستدا.

ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دەستنیشانی سنوری نێوان سوریا و ئینتیدابی بەریتانیی فەلەستینیی لە بەرەیەکەوە کرد، لە بەرەکەی ترەوە دروست کردنی دەوڵەتی مەزنی لوبنانی نوێ بو. هێڵێکی تری سنوری کێشرا بە دروستکردنی ئیمارەتی نوێی ترانس-ئوردن/ ئوردنی شەرقی (ناوی پێشوی وڵاتی ئوردن هەتاوەکو ساڵی ١٩٤٩) لە مانگی ٤-١٩٢١ دا.

عەرەبە ناسیۆنالیستەکان هەمیشە گەنگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر نەتەوەی عەرەب بە یەکگرتویی و بە بەهێزیی لە یەک وڵاتدا بمانایەتنەوە، ئەوا کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی نەیدەتوانی سەروەت و سامانیان ببات و وڵاتی ئیسرائیلیش لە ساڵی ١٩٤٨ دا دروست نەدەکرا. ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ نمونەیەکی نایابی خۆ-بەقوربانیی نیشاندان و پاساو هێنانەوەی حازر بەدەستیی سەرانی عەرەبە بۆ ڕونکردنەوەی یەک سەدە لە شکستیی دەوڵەتداریی و سیاسەتەکانیان.

حاشا-هەڵنەگرە کە تەنانەت جەماوەری عەرەبییش دەیانویست بەربەست لەبەردەم بەد-بەختییەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دابنێن، بەڵام زۆر لەوە لاوازتر بون بتوانن ئەو بەربەستە دروست بکەن. بە تێڕوانینێکی ورد، بەڕونی ئاڵۆزییەتیی سەرکردە عەرەبییەکان- هەر لە جەنگی یەکەمیی جیهانەوە هەتاوەکو ئەمڕۆکە- دەردەکەوێت لە کارکردنیاندا لە چوارچێوەی سنورەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دا کە ڕەنگە بەشێوەیەکی بێ مەبەستیش شەرعیەتیی دیفاکتۆییان لێوە وەرگرتبێت.

هەرچۆنێک بێت، ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ داگیرکردنی فەلەستینی بە دوای خۆیدا هێنا و هەمو بەهانەیەکی دایە دەست سەرکردە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی بەهێزی شمشێر فەرمانڕەوایی بکەن و بە ملیار دۆلار لە کڕینی و تەقەمەنی و پڕچەککردندا بەهەدەر بدەن

وەک لەوەی بێن ئەو پارەیە لە کردنەوەی زانکۆ و قوتابخانەدا سەرف بکەن. سایکس-پیکۆ لۆجیکی دایە دەست سەرکردە عەرەبەکان بۆ رزگاربون و پاساویشی پێدان بۆ ئەوەی بە دەستی ئاسنینەوە فەرمانڕەوایی بکەن.

هیچ یەکێک لەو سەرکردە عەرەبییە بەهێزانە کارێکی بەرجەستەیان نەکرد بۆ ململانێ کردن دژ بە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ. سەرۆک و پاشاکانی ناوچە بەرفراوانەکانی شام و میسۆپۆتامیا، سەرەڕای هەمو نەیارێتیی و کێشەی مەزهەبگەریی و دانیپێدانانەکانیان، ئامادەگی زیاتریان تێدا بو بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی "دەوڵەتی دەستکرد" بکەن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەو سەرکردە عەرەبییانە هەرەس دەهێنن، چونکە هەردو سەرکردەکان و ئامانجەکانیان ئامادەن جارێکی تر لە نێو چوارچێوەی نیوە-دەوڵەتەکانیاندا بژین ئەو نیوە دەوڵەتانەی کە لە سەردەمی ئێستادا بە دەوڵەتانی "سایکس-پیکۆی ٢٠١٦" دەناسرێن.

ڤێرژنی سایکس-پیکۆی ساڵی ١٩١٦، هەردو وڵاتانی سوریاو لوبنانی بەخشی بە فەرەنسا، فەڵەستین و عێراقیش بە بەریتانیا. لە لوبناندا، مەسیحییە مارونییەکان بە بەهێزی خۆیان دڵخۆش بون، چونکە لە دروستکردنی دەوڵەتی نوێدا دەسەڵاتی زیاتریان پێدرا. مسوڵمانەکان بەوە بێزار بون و دەیانویست وەک بەشێک لە وڵاتی سوریا بمێننەوە. بەڵام نەک بۆ ماوەیەکی دور و درێژ.

هەر بەزویش، مەسیحییەکان لەنێو سنورە نوێیەکەدا بە تەواویی مژۆڵکران و زیاتر سەرقاڵی ژمارەی کورسیی پەرلەمان و پۆستی حکومیی بون نەک چەمکی پارچە پارچە بونی ئەوروپیی هەرچەندە سەرۆکی لوبنان درا بە مەسیحییە مارونییەکان.
کاربەدەستانی فەرەنسا وڵاتی سوریایان بۆ دەوڵەتۆکەی بچوک بچوک لە دیمەشق و حەلەب و چیاکانی عەلەوییەکان و چیاکانی دروز دابەش کرد. دانیشتوانی شاری دیمەشق نیگەران بون نەک لەبەرئەوەی شاری حەلەب ئاڵا و حکومەتی تایبەت بە خۆی هەبو، بەڵکو لەبەرئەوەی شاری دیمەشق بەهۆی باجی خاڵی سنوریی و رسوماتەوە کە خرابونە سەر کەلوپەلی هەناردەکراوە بۆ هەردو بەندەری حەیفا و بەیروت هەراسان بو بون.

کاتێک شا فەیسەڵی یەکەم بو بە پاشای عێراق لە مانگی ٨-١٩٢١ دا، نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی نوسیی: "نەتەوەی عێراق بونی نییە، بەڵکو چەند گروپێک خەڵکن بەبێ ئەوەی هیچ بیرۆکەیەکیان بۆ دەوڵەتداریی و نیشتیمان-پەروەریی هەبێت یان هیچ ئینتیما (پابەندێتیی) و پابەست بونێکیان بۆ خاکی خۆیان هەبێت."
هەر لە نامەکەیدا نوسیویەتیی: "ئەم گروپانە ئەفسانە (خورافات)ی خێڵەکیی و نەریتیی و ئایینییان لە ئامێز گرتوە و هیچ شتێکیشیان نییە بەیەکەوە بیانبەستێتەوە. ئەم گروپانە گوێ لە خراپترین جۆری قسەو قسەڵۆک دەگرن و حەزیشیان لە گێرەشێوێنییە."
ئەوە شمشێرەکەی سەدام حوسەینیی دیکتاتۆر بو، نەک ناسیۆنالیزمیی عێراقی، کە توانیبوی گەلی عێراق بە یەکگرتویی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ٢٠٠٣ دا بهێڵێتەوە.

لە ساڵی ٢٠١١ وە، خەڵکی دەڤەری شام و میسۆپۆتامیا بەشێوەیەکی خەواڵو پیاسە دەکەن روە و دابەشبونی زیاتری خاکە بە شەڕ

وێـران بوەکەیانـدا و زۆر بە شـێوەیەکی دوژمنکـارانە لەوەی کە تەنـانەت سیاسـەتمەداری بەریتـانیی مـارک سـایکس و دیپلۆماتکـاری فەرەنسیی جـۆرج پیکـۆ ئەندێشـەیان دەکـرد. ڕەنگە بەهـۆی نەریتـی گەلانـی عەرەبەوە بێـت کە هەتـاوەکو ڕۆژگـاری ئەمـڕۆکەش هەر دڵدانەوەی بەد-بەختییەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی کاربەدەستانی ڕۆژئاواوە.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، هەر جۆرە قسەو باسێک سەبارەت بە پـارچە پـارچە بـون یـان فیـدڕاڵیزم وەکـو تـابو (حەرام) وابـو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بەلام لە جەنگی سوریادا هیچ لایەنێکی جەنگەکە ئامادە نەبـو سـازش بکـات بـۆ کەمتر لە کۆنترۆڵی تەواو و بێمەرجی شاری دیمەشق.

ئەو داواکـارییە بەهێواشـیی گـۆڕانی بەسـەردا هـات. لە پشـت دەرگـا داخراوەکـانەوە، هەردو بەرەی جەنـگەکە دانیپیێـدا دەنـێن کە سەرکەوتنی تەواوی سەربازیی کارێکی ئەستەمە، هەروەک ئێستا پارچەکانی خاکێک بەیەکەوە دەلکێننەوە کە بەهۆی شەڕەوە لە ساڵی ٢٠١١ وە خاپورکراوە. لەجیاتیی فشار هێنان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوی عەرەب لە بەرەیەکـی فراوانـدا یـان کۆمـاری سوریای هەموان، هەندێک لە سورییەکان لە ئێسـتا خەرقـی وەفـاداریتیی نیـوە-نەتەوەیـی (تەنهـا عەرەب لە دەوڵەتەکەدا هەبێت) وەفـاداریتی ئیتنیکـی سـەدەکانی ناوەڕاست دەکەن و داوای جیـاکردنەوەی دەوڵەتـان دەکەن کە ئەمەش جـارێکی تـر لە خۆیـدا کێشمەکێشـمێکە بـۆ سنورەکانی سوریا، هەرچەندە ئەمجارە بە پێچەوانەشەوە دەبێت.

لە ئێستادا هەرێمێکی کوردیی لە بەشی بـاکوری ڕۆژهەلاتـی سوریادا دروست دەکرێت و ئەوەش وەک لەرینـەوەیەک وایە بەنێـو بڕبـڕەی پشتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیادا. هەرێمێکی سونی بە پاڵپشتیی سعودییە لە بیابانەکـانی سوریا و عێراقـدا دروست دەکرێت و شارەکانی موسڵ و ڕومادی و دیر ئەزور و ڕەقا لە خۆی دەگرێت و ئامانجیش لە دروستکردنیان بـڕینەوەی دەستی تەماعـاویی فراوانخوازیی ئێرانە. قەوارەیەکی تر لە کەنارەکانی سوریادا لە دروست بوندایە لەگەڵ بەشێک لە ناوەڕاستی سوریا و شـاری دیمەشق کە لە ئێستا بەشێکە لە ناوچەی قەڵەمڕەویی ڕوسیا لە شامدا.

ئەمجارە نە دیپلۆماتی بەریتانیی و نە دیپلۆماتیی فەرەنسیی لێیە بۆ ئەوەی بە نهێنیی لە شاری لەنـدەن کۆببنەوە و سنورەکان دیـاری بـکەن. ئەنـدازیارانی ئێسـتا دانیشـتوانی عێـراق و سـوریا خۆیـانن، کە بە دڵێنـاییەوە هانـدراون یـان لەباشـترین حاڵەتـدا لەلایەن بیانییەکانەوە هان دەدرێن.

هەروەک شـا فەیسـەڵ وتیـی: جەمـاوەری عەرەبیـی هێشـتا گوێیەکانیـان بـۆ قسەوقسـەڵۆک هەڵخسـتوە و واش دەردەکەوێـت هێشـتا گێرەشێوێنیان پێباش بێت. جەماوەری عەرەبیی چیی دیکە نایانەوێت لە یەک قەوارەدا بژین و "بەهاری عەرەبیی"ان بەرپا کرد تەنهـا بۆ ئەوەی نیمچە-شانشینییبۆ خۆیان دەستنیشان بکەن.

جارێک تـر لە هەمو نـاوچەکەدا ڕێکەوتننـامەی سـایکس-پیکـۆیە، بەلام ئەمجارەیـان بەبـێ ئامـادەگیی مـارک سایکسـی سیاسـەتمەداری بەریتنایی و جۆرج پیکۆی دیپلۆماتکاری فەرەنسیی.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل / ڕێکەوتی: ٢١ی مەی ٢٠١٦**

# سێ ڕێکەوتنی پێویست بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی سایکس-پیکۆ

هاشم محەمەد ئەحمەد



ئێستا پتر لەسەد ساڵە بەسەر ڕێکەوتنامەی سایکس-پیکۆدا دەگوزەرێتو دەرفەتێک بۆ هەڵوەشاندەوەی ئەم ڕێکەوتنامە هاتووەتە ئاراوە. لەم قۆناغەدا هاوسەنگی هێزی دەوڵەتەکان لەخۆرهەلاتی ناوین تێکچووەو لەگۆڕاندایەو بەشێوەیەک لەشێوەکان بارودۆخی جەنگی جیهانی یەکەم بەدی دەکرێتو ئەگەری هەیە گۆڕانکاری لەسنوری دەوڵەتەکاندا بکرێت. لەم قۆناغە مێژووییەو ئەم دەرفەتە گرنگەدا کە لەوانەیە سەد ساڵ جارێک بێتە ئاراوە، سێ ڕێکەوتنی ناوخۆی ماڵی کورد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی سایکس-پیکۆ پێویستەو وەکو بنەمایەک دەبن بۆ سستو لاوازتر کردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە کە مافی بەدەوڵەت بوونی لەنەتەوەی کورد زەوتکرد.

### سێ ڕێکەوتنەکە بریتین لە:

**یەکەم**: ڕێکەوتنی یەکێتی نیشتمانی-بزوتنەوەی گۆڕان وەکو هێزی چەپ لە ناو هەرێمی کوردستان دا. بەم ڕێکەوتنە بەرەی چەپی ناوخۆی هەرێم دروست دەبێت و دەتوانێت هاوسەنگییەک لە سیاسەتی هەرێم دا دروست بکات کە بە کەڵک وەرگرتن لەو هەڵانەی کە لە ماوەی چەن ساڵی ڕابردوودا کراون، سەقامگیری سیاسی بۆ هەرێم بگەڕێنێتەوە و هەنگاوێک بێت بۆ کارامەکردنی دووبارەی دەم و دەزگاکانی حکومەت و بە تایبەت پارلەمانی کوردستان. لە لایەکی دیکەیشەوە، بێ هیوایی لە ناو بەشێک لە کۆمەڵگا و بێ بەرهەم زانینی چالاکی مەدەنی ناهێڵێت کە ئەمەش لە ماوەی درێژخایەندا گەشەی کۆمەڵگا و بیر و هزری سیاسی بە دواوە دەبێت.

**دووەم**: ڕێکەوتنی پارتی دیموکرات- یەکگرتووی ئیسلامی وەکو هێزی ڕاست لە ناو هەرێمی کوردستان دا. بەم ڕێکەوتنە بەرەیەکی ڕاستی میانەڕەو لە ناوخۆی هەرێم دا دروست دەبێت و دەتوانێت وەکو هێزی یەکەمی دەسەڵات، حکومەتێکی زۆرینە پێکبهێنێت و هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی هەبێت بۆ چارەسەری کێشەکان بە تایبەت کێشە ئابورییەکان کە ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی ناخۆش کردووە. هەروەها بە پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینە خەڵک لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئاسانتر دەتوانن بڕیار بدەن کە کام لایەن توانای حکومەتی هەیە و باشتر حکومەتی کردووە و سوڕانەوەی دەسەڵات لە نێوان دوو بەرەی ڕاست و چەپدا ئاسانتر دەبێت و یەکگرتوویی ناوخۆیی بە دواوە دەبێت. یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی پێکهێنانی بەرەی ڕاست و چەپ ئەوەیە کە توانای وردە حیزبەکان بۆ گۆڕانکاری لە هاوسەنگی سیاسی کەمتر دەبێت و چیدی حکومەتی هەرێم مەجبور نیە بۆ بڕیاری سیاسی هەموو ڕای وردە حیزبەکان وەرگرێت و بڕیاردانی سیاسی ئاسانتر و کارامەتر بێت چونکو درەنگ بڕیاردان خۆی دەبێتە ڕیشەی هەندێکی زۆر لە کێشەکان.

سێ یەم: ڕێکەوتنی حکومەتی هەرێم-پەکەکە وپەیەدە: بەم ڕێکەوتنەیش سیاسەتی هەرێم بەرامبەر بەڕۆژئاواو هەروەها چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا ڕێک دەخرێت. هەروەها توانای حکومەتی هەرێم بۆ خۆبەستنەوە بەهێڵی وزەی تورکیا-ئەوروپا زۆرتر دەبێت. ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێم-پەکەکە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تەواو بوونی شەڕی تورکیا لە باکوری کوردستان. هەروەها ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات هێڵی وزەی کوردستان-تورکیا ببەستێتەوە بە هێڵی وزەی تورکیا-ئەوروپا و بە دابینکردنی هەموو وزەی پێویستی تورکیا و بەشێک لە وزەی ئەوروپا، جگە لە گەشەی ئابوری، پاڵپشتی سیاسی ئەو لایەنانەیش بەدەست بێنێت بۆ پلانی سەربەخۆیی. ڕێکەوتنی حکومەتی هەرێم-پەیەدە بۆ چۆنێتی پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان زۆر پێویستە. ئەگەر هەرێم و پەیەدە بتوانن ڕێک بکەون لە ماوەی درێژخایەندا هەم تورکیا مەجبور دەبێت پشتگیری زۆرتری هەرێمی کوردستان بکات و هەمیش گەشەی ئابوری ڕۆژئاوا ئاسانتر دەبێت. ئەگەر نا، تورکیا بە دابڕانی باشور و ڕۆژئاوا دەتوانێت زاڵ بێت بە سەر هەر دوو پارچەکەدا و تەنانەت دژ بەیەکتری بەکاریان بێنێت و چیدی پێویستیش نەکات خۆی بخاتە مەترسی شەڕ لەگەڵ کورد.

ئەم سێ ڕێکەوتنە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی سیاسی ناو ماڵی کوردیان بە دواوە دەبێت و ئەگەری زەوت کردنی مافی کورد بۆ جارێکی دیکە کەمتر دەکەنەوە. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هێزی ئابوری و سوپایی کورد بەرامبەر بە دوژمنەکانی کەمترن و بۆیە هاوکات بە شەڕهاتن لەگەڵ هەموو لایەنەکان، هیچ دەستکەوتێکی بە دواوە نابێت. بەم ڕێکەوتنانە پاش یەکگرتنی ناوخۆیی، پۆلێن کردنی سیاسەتی باش و باشتر و دوژمنی خراپ و خراپتر ئاسان تر دەبێت. بۆیە دەبێت هیوادار بین کە ڕێکەوتنەکان لە ناو ماڵی کورددا بەردەوام بن.

هاشم محەمەد ئەحمەد
ماستەر لەزانستە ڕامیارییەکان لقی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
مامۆستا لەزانکۆی گەرمیان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / ڕێکەوتی: ٢٠ی مەی ٢٠١٦

# پاش سەدەیەک، سەرەتایەک بۆ کورد

لیزا فەلەکەدین

یەکەم پرسیار دەبێت ئەوە بپرسین وەکوو کوردانی باشوور، چما لە ئێستادا داوای مافی سەربەخۆیی دەکەین؟ هەوڵمداوە ئاماژە بە وەڵامی ئەم پرسیارە لە سێ خاڵدا بکەم:



**١- کۆتایی سایکس - پیکۆ**

پەیماننامەی زەهاو ساڵی ١٦٣٩، دەسپێکی زاڵبوونێک بوو بەسەر نەتەوەی کورد. ئاکامەکەی بریتی بوو لە دابەشکردنی کوردستان و پێکهێنانی دوو شوناسی دەستکرد (کوردستانی عوسمانی و کوردستانی سەفەوی). پەیمانی لۆزان ١٩٢٢ ئامرازێکی دیکە بوو بۆ دووبارە دابەشکردنی کوردستان، بەڵام ئەمجارەیان بۆ چوار پارچە (کوردستانی تورکیا، کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران و کوردستانی سووریا). کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لێکەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد و کێشە ڕەواکەی دا و نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر بێتە دی. ئەم پەیمانە دوای ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ بەستراوە بۆ تەواو چەسپاندنی سنووری وڵاتە دروستبووەکانی ناوچەکە، واتا بە تەواوکەری خاڵ و بەندەکانی سایکس - پیکۆ دادەنرێت کەوا ناوی کوردی بە تەواوی سڕییەوە. ناچارکردنی کورد بە ژێردەستەیی، چاوپۆشیکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و ڕێگرتن لە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ئاکامەکانی پارچەکردنی خاکی کوردستان بوو. ئەنجامەکەشی بریتی بوو لە نادادپەروەریی پێکهاتەیی، وابەستەکردنی بەشە جیاوازەکانی کوردستان بە شوناسگەلێکی فرەچەشن وەک بەرنامەیەکی درێژخایەن کە بەدرێژایی سەدەیەک هەوڵی بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد دەدا.

پاش تەواوبوونی ماوەی ڕێککەوتنامەی سایکس - پیکۆ، جارێکی تر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دیزاینێکی نوێ و بە فۆرمێکی تازەوە دائەڕێژرێتەوە و کورد لە ناو چەقی گۆڕانکارییەکاندایە. ئەو کوردەی کەوا دوور لە خواستی خۆی خاک و مافی نەتەوەیی کران بە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان, ئێستا لە ڕووی پەیوەندی نێودەوڵەتی و بوونی ئیرادەیەکی بەهێز لە مانەوە و مرۆڤ دۆستییەکەی هەمبەر نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە، بووە بە ئەکتەرێکی سەرەکی لە جوڵاندنەوە و پراکتیکەکردنی مەبەستە سیاسییەکانی زلهێزەکانی جیهان. بە ڕادەیەک کە ناتوانرێت ڕۆڵ و نەخشی کورد بە هەند وەرنەگیرێت. گەیشتن بەم ئاستە شتێکی سانایی نەبوو، بەتایبەت بۆ نەتەوەیەک کە ماوەیەکی دوور و درێژە بێ ماڵ و دەربەدەر بە ناچاری ژێردەستەیی قبووڵ کردووە و بەردەوام چەوساندنەوە و زوڵم بووە بە بەشی. لە سەردەمی بەهاری عەرەبیدا تاوەکوو سەرهەڵدانی داعش، کورد بە سەرکەوتوویی توانی وجودی خۆی وەک لایەنێکی سەربەخۆ بسەلمێنێت، بەبێ ئەوەی لەم گەمەیەدا ببێت بە پاشکۆی هیچ کام لە وڵاتانی ئیقلیمی.

بەمەش ئەو مافە بەخۆی دەدات کە بڵێت لە هەرێمێکی فیدراڵییەوە بەرەو کیانێکی تەواو سەربەخۆ.

**٢- نادادپەروەرییەکانی حکوومەتی ناوەند بەرامبەر بە حکوومەتی هەرێم و ڕەوشی ئاڵۆزی نێوخۆیی عێراق.**

**عێراق بەم شێوەیەی ئێستای ناتوانێت بە یەک پارچەیی بمێنێتەوە...**

مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, لە پەیامەکانیدا هەمیشە دووپاتیکردووەتەوە کە کورد نابێتە هۆکاری پارچە پارچە بوونی عێراق و خوازیارین برایەتی کورد عەرەب شەراکەی ڕاستەقینەی لێبکەوێتەوە، کورد هەمیشە هەوڵی داوە هاوکار و پاڵپشتی بەغدا بێت لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقێکی سەرکەوتوو بە مۆدێلێک کە دان بە مافی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا بنێت. لە بەرامبەردا عێراق بەردەوام کاردانەوەی نەرێنی بەرامبەر بە کورد نواند. ڕاستە کورد نییەتی دابەشبوونی عێراقی نەبووە، وەلی ململانێکانی نێوان هەردوو مەزهەبی (شیعە و سوننە ) دروستبوونی چەندین ڕەوت و تەوژمی ئایینی و میلیشیای مۆدێلی عێراقی بە تەواوەتی گۆڕی.

کەمتەرخەمییەکان لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پرسی نەوت و پرسی پێشمەرگە و دواجاریش بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، لە کاتێکا عێراق دەستی بەسەر بەشە بودجەی هەرێمدا گرتووە، بەڵام بودجەی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش وەکوو خۆی بۆیان ڕەوانە دەکرێت! ئەمە جگە لەوەی پرسی گەندەڵی لە حکوومەتی عێراق و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، عێراقی‌ان ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە کردووەتەوە کە پێدەچێت ڕەوشی عێراق بەرەو ئاڵۆزییەکی زیاتر لە ئێستا بەرێت. بەم شێوەیە عێراقێک کە بەهۆی لاوازی لە بەڕێوەبردنی وڵات گیرۆدەی چەندین قەیران بووەتەوە چۆن دەتوانێت لەناو ئەو هەموو حەشاماتەوە فریای دەنگ و پرسی کورد بکەوێت؟

**ئەمانە هەموو پێمان دەڵێن کە چیدیکە ئومێدێک نەماوە لەگەڵ عێراقدا بمێنینەوە.**

**٣- شوناسی نەتەوەیی کورد، ئەو شوناسەی مافی زیاترمان پێ دەبەخشێت لە داواکردنی سەربەخۆیی**

تەوەرە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی: "زمان و ئەدەبیات، مێژوو، میراتی کولتووری و جوغرافیا" لەخۆدەگرێ و لە ڕێگەی فەرهەنگ، سیاسەت، یاسا و ئابووری دەتوانرێت پەرەیان پێ بدرێت.

شوناسی نەتەوەیی باس و پرسیار لە چییەتی و کێیەتی ئێمە و فەلسەفەی بوون و هەرمانی ئێمەیە. تەنانەت بەردەوامی خەباتی ئێمە و سەرکەوتنی ئێمە و گەلی ئێمە، بە تەواوی گرێدراوی ئەم چەمکەیە. چونکە تەنیا هۆکارێکە کە ڕەوایی بە داخوازییەکانی ئێمە دەدات.

وەڵامدانەوە بە پرسیاری سەرەکی "کێمە ئەز" هەڵگری واتای تاکە کەسی، سۆزداری، جڤاکی و کولتوورییە. چارەنووسی هاوبەش،

خووخدەی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و داهاتووی هاوبەش لە جوگرافیا و قەوارەیەکی هاوبەشدا بۆت دیاری دەکا و بەرپرسیارێتی و حەزێک لە ناخ و هزردا دەئافرێنێ، کە هەستی نیشتمانپەروەری و وڵات خۆشەویستی پێدەڵێن.

لە کوردستاندا، میرنشینەکانی بابان، ئەردەڵان، موکریان، سۆران و بادینان، یان مدحەت بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٨دا ڕۆژنامەی کوردستانی لە تاراوگەدا بڵاوکردووەتەوە یان سمکۆ "ڕۆژی کورد"ی وەشاندوە و شێخ مەحموودی نەمریش نیمچە دەسەڵاتێکی کوردی پێکهێناوە، یان ئەحمەدی خانی لە پێشەکی مەم و زین و حاجی لە شیعرەکانیدا، پرسی نەتەوایەتی و دەوڵەتی کوردییان هێناوەتە ئاراوە و خوازیاری تێکۆشان بۆ بەدیهاتنی بوون.

هەروەها کۆماری کوردستان، بە ڕابەرایەتی قازی محەمەد، خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن لە دیرۆکی کورددا هەژمار دێت، چونکە مێژووی مۆدێرنی کورد و هەوڵدانی بۆ بە نەتەوەبوون و دامەزراندنی سەروەری و دەسەڵاتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی یەکێک لە سێ میکانیزمی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا (خودمختاری، فیدراڵی، سەربەخۆیی) هێنایە ئاراوە و وەکوو فیکرییەت و شوناسێکی ڕەسەن جێگیر بکرێت. کە تا ئێستاشە بووەتە هەوێن و سەرچاوەیەکی نەتەوەیی و مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ نەوەکانی کورد.

پرۆژەی سەربەخۆیی خاوەن میراتێکی نەتەوەیی پڕ بەهایە، کە لە ئێستادا بارزانی هەڵگری میراتەکەیە و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی وەسییەتنامەکەی خانی و بەدرخان و حاجی قادری کۆیی دەدات.

**دووەم پرسیار ئەمە دەبێت، لە پێناو گەیشتن بە ئامانج، لە ئاستی نێوخۆیدا چی دەتوانرێت بکرێت؟**

لە پرسی سەربەخۆییدا، پاڵپشتی نێودەوڵەتی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێت بەرنامەی ستراتیجی بۆ دابڕێژرێت و بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. وەلی ئەوەشمان بیرنەچێت کە یەک ڕیزی و یەک دەنگی ماڵی کورد هۆکاری یەکەمە لە بەرەوپێشبردنی فایلی سەربەخۆیی...

باشە چۆن بتوانین سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو لای خۆمان ڕابکێشین و پاڵپشتی زیاتر کۆبکەینەوە؟ کێن ئەو لایەنە نێوخۆییانەی کەوا کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر فایلی سەربەخۆیدا هەیە؟

**١- ڕۆڵی پێشمەرگە**

ویستم لە خاڵی یەکەمدا وەبیر هێنانەوەیەک لە ڕۆڵی پێشمەرگەدا بکەم، وەکوو ئاماژەیەک بە گرنگی و پێگەی تایبەتی هێزی کوردی. بۆ ماوەی ٢ ساڵ و بە درێژایی ١٠٥٠ کم پێشمەرگە لە خەباتێکی ئێجگار سەخت و دژوار دایە، خۆ ڕاگری و چاونەترسی بۆ گرووپێکی توندڕەوی تۆقێنەر کە زۆر بە ئاسانی لە توانایدایە پەل بهاوێتە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە کردەوە تیرۆریستییەکانی سەدان خەڵک بکات بە قوربانی. کەچی جیهان سەرسامی ئیرادەی پێشمەرگەیە کە چۆن توانیویەتی بەو برە چەک و تەقەمەنییە سنووردارەی کە هەیەتی بەرگریی لە سەروەرییەکانی خاکەکەی بکات. مرۆڤ دۆستی، ڕێزگرتن لە گیان و ماڵی خەڵکی سڤیل بەبێ جیاوازی لە

نێوان کورد،عەرەب، تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە، پێناسەگەلێکن کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەخشراونەتە پێشمەرگە و پێگەی کوردیان بردووەتە ئاستێکی درەوشاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.

**٢- دووبارە کاراکردنەوەی پەرلەمان**

لە ئێستادا پرسی گشتپرسی بۆ بڕیاردان لە جیابوونەوە لە عێراق پرسێکی گەرمە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە پێویست بە یاسایەکی تایبەت هەیە لە پەرلەمان. بەڵام بەداخەوە تا وەکوو ئەم ساتەش پەرلەمانی هەرێم بەهۆی کێشە سیاسی و نێوخۆییەکانەوە لە چالاکییەکانی خۆی وەستاوە. بۆچی یاسا گرنگە؟ بە یاسییکردنی ریفراندۆم هۆکارێکە بۆ زیاتر باوەڕپێکراوەیی پرۆسەکە و لاوازکردنی بیانوو و رەخنەی نێودەوڵەتی. ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی پشتراستکردنەوەی یاسایی بۆ پرۆسەکە هەنگاوێکی پڕ لە بایەخ دەبێت.

**٣- رۆڵی حکوومەت**

حکوومەت لایەنی جێبەجێکار و پراکتیکە. ئەوەی حکوومەت لە ئێستادا پێویستە جەختی لەسەر بکاتەوە بریتییە لە زیاتر ناساندنی کەیسی (ئەنفال، کیمیاباران، جینۆساید) لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. هەروەها پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی، خاڵێکی دیکەیە کە حکوومەت رۆڵی تێدا دەبینێت. کارکردن بۆ زیاتر بەهێزکردنی لایەنی ئابووری و بەدیهێنانی ئابوورییەکی تەواو سەربەخۆ. نەک تەنها لە کەرتی نەوت بەڵکوو کەرتی پیشەسازیی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار...

**٤- رۆڵی پارتە سیاسییەکان**

لە ئەرکە سەرەکییەکانی پارتە سیاسییەکان، هاندان و بەشداریکردنە. نەبوون بە پاشکۆی سیاسەتی هیچ دەوڵەتێکی ئیقلیمی، ڕێزگرتن لە بڕیارەکانی سەرکردایەتی کورد لە مەلەفی سەربەخۆیی، پێشکەشکردنی پڕۆژە و پێشنیاز بۆ دەوڵەمەندترکردنی پرۆژەکە. هەروەها هەماهەنگی و بەدیهێنانی یەک ریزی نەک تەنها لەناو پارتە سیاسییەکانی باشوور، بەڵکوو لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەشدا.

**٥- رۆڵی راگەیاندن**

نووسراو، بینراو، بیستراو و سۆشیال مێدیا. راگەیاندنی کوردی بەرپرسیارە لە پاڵپشتیکردنی پرۆژەی سەربەخۆیی و گەیاندنی دەنگی کورد بە تەواوی جیهان.

**٥- رۆڵی هاونیشتیمانیان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان**

هەر هاوکارییەکی ماددی و مەعنەوی لە لایەن تاکی کوردەوە دەسکەوتێکی ڕەمزی پێشکەش بە پرۆژەی سەربەخۆیی دەکات. بچووکترین هاوکاریی و پاڵپشتی ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە هۆکارێک بۆ دەسکەوتگەلێکی مەزن. بەتایبەتی ڕۆلی کوردانی تاراوگە (ڕەوەندی کوردی) و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکوومەتی وڵاتە زلهێزەکان. هەروەها ناکرێت ڕۆڵ و پێگەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرێم لەبەرچاو نەگیرێت، کە وێنایەکی شارستانییان بەخشیوەتە هەرێمی کوردستان.

٦- ڕۆڵی ئافرەتان. بیرمان نەچێت ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا پێوەرێکە بۆ ئاستی شارستانییەتی ئەو کۆمەڵگەیە.

٧- ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بۆ پرسی ریفراندۆم.

لە کۆتاییدا وەک میللەتێک، هیچ کات تووشی غروور نەبین و هەرگیز حاشا لە بوونی نەتەوەکانی دیکە نەکەین، لە هەمبەر هەموو پرسەکاندا بەرپرسیارانە مامەڵە بکەین و هەمیشە ئامادەبین بۆ نەتەوە، گیانی خۆمان بەخت بکەین.

"هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی" بەرخودانێکی بێکۆتایی نەتەوەیەکە بۆ گەیشتن بە "جەوهەری ئازادی"، "ئازادی ژیان"، "ئازادی بیرکردنەوە" و "ئازاد مانەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ / ڕێکەوتی: ١٩ی مەی ٢٠١٦

# یەکڕیزی نێو ماڵی کورد لەنێوان خواست و کردار

شێرکۆ حەبیب

سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ئەوکات و هەوڵی پارچەپارچەکردنی نەتەوەی ناوچەی



ڕۆژهەڵات کە خواستی ئەوکاتی وڵاتانی داگیرکەر ئەو مەرامەی مەبەست بوو بۆ لاوازکردنی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەر دژ بە پلانەکانیان. هەڵبەتە لەم سەروبەندا میللەتی کورد بوو بە گەورەترین زەرەرمەند لەم ڕێککەوتنامەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا کە بە ڕێککەوتنامەی سیکس بیکو ناسراوە، دابەشبوونی بەسەر چەندین وڵاتێکی ناوچەکە کە ئەمەش بوو بە هۆکاری بێ هێزی و لێکترازانی یەکگرتووی کورد و چەوسانەوەی لە لایەن ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەشکرا.

هەڵبەتە لەو سەردەمەدا هەست و هزری نەتەوایەتی بە شێوازێک نەبوو، کورد بیر لە بوونی نەتەوەیی و کیانێکی سەربەخۆی بکاتەوە، ئەگەرچی لە دوای بە کۆتاهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، دووبارە زلهێزەکان لە هەوڵی گۆڕانگارییەکی دیکەدا بوون لەناوچەکە، لە میانەی ڕێککەتنامەی سیڤەر بەڵێنیکی زۆر بە کورددرا، بەڵام هەمدیس بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی کوردیان بەسەر دابەشکرا، دووبارە بەرژەوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ زلهێزەکانی ئەو سەردەمە یەکیگرتەوە، بەڵێنەکانی بە کورد دران بەلاوە نران.
لە میانەی تەمەنی ئەو ڕێککەوتنامە چەندین پلان و کاری دژ بە مرۆڤایەتی دەرهەق بە کورد کرا، لەوانە ڕێککەوتنامە شوومەکەی جەزائیر بوو، ئەگەرچی ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ، لە هەلومەرجێکی جیاواز بوو لەگەڵ ڕێککەوتنامەی جەزائیر، بەڵام هەردووکیان یەک مەبەستیان هەبوو، ئەویش دژایەتی کورد، لەگەڵ جیاوازی کاریگەرەکان.

لەم سەروبەندەدا دوژمنانی کورد، ئەوەی بۆیان ڕەخساو و گونجاو بوبێت بەرامبەر کورد ئەنجامیانداوە، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە کورد لەو ماوەیەدا بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم نەیتوانیوە یەک هەڵویست بێت بۆ ئەگەرەکان و پێشهاتەکان، تەنانەت بەرامبەر پرسە نەتەوەییەکان یەک بۆ چوون نەبوون و ئێستاشی لەگەڵ دابێت ئەو یەکهەڵوێستییە لەنێو ماڵی کورد بەدی ناکرێت، بەڵکو ئەو بۆچوونە تەنیا خواستە و نەبۆتە کردار و ئەگەر ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ جارێک غەدری لە میللەتی کورد کردبێت، ئێمەی کورد زیاتر غەدرمان لە خۆمان کردووە، ئەمەش وایکردووە هەڵوێستی کورد لە بەغدا لاواز بیت و نەتوانین مافەکان دابین بکەین، تەنانەت کەرکووکی دڵی کوردستان نەمانتوانی بۆچوونەکان یەکبخەیەن، ئەو شارە بگەڕێنینەوە ئامێزی کوردستانی دایک.

بوونی بۆچوونی جیاواز و ڕای جیاواز هەڵبەتە بوونی ئاساییە، بەڵام نەک لە پرسە نەتەوەیی و مافەکان، تەنانەت بانگەشەی ڕاپرسی بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا کە لە ڕۆژی بونیاتنانی ئەو دەوڵەتە کورد تەنیا زوڵم و زۆرداى لەو دەوڵەتە بەدیکردووە، نەیتوانیوە یەکریزی نێوانمان بپارێزێ، ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە ئەو یەکریزییە ببێتە کردار کە خواستی سەرجەم

میللەتی کوردە، بۆ ئەم یەکریزییە و یەکهەڵوێستییە تەنیا داواکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ پرسی ریفراندۆم دەتوانێت کۆمان بکاتەوە و بڕیار لەسەر ئایندەی کوردستان بدرێت، هەڵبەتە ئەم بۆچوونەی سەرۆک بارزانی لە چوارچێوەی هەوڵە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بەرێزیان سەرچاوە وەردەگرێت، بۆیە گرنگە ئەم پرۆسەیە بە هەند وەربگرین و بەکردار پشتگیری بکەین. با یەکریزی نێو ماڵی کورد ببێتە دروشمی سەرەکی و بەکردار بێت نەک هەر خواست و ریکلامی نێو میدیاکان بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی: ١٩ی مەی ٢٠١٦

# هەڵوەشاندنەوەی سایکس پیکۆ بەندە بە یەکێتی و یەکبوونی کوردەوە!!

## عەتا قەرەداخی

سایکس پیکۆ ناوی ئەو ڕێکەوتنە نهێنییە کە لە ١٦ی مایسی ١٩١٦ سەبارەت بە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا ئیمزاکرا. ئەم ڕێکەوتنە لە نێوان فەڕەنساو بەریتانیادا و بە ڕازیبوونی ڕوسیا ئەنجامدرا، کە بۆ دابەشکردنی بەشێکی دیار لە و جوگرافیا بوو کە پێشتر لە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو واتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا. گەیشتن بەو ڕێکەوتنە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٥ تا مایسی ١٩١٦ی خایاند لە نێوان فەرەنسوا جۆرج پیکۆی دیپلۆماتی فەرەنسی و مارک سایکسی بەریتانیدا.



بەپێی ڕێکەوتنەکە سوریاو لوبنان و موسڵ دەکەوتنە ژێر سایەی دەسەڵاتی فەرەنساوەو بەریتانیاش دەبوو بە خاوەنی بەشی باشووری شام و بەغداو بەسرەو فەلەستینیش دەکەوتە ژێر سایەی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتییەوە، ئەگەرچی دواتر گۆڕانکاری لەو دابەشکردنەدا کراو موسڵ درا بە بەریتانیا. دیارە ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ بە نهێنی ماوەتەوە تا دوای ڕوخاندنی ڕوسیای قەیسەری و هاتنی بەلشەفیک بۆ سەر کورسی دەسەڵات.

ئەو نەخشەیەی کە ئەم ڕێکەوتنە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کێشا لەسەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بە پلەی یەکەم بۆ بەرژەوەندی هەردوو ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی و بە پلەی دووەمیش بۆ عەرەبی ناوچەکەو پاشانیش بۆ جولەکە بوو، قوربانی یەکەمیش تیایدا کورد. وەک ئاشکرایە لە ساڵی ١٩٢٠ ڕێکەوتنی سیڤەر کرا، کە تیایدا بڕیاری دروستکردنی نیشتیمانێک بۆ کوردەکانی ژێر سایەی پێشتری دەوڵەتی عوسمانی درا، بەڵام جارێکی تر بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی نوێی تورک و بۆ گیان بەبەرداکردنی ئەو دەوڵەتە نوێیەی بە ناوی عێراق دروستیان کرد، لە ڕێکەوتنی لۆزاندا هیواکانی کورد بۆ بوون بە خاوەنی نیشتیمانی خۆیان زیندەبەچاڵکران. بەمجۆرە جارێکی تر دابەشکردنی دووەمی کوردستان لە ئەنجامی ئەو کارە دڕندانەی کە فەرەنسوا پیکۆو مارک سایکس بەنهێنی کردیان بوو بە دیفاکتۆو سەد ساڵە کورد قوربانی دەستی ئەو ڕێکەوتنەیە. واتە لە ڕووی ڕاستیەوە بەریتانیاو فەرەنسا وەکو دوو دەوڵەتی داگیرکەرو دژە مرۆڤ بەرپرسن لە هەموو ئازارەکانی کورد بۆیە ئەوە گەمژەییە کە کورد ئێستا وەکو دۆست سەیری ئەو دوو دەوڵەتە نەگریسە بکات، بەڵکو ئەگەر لەم جیهانە هەڵوەشاوەدا یاسا سەروەر بوایە دەبوا ئەو دوو دەوڵەتە کۆی زیانە جۆراوجۆرە نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆییەکانی کوردییان بۆ سەدەی ڕابردوو ببژاردایە.

بەهەرحاڵ ماوەی سەدەیەکە کوردی ژێرسایەی پێشتری دەوڵەتی عوسمانی قوربانی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆیەو ئەو سنوورانەی دروستکران نەک یەکێتی نەتەوەیی کوردیان تێکدا، بەڵکو بوونە بەربەست لە نێوان پەیوەندی ئاسایی هەردوو دیوی سنوورە دەستکردەکاندا تا ئەندازەی لاوازکردنی پەیوەندی دامەزراوە لۆکاڵیەکانیش لە جۆری خێڵ و عەشیرەت. دیارە ڕۆڵی نەرێنی ئەم دابەشکردنە هەر ئەوە نەبووە کە کوردی کردووەتە کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی، بەڵکو لە ڕووی کەلتووریشەوە کوردی خستە ژێر کاریگەری کەلتووری داگیرکەرە جیاوازەکانیەوەو لە ڕووی ئابووریشەوە بووە ڕێگەر لە کۆبوونەوەی ئابووری لە ناوەندی کوردستانداو ئابووری

کوردستان بەرەو پایتەختە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری ئەو

وڵاتانە راکێشراو لەبری دروستبوونی ناوەندی ئابووری کوردی، بەشێوەیەکی ترسناکتر لەبەر رۆیشتنی ئابووری کورستان بە ئاراستەی ناوەندی دەوڵەتانی داگیرکەر بەردەوام بوو. ئەمەش ئەو ئەگەرەی لە کوردستان ئیفلیج کرد کە ئابووری ببێتە بزوێنەری مێژوو، چینی ناوەند دروست ببێت کە ئەو دروستکەری دەوڵەتی نەتەوەییە. هەروەک ئەوەش ئاشکرایە یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە بوونی سەرچاوەی ئابووری دەوڵەمەند بوو لەم بەشەی کوردستان کە ئەو سەرچاوانە زۆر گرنگ بوون بۆ ئەوەی ببنە پایە بۆ لەسەرپێ راوەستانی دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق. دیارە هۆکاری دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان شیعەو سوونەی عێراقە نوێیەکەشدا رۆڵی دیاری هەبووە بۆ لکاندنی کوردی سوونە بە عێراقەوە.

ئەو سنوورە جوگرافیە نوێیانەی کە رێکەوتنی سایکس پیکۆ دروستی کردن وەکو هێڵی پیرۆز سەیرکراون تاکو هاتنی داعش و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی کە بەشێکی ئەو سنوورانە هەڵوەشێنرانەوە. ئێستا ئاشکرایە لە نێوان رووبەرێکی فراوانی سوریاو عێراقی عەرەبیدا سنوور نەماوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە وەکو کورد چاوەڕوان دەکەین هەموو سنوورە دروستکراوەکانی نێوان بەشەکانی کوردستان هەڵوەشێنرێتەوە، ئەوە لە نێوان باشوورو رۆژئاوای کوردستاندا روونەداوە، سەرباری ئەوەی ئێستا باشوورو بەشێکی باشی رۆژئاوا لە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیدایە بەڵام سنووری نێوان ئەم دوو بەشە نەک هەڵنەوەشێندراوەتەوە بەڵکو پێدەچێت لەو کاتە پتەوتر بێت کە دەوڵەتی داگیرکەری ئەسەد لەسەر سنوورەکان بوو. ئەوەش ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ مانەوەی کوردستان بە پارچە پارچەیی تەنانەت دوای رزگاربوونی هەموو بەشەکانیش. دیارە ئەوەش ناڕاستەخۆ پێمان دەڵێت کە دابەشکردنی کوردستان و ئاسەواری نێگەتیفی سایکس پیکۆو مانەوەی کورد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەراندا چۆن ئەو بۆچوونەی لای رووبەرێکی فراوان لە حیزبی کوردی و تەنانەت بەشێک لە جەماوەریش بەرجەستە کردووە کە گوایە هەر بەشە تایبەتمەندی خۆیی هەیەو هەر بەو پێیەش بڕیارو چارەنووسی هەر بەشێک پەیوەستە بەخۆیەوە. ئەمە سەرباری ئەو ململانێ سەخت و ناجۆرەی لە نێوان حیزبە دیارەکانی کوردستانی گەورەدا هەیە لەسەر ئایندەو لە ئێستاوە کێشەی سەخت لەسەر ئەوەیە کە کێ هێز یان حیزبی یەکەمە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە. دیارە جێگای خۆیەتی لە نێو ئەم ململانێ ناوخۆیەی کوردستاندا سەیری ئەوەش بکرێت ئایا ئەگەر سایکس پیکۆ کۆتایی بێت، کورد بەم دیدوبۆچوونەی ئێستایەوە چی پێدەکرێت؟؟

رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر هۆکاری دابەشکردنی دووەمی کوردستان کە بەرهەمی سایکس پیکۆ بوو ببەستینەوە بۆ دوو خاڵەوە، کە یەکەمیان جووتبوونی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی بڕیار بەدەستی ئەو کاتە بوو کە بەریتانیاو فەرەنسا بوون بە پلەی یەکەم لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عەرەبدا لە باشووری رۆژئاوای ئاسیاداو، دواتریش رازیکردنی دەوڵەتی نوێی تورک دیسان لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی ئەوانی بڕیاربەدەست خۆیاندا. بە پلەی دووەمیش لاوازی کورد لەو کاتەداو نەبوونی رۆڵێکی کاریگەری ئەوتۆ لەلایەن ئەم پێکهاتەیەوە کە لەلایەن ئەوانی بڕیار بەدەستەوە حیسابی بۆ بکرێت. ئەمە سەرباری نەدۆزینەوەی بەرژەوەندی گەورە لەلای کورد لەلایەن بەریتانیاو فەرەنساوە. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کە ئەوانی بڕیاربەدەست هیچ بەهایەکی مرۆیی بۆ کورد دانەنێن و لەوەش بێباک بن کە چۆن ئەم پێکهاتە گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێتە قوربانی سیاسەتە پاوانخوازییەکانی ئەوان.

لەراستیدا ئەگەر لە روانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە سەیر بکرێت عەرەبەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمدا زۆر لە کورد پەرەسەندوتر نەبوون، بەڵام بەرژەوەندی وایکرد کە چەندین دەوڵەت بۆ ئەوان درووست بکرێت و کوردیش بکرێتە پاشکۆی هەندێ لەو دەوڵەتانەو تورکیای نوێ.

ئایا دوای سەدەیەک ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆو سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە؟ ئایا بوونی ئەگەرێکی لەم جۆرە چی بۆ کورد بەرهەم دەهێنێت؟ ئایا دەوڵەتانی بڕیاربەدەست کە ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرکردایەتیان دەکات لەوبارەوە چی بۆ کورد پێیە؟ ئایا کورد خۆی لە ئێستادا لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەو لەسەر ئاستی باشوورو رۆژئاواو لەسەر ئاستی باشوور بە تەنیا دەتوانێت ببێتە ئەو بکەرە کە خۆی رۆڵی هەبێت لە گۆڕینی نەخشەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکەو سنووره ناوخۆییەکانی کوردستان هەڵوەشێنیـ◌تەوەو سنووری خۆی لەگەڵ ئەوانی عەرەب و تورک و فارسدا جیابکاتەوەو لەبری ئەوەی ژێردەستەی ئەوان بێت ببێتە دراوسێیەکی خاوەن ماڵ و شووناس بۆیان.

ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئەو رووبەرە جوگرافیەی کە سایکس پیکۆ سنوورەکانی تێدا دیاریکرد، لەبارێکی ترسناکی شەڕوپێکدادانی ئایینی و مەزهەبی و ئیتنیکیدایەو رۆژ لەدوای رۆژ ئاراستەی رووداوەکان بەرەو ئەوە دەچن کە گەڕانەوە بۆ باری پێشترو بۆ درووستبوونەوەی سەقامگیری لەم جوگرافیایەدا ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو بێت. ئەگەری پێکەوەژیانی کوردو ئەوانی تر بەتەواوی هەرەسی هێناوە. بەهۆی بارودۆخی هەڵچووی کوردستانەوە پەیوەندییەکانی عەرەب و تورک خراپە. دوژمنایەتی دێرینەی نێوان سوونەو شیعە بەجۆرێک تەقیووەتەوە ئەگەری پێکەوەژیانیان نەماوە، ئێستا ماڵی شیعەش لەبیەردەم تێکچووندایە. ئەوەی ناوی بەهاری عەرەبی بوو نەیتوانی شتێک بۆ گەلانی عەرەب بەرهەم بهێنێت و سیاسەتی بەرژەوەندی پەرستانەی ئەمەریکاو رۆژئاوا و روسیاش کە دەوری ئەو گەماڵە پیرە دەبینێت کە ئێسقانەکان دەکرێنێتەوە، سیستێمەکەی بەشار ئەسەدیان پاراست و پێدەچێت هەرخۆیشیان بەشێوەی جۆراوجۆرو لە رێگای جۆراوجۆرەوە دروستکەری داعش بن و تا ئەوکاتەی ئیشیان پێی هەبێت لە ناوچەکەدا بیپارێزن. ئێستاش ئەمەریکا لە روانگەی بەرژەوەندییە هەنوکەیی و داهاتوویەکانی خۆیەوە سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهانیش دەکات و دیارە تەنیا لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیشیەوە سەیری هەر گۆڕانکارییەک لەو نەخشە جوگرافیەی ئێستادا دەکات. واتە چی لەبەرژەوەندی ئەمەریکادایە، کار لە پێناوی ئەوەدا دەکرێت. رەنگە دەوڵەتانی تری رۆژئاواو روسیاش هەریەکە چاوەڕوانی شتێک بکەن لە ئاستی دووەمدا. بەڵام پێگەی تورکیاو ئێرانیش پەیوەست بەو ناوچانەی سایکس پیکۆ گرتوویەتیەوە گرنگە. دیارە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە ناشێت سیاسەت و بارودۆخی هەڵچووی ئەم رووبەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

رەنگە مایەی لەسەر راوەستان بێت کە بۆچی داعش ئاراستەی کوردستان کرا، راستە کورد رۆڵی کاریگەری بینیووە لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا کە بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی خۆی بووە. بەڵام راوەستانی کورد لەبەرامبەر ئەو هێزە ترسناکەدا، دوو ئاماژەی گرنگی داوە، یەکەم بە داگیرکەرانی

عەرەب و تورک و فارس کە کورد خاوەنی هێزە لەسەر زەمینەی واقیع و هەم دەتوانێت خۆی بپارێزێت هەم ئەگەر بوو بە دەوڵەت کێشە بۆ ئەوان درووست نەکات و بەژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆی و ئەوانیش بپارێزێت، وەکو دەوڵەتێکی دراوسێ. دووەم ئاماژەی

ئەوەی بە ئەمەریکاو وڵاتانی تر داوە کە ئەم وەکو هێز دەتوانێت خۆی بپارێزێت و بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش بپارێزێت و لەو سەنگەرەشدا بێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆدەکاتەوە بەرامبەر بە تیرۆرو هێزە توندرەوەکان. کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین ئەگەری گەورە ئەوەیە کە پاش سەد ساڵ لە ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ گۆڕانکاری بەسەر ناوچەکەدا بێت. کوردیش لە رووی هێزی مەیدانیەوە توانای پاراستنی خۆیی هەیە، بۆیە دەبێ لە رووی سیاسی و بڕیاردانیشەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات کە کاتی ئەوەیە بە کردەوە ئەم بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو خاڵانەی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ بدات کە پەوەستن بەمەوەو تەنیا دڵی بەوە خۆش نەبێت کە ۆژئاوا بەبالای پێشمەرگەدا هەڵبدەن (چونکە مەترسی ئەوەش هەیە رۆژئاوا کورد تەنیا وەکو ئامراز بەکار بهێنن بۆ شەڕی تیرۆر)، بەڵکو دەستکەوتی بەکردەوەی نەتەوەیی بەدەست بهێنێت کە ئەویش تەنیا لەسەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا دەبێت کە ئەوەش بە بێ ڕێکخستنی تەواوەتی نێوماڵی کوردو بەبێ یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەیی یەکەم لەسەر ئاستی هەر پارچەیەک و دووەمیش لەسەر ئاستی نەتەوەو نیشتیمان بەگشتی کارێکی زەحمەتە. کەواتە ئەگەر کورد وەکو فاکتەری ناوخۆ خۆی ئامادە بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە، ئەوا بارودۆخی نێودەوڵەتی لەبارە. دیارە هەر ئامادەباشیەکی لەوجۆرەش بە قسەو سۆزو عاتیفە نابێت بەڵکو بە خۆئامادەکردنی بەکردەوە دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە، هەڵبەت ئەوەش کارێکی گران نیە ئەگەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتیمانی بکەرێتە ئامانجی سەرەکی و بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی و دەستەو گروپ و تاکەکەسەکان بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتیمانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەی خەندان / ڕێکەوتی: ١٩ی مەی ٢٠١٦

# لۆمەی سایکس - پیکۆ مەکەن!

## ئاسۆس هەردی

پاتریک کۆکبێرن ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ڕۆژنامەی ئیندیپێندێتو پسپۆڕی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣دا وتارێکی نووسی بە ناونیشانی "ئایا ئەمە کۆتایی سایکس پیکۆیە؟". لەو وتارەدا بە درێژی باس لەدۆخی ئاڵۆزی ناوچەکەو ئەگەری بڵاوبوونەوەی شەڕی سووریا بە وڵاتانی دەوروبەریدا دەکات. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە گەلێک لایەن بەتایبەت لەعێراقو بەتایبەتتریش لەنێو کورددا پێیان وایە ئەمە کۆتایی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆیە.



لەدوای ئەو وتارەوە، ژمارەیەکی زۆر نووسەرو چاودێر لەناوچەکەو جیهاندا بەدرێژی لەسەر ئەم بۆچوونە قسەیان کردو هۆکاری سەرەکیی شەڕو ئاڵۆزییەکانی ئێستای ناوچەکەیان گێڕایەوە بۆ سایکس-پیکۆ. چونکە سەد ساڵ لەمەوبەر دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان لەو ڕێکەوتنەدا، بەپێی بەرژەوەندییەکانو هاوسەنگی هێزی نێوانیان پلانی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکەیان دانا. واتە هیچ حسابێکیان بۆ واقیعی سیاسی- کولتووری- کۆمەڵایەتیی گەلانی ناوچەکە نەکرد. بەمەش پێکهاتەی جۆراوجۆری ئایینی، مەزهەبیو نەتەوەییان ترنجاندە نێو چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتانەوە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دروستیان کردبوون. بۆیە ئەوەی ئێستا دەیبینین، هیچ نیە جگە لە دەرەنجامی ئەو "تاوانە" مێژووییە دەرهەق بە گەلانی ناوچەکەو، شکستی ئەو دەوڵەتە دەستکردانە لە هێنانەئارای لانیکەمی زەمینەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی ناو سنوورەکانیان.

بەڵام ئاڕاستەی قسەکان تەنها ڕووی لە ڕەخنەکردنو داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە نەبوو، بەڵکو دیسانەوە ناوەندە ناسیونالیستو ئیسلامییەکان لەوڵاتانی عەرەبو ناوچەکەدا کەوتنەوە دووبارەکردنەوەی ئەو بەیتو باڵۆرەیەی کە گوایە سایکس-پیکۆیەکی نوێ بەڕێوەیەو ئامانجەکەشی "پارچە پارچەکردنی" وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامییە.

لەبەرامبەردا جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک پێی وایە ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت، سایکس-پیکۆیەکی دیکە نیە، بەڵکو (وێستفالیا)یەکی ترە. ڕێکەوتننامەی (وێستفالیا- ١٦٨٤) کۆتایی بە شەڕێکی خوێناوی هێنا لەنێوان دوو لقی گەورەی ئایینی مەسیحیدا لەئەورووپا (کاتۆلیکو پرۆتستانت) کە ماوەی ٣٠ ساڵی خایاند. چاندار پێی وایە ئەوەی ڕوودەدات هاوشێوەی جەنگی سی ساڵەی ئەورووپایە، بە دیوە ئیسلامییەکەیدا. چونکە لەئێستادا ئەوە دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان نین پلان بۆ دابەشکردنی "میراتیی پیاوە نەخۆشەکە: دەوڵەتی عوسمانی" دادەنێن، بەڵکو ئەوە دوو بەرەی شیعەو سوننەن لەسەر نفووزو دەسەڵات لەناوچەکدا شەڕیانەو دەیانەوێ زلهێزەکانیش پەلکێشی ئەم شەڕە بکەن. بۆیە دەبێ چاوەڕێی ڕێکەوتننامەیەکی هاوشێوەی (وێستفالیا) بکەین لەنێوان هەردوو بەرەکەدا تا کۆتایی بەم شەڕو ئاڵۆزییە بێنێت.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەریش لەگۆڤاری (فۆریەن پۆلیسی)دا هەریەک لە ستیڤن کووکو عەمر لەهێتا وتارێکیان نووسیوەو دەڵێن "لۆمەی

**سایكس - پیكۆ مەكەن!"، چونكە پێیان وایە دەوڵەتە كۆلۆنیالەكان لەڕێگەی هاوسەنگیی لەنێوان بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ پەیكەری ئیداریی دەوڵەتی عوسمانیو دانیشتوانی ناوچەكاندا، ناوچەی نفووزی خۆیان دەستنیشان كردووە. بۆیە سنوورەكان بەرپرسیار نین لەو فەوزایەی لەئارادایە، بەڵكو بەرپرسیار ئەو دەسەڵاتدارانەن كە بە ئاگرو ئاسن حوكمی دەوڵەتەكانیان كردووەو لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆیاندا هەموو پێكهاتە جیاوازەكانیان سەركوتكردووە. لێرەشەوە بە بۆچوونی ئەوان پێشنیاری گۆڕینی سنوورەكان وەك چارەسەری قەیرانەكە، جگە لە "ئەفسانە!" هیچی تر نیە، چونكە تا عەقلییەتی قۆرخكردنو سەركوتكردن لای نوخبەی سیاسی ناوچەكە بەردەوام بێت، گۆڕینی سنوورەكان هیچ كێشەیەك چارەسەر ناكات.**

**پێم وایە هەموو ئەو رەخنانەی ئاڕاستەی ڕێكەوتنەكە دەكرێن لەجێی خۆیاندان، بەڵام ئەوەش راستە كە بە تەنها لۆمەكردنی دەوڵەتە كۆلۆنیالەكان، خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاریتی بكەرەكانی سەر ئەرزی واقیع، واتە گەلانی ناوچەكە خۆیان. هەر بۆ نموونە، ئەگەرچی ژمارەیەك سیاسەتمەداری گەورە (لەپێش هەمووشیانەوە شەریف پاشا خەندان) پاش هەوڵو تێكۆشانێكی زۆر توانییان مافی دەوڵەتێك بۆ كورد لە پەیماننامەی سیڤەردا جێگیر بكەن، بەڵام لەناو واقیعی كوردستاندا نوخبە سیاسیو خاوەن پێگەكان پەرتو لاوازبوون، لەئاستی گەورەیی ئەركی قۆناغە مێژووییەكەدا نەبوونو نەیانتوانی هێزو تواناكانی كۆمەڵگەی كوردستان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تەیارو ئاڕاستە بكەن. بەپێچەوانەشەوە، نوخبەی سیاسی توركی بە سەركردایەتی مستەفا كەمال، توانییان نەك هەر خەڵكی تورك بەڵكو بەشێك لە هێزو عەشیرەتە كوردەكانیش (بەناوی دین یان هەر ناوێكی ترەوە بێت) دژی پەیماننامەكە كۆبكەنەوە. لە ئەنجامیشدا سیڤەر هەڵوەشایەوەو لۆزان جێگەی گرتەوە كە زۆر بەسادەیی دوا بزماری داكوتراو بوو لەسەر تابووتی خەونی دەوڵەتی كوردی لەو سەردەمەدا.**

**ئەمڕۆ دیسانەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نوقمی شەڕو ئاڵۆزییەو ئەو قسەیە راستە كە لەئێستادا لەسەر ئەرزی واقیع زۆرێك لەسنوورەكان تەنها لەسەر نەخشە ماونەتەوە. دیارە ئەم دۆخە كراوەیە بۆ هەموو ئەگەرێك، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەمڕۆش وەكو ساڵی ١٩١٦، پەرتبوونو ناكۆكی سیمای هەرە دیاری هێزە سیاسییەكانمانە. لەم دۆخە ئاڵۆزەی پێكدادانی بەرژەوەندییە جیاوازە ناوچەییو نێودەوڵەتییەكاندا دامەزراندنی دەوڵەت بە دروشمبازیو فووتێكردن ناكرێت، بەڵكو بە پلانو كاری پێكەوەییو كۆكردنەوەی هێزو تواناكان لەدەوری ئەو ئامانجە دەكرێت. بەداخەوە ئەوەی روودەدات، شەڕێكی بێهوودەیە لەسەر كورسیی سەرۆكایەتیو فەرمانڕەوایی وڵاتێك كە هێشتا لەبەردەم ئەگەرە مەترسیدارەكانی داهاتوودا، خۆیو كورسی سەرۆكایەتییەكەشی جێگیر نەبوون. ئەوەی لافی دروستكردنی دەوڵەتی كوردستان لێدەدات، پێش هەموو شتێك دەبێ لە كێوی غرووری خۆی بێتە خوارەوەو رێز لە شەرعییەتی یاساییو ئیرادەی خەڵكی وڵاتەكەی بگرێت، ئەو ئیرادەیەی لە سندووقەكانی دەنگدان هاتۆتە دەرەوە، چونكە تەنها لەم رێگەیەوە دەكرێت هەموو تواناكان لەپێناوی دەوڵەتدا یەكبخرێن. مەنتیقی "بە دەنگ نیە بە سەنگە"، مەنتیقی كەسێكە كە هیچ حسابێك بۆ ئیرادەی خەڵكی وڵاتەكەی ناكات. خاوەنی ئەم مەنتیقە نایەوێ هەموومان پێكەوە كاربكەین، بەڵكو دەیەوێ هەموومان دوای ئەو بكەوین. بەم مەنتیقەش نەك دەوڵەت دروستناكرێت، بەڵكو وەك سەردەمی سایكس-پیكۆ بەرەو لێكترازانو پەرتبوونمان دەباتو ئەنجامیش جگە لە لەباربردنی دەرفەتێكی تر، هیچی دیكە نابێت. لەئەگەرێكی ئاوا نەخوازراویشدا، پێش ئەوەی لۆمەی بەرژەوەندیی زلهێزەكانو ڕێكەوتننامەكانیان بكەین، دەبێ لۆمەی خۆمانو سەركردەكانمان بكەین كە لەپێناوی كورسیو دەسەڵاتی خۆیاندا، مێژووی شكستەكانمان دووبارە دەكەنەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی / ڕێكەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦**

# سایکس پیکۆ

## ئاریان فەرەج

سەدساڵ لەمەوبەر، دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانیی یەکەم، کاتێ میراتی سەڵتەنەتی عوسمانلییان دابەشکرد، بە بێ گوێدانە ئیرادە و ویستی گەلانی پێشتر بندەستی سەڵتەنەت و دوور لە دادگەریی و تەنیا لە دیدی بەرژەوەندییە ئیستعمارییەکانی ئەوکاتی خۆیانەوە، میراتەکەیان بەش بەش کرد و کۆمەڵێ دەوڵەتی بە راستە و قەڵەم دروستکراوی سەرکاغەزیان رەسم کرد و ناویان لێنان نیشتمان و بە زۆر بەسەر گەلانی ناوچەکەیاندا سەپاندن. یەک لەو نەتەوانەی لەو کەین وبەینەدا نیشتمان و چارەنوسی لە دەستی خۆیدا نەما و بووە سەربەشی ماڵان، نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردان بوو. نمونەبیەکیش لەو وولاتە بەزۆر دروستکراوانەی کە چەند نەتەوە و ئایین و ئایینزایان پێکەوە و



بە تۆپزی تێدا ئاخنی ئەو قەوارەیە بوو کە ناویان نا عێراق. ئەو هەنگاوە ئیستعمارییە کورتبینە ناعادیلانەیە لەو دەمەوە ناوچەکەی کردە سەرزەمینی پێکدادان و نەحەوانەوە و ململانێی بێ کۆتا و غیابی ئۆقرەیی سیاسی و خوێنڕشتن.

هەر بەوەندەش کۆتایی نەهات و ململانێ نێوخۆییەکانی وولاتانی دەسکردی سایکس بیکۆ لە سەرزەمینی ململانیی و ناسەقامگیریی نێوخۆییەوە، بوونە بەرهەمهێنەری توندرەوی و مۆلگەی هەراشبونی تیرۆر بە تایبەت پاش ئەوەی پشتیوانی چەندین ساڵەی رۆژئاوای ئەوکات لە سەرکوتکاری و داپڵۆسین، ئەو ئارامی و ئۆقرەیەی پێ نەهاتەدی کە پارێزەری بەرژەوەندییە ئابوری و ژیارییەکانی ئەوان بوو لە ناوچەکەدا کە هەر لەو پێناوەشدا سایکس بیکۆیان نەخشاندبوو. لە دوا قۆناغیشدا توندرەوی و تیرۆر و ناسەقامگیری ناوچەکە بووە هەڕەشەیەکی هێندە جددی کە نەک تەنیا بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە ناوچەکەدا خستەبەرمەترسی، بەڵکو تەنانەت ژیان و ئاسایشی رۆژئاواییەکان لە ناو ماڵ و وولاتەکانی خۆشیاندا پەلاماردرا.

وولاتانی سایکس پیکۆ نمونەی وەک قەوارەکانی عێراق و سوریایان لێ بەرهەم هات کە هەرگیزا و هەرگیز نەبوونە نیشتمان بە هەموو پێوەرەکانی بەدەوڵەت بوون، شکستیان هێنا و لە هەناوی خۆیانەوە هەڵوەشان وخەڵکەکەی ببڕای ببڕ نەبونە هاوڵاتی و هاونیشتمان.

کورد کە هاودەنگ لەگەڵ زۆر نێوەندی بڕیاربەدەست و نێوەندی توێژینەوە و ئایندەبینی جیهانی، باس لە حەتمیەتی هەڵوەشانەوەی نەخشەی سایکس بیکۆ و دوبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دەکات، بەهانە و بەڵگەکەی تەنیا بریتی نییە لە وەی کە سایکس بیکۆ مافی کوردی زەوت کردووە و ئێستا جیهان بۆ خاتری ئەجردانەوەی کورد هەڵیدەوەشێننەوە. بەڵکو پێودانگ و لۆژیکی ئەم پێشبینییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەو سایکس بیکۆیەی کاتی خۆی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای دابین دەکرد، دوای سەد ساڵ و لە هەل و مەرجێکی دیکەدا مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر خودی ئەو بەرژەوەندیانە و بۆ سەر ئاشتی جیهانی و ئاماژەکانیشی روونن.

کەواتە پێداگیری کورد لەسەر مافی چارەنوس و سەربەخۆیی کە لە سەرینی هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆوە فەراهەم دەبێ، تەنیا پشت ئەستور نییە بە خەبات و دەست بازو و نەسرەوتنی خۆی، بەڵکو پشت ئەستوریشە بەوەی بەرژەوەندی کورد لە ئازادی و سەربەخۆییدا کە جاری جاران پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی جیهان بوو، ئێستا هاوتەریبە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانە. بەردەوامیی سایکس بیکۆ وەک چۆن بەردەوامیی بندەستیی کورد و مەحرومییەتی لە مافی چارەنووس، ئەوهاش زیانبەخشە بە بەرژەوەندییە ژیارییەکانی جیهان و ئاشتیی جیهتنی. ولاتێکی دەسکردی وەک قەوارەی عێراقیش کە سایکس بیکۆ هێنایە وجود، بەرلەوەی سەربەخۆییخوازیی کورد هەڵیوەشێنێ، لە هەناوی خۆیەوە هەڵدەوەشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# ئایا سایکس - پیکۆ هۆکارە بۆ نەبوونی دەوڵەتی کوردی؟

یاسین ساڵح

ئەم مانگە یادی ١٠٠ ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆیە (The Sykes-Picot agreement)، بۆیە جارێکی تر ئەم ڕێککەوتننامەیە کەوتووەتەوە ناو کۆڕی گفتوگۆی ناوەندە ئەکادیمییەکان و هەندێک جار سیاسییەکانیش. بەتایبەت کە هێزێکی توندڕۆی وەک داعش توانی لە ڕووی پراکتیکەوە دەستکاری ئەو سنوورانە بکات کە وا ناسراون لە دەرنجامی سایکس-پیکۆ هاتوونەتە ئاراوە.



بەریتانیا وەک یەکەم خانەخوێی ڕێککەوتننامەکە، زیاتر گرنگی پێ دەدا و منیش بە ڕۆڵێکی سادەوە هەوڵم داوە ئەوەندەی پێم کرابێت باسی دۆزی کورد بکەم. لەم نزیکانە من لە کۆنفراسێک لە شاری "یۆرک" بەشدار بووم کە مارک سایکس (mark sykes) تێیدا گەورە بووە و ژیانی سیاسی و سەربازیی تێدا دەست پێ کردووە. بەشێکی زۆر لە کۆنفرانسەکە تایبەت بوو بە ڕێککەوتننامەکە و ژیانی تایبەتی سایکس، بۆیە بە باشی دەزانم هەندێ ڕاستکردنەوە بگەیەنم کە بەرای من گرنگن لەبەرچاو بگیرێن.

### دەمەوێ بەم پرسیارانە دەست پێ بکەین؛

ئایە عەرەب و ئیسلام چ ڕۆڵێکیان لە سایکس-پیکۆ هەبووە؟ ئاخۆ سنووری ئەم دەوڵەتانەی ناسراوە بە نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەرنجامی سایکس-پیکۆ دروست بووە؟ یاخۆ سایکس-پیکۆ کۆتای هاتووە؟ یا سایکس-پیکۆ هۆکارە بۆ ئەوەی کورد نەبێت بە خاوەن دەوڵەت؟

وا بڵاوە کە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، بە نهێنی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنساییەکان و دواتریش ڕووسەکان بەستراوە بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە ڕاستیدا عەرەب لە ڕێگەی حوسێن بن عەلی شەریفی مەکە ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەو ڕێککەوتنەدا.

سەرەتای ڕێککەوتنەکە لە دەرنجامی ئەوە دەست پێ دەکات کە عوسمانییەکان چوونە پاڵ هێزەکانی ناوەند لە جەنگی یەکەمی جیهانی، لە بەرامبەردا هێزەکانی هاوپەیمانی بەریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا بڕیاریان دا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پارچە پارچە بکەن.

بەپێی ڕێککەوتننامەی (قوستەنتینییە) کە لە ساڵی ١٩١٥ لە نێوان ئەو دەوڵەتانە بەستراوە، هەریەک لەو وڵاتانە لەڕووی پرەنسیپەوە ڕێک دەکەون لەسەر چۆنێتی دابەشکردنەکە و ئەو ناوچانەی چاویان لەسەریەتی، بۆ نموونە فەرەنسا چاوی لەسەر سووریا

و ئەسکەندەروونە و سیلیسیا (کلیکیا) بووە. رووسیا چاوی لەسەر ئیستەنبوڵە... هتد. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ڕێککەوتنە، هێزە هاوپەیمانەکان بە تەواوی هێزی ئاسمانی و زەمینی لە گالیبۆلییەوە پەلاماری دەوڵەتی عوسمانی دەدەن و لە یەکەم هێرشیاندا کە ناسراوە بە شەڕی "گالیبۆلی" لە ساڵی ١٩١٥ هاوپەیمانەکان تووشی شکستێکی زۆر گەورە دێن کە لە ڕاستیدا کارەساتێکی گەورە دەبێ بۆ هاوپەیمانان و ناچار دەبن پاشەکشە لە گالیبۆلی بکەن.

لێرەوە شێوازی دووەمی یارییەکە دەست پێ دەکات کە بەریتانییەکان زۆر شارەزان تێیدا، بەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ناوخۆدا پارچە پارچە بکەن. هەر لێرەوە ڕۆڵی عەرەب دەست پێ دەکات، لەناو ئەوانیش شەریفی مەکە بەپێی پێگە ئاینییەکەی. بەریتانییەکان زۆر باش لەوە گەیشتبوون بەبێ ڕاکێشانی هەستی ئاینی ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە بۆ خۆی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای ئاینی پێکەوە گرێ دراوە، هاوکات زۆر لەوە ترساون شەڕەکە بگۆڕێ بۆ شەڕی ئیسلام و نائیسلام بەو پێیەی عوسمانییەکان کەوتنە هاندانی گەلانی مسوڵمان بۆ شەڕکردن دژ بە هاوپەیمانان بە ناوی جیهاد دژ بە کافران. بۆیە دەبوو ڕێگە لەو ئامرازە بگرن بەوەی خودی شەریفی مەکە کە ناوەندی ئیسلامە، بەکار بێنن دژ بە عوسمانییەکان.

لێرەوە بەریتانییەکان لە ڕێگەی هەنری ماکماهۆن (Henry McMahon) دەست دەکەن بە گفتوگۆ لەگەڵ شەریفی مەکە وەک گەورەترین کەسایەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلام، پاش نۆ مانگ پێوەندی (مانگی تەمووزی ١٩١٥ تا ئاداری ١٩١٦ گەیشتنە ڕێککەوتن کە ناسراوە بە پێوەندیی ماکماهۆن-حوسێن (Hussein-McMahon Correspondence) لەسەر ئەو بنەمایەی کە شەریفی مەکە دژ بە عوسمانییەکان ڕادەپەڕێ و شەڕ دەست پێ دەکات، لە بەرامبەردا بەریتانیا وەک زلهێز پشتگیری شەریفی مەکە دەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەبەخۆی عەرەب دوای شەڕ .

بەریتانییەکان توانییان لە پلانەکەیان سەرکەوتوو بن، بەوەی شەریفی مەکە یاخیبوونی لە حیجازەوە دژ بە عوسمانییەکان دەست پێ کرد لە ساڵی ١٩١٦.

لەم نێوەندەدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا داوا لە فەڕەنسا دەکات نوێنەری خۆیان بنێرنە لەندەن بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو سنوورانەی لە ڕێککەوتننامەی قوستەنتینییە داوای کردبوو. فەڕەنساییەکان جۆرج پیکۆت (Georges Picot) دەنێرن و بەریتانیا مارک سایکس (Mark Sykes) دەستنیشان دەکات بۆ ڕێککەوتن. پاش سێ مانگ گفتوگۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ناوچەی نفووز و کۆنترۆڵی فەڕەنسا لەسەر سووریا و بەریتانیا لەسەر میسۆپۆتامیا (عێراق) لە شوباتی ١٩١٦، بەڵام لەسەر فەلەستین نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

پاشان هەریەک لە سایکس و پیکۆت لە پیترسبۆرگ لەگەڵ ڕووسەکان دادەنیشن و دەگەنە ڕێککەوتنی کۆتای و ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆت لە ١٦ ئایار/مایۆی ١٩١٦ لەسەر دیاریکردنی ناوچەکانی نفووزی هەریەکەیان.

کەوابوو هەرچەند شەریفی مەکە کارەکتەری سەرەکی نییە لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە، بەڵام بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی (ماکماهۆن- حوسێن)، یان بەشێوەیەکی تر بەبێ ڕێککەوتنی شەریفی مەکە و بەریتانیا، ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ نەدەهاتە ئاراوە. شەریفی مەکە بە باشی پرسی پێ کراوە و زۆر بە ڕوونی لە ڕێککەوتنەکەدا باس لە دامەزراندنی دەوڵەتێک یان

کۆنفیدراڵیزمێکی عەرەبی کراوە، هاوکات بەریتانییەکان دواجار ئەو فێڵەیان لێ کردووە کە ئیسرائیل لە فەلەستین دابڕن بۆ جوولەکە بەپێی ڕاگەیاندنی بەلفۆر (Balfour Declaration) لە ساڵی ١٩١٧ و دواتر کۆنفرانسی سانریمۆ ١٩٢٠.

دیارە شەریفی مەکە وا تێ دەگات کە ئەو وڵاتەی بڕیارە بۆ عەرەب دروست بکرێ، فەلەستینیش لەخۆ دەگرێ، بەڵام دواتر بەریتانییەکان پێی دەڵێن ئەو بەڵێنەی بە تۆمان داوە فەلەستین لەخۆ ناگرێ. تەنانەت لەوکاتەی عەرەبەکان ناڕازی دەبن، بەلفۆر پێیان دەڵێ: ئێوە زۆرترین شوێنتان وەرگرتووە، ئێمە شوێنێکمان وەرگرتووە /مەبەستی فەلەستینە/ بۆ جوولەکەکان، هەروەها ماکماهۆن لە نامەیەکدا کە بۆ ڕۆژنامەی "تایمز"ی ناردووە لە ساڵی ١٩٣٧ دەڵێ: شا حوسێنی شەریفی مەکە بە چاکی لەوە تێگەیشتبوو کە فەلەستین لەو ناوچەدا نییە کە من بەڵێنم پێدابوو.

سایکس-پیکۆ بنەمایەکی سەرەکی نییە بۆ نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵکو تەنیا هۆیەکە بۆ دابەشکردنی ناوچەی هەژموونی نێوان هاوپەیمانەکان. کەوابوو ئەو نەخشەیەی وڵاتە نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دروست دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بریتی نییە (یاخۆ بەشێکی زۆر بچووکی پێوەندی هەیە) لە سایکس-پیکۆ، بەڵکو بریتییە لە کۆنفرانسی (سان ریمۆ و سیڤەر) و دواتر ڕێککەوتننامەی (لۆزان). دەکرێ بگوترێ سایکس-پیکۆ لە کۆنفرانسی سانریمۆ کۆتای هاتووە، چونکە لە سانریمۆ جارێکی تر نەخشەکە دەسکاری دەکرێتەوە.

بەپێی نەخشەکەی سایکس - پیکۆ، ناوچەکە دەکرێ بە سێ بەشەوە، کە بریتین لە: بەشی شین کە بەر فەرەنسا دەکەوێ، بەشی سوور کە بەر بەریتانیا دەکەوێ، و بەشی ڕەساسی کە یەکلا ناکرێتەوە و بەجێ دەهێڵرێ وەک ناوچەی نێودەوڵەتی ( international administration)، بەڵام لە سانریمۆ ئەو ناوچەیە دەخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیا و زۆر گۆڕانکاری تر لە نەخشەکە دەکرێ.

کۆنفرانسی سانریمۆ (San Remo Conference) ئەو کۆنفرانسەیە کە هەریەک لە وڵاتانی هاوپەیمان بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا لە ئاستی سەرۆک وەزیران، ژاپۆن لە ئاستی باڵوێز و ئەمەریکا وەک چاودێر لە شاری سانریمۆی ئیتاڵیا لە ١٩ تا ٢٦ نیسان/ئەپریلی ١٩٢٠ ئەنجامیان دا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی (بەتایبەت بەشە ناتورکەکەی کە عوسمانییەکان بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە دەستیان دابوو).

لەو ڕێککەوتنەدا ناوچەکە دەکرێ بە سێ بەشەوە: سووریا کە لبنانیشی لەگەڵدایە دەخرێتە ژێر ئینتدابی فەرەنسا، فەلەستین کە تەرخان کراوە بۆ جوولەکەکان لەگەڵ میسۆپۆتامیا (عێراق) دەخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیا. دواتر بڕیارەکانی سانریمۆ بەرجەستە دەکرێ لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر لە ٨ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٢٠، کە تێیدا ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵدەوەشێنێتەوە و تورکیا ناچار دەکات بە دەستهەڵگرتن لەسەر هەموو ئەو ناوچانەی کە تورک نین لە ناوچەکانی عەرەبەکان، ئەرمەنییەکان و کوردەکان و ئەفەریقای باشوور.

بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن تورکیا ڕەت کرایەوە بەتایبەت کاتێک (مستەفا کەمال ئەتاتورک) توانی واقیعێکی نوێ لە تورکیا بێنێتە ئارا و دەوڵەتی تورکیای نوێ دابمەزرێنێ، بۆیە سیڤەر هەموار دەکرێتەوە و نەخشەی ناوچەکە قاڵب دەگرێ بە

ڕێککەوتننامەی "لۆزان" لە ساڵی ١٩٢٣ کە تورکیاش ئیمزای دەکات.

کەوابوو، ئەوەی نەخشەی ناوچەکە دادەڕێژێ بریتییە لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی سانریمۆ کە دواتر لەلایەن کۆمەڵەی گەلان (League of Nations) بە هەندێ دەستکارییەوە دانی پێدا نرا، لەگەڵ ڕێککەوتننامەی لۆزان (Treaty of Lausanne). دەکرێ بگوترێ سایکس - پیکۆ پێوەندییەکی ئەوتۆی بەو نەخشەیەوە نییە کە وڵاتە مۆدێرنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات، چونکە ڕێککەوتنەکە پێوەندی بە رووخاندنەوە هەیە نەک دروستکردن. بە پێچەوانەوە سانریمۆ پێوەندی بە دروستکردنەوە هەیە کە هەریەک لە ئیسرائیل، سووریا، عێراق، ئوردن ... بەرهەم دێنێ.

دەکرێ بڵێین سایکس-پیکۆ پێوەندییەکی ئەوتۆ یان ڕاستەوخۆی بە کوردەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە دابەشکردنی ناوچەی نفووزی هێزە هاوپەیمانەکانەوە لەسەر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبووە، بۆیە دوور و نزیک باسی کورد ناکات. تەنانەت ئەگەر نەخشەکەی سایکس - پیکۆ وەربگرین، ئەوە ئەو بەشەی تێدا نییە کە لەژێر دەستی ئێراندایە. واتە پێش سایکس-پیکۆ کوردستان دەوڵەت نەبوو تەنانەت کیانیشی نەبوو، بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی ئێران بوو بەشەکەی تریشی لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بووە.

بەپێچەوانەوە بڕیارەکانی سانریمۆ کە دواتر بە سیڤەر قاڵب دەگرێ، ئەو چانسە بە کوردیش دەدا، بەڵام کورد خۆی کێشەی هەیە کە نەیتوانیوە وەک دیفاکتۆ خۆی بسەپێنێ. یاخۆ ئەوکاتەی کورد خەمی خەلافەی ئیسلام و مسوڵمان بوون، شەریفی مەکە لەگەڵ بەریتانییەکان ڕێک دەکەوێ دژ بە خەلافەی عوسمانی شەڕ دەکات.

من لەو بڕوایەدام ئەگەر کوردیش سەرکردەیەکی بەهێزی هەبوایە، دەوڵەتێک یان دووانی دەبوو. دەکرێ بڵێین ئەوکات هەستی ئاینی بەهێزتر بووە، تەنانەت ئەتاتورک کە هیچ پێوەندی بە ئیسلام و خەلافەتەوە نییە، دیسان زۆر بە باشی کوردی بە ناوی مسوڵمانبوون لە خشتە بردووە، تا ئەو ئاستەی لە ڕێککەوتننامەی لۆزان نوێنەری تورکیا بە ناوی کوردیشەوە قسە دەکات.

تێبینی: کۆمەڵێک سەرچاوە بۆ ئەم نووسینە سوودی لێ وەرگیراوە، هاوکات ڕەنگە دیدی جیاواز لەسەر ڕۆژەکان هەبێت، بۆ نموونە ڕۆژی ١٥ / ٥، ١٦ / ٥، ١٧ / ٥، ١٩ / ٥ بە ڕۆژی ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ دانراون.

قوتابیی دکتۆرا لە زانکۆی نۆتینگهام لە بەریتانیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت / ڕیکەوتی: ١٨ی مەی ٢٠١٦

# وڵاتە یەکگرتووەکانی کورد

## عارف قوربانی

سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنامەی (سایکس - پیکۆ)دا تێپەڕی، ڕێککەوتنامەیەک کە خواستە شاراوەکانی پشت پرۆژەکە (ناسەقامگیری و بەریەککەوتنی گەل و نەتەوەکانی ناوچەکە بوو).



سەد ساڵی رابردوو بۆ داڕێژەرانی پرۆژەی دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەی رۆژهەڵات کە لە سایکس پیکۆ-دا بڕیاری لێدرابوو، سەدەیەک بوو تەریب بەو ستراتیژەی بۆی دانرابوو، تەواوی ئەو ئامانجانە بەدیهاتن کە زلهێزەکانی ئەوکات خوازیاری بوون.

کۆی ئەو شەڕ و کاولکاریانەی سەدەی رابردوو، ئەو کۆمەڵکوژی و تاوانە گەورانەی لە ناوچەکەدا روویانداوە، هەمووی بەرهەمی (سایکس- پیکۆ) بوو. ئەوەی ئێستاش جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، شەڕی داعش و بەریەککەوتنی هێز و تایەفە ئاینی و ئیتنیکییەکان لە تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتدا، دەرئەنجام و لێکەوتەی ئەو ناهاوسەنگی و هاوکێشە سیاسیانەیە کە لە ڕێککەوتننامەی (سایکس - پیکۆ) وە سەرچاوەیان گرتووە. ئەو پێشهات و رووداوگەلانەی لە ئایندەشدا دێنە پێش، هەر بەرئەنجامی هەمان پرۆژەن.

ئێستا بەشێک لە گەل و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە کە قوربانیی ئەو ڕێککەوتننامەیەن، خوازیاری ئەوەی کە کۆتایی بە سایکس پیکۆ بێت. لە زۆرێک لە ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی وڵاتە کاریگەرەکان لەسەر ئاراستەی رووداوەکانی رۆژهەڵات، ئەوە دەبیستین کە (کاتی هەڵوەشاندنەوەی سایکس پیکۆ هاتووە).

هەرچەندە باوەڕی تەواوم بەوەیە کە زلهێزەکانی پشت سایکس پیکۆ بە مەبەست نەخشەی ئەم ناوچەیەیان بەو جۆرە دارشت تا یەکتر قبوڵنەکردن و هەوڵی سڕینەوە، ناکۆکی و ململانێکان بگەن بەو ئاستەی کە لە رووداوەکانی ئەم سەد ساڵەدا بەرجەستە بوون و ئامانجەکانیشیان بەدی هات، بەڵام ئێستا کە ئامادەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناوچەکە بن، خواستی گەورەتریان هەیە لەو ئامانجانەی سەرەتا نەخشەیان بۆ کێشابوو. ئەویش بەهۆی ئەو مەترسیانەی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ نێو رۆژئاوا گوازراونەتەوە و توندڕەویی ئاینی سەرچاوەکەیەتی. ئێستا کار بۆ دروستکردنی زەمینە و هۆکارگەلێک دەکەن کە ئەو مەترسیانە پەلکێشی سەرچاوەکەی بکاتەوە.

بژارەی پێویستیش بۆ ئەو ئامانجە، دروستکردنی دوو بلۆکی گەورەیە کە ئامادە بکرێن بۆ بەریەککەوتن. لەلایەک خەریکی بەهێزکردنی سوننە و پرچەککردنین، لەلایەکی دیکەشەوە خەریکی خۆشکردنی زەمینەی بەهێزکردنی جەمسەری شیعەن، ئەمە سەرباری ئامادەسازییە فکری و ئایدیۆلۆجییەکانی و چاندنی رۆحی توندڕەوی، هێندەی نەماوە بۆ جەنگە گەورەکەی ئیسلام، شەڕی سوننە و شیعە کە دەبێتە

موگناتیسی راکێشانەوەی توندڕەویی ئیسلامی لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلأت و لێکەوتەکانی شەڕێکی لەو جۆرەش بەسوتماکبوونی بەشێک لە خاک و ئاوەدانی و بچوکبوونەوەی وڵاتانی ئیسلامییە.

بۆیە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەی لە ناوچەکەدا هەیە کە گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کردووە بە پێویستییەکی قۆناغەکە، بەلأم مەیلێکی رۆژئاواییش هەیە بۆ سەدەیەکی تری ململانێ لەم ناوچەیە کە ئەمەش هێندەی دیکە چاوەڕوانیەکانی گۆڕانکاری بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی رۆڵ و هاوکێشە و پێگەی هێزەکان دەکاتە ئەمری واقیع.

ئەوەی پەیوەستە بە رۆڵ و پێگەی کوردەوە، لە سەد ساڵی رابردوودا بەهۆی ئەو دابەشکاریە بە مەبەستەی سایکس پیکۆ کە پێویستی بەو جۆرەی ناکۆکی و ململانێ هەبوو، ئێمەی کورد یەکێک لە سەرچاوەکانی ناسەقامگیریی ناوچەکە بووین، بەلأم بۆ جۆری ئەو ململانێ و پێویستیانەی بۆ ململانێکانی سەدەی ئایندە پێویستن، کورد کەرەسەیەکی بەهێز نابێت. نە رۆحی توندڕەوی و نە گیانی تۆڵە، لە کێڵگەی کۆمەڵگەی کوردیدا ناچێنرێت. بۆیە کورد لە ستراتیجیەتی ململانێکان دەخرێتە دەرەوە، خستنە دەرەوە نەک بە مانای پەراوێزخستن، بەڵکوو دەبێتە سەدەی کورد بەو مانایەی ئیتر وەک کەرەسە و ئامرازی ناسەقامگیری بەکارنابرێت.

رێگەی دوورخستنەوەی کورد و لەمپەری بەردەم پەلکێشکردنەوەی بۆ ناو ململانێکان، بوونی قەوارەی سەربەخۆی کوردیە. واتا شانبەشانی ئەو خواست و ئامانجانەی میللەتەکەمان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، ستراتیجیەتی تازەی جیهانیش قەوارەی کوردی لە ناوچەکەدا فەرز دەکات. بۆیە ئەگەر خۆمان ئامادە بین یان نا، دەوڵەتی کوردی وەک پێویستییەکی قۆناغی تازەی ململانێکانی رۆژهەلأت، دروست دەبێت.

ئەوەی پەیوەستە بە خۆمانەوە سنوور و شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتەکەیە، لەبەر ئەوەی خاوەن یەک ستراتیژی نەتەوەیی نین و چەترێکی نەتەوەیی دروست نەبووە کە هەموو هێزە کوردییەکانی پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت، وەک ئەوەی لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی چاوەڕوان دەکرا و نەمانکرد، بۆیە ئەگەری یەک دەوڵەتی کوردی کە هەموو سنووری جوگرافیای هەر چوار پارچەی کوردستان بگرێتەوە و کوردی هەموو پارچەکان لەخۆ بگرێت، بووەتە مەحاڵ، بەلأم ئەگەری بەهێز ئەوەیە چەند دەوڵەتێک لە ناوچەکەدا بۆ کورد دروست بکرێت.

جا بۆ ئەوەی بە دەردی وڵاتانی عەرەبی نەچین کە تەنیا ناو کۆیکردوونەتەوە و بۆئەوەی ترسی ئەو ناتەبایی و ناکۆکیانەی ناوخۆی کوردی، کوردستان زیاتر لەت لەت نەکات، با لە ئێستاوە بژارەمان (وڵاتە یەکگرتووەکانی کورد) بێت لە بری هەر ناوێکی دیکە. تا لە هەر قۆناغ و لەسەر هەر بستە خاکێک توانرا دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت، لەسەر هیچ پاساو و بیانوویەک پەک نەخرێت و دواتر هەمووی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە یەکگرتووەدا یەک بخرێت.

بەمەش لە ئیشکالیەتی ناوی کوردستان بۆ کام دەوڵەت و کامە پارچەی کوردستان بێت، رزگارمان دەبێت و لەو وێنا گشتیەی جیهانی رۆژئاوا بۆ (ستانەکانی) ئەم ناوچەیە هەیانە، دەرباز دەبین. هەروەک قەوارەکەش خەسڵەتی ناسینەوەی ئەو ناسنامەیە هەڵدەگرێت کە میللەتێکی زیاتر لە پەنجا ملیۆنین لە رۆژهەلأتی ناوەڕاست و خاوەن کۆنترین مێژووین لە ناوچەکەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت / ریکەوتی: ١٨ی مەی ٢٠١٦

# سەدساڵ پاش خیانەتنامەی سایکس پیکۆ!

ئاریتما محەممەدی

(سایکسپیکۆ بە کردەوە ئیدانە دەکرێت نەک بە گوتاردان. ئاریتما محەممەدی)

ویستم لەسەر خیانەتنامەی وڵاتانی داگیرکەری وەک فەرانسە و بریتانیا کە ڕێکەوتنیان لەسەر دابەشکردنی کوردستان کرد و لە چوارچێوەی پیلانەکانی سایکس و پیکۆ،دا کوردستانیان بەسەر کۆمەڵێک نەتەوەی فاشیست و ڕەگەزپەرەستدا دابەشکرد، بابەتێک بنووسم، بەڵام دوایی بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ چی بنووسم کە ئیستاش کورد وەک سەدساڵ پێش هەر بەشێوەی خێڵەکیی سیاسەت دەکات و هەنووکەش خاوەن ستراتیژییەکی نەتەوەیی نین کە ئامانجێکی ڕوون و ڕەوانی هەبێ. تاکوو هەنووکەش کورد و هێزەکانی کورد پرش و بڵاون و هێز و وزە لە خێڵ و عەشیرەتەوە وەردەگرن.



ئەوە بەو مانایە نییە کە من بێڕێزیی بە سیستەمی خێڵەکیی بکەم، نا، بە پێچەوانەوە ئەگەر کورد نەتەوەیەکیی خێڵەکیی و عەشیرەتیی نەبووایە دەمێکبوو کە ناسنامەکەی لەنێوچوو بوو و کولتوور و دابونەریتەکەشی لەژێر پێی فارس و تورکدا وەک تۆز بەبا ڕۆیشتبوو. مەبەستی سەرەکیی من ئەوەیە کە ئیتر نابێ کورد هێز لە دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرەتەوە وەربگرێت و پێویستە لە سەدەی ٢١دا کورد ستراتیژیی نەتەوەیی خۆی ڕێکبخاتەوە و تەنیا ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێ کورد خۆی بکاتە خاوەن ئیرادەی سیاسیی و نەتەوەیی، خۆی لەسەر داهاتووی خۆی خاوەن بڕیار بێ. بەڵام ئیستاش وەک سەدساڵ پێش کورد بووەتە کەرەستەی دەستی فارس و تورک، ئەمەش لە کەس شاراوە نییە. کورد ئیساش لە چوارچێوەی حیزب، گرووپ و باڵدا لەژێر کاریگەریی فارس و تورک دایە و قەد خاوەن ئیرادەی سیاسیی خۆی نییە. بۆ دەبێ لەم ئانوساتەدا کە ناوچەکە ڕووی لە گۆڕانکاریی نوێیە کورد لەو پەڕی قەیران و پەرتەوازەییدا بێ.

کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕێکخراوەکانی سیاسیی بەسەر باڵ و شانەی جیاوازدا دابەش بوونە و هیچکامیشیان خاوەن ئیرادەی نەتەوەیی کوردستانیی نین و پاش ئەوەش کە ناوچەکە گۆڕانکارییەکان تێدەپەڕێنێت، دەڵێن وڵاتانی ناوچەکە و جیهان لە دژی کورد پیلانیان داڕشتەبووە و کوردیان بێ دەوڵەت هێشتووەتەوە! بەڵام هیچ کەسایەتییەک باس لەوە ناکات کە کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی یەکهەڵوێست و یەکئیرادە بێ بوونی نییە، بەڵکوو کورد وەک خێڵ و گرووپی جیاواز هێزیان بەدەستەوەیە. ئەم هێزەی کە ئەمڕۆ کورد هەیەتی، شتێکی نوێ نییە، کورد لە سەردەمی سەفەوییەکان و نووسمانییەکان و هەروەها پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش بۆ ناوچەکە و کوردستان، کورد خاوەن هێزی چەکدار و تەنانەت خاوەن کۆمەڵێک دەوڵەتشاری بچووک بووە، وەک ئیستای سلێمانی و هەولێر.

تەنانەت کورد لەو سەردەمانەشدا هێزە چەکدارەکەی هێندە گرینگ بووە کە لە سەرخستنی ئووسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە و لە ناوچەکەشدا هێزێکی کاریگەر بووە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی خێڵەکیی بووە و ئیستاش هەر بە خێڵەکەیی ماوەتەوە، خێڵکیبوونی کوردیش ئەم نەتەوەی تووشی سەرلێشێواویی کردووە و کوردی لە باری دەروونییەوە هەستیار بارهێناوە و ڕێی لەوە گرتووە کە سەرکردەی تیژبیر و تیژهزر پەروەردە بکرێت و هەمیشە کورد بە هۆی خێڵەکیبوونەکەیەوە نەتەوەیەکی بەسۆز و هەستناسک بووە و سەرکردەکانیشی بەهەمان چەشن بەسۆز و سۆزدار و هەستەکیی بار هاتوونە. ئەمە بەو واتایە نییە کە کورد خاوەن سەرکردە و کەسایەتیی بە ئیرادە و تێکۆشەر نەبووە، پێچەوانە، کورد خاوەن سەرکردەی بەهێز بووە و نەتەوەی کوردیش لە مێژوودا بە نەتەوەیەکی بەهێز و بەئیرادە ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد خێڵەکیی بووە و خێڵەکیی بیری کردووەتەوە.

کاتێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە دەبینین کە کورد ژیانی کۆمەڵایەتیی خێڵەکیی بووە کەچی بەهەمان چەشنیش ژیانە سیاسییەکەشی هەر بە خێڵەکیی تێپەڕ کردووە، واتا ئەوانەی کە لەنێو کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردستاندا دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرەتیان بەدەستەوە بووە بەهەمان چەشن لە ئاستی دەسەڵاتدارێتیی سیاسیشدا هەر خۆیان خاوەن بڕیاری سیاسیی بوونە. لەبەر ئەوە ناکرێ کە کورد نەتەوەیەکی هێندە بەهێز و خاوەن ئیرادە بووبێ و ڕۆڵی گیرنگی لە مێژووی ناوچەکەدا گێڕابێ، کەچی خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبووە، کورد هیچکات خاوەن یەکهێزی هاوبەش و یەک سیاسەت، ستراتیژیی و یەکئیرادە و هەڵوێستی هاوبەش نەبووە. ئەمە تەنیا باشووری کوردستان ناگرێتەوە، بەڵکوو دۆخی سیاسیی هەموو بەشەکانی کوردستان بەو چەشنە بووە و هەنووکەش پاش سەدساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕێکەوتننامەی شوومدا کورد دەرسی لەو پەیماننامەیە وەرنەگرتووە و پتر وەک چارەنووسی خۆی هەژماری کردووە نەک وەک بەرهەمی نەبوونی ستراتیژیی سیاسیی و نەتەوەیی هاوبەش لەنێوان هێزەکانی کورددا!

مێژووی خەباتی نوێی کورد پاش شەڕی چاڵدران کاتێ کە کوردستان بۆ یەکەمینجار لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی سەفەویی و ئووسمانیدا دابەش کرا، دەست پێدەکات، دابەشبوونی کوردستان لەنێوان دوو ئیمپراتووری ئووسمانیی و سەفەویدا خۆی لە خۆیدا دابەشبوونی کوردی لێکەوتەوە و هۆکاری ئەم دابەشبوونەش بۆ هێزەکانی کورد دەگەڕێتەوە کە بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەشببوون، دابەشبوونی هێزەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا دابەشبوونی خاکی کوردستانی لێکەوتەوە. هەرچەند خەباتی کورد پاش ئەو دابەشبوونە چووە قۆناغێکی دیکە و لەو پێناوەدا دەیان شۆڕشی گەورە هاتوونەتە کایەوە، بەڵام هیچکام لەو شۆڕشانە سەرکەوتوو نەبوونە و لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە سەرکوت کراون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێکڕای کۆمەڵی کوردەوارییان لەگەڵ نەبووە. بەشێک لە شۆڕشەکانی کورد نەتەوەیی بوونە و بەشێکیشیان خێڵەکیی بوونە، بەڵام گرینگیی لەوەدایە کە تێکڕای بەرخۆدانەکان بۆ دەسەڵات و دەسکەوتی زیاتری کوردان هاتوونەتە ئاراوە.

بەڵام ئەو کاتانەی کە بەشێک لە شۆڕشەکان لە سەرکەوتنی یەکجارەکیی نزیک دەبوونەوە، کێشەی دەسەڵات لەنێوان سەرکردەی شۆڕشەکاندا دەستی پێدەکرد و ئەو شەڕەی دەسەڵاتیش کۆتایی بە شۆڕشەکان دەهێنا. بەڵام پاش شکستی ئەڵمان و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا کە ئیمپراتۆریی ئووسمانیشی لەخۆ دەگرت کوردستانی بندەستی ئووسمانی کە خاوەن پێگەی سەربازیی، سیاسیی و ئابووریی بوو و ئەگەریش بیانویستەبایە ئەوا دەیانتوانی لەژێر دەسەڵاتی ئووسمانیدا وڵاتی کوردان بناغە داڕێژن، کەچی چاوچنۆکیی میرەکانی کورد لەو سەردەمەدا ئاسۆی کوردی بەرەو تاریکیی برد و بە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی هەندێک لە میرەکان ئەو هەنگاوە نەنرا، واتا میرەکانی سەردەمی ئووسمانیی لەئاست هەرێمی باشوور کوردستان خاوەن پێگەی سیاسیی و دەسەڵاتی زیاتر

بوون، هندێک لە میرەکان خاوەن دراوی تایبەت بەخۆیان بوون و تەنانەت کەشتییەکانیان بە ناوی کوردستانەوە لە ئاوەکاندا ئامۆشۆیان دەکرد و باشترین جۆری قاوە بە ناوی کوردستانەوە هەناردەی دەرەوە دەکرا، ئەو قاوە کە ئەمڕۆ بە ناوی قاوەی تورکەوە ناسێنراوە.

**هۆکاری ئەوەیکە سایکس و پیکۆ توانیان بە ئاسانیی بەشێکی مەزن لە خاکی کوردستان بەسەر سێ وڵاتی نوێ لە ناوچەکەدا دابەش بکەن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد؛**

نەتەوەیەکی یەکگرتوو نەبوو.
خاوەن ستراتیژیی نەتەوەیی نەبوو.
بە خێڵەکیی سیاسەتی دەکرد.
پەرتەوازە بوون.
لەژێر کاریگەریی گەلانی دەوروبەردا بوون بە تایبەت (فارسە فاشیست و تورکە کەمالیستە ڕەگەزپەرستەکان) .
هێزە کوردییەکان بەهۆی دەسەڵاتەوە هەمیشە لە کێشەدا بوون.
لە کاتی گۆڕانکاریی مەزندا دژبەیەک بوون.

**ئەی ئێستاکە ناوچەکە ڕووی لە گۆڕانکارییە و سەدساڵ بەسەر خیانەتنامەی سایکسپیکۆدا تێبەر دەبێ دۆخی سیاسی کورد چۆنە؛**

کورد ئەمڕۆ هەر وەک ڕابردوو؛
لەژێر کاریگەریی فارسە فاشیست و تورکە کەمالیستەکان دایە.
یەکگرتوو نین.
خاوەن ستراتیژیی نەتەوەیی نین.
ئێستاش بە خێڵەکیی سیاسەت دەکەن.
هێز و وزەی کوردیان لەنێوان چەند پارت و ڕێکخراوی دژبەیەک دابەش کردووە.
گوتار و هەڵوێستی هاوبەشی سیاسیی و نەتەوەییان نییە.
هێزەکانی باشوور بە هۆی ستراتیژیی وڵاتانی ناوچەکە دژبەیک ڕاوەستاون و هەرکامە نوێنەرایەتیی بەرەیەکی جیاواز دەکات.
ئەوەیکە بایەخی نییە گوتاری نەتەوەیی کوردە.
کێشەی نێوان هێزەکانی باشوور پەرەی سەندووە.
هێزەکانی ڕۆژهەڵات لەتوپات بوونە و سیاسەتی دژبەیەکیان هەیە.
هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە پێوەندی بە ڕووداوەکانی خۆرهەڵات بێ پلان و پرۆژەن.
ئێستاش پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە دۆخێکی ئیدۆلۆژیک دان.
لە باکوور پارتی کرێکاران ئیزن بە هیچ لایەنێکی دیکە نادات کە وەک ئەو تێکەڵی خەبات بێ.
ڕۆژئاوا بەسەر دوو بەرەی جیاواز دابەش بووە و یەکیان ڕێ بە ئەوی دیکەیان نادات بەشداری خەبات بێ و خۆی سەپاندووەتە سەر

کۆمەڵگای ئەویّ.

**ناوچەکە؛**

**هەنووکە ناوچەکە بە گۆڕانکارییەوە ئاوسە، کەچی کورد وەک پێش، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ پرش و بڵاوە، بەشێک لەلایەنەکان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ڕێنوێنی دەکرێن. هێزی کوردیی هەیە کە لە بەشێکی کوردستاندا خاوەن پێگەی سیاسییە، کەچی پتر لە داگیرکەری کوردستان نزیکە تاکوو هێزە کوردییەکانیتر کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هاوبەشن.**

**ئەگەر کورد بەو چەشنە سیاسەت بکات و ستراتیژیی سیاسیی دابڕێژێت و نەتوانێ ئامانجێکی هاوبەش و ستراتیژییەکی نەتەوەیی هاوبەش و یەکانگیر و گشتگیر ڕێکبخات، بێگومان جارێکی دیکە و لەژێر و ناوناونیشانێکیتردا سایکس و پیکۆیەکی دیکە لە دایک دەبن و دیسان کوردستان دابەش دەکەنەوە.**

**هەنووکە کورد لە باشوور لە دۆخێکی هەستیار و ناسک دایە کەچی هێزەکانیان بەسەر ستراتیژیی جیاواز دابەش بوونە و هەر لایەنێک نوێنەرایەتیی ستراتیژیی وڵاتێکی دەرەکیی دەکات. لە کاتێکدا کە هەرێمی باشوور لە سەربەخۆییەوە نزیکە کەچی خاوەن هێزی چەکداری نەتەوەیی نین، خاوەن پارلەمانی چالاک نین، حوکوومەتەکەیان هەڵوەشاوەتەوە و نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان ناکات و هەرێمەکە لە قەیرانی سیاسیی و ئابووریدا چەقیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو ڕێفراندۆم هەنگاو دەنێن، ڕێفراندۆمێک کە بەشێک لە لایەنەکان لەگەڵی هاوڕا نین، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕای گشتیی کوردستان لەمەڕ ئەو ڕێفراندۆمەی کە بڕیارە بەڕێوەبچێت ڕوون نییە، چونکە شرۆڤەی پێویستی بۆ نەکراوە.**

**ڕۆژهەڵات؛**

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی مەترسیدار ژیان تێپەڕ دەکات، ڕژێمی ئێران بەهەموو هێزییەوە گوشاری خستووەتەسەر خەڵک و بێکاریی و نەبوونی ئاساییشی کۆمەڵایەتیی و دۆخی لاوازی ئابووریی هەڕەشە لە ژیانی خەڵک دەکات. پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە تاراوگە ژیانی سیاسیی تێدەپەڕێنن و هەموو پارتەکان لەتبوونە و خاوەن ستراتیژییەکیی هاوبەشی نەتەوەیی لەدژی ڕژێمی ئێرانیش نین. هاوکات پێکەوە لە دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسیی دان و هەندێک لە لایەنەکان دان بە بوونی یەکتردا نانێن، سەرەڕای ئەوەکە گوشاری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیان لەسەرە.**

**ڕۆژئاوا؛**

**ڕۆژئاوای کوردستانیش لە دۆخێکی ئاڵۆز دایە، هەرچەند لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێک دەسکەوتی سیاسیان بەدەست هێناوە، بەڵام لەوێش لایەنەکان پێکەوە ناسازێن و بەرەی پەیەدە کە لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیکە لەگەڵ بەرەی نزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستان ناسازێن و کێشەی قوڵیان لە نێواندا هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەکە لەگەڵ داعش و بەرەی نووسرە و**

لایەنەکانی دیکە سووریە لە شەڕدان و هاوکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەژێر گوشاری تورکیە بایەخ بە هەوڵەکانی کوردانی ڕۆژئـاواش نادات.

### باکوور؛

باکووری کوردستانیش لە خەباتێکی بێوچان دایە و کێشەکان لەوێ گەلێک ئاڵۆزن، چونکە ڕژێمی تورکیە بە چەشنێکی فاشیستانە و ڕەگەزپەرەستانە و بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئـاوا و ئیسرائیل دژی تەڤگەری باکووری کوردستان دەستی کردووە بە سەرکوتی بێبەزەییانە. لەو لاشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان وەک هێزێکی سەرەکیی گۆڕەپانی باکوور لەگەڵ زۆربەی هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە کێشە دایە و زۆرجار هەولی خۆسەپاندن دەدات!

### کۆی وتار؛

کاتێک ئێمە وەک کورد دەتوانین ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکۆ ئیدانە بکەین کە نەتەوەی کورد خاوەن کولتوورێکی نەتەوەیی بێ و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش یەکگرتوو و یەکهەڵوێست و خاوەن یەک پرۆژەی نەتەوەیی بن و پرسە نەتەوەییەکانیش لەسەروو هەموو پرسەکانی دیکەوە بێ. بەڵام کاتێ کە هێزەکانی کوردستانیی لەو پەڕی سەرلێشێواویی خۆیاندا بن، نەک هەر سایکس پیکۆ ئیدانە ناکرێت، بەڵکوو بەو هەڵوێست و سیاسەتەمان ئەو ئەگەرە بەهێز دەکەین کە جارێکی دیکە ڕێکەوتنێک ڕێکبخرێت و کورد لە قازانجەکەی بێبەش بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕیکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦

# سایکس پیکۆ دوای سەد ساڵ

حەمە جاف



مێژوو بەتایبەتی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان گەلێک هەوراز و سەرەولێژ و هەڵدێری بەسامی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام کورد و دۆزەکەی نەشکاون دوای سەدساڵ دابەشکردنی بەفەرمی کوردستان وا لەسەر مێزی کاراکتێرە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان دەوڵەتی کوردی خەریکە بە قووڵی موتالعە دەکرێ هەمان ئەو ئستراتیژیەی کە شێخ مەحموودی بەرزنجی شێخ عوبەیدوڵای نەهری فەرزەندە و سمکۆی شکاک تا سەرکۆماری کوردستان و هەنووکەش حیزبە نیشتمانیەکانی گۆڕەپانی خەباتی کورد لە هەر چواربەشەکەیدا وا خەریکە تێکۆشانیان ئەو بەرهەمە دەڕسکێنێ کە کورد بە پانتایی مێژوو خەونی پێوە دەبینێ! ئەویش چ خەونێک؟ خەونێک کە خەریکە لە ڕێال دا دەبێتە ئەو پوتانسێلە دووژمنانی کورد و ڕێکخەرانی پەیمانی شوومی سایکس پیکۆ بەردی پەشیمانی لە ئەژنۆی خۆیان دەدەن ئەیا کورد بێ توانابوو لە ڕێکخستنی کیانێکی سەربەخۆیی دا یان داگیرکەرانی ئاو و خاکی کوردستان بە هێز تر بوون؟ جوڵانەوەکانی دوای ئەو هەرەسە پێمان دەسەلمێنن کە کورد ناسەرکەوتوو نەبوو، ئەو سەرەنگرێبوونە وای لە کورد نەکرد ڕێگای ڕزگاری خۆیی نەناسێ ڕاستە هەتا ئێستاش ئەو هۆکارانەی ئەو پەیمانەیان ڕێکخست بە تەواوی قاشەبڕ نەبوون هەم فاکتە ناوخۆییەکان هەم فاکتە دەرەکیەکان تا بە هەنووکەش کارتێکەری نێگەتیڤی خۆیان هەر ماوەتەوە، بەڵام خاڵی پۆزەتیڤ ئەوەیە کە کورد لە ئیرادەکردنی ڕزگاری خۆیی دا لەوەش گرینگتر دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی وا پلانی خۆی هەیە، دۆست و دوژمنانی کورد ئەوە دەزانن کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا تا جوغرافیایەکی کوردستانی نەبێت ژئۆپۆلۆتیکی ئەو ناوچەیە ناتوانێ قسە لە بابەتی ژئۆئستراتیژیکی وەک دێموکراسی و سۆسیالیزم بکا کورد سەلماندوویەتی کە ئیرادەی ئەمڕۆی لێبڕاوترە لە ئیرادەی دوێنێی هەر چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان لە زۆر پەیمانی بە ئاشکرا و نهێنی دا سیاسەتی ژینۆسایدی کوردیان گەڵاڵە ڕێژی کردووە،لەگەڵ ئەوەشدا هەنووکە کورد لە گەڵ چوار دەوڵەتی داگیرکەر و دەوڵەتێکی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەنێوی داعش لەشەڕ دایە و بەهیچ هێزێک ناتوانرێ چۆکی نەهامەتی بە بەژنی کورد دا بهێنرێ لە دونیای ئەوڕۆ دا کورد و پێناسەکەی پێشمەرگە لە دونیا دا توانیویەتی سیمایەکی دژە ترۆر و دژە داگیرکەر بە دونیا بناسێنێ و بەجیهان بوونی ئەو ڕاستی حاشا هەڵنەگرەی کە کورد دەتوانێ پاڵپشتێکی بەهێزبێت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و سەلمێنەری لۆژیکی دێموکراسییەکی بەرین و بێ هاوتا بێت لەکورتە نوسینێکی ئێرەدا ناکرێ بەوردی لەسەر هەموو فاکتەکانی چۆنێتی پێکهاتنی سایکس پیکۆ قسە بکرێ، چوونکە دەرەتانێکی ئاوا پێویستی بە چەمکی ماتریالێکی مێژووی هەیە کە لێرەدا دەرەتان تەنگەبەرە، بەڵام تەنیا خاڵێکی کە زۆر گرینگە لە ئەزموونی سایکس پیکۆدا پێداچوونەوەی پێدا بکرێ خاڵی دوبەرەکی نێو ماڵی کوردە ئەمڕۆ کورد دەبێ تێبگا کە بەشی زۆری کەوتنەکانی لە ئەنجامی ئەو فاکتە نێگەتیڤەیە کە کورد ئەرکدار دەکا بۆ کۆکردنەوە و وەسەریەک خستنەوەی وزە و هێزی نەتەوەیی شێلگیرانەتر هەوڵ بدا و فترهەنگ و دابوونەریتی دژایەتی و لە قەڵەمەی قاچی یەکدان بخاتە نێو زبڵدانی مێژووەوە دوای سەدساڵ پەیمانی سایکس پیکۆ هەنووکە کورد بەخولیاکانی دەگا ئەوەش بابەتێکە کەپێمان دەڵێ کورد بەهیچ پیلانێک ناسڕێتەوە و هیچ گەڵاڵەیەک ناتوانێ کورد بە نادەوڵەت و نەتەوە پێناسە بکات پەیمانی شوومی سایکس پیکۆ دووەمین تێخی پڕ ژەهرە لە جەستەی جوگرافیای کوردستان، تێخێکی

**ژەهراووی کە ڕۆژ نیە بەچاوی خۆمان نەیبینین و نەتوانین قەڵغانی بەرگری وەپێشی بخەین! ئەگەر چاو بەدەوروبەری خۆماندا بخشێنین دەبینین وڵاتانێکی زۆر هەنە کە بیست لە سەدی ئێمەی کورد خاوەن هیچ کلتوور و دابوونەریتێک نین، بەڵام خاوەن ژئۆپۆلۆتیکی تایبەت بەخۆیانن! مخابن ئێمەی کورد تا بە چەن دەیەی ڕابردوو نەمانتوانیوە خەونی بەرینی هەرتاکێکی کورد وەدی بێنین و ڕاسانی دەوڵەت بوون لەسەر نەخشەی جیهان زیندوو کەینەوە، لەدوای سەد ساڵ دابەش بوون و دابڕان و سەرهەڵدانی چەندین میرنشین و شۆڕشی مەزن لە هەر چواربەشی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە وا دەبینرێ سەرەڕای بوونی چەندین فکر و هزری جۆراوجۆر بەیک دەنگ و یەک ڕەنگ لە وڵاتانی دەرەوە لەژێر یەک ئاڵا و بەزمانێکی پڕ حەماسەت کۆڕگێڕی و میتینگی مەزن بۆ یەکبوون و یەکڕیزی ماڵی کورد دەگیردرێ، وەهەروەها خاڵێکی گرینگ کە دەبێتە جێی تێڕامان و خەون و خولیای ئێمەی کورد زۆرتر دەبووژێنێتەوە ئەوەیە کە پاش ئەو هەموو پێکناکۆکیە بە دیالۆگ و دانوستان هەموو کێشە و گرفتەکانمان چارەسەر دەکەین و وەکوو پێشتر سەنگەری ناکۆکی و دژایەتی لەیەک گرین، هەموو ئاماژەکان ئەوەی دەردەخەن کە بۆ جارێکی دی شەڕێکی یەکتر سڕینەوە لەنێو ئێمەی کورد دا چێ نابێتەوە و هێمای یەک بوون و پاڵپشتی بەهێز بووە بە پاڵدەر و گووشارێکی قوورس بۆ بوون بە دەوڵەتی کوردی و ڕیسوا بوونی پەیمانی سایكس پیكۆ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕیکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦**

# لە سەدساڵەی (سایكس - پیكۆ)دا: قوناغێكە پیاوی خۆی دەوێ

عەبدولسلام بەرواری

ڕێككەوتنی (سایكس - پیكۆ) بۆ دیاریكردنی چارەنووسی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەكانی ئەو وڵاتانەی دژی (میحوەری) ئالمانیا - نەمسا - عوسمانی شەڕیان دەكرد، كە دیارترینیان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری بوون.



و چونكە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەگەرێكی چاوەڕوان كراوبوو، بۆیە هەر یەک لەو سێ وڵاتە چاوی لە پارچەیەک لەو ناوچە بوو، و لەهەلومەرجی بەیەكگەیشتنی بەرژەوەندیەكانیان، سەرەرای هەموو ناكۆكی و كێشە مێژوویەیانەی نێوانیان (بە تایبەتی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا)، توانرا نەخشەیەک بۆ ناوچەكە دابنرێت بێ پرسیاركەدن یان ڕەچاوكردنی خواست و بەرژەوەندییەكانی گەلان و میللەتان ناوچە.

پاش شۆرشی ئوكتۆبەری ١٩١٧ی بەلشەفیكەكان لە ڕوسیا و دامەزراندنی یەكێتی سۆڤیەت، و كشانەوەی لە ڕێككەوتنەكە، (سایكس-پیكۆ) بوو پلانی هەر یەک لە بەریتانیا و فەرەنسا بۆ دابەشكردنی ناوچەكە لە نێوان خۆیاندا، هەر چەندە لە كۆتاییدا ئەو سنوورانەی بۆ هەر یەک لە عێراق و سوریا و لوبنان و ئەردن و فەلەستین دانران زۆر لە نەخشە سەرەتاییەكی سایكس-پیكۆ دوور بوون).

ئەوەی بۆ ئێمەی كورد گرنگە ئەوەیە، ئەو پارچەی كوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانییەكان جارێكی تر دابەشبوو نێوان سێ دەوڵەتی تازە دامەزراو لە ناوچە. ڕاستە ئێستاش و، پاش تێپەربوونی سەد ساڵ بەسەر ڕێككەوتنەكە، مشتومرێک هەیە كە ئایە دابەشبوونی كوردستان لە ئەنجامی ئەو ڕێككەوتنەبوو یان لە ئانجامی شكستی سەربازی عوسمانییەكان و داگیركردنی ناوچە لە لایەن بەریتانیا و فەرەنسا بوو. بەڵام چۆنی لێكبدەینەوە، ڕاستەوخۆ بێت یان نا ڕاستەوخۆ، بەریتانیا و فەرەنسا لە ناوچە مانەوە و سنوورەكانیان دانا، ئەو سنوورانە بوونە هۆی دابەشكردنی كوردستان.

ئیمرۆ، كە بارۆدۆخی عێراق و ناوچە و جیهان، دەرفەتێكی پەیدا كردووە كە ئەو سنوورانەی لە ئەنجامی (سایكس-پیكۆ) دانراون، تێكبچن و سەر لە نوێ دابنرێنەوە، بەڵام نەک وەک جاران بەڵكو بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی تاڵی سەد ساڵەی رابوردوودا، و بە ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییەكانی مەللەتانی ناوچە، پێش هەموویان كورد، واتە دەرفەتێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ ئەو نەتەوەی بێبەشكرا لە مافی بوونی دەوڵەتی خۆی.

قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت پیاو و سەرکردەی پێویستە کە لە ئاستی ئەم ئەرکە بن، لە ڕۆژانی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، هەر جۆرە بیرکردنێکی ناوچەگەری و لەسەر بنەمای یەکتر سرینەوە و خۆسەپاندن و لاوازکردنی یەکتر، بیرکردنێکی دژە بە دەوڵەتی کوردی و سەرناکەوێت و دەبیتە مایەی نەفرەت و ڕسواکردن.

بەداخەوە ڕاستیەک هەیە پێویستە دانی پێوە بدەین، ئەویش هێشتا ئەم جۆرە بیرکردنە بازاڕی هەیە و هێشتا چەند لایەن و دەزگای میدیا و هەندیک لەوانەی خۆیان بە خوێندەوار و ڕۆشنبیر دادەنێن، دەهۆل بۆ ئەم ڕەوتە دژ بە دەوڵەتبوونە لێ دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دێموکڕاتی کوردستان / ڕیکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦

# یادی سەد ساڵەی سایکس - پیکۆ

عەبدولباری عەتوان

وەرگێڕانی: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

ئەمڕۆ ١٠٠ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ڕێککەوتنەکانی سایکس-پیکۆدا کە میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە خۆرهەڵاتی عەرەبیدا دابەشکرد



بەسەر چەند دەوڵەت و پێکهاتەیەکدا، کە خرانە ژێر هەردوو ئینتیدابی بریتانی و فەرەنسی و ئینجا ئامادەکاری بۆ دروستکردنی دەوڵەتی جولەکە لە فەڵەستین کرد. ئەوەی مایەی ئازار و خەمبارییە ئەوەیە ئێمە لە سایەی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا ناوچەکەی تێدا دەژی لە جەنگ و وردوخاشبوون و ململانێی تائیفی و ڕەگەزیدا، وامان لێهاتووە ڕەحمەت بۆ ئەو ڕێککەوتنانە بنێرین کە زۆر بە توندی دژایەتیمان دەکرد لە چوارچێوەی سۆز و تاسەماندا بۆ یەکێتی عەرەبی، چونکە زۆرینەی ئاماژەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو بارودۆخە خراپەی باڵی بەسەر ناوچەکەماندا کێشاوە، ئەگەری هەیە خراپتری لێ بێت.

تێکڕای ئەو ئایدۆلۆجیایانەی کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا دەرکەوتن و دەوڵەتی هەرێمایەتییان تێپەڕاند لەپێناو یەکگرتنی بەرفراواندا، ئەو یەکێتییەو ئازادکردنی فەڵەستینیان خستە سەری سەرەوەی بەرنامەکانیانەوە، بەڵام هیچ کام لەو بیروباوەڕانە نەیانتوانی دوو ئامانجەکە بەدەستبهێنن، جا ئەگەر نەتەوەیی عروبی بوبێتن یاخود سۆشیالیستی نێونەتەوەیی یان ئیسلامی بە هەردوو باڵی جیهادی و میانڕەوەکەیەوە.

ئێمە زۆرباش ڕابردوو دەناسین بە هەموو تێکشکاندنەکان و جەنگ و کودەتا سەربازییەکان و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانەوە کە حکومی ناوچەکەیان کرد لەژێر دروشمی جۆراوجۆردا کە هەرە دیارەکەیان بریتی بوون لە ئازادی و سەربەخۆیی و شکۆی نیشتمانی. کاتێکیش ویستمان ئەو ڕابردووە و میراتییە سەرکوتگەرە قووڵەکەی لەکۆڵ خۆمانە بکەینەوە تەماشامان کرد لەبەردەم نەخشەیەکی تازەداین بۆ گێڕانەوەی سایکس پیکۆ لە وێنەیەکی میانڕەودا بەرەو خراپتر کە بناغەکەی بریتییە لە سەرلەنوێ دیاریکردنەوەی سنوورەکانی لەسەر بنەمای پێوەرە تائیفی و نەتەوەیی و خێڵەکییەکان. ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵێک دەوڵەت و پێکهاتەی لاواز کە لە شەڕ و ململانێدا بن لەگەڵ یەکتریدا لەسەر ئەو شتانەی کە لەسەر زەوی و ژێر زەویدا هەن.

****

پاش هەرەسهێنانی یەک لەدوای یەکی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لەژێر کاریگەریی ئەو شۆڕشانەی کە پێیان دەگوترێت (بەهاری عەرەبی)، بۆشاییەکی سیاسی گەورە دروست بوو کە شەڕی تائیفی و ناوخۆ پڕیان کردەوە و کۆمەڵگاکان داڕمان و بەهاکانی پێکەوەژیان بوون بە هەڵم و هەموو خەونەکانی دیموکراسی و دەسەڵاتی ئەقڵانی توانەوە.

سوریا لە شەڕێکی وێرانکەردایە و عێراق بووەتە چەند پێکهاتەیەک کە هەریەکەیان ناسنامەیەکی تائیفی یاخود نەتەوەیی جیاوازی هەیە، میسریش کێشی نەماوە و سەرکردایەتییەکەی لە گێژاوادایە. جەزائیر لە قەیرانی دەسەلآت و سەرکردایەتیدا دەژی و یەمەن دابەشبووە لە نێوان لایەنگرانی دەستوەردانی دەرەکی سعودی و ناحەزانی ئەو دەستوەردانەدا، هەروەها لە نێوان جودابیخوازان و ناحەزانی جوداییدا. لیبیاش ئێستا خاوەنی سێ سەر و سێ حکومەت و دەیان میلیشیایە. سودان لە میسر جیابووەوە بۆ ئەوەی ببێتە دوو دەوڵەت و ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێت بە سێ دەوڵەت و بگرە چوار دەوڵەتیش. مەغریبیش هەڕەشەی جەنگێکی جوداییخوازی لەسەرە.

کوردەکانیش کە ڕێککەوتنەکانی سایکس پیکۆ و هاوپەیمانیی نێوان مستەفا ئەتاتورکی دامەزرێنەری تورکیای نوێ و خۆرئاوای سەرکەوتوو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا زوڵمیان لێکردن، ڕەنگە گەورەترین براوە بن، براوەی ئەم بارودۆخە، و دوورنییە هەزارەی دووهەم سەردەمی بەدیهێنانی خەونە مێژووییەکەیان بێت لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، چونکە خۆرئاوا دەیەوێت سوود لەم بارودۆخەی ئێستا ببینێت کە ناوچەکە تێیدا تووشی لێکترازان بووە، بۆ چاککردنەوەی ئەو شتەی کە ئەوان بە هەڵە مێژووییەکەی خۆیانی دەزانن دەرهەق بە کورد و ئێمە بە دووری نازانین کە خۆرئاوا ئەم دەوڵەتە بەکاربهێنێت وەک کەرەستەیەکی سەرەکی لە دیاریکردنی سنوورە تازەکاندا بەتایبەت لە سوریا و عێراق و تورکیادا.

دەستوەردانە سەربازیی و سیاسییەکەی بیانییەکان، بەتایبەت ئەمریکا و ئەوروپاییە هاوپەیمانەکانی ئەوساش و ئێستاش ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە لە گەیشتنی ناوچەکە بەم بارودۆخە خوێناوییە ترسناکە. ئەمەش بە ئەنقەست بووە و لە چوارچێوەی نەخشەیەکی مەحەکەمدا بووە کە فەیلەسوفە جولەکەکانی هاوپەیمانی ئیسرائیل ناونیشانە سەرەکییەکانیان دیاری کردووە، هەر لە (بێرنارد لویس)ەوە تا (پۆڵ وۆڵفۆفیج) و (ڕیچارد پێرڵ) و (بێرنارد هێنری لیڤی) خولقێنەری شۆڕشە ئەتڵەسییەکەی لیبیا، لەگەڵ (نیکۆلا ساکوزی) هاوڕێیدا.

شکستهێنانی ڕاپەڕینە میللیە عەرەبییەکان لە پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی چاکتر لە حکومی ڕژێمە دیکتاتۆرییە عەرەبییەکان، مانای وا نییە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕژێمانەی کە هەرەسیان هێنا یاخود دەست بگرین بەمانەی ئێستاوە بەڵکو پێویستە گوشارەکان بەردەوام بن لە پێناو چاکسازییدا بە هەموو جۆرەکانییەوە و پێوسیتە هەموو ڕژێمە عەرەبییە دەسەلآتدارەکان بزانن کە ئەوان شەرعییەتیان نەماوە و پێویستە پشتیوانی و متمانەی میللەتەکانیان بەدەستبهێنن بەوەی کە پێ لەو ڕاستییە بنێن کە چیتر کەرەستە کۆنەکانیان بەکەڵکی حوکمداری نەماون و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان لەبەردەمدا نییە جگە لە دەسەلآتی یاسا و دادپەروەری کۆمەلآیەتی و ئازادییە سیاسییەکان، چونکە ئەم جیهانەی کە ئێستا شۆڕشی کەرەستەکانی پەیوەندی کۆمەلآیەتی حوکمی دەکەن بەهیچ شێوەیەک پۆلیسی نهێنی و سەرکوتکردن و سڕینەوە و چاودێریکردن ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن ئەگینا بێ هیچ دوودڵییەک ڕاپەڕینەکە بەڕێوەیە.
دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆری و سەرهەڵدانی شۆڕشێکی گەورەی ڕاستکەرەوە لە ناوچەی عەرەبیدا، چونکە ئەم دابەزینە کارێک دەکات زۆربەی ڕژێمەکان پارەوپول و دەسەلآتیان نەمێنێت کە بەهێزترین چەکی دەستیان بوو بۆ دەستەمۆکردنی داخوازییەکانی خەڵک لە ڕزگاری و هاوچەرخکردنی نیشتیمانیدا و هەروەها ئەم دابەزینە عەرەب دەگێڕێتەوە بۆسەر هۆش و بێ فیزی و بەها ڕاستەقینەکەی خۆیان، چونکە پشتبەستن بە نەوت لەلایەن دەوڵەت و هاوسێکانییەوە فەنتازیایەکی چەواشەی بۆ هەردوولا

دروستکرد و بوو بە کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێی کاروانی گەشەکردن بە ئاڕاستەی بنیاتنانی پرۆژەی ڕاستەقینەی هێز لە بوارە سەربازیی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

****

لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەگەر بە پێوەری ئەمڕۆ حسابی بکەین، سەدان ترلیۆن دۆلار چوونەتە خەزێنە عەرەبییەکانەوە، کە هەموویان یاخود زۆربەیان بەفیڕۆ ڕۆیشتوون و هیچیان بەجێنەهێشت بێجگە لە ناوبانگێکی خراپ و تۆمەتبارکردن بە بێ ئەقڵی و دەستبڵاوی و ڕابواردن.

نەخشە تازەکەی هەمووارکردنەوەی سایکس پیکۆی دووهەم بەچەند ناونیشانێک گوزارشتی لێ دەکرێت کە بریتین لە لامەرکەزی و فیدرالیزم و کۆنفیدراڵی و دەوڵەتی نەتەوەیی و تائیفی، وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ دۆخی (پێکەوەنەژیان) کە ئێستا باڵادەستە و بەداخەوە هەندێک کەس ئەمە بە ئەڵتەرناتیڤێکی ماقوڵ دەزانێت و لەم ڕووەوە چەند نموونەیەک دێنێتەوە وەک سویسرا و بەلجیکا و تەنانەت خودی ئەمریکاش. ئەمانە نازانن کە ئێمە پێویستمان بە یەک دوو سەدە هەیە تەنیا بۆ ئەوەی لە گەشەکردنی ئەم دەوڵەتانە نزیکببینەوە ، نەک وەک ئەوانمان لێ بێت.

سەرباری ئەم وێنە تەڵخە، بەڵام هێشتا هیوای بێداربوونەوە و گۆڕین و بەدیهێنانی ڕاپەڕین  کە نەتەوەکەمان چاوەڕێیەتی، هەر ماوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دوارۆژ / ڕیکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦

## جیۆپۆلەتیکی کوردستان لە نێوان ١٠٠ ساڵی ڕابوردوودا ( بەرەو سایکس بیکۆی دووەم )


## شانسی کورد دوای دارِشتنەوەی نەخشەی نوێ.

ئامادەکردنی : (یعقوب کاکل ) بەرپرسی ڕێکخراوی جیۆگرافیای گشتی کوردستان

### بەشی یەکەم : هۆکارە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ

### باسی یەکەم / جەنگی جیهانی یەکەم .

لە بیری ووڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا بوو کە تموحی فراوانخوازی و داگیرکردنی زۆرترین سنووری جیۆگرافیایی سەر گۆی زەوی




بێــت ،بەریتانیـــا و فەرەنســـا لە ســـەرووی ئەو زلهێزانەوەبوون کە کاندیدی سەرەکیش بوون بۆ دەستگرتن بەسەر بەشێکی زۆری ئەوروپا و جیهـانیش لەبەرامبەردا چەنـدین ئیمراتـۆریەت و دەسـەڵاتی گەورە لە ئەوروپـادا هەبـوون و ململانێـی یەکلایـی کـردنەوەی ئەوروپایـان بـۆ خۆیــان دەکــرد، بەتــایبەت بەریتانیـــا لەوڕۆژگـــارەدا زلهێزێکــی جیهــانی بــووە و ڕووبەری ئەو زەویــانەی لە ووڵاتــانی جیهانـدا داگیـری کردبـوو بریتـی بـوو لە (١٤) ئەوەنـــدەی خـــۆی!، وە بەریتانیـــا بەوە ناســـرابوو کە ئەوووڵاتەی کە خۆر لە ئاڵاکەی ئاوا نابێت، وە بـۆ ئەوەی زۆرترین قازانجی بازرگانی و فراوانخوزای بوارەکانی تـری ئــابووری بکــات ئەمە لە لایەک لە لایەکــی تــر بــوونی ووڵاتانێــک یــان ئەو ئیمراتــۆرانەی تــاڕادەیەک لاوازی ناوخۆیی تەنگی پـێ هەڵچنی بـوون، هۆکارێکی تر ترس لە ئەڵمانیای ئەوکـاتە و نفوزی سەربازی و جیۆستراتیژیەکەی ،پاشـانیش بـۆ ئەوەی ئەو فرسـەتی لاوازی و نـابووتیەی نـاوخۆی ئەو دەسەڵاتانە ببینین بەتـایبەت دەوڵەتی عوسمانی کە چەندین ساڵ پێش دروستبوونی جەنگی جیهانی لاوازبوبوو تـاڕادەیەک لەبەر یەک هەڵوەشی بوو وە نازناوی پیاوە نەخۆشەکەی بەسەردا بڕدرابوو!، ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دروستبوونی جەنگی جیهانی یەکەم، سەرەتا لە (١٩٠٦) هێرشی سوپای ڕوسیای قەیێەر بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد و ناوچەکـانی بەشی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان هەتـا

کرمانشای داگیر کرت، ئەو هێرشانە بەدبەختی و ناسازی باری ئابووری بۆ سەر کوردستان دروست کرد و بە(گرانی گەورە) لە هەندێک شوێنی کوردستان ناوزەدکرابوو، پاشانیش روسیا بەشێ زۆری باکوری کوردستان و باشووری رۆژهەلاتی کوردستانیان لە (١٩١٥)دا داگیر کرد، لە هەمان کاتیشدا سوپای بەریتانیا و فەرەنسا لە بەشی باشووری رۆژئاوای ئەنادۆڵ و سوریای ئیستادا دابەزین، بۆ بەگژداچوونەوەی عوسمانیەکان بەریتانیا هانی عەرەبەکانی دورگەی عەرەبی دا بەتایبەت لە عێراق و شام کە ڕووبەڕووی عوسمانی ببنەوە و پاشانیش ئێمە هاوکاری سەربەخۆییتان دەکەیین لەم ناوچانەی خۆتاندا، ئەمەیش وای سەرانی عەرەبی کرد بەتایبەت (شریف حسین - کە بە شەریفی مەککە ناسراوو) بکەوێتە دانوستان لەگەڵ بەریتانیادا و وەعدیان لێ وەرگرێت لە ساڵی (١٩١٥)دا،لە زنجیرە دانوستانێک و ئاڵوگۆڕی سەرنج و ڕاکانیاندا لەگەڵ بەرتانیەکاندا کە بە (مراسلات شریف - مکماهون) ناسرا بوو بەڵام ئەمە زۆری نەبردو لە ١٩١٧ دا ئاشکرابوو کە بەریتانیا و فەرەنسا هیچیان بۆ عەرەبەکان نەکردبوو تەنها وەعدی درۆینە و کات بەڕێکرندن بووە، پاشانیش سوپای بەریتانیا لە بەێرەوە دابەزیو دەستی کرد بە هەنگاونان بەرەو قوڵای خاکی عێراق و بەرەو بەغدا بەڕێکەوت لە ١١ی ئازاری(١٩١٧)دا بە سەرکردایەتی(جەنەڕاڵ ستانلی مۆد)بەغدا داگیر کرا.

## ڕێکەوتننامەی نهێنی سایکس - بیکۆ:

سەرەتا ڕێکەوتنەکە نهێنی بوو لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا و روسیا بە نوینەرایەتی( مارک سایکسی) بەریتانی و( مسیۆ جۆرج بیکۆی) فەرەنسی وبە چاودێری و ئاگاداری( سیجی سازانۆفی روسی)، کە پاشان پاش شۆرشی ئۆکتۆبەر(١٩١٧)و ڕوخانی دەسەلاتی قەیسەر ئەم ڕێکەوتننامە نهێنیە ئاشکرا بوو ،بەو پێیە : ناوچەکانی بەشی ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی (هیلالی خەێیب ) یان (کەوانەی بە پیت )کە لە ویلایەتەکانی بەغداد و بەێرە کەرکوکیش هەتا کوەیتی ئێستا و بەشی رۆژاوای کەناراوەکانی کەنداوی عەرەبی دەگرێتەوە بۆ بەریتانیا بووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەها بەشی فەرەنسایش لەو ڕێکەوتنە باکور و رۆژاوای(هیلالی خەێیب) بوو لە سەرجەم کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست لە رۆژهەلاتەوە بە دەوروبەری کەنداوی ئەسکەندەرونەوە ،ئەوەی دەمێنیتەوە لە خاکی ناوەوەی عێراق و شام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ هەردوو دەوڵەت دانران، بەجۆرێک ناوچەی (A)بۆ فەرەنسا کە هەمو خاکی شام و موێڵ تا فەلەستین، وە زۆنی (B)بۆ بەریتانیا کە لەشامەوە بۆ ناو قوڵایی خاکی عێراق بە کەرکوک و بەغداد تا بەێرەوبیابانی خۆراوای عێراق سەر بەم زۆرنە بوو، وە هەرچی فەلەستینیشە بە ناوچەیەکی نێونەتەوەیی دیاری کرا،پاشان بەشەکەی فەرەنسا لە موێڵ و باکوری عیراقی ئێستا بەریتانیا داگیری کردوو، وە ئەو بەشەی کوردستانی باکور بۆ روسیا بو، هەرچەند (شریف کوری حسین علی) بە پێی ڕێکەوتنێک لەگەڵ بەریتانیادا وەعدی دروستکردنی دەولەتێکی یەکگرتووی عەرەبی لە بەشە ئاسیاکەی نیمچەدورگەی عەرەبی بە عیراق و سوریای گەورەوە دا، لەبەرامبەر دژایەتیکردن و جەنگ دژی دەوڵەتی عوسمانی (تورکیا) بکەن، ئەویش بە (مراسلات شریف هنری ماکماهون - دانوستانی - حسین ماکماهون) ناسرابوو، بەلام (شەریفی مەککە) لەناوەڕۆکی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ ئاگادار نەبوو، بۆیە پاش ئاشکراکردنی لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە وەک هەموو جیهان ئەمیش پێی زانی.

نەخشەی (١)دابەشکاری خاک لە ڕێکەوتنی سایکس - پیکۆدا.

## ڕێکەوتنامەو گۆنگرەکانی دوای سایکس - پیکۆ:

نوێنەری فەرانسا لە تشرینی دووەمی/١٩٢٠ دابەشکردنی سوریای بۆ چوار دەوڵەت و هەرێم ڕاگەیاند کە بریتی بوون لە: (حەلەب) لە باکور. (دیمەشق) لە باشور. (چیاکانی عەلەوییەکان) و (چیاکانی دروز). لە ١٩٢٥ هەردوو دەوڵەتی دیمەشق و حەلەب یەکیان گرت و بوون بە یەک دەوڵەت بە ناوی (دەوڵەتی سوریا) لە ژێر سەرپەرپەرشتی دەوڵەتی مونتەدەب،سنوورەکانیش بە شێوەیەکی یەکجارەکی دەستنیشان نەکران، بەڵکو فرانسا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستکاریی لە سنوورەکاندا دەکرد و زۆربەی جارەکان جیاواز بوون لە گەڵ بڕیارەکانی ڕێکەوتننامەی (سایکس-بیکۆ)، بۆ نموونە لە سەر ئاستی کوردی, فرانسا بە سەرپێچیکردنەوە ناوچەکانی: (جزیرەی بوتان، نسێبین، ئۆرفا، کلس، عینتاب و مرعش)ی بەخشییە دەوڵەتی تورکیا، کەچی پێویست بوو بەپێی ڕێکەوتنامەکە لە چوارچێوەی - کوردستانی ڕۆژئاوا - دا بمێنێننەوە.

هەروەها ئنتدابی فرانسا لە ساڵی (١٩٢٥) هۆزە کوردییەکانی سەر سنوری سوریا - تورکیای لە یەکتر جیاکردنەوە بە پێی ڕێکەتننامەی (فرانکلین - بۆلۆف)ی فرانسایی تورکی، کە جارێکی دیکە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی دارشتەوە، سەبارەت بە ناوچەی جزیرەش کە سێگۆشەیەکی پەرێزە، وەکو گووتمان بەپێی هەڵکەوتی شوێنی خۆی دەبوایە بخرێتە سەر وڵاتی نێوان دوو ڕوبارردا نەک بخرێتە سەر سوریا. لە ساڵی(١٩٢٠)جزیرە دوورەپەرێز ببوو لە مەڵبەندە بازرگانیە سروشتیەکەی خۆی کە شاری دیاربەکرە لە کوردستانی تورکیا، لە پازدە ساڵەی دواتریشدا سیاسەتکارانی سوریا ئەو پێشکەوتنانەیان پشتگوێ خست کە تیایدا ڕوویان دەدا.

## پەیمانی سیڤەر – ئاب - ١٩٢٠

پەیماننامەی سیڤەر بە ئامادەبوونی شاندێکی کورد بە سەرۆکایەتی شەریف پاشا مۆرکرا. هەروەها بە ئامادەبوونی بریتانیا، فرانسا، یونان، ئیتالیا، ڕۆمانیا، یۆگسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆلەندا، بەلجیکا، یابان، حیجاز، ئەرمینیای تاشناقی و تورکیای عوسمانی، پەیماننامەکە ئەم بەندانەی خوارەوەی سەبارەت بە کوردستان بەخۆوە گرت:

**بەشی سێیەم: ماددەی ٦٢:** لیژنەی دانیشتوو لە قوستەنتینیە لە سێ ئەندام پێکدێت، کە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن حکومەتەکانی بریتانیا و فرانسا و ئیتالیاوە دەپالێورێن. لە میانی شەش مانگی دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە، لیژنەکە پلانێکی ئۆتۆنۆمی پێشکەش دەکات بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات و باشوری سنووری ئەرمینیا کە دەکرێ پاشان دەستنیشان بکرێت، هەروەها بۆ باکوری سنووری نێوان تورکیا و نێوان سوریا و عیراق، هەروەک لە فەقەرەکانی ٢٧ / ١١ / ٣٢ دا چەسپاوە. ئەگەر لیژنەکەش نەیتوانی سەبارەت بە هەر مەسەلەیەک بگاتە بڕیارێکی بە کۆمەڵ، خۆ ئەوە هەر ئەندامێک لە ئەندامانی لیژنەکە مەسەلەکە بۆ حکومەتەکەی خۆی دەخاتەڕوو.

**کۆنگرەی لۆزان:** ئەوەی بۆ کورد هاتبوە پێش لە بەندەکانی پەیمانی(سسڤەردا) لە گۆنگرەی لۆزاندا(١٩٢٣) لەدەستی داو و هەمووی چوونە گیرفانی تورکەکانەوە، لۆزان بووە هۆی زەبرێکی کوشندە بەر جوگرافیای سیاسی کوردستان کەوت، هەر لەدوای گۆنگرەی سیڤەرەوە کە دەسەڵاتی کوردەکان و ئەرمەنەکان و ئیتالی و فەرەنسی و بەریتانی دیاری کرا و لە تورکیای ئێستادا پشکی باشیان بۆ دانرا، ئەمەیش هەلێکی باش بوو بۆ تورکەکان و وای لە کەمالیەکان (پاشماوەی ئەفسەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی) کرد کە دەست

بدەن چەک و بەناوی دژایەتی ئیستعمار و داگیرکەر شەر بکەن و ناوچەیەکی زۆری (تورکیای ئیستایان) کۆنترۆڵ کرد، ئەمەیش وای لە هاوپەیمانان کرد کە ئەو مەسەلەی دیفاکۆتەیەی تورکەکان هێنایانە ئاراوە لە رزگارکردنی ناوچەکانیان گۆنگرەی لۆزانی لێ کەوتەوە و تورکیای ئێستای بنیاد نا بە بەشێکی زۆری خاکی کوردانیشەوە لە باکوور.

**کۆنگرەی سانریمۆ:** ئەم کۆنگرەیە لە شارێکی ئیتالی بەناوی (سانریمۆ) بەسترا لە ساڵی (١٩٢٠)دا، بۆ مەبەستی تەواوکردنی نەخشەی سایکس بیکۆ، هەر لەو کۆنگرەدا ئیمزا لەسەر ئینتدابی بەریتانی و فەرەنسی کرا بۆ ئەو خاکانەی داگیریان کردبوو، سوریای گەورە(شام) بۆ چوار دەوڵەت دابەشکرا بوو (سوریا - ئەردەن - فەلەستین -لوبنان) وە سوریا و لوبنان بوون بە ئینتدابی فەرەنسی و عێراق و ئەردەن و فەلەستینیش خرانە ژێر ئینتدابی بەریتانییەوە.

**گۆنگرەی قاهیرە:** بۆ تاوتوێکردی ئینتدابەکانی بەریتانیا لە ساڵی (١٩٢١)دا لە شاری قاهیرە کۆنگرەیەک بەستراو مەلیک فەیێەڵی کوری شەریفی مەککەیان وەک مەلیکی عێراق دیاری کرد بۆ ڕازیبوون بە مانەوە لەو دەوڵەتە نوێیەدا ڕاپرسی بۆ دانیشتوان کرا بەڵام سلێمانی و کەرکوک بایکۆتی ڕاپرسیەکەیان کرد.

## باسی دووەم / هەل و مەرجی جیۆپۆلەتیکی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

**جیۆپۆلەتیک:** سەرەتا پێویستمان بەوە هەیە کە بزانین زانستی جیۆپۆلەتیک چیە و بەچ ئامانجێک دروست بووە؟ لە باشترین پێناسەیدا جیۆپۆلەتیک واتە: زانستی لێکۆڵینەوەی سیاسەتی زەویەو پەیوەندیەکانی بە وڵاتانی هەرێمی و جیهانیەوە، یان ئەو زانستەیە کە سیاسەتی دەوڵەت بە زەویەوە دەبەستێتەوە بە رواڵەتەسروشتی و تۆبۆگرافیەکانەوە، وە پەیوەندیە سیاسیەکانی دەوڵەت لە ڕووی سروشتی و مرۆیی و مێژووییەوە بەگۆی زەویەوە دەبەستێتەوە،

هەمیشە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جێگای تەماعی زلهێزانی ناوچەیی و جیهانی بووە لە کۆن و نوێدا، دەستگرتن بەسەر ئاوەگەرمەکاندا لە لایەن ڕوسیاوە یەکێک بووە لە ئاواتەکانیان و بەرتانیا و بیریارە جیۆپۆلەتیک زانەکانی بەریتانیا لەوانە :(سیر هلفوردماکیندەر )زووتر لەوە تێگەیشتووە کە: داگیرکردنی خۆرهەڵاتی ئەوروپا واتە: دەستگرتن بەسەر (هارتلاندا) دا،وە ئەو هێزەی دەستبگرێت بەسەر (هارتلاندا)دا ئەوە دەستی گرتووە بەسەر دوورگەی جیهاندا و پاشانیش دەستگرتنە بەسەر هەموو جیهاندا، لەم سۆنگەیەوە بەریتانیا و فەرنسا مەترسیان هەبوو کە روسیا ئەگەر دەستی بەسەر ئەورووپای رۆژهەڵاتدا بڕوات ئەوا ئاسانە بۆ ئەوەی هێزێکی زەمینی پتەوتر بێت و ئاسانتریش دەستی بگاتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاوەگەرمەکانیش لە دەریای سپی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی، دابەشکردنە جیۆگرافیاییەکەی ئەم وڵاتانە دوای ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا وا بوو کە فەرەنسا کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بەدرێژایی باشوری تورکیای ئیستا لە دەوروبەری کەنداوی ئەسکەندەروونەوە ووە کەناراوەکانی سوریا و لوبنان و فەلەستینی ئیستای کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆوە، وە بەریتانیایش کەنداوی عەرەبی لە باشووری بەێرەوە هەتا بەحرەین و بەری ڕۆژئاوای کەنداوی عەرەبی بەرکەوت، ئەمەیش ڕاستی و گرنگی رووبەری دەریایی و و کرانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر دەریادا بووە، کە دواجار قەڵەمڕەوەک و وڵاتێکی کراوەیان بەسەر دەریادا دەسەبەر کردبوو، ئەم ڕاستیە جیۆگرافیشە بۆ ئەوکات گرنگی خۆی هەبووە لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- گەیاندنی سوپا و چەک چۆڵی شەر لە ناوچەكانی تری قەڵەمڕەوی خۆیانەوە یان لە موستەعمەرەكانی تریانەوە، بۆ نمونە : هاوكاری سەربازی بەریتانی لە هندسانەوە بۆیان.

٢- بازرگانی و دەستگرتن بەسەر گەورەترین ڕێڕەوی ئاویدا بەمەبەستی گەیاندنی كاڵاكان بە ووڵاتان .

٣- چاودێریكردنی و سیخوڕی بەسەر ووڵاتانەوە .

## باسی سێیەم / دیاریكردنی سنوور و ئەو نەخشەیەی دوای ڕێكەوتنەكە هاتە ئاراوە .

هەرچەندە دابەشكردنی كوردستانی گەورە بەتەنها بۆ دەرەنجامی جەنگی جیهانی یەكەم و ڕێكەوتنی سایكس بیكۆ ناگەڕێتەوە بەڵكو سەرەتای ئەم دابەشكردنی زۆر كۆنترەو لە مێژینەترە، ئەتوانین بڵێین: دابەشبوونی سەرەتایی بۆ خاكی كوردستان و قەڵەمڕەوییەكەی بۆ شەڕی چاڵدێران دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی، ئەم جەنگەیش لەخاكی كوردستاندا و لەنێوان دوو زلهێزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (سەفەوی و عوسمانیدا) ڕووی داو بردنەوەی جەنگەكە لە لایەن عوسمانیەكانەوە كاریگەری هەبوو لەسەر میرنشینە كوردیەكان و زۆرترین خاك و جوگرافیای كەوتە بندەستی عوسمانیەكانەوە، ئەوەی مەبەستمانە لە ئەنجامی ڕێكەوتنەكەوە چەندین دەوڵەت دروست بوون، گرنگترینیان (عێراق و توركیاوسوریا و لوبنان و ئەردەن و ئیسرائیل)، سەرەتا بە یەک جار و بە خێرایی ئەو دەوڵەتانە دروست نەبوون، بەڵكو لەدوای چەند كۆنفرانسێک و كۆنگرەیەک لە ساڵەكانی (١٩٢٠) سیڤەر و سان ڕیمۆ، وە لە ساڵی (١٩٢٣) لۆزان، كە بەتەواوەتی سنورەكانی دەوڵەتی توركیا و عێراق و سوریای ئێستا ڕێكەوتنی لەسەر كرا و بەفەرمی لەسەر ئاستی كۆمەڵەی گەلاندا ناسێنرا، بۆیە كاریگەری سایكس بیۆ و دابەشبوونی جوگرافییای كوردستان زیاتر لە بەشی باشووری كوردستان و باكوور و ڕۆژئاوادا دەركەوت، واتە: لەبەشی ڕۆژهەڵاتدا جێبەجێ نەكرا، بە مانایەكی تر بەشی كوردستانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە ژێر دەسەڵاتی شای سەفەویەكاندا بوون و بەر ئەو دابەشكاریە نەكەوتن، بەڵكو ئەوان لە ڕێكەتننامەی ئەرزرومی دووەمدا لە ساڵی(١٨٤٧) دا لە نێوان عوسمانیەكان و سەفەویەكاندا بەشێوەیەک لە شێوەكان دابەشكرا بە حزووری نوێنەری بەریتانیا و ڕوسیای قەیسەر، هەروەها كە باسی ویلایەتی موێڵ دەكرێت لای توركیا بەمانای تەنها پارێزگای موێڵ نایەت بەڵكو هەرێمی كوردستانی عێراق دەگرێتەوە بە كەركویشەوە.

## بەشی دووەم: بارودۆخی دەوڵەتە نوێیەكان و هەڵكردنی سیاسی و دابەشبوونە كۆمەڵایەتیەكان لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابووردودا .

### باسی یەكەم / دروستبوونی دەوڵەتە نوێیەكان.

دروستبوونی دەوڵەتەنوێ یەكان و پەراوێزی كوردان: ئەم جەنگە و كاریگەریەكانی بوونە هۆی دروستبوونی چەندین دەوڵەت و دەسەڵاتی جیاواز، هەر لە سوریای گەورە - شام - (سوریا - لوبنان - ڕۆژهەڵاتی ئوردون - فەلەستین)ی ئێستا و عێراق توركیای ئەتاتورک لەم بەشەی باكوری ڕۆژهەڵاتی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا)، پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و دابەشكردنی مومتەلەكاتی پیاوە پیرەكە لە نێوان هێزە ئەوروپاییە كۆلۆنیالەكاندا بەپێی بڕیارەكانی ڕێكەوتننامەی (سایكس - بیكۆ) لەساڵی / ١٩١٦دا، بەشێک لە گەلی كورد و وڵاتەكەی لكێندرا بە كیانی سوریای ئنتیدابكراو لە لایەن فرانساوە بە هەمان شێوەی دابەشكردنی

هەر دوو پارچەکەی دیکەی کوردستان لە نێوان - تورکیای نوێ - و عیراق دا، مەسەلەی نەتەوەیی کوردیش هەر لە سەدەی هەژدەمەوە هاتبووە ئاراوە, واتە پێش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەی کە بەم شێوە یاسایی و کارگێڕی و نێودەوڵەتیەی ئێستا کوردستانیان لە نێوانیاندا دابەش کراوە. مەسەلەکە لە سایەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و فارسی سەری هەڵدا و خۆی لە نێوان پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتییەکاندا بینییەوە و چەند تێکستێکی یاسایی ئاشکرا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەو مەسەلەیە هاتووە, وەک پەیماننامەی سیڤەر / ١٩٢٠ و پەیماننامەی لۆزان / ١٩٢٣, پاشان جارێکی دیکە بووە بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و رووبەڕووی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوویەوە لە ساڵی ١٩٢٤ تاکو ساڵی ١٩٢٥. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە و شان بە شان لە گەل روخانی خێرای سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستاندا و سەرهەڵدانی کۆرپەلەی سەرمایەداری، کوردستانی - مێژوویی- بووە شانۆی تەنگژەیەکی سیاسی و ململانێی کۆمەلایەتی بەرەو قووڵبوونەوە دەچوو. بەلام دەستبەسەرداگرتنی بێگانە و دەستێوەردانی داگیرکاران لە کاوباری رۆژهەلات بە گشتی، تەگەرەی خستە تەواوبونی ئەم پێشکەوتنە و نەیهێشت کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو پێشەوە بڕوات، کە ئەگەر ببووایە، کوردستان لە هەموو رووبەکانەوە سیمایەکی دیکەی دەبوو، لەوانەش بەدەستهێنانی ئازادی وسەربەخۆیی وەکۆ تەواوی گەلانی دیکە.

حکومەتی عەرەبیش لە دیمەشق لە ساڵی ١٩١٨وە راگەیاندرابوو بەبێ ئەوەی دەسەلاتی هەبێت بەسەر جڵەوەی کاروبارەکان و هاتنە ژوورەوەی فرانسا وەکو دەوڵەتێکی داگیرکاری ئینتیدابکار بۆ دیمەشق لە ساڵی ١٩٢٠دا. چەکی ئنتدابیش لە سوریا و لوبنان پشتی بە دابەشکردنی ئایینی و مەزهەبی دەبەست، کە لە دوای بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان / ١٩٢٢ هات، لە سەر بڕیاری کۆبوونەوەی نوێنەرانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە - سان ریمۆ - لە ساڵی ١٩٢٠دا و پاش هەموارکردنی بەدابەشکردنی ئنتیداب لە هەمان ساڵدا.

### باسی دووەم / ململانێی دەوڵەتە خۆجێیەکان و چەوسانەوەی نەتەوە نابالادەستەکانی ناوخۆ.

پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانیش چووە ناو شەڕدا لە پاڵ ئەلمانیا، نوێنەرانی ولاتە رۆژئاواییەکانی دیکە، کە لە بریتانیا، فرانسا، روسیا و ئیتاليا پێکهاتبوون دەستیان کرد بە وتووێژ کردن سەبارەت بە دابەشکردنی ولاتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا، لە ئەنجامدا گەیشتن بە رێکەوتنێکی دەستنووس کە تیایدا - ئستانبول- ی پایتەخت و بەشێک لە تورکیا و هەندێک لە ویلایەتەکانی کوردستان ( بدلیس، موش و وان) ببن بەشی روسیا و لە نیمچە دورگەی عەرەبی چەند حکومەتێک لە ژێر پارێزگاری بریتانیا و فرانسادا دابمەزرێن و لە فەلەستینیش ولاتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکەکان بە مەرجێک کە (حەیفا و عیراق) ببن بە بەشی بریتانیا و (قەیسەریە، خەربوت و ئەدەنە)ش ببن بە بەشی فرانسا, (ئنتاکیا) ببێ بە بەشی ئیتالیا، ئەرمینیا لە رۆژهەلاتی ئەنادۆل سەربەخۆ ببێت و بەشێک لە دەریای ئیجە بۆ یونان بەجێ بێلن. لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەم ژەنرالی روسیایی - نیقۆلا ڤیچ - لە گەل هێزەکانی خۆی گەیشتنە دیاربەکر، بەلام پاش هەڵگیرسانی شۆرشی ئۆکتۆبەر پاشەکشەیان کرد.

ئەوناوچانەی کە کوردەکان لە دێر زەمانەوە تیایدا نیشتەجێن، بە دەیان جار دوچاری دابەشکردن و لکاندن بوونە و پاش دابەشکردنەکانی - سایکس بیکۆ - کە چەند جار سنووری نێوان سوریا و تورکیای دارشتەوە، کوردەکان وێڕای بە پارچەکردنیان هەر لەو شوێنە مێژووییانەی خۆیان مانەوە کە تیایدا نیشتەجێن بە لایەنی کەمەوە لەوەتەی نووسەر و فەیلەسوفی یونانی کۆن -

کزینەفۆن- ناویانی هێناوە (٤٣٠- ٣٥٥ پ. ز) کە بەرەو روویان ببونەوە لە میانی شاڵاوە ناودارەکەی یوناندا بۆ سەر ئێران لە ٤٠١ پ . ز لە کاتی ململانێیاندا لە سەر کورسیی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە. پاش کوژرانی سەرکردەی شاڵاوەکە کەزینەفۆن بوو بە یەکێک لەو سەرکردانەی کە سەرپەرشتی کشانەوەیان کرد بە نێوان ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە پێی رای رۆژهەڵاتناسەکان و زانایان و مێژوونووسانی عەرەب ناوچەی میسوپۆتامیا بەبەردەوام ناوچەیەکی زیندوو و کراوە بووە لە بەردەم گشت ئاراستەکاندا و لە رووی توخمەوە چەندین سەدەیە تێکەڵەیە و زۆربەی سەلالەکانی ئاسیای رۆژئاوا و رەگەزی (ئەلبینی)ی دەریای ناوەراستی گرتووەتە خۆی، ئەوەی شانسی نەبوو لە سایکس بیکۆدا ئومێد وایە کە ئەم سایکس بیکۆ نوێ یە قەرەبوو بکرێنەوە، بێگومان ئەویش ئەوا سانا نیە و لێبڕاوی نەتەوەکانی وەک کورد و بەربەر وهتد، دەوێت کە تاچەند ژیرانە دەتوانن سوود لەو نەخشە نوێ یە وەربگرن کە دووبارە لەسەر خوێن بنیاد دەنرێتەوە.

## باسی سێیەم / هیلالی خەێیب(کەوانەی بەپیت)

ئەم زاراوە جیۆگرافیە (هلال الخێیب) لە لایەن شوێنەوارناسێکی ئەمریکی (جیمس هنری برستد ) دانرا، کە حەوزی (ئاوزێڵی) رووباری دیجلەو فورات لەگەڵ بەشی کەناری لە شام دەگرێتەوە، یان : هەموو ئەو زەویە بەپیتانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ئەمبەر و بەری باکوری کەنداوی عەرەبی، پاشان بەرەو باکوور بە تەنیشت و تەریبی ئەمبەر و بەری ڕوبارەکانی دیجلە و فورات (میسۆپۆتامیا) درێژ دەبێتەوە و پاشان بەکەوانەیی بەرەو باشووری رۆژاوا بە دامێنی کەناراوەکانی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دا دەشکێتەوە تا دەگاتە نیمچە دورگەی سینا، باشترین زەوی و لانکەی کۆن و نوێی مرۆڤایەتی بووە، زیندووبونەوەی مرۆڤ لە دوای تۆفانەکەی سەردەمی نوح لێرەوە دەستی پێکردۆتەوە، زۆرترین ململانێکانی لەسەر دروست بووە، شوێنگەی بەشی هەرە زۆری ئایین و شوێنکەوتووانی ئایینە جیوازەکان بووە.

ناوی (هلال الخێیب) واتە: مانگی بە پیت، یان کەوانەی بەپیت، هەر لەبەر گونجاوی بۆ ژیان وژێواری مرۆڤایەتی ئەو ناوەی بەسەردا بڕدراوە، زۆرترین جموجۆڵی مرۆڤایەتی تێدا بووە، پێش زایین بە (٩,٠٠٠) ساڵ کشتوکاڵ تێیدا گەشەی کردووە، پێش زایین بە (٢٥٠٠) سۆمەریەکانی تێدا ژیاوون کە خاوەنی نوسین و یاسا بوون، ژمارەی دانیشتوانی ئەم هیلالە بە (١٢٠)ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێت.

---

یەدەک وجیۆپۆلەتیکی وزە( نەوت و گاز )لەم ناوچانەدا: ئەوەی لەماوەی ئەم (١٠٠) ساڵە تێپەڕی دروستبوونی چەندین دەسەڵاتی خۆسەپێن بوو لەسەر خاڵکی سنوربۆکێشراوی دوای سایکس بیکۆ، لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن نەوت و غاز و یەدەکیێکی زۆر و زەوەندە، غاز بەمانای - سیاسەت - دیت و نەوتیش بەمانای ئابووری، غازی سروشتی ئایندە و هەم بەدیلی نەوت لە دوای ئەو گۆرانکاریەی دێت لە ناوچەکە و پشکی وڵاتانی بەشدار لە ئەنجامی تەواوبوونی شەری داعشەوە، جیۆگرافیای ناوچەکە وا هەڵکەوتووە کە زۆرترین دەرامەتی سروشتی لەوانە (نەوت و غازی سروشتی ) لەم ناوچانەدا هەیە، بەتایبەت کە یەدەگی غازی سروشتی بە(٢٢٥ترلیۆن م٣) دادەنرێت لە ژێر ئاوی دەریای ناوەراست و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، تەنها لە

هەرێمی کوردستانی عێراقدا یەدەگی نەوت بە(١٦٠)ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت، وە غازی سروشتیشی بە(٥,٧ ترلیۆن م٣)مەزەندە دەکرێت.

## بەشی یەکەم / باس و خواس لە نەخشەیەکی نوێ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست(خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ).

وەک ئاشکرایە هەر لە دوای ١٩٩١ وە و هاتنی سوپای ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان بۆ کەنداوی عەرەبی و لێدانی گورزی گەورە لە ڕژێمی بەعس ئیتر هەل و مەرجێک و گۆڕانکاریەکی نوێ لە کۆتایی سەدەی بیستدا ڕووی دا، زۆر باس و توێژینەوە و ئەگەر هاتە ئاراوە، چەندین نەخشە و پێشنیار و گەلاڵەی جیاجیا دەکرا، لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی (١٤) دەوڵەت لە پاشماوەکەیدا گۆڕانێکی گەورەبوو ،وە لەدوای (١٩٩١)و پاش تەواو بوونی جەنگی سارد و (جیهانجەمسەری) بۆ ئەمریکا و ساغبوونەوە کە گوایە هەر ئەمریکا تاک جەمسەرە و پاشانیش ١١ی سێپتەمبەر ئەوندەی تر سۆزی وولاتانی تری بۆ خۆی راکیشا و کارتی سپی بۆ ئەمریکا والا کرد و هەتا داگیرکردنی عیراق لەسەر ئەو ریتمە بوو بەڵام لەدوای شکستی لە عیراق و نەهێنانە دی ئامانجەکانی کە عیراقێکی فرەیی و دیموکراسی بوو، ئەم کۆتایهاتنەی جەنگی سارد لە ١٩٨٩دا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی لێ کەوتەوە و ئەمریکای وەک تاکلایەنی یەکلاکەرەوە بۆ کەنداوی عەرەبی و خودی عێراقیش دەستواڵا کرد بۆ بردنی نەوتی عێراق و پارێزگاریکردنی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

یان ملدانی بلۆکی ڕۆژهەلاتی بوو بۆ بلۆکی خۆرئاوایی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و بردنەوەی جەنگە ساردەکە لە یەکێتی سۆڤیەت، پاش ئەمەیش دروستبوونی هەرێمێکی کوردی سەبەرخۆ لە چوارچێوەی عێراقدا گۆرانکاریەکی تر بوو لە نەخشەی (سایکس بیکۆ)، هەر لەو سەروبەندەدا ئەوروپای رۆژهەلاتی گۆرانی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی جیۆسیاسیەوە لەوانەیش بەشبوونی (یوگسلافیا)ی جاران بۆ چەند دەوڵەتێک، پا ش ئەمانەیش سەربەخۆیی تەیمووری خۆرهەڵاتی لە ئەندەنوسیا و ئەریتریا لە ئەسیوبیا، دواترینیشیان جیابوونەوەی باشووری سۆدان بوو لە ساڵی (٢٠١١ ز)، ئەمە سەرەڕای سەربەخۆبوونی چەندین دەوڵەتی ئەفریقی و ئاسیایی لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابووردووەوە، تورک و عەرەب دژی سایکس بیکۆن و بە ڕوونی ڕەخنەی توندی لێ دەگرن، تورکەکان: وای وێنا دەکەن کە زەربەیەک بووە بەر گەلی تورک کەوتووە و تورکیا لە قوڵاییەکی گەورەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئەنادۆڵی تەسکدا کورت کردۆتەوە، بەهەمان شێوەیش عەرەبیش دڵێت: سایکس بیکۆ بوە هۆی پێدانی وەعدی بەڵفۆر بە جولەکە و ناوچەکەیانی بۆ(٢٠) دەوڵەت و ئەمارت دابەشکرد، لەکاتێکدا ئەوان تموحی زۆر زیاتریان لەوە لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی هەبوو کە میراتی دەوڵەتی عوسمانی (بەشەعەرەبیەکەی بۆ خۆیان وەدەست خەن)، بەلام ئەم نەخشەی پێشوو(سایکس - بیکۆ) بۆتە هۆکاری چەندین گرفتی گەورە و پێشلکاری ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی بۆنموونە: هەر لەکاتی دامەزراندنی عێراق لە (١٩٢١)دا مافە ئایینی و کەمینە نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی توندو بەرچاو پێشێلکراوە، وەچەندین دەقی لێدوان و ووتاری بەرپرسان و سیاسیەبڕیار بەدەستەکانی جیهان وشارەزایانی ناوچەکە هەیە کە پێیان وایە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دابەشبوونێکی تر و نەخشەیەکی سیاسی نوێ هەنگاو دەنێت، بەمانایەکی تر سایکس بیکۆیەکی تر بەڕێوەیە، لەوانە:

١- (تۆنی بلێر ) سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا دەڵێت : هەل و مەرجی ئەوکاتەی سایکس بیکۆی تیادا دروست بوو زۆر جیاوازە لە ئێستەو پێویستە نەخشەکان چاوپێداخشاندنەوەی پێدا بکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە پەلاحیەتی سایکس بیکۆ نەماوە.

٢- جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا(نعمان قورگولموش) لە ١٨ی ئایاری ٢٠١٥ دا ڕایگەیاند: کە ناوچەکە بەرەو دابەشبونێنێکی سیاسی تر دەڕوات هاوشێوەی سایکس بیکۆ، سوریا بۆنزیکەی ١٠ بەش دابەش بووە، عێراق بۆ ٣ بەش و لیبیا بۆ ٢ و یەمەن هەروەها و میسریش دابەشبونێکی سیاسی توند.

٣- چەندین سیاسی و بیریاری جولەکە لە ساڵانی هەشتکاندا و دواتریش پێشبینی و پلانیان بۆ نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەببووە لەوانیش: پلانەکەی( یینون ١٩٨٢) کە پیشبینی کردبوو نەخشەی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای نەتەوە ومەزهەب دابرێژرێتەوە.

٤- ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و ڕوخاندنی چەندین دیکتاتۆری ناوچەیی یەکێکی ترە لە ئاماژەی گۆڕانکاریەکانی بەشەکۆنەکەی سایکس بیکۆ، پاشانیش دابەینی بەرچاوی نرخی نەوت بۆ خوار ٣٠$ گورزێکی ترە لەئابووری وولاتانی ناوچەکە، چونکە زۆربەی وولاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وولاتی ڕەیعی و نەوتین و داهاتی سەرەکی گەورەیان لەسەر نەوتە، داواجاریش کاریگەری لەسەر نەخشەی سیاسی ئەم وولاتانە دروست دەکات هاوکات لەگەڵ فاکتەرە کاریگەرەکانی تر.

٥- ئەو ڕووداوانەی لە ساڵی ٢٠١٤ دا ڕووی دا، بەتایەبەت کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خیلافەی ئیسلامی لە لایەن (داعشەوە) زۆرێک لە بیریاران و شارەزایان بە تەواوکەری بەهەمان ئەو هەوڵانەی پێشووی (شەریفی مەککەی) دادەنێن بۆ دروستکردنی خیلافەیەکی عەرەبی ئیسلامی لە عێراق و شامدا لە ئانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەبەرامبەر دژایەتیکردنی تورکیاو عوسمانی لەو کاتەدا، وە وەعدێکی ئیمرالیستی جیهانیشی لەوکاتەدا پێ درابوو.

٦- گرتنەوەی ناوچەکانی مەشموول بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لەدوای هاتنی داعش و نسکۆی هێزە عێراقیەکان لەو ناوچانەدا و پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە.

٧- خەندەقەکەی باشوری کوردستان لە مانگی (١٢ی ٢٠١٥)بەدرێژی نزیکەی (١٣٠٠کم) لە جەلەولاوە هەتا سنووری سوریا بەڵگەیەکی تری نەخشەی نوێیە - (هەرچەند بە مەبەستی پاراستنی ئەمنیەت ناو دەبرێت بۆ هەرێمی کوردستان).

٨- بە پێی ووتە و نوسینی گەورە راوێژکار و لێکۆڵەرە ئەمریکی و رۆژئاواییەکان تازە عیراق و سوریا وەک ڕابوردویان نەماونەتەوە بۆ نمونە: جۆن بۆڵتۆن یەکێکە لە موحافزکارە نوێکان لە سەردەمی (بوش)دا باڵوێزی ئەمریکا بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیستاش لە پەیمانگای (ئەنتەرپرایز) کار دەکات کە دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەی نزیکی نێوەندی بڕیاری ئەمریکایە، لە وتارێکی (نیۆرک تایمز)ی دا کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاو بووەتەوە دەڵێت:

سووریا و عێراق بەو شێوەیەی هەبوون کۆتاییان هاتووە و ئالتەرناتیفی (دەوڵەتی ئیسلام)یش پێکهێنانی (دەوڵەتێکی سوننە)یە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانە عەرەبەکانی و بە پشتیوانی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری عێراقەوە، بەپێی بۆڵتۆن، ئەم دەوڵەتە

سوننیە هێزی بەردەوامبوونی دەبێت لەبەرئەوەی نەوت لەسەر خاکەکەی هەیە (١٣بیر لە عێراق و، ١٧٠بیر لە سووریا) و ئەمەش بە دابەشکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ کورد و بە سەرپەرشتیی ئەمەریکا.

## باسی دووەم / قۆناغی دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس ٢٠٠٣ و هەلێک بۆ کورد .

ئەم قۆناغەیش گرنگی خۆی هەیە چونکە سوپای ئەمریکا ڕاستەوخۆ دێتە ناو خاکی عێراق و خودی خۆی ململانێکان دەکات، ئەوەی ئەمریکا ویستی بیکات لەعێراق لە عێراقیشەوە بۆ وولاتانی دیکەی دەوروبەر کە پێتر نەخشەی بۆ کێشابوو وا دەرنەچوو، نەخشەی نوێی (ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە) کە ئەوکات زۆرترین باس و خواسی لەسەر دەکرا دوای بەئەنجام نەگەیشتنی پلانەکەیان لە عێراقدا ئیتر ناچار بوون بیر لە پلانی تر بکەنەوە، بۆیە ئەو سەردەمەی جاران لەسەرەتای جەنگی یەکمی جیهانی و دووەمی جیهانی ڕۆیشت کە زلهێزەکان هەر لە دوورەوە وبە ڕاستەوپارچە کاغەزێک چەند چەندپارچە ڕاستەهێلێک بکێشن و ناوی بنێن نەخشەی نویٚ!، هەر وەک کاتی خۆیی بەریتانیاو فەرەنسا لە ئانی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانیدا کردیان ( بۆنمونە: لە کاتی سەردانیکردنی سەرۆک وەزیرانی فەرنسا – کلمنێو - بۆ لەندەن لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا لە باخچەی سەفارەتی فەرەنسادا بەدەم پیاسەکردنەوە سەرۆک وەزیرانی فەرنسا ووتی چیت دەوێت پێم بلێ؟: ئەویش ووتی : موێلم دەوێت، سەرۆک وەزیرانی فەرەنسایش ووتی : فەرموو بۆ تۆ ! )،بۆیە: ئەم هەل و دەرفەت و هەم دەسکەوتیش بوو بۆ کوردانی عێراق، ئەتوانین بلێین: ئەم ڕووداوەی کەوتنی ڕژێمی سەددام حسین لە(٢٠٠٣)دا بە سەرپەرشتی هاوپەیمانان دووەم دەرفەت بوو بۆ کوردان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە.

## باسی سێیەم / قۆناغی کەوتنی موسڵ و جەنگی دژ بە داعش

بارودۆخی ناوخۆیی عێراق هەر لە کاتی عاتنی ئەمریکاوە دژواری زۆری بەخۆیەوە بینی و ئەو بۆمبە تەوقیتکراوەی چەندین ساڵە چێنرابوو تەقیەوە، ئەویش زیندووبوونەوەی کێبرکێی مەزهەبی، بەڵێ دوای شەری گروپە چەکدارە سونەکان و هەم شیعەکانیش دژ بە ئەمریکا لەناو عیراقدا تەنها کوردستان بووە هۆی هەوێنی هەیکەلەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و پەیوەستبوونی سیاسی، بەلام پاش بێئومێدبوونی ئەمریکا لە نەخشە و پلانەکەی لە ناوچەکدا و شکستی چەکداری و تۆمارکردنی مێژوویەکی خوێنین و ستەم بەرامبەر هاولاتیانی عێراقی بڕیاری دەرچوونی دا، پاش پاشەکشەی سوپای ئەمریکا ڕەوشەی ئەمنی ناوخۆی عێراق باش نەبوو، بەڵکو ململانێ مەزهەبی پێی نایە قۆناغێکی ترسناکترەوە، ئەم ڕەوشە خراپەیش بەردەوام بوو هەتا بێ ئومێدبوونی پێکهاتەی سونەی عێراقی لە دەسەلات و هێزی سوپای عێراقی کە پێکهاتە زۆرینەی شیعە بالادەست بوو تیایدا، بۆیە: ئەم بارە ڕیگای خۆش کرد بۆ گروپە توندڕەوەکانی سونە لە عێراق و شام کە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە بدەن لە دژەکانیان، بۆیە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامیان لە هەندێک لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕومادی و ڕەقەدا ڕاگەیاند، پاشانیش کار گەیشتە ئەوەی کە فرسەت بێنن و لە شەوی ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا لە سوریاوە بگەنە موێل و داگیری بکەن، هەر دای ئەم ڕووداوە مێژووییە سوپای عێراق خۆی لەبەر چەکدارەکانی داعشدا نەگرت و خەڵکی مەنکوب و پەراوێزی سونەکان پاڵپشتی داعشیان کرد دژ بە سوپا و هێزە شیعەکان، بەڵێ: دوای داگیرکردنی ناوچە سوننیەکان هەتا تکریت و جەلەولای سنوری ئێران و نزیبوونەوەی داعش لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئیتر ئەمریکا و تورکیا و ئیرانیش هاتنە سەرخەت و بە توندی دژی داعش وەستانەوە بەتایبەت ئەمریکا و پاشانیش هاوپەیمانیەتیەک لە

**دژی داعش پێکهێنرا، هاوشانیش سوپای پێشمەرگە بەرگری لە زۆرترین سنووری هەرێمی کوردستان کرد و زۆربەی ئەو شوێن وجێگایانەی سوپای عێراق چۆڵیان کردبوو پێشمەرگە پڕی کردەوە بە درێژایی (١٠٥٠)کم.**

**خشتەی (١) لێکچواندنێک لە نێوان هۆکارو و لێکەوتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و ئەنجام و لیکەوتەکانی جەنگی دژی داعش.**

| جەنگی جیهانی یەکەم | جەنگی دژی داعش |
| --- | --- |
| ١٩١٤ دەستی پێکرد | ٢٠١٤ دەستی پێکرد |
| ١٩١٨ کۆتیی پێهات | باوەڕ وایە کۆتایی ٢٠١٧ کۆتایی پێ بێت |

| | |
| --- | --- |
| گۆڕانکاری گەورە لە ئەنجامی جەنگەکەوە هاتە کایەوە | گۆڕانکاری گەورە لە ئەنجامی ئەم جەنگەکەوەدێتە کایەوە |
| هێزە جیهانی و ناوچەییەکان بۆ دوو بەرە دابەش بوون | هێزە جیهانی و ناوچەییەکان بۆ دوو بەرە دابەش بوون |
| تورکیای ئەوکات زۆرترین رۆڵی بینی | تورکیای ئیستا زۆرترین رۆڵی دەبینێت |
| گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە دروست بوو | گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە دروست دەبێت |

**خشتەی (٢) کۆتاییهاتنی سنووری سیاسی سایکس بیکۆ و بەرژەوەندی و دژایەتی لایەن و وولاتەکان.**

| | |
| --- | --- |
| ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ مانەوەی سایکس بیکۆدایە | ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ تێکشکاندنی سایکس بیکۆدایە |
| خاوەن دەسەڵات و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە | گەلانی پەراوێزی پێشوو وەک : کوردان |

**گروپەمەزهەبیەکان : چونکە هێزەکانیان پەرت دەبن ،لەبەر ئەوەی وا پێدەچێت نەخشەی نوێ لەسەر بنەمای خوێن و پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینیەکان دروست بکرێتەوە. ئیسرائیل : چونکە دژەکانی پەرتتر دەبن**

**تورکیا : چونکە لەپاش دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە دراوسێی خۆیەوە ئەوا بارودۆخی ناوخۆیی بە سەقامگیری نامێنێتەوە. بانگەشەکارانی عروبە و نەتەوەیایەتی عەرەبی: چونکە پێیان وایە ئیتر نەخشەکانی پێشوو بەربەست درەست ناکەن لەبەردەم یەکنەتەوەیی عەرەکان.**

**ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی: چونکە دروستکەری ئەم گۆڕانکاریانە لە لایەن ئەمریکا و دۆستەکانیەوە دەبیت و لە بەرژەوەندی ڕوسیا نابێت. ئەو گروپ و حزبە ئیسلامیانەی بانگەشەی دروستکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی دەکەن، وەک: داعش بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە .**

## دەرەنجام و پێشنیارەکان:

**لە ئان و سات و ئەگەری کۆتاییهاتنی ئاسەوارەکانی سایکس-بیکۆدا ئەبێت ئەو گەلانەی لە ١٠٠ساڵ پێش ئێستادا نەیانتوانی یان ڕێگەیان پێ نەدرا یان کاندیدی لە پێشتر هەبوون بۆ سەربەخۆبوون، ئەوا: ئێستا دەبێت ئەو هەڵەیە قەرەبوو بکەنەوە و جارێکی تر**

نەچنەوە ژێر نیری دەسترۆیشتووەکان و پلان و ئامادەگی پێشوەخت هەبێت بۆ دەرفەتی کەڵک وەرگرتن لەو گۆڕانە گەورەیە، بەتایبەت کورد کە ستەمدیدەترین و بێ بەشترین میللەت و گەل بووە کە لە (١٠٠) ساڵی ڕابوردودا بەهۆی سنورە بۆکێشراوەکانەوە گرفتی زۆر گەورە و برینی قوڵی تووش بووە لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەوە.

لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەم دەرەنجام و هەڵێنجراوانە:

١- بوونی پەیوەندیەکی باسی سیاسی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەگەڵ هێزەکاندا بۆ بەرەوپیر چوونی ئەم گۆڕینە سیاسی و جیۆگرافیە گەورەیە.

٢- سایکس بیکۆ لەسەر لم دارێژرا بەڵام ئێستا بە خوێن بونیاد دەنرێتەوە، بۆیە کاندیدی بەهێز گەلی کورد و کوردستانیانە بۆ ئەو بابەتە.

٣- هەڵکەوتەی جیۆگرافیایی کوردستان هۆکارێک بوو بۆ نەبوونی فرسەت و شانسی بوون بە دەوڵەت، ئەوەی دیارە هەڵگەوتە و جێکەوتی جیۆگرافیایی کوردستان بە بوونی زۆرترین دابڕان و لێکترازانی چیایی و زینجیرە چیا فراوان و سەختەکانەوە، وە دووری شارەکان لەیەکتر و بچووکی ناوەندە شارنشینەکان و بە هۆکاری دابڕانی سروشتی لە نێوانیاندا فاکتەری سلبی بووە بەسەر یەکگرتووی خاکی کوردستان و تێکەڵاوی زیاتر، وە کاریگەری کراوەیی جیۆگرافیایی کوردستان لەڕووی دەریاوە هۆکارێکی تری بێ بەشبوونێتی لە زۆر شانسی تر لەوانەیش دەوڵەتی سەربەخۆ، کە دیارە بۆ ئەوکاتە و ئێستایش وولاتانی کراوە لە ڕووی جیۆستراتیژی و ئابوری و پەیوەندی و کۆمەڵایەتیەوە کاریگەری زۆرە، ئەوەی دیارە زۆربەی هەرەزۆری وولاتانی درووستبوو لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆوە وولاتی کراوەن: وەک تورکیا - عێراق - سوریا - لوبنان - ئیسرائیل (فەلەستین)- کوەیت و بەحرەین و هتد، جگە لە حالەتێکی دەگمەنی وەک وولاتی (ئەردەن)نەبێت کە هۆکاری و فاکتەری تایبەت تری هەیە بۆ دروستبوونی، هەر بۆیە: ئەگەر ئەو فاکتە سروشتی و تۆپۆگرافیانە بۆ ئەوکات هۆکاری یاریدەدەر نەبوون (لە پاڵ هۆکارە سەرەکیەکانی تری وەک: ویستی زلهێزە جیهانی و بەرژەوەندیەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا) ئەوا بۆ ئێستا ئەو فاکتە سروشتیانە ئەتوانین بڵێین کاڵ بوونەتەوە.

٤- بەردانە گیانی یەکتری شیعە وسونە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەراست یەکێکی ترە لە ئارامگریەکان بۆ ئیسرائیل و لادانە نیزە و ڕمی نەیارانی ئەمریکا بۆ یەکتر لە بری ئەمریکا خۆی .

٥- بەهاری عەرەبی: هۆکاری سەرەکی و سەرەتایی بوو بۆ درزبوونی سنورە پارچە ڕاستەهێڵەکان.

٦- لە نێوان هیلالی کۆمەڵایەتی شیعی و هیلالی سونیدا پێویستە کوردیش هیلالێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و هەماهەنگی کوردان لە هەموو پارچەکان لە هەرکاتێکی تر سازتر بێت بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژاوادا.

٧- قۆستنەوەی شەری دژ بە داعش لە لایەن پێشمەرگە و شەرڤانانەوە بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی و دانپێدانانە دەولیەکان.

٨- ئەگەر بەریتانیا و فەرەنسا ڕازی بوونایە بەوەی دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامی بۆ شەریفی مەککە دروست بکەن هەروەکوو وەعدیان پێدابوو ئەوا ئەتوانین بڵێین: کوردستان لەم حاڵەدا نەدەبوو وە تورکەکان دەستیان کورت دەبویەوە و سنووری دەوڵەتەگریمانەیەیەکەی شەریفی مەککەیش تەنها ویلایەتی بەغداد و بەیرەی تیادا دەبوو .

٩- دارشتنەوەی ئەمجارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەماەی خوێن و نەتەوە و زمان و مەزهەبە، بۆیە: دیسان کورد کاندیدێکی بەهێزترە بۆ ئەو پۆستەی دەوڵەتداریە.

[سەرچاوەكان ]


١- د.جاسم سلگان: جیوبولیتیک،الگبعه الاولی، دارتمکین للابحاپ والنشر، لبنان - بیروت، ینایر٢٠١٣.

٢- رحمه محمود: الوفد، مجله ڕمریکیه: "سایکس بیکو" یعود من جدید لتقسیم الشرق الڕوسگ ،١٦اغسگس٢٠١٥.

٣- د.کامل ابوڤاهر: الجیوبولیتیکا و الجغرافیهالسیاسیه،الفێل السادس،٢٠١٢.

٤- عبدالحسین شعبان: مقاله سایکس - بیکو "الپانیه" ڕو ما بعد الکولونیالیه، مؤسسها ورئیس التحریر إیاد الزاملی،مجله کتابات، شباگ، ٢٠١٣.

٥- نوزاد المهندس: اتفاقیه سایکس بیکو الجدیده فی المنگقه!، جریده إیلاف، ٢٠١٦ الڕحد ١٤ فبرایر .

٦- جوزیف س.نای: القوه الناعمه،ترجمه:د.محمدتوفیق البجیرمی،الگبع الاولی،HSBN: ٣ — ٢٠٣ - ٥٤- ٩٩٦٠،دوله السعودیه - الریاچ-،٢٠٠٧.

٧- مقابله عسان شربل مع بارزانی: جریده الحیاه، ٧ فبرایر/ شباگ ٢٠١٥.

٨- مئه عام علی سایکس بیکو، عبدالستار قاسم، موقع قدس بریس،الخمیس ٢٨ - ١ - ٢٠١٦.

٩- محمد محبوب: ساکس بیکوجدیده، جریده ێباح، ٣٠ - ١١ - ٢٠١٥.

١٠- فاروق محمد امین: سیاسیەتی ئێران بەرامبەر بە جوڵاندنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور،چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی ، ژ.سپاردن ١٠٩٥،٢٠١٤.

١١- د.عبدالله عزتی: جیۆپۆلەتیک،زەرگێرانی:کمال رشید شریف، ژمارەی سپاردن بە کتبخانەی سەنتەر ٥\٢٣\٤، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کورستان،سلێمانی ،٢٠٠٤.

١٢- شەری چاڵدێران دوای ٥٠١ ساڵ، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، ماڵپەڕی باس، ٢٣ — ٨ - ٢٠١٥.

١٣- ڕۆڵی عەلمانیەت لەدروستبوونی مەینەتی کورد، مسعودعبدالخالق، چاپی دووەم ، ژ.سپاردن ٧٦٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤- سەلاح بەدرەدین: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا، تێڕوانینێکی ڕەخنەیی لە ناوەوە،ماڵپەڕی هێڤگرتن.

١٥- ڕێکخراوی - CDO - : کەمینەکان لە عێراقدا، توێژینەوەی میدانی، ٢٠١٢.


١٦- http://www.rabmirror.com٢.


سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕیکەوتی: ٦ای مەی ٢٠١٦

# سایکس - پیکۆ بۆ خراپە

## چیمەن سالح

لەم ماوەیەدا، کە بیرهاتنەوەی رۆژی سەدساڵەی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆیە، کە بووە هۆی ئەو نەخشە دەستکردەی کە تا ئێستا



وڵاتانی ئەم ناوچەیەی لێ دروست بووە. دوای سەدساڵ نەک هەر گونجان نییە. نەک هەر پێکەوە ژیان نییە بەڵکو لە هەموو شوێنێکی جیهان زیاتر تیاییدا مرۆڤبوونی تێدا پێشێل کراوە. بە بن دەست و سەردەستەکانییەوە، هەر یەکەیان بە جۆرێک دووچاری گرێیەک بووە، کە خۆشگوزەرانی لێ سەندووەتەوە.

ئەم رێککەوتننامەیە بۆ دابەشکردنی میراتی بەریتانی و فەرەنسییەکان بوو. کە لە مێژووی دواتردا وەکبەرگریکاری مافی مرۆڤ هاتنەوە نێوکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بوون بە ئەندازیاری چەندان یاساو بڕیاری نێودەوڵەتی بۆ پارێزوانیی کردن لە مرۆڤ، بەڵام هەر کەلێنێکی ئەو ئاوەی وشک نەکردەوە کە رێژایان و بە تایبەتی بۆکورد بوو بە حەوزی خنکان لە نێو بێ مافی و جینۆسایدکردن و قڕکردنیدا بە دەست ئەو گورگانەوە کە وەک مەڕ پێیان سپێردرا و نە کوردبوو بە بەشێک لەوان و سەری بۆ دانەواندن، نە ئەوانیش دەستییان لە تاوان هەڵگرت.

لەم ماوەیەدا باسکردن و لێدوان لە سەر سایکس پیکۆ گەرمە. گەورە هێزەکانیش کە لە ئاست ئەوشەپۆلی بێ ئارامییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستەوەستان بوون، خەریکن کە باس لە داشتنی نەخشەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە بکەن، بەڵام ئەمجارە مێژوو گۆڕاوەو گەلان گۆڕاون.

ئەم رێککەتننامەیە بە جۆرێک بووە وەک ئەوەی هێڵەکان بەڕاستە بکێشرێت، بەجۆرێک کە سایکس لە داونن ستریت دەستی لەسەر نەخشەکە بووە و بە هێربەرت ئەکواستی سەرۆک وەزیرانی بەریتیای راگەیاندووە، کە دەیەوێ هێڵێک بکێشێ لە ئی یەوە تا کەی واتە تا کەرکووک.

بەم جۆرە کورد بەتەواوی کەوتووەتە بە بێ بەزەییتی راستەیەکەوە کە تەنیا هێڵ کێش بووە لە سەر نەخشەو حیسابی بۆ مرۆڤ نەکردووە.

بێجگە لەوەی ،کە لەم دووساڵەدا بە دەیان بیروڕای نووسەران، سیاسەتمەداران بەرپرس و وتە بێژی رەسمی دەوڵەتان و رۆژنامەو گۆڤارو ناوەندە بەهادارەکان بڵاو بووەوە بۆ پشتیوانی و هاوسۆزی لە گەڵ کورد. تەنانەت پشتیوانیکەری لە نوێش بە گەرمی هاتنە پێشەوە، ئەوەتا لە وڵاتێکی وەک ئیستونیا کە تازە خەریکە لە نێوکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا رێز پەیدا دەکات، خەریکە جوڵانەوەیەک

دروست دەبێ بۆ پشتیوانی لە مافی کورد. هە لە دوو ڕۆژی رابردوودا چوار راپۆرتی نێودەوڵەتی کە نوێنەرایەتی هێزی جیاواز دەکەن، ئەمریکا، روسیا، یەکێتی ئەوروپا، ئیسرائیل یش بە شێوازێکی جیاواز. ئەو ڕێککوتننامەیەبە بنەمای ناسەقامگیری رۆژهەلاتی ناوەڕاست دادەنێن .. مەگەر عەرەبێکی شۆڤینی. یان پرۆ سیسەتێکی دژ بەمافی کوهرد لە ناوچەکە رایەکی جیاوازی هەبێ یان کەسێک کرێکاریی بۆ ئەمانە بکات، ئەگەرنا ٤٠ ملیۆن مرۆڤ ناکرێ بێ بەها بکرێ.

لە کاتێکدا ئێستا ئاراستەی جیهان دژ بە کردەوەی درندانەوە بێبەشکردنی مرۆڤەلەمافەکانی، لە چەند رۆژی داهاتوودا لە ئەستەمبوڵ بالاترین و فراوانترین و یەکەمین کۆنگرەی مرۆیی دەبەستێ لەسەر ئاستی جیهان کە تا ئێستا نەبەستراوە و مەترسی پەیدابووە لەسەر زیاد لە سنور پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. ئۆباما سەردانی هیروشیما دەکات. ئەوەی لەم سەردەمەدا دژ بە مافەکانی تەنانەت یەک مرۆڤیشە نەک چل ملیۆن کەس، تەنیا هەندێک دەسەلاتی ئاخنراون لە تاوان و لە جیهاندا ناسراون، لەگەڵ داعش و داعشییەکان، ئەوەی هەڵگری رای دژ بە مرۆڤیش بێ، لەگەڵ یەکێک لەمانەدا دەبێ هاوبەش و خاوەن بەرژەوەندیی بێ. ئەگەر نا دژ بە مرۆڤ بوون لێکدانەوەی دیکە هەڵناگرێ.

کەسێک کە مایکل رۆبنە و خۆی وا دەردەخات کە دژایەتی لایەنێکی سیاسیی دەکات لە کوردستان، ئەوەیان کێشەی خۆیەتی بەڵێم کە بێتە سەر ئەوەی زۆرڕۆیی بکات لەسەر نەتەوەیەک،ئەوەیان کێشەی هەموو مرۆڤ دۆستێکە. خەڵکانی تر کە مەبستی دوورتریان هەیە هەمیشە لەرێی خەڵکی ئاسایی و کەمتر هوشیار دێنە ژوورەوە، بەلام ئەو رێگای زۆر تاقیدەکاتەوە، بابەتێکی ئەو کەسم بینی لەسەر سایکس پیکو بەهەمان ئانیشان نوسیبووی ،بەلام بۆ مەبەستی جیا. بەداخەوە هەندێک کەناڵی ئەنتەرنێتی کوردیش بەلام هەر بەزمانی ئینگلیزی بلاویانکردبووە، کە لەڕاستیدا دەبێ ئەوانە هەر ناوی نووسەرەکەیان بینی بێ و بڵێ و یان کردبێتەوە دەنا نابێ ئەمانە کە کوردن هێندە دوژمن بە کوردبن، هیچ کەسێک لە دنیادا لەسەر نەتەوەی خۆی شتی وا ناکات.

لەو وتارەدا ئەو مەبەستی خۆی روون کردبووە وە کە سایکس پیکۆ بۆ خراپە ،مافی کەسی نەخراودووە کورد نەبێ، ئیتر بۆ لەبەر کورد، شیوەن بۆ سایکس پیکۆ بکەین، ئەو وا دەڵێ. هەروەها دەڵێ سایکس پیکۆ نەبووایە هەرگیز لوبنانییەکان نەدەبوون بە خاوەنی دەوڵەت چەند نمونەیەکی تریشی هێناوەتەوە. دەڵێ هەندێک لە دەوڵەتانی کەنداو تەنیا هۆزێکن ئالایەکیان هەیە بە لام بە کوردی رەوا نابینێ، دەڵێ کورد دەوڵەتی بۆ چییە؟ دەڵێ ناشێ پەیوەندیی سەد ساڵە کە دروست بووە، لەبەر کورد هەڵبوەشێنرێتەوە ،،،، لە کاتێکدا دنیا هەمووی پێی وایە بەهۆی سایکس پیکۆوە سەد ساڵە رۆژهەڵێتی ناوەڕاست خوێنی لە دەتکێ ئەو پێی وایە تەنیا خوێنی کوردەو هەرزانە و سەغڵەتبوونی ناوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە / ڕیکەوتی: ١٥ی مەی ٢٠١٦

# کورد و سەدەمینساڵوەگەڕی سایکس - پیکۆ





## ڕا و بۆچوونی پۆلێک لە کارناسانی سیاسی

### بەشی ٢

١٠٠ ساڵ لەمەبەر، فرانسوا پیکۆ و مارک سایکس، روخساری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیان گۆڕی و ئەو ناوچەیەی زیاتر لە چەند سەدەیەک لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوو، بەسەر چەند دەوڵەتێکی دابەشکرا. دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان هەردوو زلهێزی ئەو دەمەی جیهان واتا بریتانیا و فەڕانساە ئەنجام درا. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد وەک یەکێک لە سەرەکیترین نەتەوەکانی ناوچە و هەروەها نەتەوەی بی وڵات و نیشتمان، ئەو دابەشکارییەی قەبووڵ نەکردوە، خەبات لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەردەوامە بەڵام تا ئێستاش ئاکامێکی کردەیی ئەوتۆ لە خەباتی کورد جیا لە بە فیدراڵی بوونی هەرێمی کوردستانی باشوور بۆ کورد مسۆگەر نەبووە،تا ئێستاش و بۆ سەدەمین ساڵ، سایکس - پیکۆ هەروا لە سەر جێگای خۆیەتی هەرچەند باس لە خەریتەی خۆرهەڵاتی ناڤینی گەورە و گۆڕنی سنوورەکان لە ئارادایە و شەڕ لە ناوچە گری ناوەتەوە بەڵام هەمدیسان وڵاتانی زل هیز دژن بە دابەش بوونی وڵاتانی سووریەو عێراق و درووست بوونی دوو حکومەتی کورد، لە لایەکی تریشەوە حیزبی کوردیی وەک پ ک ک کە پێشتر بە سەربەخۆییخواز ناودەنگی ی و درووشمی دەدا، ئێستا باس لەوە دەکا کە کیانی کوردی لە فەلسەفە و ئەخلاق و خەیاڵی ئەواندا نیە و ئیزن نادەن تورکیە و سووریە دابەش بن. ئەوەی کە لە مانەوە و روح لەبەرەیی سایکس - پیکۆ بۆ سەد ساڵان و زیندووو زەق مانەوەی دوای ئەو تەمەنە زۆرە، کورد خۆی چەند تاوانبارە یان هۆکارەکان چین، رۆژی کورد پرسیاری ئاراستەی چەند کەسایەتیی سیاسی و حیزبیی کوردستانی خۆرهەڵات کردووە کە لێرەدا دەیانخوێننەوە.

حوسێن نازدار، چاوەدیری سیاسیی کورد و یەکێک لە کەسانی بەرچاو و هەڵسووری حیزبی دێموکرات، وڵامی ئەو پرسیارانەی رۆژی کوردی بەو شێوەی خوارەوە داوەتەوە:

**ڕۆژی کورد: بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین کە ڕێککەوتنێکی وەک سایکس - پیکۆ سەرەڕای هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکانی و سەرەڕای بەرخۆدانی زۆر لە دژایەتیی، تا ئێستاش بەردەوامە و هەڵنەوەشاوەتەوە؟**



***حوسێن نازدار***

**حوسێن نازدار:** ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ، سەد ساڵ لەمەوە بەر (دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتوریی عوسمانی) لەنێوان فەڕانسەو بریتانیا و لەسەر ڕەزامەندی ئیمپراتوری رووسیە مۆر کراوە، ئەو پەیمانەیە لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی فەڕانسەو بریتانیا دارێژراوە، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، بەشێکی گرینگ و بەرچاوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەنێوان فەڕانسەو برێتانیا دابەش کراوە، بەگوێرەی ئەو پەیمانە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گۆڕاوە، چەند دەوڵەتی تازە درووست کراون، چەند گەل و نەتەوە (وەک نەتەوی کورد) بێ ئەوەی پرسیان پێ بکرێ و بە بێ ویستی خۆیان بەسەر دەوڵەتە دەستکردەکاندا دابەش کراون.

لەڕاستیدا لەلایەن نەتەوە دابەش کراوەکان(وەک نەتەوەی کورد) دژایەتی ئەو پەیمانە کراوە بەلام لەبەر ئەوەی کە دژایەتیەکە ڕێکخراو گشتگیر و جیدی و بەردەوام نەبووە کاریگەرییەکی گرینگی لە هەلوەساندنەوەی ریککەوتنی سایکس پیکۆ دانەبووە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئەودەوڵەتانەی کە لەسەردەستی فەڕانسەو بریتانیا لە ناوچەکەدا دروست کراون، بۆ بەردەوامی خۆیان و پاراستی بەرژەوەندییەکانیان لە هەموو شێوازێکی نامرۆڤانەو نارەوا لە دژی جووڵانەوەو خەبات و تێکۆشانی ڕەواو بەرهەقی نەتەوە دابەش کراوەکان کەڵکیان وەرگرتووە بەڵام نەیانتوانوە ڕیشەکێشیان بکەن و لەنێویان بەرن.

لەلایەکی دیکەشەوە دەڵەتە بڕیاربەدەستەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (ڕووسیە، ئەمریکا، فەڕانسە، بریتانیا و چین) بۆ پاڕاستنی بەرژەوندییەکان، بە هەموو شێوازێک یاریدەدەرو پشتێنیوانیی دەوڵەتە دەستکردو دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەیان کردوە بۆسەر کوت کردن و تواندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەر بۆیە هەتا ئەم ساتەوەختە پەیمانی ساکس پیکۆ هەڵنەوەشاوەتە.

**ڕۆژی کورد: کورد بۆ ئەوەی کە بگا بە کیانی خۆی و ئەو ڕێککەوتنە بە قازانجی خۆی وەرچەرخێنی و بیگۆڕێ، دەبی چی بکا، بە گشتی کورد چەند و چۆن تاوانبارە لە مانەوەی سایکس - پیکۆ تا ئێستا؟**

**حوسێن نازدار:** لەم بارودۆخەدا، پێویستە، نەتەوەی کورد لە سیاسەتی واقعبینانە و رئالیستی پەیڕەوی بکات، بۆ هەلومەرجی دیاریکراو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دیاری کراوی هەبێ، خوێندنەوەی دروستی بۆ بالانسی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان و پێکهاتە و ڕووداوە جۆراوجۆرە ناوچەیی و جیهانییەکان هەبێ، بەگوێرەی هەلومەرجی گونجاو لە هەموو شێوەکانی خەبات و دەرفەتە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان کەڵک وەرگرێ، پێوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ و گەلانی ناوچە بەهێز بکات، دیپلۆماسی نێونەتەوەیی بەربلاو و بەهێزتر بکات، پێوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزە بڕیار بەدەستەکانی جیهان پتەوتر بکات و پشتیوانی ئەوان بۆلای خۆی ڕاکێشیت.

پێویستە لە پێناو بەرز و بەهێزتر کردنی وشیاری و ئیرادەی یەکگرتوویی سیاسی و هەستی نیشتمانپەروەری و سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر و شێلگیرانە خەبات بکرێ، دەبێ هزر و زمان و بڕیار و گوتاری هاوبەش و یەکگرتووی سیاسی هەبێ. بەکورتی؛ پێویستە نەتەوەی کورد بەخەبات و تێکۆشانی چڕوپڕ و وبەردەوام وهەمەلایەنە (سیاسی و ئابووری و کولتوری و دیپلۆماسی و سەربازی) بوونی خۆی وەک هێزێکی گرینگ و کاریگەری ناچەکە بسەلمێنی و یەکگرتووانەو یەک دەنگ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنێت.

ئارەش لوڕستانی، چالاک و هەڵسووری سیاسی، بەو شێوەی خوارەوە وڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کوردی لەمبارەوە داوەتەوە:

ڕۆژی کورد: بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین کە ڕێککەوتنێکی وەک سایکس- پیکۆ سەرەڕای هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکانی و سەرەڕای بەرخۆدانی زۆر لە دژایەتیی، تا ئێستاش بەردەوامە و هەڵنەوەشاوەتەوە


ئارەش لۆڕستانی

لوڕستانی: ڕووخانی ئیمپراتووریەتی عوسمانی، هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن و شکڵ گرتنی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ئاسیا و ئافریقا، دەوڵەت - میللەتگەلێکی نوێ کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئەنجامی دابەشکردنی جیهان لە نێوان زل هیزەکان هاتبوونە ئاراوە و ئامرازێک بوون بۆ هەڵلووشینی چاوکانی سرووستیەکانی نەتەوە بندەستەکان لە ڕێگای گرێبەستی داپڵۆسێنەرانەوە. ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ (مەی ١٩١٦)، بە کردەوە بەردی بناغەی خۆرهەڵاتی ناڤینی ئەمرۆیە و بەو شیوەیە دەوڵەتە زل هێزەکانی ڕۆژئاوا بە دابەش کردنی خۆرهەڵاتی ناڤین، ئەگەری پێکهاتنی زلهێزێکی تری ئیسلامییان لەو ناوچەیە لەناو برد. نەتەوەی کورد و چارەنووسەکەی لە ژێر سێبەری ئەو دۆخەدا، ڕادەستی ئیرادەیەکی یەکجار بەهێزتر لە خۆیان بوو، ئیرادەیەک کە ناوەکەی بەرژەوەندیی ڕۆژئاوایی بوو. شکڵ گرتن و پێکهاتن و سازبوونی عێراق، سووریە، ئێرانی ڕەزاشایی و تورکیەی ئاتاتوورکی و دەوڵەت - نەتەوەگەلی نوێی تری ناوچەکە، سەدەی ڕووخانی ناسیۆنالیزمی کۆنی ئاسیایی و لەدایک بوونی ناسیۆنالیزی دەمارگیرانە بوو کە داری ئیسلامی مۆدێرنی ئاودیری کرد. ئیسلامێک کە ڕق و توونـدوتیژیی خۆی بە گشتی ڕوو پێ لە خۆرهەڵاتی ناوین کرد و لە سەرەتا هەروەک ڕابردوو، مەترسییەکی بۆ ڕۆژئاوا نەبوو بەڵام هێدی هێدی، هەروەک ئەمرۆ دەیبینین، مەترسییەکی یەکجار زۆر و نەبڕاوەی بۆ ڕۆژئاوا و بەرژەوەندییە ڕۆژئاواییەکان هەیە.

ڕۆژی کورد: کورد بۆ ئەوەی کە بگا بە کیانی خۆی و ئەو ڕێککەوتنە بە قازانجی خۆی وەرچەرخێنی و بیگۆڕێ، دەبی چی بکا، بە گشتی کورد چەند و چۆن تاوانبارە لە مانەوەی سایکس- پیکۆ تا ئێستا؟

لوڕستانی: دابەش کردنی کوردستان بە سەر چوار بەشدا هەم زیان و خەسارگەلێکی زۆری تووشی گەلی کورد کرد و هەمیش دەرفەتی ئەرێنی بۆ پێکهێنا. زاڵ بوونی چوار دەوڵەت بەسەر بەرژەوەندی و چاوکانییەکانی کوردەکان و هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی

لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە، سەرکوتی بزووتنەوەکانی کوردەکان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی و تەنانەت ژینۆسایدکرانی نەتەوەی کورد لە چەرخی نوێدا لە لایەن دەوڵەت – نەتەوە گەلێکی زۆر ڕێکخراوتر و توونددووتیژتر، ئەنجام درا. بەڵام لەدایک بوونی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی کە لە کێبڕکێ لەگەڵ شێوەی نوێی ناسیۆنالیزمی دەوڵە و دیکتەکراودا، خۆی دەدیتەوە، بەشی زۆرتری بە ساز بوونی حیزبە کوردستانیەکانی وەک حیزبی دێموکرات شکڵی گرت. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانی نەتەوەی کوردە کە بە شێوەیەکی زۆر لێزانانە و شیارانە، کەڵکی لەو بۆشاییە وەرگرت و لە "ویستنەوە" گەیشت بە "توانین". سایکس - پیکۆ، سێڤر، لۆزان و... تاد، نابێ بە ڕەش و سپی نچاویان لێبکەین و بۆیان بڕوانین، دەبێنەتەوەی کورد بەردەوام بتوانێ تەنیا و تەنیا پێداگری لەسەر تەنیا هۆکاری خۆڕاگری و بەرخۆدانی خۆی تا بە ئەوڕۆکە کە "ناسیۆنالیزمی کوردی"یە، بکات و ئەگەر وابکات بە دڵنیاییەوە دەتوانێ هەر دەرفەت یان شکستێک لە ئاراستەی یەکگرتوویی، یەکبوون و بەهێزکردنەوەی بزاڤی کوردی، بەکار بێنێ و کەڵکی لیوەربگرێت. "ناسیۆنالیزمی کوردی"، تەنیا هۆکارێکە کە دەوڵەتی کوردی لێدەکەوێتەوە و دەوڵەتی کوردیش گەرانتیی سەروەریی نەتەوەی کورد دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕیکەوتی: ١٨ی مەی ٢٠١٦

# هەڵوەشانەوەی پەیمانی سایکس - پیکۆ

## و دژبەرانی و ئەرکی ئێمە!!...

**ڕەشید قازی**

**(بیر و بۆچۆنی نەوشیرەوان، دوران کالکان، ئیران، نازم دەباغ، عەلی کەریمی، سالح موسلیم. د مەعسوم)**

سەت سال بەر یەستا لە وەها ڕۆژێک دا ئیمپراتۆری عوسمانی هەرەسی هینا و چەند ولاتی وەک تورکیە و لوبنـان و ئیـراق و سوریە و سعودی بە پێێ بەرژەوەنـدی و نفـوزی هەریەک لە ولاتـانی فەرانسە و بریتانێـای کەبیـر لە سـەر تـەرمی مردویـی ئیمراتـوری لە دایک بونەوە. ئەو کاتیش هەروەک ئێمرۆ بەهۆی نەبوی کەسایەتی و رێبەر نەبونی ریکخرایکی ئەتۆی کوردی بەداخەوە کـورد هـیچ کەیـانیکی بۆ دروست نەکرا بە پێچەوانە بۆ جـارێکی دیکە جەستەکەی بە نـاحەق لە نێوان چەنـد وڵاتـی دیکە دابەش کرایەوە. ٣٩ سـال دۆاتـر واتە لە سالی ١٩٤٥ی زائینی پێشەوا قـازی محمد یەکەم کوماری کوردستانی دامەزراند و ٧١ سـال دۆای ئەم ڕووداوە مێـژوویە بـارزانیش بەرەو رفراندو و دیاریکردنی چارەنوسی بەشێک لە کوردسـتان هەنگـاوو دەنیت. بە دۆایـی ئەم هەنگـاوەی بـارزانیـدا هەروەک سـەردەمی پێشەوا قـازی محمد ڕێزبەندی نەیارانی دەرەکی و نـاوەکەی ڕووی دزیو دژی گەلی خۆیـان دەرخست.

ئێران.

ئیران بە پەلە و بە هەیتاو نۆێنەرایەتی خۆی بۆ هەریم کوردستان نـارد و لە لایەن کۆنسولگەری ئیـرانش لە هەریـم و کاربەدەسـتانی حکومی لە تـاران خێرا دژایەتی خۆیان بە ئاشکارا لە دژی رفراندۆمی کوردان دەرخست.

نەوشیروان

جگە لە ولاتی ئیران بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و هیزەکانی کوردی هەروەک سـەردەمی عەشـایر کە کۆسپ و تەکەرەیـان دەخستە بەر هەنگاوەکانی پێشەوا قـازی محمد دەست بەکار بوون تـا هەرچی لە تۆانایان دایە وەک سـەرۆک هـۆزیکی دۆاکەوتـو بیـر تـەسک لە شکل حیـزب و مۆدێرنێتەدا ئەوەی لە تۆانـایـان دایە بەرگـری لەوەدیهـاتنی خەونـی کوردان بـگەن. یەکیـک لەم سـەرۆک هـۆزانە نەوشیرەوان مستەفایە بـۆ وەی کۆسپێکی مەزن لە پێنـاو رفراندۆمدا دروست بکـات، سلامەتی خـۆی خستە مەترسیەوە بە هەیتـاو لە ئوروپـایەرا گەرایەوە کوردستان و بە بێ ئاگاداری ئەندامان و لایەنگرانـی جەواد نیشتمان کـۆ کـردەوە و دەگەل ئەو حیـزبەی کە ٧ سـال لەمەوبەر بە گەندەلترین هیزی کوردستان نـاوزەدی دەکرد و هیچ سوکایەتیک و بوختانێک نەما پێنەکـا خێرا لە ژێـر ئەمر و چـاوەدیری وەزیـری ئیتلاعـاتی ئیران بۆ دروستکردنی کۆسب و تەگەرە بە بێ مەجالدان بە ئەنـدامانی تـاقمەکەی یـا گرتنـی گـۆنگرەیەک کە بـۆ ئەم پـرس هاوپەیمانەتی خۆی راگەیـاند.

سالیح موسلیم.

یەكیكی دیكە لە نەیارانی ئەم پەیمانە سەرۆک هۆزی یەدیە واتە سالح موسلیم بوو هەرچەند روون نەبوو بەکام ولاتدا گەراوەتە بەلام خێرا خۆی گەیاندە كۆری یارانی؛ دژی کورد تا ئەویش ئەرکی بێگانە پەرەستی و وەفاداری خۆی و تاقمەکەی بۆ سەرنەکەوتنی کوردان دوبارە بکاتەوە. ئەو زاتە لە سالرۆژی هەلکردنی ئالای کوردستاندا لە قامیشلۆ هەموو خۆپیشاندەرانیان خستە بەر ئازار و ئەزەیە زیندانی کردن. هیچ کەسیش لە کارتۆنەکانی ژێر ئەمری ئەم زاتەدا مافی پێکهێنانی حیزب و کۆر و کۆمەلە نیە. بەلام بە خۆی ئیزن دەدات بە مەیلی خۆی دەست لە کاروباری هەریم کوردستان وەربدات.

دووران کالکان.

یەکیک دیکە لەم سەرۆک هیز و هۆزانە ئەندامی سەرۆکایەتی پککە دووران کالکان بوو . ناوبراوو رایگەیاند پککە ئیزن نادات هیچ ولاتیکی دەوروبەر بەتایبەتی ولاتی ئیراق لەت بیت و سەروەری ئەم ولاتە تێک بچیت. ناوبراو لە هەمانکاتدا رایگەیاند کە هیزەکانی ئەوان لە کەرکوک و شەنگال و قەندیل و گولالە و قەرەداخ ئامادەی بەرپرچدانەوە هەرچەشنە مترسیکین بۆ سەر سەروەری ئیراق ولاتانی دراوسی. بەم جۆراە رادەی نۆکەری و کورد فرۆشتنی ئەم تاقمەش بۆ خەلکی زیاتر روون بۆە و رەسالەتی ئەوانیش لە پێناو خزمەت بە بێگانە و کۆسب لەسەر رێگای گەیشتنی کوردان بە ئامانجەکانیان زیاتر روون و ئاشکرا بۆتەوە.

د فواد مەعسوم.

سەرۆکۆماری ئیراقی کە دەلێن بە رەچەلەک کوردە و ماوەیەکی زۆر خەلکی کوردی بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوس بە کوشت دەدا سەرەرای دەیان و سەدانی روداوی دلتەزین و خۆێناوی وەک هیرش داعش و حەشدی شەعبی ئیرانی و ئیراق و هیرشەکانی ئەم دۆایانەی بۆ سەر دوزخورماتو مرتەقی لێوە نەهات و پێوابو فیلمەکانی هالیود سەر دەکات بەلام هەر بە بیستنی بانگەشەی رفراندۆم و سەربەخۆی لە خەوی سەت سالە راپەری و خێرا بە هەیتاو و بە هەناسە برکەی، بە فرۆکە خۆی گەیاندە هەریم کوردستان تا بەرگری لەم هەنگاوە بکات و داوا لە کوردەکانی بکا کە بە خاتری خودای دلی برا عەرەب و فارسەکانمان لێ عاجز مەکەن و خێرا بۆ ئاوەدان کردنەوەی دەستەلات لە بەغدا و دۆاتر بۆ کوشتن و برین کوردان بەگەرینەوە بەغدا تا وەک مریشکەکەی هەروەک رابردو خۆلیە وەسەر سەری خۆیان بکەن. ئەم سەرۆککۆمارە کوردە بۆ تاقە جاریک قسەیەکی خیری بۆ کوررد نەکرد. بەلام ئێستا بۆ گەراندنەوەی کورد بۆ بەغدا و بونەوە نۆکەری عەرەب بەرگری لە رفراندۆمی کوردان بە هەناسە برکە خۆی گەیاندە هەولیر.

عەلی کەریمی.

عەلی کەریمیش بۆ تەواکردنی كۆری دژی گەلێەکان هاتە قسە کردن و بە تێکەل کردنی دۆ و دۆشاو سەرکردایەتی کوردی لە میژو و ئێستا دا هینایە ژێر پرسێار و هیچی بە کورد و دەسکەوت هەنگاوەکانی بۆ رفراندۆم نەهێشتەوە. لەسەر ئەو برۆایەیە کورد نابی

بەرەو رفراندۆم هەنگا بنی تا ورد و درشتی تاکی کورد لە هەمو بارەکانەوە ئامادەگیان بۆ ئەم ئەرکە گرینگە نەبیت.

نازم دەباغ

نازم دەباغیش وەک نوێنەری یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە تارانی دا رایگەیاند کە هیچ هێزیکی کوردی لایەنگری سەربەخۆی کوردستان نیە. نازانم ناوبراو بۆ تاقە جاریک دروشم و پەیرەوی حیزبەکەی خۆی خوێندۆتە و یا بەریزیان رەمەکی دەگەل ریزەکانی خەبات کەوتۆە وا نەیزانیوە کە کورد هەزاران سەرکردەی وەک شیخ محمود و قازی بارزانی و قاسملو لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد گیانیان بەخت کردۆە وەک ئەو بۆ ئانەیەک کورد و کوردستان هەرزانفرۆش نەکردۆە.

ئەرکی ئێمە

بانگەشەی رفراندوم و سەربەخۆی خەو خۆراکی لە هەموو لایەن و حاکمامە خۆمالی و دەرکیانە حەرام کردۆە و بۆیە هەرکام بە جۆرێک دژایەتی خۆیان سەبارەت بەم مافە رەوایە دەربری. لە سەت سالەی پەیمانی سایکس پیکۆدا، ئەگەر فەرانسە و بریتانیا کوردیان لە مافەکانی خۆیان بێ بەش کرد ئێستا بۆخۆامان بە دەستی خۆمان بەرگری لە مانەوەی ئەم پەیمانە شوم و نەگبەتە نەکەین و بە دەستی خۆمان بۆ هەمیشە بینێژن. کورد دەبێ بە بێ گرینگی دان بە م سنورە دەستکردانە کە هەڵوەشانەوە و بەکردار بونیان نەماوە ، هەروەک پێشەوا قازی محمد بە پشت بەستن بە ئیرادەی خەلک بەرەو دیاریکردنی چارەنوسی خۆمان هەنگاو بنین و ئەم درفەتە زێرینە لە دەست نەدین. بێ گومان هیچ تەزمینێک نیە ئەگەر ولاتانی ئیراق و سوریە بەرەو ئارامی و سەقامگیربوون برۆن و دەستەلاتیی ناوەندی خۆیان بەهیز بکەنەوە ئەوکات کورد بتۆانی داوای رفراندۆم و سەربەخۆی بکات. با لە سەت سالەی سیکس پیکۆ دیسان ئیزن نەدین وێرادی بونی ئیرادەی زۆرینەی خەلک و سەرکرادیەتیەکەی بونی پشتگری نێونەتەوی و دۆست و هاوپەیمانان و ئابوری بەهیز و هیزی پێشمەرگە و دام دەزگا شەرعیەکانی هەریم کوردستان ئەم دەرفەتە زێرینە بە هۆی بی باوەری تاقمێک روناکبیر یا هیزی بەرژەوەندی خۆازی بکەینەوە بلقی سەرئاوو.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ١٨ی مەی ٢٠١٦

# پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی سەدساڵەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ

## سەرۆک بارزانی: بە دڵنیاییەوە گەل بڕیاری خۆی دەدات.. سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە



سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت. ئەو ڕێککەوتنەی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بوو بە هۆی دابەشبوونی ناوچەکە بە بێ ئەوەی ڕەچاوی ڕای دانیشتوان و سرووشتی دیموگرافیی ناوچەکە بکات و زوڵمێکی گەورە لە گەلانی ناوچەکە و بە تایبەتی گەلی کوردستان کرا.

ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بە دەرجەی یەکەم بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کارەساتبار بوو. ئەو دەوڵەتەی کە لەسەر بنەمای شەراکەتی دوو نەتەوەی سەرەکیی کورد و عەرەب دامەزرا بوو، لە کردەدا شەراکەتی کورد پشتگوێ خرا و لە لایەن حکوومەت و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق گەورەترین کارەسات و زوڵم و تکۆڵیکاری دەرهەق گەلی کوردستان ئەنجام درا. بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە، ئەنفالی دوازدەهەزار گەنجی فەیلی و هەشت هەزار بارزانی و سەدوهەشتاودوو هەزار هاووڵاتیی کورد لە گەرمیان و ناوچەکانی تر و، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و وێرانکردنی چوارهەزار و پێنجسەد گوند و تەعریب و شەڕ و کاولکاری و جینۆساید بوو.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەلی کوردستان ویستی لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد، بەڵام حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە ملهوڕی و سەرەڕۆیی خۆی. دوای ٢٠٠٣ و پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەلی کوردستان لە پێناو بنیاتنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەت و دیموکراسی و فیدراڵیزم هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی دۆخی عێراق باشتر بێت و دەستوور بنووسرێت و شەراکەت و تەوافوق بچەسپێت. بەڵام لە کردەدا کار بە دەستوور نەکرا و حکوومەتی عێراق خۆی لە پابەندبوونەکان شاردەوە و شەراکەتی پێشێل کرد و قووتی خەڵکی کوردستانیشی بڕی.

شەڕ و کارەسات و ناسەقامگیری و توندڕۆیی و بێ بەشبوون دەرئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە بە زۆر پێکهاتەکانی لە ناوچەکە و بە تایبەت لە عێراقدا پێکەوە لکاند. لەوەتای ئەو پێکەوەلکاندنە بەزۆرە ڕووی داوە گەلانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ئاشتی و سەقامگیرییان بەخۆیەوە نەدیوە.

ئێستا بە عەمەلی عێراق دابەشکراوە و تایفەگەری هێڵەکانی ئەو دابەشبوونە پێک دەهێنێ. لە عێراق و سووریا و زۆر وڵاتی تر داعش سنوورەکانی تێکداوە و سنووری نوێی دروست کردووە. لەم دۆخەی ئێستای عێراقیشدا گەلی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیار نییە. بەرپرسیارێتی ئەو دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا ناوچەکەیان دابەشکرد و هەروەها سیاسەتی هەڵەی دەستەڵاتدارانی ناوچەکە و بەغدا کە ویستیان بە زۆری چەک و سەرکوتکاری سەقامگیری دروست بکەن و لەوەدا سەرنەکەوتن.


دوای سەد ساڵ دابەشبوون و ڕەنج و نەهامەتی، گەلی کوردستان هەموو ڕێگەیەکی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و دەوڵەت بە مانای حەقیقی تاقی کردووەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە. مەمنون دەبم لەم دۆخەدا یەکێک بێت و پێمان بڵێت گەلی کوردستان چیتر بکات یان چیتری کردبا بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟ لەپێناو ڕێگەگرتن لە شەڕ و ناسەقامگیری و کارەساتی تر پێویستە پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بکرێت چونکە چیتر دانیشتوانی عێراق بەرگەی شەڕ و ناکۆکی و توندڕۆیی ناگرن. ناکرێ پێداگری لەسەر دووبارەبوونەوەی سەد ساڵ هەڵە و کارەسات بکرێت و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمایەتی لەوە بگەن کە بۆ کۆتاییهێنان بە نەهامەتییەکانی عێراق دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سرووشت و ئیرادە و ویستی دانیشتوانی ناوچەکانی عێراق و لەسەر ئەو بنەمایانە بڕیار لە شێوازی ژیان و ئایندەی سیاسییان بدرێت. لەبارەی چارەنووسی گەلی کورد لە پارچەکانی تریش، ئەوە هەر پارچەیەک تایبەتمەندی و بارودۆخی تایبەت بە خۆی هەیە و پێویستە دۆزی کورد لە پارچەکانی تردا بە ئاشتی و دیالۆگ و بە پێی تایبەتمەندییەکانی هەر پارچەیەک چارەسەر بکرێت.

دەبێ دان بەو واقعەدا بنێن کە ئێستا لە ئارا دایە، چەمکی هاووڵاتیبوون دروست نەبوو و ئێستایش سنوور و سەروەری مانای نەماوە و سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە. بۆیە وەک بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی پێویستە وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جیاتی پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی ئازارەکانی خەڵکی عێراق، بیر و بیر لە چارەسەری واقعیانە و حەقیقیی عێراق و ناوچەکە بکەنەوە. ئەگینا شەڕ و توندڕۆیی و کارەسات هەر بەردەوام دەبێت و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش دەکەوێتە مەترسییەوە.
لەم بارودۆخە سەختەی ئێستادا هەلێکی مێژووییش لەبەردەم هەموو لایەکە بۆ ئەوەی ڕێگە لە کارەسات و نەهامەتییەکان بگیرێت و ئەزموونی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە. لە سەد ساڵەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ داوا دەکەم گفتوگۆیەکی جدی لەنێوان هەرێم و بەغدا دەست پێبکات بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی تازە و ئەگەر شەراکەت سەرکەوتوو نەبوو با برا و دراوسێی باش بین.

ئەگەر لایەنە سیاسییەکانیش بە بیانووی جیاواز بیانەوێ لەو هەلە مێژووییەدا لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن، ئەوە گەل بڕیاری خۆی دەدات و بڕیاری گەلیش لە هەموو بڕیارێک بەهێزتر و شەرعیترە و، بە دڵنیاییشەوە گەل بڕیاری خۆی دەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# ناوەڕۆکی سایکس - پیکۆ کە لە شاری سان پیتەرسبورگ واژۆ کرا




**ڕێبوار قاسم و چۆمان تەقیەدین**

١٠٠ ساڵی تەواو لەمەوبەر، دروست لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا (١٦ / ٥ / ١٩١٦)، بەریتانیا و فەرەنسا بە ڕەزامەندیی رووسیای قەیسەری، لەسەر پڕۆژەیەک ڕێککەوتن کە ناوی لێنرا "ڕێککەوتنی ئاسیای بچووک"، دواتر ئەم ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتنی "سایکس-پیکۆ" ناوبانگی دەرکرد کە لە ناوی هەردوو دیپلۆماتکار و سیاسەتکاری بەریتانی "مارک سایکس" و "فرانسوا جۆرج - پیکۆ" وەرگیرابوو، لە کاتێکدا ئەوان داڕێژەری سەرەکیی ڕێککەوتننامەکە بوون.

**ناوەڕۆکی سایکس - پیکۆ کە لە شاری سان پیتەرسبورگ واژۆ کرا، لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت:**

**یەکەم:** رووسیای قەیسەری ئیستەنبوڵی پایتەختی عوسمانی و چەند میلێک لە ناوەوە لەسەر هەردوو ڕۆخی گەرووی بۆسفۆر و بەشێکی زۆری باکووری کوردستان کە بریتی بوون لە ویلایەتەکانی (قارس، بەدلیس و وان و ئەرزڕووم) لەگەڵ تەواوی خاکی ئەرمەنستانی بەرکەوت.

**دووەم:** بەریتانیا ناوەڕاست و خوارووی عێراقی ئێستا، هەردوو سنجاقی سلێمانی و کەرکووک لە ویلایەتی مووسڵ، خۆرهەڵاتی ئوردن، هەردوو بەندەری حەیفاو عەککای لە ئیسرائیل (فەلەستین) بەرکەوت.

**سێیەم:** فەرەنسا تەواوی سووریا و لوبنان، ناوچەی کیلیکیا (ئەدەنە) لە تورکیا، هەرسێ سنجاقی هەولێر، دهۆک و مووسڵ لە ویلایەتی مووسڵ، ویلایەتی ماردین، ئورفا و گازی عەنتاب و تەواوی خۆرهەڵاتی کوردستانی بەرکەوت.

**چوارەم:** ناوچەیەکی نێودەوڵەتی لە ئیسرائیل (فەلەستین) واتە ئورشەلیم (قودس) و دەوروبەری دروستکرا کە لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە بەڕێوە دەبردرا.

ئامانجە ستراتیژییەکەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بریتی بوو لەوەی ڕێگە خۆش بکرێت بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەناوەوە (واتە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیی غەیرە تورکدا) هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمەش بە تایبەتی ئامانجی بەریتانیا بوو.

لە پرۆتۆکۆڵی ئەو کۆبوونەوەیەی بیرۆکەی ڕێککەوتنەکەی لێوە هاتووە، دەردەکەوێت مارک سایکس بە متمانەیەکی تەواوەوە باسی لەو هێڵە سنوورییە کردووە کە دەبووایە لەگەڵ فەرەنسییەکان لەسەری ڕێکبکەون. لەو کۆبوونەوەیەدا ئارسەر بالفۆر، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی بەریتانیا لە سایکسی پرسیوە "حەز دەکەیت چ جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ فەرەنسییەکان بکەی؟" سایکس لە وەڵامی بالفۆردا گوتوویەتی "حەز دەکەم هێڵێک لە خاڵی (e) لە عەککا بۆ (k) لە کەرکووک بکێشم." وەکوو دەگێڕنەوە سایکس زۆر حەزی لە کێشانی هێڵ بووە.

بەر لە هەموو شتێک، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە نەخشەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی ڕاستەوخۆی سایکس-پیکۆ نییە، بەڵکو ئەو ڕێککەوتننامەیە تەنیا بناغەی ئەو نەخشەیەیە کە دواتر بەهۆی ڕێککەوتننامەکانی سیڤەر و لۆزان دیاری دەکرێت. دووەم شت کە هەر پەیوەندی بەوەی پێشترەوە هەیە، ئەوەیە فەرەنسا و بەریتانیا بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەت یان دەسەڵاتی سەربەخۆ بۆ کورد، عەرەب یانیش تورک لە ناوچەکەدا نەکردبووەوە، لە کاتێکدا هەر وەکوو لە ڕێککەوتننامەکەدا دیارە، هەر دەسەڵات یانیش کۆنفیدراسیۆنێکی عەرەبیش لە ناوچەی شین یان سووردا دامەزرابایە، دەبووایە لەژێر چاودێریی بەریتانیا و فەرەنسادا کار بکات. بەدەر لەمانە، شکستپێهێنانی عوسمانییەکان و دواتر گرتنی ئیستانبوڵ (کە ڕووسیا چاوی لەسەر بووە) دەکرا بۆ کۆتایی بە مەترسی هاوپەیمانێتی سیانە بهێنێت کە لە هەر سێ وڵاتی ئەڵمانیا، نەمسا و مەجەر پێکدەهات.

نهێنیبوونی ڕێککەوتننامەی ئاسیای بچووک تەنیا بۆ شاردنەوەی نیازەکان لە دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانیی سیانە نەبووە، بەڵکو دەبووایە کۆمەڵێک ڕاستیش لە حوسێن بن عەلی، شەریفی مەککە بشاردرێتەوە، لەبەر ئەوەی هێنری مەکهۆن، کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە میسر، پێشتر کۆمەڵێک بەڵێنی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی بە سعودیە دابوو، سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە تەنیا ئەو ناوچانەی نەدەگرتەوە کە بەرژەوەندیی فەرەنسای تێدا بوو، لەبەرامبەریشدا دەبووایە بن عەلی بە هاندانی عەرەبەکان لەدژی عوسمانییەکان یارمەتی بەریتانیا بدات. بۆ ئەم مەبەستەش لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ١٩١٥ هەتا کۆتایی مانگی یەکەمی ١٩١٦ نامە گۆڕینەوە لە نێوان شەریفی مەککە و مەکهۆندا هەبووە. بەڵام وەکوو لە سایکس-پیکۆدا دەردەکەوێت، بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە بەشێک لەو ناوچانەی بەریتانیا بەڵێنی بە بن عەلی دابوو، لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا دابەش بکرێ.

خاڵێکی دیکە کە عەرەبەکان و بەتایبەت بن عەلیی دڵگران کرد، ڕاگەیاندنەکەی ئارسەر بالفۆر، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ جووەکان لە فەڵەستین. بالفۆر ڕایگەیاند "زایۆنیزم ڕاست بێت یان هەڵە، چاک بێت یان خراپ، ڕەگوڕیشەی لە نەریتێکی دوور و درێژ و لە پێویستییەکان و لە هیواکانی داهاتوودایە، ئەمەش زۆر لە ئارەزوو و دەمارگیریی ٧٠٠ هەزار عەرەبی دانیشتووی وڵاتی دێرین (واتە فەلەستین) گرنگترە".

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی بۆلشەڤیک لە ڕووسیا، ڕووسەکان چیدی داوای ئەو پشکەیان نەکرد کە بڕیاربوو لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی

عوسمانی دەستیان بکەویت، هەر بۆیە لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩١٧دا کۆپییەک لە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆیان لە ڕۆژنامەکانی ئیزڤێستیا و پراڤدا-دا بڵاوکردەوە، سێ ڕۆژ دواتر کۆپییەکی لە ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانیشدا بڵاوبووەوە. ئاشکرابوونی ناوەڕۆکی سایکس - پیکۆ نەک هەر عەرەبەکان بەڵکو جووەکانیشی نیگەران کرد، لەبەر ئەوەی سێ هەفتە پێشتر ڕاگەیێندراوی بالفۆر بڵاوکرابووەوە.

ئەگەرچی سایکس - پیکۆ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی لە دامەزرانی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵام زۆربەی شرۆڤەکاران پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی ئێستای عێراق، سووریا، کورد و فەلەستین و ئیسرائیل بۆ ئەم ڕێککەوتنە دەگەڕێتەوە کە بەگوێرەی زۆربەی شرۆڤەکاران ڕێککەوتنێکی ئیمپیریالیستی هەڕەمەکییە و تێیدا تەنیا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لە پێش و لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم ڕەچاوکراوە، نەک خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە و ئەو کێشانەی کە بەم هۆیەوە لە ساڵانی دواتردا سەریان هەڵدا.

لە ساڵی ١٩١٥ دا سایکس حکومەتی ئەوکاتی بەریتانیا دڵنیا دەکاتەوە کە "لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کورد لایەنگری عەرەبە". کێشەی لە مێژینەی کورد و عەرەب لە سووریا و عێراق دەربدەخات کە مارک سایکس، هەرچەندە لە کێشانی هێڵدا لەسەر نەخشەکان شارەزا بووە، بەڵام نەیتوانیوە ئەنجامەکانی ئەو هێڵکێشانە بۆ ناوچەکە و بۆ نەزمی جیهانی ببینێت، بۆ نموونە نەیتوانیوە پێشبینی سەرهەڵدانی بیرۆکەی پان-عەرەبیزم، پان-تورکیزم بکات لە ناوچەکەدا و لەپاڵ ئەواندا لە عێراق، سووریا و تورکیاش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد سەرهەڵبدات، ئەمە جگە لەوەی بە هیچ شێوەیەک پێشبینی شۆڕشی بۆلشەڤی نەکرابوو کە نەک بووە هۆی ئەوەی ڕووسیا ڕەزامەندی خۆی لە ڕێککەوتنەکە بکێشێتەوە، بەڵکو دواتر بۆلشەڤیکەکان بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکەکان کۆمەڵێک ڕێککەوتنیشیان لەگەڵ مۆر کردن کە بەشێکی بۆ ئەوە بوو دەسەڵاتی تورکیا کێشە بۆ پرۆسەی بە-سۆڤیەتیکردن لە قەوقاز دروست نەکات.

هەربۆیە سەیر نییە کە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتنەکانی دواتر بەهۆی خولیای شانشینە عەرەبییەکان و لە پەنجاکاندا بەهۆی دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر و لە نەوەتەکانیشدا بەهۆی دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری سەدام حوسێنەوە هەڕەشەی لەسەر بووە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا لاوازبوونی حکومەتەکانی ناوچەکە و بێتوانایییان لە پاراستنی ئاسایش و کەڵەکەبوونی کێشە نێوخۆییەکان (کە بەشێکیان زادەی سایکس-پیکۆ و ڕێککەوتنە هاوشێوەکانین)، جارێکی دیکە هەڕەشەیان لە هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی ناوچەکە کرد. ئەم نەخشەیە هەم بە بەهێزبوونی زلهێزەکانی ناوچەکە و هەمیش بە لاوازبوونیان مەترسیی لەسەر بووە.


لە دەستپێکردنی قەیرانی سووریا و سەرهەڵدانی داعشەوە جارێکی دیکە مەترسی لەسەر سنوورە "هەڕەمەکییە"کەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبووەوە، لە کاتێکدا بەشێک لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵاتی سووریایان پێکەوە بەستبووەوە.

پرسیارێک کە دوای سەت ساڵ دەبێ بکرێت، ئەوەیە کە ئایا ڕێکخراوێکی وەکوو داعش دەتوانێت سایکس - پیکۆ و سیڤەر و لۆزان وەکوو بیرۆکە هەڵبوەشێنێتەوە، یان تەنیا لەناو ئەو سنوورەی کە دانراوە، کۆمەڵێک دەستکاریی لاوەکی دەکات و لە بنەڕەتدا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت؟ بە مانایەکی دی، ئایا دەستکاریکردنی کۆمەڵێک سنوور- بۆ نموونە سووریا و عێراق- دەتوانێت گەرەنتی کۆتاییهێنان بەو بیرۆکەیە بدات کە سایکس - پیکۆی لەسەر دامەزراوە و تێیدا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو کاتیان،

# ڕێكەوتنامەی سایكس - پیكۆ

## Sykes - Picot Agreement

**(ڕەوانەكراوە لە پەیماننامەی سایكس - پیكۆوە)**




**نەخشەی دابەشكراوی سایكس پیكۆ**

**ڕێكەوتنامەی سایكس - پیكۆ كە بەرفەرمی ڕێكەوتننامەی ناوەندی ئاسیا (ماوەی ڕێككەوتننامە: ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ تاكوو ئازاری ١٩١٦) ڕێككەوتنامەییەكی نهێنی بەریتانیای گەورە بە ئێرلەنداوە لەگەڵ فەڕەنسا، هەروەها بەڕازیبوونی ئیمپراتۆری ڕووسیابوو. ئامانجی ئەم ڕێككەوتننامەیە دابەشكردنی خاكی ئەو وڵاتانەبوو لەژێردەستی ئیمپراتۆری عوسمانی بوون. ئەم خاكانە دران بەهەریەكە بە ڕووسیا و بەریتانیا و فەڕەنسا.**

---

## ناوەڕۆک

**هەر لەسەرەتای دەستپێكردنی جەنگی یەكەمی جیهانیەوە دەوڵەتە زلهێزەكان كەوتبوونە گفتوگۆ لەپێناوی ئەوەی كەزۆرترین داگیر گەیان هەبێت وزۆرترین ناوچەی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی ناوچەكانی دەوڵەتی عوسمانی بۆخۆیان داگیربكەن لەمەوە پەیماننامەیەكی چاوچنۆكانەی ئیمپریالیانە بەسترا لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەكاندا كەلەمەدا بەریتانیا نەیدەویست سنوری بەسنوری ڕووسیاوە بێت كەبریتی بوو لە ڕێككەوتنامەی سایكس بیكۆ ،ئەوە بوو لە ١٧ی مایسی ١٩١٦ مارك سایكسی (Mark Sykes) نوێنەری بەریتانیا و جۆرج پیكۆی (Georges Picot) نوێنەری فەرەنسا گەیشتنە ڕێكەوتنامەیەك ،بەڵام پێش ئەوەی ڕووسیا بێتە**



Mark Sykes - مارک سایکس

ناوپەیماننـامەکە لەچەنـد ناوچەیەکـدا ڕێکککەوتبـوون بەڵام نەیـان دەتـوانی ڕووسیا بـێ بەش بکەن ،چونکە ڕووسیا مێژوویەکـی کـۆنتری هەبـوو لە نـاوچەکەدا، ئەوەبـوو هەردک لا سـەردانی پترۆگرادیـان کـرد ،پـاش گفتوگـۆیەکی سـێ لایەنە گەیشـتنە ڕێککەوتـانمەیەک کەدواتـر بـووە **سایکس- پیکۆ** و سازانۆف،

ئەم ڕێکەوتنامەیە سەبارەت بەناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو کەلە (١٢بەنـد) پێک هـاتبوو بەڵام لێرەدا ئێمە زیاتر باس لەناوچەکانی کوردستان دەکەین کەدابەش کرابوو:

## ناوچە دابەشکراوەکان



François Georges-Picot - فرانسوا جۆرج پیکۆ

* ناوچەکانی باکوری کوردستان لەگەڵ ئەستانبوڵ و دەربەندەکانی ڕۆژهەڵات درا بەڕووسیا.
* ناوچەکانی باشوری کوردستان وهەندێک ناوچەی باکوری درا بەفەرەنسا.
* بەشی سێ یەم ناوچەکـانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـوو کە وەک خۆی مـابووەوە واتە هەر لەژێر دەستی ئێرا دامابووەوە.

بەڵام دواتر ئەم ڕێککەوتانامە یە کەسەرەتا بەنهێنی بوو ئاشکرابوو ئەویش بەهۆی کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگ بەهـۆی هەڵگیرسـانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ناوخۆی ڕووسیا. دوواتر گشت هێزەکان لەوناوچانە کشانەوە، بەڵام لە ئەنجامی ڕادەستکردنی ناوچەکان،

**کوردستان** بۆ چوار پارچە دابەشکرا، هەر لەبەر کشانەوەی جۆرج بیکۆ هێزەکانیان لەو ناوچەیە چەند دەوڵەتێکی نوێ لەناوچەکە درووستبوون، وەک **عێراق** و **تورکیا**.

## ناو

نـاوی ئەم ڕێککەوتنـامەیە لە نـاوی (مـارک سـایکس) ڕاوێژکـاری دیپۆمـاتی بەریتـانی و (فرانسـوا جـۆرج پیکـۆت) سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە لەندەن وەرگیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

# ئەو دوو پیاوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەش کرد

## وێستگە

١٠٠ ساڵ لەمەوبەر دوو کەس بە جددی و بێ کۆڵنەدان و بە نهێنییەکی تەواو کاریان بۆ داڕشتنی سنوورێکی نوێ بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کرد کە پێشتر بە ناوچەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەناسرا.

لە ١٦ / ٥ / ٢٠١٦ تەمەنی ڕێککەوتننامەی سایکس- بیکۆ لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا یەک سەدە (١٠٠ ساڵ) تەواو دەکات، ئەو ڕێککەوتنە لە ١٥ / ٤ / ١٩١٦ بۆ ١٦ / ٥ / ١٩١٦ بە شێوەیەکی نهێنی لەنێوان دوو وڵاتی داگیرکەری ئەوسا نوسرایەوە و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەش کرد.

مارک سایکس-ی ئینگلیزی و جۆرج بیکۆ-ی فەرەنسی داڕێژەری ڕێکەوتننامەی "سایکس بیکۆ"ی بەناوبانگن کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان گۆڕی.

مارک سایکس-ی ئینگلیزی لە تەمەنێکی کەمدا کۆچی دوایی کرد و ئەوی تریان تەمەنی ٨٠ ساڵی تێپەڕاند.

## مارک سایکس

دیپلۆماتکار و گەڕۆک و کەسایەتی سەربازی بەناوبانگ سێر مارک سایکس یەکێک بوو لە خاوەن زەوییە ئۆرستۆکراتییەکانی هەرێمی یۆرکشایەری ئینگلیزی.



دوای تووشبوونی بە پەتای "ئەنفلۆنزای ئیسپانی" کە بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ئەورووپای گرتەوە و بەهۆیەوە نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا گیانیان لەدەستدا، لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

بەگوێرەی BBC عەقید سایکس لە کاتی گەڕانەوەی لە سوریا تووشی نەخۆشییەکە بووە و لە میانی ئامادەبوونی لە وتووێژەکانی ئاشتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٩ دا لە هۆتێلێکی پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆچی دوایی کرد.

سایکس چەند زمانی زانیوە لەنێویاندا عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و بەو زمانانە چەندین کتێبی نووسیوە کە دیارترینیان کتێبەکانی

"دار الإسلام" و "رحله فی الولایات العپمانیه الخمس"ە.

دوای کۆچی دوایی یاداشتەکانی برەوێکی زۆریان هەبووە و رۆڵیان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ شیکردنەوەی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەو سەردەمە هەبووە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا نەوەکانی رێگایان بە پزیشکەکان دا گۆڕەکەی هەڵبدەنەوە و کفنەکەی بکەنەوە بۆ ئەوەی چەند سیمپڵێکی لێوەربگرن، بەهۆی ئەوەی لە تابووتێکی قوڕقوشمدا نێژرابوو، چونکە ئەو جۆرە تابووتە ڤایرۆسی ئەنفلۆنزانی ئیسپانی کە هاوشێوەی ئەنفلۆنزای باڵندەیە بەشێوەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوەی زانستی دەپارێزێت.

## جۆرج بیکۆ

پارێزەر و دیپلۆماتکاری فەرەنسی جۆرج بیکۆ لە ساڵی ١٨٧٠ لە پاریس لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٥١ کۆچی دوایی کردووە و بە ئیمزاکەی لەسەر رێکەوتننامەی سایکس- بیکۆ ناسراوە و بەرپرسە لەوەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی عەرەبی خستووەتەژێر دەسەڵاتی فەرەنسی و دامەزراندنی ئینتیداب لە سوریا.



بیکۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا بەدەستهێناوە و لە ساڵی ١٨٩٣ دا لە دادگای تەمیز لە پاریس بووە بە پارێزەر، دواتر لە ١٨٩٥ چووەتە بواری دیپلۆماتییەوە و لە ساڵی ١٨٩٦ لە بەڕێوەبەرێتی سیاسەت دامەزراوە.

دواتر ئەو دیپلۆماتکارە وەک کونسوڵ رووبکردە پەکینی پایتەختی چین و چەند ساڵێک لەوێ ماوەتەوە و بەماوەیەکی کەم بەر لە هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بووەتە کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە بەیروت.

بیکۆ یەکێک بووە لەو کەسانەی بە جددی کاری بۆ ئینتیدابی فەرەنسی بەسەر سوریا و لوبنان کردووە کە لە رێکەوتننامەی "سایکس بیکۆ" رەنگی دایەوە و لە ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩١٩ وەک کۆمسیاری باڵا لە فەلەستین و سوریا کاری کردووە.

دوای ساڵی ١٩١٩ و جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی "سایکس بیکۆ"، جۆرج بیکۆ لە ناوچەی خۆهەڵاتی ناوەڕاست دوورکەوتووەتەوە و بووە بە کۆمسیاری باڵای کۆماری فەرەنسا لە بولگاریا دواتر وەک دیپلۆماتێک چەندین وڵاتی تر گەڕاوە تا گەیشتووەتە ئەرژەنتین بەر لەوەی خانەنشین بێت و لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە / رێکەوتی: ١١ی مەی ٢٠١٦

# سایکس ـ پیکۆ

مستەفا شڵماشی

ئەم ڕۆژانە زۆر باس لە سایکس ـ پیکۆ دەکرێ، هێندەی باسکراوە کە نە دەمهەوێ باسی پەیمانەکە بکەم و نە سایکس و پیکۆ بناسێنم٠ بەڵکو بە پێویستی دەزانم بە کورتی ئیشارە بە شوێنکارەکانی (سایکس ـ پیکۆ ، پەیمانی چاڵدێران کە پێش سایکس پیکۆ کوردستانی کردە دوو بەش و لۆزان کە لە دوای سایکس پیکۆ، مۆری نێو نەتەوەیی لە دابەش کردنی کوردستان دا) لە سەر تاکی کورد و تەنانەت ئەحزابی کوردی و ڕێبەرانی کورد بێنمە بەر باس.



ڕاستە سەد ساڵ بە سەر ئەو بڕیارە شومە دا تێپەڕیوە، ئێمەی کوردیش دڵمان بەوە خۆشە کە پەیمانە کە کۆن و پیر بوەو بە قەولە فەرەنگیەکەی ئێکسپایەر بووە. بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە ڕۆژ نیە بۆ خۆمان، چ لە زەمانی خەڵکی ئاساییەوە، چ لە زەمانی ڕووناکبیرانمانەوە و چ لە زەمانی ڕێبەرانمانەوە، هەمان بڕو بیانو نەهێنینەوە بۆ هێشتنەوەی کوردستان بە دابەشکراوی و بێ کیانی.

مەگەر بیانوی دابەشکەرانی کوردستانیش هەر ئەوە نەبوە کە هەل و مەرجی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بۆ ئەوە نابێ کیانێکی سەربەخۆی لێ پێک بێ؟ دەی باشە سەد ساڵ دوای سایکس - پیکۆش، دوای ئەو هەمو دەرد و ڕەنج و قوربانی دان و شەهید دانەش، بەشێکی بەرچاو لە خۆشمان هەر دووپاتەی ناکەنەوە کە جارێ هەل و مەرجی سیاسی، ئابوری و ناوچەیی ئامادە نییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. ئەوانەی ئەو بیانوانە دێننەوە تەنانەت بیر لەوە ناکەنەوە کە دەیان ساڵ بەر لە ئێستا، هەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەیان خێڵ و عەشیرەتی شوانکارە کە تەنیا لەسەر بەرهەمی مەڕ و بزنەکانیان دەژیان دەوڵەتی خۆیان ڕاگەیاند و ئێشتاش زۆریان لە پێشکەوتن دا خۆیان گەیاندوەتەوە وڵاتانی پێشکەوتوو٠ کەچی لە ناو ئێمەدا بە داخەوە ئێستاش سیاسەتمەدار و ڕێبەری وامان هەیە کە پێی وایە، تەنانەت باشوری کوردستانیش بەو هەموو پێشکەوتنانە کە لە باری هێزی نیزامی، سنعەتی نەوت دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت، بەو هەموو زانستگاو و ناوەندی فێر کردنەوەو بەو دیپلۆماسیە بە هێزەی کە لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا هەیەتی، ئامادەیی ئەوەی نییە کە دەوڵەتی سەربەخۆ ڕاگەیەنێ٠

لەوەش دڵتەزێنتر ئەوەیە کە هێندێک کەس دەڵێن وڵاتانی ناوچە واتە ئێران، تورکیە وسوریە، ڕازی نابن کە باشور سەربەخۆیی ڕاگەیەنێ٠ وەک ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، تەنانەت دیموکراتترین سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەش ڕازی بن بەوەی کە کورد بە مافەکانی خۆی بگا٠ تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو وەڵاتانەش دا٠

کە وابو من دەڵێم باشتر وایە ئاسەواری ئەو پەیمانە نگریسانەی وڵاتی ئێمەیان بە نەیارانمان بەخشیوەو ئێمەیان کۆیلە کردوە، لە مێشکی خۆمان بسڕینەوە، ئەو کاتەیە کە سەردەمی ئەو پەیمانە دژی کوردانەش بە سەر دەچێ٠ ئەوە بە دەست خۆمانە، نە کەسی دیکە٠

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦

# لە پەراوێزی ١٠٠ ساڵەی ڕێككەوتننامەی سایكس - پیكۆدا

عەزیز شێخانی

### سەربەخۆیی كوردستان و پڕۆژەی كۆمەڵگایەكی دێموكراتیك!

لە یادی ١٠٠ ساڵەی ڕێككەوتننامەی ناسراو بە سایكس- پیكۆدا، گەرەلاوژەی درووشمی پیاو و كچانی حیزب و دەهۆڵی پڕوپاگەندە گوێی ئاسمانی كەڕ كردوە. مارك سایكسی بریتانیی و فرانسوا ژۆرژ پیكۆی فەڕانسەوی لە ١٦ مانگی مای ساڵی ١٩١٦ زایینی، لە جەنگەی شەڕی یەكەمی جیهانیدا، بە ئاگاداری رووسیە لە سەر دابەشكردنی خاكی ژێر كۆنترۆڵی ئیمپراتۆری عوسمانی ڕێككەوتننامەیەكی نهێنیان بەست. بە گوێری ئەو ڕێككەوتننامەیە خاكی كوردستانی ژێر كۆنترۆڵی عوسمانییەكان، بە كردەوە لە نێوان چەند دەوڵەتێكی تازە سازكراودا دابەش و كەرت كرا. ئەو ڕێككەوتننامەیە



لە خزمەتی بەرژەوەندی زلهێزەكانی وەك بریتانیا، فەڕانسە و ژمارەیەك لە بنەماڵە و گەلانی ناوچەكەدا بو، بەڵام زۆر گەل وخەڵكی وەك كورد پەراوێز خران.

شایانی باسە، كە كوردەكان لە سەروبەندی شەڕی یەكەمی جیهانی وەك ئەمڕۆ بە سەر بەرەی جیاواز و دژبەردا دابەش ببون. زۆرایەتی كوردەكان ئاگاداری دواڕۆژی نەخشەی سیاسی ناوچەكە نەبوون و سەرۆك عەشیرەت و چەكدارەكانیان بەكردەوە سەرەتا لە بەرەی سوڵتان و پاراستنی رەوتی عوسمانیزمدا بوون و دواتر فریوی شەڕی رزگاریی ئاتاتۆركیان خوارد و لە كۆتایی جێگیربوونی سنوورەكانی توركیەدا سەریان بێ كوڵاو مایەوە. ئاشكرایە كە كوردەكان وەك ئەمڕۆ بە سەر دەسەلآت و هێزە ناوچەییەكانی وەك رووسیە، ئێران، عوسمانیدا دابەش ببون و چەكدار و سەرۆك عەشیرەت و تەنانەت ژمارەیەك لە خوێندەوار و لە سەنگەری جیاوازدا خۆیان دەبینیەوە. ئەوان لە نێو گەمەكەدا سەر لێشێواو و لە دوای پڕۆژەی نەتەوەی تورك، عەرەب و فارسەكاندا سەرگەردان بوون. جوڵەیەكی بەرفراوان، كۆمەڵگایەكی چاوكراوە، ناوەندی ئیدارەكردنی پتەو و بەهێز لە نێو كورداندا نەبو. لە ئاكامدا جوڵەی كۆمەڵە سیاسیی و كولتورییەكان، رووناكبیر و خوێندەوارەكان، ویستی سەربەخۆیی و مافخوازییەكان لێكدابڕاو و ناوچەیی بوون و لە بازنەی سنووری عەشیرەت، شێخ و ئاغادا تێپەڕیان نەدەكرد. ئەوان لە زمانی هاوبەشی نووسین بێبەش بوون و بە زمانی خۆیان لە سەر خۆیان و ئەوانی دیكە كەمترین نووسینیان هەبوە. تەنانەت كوردەكان خاوەنی وەرگێرانی كتێبە ئایینیەكان بە زمانی دایك نەبوون و خوێندن و نووسین لە ئاستێكی یەكجار كەمدا بو. بە واتایەكی دیكە، لەو سەردەمەدا ژمارەیەكی كەم ئەفەندی و میرزا تاقەتیان بە نامەدەركردن دەشكا، كە دەربڕی دۆخی تاڵی كوردەكانی ئەو سەردەمەیە.

هەوڵ و تەقەلالای کوردان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان لە بازنەی دەوڵەتە تازە بەرهەم هاتووەکاندا بە نیوەچڵی شکڵی گرت. ڕەوایەتی مافی کوردان و زوڵمی داگیرکەران لە ماوەی یەک سەدەی رابردوودا بەشێکی دیار لە مێژووی ناوچەن و شایانی زیاتر وردکردنەوە و لیکۆڵینەوەی زۆرترن. کوردەکان لە ئاکامی جێبەجێکرانی ریککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا خاکەکەیان بە فەرمی تیکەڵ بە بەشێک لە جۆغرافیای دەوڵەتە تازە دامەزراوەکان کرا. ئەگەرچی لە رابردووی دوور و درێژدا و تەنانەت لە ماوەی ٤ سەدە پێش شەڕی یەکەمی جیهانیش کوردەکان دامەزراو و یەکدەنگ نەبوون، بەڵام ئەو کات لە ژێر فەرمانی عوسمانیی و پێرسیادا جۆرە خۆبەڕێوەبەرییەکی پەرتەوازە و دوور لە یەکتریان هەبو، کە لە خۆیان دوور و لە سوڵتان و شا نیزیک بوون.

جێگای ئاماژەپێکردنە، کە لە پانتایی کوردستاندا لە ژێر کارتێکەری ناوچەیی و جیهانیەکان هەر جارە و رەوت و بزوتنەوەیەک بە سەرکردایەتی شێخ، ئاغا، مەلا و دواتر خوێندەوارەکان لە شوێنێکدا سەری هەڵداوە، بەڵام هیچ کامیان نەبوونە بەشێکی کارا و زیندوو لە پرۆسەی سیاسی ناوچەکە. هێزە سیاسییە کوردییەکان لە سەدەی بیستەم بە تایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا زیاتر لە سەر پرسی مافی چارەیخۆنووسین لە فۆڕمی ئۆتۆنۆمی یان خوبەڕێوەبەری لۆکاڵیدا تێکۆشاون. لەو نێوەدا ئەوان بە سەر بەرەی جیاوازدا پەرتەوازە بوون و زۆر بە کەمی هەڵکەوتوە کە لە گەڵ بەها ئەخلاقییەکانی سیاسەت و لە گەڵ خەڵکدا راستگۆ و تەبا بن. خوێندنەوەی پارتە سیاسییە کوردییەکان بۆ دۆزی کورد لە گەڵ یەکتردا یەکانگیر نەبوە و بە شێوازی جیاواز سیاسەتیان کردوە. ئەوان وەک عەشیرەت، ئاغا و شێخەکان، بەڵام بە فۆڕم و شێوازی ئایدۆلۆژی کەوتنە بەرەی جیاواز و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا خەڵکی کوردیان کردە دەستەچیلەی خۆیان. لە مێژووی گەلی کورددا زۆر دەگمەنن ئەو سەرکردانەی، کە ئازایانە و وەفادارانە هەڵوێستیان گرتوە و بە گیانی خۆیان حەقانییەتی وتە و بڕیاری خۆیان و مافی گەلەکەیان سەلماندوە.

هەڵبەزدابەزی درووشم و داخوازی بەشێک لە حیزبەکان ڕەوتی نۆڕماڵ و ئاسایی نەپێواوە. بە واتایەکی دیکە، ویست و داخوازای بەشێکیان بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و لە نێوان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و شتی دیکەدا خەریکی گەمە و جۆلانەی حەزبوون. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە نێو پارتە سیاسییە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا زیاتر باس لە درووشمی وەک سەربەخۆیی، خۆبەڕێوەبەری دیموکڕاتیک و فیدراڵیزم دەکرێ. ئۆتۆنۆمی خوازەکانی دوێنێ بوونە سەربەخۆخواز و سەربەخۆخوازەکانی دوێنی هاواری خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک سەر هەڵدەدەن. کێشە لە درووشم، ویست و چەمکەکاندا نییە، بەڵکو لە هەڵسەنگاندن و چاوخشاندن بەو کەرەستانە دایە، کە بۆ پراکتیزەکردنی درووشمەکان پێویستن. کوردەکان بە دوور لەو درووشم و پڕوپاگەندانە مافی خۆیانە کە خاوەنی خاکی خۆیان بن و وەک گەلانی دیکەی جیهان خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی و ئیداری بن. بەرەی سەربەخۆیی خواز لە باشووردا ساڵانێکی یەکجار زۆر پارە، دەسەلات، هێزی چەکدار، پێوەندییە دەرەکیەکان و ئازادی پێویستی بۆ وەدیهێنانی مافی چارەیخۆنووسین بە شێوازی سەربەخۆیی بۆ خوڵقاوە، بەڵام لە سنووری قسەی تێنەپەڕاندوە. پارتی دێموکرات و سەرۆکەکەی لە بەر باوەڕمەندی بە پرسی سەربەخۆیی ئەو درووشمەیان هەڵنەبژاردوە، چوونکە ئەوان تا کاتی رووخانی سەددام بە هەموو سیغەیەک ئۆتۆنۆمی خواز بوون و لە زۆر بواردا بە نهێنی لە گەڵ بەغدا سازاون و لە پێوەندیدا بوون. لایەنگرانی پارتی و سەرۆکەکەیان دەزانن، کە خەڵکی کورد ئەمڕۆ حەزی لەو وشانەیە و دڵی بە دەوڵەتی کورد دەبێتەوە، بۆیە ئەوانیش وەک بازرگانی شارەزا کالای دەوڵەتی کوردیان خستۆتە بازاڕ و لە هەر مەڵبەندێک بە جۆر و شێوازیک پێشانی خەڵکی دەدەن. باشووری کوردستان و بە تایبەت پارتی و سەرۆکەکەی ئیرادەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیان نییە، بەڵام وەک درووشمی رۆژ، تاکتیک و ستراتیژی کەڵکی لێوەردەگرن.

بەرەی خۆبەڕێوەبەریخواز، لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێبەری دەکرێن. ئەوان خۆیان بە درووشمی وەک خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک و پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک خەریک کردوە، بەڵام بەکردەوە ناتوانن لە گەڵ فەلسەفەی ئەو خۆبەڕێوەبەرییەدا خۆبگونجێنن. پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆژانێک لە کوردستانی سەربەخۆ کەمتریان نەدەویست، بەڵام ئەمرۆ لە ئاکامی خوێندنەوەی زیندانـ،ا سنووری دەوڵەت نەتەوەیان بە قسە تێپەڕ کردوە و لە گەڵ بیرۆکە و فەلسەفەی قووڵی سیاسەت و ئیدارە خۆیان تێوەگلاندوە. شایانی وەبیرهێنانەوەیە، کە ئەو بیرۆکەیەش مێژوویەکی کۆنی هەیە و هیچ عەیبێکی نییە و وەک سەربەخۆیی بژاردەیەکە ودەکرێ هەوڵی پراکتیزەکردنی بدرێ. شیاوی ئاماژەپێکردنە، کە جار و بار پارتە کوردییەکان وەک یاری مار و پلە لە خۆبەڕێوەبەری، کولتوری، سیاسی، ئابوری، ئۆتۆنۆمی نیوەچڵ، خودموختاری تەواو عەیار، فێدراڵیزم و کۆنفێدراڵیزم و سەربەخۆیی دەدوێن وبە گوێری هەلاتنی خۆر و کەوتنی مانگ ویستەکانیان لە قالب دەدەن. ژێرخان و سەرخانی پرۆژە و پلانی پارتە کوردییەکان لە گەڵ یەکتر یەکناگرنەوە و لە ئاکامدا دیواری کۆشکی حەزەکان لە سەر بناخەی پتەو ڕۆنانرێن و لە ویشکەکەڵک دەچێ.

خاڵی بەرچاو و جێی رامان ئەوەیە، کە کولتور و قەوارەی پارتە سیاسییەکان وەک پێویست نەگۆڕاوە. مەترسییەکە ئەوەیە، کە هەموو بیرۆکەکان بۆ خزمەتی سەرۆک پارتەکان بن و گەل وەک جاری جاران ئاگای لە مەحمودی بێزەواد نەبێ. بێجگە لەوە، تاکەکان و تەنانەت ئەوانەی گۆیا لەو خەبات و تێکۆشانەدا قاڵ بوونەوە بە دەگمەن گۆڕاون و هەموو لایەک بە یاسای کۆن کار دەکەن. بۆیە کوردەکان بەردەوام ئاوات بە ساڵی پار و دەیەی تێپەڕیو دەخوازن و کەمتر چاویان بڕیوەتە داهاتوو. کوردەکان وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و زوڵم لێکراو هێشتا خاوەنی ئاسۆیەکی روون و گیانی تەبایی نین. لە سەردەمی دەرفەتەکانـدا لە بەر سەماکردن، خۆسەپاندن و کێبەرکێی نارەوا و پەرتەوازەیی هێز و وزەکا،ن کانالێک بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەیخۆنووسی نامینێ. ئەگەر گەلانی دیکە دەرفەتی ئەمرۆ و ١٠ ساڵ لەوە پێشی کوردیان لە باشوور و تەنانەت باکور هەبایە، بێگومان بە هێزی رەوابوونی مافەکانیان، پلانی گونجاو، دێموکراسی، ئیدارەی جوان و باوەڕبەخۆبوون گەمەکەیان دەبردەوە. داخوازی سیفر و سەتی کوردان لە سیاسەت و خۆ بە عەقڵی هەمووان زانین لە سەر کورسی سەرۆکایەتی، تامی تاڵی شکستە مێژووییەکانی سەدەی رابردوون. فەرزکردنی سەمبولی کارتۆنی و هەوڵدان بۆ زێڕاوکردنی مێژووییەک، کە بۆنی خۆکوژی و خۆفرۆشی لێدێ گیانی تەبایی کز دەکا و دەرفەتی پەرتەوازەبوون زۆرتر دەکات.

تواندنەوەی پارە لێرە و لەوێ بۆ راوەشاندنی داری ئالای هەرێمی کوردستان لە ئورووپا و لەبەرکردنی جل و بەرگ و خشڵی زۆر لە رۆژی ١٦ مانگی مای، تارماییەکانی سایکس - پیکۆ و ژانی دابەشبوون لەنێو نابەن. هێنانەگۆڕ و باسکردن لە داعش وەک هێزی شکێنەری ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، کە سەرۆکی پارتی و بەشێکی دیکە لە دەرچوانی قوتابخانەی بیرنەکردنەوە باسی دەکەن، پڕە لە بێحیکمەتی و نەبوونی هەوێنی تێگەیشتن لە کایەی سیاسەت. بێجگە لەوە، خۆدزینەوە لە هاوکێشە مێژووییەکان، لە کارخستنی پارلەمان، شکاندنی سەروەری یاسا و خۆفەرزکردن بە ناوی خەڵک و ڕێفراندۆم ڕێگای گەیشتن بە مافە رەواکان نییە. پرۆژەی خۆبەڕێوەبەریی و سەربەخۆیی لە جیهانی چەمک و تیۆریدا جوان و خاوەنی قورسایی خۆیانن، بەڵام گوتنەوە ی بەردەوامی ئەو درووشمانە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە سەر زاری حیزب وپارتە سیاسییەکان هێدی هێدی لە مانا بەتاڵیان دەکات، چوونکە دەکرێنە مایەی گەوجاندنی جەماوەر و بەشێک لە بژاردەی کۆمەڵگا.

پارتە سیاسییە کوردییەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە پێوستیان بە خوێندنەوەی بەستێنی راستەقینە و گەڕانەوە بۆ خاڵی

تێگەیشتن لە کایەی ڕاستەقینەی سیاسەت و ئیدارەیە. ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی سایکس - پیکۆ تەتەڵە کردنی مێژووی شکست و کەوتنەکان و بەرهەمهێنانی ئیرادەی نەتەوەیەکە، کە خوازیارە ئازاد بژی، نەک باس کردن لەوەی کە داعش سنوورەکانی تێکداوە! گەڕانەوە بۆ خەڵک و ڕێزگرتن لە هێز و ئیرادەی جەماوەرێکە، کە لە پێناوی سەربەخۆیی یان خۆبەڕێوەبەریدا ئامادەی تێگەیشتن، تێکۆشان و ڕاوەستانە. بەهێزکردنی بەرەی دیموکراتخوازە کوردەکان و قۆستنەوەی دەرفەتە مێژووییەکانە، کە خزمەت بە کورد دەکات و لە شێرپەنجەی گیرۆدەبوونی نەتەوەیەک بە تاکە کەس و بنەماڵە و خێڵێک دەیپارێزێ. خەڵکی ئێمە دەکرێ لەوە تێبگات، کە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم مافە، بەڵام دەنگدەران دەبێ ئاگادار بن، کە ڕێفراندۆم و قۆناخی دوای ڕێفراندۆم دوو کات و سەردەمی جیاوازن. هاوڵاتیان کورد پێویستە لە پرۆسەی دەنگدان و تەنانەت درووشم بازی پارتە سیاسییەکاندا، ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕووداو و پاش ڕووداوەکان لە گەڵ هەست و خەون و زیندە خەونەکان تێکەڵ نەکەن. بۆ سەرکەوتن بە سەر نەهامەتییە مێژووییەکاندا و بردنەوەی گەمەی سیاسی زۆر فاکتەرمان پێویستن. یەکەمین فاکتەر خۆناسینی تێکڕاییە، کە بناخە و بەستێنی گونجاو بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکان دەخوڵقێنێ و ئیرادەی تێکڕایی بەرهەمدێنێ.

شەڕی مافە کەسیی وگشتییەکان، ئازادیی و سەربەخۆیی لەو سەدەیە و لە سەدەکانی ڕابردوودا بە نێو جەرگەی گژبا و کەوتن و شکانەکاندا تێپەڕیوە. گەلی کورد لەو نێوەدا تاقیکاری خۆیداوە و گرینگە، لە هەر قۆناخێکدا ڕابردوو لەبیر نەکرێ. چەمکی دەوڵەت یان خۆبەڕێوەبەریی دیموکڕاتیک داتاشراوی بیری کوردان نین، بۆیە لەو جیهانە پان و بەرینەدا کوردەکان مەخلوقی جیاواز نین و ناتوانن بە زەبری زۆر و خۆسەپێنی پرۆسە و ڕەوتتەکان ڕێبەری کەن. شەڕەکان سەرەتا و کۆتاییان هەیە و هیچ ڕێککەوتنێک نییە،کە ڕۆژێک لە نرخ نەکەوێت. وانەیەک بۆ سەرکەوتن کە مێژوو کردە و گرینگە ئەوەیە، کە ئەگەر وەک دوێنێ هەڵسوکەوت بکەین و پارتە سیاسییەکان ڕێچکەی ڕابردوو بگرن، ئەگەر سەربەخۆیی لە سەر سینی زێڕ پێشکەش بە کورد بکرێ، هێشتا لە مامەڵەیەکی نەشیاودا دەیدۆڕێنین. گۆڕانی تاکەکان، کولتوری سیاسی و ژینگەی پەروەردەی نەتەویەک کاتی زۆریان دەوێ. ئەگەر بەستێنی خۆئیدارەکردن پتەو و ئاسۆی ژیانی سیاسی ڕوون و دیار نەبێ، دامەزراوە سیاسییەکان لە هەر فۆڕم و شێوازێکدا بن خەساری گەورە لە پەیکەری خاک و نەتەوە دەدەن. لە قسە و درووشمان پرد دروست ناکرێ و هیچ نەتەوەیەک بەمجۆرە بە ماف و ئازادییەکانی نەگەیشتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / ڕێکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦

# ئەگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ئارادایە:

# کوردان، سەدەیەک پاش سایکس پیکۆ

محەممەد عەلی دەستماڵی

ئەمڕۆ سەدەمین ساڵۆگەری ڕێکەوتنی سایکس پیکۆیە. سەدەیەک پێش ئێستا و تەنیا حەوت ساڵ پێش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، گۆڕانکارییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی دا کە دەتوانین بە بناغەی پێناسەی سنورە سیاسییەکانی نوێ ناوی ببەین و لەو ڕۆژگارەوە تا ئێستا، بەردەوام پێکدادان و کێشە و گرفتی زۆری بە خۆوە بینیوە کە ئەڵبەت هەموو ئەم کێشانەش بەم هۆیەوە نەبووە. سەرەڕای ئەمەش کەم نین ئەو دامەزراوە سیاسی، حیزب، نەتەوە و گرووپانەی کە پێیان وایە لە هەمان سەردەم و لە ژێر کاریگەرییدا، زنجیرە ڕووداوی بچووک و گەورە ڕوویان داوە کە ئەمڕۆ ناوچەکەی بەم وێستگەی ئێستا گەیاندووە.



### نە سایکس ماوە و نە پیکۆ بەڵام ...

ڕووداوەکانی هاوپەیوەند لە گەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی و دەسەڵاتدارێتی بەریتانیای گەورە و فەرانسە لەو سەردەمە، کاریگەرییەکی ئاشکرای لە سەر دۆخی سیاسی و جوغرافیایی ناوچەکە هەبووە و سر مارک سایکسی بەریتانی و فرانسوا ژۆرژ پیکۆی فەرەنسی، لە ڕێکەوتنێکی کورت و بە ڕواڵەت ساکار، چیرۆکێکی درێژیان دەستپێکرد کە کاریگەریی لە سەر دۆخی ژیانی هەندێک نەتەوە و پێکهاتەی ناوچەکە دانا و چارەنووسی تورک، کورد، عەرەب، فەڵەستینییەکان و لایەنەکانی دیکە کەوتە ژێر کاریگەری ئەم خاڵە وەرچەرخانە. لە ئێستادا و لەم سەردەمە نوێیەدا کە تێیدا وەک سەدەی ڕابردوو، هێزی کاریگەری جیهانی وەک سەردەمی سایکس پیکۆ لای بەریتانیا و فەرانسە نییە و ئەمریکا، ڕووسیا و هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە ڕۆڵێکی هەرە گرنگیان هەیە، کوردان هەوڵی ئەوە دەدەن تا دۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بەرەو گۆڕانکاری ببەن. پرسیاری یەکەم ئەمەیە: ئایا کاتێک کە باس لە ناڕەزایەتی کوردان بەرامبەر بە ڕەوت و تێڕوانینی سنوری – پێکهاتەیی سایکس پیکۆ دەکرێت، مەبەست داواکاری سەرجەم کوردانی ناوچەکەیە؟ لە وەڵامدا پێویستە بڵێین کە نە. کوردان و بە واتایەکی دیکە پارتە کوردییەکان، لە چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا بە پێچەوانەی دەیەکانی ڕابردوو، سەبارەت بە پرسی پێویستبوونی سەربەخۆیی، جیابوونەوە و پێکهێنانی یەکەی جوغرافیایی هاوبەش و

یەکگرتوو، هاوڕا نین و نەک تەنیا بە کردەوە، بەڵکوو لە درووشمدا لە پلان و تێڕوانینێکی وەها باس ناکەن. لە شرۆڤەی ڕوونتری ئەم بۆچوونە پێویستە بوترێت:

١)لە ئێران، کوردان بە چەندین هۆکاری وەک پەیوەندی تایبەتی خەڵکی کورد لە گەڵ کۆمەڵگای ئێرانی، لاوازبوونی پارتە نەیارەکانی حکومەت و نەبوونی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم پارتانە لە ڕەوتی نارەزایەتی و سەرهەڵدان دژ بە سایکس پیکۆ نین.

٢)لە تورکیا، پەکەکە وەک گرنگترین ڕەوتی سیاسی - سەربازی ئەم وڵاتە، کەوتووەتە ڕێگایەک کە ڕێبەری بەندکراوی نەک تەنیا چەندین جار ڕایگەیاندووە کە پێویست بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی وڵاتێکی نوێ نییە، بەڵکوو لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو قسەیەکی ئەوتۆی سەبارەت بەم پرسە نەبووە و ئەگەرێکی دوور نییە کە لە چەندین مانگی داهاتوو بە هەڵوەشانەوەی پارێزبەندی نوێنەرانی کوردی پارلەمانی تورکیا، سەرکردە و بەرپرسانی باڵای پارتی دیمۆکراتیکی گەلان لە دۆخی ئێستای ئەم وڵاتەدا ڕووبەڕووی سزای بەندکردن ببنەوە. وێڕای ئەوەی کە پەکەکە بە هۆی ئەوەی کە ناوی لە ڕیزی گرووپە تیرۆریستییەکاندا هاتووە، چەندان ڕەوایەتی نێودەوڵەتیی نییە.

٣)لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دۆخێکی دیکە زاڵە و زۆرترین ئامادەبوون و خواستی جەماوەری بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆ لە عێراق دەبینرێت. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و کوڕی مەلا مستەفا بارزانی کە باوک، مام و کەسانی دیکەی بنەماڵەکەی یەکەم هەنگاوی خەباتی کوردایەتییان لە بەرامبەر پاشای عوسمانی و پاشان پاشای عێراق هەڵگرتووە، ئاڵاهەڵگری ئەم ڕێگایەیە و سەرجەم هەوڵەکانی لە پێناوی ئەوەیە کە لە ژیانی سیاسی خۆیدا ئەم دۆسیەیە بە دەرەنجامێکی ئەرێنی بگات. ئەگەرچی لە نێو پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان و بەرژەوەندی خۆیان، ڕا و بۆچوونی جیاواز و ناکۆکی دەبینرێت، بەڵام پێویستی هەڵگرتن و نەمانی میراتی سایکس پیکۆ و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی لە خاڵە هاوبەشەکانی ئەوانە و ئەگەر جیاوازییەکیش دەبینرێت پەیوەندی بە هەندێک خاڵی بچووکی وەک کات و شێوازی گەیشتن بەم ئامانجەیە.

٤)لە سێ ناوچەی کوردنشینی باکوری سوریا، واتە لە جزیرە، عفرین و کۆبانی، دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانی سەر بە پەکەکە دەسەڵاتیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا قۆرخ کردووە. ئەوان خاوەنی پێگەیەکی تایبەتی جوغرافیایی و بەرگرین و بە پشت بەستن بەمەش دەتوانن بەدەر لە داعش و گرووپە تەکفیرییەکانی دیکە لە گەڵ ئەمریکا، ڕووسیا، بەشار ئەسەد و تەنانەت ئێرانیش هاوکارییان هەبێت. ئەگەرچی ئەم گرووپە لە کوردان بە پێی ڕێکەوتنێکی نەنووسراو هێشتا لە بەرەی بەشار ئەسەدن، بەڵام هەر ئێستاش سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بۆچوونێکی دیکەیان هەیە کە لای دیمەشقەوە وەرناگیردرێت و لە پێکدادانەکانی ئەم دواییەی حەسەکە ژمارەیەک هێزی سوپای ئەسەد کوژران و بە دیل گیران. هەر بۆیە لە ئەگەری جێبەجێ کردنی سیناریۆی لادانی ئەسەد لە دەسەڵات، کوردان لەم ناوچانەدا هەوڵی دابین کردنی پێکهاتەیەک دەدەن کە ئەگەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆدا نەبێت وەک هەرێمێکی فیدراڵ، هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت و لە ئەگەری مانەوەی ئەسەد، دۆخەکە بۆ پێشتر ناگەڕێتەوە و ئەم خاڵە ئاڵتوونییەش دەتوانێت سەرەڕای ئەوەی کە جێی ململانێی پەکەکە و تورکیا بێت، بەستێنی کێبەرکێ یان هاوکاری لە گەڵ بارزانی بێت.

**ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ڕابگەیێنێت:**

**یەکێک لە پرسیارە گرنگەکانی هاوپەیوەند لە گەڵ تێڕوانینی کوردان بە سایکس پیکۆ، ئەوەیە کە کوردان چیدی وەک جاران بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیان چاوەڕوانی مۆڵەتی ئەمریکا، ئەورووپا، ئێران، عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە نابن و لە کردەوەیەکی پێش بینی کراو هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەم لایەنانە ڕووبەڕووی کردەوەیەکی ئەنجامدراو بکەنەوە. بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکەیی عێراق و حکومەتی لاواز و نەخۆشی ئەم وڵاتە، پێدەچێت کە نەک تەنیا دژایەتییەکی ئەوتۆ لە گەڵ ئەم ئەگەرە ناکرێت، بەڵکوو ئەگەری ئەوەش هەیە بەشێک لە لایەنە شیعە و سوننەکان بەمە ڕەزامەند بن. پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە کوردان لە هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین تایبەتمەندی گرنگی وەک هێزی سەربازی و بەرگری پێشمەرگە، هێزی ئابوری سەرەڕای قەیرانی ئێستا، سەرچاوەکانی نەوت و گاز، پەیوەندی دیپلۆماسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەزموونی سیاسی و حوکمڕانین. کوردان لە ساڵانی ڕابردوو هەم لە عێراق و هەم لە سوریا ئەوەیان پیشان داوە کە نەک تەنیا لە گەڵ پێکهاتەکانی دیکە کێشەیەکیان نییە، بەڵکوو دەتوانن بە پێدانی هەندێک ئیمتیازی گەورە وەک هاوبەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکاری خۆیان بەکاریان بێنن. هەروەها پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بدەین کە هێرش و مەترسی و کردەوەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش لە عێراق و سوریا و بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی کوردان لە بەرامبەر گرووپە تیرۆریستییەکان، دۆخێکی نوێ و لەباری دابین کردووە کە هاوکاری لە گەڵ کوردان بە هەنگاوێکی ئەرێنی و پێویست لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پیشان دەدات.**

**لە ڕاستیدا لەم دۆخە ئاڵۆز و پڕکێشەیە، ئەگەرێکی دوورە کە ڕاگەیاندنی لەناکاوی سەربەخۆیی کوردان لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کاردانەوەی توندی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ببێتەوە. لە ئێستادا پێویستە چاوەڕوان بین کە هەرێمی کوردستان و بە تایبەت کەسایەتی مەسعود بارزانی، ئەم سەربەخۆییە ڕادەگەیێنن یان گرنگی بە ڕاوێژکاران و دراوسێکانی خۆیان دەدەن و سیناریۆی جیابوونەوە دوا دەخەن.**

**نووسەر: محەممەد عەلی دەستماڵی، شرۆڤەکاری سیاسی ناوچەکە**

**سەرچاوە: دیپلۆماسی ئێران**

**وەرگێڕان: جام کوردی**

**هەرێمی کوردستان جام کوردی هەواڵەکان ئێران گۆڤار بازرگانی هاوردەکاری هەناردەکاری تەندروستی گەشت و گەشتیاری پزیشک دوکتۆر جام کوردی یەکەمین گۆڤاری نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان jamekurdi**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی جام کوردی / ڕێکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦**

# کورد و سەدەمین ساڵوەگەڕی سایکس - پیکۆ




## ڕا و بۆچوونی پۆلێک لە کارناسانی سیاسی

### بەشی ١

١٠٠ ساڵ لەمەبەر، فرانسوا پیکۆ و مارک سایکس، ڕوخساری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیان گۆڕی و ئەو ناوچەیەی زیاتر لە چەند سەدەیەک لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوو، بەسەر چەند دەوڵەتێکی دابەشکرا. دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان هەردوو زلهێزی ئەو دەمەی جیهان واتا بریتانیا و فەڕانساه ئەنجام درا. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد وەک یەکێک لە سەرەکیترین نەتەوەکانی ناوچە و هەروەها نەتەوەی بی وڵات و نیشتمان، ئەو دابەشکارییەی قەبووڵ نەکردوە، خەبات لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەردەوامە بەڵام تا ئێستاش ئاکامێکی کردەیی ئەوتۆ لە خەباتی کورد جیا لە بە فیدراڵی بوونی هەرێمی کوردستانی باشوور بۆ کورد مسۆگەر نەبووە، تا ئێستاش و بۆ سەدەمین ساڵ، سایکس - پیکۆ هەروا لە سەر جێگای خۆیەتی هەرچەند باس لە خەریتەی خۆرهەڵاتی ناڤینی گەورە و گۆڕنی سنوورەکان لە ئارادایە و شەڕ لە ناوچە گڕی ناوەتەوە بەڵام هەمدیسان وڵاتانی زل هیز دژن بە دابەش بوونی وڵاتانی سووریە و عێراق و درووست بوونی دوو حکومەتی کورد، لە لایەکی تریشەوە حیزبی کوردیی وەک پ ک ک کە پێشتر بە سەربەخۆییخواز ناودەنگی ی‌وو و درووشمی دەدا، ئێستا باس لەوە دەکا کە کیانی کوردی لە فەلسەفە و ئەخلاق و خەیاڵی ئەواندا نیە و ئیزن نادەن تورکیە و سووریە دابەش بن. ئەوەی کە لە مانەوە و ڕوح لەبەرەیی سایکس-پیکۆ بۆ سەد ساڵان و زیندوو و زەق مانەوەی دوای ئەو تەمەنە زۆرە، کورد خۆی چەند تاوانبارە یان هۆکارەکان چین، ڕۆژی کورد پرسیاری ئاراستەی چەند کەسایەتیی سیاسی و حیزبیی کوردستانی خۆرهەڵات کردووە کە لێرەدا دەیانخوێننەوە.

پەرویز رحیم/ مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستەسیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەددین بەم شێوە وڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کوردی داوەتەوە.

رۆژی کورد: بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین کە ڕێککەوتنێکی وەک سایکس- پیکۆ سەرەڕای هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکانی و سەرەڕای بەرخۆدانی زۆر لە دژایەتیی، تا ئێستاش بەردەوامە و هەڵنەوەشاوەتەوە؟

پەرویز ڕەحیم: بۆ ئەم مەبەستە پێویستە چەند ڕاستییەکی بنەڕەتی بزانیین:

١- سایکس - پیکۆ بناغەی دامەزراندنی پێکهاتەی سیستەمێکی نوێی نێونەتەوەیی بوو بۆیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەبێت ئەو ڕاستیە بزانیین کە پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو پێکهاتەیە هەیە.

٢- کورد لەو سەردەمەدا بە هۆی کۆمەڵێک هۆکار ئەو بکەر یاخود ئەکتەرە نەبوو کە لە هاوکێشە نیونەتەوەییەکان شوێندانەری هەبێت.



پەرویز ڕەحیم

٣- لەڕاستیدا سایکس - پیکو بۆ دابەشکردنی ناوچەی نفووز(دەسترۆیی) بوو و پاشان ڕێککەوتنەکانی تر وەکوو (سان ڕیمۆ) و سیڤەر و لۆزان بۆ دابەشکردنی سنوور بوو.

کەوابوو بەگشتی دەتوانیین بڵێین پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی و بکەرەکان و یاسا و ڕێسای گەمە نێودەولەتییەکان لە سەرووی ئاست و تواناکانی کورد بوو و خودی کوردیش وەکوو ئەکتەرێک ئەو بکەرە یەکگرتوو و کاریگەرە نەبوو و ڕوانگە و بەرژەوەندی لەگەڵ بکەرەکانی ئەو سەردەمە پێکناکۆک بوو. بەم واتایە کە باش لە چۆنییەتی گەمە نێونەتەوەییەکان و چۆنییەتی دابەشبوونی هێز و هاوسەنگی هێزەکان نەگەیشتبوو. سەرەڕای دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردستان و نەبوونی ئەزموونی ڕابردوو لەم بوارەدا.

رۆژی کورد: کورد بۆ ئەوەی کە بگا بە کیانی خۆی و ئەو ڕێککەوتنە بە قازانجی خۆی وەرچەرخێنی و بیگۆڕێ، دەبی چی بکا، بە گشتی کورد چەند و چۆن تاوانبارە لە مانەوەی سایکس- پیکۆ تا ئێستا؟

پەرویز ڕەحیم: ١- لەڕاستیدا مەرج نییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد ئەو ڕێککەوتنامە نەهێنییە کە پاشان لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە ئاشکراکرا هەڵوەشاندنەوەی ڕابگەیەندرێت چونکە پێکهاتەی ئەو سیستەمە نوێیە هەر ماوە بەڵام ئەو وڵاتانە(بریتانیا و فەرانسا) وەکوو هێزی یەکلاکەرەوە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ئەو کاریگەرییەیان نەماوە. هێزی تر هاتوونەتە ناو گۆڕەپانەکە.

٢- کورد لە ڕێگەی بکەرایەتی خۆییەوە لە هاوکێشە ژئۆپۆلێتیکییەناوچەییەکان و هەروەها سوود وەرگرتن لە پارادایمی جەنگی دژە تیرۆر و ئاسایشی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە.

٣- کورد لە ڕێگەی فاکتەری ئاسایشی وزە دەتوانیت ئاسەوارەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵوەشێنیتەوە.

٤- خاڵی لاوازی کورد پەرش و بڵاوی هێزە سیاسییەکانیەتی کە خۆی لە نەبوونی یەکگرتوویی لە گوتار و کردار و هاوپەیمانییە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە و لەلایەکی تریشەوە خاڵی بەهێزیشی، بوونی هێزێکی شەڕکەرە لەسەر زەویی کوردستان(پێشمەرگە).

٥- کورد دەتوانێت سوود لە دابەشبوونی ناسنامەیی ئێستای ناوچەکە وەربگرێت کە دیوی دووهەمی هەڵوەشانەوەکەی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە قازانجی کورد.( بۆ نمونە ململانێی شیعە و سوونە کە بە کردەوە ئەو هێڵانەی هەڵوەشاندۆتەوە).

٦- فاکتەری ژئۆپۆلیتیک و ژئۆستراتیژی و تەنانەت ژئۆئیکۆنۆمیک لەبار و ئامادەیە بۆ بکەرایەتی کورد و یارمەتیدەرە.

٧- ئەگەر کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی نێوان هێزە کوردستانییەکان چارەسەر نەکرێت و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەروو بەرژەوەندی حیزبی نەبێت ئەوە ئەو دەرفەتە پێکهاتەییە هەنووکەییەی ئێستا لەبار دەچێت، واتا پێشووتر پێکهاتە لەبار نەبوو و لەسەردەمی ئێستا ئەو دەرفەتە پێکهاتەییەی سیستەمی نێونەتەوەیی لەبارە بە مەرجێک بکەر (کورد) یەکپارچە و یەکگرتوو بێت بۆ شوێندانەری و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی گونجاوی پێکهاتەیی بە هەموو ڕەگەز و بنەماکانی.

٨- لۆبیگەری لە دەرەوە لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە ناوەندەکانی بڕیاری نێونەتەوەیی (بەسود وەرگرتن لە هەموو ڕەگەز و خاڵە بەهێزەکانی کورد و پێگەی کوردستان) وەهەروەها کاریگەری لەسەر ڕای گشتی لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە بەهاکانی لیبراڵی و دیموکراسی لەسەردەمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی و تێکنۆلۆژیدا لە ژێر پارادایمی بەجیهانیبوون باشترین میکانیزمە.

**هادی عەزیزی، چاوەدێر و چالاکی سیاسی کوردستانی خۆرهەڵات یەکێکی تر لەو چالاکە سیاسیانەیە کە ڕۆژی کورد بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەو پرسە، وتووێژی لەگەڵ کردووە کە لێرەدا دەیخوێننەوە:**

**ڕۆژی کورد: بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین کە ڕێککەوتنێکی وەک سایکس- پیکۆ سەرەڕای هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکانی و سەرەڕای بەرخۆدانی زۆر لە دژایەتیی، تا ئێستاش بەردەوامە و هەڵنەوەشاوەتەوە؟**



*هادی عەزیزی*

**عەزیزی:** لە فەلسەفەی سیاسی دا حوکمێکی بەهێز هەیە، ئەویش نیشاندانی ناحەقیقەت بە حەقیقەتە کە ڕەنگە سایکس-پیکۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو خاڵە بیگرێتەوە. وەک چۆن شەڕی داعش نەتەوەی کورد، جیا لە خوێن لە باری مادیشەوە باجی بۆ دا، ڕەنگە سایکس-پیکۆش، هەڵگری ژانێکی تایبەت بێ بۆ نەتەوەی کورد کە بە ئاشکرا یان شاراوە، دەبێ باجێکی بۆ بدا. هۆکاری ئەوەی کە هەتا ئێستاش سایکس-پیکۆ وەک خۆی ماوەتەوە، ئەوەیە کە هەموو زلهێزانی دنیا یان خود ئەو وڵاتانەی سایکس-پیکۆیان هێنایە ئاراوە، هەتا بەرژەوەندی و قازانجیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا مسۆگەر بێت، بە مانەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕازین و دەتوانین بڵێین لە ئەگەری جەمسەربەندیی سیاسی و کۆنترۆڵی بەشێک لە عێراق، لەلایەن ڕێژیمی ئێران و مانەوەی عێراق لە چوارچێوای پەیمانی سایکس-پیکۆ، کەلێنێکی گەورە بۆ دژایەتی کردنی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە دێتە ئاراوە کە قازانجێکی گەورەی بۆ نەتەوەی کورد تێدایە کە بتوانێت دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی دابمەزرێنێت. لێرەدا ئەو هێز و لایەنە سیاسیە کوردییەی کە دەیهەوێت دەوڵەتی کوردی درووست بکات، ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆ دەکەوێتە لایەنی وڵاتانی زلهێز و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش کە بریتیە لە شکست هێنان بە سیاسەتەکانی ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان، دەتوانرێت کۆتایی بە سایکس پیکۆ بهێنرێت. لە لایەنی کوردستانیەوە، تەواو نەبوونی پەیمانی سایکس-پیکۆ پەیوەستە بە پرش و بڵاویی هێزی سیاسی کوردی، کە لە هەر پارچەیەکی کوردستان سیاسەتی کوردی ڕۆڵێکی جیاواز دەگێڕێت کە لە ڕووی یەکیەتی نەتەوەی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی

كوردستان، خزمەت بە دۆخەكە دەكات كە ڕۆژهەڵاتی كوردستان وەك هەنگاوی سیاسی، هەنگاوێک لە دوای هەموو پارچەكانی كوردستانە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئەگەری دامەزراندنی تەنانەت دەوڵەتی باشووری كوردستان، ناتوانین بڵێین كە هەڵوەشاندنەوەی سایكس پیكۆ لە هەنگاوی یەكەمدا قازانجی بۆ هەموو پارچەكانی كوردستان دەبێت. ڕەنگە لە لایەنی هەست و ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی هەنگاوێكی مێژوویی بۆ كوردستان بێت، بەڵام لە گۆڕەپانی حەقیقەتی سیاسیدا جیاوازە.

**ڕۆژی كورد: كورد بۆ ئەوەی كە بگا بە كیانی خۆی و ئەو ڕێككەوتنە بە قازانجی خۆی وەرچەرخێنی و بیگۆڕێ، دەبی چی بكا، بە گشتی كورد چەند و چۆن تاوانبارە لە مانەوەی سایكس- پیكۆ تا ئێستا؟**

**عەزیزی:** ئەم پرسیارەیان لە دوو كەلێنی تێگەییشتن لە دۆخدا لێک دەدەینەوە، جا دۆخەكە یان ئاسایی بێت یان داسەپاو بێت. سەردەمانێک كە سایكس-پیكۆ هاتە ئاراوە، ئەوە حاڵەتێكی دیدەیی و بەرچاو و ئۆبژێكتیڤە كە كورد لە دانیشتنەكاندا كەسی نەبوو و كوردستان، بەدوور لە ئیرادەی كوردان دابەش كرا، بەڵام ئەم جارەیان زۆربەی وڵاتانی زلهێز و تەنانەت ئەو لایەنەی كە سایكس پیكۆیان بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەپاند، دۆستی كوردن و ئێستا كوردستان بە سەدان سیاسەتمەداری باشی هەیە كە لە ڕووی نێونەتەوەییشەوە تەنانەت ڕۆڵی باشیان لە سیاسەتدا هەیە. كورد لە شەڕی داعشدا قەڵغانێكی بەهێز بوو كە توانی مرۆڤایەتی بپارێزێ ، كەوابوو ئەگەر ئەمجارەیان لە ڕووی سیاسییەوە هەنگاو نەنرێت، ئەوە بە ئانقەستە و لە دۆخێكی سۆبژێكتیڤدا، زانایانە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان كار كردراوە.


لایەنێكی گرینگی ئەم پرسە، ئامادەكردنی وڵات و نیشتمانە كە چۆن بەرەو ئاراستەی دەوڵەتی خۆی دەڕوا، ئایا بڵێی كوردستان وەك سكۆتلەندی لێ بە سەر نەبێت؟؟؟ ئایا تاكی كورد لەوە تێگەییشتووە كە ناكرێ مافێک وەك گۆڕانی چارەنووسی نەتەوەیەک بەرەو ئازادی یەكجارەكی بە هەندێک كێشەی كۆمەڵایەتی و ئاو و كارەبا بگۆڕێتەوە؟ ! ئەوانە هەمووی لە یەک وەڵامدا خۆی دەبینییەتەوە كە كوردستان دەبێ خۆی لە باری سیاسییەوە یەكلا بكاتەوە و بە یەكڕیزی ناو ماڵی كوردان،ئەو هەلە بە ناحەزان و داگیركەرانی كوردستان نەدا،كە بیانهەوێ لە بەرامبەر پرسی ڕێفراندۆم و هەڵوەشانەوەی سایكس پیكۆ و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی،لەمپەر درووست بكەن و هەروەها ئەگەر كورد لە باری سیاسەت و ستراتیژی حیزبی و ئایدیا، خۆی بەو جەمسەرەوە گرێ بدا كە دەیهەوێ وڵاتانی چوارچێوەی پەیمانی سایكس پیكۆ وەک خۆیان بمێننەوە،نە دەتوانێ دەوڵەت دابمەزرێنێ و نە دەتوانێ ئەو پەیمانە ڕەشە هەڵبوەشێنێتەوە.

**جەمشید بەهرامی، نووسەر و چالاكی سیاسیی كوردستانی خۆرهەڵاتیش بە دڵێكی ئاوەڵاوە وڵامی پرسیارەكانی ڕۆژی كوردی داوە و ڕاڤەی باسەكەی بە شێوەی خوارەوە كردووە.**

**ڕۆژی كورد: بەڕای ئێوە هۆكارەكان چین كە ڕێككەوتنێكی وەک سایكس - پیكۆ سەرەڕای هەموو كاریگەرییە نەرێنییەكانی و سەرەڕای**

**بەرخۆدانی زۆر لە دژایەتیی، تا ئێستەش بەردەوامە و هەڵنەوەشاوەتەوە؟**

**بەهرامی:** ڕۆڵی داگیرکەرانی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا زۆر گرینگە و بێگومان یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەردەوام بوون و درێژەکێشانی ئاکامەکانی ئەو ڕێککەوتنە، ئەمە لە لایەکەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بە درێژایی ئەم



سەد ساڵە، قەت کورد لە ناوچەکەدا وەک ئێستا ئەوەندە خاوەن هێز و توانا نەبووە و قەت ئەوەندەش داگیرکەرانی کوردستان لە بەرامبەر کورددا  لاواز نەبوون.

بەڵام سەرەڕای بە هێز بوونی کورد و لاوازی بوونی داگیرکەرانی کوردستان، کێشەی سەرەکی نایەکڕیزی و دابەش بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە گشتی بە سەر دوو بەرەدایە و ئەمە

*جەمشید بەهرامی*

فاکتەری سەرەکییە بۆ بەردەوام بوونی ئاکامەکانی ئەو ڕێککەوتنە.

**ڕۆژی کورد: کورد بۆ ئەوەی کە بگا بە کیانی خۆی و ئەو ڕێککەوتنە بە قازانجی خۆی وەرچەرخێنێ و بیگۆڕێ، دەبێ چی بکا،بە گشتی کورد چەند و چۆن تاوانبارە لە مانەوەی سایکس - پیکۆ تا ئێستا؟**

**بەهرامی:** لەم هەل و مەرجەدا بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، گەلی کوردستان بە پێشەنگایەتی هێزە سیاسییەکان دەبێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات. دژایەتی کردنی دەوڵەتی کوردی لە ژێر هەر چەشنە بانگەشەیەکدا لە خزمەتی مانەوەی ئەو ڕێککەوتنە نگریسەیە و کورد لە گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی دوادەخات.

گوتارێک کە دەوڵەتی کوردی لە وێنەی دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر و هاوچەشنی دەسەڵاتی داسەپاوی داگیرکەرانی کوردستان وێنای دەکات و پێناسەی دەکات ڕاستەوخۆ لەگەڵ گوتاری داگیرکەرانی کوردستاندا هاوتەریبە و لە خزمەتی بەردەوامبونی سایکس پیکۆ و بندەست بوونی کورددایە، سایکس پیکۆ و داگیرکەران، کوردستانیان دابەش کرد بەڵام قەت نەیتوانی ڕۆحی یەکبوون و یەکگرتوویی لە تاکی کورد بسێنێتەوە؛ دڵبەخەم بوونی هەرکامە لە پارچەکانی کوردستان بۆ پارچەکانی دیکەی کورستان ئاماژەیە بەو ڕۆحە یەکگرتووییە.

لەم هەل و مەرجەدا دەبێت هەر پارچەیەک بە پشتیوانیی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چڕتر بکاتەوە، هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی هەر کامە لە پارچەکان لەگەڵ داگیرکەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ڕاستەوخۆ خزمەتە بە داگیرکەرانی کوردستان و قەڵاچۆکردنی پارچەکانی دیکە؛ ئەو لایەنەی کە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا لە هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکەراندا سڵ ناکات قەت بۆی نییە بانگەشەی یەکگرتوویی بکات چونکوو یەکگرتوویی کردوەتە قوربانیی بەژەوەندییەکانی خۆی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد  /  ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# سایکس پیکۆیەکی تر بەڕێوەیە

سمکۆ محەمەد

١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێکەوتنێکی وەک سایکس بیکۆدا تێپەڕ دەبێت و کورد پێی وایە کە ئەمە تاکە دەرفەتە کە بەهەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە ناوی هاتووە، تاکو کەڵکی لێوەربگیرێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی،



کەچی ئەمریکییەکان لەگەڵ نەیارەکانی دیکەیان وەکو روسیا و رۆژئاواییەکان، خەریکی ڕێکەوتنێکی دیکەن بۆ دابەشکردنی ناوچەکە، کە کوردستانی گەورەش بەشێکە لەو ڕێکەوتنە و هەریەک لە ئێران و تورکیاش دەبنە بالانس بۆ شێوازێکی دیکەی نوێنەرایەتی کردنی ئەمریکا و روسیا، کە داوای پشک دەکەن لە سامانی سروشتی و دەوڵەمەندبوونی ناوچەکە لە نەوت و ماتریالەکانی تر، کەوابوو ئەمە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە نییە، بەقەد ئەوەی لە شوێنی ئەوە ڕێکەوتنێکی تر بەڕێوەیە.

مایکڵ ولیامز دیپلۆماتکار و سیاسەتوانی ئەمریکایە، لە هەفتەنامەی شەرقولئەوسەت باسی ئەوەی روونکردۆتەوە کە ئەوەی لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا ڕێکەوتنی لەسەر کرا بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی ئیمراتۆریەتی عوسمانی بوو کە لە سەدەی رابردوو دەستکەوتەکان بەسەر بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشکرا و کوردی تێدا بوو بەقوربانی، ئێستا ئەو ڕێکەوتنە بەشێوەیەکی دیکە لە خزمەت هێزەکانی دیکەی ئامادەن لە ناوچەکە، ئەو دەڵێ: ئەگەر لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا ئەو سنوورەی بە لم دروستکرا، رەنگە ئێستا بەخزمەتی کوردەکان جارێکی تر بەخوێن دروستبکرێتەوە، ئەم سیناریۆیە وەکو سەردەمی دابەشکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی کۆن وایە، چونکە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئایینی بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەریەک لە وڵاتانی یۆگسلافیا و چیک و سلۆڤاکیا، لەسەر بنەمای دوو مەزهەبی ئایینێکی دیکە لە ناوچەکە کە لە نێوان ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیکی ئەورووپای رۆژهەڵاتی بوو، لێرە لە رۆژهەڵات کە بەتایبەتی وڵاتی کوردانە و دابەشکراوە، ئەمجارەیان هەمان سیناریۆیە بەڵام لە نێوان سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبی ئیسلام دەبێت، چونکە دوو جەمسەری دژ بەیەکی ئایینین و دابەشبوونەکە لەسەر ئەو بنەمایە، بۆیە ئەگەر کوردەکان لەم نێوەندەدا خەریکی راگەیاندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی بن، رەنگە زیان بکەن، چونکە جەنگەکە بەردەوام دەبێت و کوردستانی گەورە نابینن، ئەم بەردەوامی بوونە لە جەنگ باشترین ڕێگە دەبێت بۆ هەریەک لە ئەمریکا و روسیا و وڵاتانی دیکە، تا ڕێکەوتنێکی تر بکەن.

ترسی مایکل وەکو نووسەر و سیاسەتوانێک بۆ ریکەوتنێکی تر لە ناوچەکە لە بری شانسێک بێت بۆ کوردەکان، ئەویش ئەوەیە کە نەمانی جوگرافیا لە نێوان سوریا و تورکیا و عێراق و ئێران بەهۆی بەردەوامی جەنگە نادیارەکانەوە کە بیانووی یەکەم بوونی داعشە، جارێکی تر ئەم دەوڵەتانە هار دەکات و چاوچنۆکتر دەبن لە دەوڵەمەندی ئەو سنوورە جوگرافیایەی کە کوردەکانی تێدایە لە چوارپارچەی کوردستانی گەورەدا، هەرئەوەی کە ململانێکان هێندەی تر قورستر بوونە، کارێکی کردووە کە ئەو دەوڵەتانە جارێکی تر

نەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و وەکو بەریتانیا و فەرەنسای بەر لە ١٠٠ ساڵ، چاویان لە ئاسن و فسفۆڕ نەبێت، بەڵکو چاویان لەوەیە عەمبارەکانیان یەکلایی بکەنەوە کە پڕیەتی لە چەک و تەقەمەنی، چونکە هەم سعودیە لە خزمەت تورکیایە، بەوپێیەی کە لەبەری سوننە مەزهەبە و بەردەوامە لە ئیدارەدانی جەنگ و باشترین کڕیاری چەکە، هەم شیعەکان ئێران لە خزمەت شیعەکانی ناوچەکەن و نموونەش سوریا و پارچەکانی تر لە خزمەت روسیایە و هاوکاری گروپە چەکدارەکان دەکات، ئەمەش زیانی کوردەکانە ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ عێراق و پێگەی خۆیان لەسەرەتاوە قایمتر نەکەن، بەرەو سەربەخۆیی بچن زیان دەکەن، کەوابوو ئەمە سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە رێکەوتنێکی تر بەرێوەیە لە بری سایکس بیکۆ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / رێکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦**

# سەد ساڵ دوای سایکس - پیکۆ، بارزانی دەیەوێت چیبکات؟

## نوچەنێت

ڕۆژی دووشەممە،١٦ی مانگی مەی، یادی ١٠٠ ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ بوو، ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا واژۆ کرا و، بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ تانوپۆی کێشە و ئاڵۆزیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی چنی.



سایکس - پیکۆ زیاتر لە هەر لایەنێک، دڵی کوردی بریندار کرد کە ئێستاش ئاسەوارەکانی لە جێی خۆیەتی. ئەندازیاروداڕێژەری ئەم ڕێککەوتنە نهێنیە، سێر مارک سایکس، ڕاوێژکاری سیاسی و پلۆماسی و سەربازی و توێژەری بەریتانی و یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرانسوا جۆرج پیکۆ، سەرکۆنسوڵی ئەم وڵاتە بوون لە بەیروت، کە بۆ یەکلاکردنەوەی وتووێژەکان و واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە چووبوونە لەندەن. روسیاش بەشداری پێکراو و بەرژەوندیەکانی لە بەرچاو گیرا.ئەم ڕێککەوتنە لە بنەمادا بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئیمراتوریەتی عوسمانی ڕێکخرا، دواتر لە مێژوودا بە ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ ناوبانگی دەرکرد.

داعش، کورد و سایکس - پیکۆ

روسیا کە بە سەرهەڵدانی شۆڕش، پەیمانی ئاشتی لە گەڵ ئەڵمانیا واژۆ کردبوو و لە بەرەی موتتەفەقیندا نەمابوو، لە بەرژەوەندیەکانی سایکس - پیکۆ بێ بەش مایەوە.تورکەکانیش چەند ساڵ شەڕیان کرد و توانیان دەستی ئیتاڵیا و یۆنانیەکان لە سەر خاکی خۆیان کورت بکەنەوە و، تەنانەت توانیان چەند ناوچەیەکی قەڵەمڕەوی شام بپارێزن.

بەڵام عەرەبەکان دۆڕاوەی ڕێککەوتنەکە بوون. ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەو پەڕی هێز و دەسەڵاتی خۆیدا بە سەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر، نەیانتوانی کەمترین دژکردەوەیان هەبێت. تەنها هێزێک کە توانی بەکردەوە ڕێککەوتنەکە تووشی خەلەل بکات و باس لە کۆتایی سایک-بیکۆ بکات داعش بوو.

جێی ئاماژەیە کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رۆژی دووشەممە لە یادی ١٠٠ ساڵەی سایکس - پیکۆ، ڕێککەوتنەکەی بە مردوو وەسف کرد. داعش کە توانی سنورەکان نیوان سوریا و عێراق ببەزێنی یەکەم هێز بوو کە نەخشەی ڕێککەوتنەکەی شێواند. ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان نەبوایە ڕەنگە پێشڕەویەکانی زۆرتر بوایەت.

سایکس - پیکۆ کوردەکانی پشت گوێ خست. ڕەنگە ئەگەر سایکس سەد ساڵ لەمەوبەر شارەزایی و نازیاری لە سەر توانا و هێزی

کوردەکـان هەبـوایە، پلانێکـی دیکەی دارِشتبایە و پشکی کوردەکـانی لەبەر چـاو دەگـرت. سـەرهەڵدانی داعش ئەم توانـاییەی کـوردی ئاشکرا کرد. هێزێک کە بە نوێنەرایەتەی جیهان شەڕی داعش و پیشکەوتووترین سیمای تیرۆریزمی جیهانی دەکات.

ئیستا کورد هێزێکی جیدیی و شوێندانەرە، ئەگەر بریار بێت بۆ جارێکی دیکە لە پشت دەرگاداخراوەکان نەخشەیەک بـۆ وێنـاکردنەوەی جوگرافیای سیاسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دابرێژرێتەوە. گومان لەوەدا نییە کە بۆ جارێکی دیکە پشت گوێ ناخرێن.

سەد سـاڵ دوای ئەم رێککەوتـنە، شـارەزایانی سیاسی پێیـانوایە کە تەمەنـی بەسـەر چووەو پێویستە سنوورەکان سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. ئەو سنورانە کە جگە لە شەڕ و خوێنڕشتن نەبی هیچ دەستەوکتێکی بـۆ دانیشتوانی نـاوچەکە بەدواوە نەبـووە. پێداگری لە سەر پاراستنی دۆخی ئیستا و میراتی سایکس - پیکۆ ناتوانێ مژدەبەخشی داهاتوویەکی هیوابەخش بێت. ئێستا رۆحی سایکس و بیکۆ نائارامە بە وهۆی ئەو میراتەی شومەی کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشت.

کورد چۆن وەسفی سایکس - پیکۆ دەکات؟

راوێژکـاری مەسعود بـارزانی دەڵێـت: رێککەوتنـی سـایکس - پیکـۆ پـێکەوە ژیـانێکی زۆرەملـی بـوو. پارێزگـاری هەولیـر دەڵێـت، ئەم رێککەوتنە بۆتە هۆی مەرگی سەدان هەزار کەس. جێگری جەلالْ تاڵەبانی دەڵێت: سایکس و پیکۆ سەد ساڵ بەر لە ئیستا سنوورەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان وێنا کرد، بەلام ئەمرۆ خەڵکی ناوچەکە دەیانهەوێ بۆ خۆیان لە دارِشتنەوەی سنوورەکان سەرپشک بن.

بە گوێرەی نیۆیۆرکێر، هەرچەند سنورەکانی ئێستای رۆژهەلاتی ناوەڕاست وێکچوونێکی کەمی لە گەڵ نەخشەی سەرەتایی سایک.بیکۆ هەیە، بەلام دانیشتوانی ناوچەکە دۆخی ئێستای رۆژهەلاتی ناوەڕاست وەک میراتی سایک و بیکۆ فەرامۆش ناکەن.

بەرهەم سـالْح، جێگـری مـام جەلال ئەوەس دەخـاتە روو کە ئەم جـارە خەڵـک بە پـێچەوانەی رێککەوتـنەکە دەبـێ هەوڵێکـی زۆر بـۆ دارِشتنەوەی سنوورەکان بدەن. هەرچەند بە راستی نازانین چارەنوسی خەڵکەکە دەبێ بە چی.

نەوزاد هادی، پاریزگـاری هەولێر بە نیۆیـۆرکێری راگەیانـدووە، کە کیشـەی سـەرەکی خەڵکی نـاوچەکە و جیهـانی دەرەوە لەوەدایە کە ئەوان تەنهـا دەزانـن کە هـیچ شـتێکیان نـاوێ. ئەوان هێشـتا سـەبارەت بە سیسـتمی سیاسـی و ئەوەی کە چ سـنورێک گونجـاوە هـیچ بریارێکیان نەداوە.

زکری موسا، راوێژکاری سیاسی مەسعود بارزانی رایوایە، کە رێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ هەڵەیەکی رەها بوو. ئەم رێککەوتنە وەکـا ژیانێکی هاوبەشی زۆرەملێ بوو و هەر لە سەرەتاوە بەدفەڕ بوونی ئاشکرا بوو .چون بە بـێ ئەوەی لە دانیشـتوانی نـاوچەکە پرسـیارێک بکرێ دەربارەی چارەنووسیانەوە بریار درا.

نە سایکس دەمینێ نە پیکۆ

لە هەریمی کوردستان دۆخێکی تایبەت لە ئارادایە. دروشمی نەمان بۆ سایکس - پیکۆ لە لایەن مەسعود بارزانی هەڵگیراوە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، کە پشت بە پشت بەرامبەر بە عوسمانی و سیستمی پاشایەتی عێراق و لە قۆناغێکیشدا ئێران وەستاونەتەوە. بارزانی لە هەوڵدایە تا ئەم دۆسیەی سەربەخۆی لە ماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا بۆ هەمیشە دابخات و بیگەیێنێتە ئەنجامی کۆتایی. ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی رابگەیێنێ چی ڕوودەدات؟ پرسیارێک کە تینووی وەڵامە.

ئایا هەریمی کوردستان و شەخسی بارزانی چاوەڕێی مۆڵەتی ئەمریکا، ئەوروپا، عێراق، ئێران و وڵاتانی دراوسێ دەکات، کورد لە ئێستادا ئەکتەر و کاراکتەرێکی بەهێزە، لە رووی سەربازی، دیپلۆماسی، سەرچاوە سروشتییەکانی نەوت و گاز، هێزی پێشمەرگە و ئەوەی کە پێی دەگوترێ کاراکتەری نەتەوەیی خاوەن پێگەی تایبەتە بۆی هەیە میراتی سایکس - پیکۆ بە خاک بسپێرێ یان قەدەر وادەبێ کە پابەندی میراتەکە دەبێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی نۆچە نێت / ڕێکەوتی: ١٧ی مەی ٢٠١٦

# دوای سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەکەی سایکس پیکۆ دا، کورد و کوردستان لە کوێی مێژوو دان!

بێهزاد پیرموسا*



کوردستان لەناو جوگرافیایەکی سیاسی پڕ لە کێشەو پەرتەوازەدا، یەکێکە لە شوێنەوارە ڕەسەن و زامداری ناوچە ئاگرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە درێژایی مێژوو جێگەی تەراتێنی سوپاو لەشکرە دڕندەکان، جەنگە مەزنەکان و ئیمپراتۆرە باڵادەستەکان بووە. لەلایەکەوە کوشتارگەی ترسناک و راگوێزانی بە کۆمەڵ و بە ئاوارەکردنی کوردو گەلانی کوردستان لەسەر خاکی خۆی چارەنووسیی هەمیشەیی بووە، لەلایەکی ترەوە دابەشکردن و بەخشینەوەی خاک و مافی بڕیاردانی لە چارەنووسی لە دەرەوەی ویستی خۆی بەردەوام لە مێژوودا بەسەپێنراوی ماوەتەوە بە سەریدا. هەروەها وڵآتی کوردان پێشێلی سوپاو لەشکری هێزە شەڕخوازو هێرشبەرەکانی دەوروبەری کوردستان بووەو خەڵکەکەی زیانی گەورەی بەرکەوتووە. ئەمانە گەلی کوردی ناچارکردووە بە هەڵگیرساندنی شۆڕش، راپەڕین و بەرخۆدانی مەزن لە دژی چەوسانەوە و ستەمکاری.

ئەم وێنەیە میللەتی کوردی وەک گەلێکی خاوەن ئیرادە و تینووی ئازادی و لەهەمان کاتدا قوربانیدەرێکی بێ پشت و پەنا لە دونیادا نیشان داوە. هەرچەندە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد خودی خۆیشی لە چوارچێوەی ووتارێکی سیاسی سەرچڵ و نایەکانگیرو چەند بەرەیەکی دوور لە یەکیەتی نەتەوەیی پتەو ئامادەیی هەبووە. بەڵام دوژمنان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان چەندین بڕیار، ڕێککەوتن، بەڵێننامە و پەیماننامەی چەندقۆڵی نهێنی و ئاشکرایان لەسەر داوە.

مێژوو لەم ئاست و رووبەرەدا هەندێ جار خۆی دووبارە کردۆتەوەو لە هەموو وێسگەکانیدا هەر لەرزینێکی سیاسی و جەنگی گەورە روویدابێ، ئاکامەکەی بە زیانی گەلی کورد و کوردستان تەواو بووە. یەکێ لە تراژیدیا و کارەساتی سیاسی کورد لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ململانێ و شەڕی نێوان دوژمنەکانیدا نەیتوانیوە هەلەکان بقۆزێتەوەو یەکیەتیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی پێکبهێنێت. جەنگی درێژخایەنی نێوان سەفەوی و عوسمانیەکان مێژووی ئێمەی لە خاڵێکی لاوازدا مت کردووە. بە جۆرێک کە نەیتوانیوە هەستێتە سەر پێ و سوود لەو دوژمنکاری، مەرگدۆستی و کاولکاریەی ئەوان لە دژی یەکتردا وەربگرێت. هەر بۆیە سست و پەرتەوازەیی گووتاری سیاسی کوردی لەلایەک و دڕندەیی ـ هۆڤێتی و بێباکی دوژمنەکان لەلایەکی ترەوە پەیمانی قەسری شیرینی بەدوای خۆیدا هێنا و جوگرافیای سیاسی کوردستانی لەت کرد و کردیە دوو پارچەی لەیەک جودا، کە هەتا ئێستاش جووڵانەوەی سیاسی و خەباتی شۆڕشگێڕی رزگاریخوازی کورد پێوەی دەناڵێنێ.

مێژوو هەموو ساتێ لەبار نابێت و دەروازەکانی ئاوەڵا ناکات بۆ خۆ فڕێدانە ناویەوە و خۆ دامەزراندن تیایدا. لە هەمان کاتدا

ئیرادەی شۆڕشگێڕی، وشیاری سیاسی و ئاگایی نەتەوەیی بە بەستراوی بەیەکەوە فاکتەرە هەرە بەهێزەکانن لە سەرجەم شکست و سەرکەوتنەکانیدا.

قۆناغێ دووەمی لەرزینی مەزنی سیاسی کورد، سەد ساڵ لەمەوبەر لە پەیمانی سایکس ـ پیکۆی ساڵی ١٩١٦ دا رووددات و مێژوومان دەکەوێتە خاڵێکی تری سڕبوونەوە، کە تیایدا کورد وەک قوربانیەکی تەماشاکەری بێدەنگ ئامادەگی دەبێ. سەد ساڵ لەمەوبەر کوردستانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی خەلافەتی عوسمانی، بەهۆی پەیماننامەی سایکس ـ پیکۆ وە دەکەوێتە بەردەم هەلومەرجێکی یەکجار هەستیاری مێژوویی گەورەوە، کە بەهۆیەوە زۆر نزیک بۆوە لە هەلی دامەزرانـدن و سەربەخۆیی، بەڵام لە ئاکامدا بە پێچەوانە کەوتەوەو لە ماوەی چەند ساڵێک لە هێنان و بردنی مەلەفەکانی پەیماننامەکە، هەژانێکی سامناک رووی تێکردو خاکی کوردستانی لە دوو پارچەوە دابەشکرد بۆ چوار پارچە. دوو دوژمنی نوێی سەرسەختی تری بۆ کورد دروست کرد کە دەوڵەتی نوێی عێراق و سووریا بوو.

هەرچەندە لەو هەیامانەدا بەیاننامە ١٤ خاڵیەکەی **Woodrow Wilson**ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩١٨ داو پەیماننامەی سیڤەری فەرەنسای ساڵی ١٩٢٠ بەروون و ئاشکرا داخوازیان لە دەستەبەرو فەراهەمکردنی مافی نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، هاوکات بە شێوەیەکی تیۆری هەوڵێک لە ئارادا بوو کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا گۆڕینی جوگرافیای سیاسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی کورد دا بێ، بەڵام لە ئەنجامیدا داخستنی یەکجارەکی دەرگای هیواکان بە پەیمانی لۆزان ی ٢٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٢٣ لە سویسرا نەک هەر لەو کاتەدا کۆتایی بە خەونی سەربەخۆیی کوردستان هێنا، بەڵکو برینێکی تری بە سوێی لە ناو دڵی کورداندا دروستکرد، کە تا ئێستایشی لەگەڵدابێ ئازارو خوێن دەبەخشێ.

دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە لەو ساتانەدا ئاگرێکی کڵپەدار بوو بۆ سووتاندنی خەونەکانی ئازادی و رزگاری مرۆڤی کورد لەسەر خاکی رەسەنی خۆیدا. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی سوودێکی گەورەو هەلێکی زێڕین بوو بۆ کورد، بەڵام لەجیاتی دەستەبەرکردنی مافی سەربەخۆیی کوردستان، چەند دەوڵەتگەلێکی نوێی عەرەبی دروست کرد کە لە پاشاندا بوونە جەمسەرێکی تری دژ بە هەموو بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردو کوردستان، هاوشێوەو هاوشانی دەوڵەتی نوێی کەمالیستی رەگەزپەرستی تورکیاو ژێمی سەرکوتکەری ئێران کەوتنە پەلاماردانی هەوڵ و جووڵانەوەکانی کورد بە پاڵپشت و هاوپشتی کۆلۆنیالیزمی نێونەتەوەیی و دڕندەترین شێوازی تووندوتیژیان لەسەر زەمینی کوردستان دا جێبەجێ کرد.

١٦ی گوڵانی ئەمساڵ سەد ساڵ بەسەر ئەو پەیماننامەیە نێودەوڵەتیەدا تێپەڕدەبێ، بارودۆخ و رەوشی کوردستان و ناوچەکە لە لێواری لەرزینێکی بەهێزو مەزنی ترداپە، کە بۆی هەیە ببێتە قۆناغی سێهەمی گۆڕانکاریە مەزنەکان لەسەر خاکی کوردستان و ناوچەکانی تری رۆژهەلاتی ناوەڕاست. تووندوتیژی، ململانێی مێژووی، ئاینی ـ مەزهەبی و نەتەوەییەکان بە پاڵپشتی و سەرکردایەتیکردنی تورکیا و ئێران لە دوو بەرەی لێکدژی نێونەتەوەییدا گەیشتۆتە ئەو پەڕی لوتکەی دڕندەیی. لە ناواخنیدا کورد و کوردستانیان هەم قوربانیەکی ناو ئەو خوێنەن کە لە دەرەوەی ویستی خۆی بەبەرهەمهێنراوە، هەم پاڵەوانێکی سەربەرزی سەرکەوتوون کە شارستانیەت و جیهانی سەکۆلار شانازی پێوە دەکات. بەڵام بە دوماهی هاتنی ئەم جەنگە خوێناوییە هەمەلایەنە دا ناکرێت و نابێت بەرژەوەندیەکان و چارەنووسی رەوای نەتەوەیی کوردو نیشتیمانی کوردستان پێشێل بکرێت. مێژوو نابێت بەهەمان دۆخی رابردوو خۆی

دووبارە بکاتەوە.

ئەگەر کوردو کوردستانیان لەو کاتانەی سەردەمی سایکس ـ پیکۆدا کارەکتەرێکی لاوازی ناو کایە سیاسیەکان بووەو بێدەسەلآت، بێ ریکخستنێکی توکمە و راوەستاو بووە، بەلآم ئەمڕۆ لایەنێکی سەرەکییە لە سەرکەوتنی سەربازی و جوگرافیای سیاسیەوە، کە بەردەبازی شەری تیرۆرزمە و هاوپەیمانە لەگەڵ ولآتانی زلهێزدا. لە هەمان کاتدا بەرژەوەندیەکان، ململانێیە سیاسی و سەربازیەکانی ئەو ولآتانە بە سەرپەرشتی ئەمریکاو رووسیا دوو بەرەی دژ بە یەکی درووست کردووە، کە لە نێوانیاندا کورد پێویستی زۆری بە یەکگرتن و یەک ئاراستەیی هەنگاونانی هەیە.

لە باشوری کوردستان، کورد ئاکتۆرێکی بەهێزە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا، هەروەها پێگەیەکی نێودەوڵەتی گرنگی هەیە و پاڵپشتی دەکرێ لە جیهان و سەنگ و رۆڵی بەهێز دەگێرێ بەسەر ناوچەکەدا. بۆیە ناتوانرێ بە بێ بەرژەوەندیەکانی کورد لە باشوردا، زلهێزەکان گەمەی سیاسی نوێ و نەخشەی جیۆپۆلێتیکی تازە دابرێژن. بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پەی بەو راستیەی پێ بدرێ و بزانرێ کە ئەو دوو بەرەکی و پەرتەوازیە سیاسیەی لە ناو حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی باشوری کوردستان دا هاتۆتە ئاراوە زیانی گەورەی بە کورد و کوردستان گەیاندووە. پەکخستنی پەرلەمان، کوشتنی دیموکراسی و ئەو دوژمناتیە خەستەی ناو ماڵی کورد لەلایەک و لەلایەکی ترەوە تەنگژەی ترسناکی ئابوری و بلآوبوونەوەی گەندەڵی بەناو شادەمارەکانی دەسەلآتی حزبی و حکومەتدا، چارەنووسی ژیانی تەندروستی کۆمەلآیەتی و هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی تەواو لاواز کردووەو راستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر چارەنووسی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی لە باشوری کوردستان. لە هەمان کاتدا ناوو ناوبانگ و پێگەی هەرێمی کوردستانی لەلایەن هاوپەیمانە نێونەتەوەیی و دۆستانی کورد لە دونیادا ناشرین کردووە. بۆیە دەبێت بە زووترین کات ناوماڵی کورد لە چوارچێوەی یاسادا رێکبخرێتەوە، یەک گووتاری پێکبهێنرێت بۆ پەیوەندی سیاسی و مامەڵەکردنی دیپلۆماسی لەگەڵ ولآتانی دراوسێی وەک تورکیا و ئێران و بە خودی دەوڵەتی عیراقیشەوە. دابەشبوونی سیاسی پارتە کوردیەکان بەسەر چەند جەمسەر و تێڕوانینێکدا لەم رۆژگارە هەستیار و ناسکەدا، کورد دووچاری ماڵوێرانیی دەکاتەوە.

دەوڵەتی تورکیا بەرژەوەندی چاوچنۆکانەی هەیە لە باشوردا، هاوکات بە خەیاڵپلآوی و نوستالیژیایی پێش ساتەکانی پەیماننامەی سایکس ـ پیکۆ وە دەڕوانێتە گۆڕانکاریەکان. ئەو چاوی لە موسڵ بڕیوەو هەرێمی کوردستانیش وەک فابریکێکی گەورەی پەترۆڵ سەیر دەکات. تورکیا لەدەرەوەی بەرژەوەندیەکانی نەوت، دەستکەوتەکانی باشورو ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەک درکێک بۆ ناو گلێنەی پانتورکیزمدا دەبینێت. نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ئەگەر دوێنێ و ئەمڕۆ رووبەکی تەموومژاوی هەبووبێ لە مامەڵەکردنیدا، ئەوا بۆ بەیانی بۆڕیەکانی دەبنە خوێنی کورد و هەڵیدەلووشێ، دەیکاتە سیاسەتێکی ئەمنی ـ ئابوری بۆ هێنانە ژێر رکێفی مەلەفە سیاسیەکان. ئەگەر دەسەلآتی هەرێمی کوردستان پێی وابووبێ و پێی وابێ کە ئێمە نەوت و قورگی ئابوری کوردستان رادەستی بەغدا ناکەین و خۆمان مامەڵەی ئابوری لەگەڵدا دەکەین، ئەوا ئەمڕۆ تورکیا دەیەوێ دەست لە گەرووی کوردستان بگرێ و هەرێمی کوردستان ملکەچ بکات بۆ پشتگیری لە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. کە سەرەکیترین ئامانجی سیاسی دەستەمۆکردنی سیاسی حکومەتی هەرێمە لە باشورو هەڵوەشانەوەی سیستەمی فیدراڵی رۆژئاوای کوردستانە. تورکیا دەیەوێ ئەو سنوورە دەستکردانەی کە لە نێوان باشورو رۆژئاوادا کۆتایی پێهاتووەو نەماوەو مژدەی یەکپارچەیی دەدات بە کورد و کوردستان بۆ بەیانی، بە پۆستاڵی جەندرمەکانی کۆنترۆڵیبکاتەوە، بە تایبەتی بیری نەتەوایەتی و کورد بوون و گیانی دیموکراسیانەی رۆژئاوای کوردستان هەڵتەکێنێ.

پێشمەرگە قارەمانەکان، گەریلا بوێرو شەرڤانە نەبەردو خۆڕاگرەکان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا کوردبوون و مرۆڤبوونی ئێمەی بە سەرفەرازی و سەربڵندی راگرت، لەبەر چاوی دونیا رووی گەش سپی وشارستانی ئێمەیان دەرخست، لە بەرامبەریشدا رووڕەشی و بێویژدانی و بەربەریەتی دوژمنانیان نیشانی ولاتە گەورەو زلهێزانە دا کە ئەوە سەد ساڵە پشتیان لە کورد کردووە. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی کورد لەمەڕ یەکگرتن و یەکسەنگەری و یەک جەمسەری ئاراستە دیپلۆماسیەکانی لە ئاست چاوی جیهان و بەرگریە مەزن و بەرچاوەکانیان دا نیە.

ئەمڕۆ تورکیا و رژێمە پۆلیسیی دیکتاتۆریانەی ئەردۆگان سیاسەتێکی لە رادەبەدەر دوژمنانەی دژی کورد لە باکور و رۆژئاوا پیادە دەکات. خوێنی ژن، منالٚ و لاوو بەسالاچوانی کورد لەسەر شەقام و کوچەو مالٚ و حەوشەی خۆیاندا لە سەر خاکی کوردستان دەرژێنیٚ. تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا دووچاری شەپرزەییەکی بیٚ وێنە هاتووە، کە هەتا دێت وێنە دزێو و ناشرینەکەی لای ولاتانی جیهان بە ئاشکەرا دەردەکەویٚ، لەلایەک دوژمنایەتی هەموو دونیا دەکات دژی کێشەی کورد و کوردستان، لەلایەکی ترەوە ئەردۆگان و دەوڵەتەکەی وەک سوالٚکەرێکی سیاسی لەبەردەم دەرگای ئەم دەوڵەت و ئەو ولات دا دادەکوڕمیٚ و دادەچەمیٚ بۆ دەستەبەرکردنی رای گشتی لە داگیرکەریە نوێکانیدا و چاوچنۆکیەکانی بۆ عێراق و سووریا. لە سیاسەتی ناوخۆشدا رای گشتی تورکیا خەریکە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە AKP خەریکە تورکیا بەرەو مالٚوێرانیەکی نوێ دەبات و دەستی سووری خوێناوی ئەردۆگان و دەوڵەتەکەی نیگای ئایندەی تورکیا لێلٚ و تەمومژاوی دەکات.

کەسایەتی ئەردۆگان هەمان کەسایەتی ئیمپراتۆری عوسمانی پێش سەردەمی پەیماننامەی سایکس ـ پیکۆی هەیە کە تزاری قەیسەری رووسی نیکۆلای یەکەم ناوی لێنابوو پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا، ئەوە بوو ئەو نەخۆشیەی بە عەرشی دەسەلاتەکانیدا بلاوبووەوەو لە ئاکامدا سەری هەموو ئیمپراتۆریی خوارد. ئەمڕۆ فیلادیمێر پۆتین ی سەرۆکی رووسیا و زۆر لە سەرۆک ولاتانی تری دونیا لە زەمەنێکی جیاو بەلام هەمان شوێنەوە، ئەردۆگان بەو کەسە فۆبیاو ماخۆلانگرتووەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ناوزەند دەکەن، کە دووچاری شیزۆفیرنیای سیاسی بووە. کە لە دیوێکدا پشتگیری و هاوپشتی داعش و هێزی تاریکی و تیرۆرستی دەکات و بەسەرسەختی دوژمنایەتی کوردو دەستکەوتەکانی لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان دەکات. لە دیوێکەی تردا دەیەویٚ وەک عوسمانیزم هەیمەنەو هەژموون و دەسەلاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەرز بکات. کورد و کوردستانیان بەم سیاسەتە کاولکاری و خوێنڕژییە چۆک نادات، بەرخۆدانە بە هیمەتەکان و خۆڕاگریەکان، هەڵمەتە دلێرەکانی باکور جێگای شانازی و سەرفرازی گەلی کوردو کوردستانن.

دەوڵەتی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان هەر وەک چۆن لە دەرکردنی پەیمانی سایکس . پیکۆ لایەنێکی سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو نەبوو لە هاوکێشەو گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ئەو کاتە، ئێستایش ئەم پارچەیەی کوردستان راستەوخۆ لە رووی جوگرافیاو هەڕەشەو لە چاوچنۆکایەتیەکانی تورکیاو پەلامارە تیرۆرستیەکانی داعشەوە دوورە. بەلام رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە لە سەرکوتکردن، کوشتن، زیندانی و لەسێدارەدانی رۆڵەکانی کورد لە شارو گوند و شارۆچکەکانی کوردستان. هاوکات ئەمڕۆکە جەمسەرێکی بەرچاو و ئاکتیڤە لەناو رووبەڕووبوونەوەکان و هاوکێشەسیاسیەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە سووریاو عێراقدا.

دەوڵەتی ئێران بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەستی رەشی خستۆتە ناو دۆزی رەوای گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا. بە هەموو

شێوەیەک لە هەوڵ و دژایەتی توندی بەرەوپێشچوونی دۆزی گەلی کورد و کوردستانە. بەهۆی گۆڕانکاریە خێراکان لە عێراق و سووریا داو دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە ناوچەکە و هەرسێ پارچەی باکور، باشورو رۆژئاوا زیاتر لە رۆژهەلاتی کوردستان لەبەردەم گۆڕانکاری نوێ راوەستاون. ئێران بەردەوام لە هەوڵی لاوازکردن و لەبیرکردنی مافی بەشخوراوی کوردستانیانە لە وڵاتەکەیدا، بەشێوەیەکی شاراوەو لەسەرخۆتر لە تورکیا کار لەسەر بێدەنگی و ماتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکات لە رۆژهەلاتی کوردستان. دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا، بەلام بە رێگایەکی بەرنامەدارێژراو دوژمنایەتی سەختی هەموو پرۆسەیەکی رزگاری و دیموکراسیی سەربەخۆی کوردی دەکات. ئەو کاتێک هەموو دەنگێکی تۆلێرانیزمی سیاسی و بزووتنەوە دیموکراسیەکان بە ژەهرێکی کوشندە دەزانێ بۆ دەسەلاتە تیۆکراسیە دەمارگیریەکەی خۆی، لەهەمان کاتدا داواو پشتگیری مافی سیاسی مەزهەبیی لە هەندیک ولاتی تردا دەکات، لە پراکتیکدا هەموو ئەزموون و حوکمڕانیەکی کوردی سەربەخۆ بەرپەرچدەداتەوە. هەر بۆیە بەرگریە قارەمانیەکانی شەڕڤانان لە رۆژئاوای کوردستان و دروستکردنی ئەزموونی حکومڕانی کوردستانی سەرەتا لە رێگای کانتۆنەکانەوە و دواتر بە راگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی رۆژئاوا ـ باکوری سووریا کە رۆژ بە رۆژ لە سەرکەوتن و پشتگیری نێودەوڵەتی زیاتر دایە. دەوڵەتی ئێرانیش وەک تورکیا دووچاری هەمان شپرزەیی سیاسی کردووە، بەلام بێدەنگ! چونکە لەبەر دوژمنە گەورەکانی تری، جارێ راستەوخۆ بە کردەکی نەکەوتۆتە ناو سەنگەرەوە.

بەیەکەوە گرێدانی هەمەلایەنەی باشورو رۆژئاوا کە سنووریان لە نێوانیاندا نەماوە، پێویستیەکی هەنووکەییانەی یەکجار گرنگە. هەموو دوورکەوتنەوەیەکی ئەم دوو بەشە لە یەکتری لاوازبوونی هیواکانە بۆ یەکگرتنەوەی جیۆپۆلۆتیکیی لە ئایندەیەکی نزیکدا. دەبێ هەوڵی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی زیاتر بدرێت بۆ پەیداکردنی دۆستی سیاسی و دانپێدانان بە چارەنووسی کوردستان، وەک گەلی کورد خۆی دەیەوەێ، نەک بەپێی بەرژەوەندی وڵاتە ستەمکەرەکان، یان سایکس ـ پیکۆ ئاسا لەژێر پەردەی پایماننامەیەکی رەشدا دوور لەبەرچاوگرتنی کەتواری سیاسی مافەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی تری ناوچەکە پێشێل نەکەن. دیسانەوە بە قەڵەم و کاغەز و راستکێش نەخشەی سەرزەمینی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و خاکی کوردستان داپاچن.

بزووتنەوەی رزگاری کوردستان، پارت و هەموو لایەنە سیاسیەکانی کورد و بەرێکخراوە مەدەنیەکانەوە دەبێ بە لێپرسراوەتی مێژوویی مەزنەوە لە نێوان گەمە سیاسیەکانی هەرجووت جەمسەری ناو رووداوەکان ( تورکیا ـ ئەمریکا ) و ( ئێران ـ رووسیا ) ماف و داخوازی و بەرژەوەندیەکانی کورد و کوردستان بجووڵێنێ. بەتایبەتی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە باشور دەبێ وێنە گەورە و ستراتیژیەکە ببینێت و واز لە گەمە تاکتیکیەکە بهێنێت و زۆر بە هەستیارو بە ئاگا بێت لە تێکەلاوکردنی دۆسیەکانی سەربەخۆیی و بازرگانیی پەترۆل و پاراستنی ئاسایشی سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستان دا. هاوکات خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو گۆڕانکایانەی کە بۆی هەیە لە ماوەیەکی نزیکدا عێراق و سووریا بگۆڕێ یان هەڵبوەشێنێتەوە.

دەبێ لایەنە سیاسیەکانی باشوری کوردستان زۆر باش لەوە تێبگەن کە لە ئەمرۆکەدا بەهۆی گۆڕینی ئادمۆسفەری سیاسی و کێبڕکێ مەزنە نێودەوڵەتیەکان لە ناوچەکەدا. ئەگەر تورکیا بەردەوام بێ لە هێرش و پەلامارە درندەکانی دژی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و دان نەنێت بە مافە سیاسیەکانی کوردستانیان لە باکوردا، ئەوا ئاسایشی ناوچەکە روو لە تێکچوون دەچی و ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە مەترسی گەورەوە، هاوکات لەشکرکێشیەکانی سوپای تورکیا لە ناوچەکە زۆر پەرەدەسێنێ. دەبێ هەمووان ئەوە بزانن، کە ئاسایشی کومەلایەتی نەتەوەیی لە باشوری کوردستان راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە پارچەکانی تری

کوردستانەوە، بەتایبەتی بە باکورو رۆژئاواوە. ئەو پیلانە ژەهراویەی کە دەوڵەتی تورکیا دایرشتووە بۆ لەناوبردنی ئەزموونی رۆژئاوا، بەسەرکەوتنی تیایدا کارگەری زۆر ترسناک دەکاتە سەر حکومەتی هەرێمی باشور و تێکڕای خەباتی رزگاریخوازی کوردستان و ناوچەکە. لەهەمان کاتدا ئاگرێک لەناوماڵی کورد دا هەڵدەگیرسێنێ کە هەموو لایەک پێوەی بسووتێ، تەنها بازرگانانی سیاسی کورد نەبێ ئەوانەی کە کوردایەتی و سیاسەتیان بە شێوەیەکی ئەوپەڕی تاریک تێکەڵی کاری بازرگانی گەورە کردووە بۆ بەتاڵان بردنی سامان و سەروەتی کوردستان لە ڕێگای دوژمنەکانمانەوە.

خەبات و حوکمڕانی کورد بە جلەوگیری لەهەر ئەزموونێکی دەسەڵاتداریدا بێت، بەبێ پرۆسەی دیموکراسی، دادی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی سیاسی شکست دەهێنێت و سەرناگرێت. دیکتاتۆریەت و تاکڕەویی ڤایرۆسێکی سیاسیی ترسناکن بۆ سەر جەستەی خەباتی رزگاری نیشتیمانی بە دەوڵەتی کوردیشەوە. بۆیە سەربەخۆیی کوردستان و جێگیربوونی کورد لە مێژوودا تەنها لە کەشێکی دیموکراسیانەدا هەڵئەکات و دادەمەزرێت. کورد سەدان ساڵە قوربانی نەداوە بۆ هێنان و دروستکردنی دەسەڵات و حوکمی دیکتاتۆری لە کوردستان دا. پاوانخوازی سیاسی تەمەنی کورتە و بۆی هەیە سەری نیشتیمانیش بخوات.

لەگەڵ ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەکی نوێی نێودەوڵەتی و ئەقلیمی لە سووریا و عیراقدا، دەبێ ستاتۆ و ڕەوشی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچەدابڕاوەکان و کەرکوکی ستەمدیدە و موسڵی پەراوێزخراو و لەگەڵ هەموو ناوچە کوردستانیەکانی رۆژئاوا کە ئازادکراون، بەهەر نرخ و قوربانیەک بێ بپارێزرێ و زیاتر پەرەبسێنێ، هەوڵی زۆرتری بۆ بدرێ لە بەرفراوانکردن و بەرەوپێشچوون و بە ڕەسمی ناساندنی لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکاندا. هەمووانیش لە هەر پارچەیەکی تری کوردستان خەبات و تێکۆشانی خۆیان چڕ بکەنەوە بۆ پاراستنی چارەنووسی ئەزموون و دەستکەوتە بەدەستهێنراوەکان.
ئێستا لە کاتێکدا کە سەد ساڵ بەسەر سایکس ـ پیکۆ دا تێدەپەڕێ، دامەزراندنی ستاتۆی باشورو رۆژئاواو ڕاپەڕین و بەرخۆدانی باکورو خەباتی سیاسی پەرلەمانی و مەدەنی HDP هەدەپە، لەگەڵ تێکۆشانی گەلی کورد و کوردستانیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پەیمانەی هەژاندووەو هێناویەتیە لەرزەو بێ نرخ و پەریشانی کردووە. بە کردەکی ئیرادەی گەلی کورد ئەوەی سەلماندووە کە بەبێ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی کورد لە جوگرافیایێکی دیاریکراودا، لە هەر چوار وڵاتی ستەمکارو داگیرکەردا زۆر ئەستەمە ئاسایش و هیچ پرۆسەیەکی دەوڵەتداری تەندروست لە ناوچەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، مێژوو لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا زۆر بە ڕوونی ئەم ڕاستیەی سەلماندووە.

* ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ ک.ن.ک

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# سەد ساڵ دوای "سایکس - پیکۆ" و پرسی سەربەخۆیی کورد

حاتەم مێنبەری

١- یەکێک لە عادەتە خراوەکانی ئێمە وەک خەڵک بە تێکڕای بەشەکانیەوە، "جەوگیربوونمانە". جەوگیربوون بەو مانایە کە لە رۆژی هەشتی مارس دا گشتمان ئەبینە فێمینیست. لە رۆژی یەکی ئایاردا ئەبینە سووپێر پرۆلێتەر. لە نەورۆزدا ئەبینە "کوردی رەسەن" و ئیستاش نۆبەی ساکس-پیکۆیە. منیش، هەر چەند پێشتریش باس و بابەتی درێژم لە سەر ئەم پەیمانە چەپەڵە نووسیوە، دیسان باسکردنیم بە پێویست زانی.



٢- سایکس - پیکۆ یەکێک لە زاڵمانە و قرجترین پەیمانەکانە کە دابەشبوونەوەی (نەک دابەشبوون) کوردی کردە راستییەکی تاڵ. لە سەر و بەندی ئەو پەیمانەدا کە وەک ئیستا ناوچەی ئێمە ئاگری تێ بەربوو، ئێمە چارەنووسمان لە دەستی خێڵ و عەشیرەتە خۆفرۆش و نیشتمان وێرانکەراکانماندا بوو. عەشترەتگەلێک کە تێکڕای کوردیان ئەفرۆشتە بەرژەوەندییەکی کاتیی خویان. بۆیە بێ هیچ بەرگرییەکی شیاوی گێڕانەوە، ئێمە ملمان بە سەربڕینی خومان دا و بووینە دیلی سێ نەتەوەی دڕ و دواکەوتوو.

٣- کاتێک حیزبی سیاسی لە کوردستان درووس بوون، ئەبوا بناغەی بەدەوڵەتبوونیش لە مێشکی مرۆڤی کورد دا دانرابا چوونکە، یەکەم کۆماری کورد، دوای دامەزرادنی یەکەم حیزبی جدی کورد ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٣٢٤ی هەتاوی) دامەزرا. بەڵام بە داخەوە رەوتی مێژووی تاڵی ئێمە، کوردی بۆ پاشەوە و پاشکۆبوونی دژمنانی خوێنرێژی خوی گێڕاویەوە. هەر دوێنێ بوو کە، دژایەتی کردنی دروشمی قەڵبی دیموکراسی بۆ.... و خودموختاری بۆ کوردستان وەک کوفر لە لای پێشەنگانی خەباتی خوێناوی کورد دەهاتە ئەژمار و دژبەرانی ئەم روانگە چەوتە ترۆ ئەکران و ئەبوا ریزی خەبات بە جێ بهێڵن دەنا.....

٤- من وەک تاکێکی کورد، کە لە بیرم بێت تا بە ئەمڕۆ بۆ سەربەخۆیی ئەم نیشتمانە دیلە هەوڵ ئەدەم، تاقە رێگای رزگاری لەم ژیانە تاڵە، سەربەخۆیی یەکجاری لەم هاوسییە دواکەوتوو و دلڕەقانە دەزانم و رێگای ترم لا هەڵەیە. بەڵام ئەوەش دەزانم کە، گشت ئەو کەسانەی، شەرافەتمەندانە سەربازی ئەم رێگایە بوون، لە بنی ئەشکەوت و لە ژێر بومب و تۆپی داگیرکەراندا ژیانیان بردووەتە سەر(جا گرنگ نیە لە کام حیزب و هێزدا) وەک من مافی خویانە روانگەی خویان لە سەر بارودۆخ، شێوازی بڕینی ئەم رێگا و هەڵبژاردنی تاکتیکی خویاندا بڕیاردەر بن. من خادەم و هیچ کەسێکی تر لەم کاروانە خایەن نیە. من( ئەگەر بە ڕاستی لەم رێگایەدا مایەیەکم دانابی) هەر ئەوەندەم ماف هەیە کە کەسەکانی دیکەی ناو ئەم کاروانە خوێنینە هەیانە. شەرم و فرەیچ شوورەییە کەسێک، کە دوای دەیان ساڵ ماندوویەتی لەم رێگایەدا، بێ پەروا بە دژ و تەنانەت دژمنی سەربەخۆیی کورد بناسرێ، تەنیا لە بەر ئەوە ئیدەعا و لێکدانەوەکانی من لە وەزعی مەوجوود بە ناتەواو دەزانێ و پێوایە ئەم کەش و هەوایەی بە سەر کۆمەڵگەی ئێمەدا

زاڵە بەرگەی فشارەکانی دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ناگرێ و پێش ئەوە پیویستە یەکگرتن و یەکخستنێکی ڕاستەقینە بێتە بەرهەم.

٥- خۆگێلکردنە حاشای لێ بکرێ کە، سەد ساڵ دوای سایکس - پیکۆش، هێشتا سەرۆک خێڵێک پێشەنگایەتی بزووتنەوەی ئێمە ئەکات و بە چاولێکردن لە خێڵە عەرەبەکانی دراوسێمان، چەندین کەسی بنەماڵەی خوی کردوونەتە کاربەدەستی دەرەجە یەکی ئەو شوێنەی خوی تێدا حاکمە و بڕیاریشە تا قۆناخێکی نادیار ئەم خێڵ و عەشیرەتە باڵادەستی ئەم خاکە بن،

ڕەنگە ئەمە لای هێندێک کەس قبووڵ بکرێ و ئاساییش بێتە بەرچاو، بەڵام عاقڵانە نیە نەزانرێ کە ئەم جۆرە ئێدارە کردنە، نەتەوەی کورد یەکدەست و یەکگرتوو ناکات هیچ، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی لێ دەرئەکەوێ کە بۆ دۆخی ئیستامان زیانبارترین شتە.

٦- من پێموایە دوای ئەوە سەدام حوسەین داگیرکردنی کوەیتی کردە پراکتیک،ئیتر بنەمای سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش دانرا. لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئەبوا کار بۆ سەرەتاکانی ئەم دەوڵەتە بکرێ و دوای ڕووخانی سەدامیش، بێ ڕاوەستان سەربەخۆیی ڕابگەیەندرێ.

ئیستا وەزعەکە بە درەنگبوونیشیەوە سەدقات گونجاوترە و ئەوەی بتوانێ پێشی سەربەخۆیی کوردی باشوور بگرێ تەنیا ئەو پرش و بڵاوییەیە کە لە دارشتنی سیاسەتی ناوخۆییدا دیارە.گرفتە سەرەکییەکە لەیرەدایە: پیاوێک و خێڵێک گەرەکیانە هەم سەروەت و سامانەکەی بخون و هەم شانازی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەکەش؛ دەنا هەموو ئامرازەکانی دیکەی ئامادەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# تیرۆر بۆشاییەکانی سایکس پیکۆ پڕدەکاتەوە

## زکری موسا



سەد ساڵ لەمەوبەر براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی مەبەستیان بوو بە جۆرێک جەستەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دابەش بکەن کە بە پلەی یەکەم خزمەتی بەرژەوەندییە کۆلۆنیالییەکانیان بکات و پاشان سەقامگیری بۆ ناوچەی ژێر دەستەڵاتیان بەدی بێت.

ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لە ڕاستیدا ڕێککەوتنی دابەشکردنی سامان و دەستکەوتی شەڕ و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ئەو کات بوو. لە باخچەکەی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە لەندەن کاتێ جۆرج کێلمانسوو سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا هەستی کرد دەیڤید لوید جۆرج سەرۆک وەزیرانی بریتانیا زۆر ڕەزامەند نییە لە ڕێککەوتنەکە و لێی پرسی چیترتان دەوێ دەنگ بکە؟ سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لە وەڵامدا دەڵێ: «موسڵمان دەوێ» و ئەویش گوتی: «موسڵ بۆ تۆ». مەبەست لە موسڵ ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی بوو کە کوردستانیشی دەگرتەوە. چارەنووسی ملیۆنان ئینسان لە جیۆگرافیایەکی ئاڵۆزدا وا بە ئاسانی و بە دەمەتەقەیەکی کورت دەستنیشان کرا. ئەوان وایاندەزانی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و دەوڵەتسازی ئەوە بەزۆرلکاندن و دیتی میکانیکی بۆ کێشانی سنوور و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ نەخشەڕێگەی گونجاوە بۆ لەتلەتکردنی پاشماوەی عوسمانی، ئەویش لە ناوچەیەک کە لە ڕووی دیموگرافی و ئەتنیکی و تاییفی فرەڕەنگ و ئاڵۆز بوو.

پێویست بوو لە دەوڵەتە تازەکاندا لەپێناو سەقامگیری و ژیانێکی ئارامدا چەمکی هاوبەشیی نێوان پێکهاتەی نێو دەوڵەتە تازەکان پیادە بکرێت. بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان پێکهاتەکان لەوە کەمتر بوون بتوانرێ ئینتمای حەقیقی بۆ جیۆگرافیا و سنوورێکی دیاریکراو لەنێو دانیشتوواندا بڕسکێت. نەبوونی بنەما حەقیقییەکانی دەوڵەت و چەمکی هاووڵاتیبوونیش وای کرد لە بری شەراکەت، نەتەوە باڵادەستەکان بەرەو شۆڤینیزم و ناسیۆنالیزمی نکۆڵیکار شۆڕ ببنەوە. کەڵبە تیژەکانی شۆڤینییەت سەرەتا جەستەی گەلی کوردی کردە ئامانج کە خاوەنی ڕەسەنی خاک و جیۆگرافیای خۆی بوو. دەرئەنجامی سایکس پیکۆ بۆ گشت گەل و پێکهاتە و دانیشتووانی ناوچەکە کارەساتبار بوو. لە سووریا و عێراقدا دەوڵەتەکان بکوژی گەلەکانیان بوون. گەورەترین تاوان لەسەردەستی ڕژێمەکان دەرهەق خەڵک و پێکهاتەکان ئەنجام درا. پرۆژەی نەتەوەسازیی دەوڵەتە قەڵپەکان کە لە هەناوی سایکس پیکۆ هاتنەدەرێ نەیتوانی بە زۆری چەک و تۆقاندن و سەرکوتکاری سەربکەوێت. لەبەرانبەردا پێکهاتە نەتەوەیی و تاییفییەکان پەرچەکرداریان نواند کە بەهێزترینیان شۆڕش و جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو. ململانێی نێوخۆیی دەوڵەتەکان، ململانێی تەندروستی سیاسی نەبوو، بەڵکو ململانێ بوو لەسەر مان و نەمانی نەتەوە و تاییفەکان. ئەو دەرئەنجامە ڕێک پێچەوانەی یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بوو، ئەو ڕێککەوتنە بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی سەقامگیری و ژیان بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە.

ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تەنیا کردنەوەی دەرگەی جەهەننەم نەبوو بە ڕووی دانیشتووانی ناوخۆی دەوڵەتە تازەکان، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتریشدا گرفتیان هەبوو و لە بری هاوکاریکردنی یەکتر لەدژی یەکتر دەوەستانەوە.

#### دوای سەد ساڵ چی ڕوویداوە؟

هەر لە سەرەتادا سایکس پیکۆ لە ڕووی ئەخلاقییەوە شکستێکی گەورەی خوارد، چونکە ڕای دانیشتووانی ناوچەکەی وەرنەگرتبوو، لە ئەنجام نەهامەتی و قەیران و ناسەقامگیری بۆ ناوچەکە بەدیهێنا. دوای سەت ساڵ واقیع و کارەکتەری نوێ سەریانهەڵداوە، ئەمریکا و ڕووسیا و هێزی هەرێمایەتیی نوێ لە ناوچەکەدا لە ململانێی بەردەوامدان. ئەو سنوورانەی ڕێککەوتنەکە دیاری کردبوو و هێمای سەروەریی دەوڵەتانی ناوچەکە بوو، بە هیچ شێوەیەک مانای نەماوە. دەیان هەزار چەکداری تیرۆریست بە ناسنامەی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا هاتوون و لە سووریا و عێراقدا شەڕ دەکەن. دەستێوەردانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی لە سووریا و عێراق گەیشتووەتە لووتکە. هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا لە لێواری نەماندان و بە عەمەلی لە لایەن هێزە تایفی و ئەتنیکی و نەتەوەییەکان دابەش کراون، دابەشکردنێکی خوێناوی لە ڕێگەی شەڕ و توندوتیژییەکی وەها کە لە مێژوودا وێنەی نییە.

دوای سەد ساڵ ئێستا عێراق بەسەر سێ ناوچەی جیاوازدا دابەش بووە. کوردەکان ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. شیعەکان لە باشوور و بەغدا باڵادەستن و لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە ڕەگی قووڵیان داکوتاوە. ناوچەی سوننەکان لە ژێر ڕکێفی داعشە، ئەو نەشتەرگەرییەی داعش لە ناوەڕاستی عێراقدا کردی، درزی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی قووڵتر کرد. بە جۆرێک کە مەحاڵە بارودۆخی سیاسی و ئیداری و دیموگرافیی عێراق بۆ قۆناغی پێش داعش بگەڕێتەوە. ئێزیدییەکان ئامادە نین وەک جاران لە تەک عەرەبی سوننەدا لە ژیان بەردەوام بن. مەسیحی و پێکهاتەکانی تری پارێزگای نەینەوایش نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان ئەگەر گەرەنتییەک نەبێت بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان. سوننە حوکمی شیعە لە ناوچەکانیان قبووڵ ناکات و شیعەیش ڕێگە نادات سوننە حوکمی عێراق بگرێتە دەست. کورد دوای ئەو هەموو نەهامەتی و قوربانیدانە دەستبەرداری داواکارەکانیان نین و ڕێی سەربەخۆییان گرتووەتەبەر. ئەوە هەموو ئاماژەی ڕوونن کە عێراقی سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە.

لە سووریادا چیرۆکی دابەشبوونەکان فرەئاڵۆزترە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە سووریا تەنیا لەسەر نەخشە چاپکراوەکانی جیۆگرافیاییدا ماوە و لە ئەرزی واقیعدا دابەش بووە. ئاشتبوونەوەی پێکهاتەی سوننە و عەلەوی لەم وڵاتەدا موستەحیلە، چونکە شەڕی ئەو دوو پێکهاتەیە نیوملیۆن کوژراو و دوازدە ملیۆن ئاوارەی لێ کەوتووەتەوە. لە لوبنانیش دەمێکە ئەم دابەشبوونە ڕووی داوە. هەر چەندە گرژی و ئاڵۆزییەکانی لوبنان وەک سووریا و عێراق توند و گەرم نین، بەڵام دابەشبوونی ڕوونی جیۆگرافی لەنێوان شیعە و سوننە و مەسیحییەکاندا هەیە و ئەوەیش لەسەر پرۆسەی سیاسی ڕەنگی داوەتەوە.

کەرەستەکانی مەرگی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بەهۆی پاڵنەرێکی دەرەکی نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو بەردی بناغەی کۆتایهاتنی سایکس پیکۆ لەو کەلێن و هەڵانەدایە کە لە برگە و ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەدا خۆیان حەشار داوە. ڕێککەوتنەکە، شیعە و سوننە و پێکهاتە و نەتەوەکانی لە یاد کردبوو. ئێستا شیعە و سوننە لە شەڕێکی دژواری خوێناویدان بەتایبەت لە عێراق و سووریا. لەم شەڕەدا سەرکەوتوو و دۆڕاو بوونی نییە. ئەوەی سەربکەوێت ڕێگە بە بەشداریی ئەویتر نادات لە ژیانی سیاسیدا و ئەوەی بشدۆڕێنێ

بڕوای بە خۆبەدەستەوەدان نییە. ئەو ململانێیە ئەبەدییە و کۆتایی نایەت.

بەردەوامبوونی جیۆگرافیا لەسەر مۆدێلی سایکس پیکۆ گرفتەکان هێندەی تر ئاڵۆز دەکات. تیرۆر و ململانێ تاییفی و نەتەوەییەکان قووڵتر و فراوانتر دەبن و ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. بەشێک لەدەوڵەتانی بەرهەمی دەستی سایکس پیکۆ لە قەیرانی مەشرووعیەت و سەروەریدا بەسەر دەبەن و بوونیان نەماوە.

بۆ ڕێگەگرتن لە کارەساتی زیاتر پێویستە پێداچوونەوە بە سنوورەکان بکرێت و ڕێککەوتنێکی تازە ببەسترێت و ناوچەکە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. ئەمەریکا و ڕووسیا و هاوپەیمانان و وڵاتانی هەرێمایەتی و هێز و گرووپە چەکدارەکان و نوێنەرانی شیعە و سوننە و کورد و نەتەوەکانی دیکە دەبێ لایەنی ئەو ڕێککەوتنە بن بۆ ئەوەی لە داڕشتن و دابەشکردنی نوێدا ڕەچاوی بەرژەوەندی و ویستی هەموو لایەک بکرێت. پێداچوونەوەکە دەبێ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ئەولەوییاتی خۆیدا بنێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ململانێی شیعە و سوننە وەک پێوەرێکی گرنگی دابەشکردنی ناوچەکە سەیر بکات. فەڕەنسیس ڕیچارد دۆنی سەفیری پێشووی ئەمەریکا لە تورکیا و مسر و تویژەری ئەنجوومەنی ئەتڵەنتی پەیوەست بەم باسەوە دەڵێ: «ئەگەر کێشە سەرەکییەکە چارەسەر نەکرێ و بۆشاییەکان وەک خۆی بمێننەوە و بە ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلان و دانیشتووانی ناوچەکە پڕ نەکرێتەوە، ئەوا تیرۆر و توندڕۆیی پڕی دەکاتەوە». ئەم وتەیە وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەوانی هێشتا سەقامگیری لە کلێشەی سایکس پیکۆدا دەبینن و ترسی گۆڕانکارییان هەیە. کارنامەی سەد ساڵەی ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ نەمانی سەروەری و مەشرووعییەتی دەوڵەتانی ناوچەکەیە و دانیشتووانیش بوون بە دوژمنی یەکتر. مەرگی سایکس پیکۆ حەقیقەتێکە ڕووی داوە و دەبێ هەموو لایەک دانی پێدا بنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵات / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# ئەمڕۆ یادی ١٠٠ ساڵەی نەخشەی سایکس پیکۆیە.. دەوڵەتی کوردستان ڕاستییەکی گەشاوەیە

ئازا حەسیب قەرەداخی

١٦ / ٥ یادی سەد ساڵەی نەخشەکەی سایکس پیکۆیە. لەم سەروەختەدا، قسەکردن لەبارەی هیچ بابەتێک هێندەی قسەکردن لەبارەی ڕیشەکێشکردنی تیرۆر و هەڵوەشانەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ، لەناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا گەرم نییە. هەروەها لەپێناوی هیچ بەرژەوەندییەکدا ئەوەندەی ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشە هاوپەیمانێتی و پەیوەندییەکان کارا نین.



هەردوو بابەتەکەیش بە شێوەیەکی ڕیشەیی پەیوەندیدارن بە گەلی کوردستانەوە. لەناوبردنی تیرۆر واتە ڕیشەکێشکردنی ئەو فاکتەرەی کۆسپە لەبەردەم گەلی کوردستاندا و ناهێڵێ هەنگاوەکانی بۆ گەشەکردن و سەقامگیری خێراو تۆکمە و هاوسەنگ بن. هەڵوەشانەوەی نەخشەکەی سایکس پیکۆیش واتە زەمینەسازیی جیۆپۆلیتیکیی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان کە فاکتەری بنچینەییە بۆ ئارامی و پێشکەوتن و گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی. لە دوای سەرهەڵدانی داعش و پەلهاوێژیی هەژموونی ئێران بە ناوچەکەدا، ئیتر هەر دوو ئەرکی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و هەڵوەشانەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ، بوونەتە دووانەی لێکدراو. واتە لەم قۆناغەدا هەر کامیان بێ ئەوی تریان ناکرێ.

کە کار دەکرێ بۆ لەناوبردنی تیرۆر دەبێ بیر لەوە کرابێتەوە هەردوو دەوڵەتی فاشیلی عێراق و سووریا هەڵوەشێنرێنەوە، چونکە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆرن. کە بیر لەوەش دەکرێتەوە نەخشەی ناوچەکە بگۆڕدرێ، ناکرێ بە بێ لەناوبردنی تیرۆر ئەم ئامانجە بە دی بێت، چونکە ڕێکخراوە تیرۆریستەکان مەقاشی ئەو دەوڵەت و ناوەندانەن کە دژی گۆڕانکارییە جوگرافی و سیاسییەکانن و بەکاریان دەهێنن بۆ بەرپاکردنی شەڕ و ناسەقامگیریی تا دەرفەتی ئارام نەڕەخسێ بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا. بەم لۆژیکە هەر گوتار و چالاکییەکی سیاسی و فیکری و مێدیایی نەتوانێ ئەم دووانە لێک گرێ بدات، یان نەیەوێت ئەم پەیوەندییە دیالیکتیکییە بسەلمێنێ، یاخود هەوڵ بدات لێکیان جیا بکاتەوە، لە بەرەنجامدا خزمەتی پرۆژەی هێشتنەوەی تیرۆر و هێشتنەوەی دەوڵەتە شۆڤێنییەکان دەکات.

گوتارێک کە پەیدابوونی دەوڵەتی کوردستان بە درۆ بزانێ. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە بانگەشە لێک بداتەوە. ستراتیژی سیاسیی بریتی بێ لە ڕێگەگرتن لە دابەشبوونی عێراق و سووریا. هەموو ئەمانە خزمەتی بێچەندوچۆنی تیرۆر دەکەن و ئیش بۆ مانەوەی عێراق و سووریا دەکەن کە دوو فۆرمی فاشیل و دوو دەوڵەتی نادەوڵەتن و کارگەی بەرهەمهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی فاشییەت و تیرۆرن.

ناوچەکە تەنیا بەوەندە ئۆقرە ناگرێ کە داعش لەناو ببرێ، بەڵکو دەبێ "عێراق و سووریا" هەردوو کارگە گەورەبەرهەمهێنەرەکەی داعش و نموونەکانی دیکەی وەکوو داعش لەناوببرێن.

لەگەڵیشیاندا کۆتایی بە فیکری سەلەفی جیهادی و فراوانخوازیی شیعەگەراییش بهێنرێ کە کەرەستەی خاوی بەگەڕخستنی کارگەکانی بەرهەمهێنانی تیرۆرن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

کە تیرۆر لەناو دەبرێ، واتە عێراق و سووریاش نامێنن. کە عێراق و سووریا هەڵدەوەشێنەوە، واتە دوو کارگەی سەرەکیی بەرهەمهێنانی تیرۆر نامێنن.

بەڵام هاوکات بە نەمانی عێراق و سووریا بۆشایی جیۆپۆلیتیک لە ناوچەکەدا دروست دەبێ. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییش دەبێ بە خێرایی ئیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بکەن، ئەگینا خەڵکی دیکە بە حوکمی نزیکیی جیۆگرافیایی دەتوانێ پڕی بکاتەوە و ئەوسا مەترسییەکە زۆر گەورەتر دەبێ لەسەر ئاسایشی جیهان.

بۆیە لەم هاوکێشە ئاڵۆز و تێکهەڵکێشەدا و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی جیۆپۆلیتک، دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بووەتە راستییەکی گەشاوە و پێویستییەکی جیۆپۆلیتیکی بۆ ناوچەکە و جیهان. بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە ئارامی و ئۆقرەیی لە ناوچەکەدا دەوێت و دەیەوێ چیتر تیرۆر هەڕەشە نەبێت بۆ سەر ماڵ و بەرژەوەندییەکانی، مەحاڵە بتوانێ بە بێ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دیزاینی نوێی ناوچەکە بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنە شومەکەدا تێپەڕی، با خۆمان بۆ سەربەخۆیی ئامادە بکەین

ئامانج عەبدوڵڵا سوور

ئەمڕۆ سەد ساڵ بەسەر ئەو پەیماننامە شومەدا تێپەڕی کە سەختترین وەیشومەی مێژوویی بوو، گەورەترین غەدرێک بوو دەرهەق بەو نەتەوەیە کرا جگە لە مافی خۆی چاوی لە خاکی ئەوی دیکەوە نەبوو.



ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ ناوچەکە لەبەردەم ئاڵوگۆڕ و نەخشەیەکی نوێدایە، خواستی فراوانی هاونیشتیمانیانی کوردستان و سوپای یەکگرتووی پێشمەرگە ئاوێتەی روانگای سەرۆکی کوردستان (سەرۆک بارزانی)یە لە پێناوی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، بە پیرەوەچوونمان بۆ ئەم درەفەتە مەزنە ئەرکێکی نیشتمانی و مێژووییە.

بیانوو و پاسا و هێنانەوە بە مەبەستی خۆدوورگرتن لەم ڕوانگا نیشتیمانی و نەتەوەییە جگە لە خۆ فریودان و خۆشەتەکدان بە خواستی داگیرکەرانەوە هیچی دی لێ ناخوێنرێتەوە.

ئێستا وادەیەکی مێژووییە هەموومان بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە لێوەی دەگوزەرێین هیوای تاقانەی سەرڕێمان خواستی سەربەخۆییە، ئەوە بۆیە هەرکەس و لایەنێک بەهەربیانوویەک دژی ئەم خواستە بوەستێتەوە ڕێک خیانەتکارێکە ئاولێڵ ناکات.
ئێستا وادەی نووسینەوەی ئەو دێڕانەیە خواستی سەرخۆبوون دەینووسێتەوە کە مێژوو شاهێدی بۆ دەدات، کەس پەنجەکانی بەیەکدا نەلکێنێ و سەربەسەرخۆییدا دانەگرێت کەی وادەی واق وڕمانە؟

ئەمڕۆ وادەی ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییەیە کە شوناسی ئەوی دیکە تەنها ناحەز و داگیرکەر و هەموو ئەوانەن کە لافی عێراقچێتی لێ دەدەن و ئەجێندای داگیرکەران جێبەجێ دەکەن جا بە هەربەرگ بە هەرزمانێک بدوێن سەبارەت بە کورد ئەوانە ئەوی دیکەن ئەوێک لە بەرگی بێگانەدا پێناسە وەردەگرن.

ئەوە رەوایە پشتیوانی لە روانگای سەرۆک بکەین بەرەو سەربەخۆیی و جاڕدانی دەوڵەتی کوردستان ڕەوایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دێموکراتی کوردستان / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

## برینە یەک سەدەییەکە بەرەو سارێژبوون دەچێت



هەولێر- KDP.info - ڕۆژی دووشەممە ١٦ی ئایار ئەو ڕۆژەیە کە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کوردستانی تێدا پارچە پارچە کرا و، هێشتا برینەکانی ئەو پارچەپارچەبوونە سارێژ نەکراوەتەوە.

ئێستە دۆخێکی نوێ لە ناوچەکەدا هاتووەتە کایەوە و بەهۆیەوە ئەو سنوورانە کاڵ بوونەتەوە؛ بەگوتەی پسپۆڕانی سیاسی و مێژوویی تەنیا ئەوە ماوەتەو کورد لە ناوخۆ یەکگرتوو و تۆکمە بێت تا بتوانێت نەخشەیەکی نوێ دابنێت کە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی بێت.

تازە دوو ساڵ بوو، کە یەکەم جەنگی جیهانی دەستی پێکردبوو کە وڵاتانی زلهێز و هاوپەیمان کە دەیانزانی جەنگەکە دەبەنەوە، دەستیان کرد بە داڕشتنی سیاسەتێک کە بە هۆیەوە ئیمپراتۆری عوسمانی لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

ڕێککەوتننامەیەک کە دواتر ناوی سایکس پیکۆی لێ نرا، لە ١٦ی ئایاری ساڵی ١٩١٦ لە نێوان وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و بە ڕەزامەندیی رووسیا مۆر کرا.
ڕێککەوتننامەکە بۆیە ناوی سایکس پیکۆی لێنرا چونکە لەو دانیشتنەدا نوێنەری بەریتانیا مارک سایکس و نوێنەری فەرەنسایش ژۆرژ پیکۆ بوو کە هەردووکیان شارەزاییەکی تەواویان لە ناوچەکە هەبوو و، پێشتر چەندین ساڵ وەکوو نوێنەری وڵاتەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و لەوانەش عوسمانییەکان لە پێوندی دابوون. ئەوان لەسەر کاغەز نەخشەی جیهانیان گۆڕی کە دواتر چەندین وڵاتی نوێی لێکەوتەوە.

سەرجەم ئەو ناوچانەی لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەوە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانی دابوون، دوای کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ و لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەبەر یەک هەڵوەشان و کۆمەڵێک دەوڵەتی نوێیان لەسەر بنیات نرا. لەوانە سووریا و لوبنانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا و عێراق، ئوردن و فەلەستینی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا. لە ساڵی ١٩١٦ ناوچەکانی باکووری ئەفریقا کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دابوو دابەش نەکران، بەڵام دواتر ئەوانیش هەرکەوتنە

ژێردەسەڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا. بۆ نموونە فەرەنسا بەسەر تونس و جەزایر و مەراکیشدا زاڵ بوون و بەریتانیایش بەسەر میسردا زاڵ بوو.

پەیماننامەی سایسک پیکۆ کە پەیمانێکی نهێنی بوو، بریتی بوو لە ١٢ خاڵ کە خاڵەکانی چۆنیەتیی دابەشکارییەکانیان بە گوێرەی ئەو زۆنانە دەستنیشان کردبوو کە خۆیان کێشابوویان.

٥٠٢ ساڵ لەمەوبەر و لە ساڵی ١٥١٤ کە کوردستان دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکان بۆیەکەم جار دابەش ببوو لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەتە، دوای ٤٠٢ ساڵ دیسان کوردستانی ژێردەستی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو بە سێ پارچە و لە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ عەرەبەکان هاتە کایەوە و بە شێوەیەک چەندین دەوڵەت لەسەر بنەمای بنەماڵە عەرەبەکان دروست بوون، بەڵام کوردستان پارچە پارچە کرا و بوو بە پاشکۆی وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتی نوێی تورکیاوە.

لەو کاتەوە ئەو سێ پارچەیەی کوردستان کوردستان لە ژێر زوڵم و زۆریی دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب ناڵاندوویانە و هەروەک چۆن براکانیان لە کوردستانەکەی سەفەویش بەدەستی ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی ئێران ناڵاندیان.

دوای سەدەیەک لە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ دۆخی کورد بەتایبەتی لە باشووری کوردستان هەنگاوی باشی بڕیوە و، هەواڵی سەربەخۆیی بە گوێی هەر هاووڵاتییەکدا دەزرینگێتەوە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش قەوارەیەکی دیاریکراوی جیۆگرافی دروست بووە کە کورد تیایدا باڵادەستە و ماوەیەک لەمەوبەریش فیدراڵیەتی ڕاگەیاند.
سیاسەتمەدار (دکتور شەفیق قەزاز) بۆ ڕۆژنامەی هەولێر ڕوونی دەکاتەوە دوای ١٠٠ ساڵ لە دابەشبوونی کوردستان، ئەگەری گۆڕانکاری زۆرە و ئەو باردودۆخەی پێشتر گەلان بە تایبەتی گەلی کورد ناچاربوو لە دەوڵەتانی زلهێزیتر وەک بەریتانیا و فەرەنسا قەبووڵی بکات، ئەمڕۆ قەبووڵی ناکات.

(قەزاز) پێیوایە جگەلەمە دۆخی سیاسیی ئێستەی جیهان لەگەڵ ئەوکاتیش گۆڕانکاری زۆری بەسەر هاتووە و، ئەو ڕۆڵەی ئێستە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیەتی ئەوکات کۆمەڵەی نەتەوەکان نەیبوو و جگەلەمە ئەو ڕۆڵەی ئێستە کورد لە سیاسەتی جیهانیدا هەیەتی و ناسراوە، ئەوکات بەو شێوەیە نەناسرابوو.

**کورد دەبێ کار بۆ ئەوە بکا ببێت بە دراوسێی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا**

بەگوتەی (قەزاز) لە باشووری کوردستان کورد کۆمەڵێک مافی دەست کەوتووە و پرسی سەربەخۆیی کە بووەتە بنێشتەخۆشکەی دەمی هەموو کەسێک، بە پراکتیکی هەنگاوی بۆ نەنراوە. ئەو بە پێویستی دەزانێت کورد لەو ڕووەوە هەست بە بەرپرسیارەتی بکات و بە یەکخستن و تۆکمەکردنی ناو ماڵی خۆی هەموو هەلە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بقۆزێتەوە و شتێکی گەورەتر لەو قەوارەیە دروست بکات کە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوو پێی گەیشتووە. ئەو دەڵێت کورد دەبێت هەنگاوی جیددی بنێت بەرەو ئەوەی لە جیاتی ئەوەی بەشێک بێت لە ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا ببێت بە دراوسێی ئەو دەوڵەتانە، دۆخێک بۆ بەدەوڵەتبوونی کورد هاتووەتە کایەوە و کورد

دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکات.

ئەو ئاماژە بە سەردەمەکانی (شێخ مەحموودی نەمر) و (پێشەوا قـازی محەممەد) دەکـات کە یەکەمیـان بەهـۆی بەریتانیـا و رووسیا و دووەمیشیان بەهۆی تورکیا و بەریتانیا لەباربردران و، ئەوەی ئێستە زیاتر کاریگەریی نەرێنی هەیە بە پێچەوانەی ئەوکـاتە هۆکـاری ناوخۆییە کە نیشانی دەدات کورد لە رابردووی خۆی ئەزموونی وەرنەگرتووە.

بەگوتەی ئەو سیاسەتمەدارە ئەو توانا و هەژموونەی لە ١٠٠ ساڵی رابردوو هەندێک وڵات هەیـانبوو و دەیـانتوانی هەمـوو شتێک بـکەن ئێستە نییانە و، دەوڵەتـانی دراوسێیش ناتوانن حاشا لە مافی کورد بـکەن، جگەلەمـانە کەشوهەوای نێـودەوڵەتیش کە جـاران سنووری سایکس پیکۆیـان بەلاوە پیـرۆز بـوو، ئێستە ئەو پیـرۆزییە نەمـاوە و دۆخی جیهـان بەرەو ئاراستەیەک گـۆڕاوە کە دەکرێت سنوورەکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و، بە شێوەیەک دابڕێژرێنەوە کە گەلان ئاسوودەتر لە جاران لە تەنیشت یەکتر بژین.

## دوای کۆتـاییی جەنگی داعش، کورد بە سەربەخۆیی دەگات

هاوکـات، (دکتـۆر کەیـوان ئـازاد) پسپۆڕی مێـژوو، بـاس لە هۆکـاری پـارچە پـارچەبوونی کوردسـتان دەکـات و هۆکـارە سـەرەکییەکە لەوکاتیشـدا بـۆ خـودی کـورد دەگەڕێنێـتەوە. ئەو دەڵێت لە ڕووی ستراتیژی و سیاسییەوە مـافێکی ڕەوای وڵاتـانی هاوپەیمـان بـوو کە ناوچە شکستخواردووەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشبکەن کە ئەمەش لە جەنگدا شتێکی سروشتییە.

بە گوتەی ئەو پسپۆڕەی مێژوو لەو سەردەمەدا کورد لەبەرەی عوسمانییەکان و ئەڵمانییەکانـدا بـوو و دژی بەریتـانی و رووسیاییەکان دەجەنگـا. ئەو نمـوونەی شـەڕی شـوعەیبە بـاس دەکـات بە سـەرکردایەتیی (شـێخ مەحمـوودی حەفیـد) لە باشـووری کوردسـتان و، لە باکووریش ئاماژە بەوە دەکات کە عوسمانییەکان بە پاڵپشتی کوردەکان رۆڵی خراپیـان بینـی و کـاتێکیش جەنگ بە کۆتـا دەگـات ئەوە شتێکی سروشتییە کە لایەنی دۆڕاو هیچی پێنەبڕێت.

(دکتۆر کەیوان ئازاد)، ئاماژە بە بنەماڵەی (هاشمی) مەککە دەکـات کە بەهـۆی ئەوەی کە پشـتیوانییان لە بەریتانیـا کـرد لە جەنگـی یەکەمی جیهانی چ دەستکەوتێکیان هەبوو و تەنانەت پاشایەتی کۆمەڵێک وڵاتی نوێیان پێ سپێردرا.
کوڕەکانی (حوسێن هاشمی)، کە بە شەریفی مەککە ناسراو بوون بە پشتیوانی بەریتـانیـا بـوون بە پاشـای وڵاتـانی عێـراق و ئـوردن کە دوای جەنگ دامەزران، هاوکات، کوڕەگەورەکەی کە ناوی عەلی بوو پاشایەتی حیجازی کرد.


ئەو، دۆخی ئێستەی هەرێمی کوردستان بە دۆخی ئەوکـات بەراورد دەکـات و دەڵێت: کـورد کە ئێسـتە دژی داعش دەجەنگێت و چووەتە پاڵ هاوپەیمانەکانەوە دوای کۆتـاییهاتنی جەنگ دەستکەوتی گەورەی دەبێت و لانی کەم بە کۆنفیدراڵی دەگات. (دکتۆر کەیوان ئازاد) دەڵێت: "دڵنیام دوای کۆتـاییی جەنگی داعش، کورد بە سەربەخۆیی دەگات."

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەولێر / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# ڕۆژهەڵاتی كوردستان و "سایكس-پیكۆ"

ژیوار ڕەسووڵی

شەڕی یەكەمی جیهانی لەكاتێكدا دەستی پێكرد، كە ڕژێمی قاجار لەوپەڕی لاوازی خۆیدا بوو. "ئەحمەد شا"ی قاجار ڕێک لەو ساڵەدا تاجی پاشایەتی لە تەمەنی ١٨ ساڵی لەسەر كردبوو، بەڵام هەموو كارەكانی حكومەت لە لایەن "عەلائەدەوڵە" بەڕێوە دەچوو، هەر ئەوەیش بێ لایەنیی خۆی لە شەڕی جیهانیی یەكەم ڕاگەیاند. ئەو بێ لایەنییەی ئێران لە ڕاستیدا تەنیا خۆدزینەوە لە واقیعێک بوو، كە قاجارەكان دەیانزانی دەسەڵاتیان بەسەردا ناشكێت، هەربۆیە هاوسنووریی ئێران لەگەڵ عوسمانی و ڕووسیا و هاوكات تەراتێنی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ڕووسیا و بگرە فەرانسا لەناو ئێران وایكرد،




كە ئێران لەدەرەوەی دەسەڵات و ویستی خۆی بخزێتە ناو یەكەم شەری جیهانی. بێ دەسەڵاتی و لاوازاری قاجار وایكرد كە لەگەڵ یەكەم تەقەی شەر دەسەڵاتی هەر دوو مەڵبەندی ئازەربایجان و كوردستان بكەوێتە دەست ڕووس و عوسمانییەكان. لازارێف لە كتێبەكەیدا دەڵێ یەكەم تەقەی شەڕ لەڕۆژهەڵاتی نزیكدا لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بووە، نەک دەریای ڕەش. هەر ئەو كات نزیكەی چوار ساڵ ڕووس و عوسمانی و بەریتانییەكان لەناو خاكی كوردستاندا بەیەكیاندا دادا،و بۆ كوردەكانیش هەر ماڵوێرانی و ماڵ كاولی مایەوە. هێشتا باسی ڕێكەوتنی سایكس پیكۆ لەو دیوی سنوور هەر نەبوو، كە زلهێزەكانی ناوچەو جیهان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان تەراتێنیان دەكرد. عوسمانییەكان كە ئیمپراتۆرییەكەیان لەهەموو لاوە بەرەو لاوازی دەچوو، لەڕۆژهەڵاتی كوردستان بەهۆی سوننە بوونیان توانیان "ئیعلامی جیهاد" بكەن، و سرنجی شێخ و مەلاو سەرۆک عەشیرەكان بۆخۆیان ڕابكێشن. دەوڵەتی ڕووسیا و عوسمانی گرنگییەكی تەواویان بە بەوتەی خۆیان بە كوردستانی ئێران دەدا. ڕووسەكان بەدوای بەشی خۆیان لە نەوتی ئێران بەگشتی و بازاری ڕۆژهەڵاتی كوردستان وەكوو دراوسێ بەتایبەت بوون،و عوسمانییەكانیش بەدوای پڕكردنەوەی بۆشایی شكستەكانیان لەو دیوی ئیمپراتۆرییەتەكەیان واتا لەئەفریقیا بوون. ڕووسەكان لە ساڵەكانی ١٩١٤ بۆ ١٩١٦ لەنێو هۆزە كوردەكان جێ پێی خۆیان قایم كردبوو، و بە پێدانی بەڵێنی مادی و دەسەڵاتداری و بەتایبەت پێدانی چەک كەڵكێكی تەواویان لە كوردەكان وەردەگرت، هاوكات لەولاشەوە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی خودموختاری بە كوردەكان دا،و لەدژی ڕووسیای یەكگرتوو كردبوون. سەرەتا هێزێكی عوسمانی ناوچەی ورمێ و شاری سابلاغ (مەهاباد)-یان داگیركرد، و عەشیرەكانی تەرگەوەڕو مەرگەوەر و مامەشیش لەگەڵ عوسمانییەكان كەوتن. ساڵێک بەر لە بەستنی پەیمانی سایكس پیكۆ بەسەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە دیوی موسڵ و شام ، عوسمانییەكان لە میاندوئاوی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەشكەری ڕووسیان تێكشكاند،و بەرەو تەورێز ڕێكەوتن. ئەوە ترسێكی گەورەی بۆ ڕووسەكان دروستكردبوو، تورک و هەندێک لە كوردەكان خەریكبوو، ئازەربایجان و كوردستانیان لەبەردەستدابوو،و بەرەو ناوەندی ئێران دەچوون. (كردها و بررسی تاریخی و سیاسی، حسن ارفع). بەڵام لەباشووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان خەڵک لەگەڵ عوسمانییەكان نەكەوتن، بەتایبەت كوردە شیعەكانی كرماشان و ئیلام دژایەتیی ڕووسەكانیان نەكرد،و دەوترێ تەنیا سەنجابییەكان شەڕیان لەبەرژەوەندی

عوسمانییەکان کردووە،و ئەوانی دیکەش یان بێدەنگ بوون، یانیش لەگەڵ "نیزاموڵسەڵتەنەی"-ی حاکمی کرماشان پیاوی ئەڵمانییەکان بوون. هێزەکانی کورد و عوسمانی هەتا مانگی مەی ١٩١٥ لە کوردستان و ئازەربایجان مانەوە، کوردە سوننەکان لەگەڵ عوسمانییەکان بوون،و ئەرمەنی و ئاسۆرییەکانی ورمێش پاڵیان وە رووسەکان دابوو. رووسەکان دوایی ئەو شکستەی لەعوسمانییەکان و عەشیرە کوردەکان لە میاندوئاو و تەورێز تووشی هاتن، هەر زوو خۆیان ڕێکخستەوە بۆ ئەوەی تۆڵە یەکەم لە کوردە بەوتەی خۆیان ناپاکەکان بکەنەوە، دواتر لە تورکە عوسمانییەکان. هەر لەساڵی ١٩١٥-دا سوپایەکی بەهێزیان لەژێر فەرماندەیی "شاربانتیە" ناردە ئێران، و لەسۆفیانەوە بگرە هەتا تەورێز و سابلاغیان لەدەست داگیرکەری عوسمانی دەرهێنا،و خۆیان داگیریان کردەوە. لە مەهاباد و شنۆ خەڵکیان قەلاچۆ کرد، و بەهەزاران کوردیان کوشت. (تاریخ رزائییە-محمد تمدن). خەڵکی شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی "قازی فەتاح" بەگژ رووسەکاندا چوونەوە، چوونکە یەکەم هەستی نەتەوەییان ڕێگەی پێ نەدەدان کە بە ئاسانی ئەو داگیرکارییە قبووڵ بکەن،و دواتریش رووسەکانیان پێ کافر بوو، لەو شەڕەدا خەڵکێکی زۆری موکریان تێداچوو. دابەشکردنی ئێران پێش دابەشبوونی کوردستان هەمیشە پرسیاری ئەوە هەیە، کە بۆچی لە ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆدا ئێرانی رەگەڵ نەکەوتووە،و یان ئەگەر تراژدیا کوردییە باوەکەی باس بکەیین، بۆ تەنیا کاریگەری لەسەر سێ پارچە داناوە،و رۆژهەلاتی تێدا نییە؟ ئەو پرسیارە ڕەواییە، چونکە لەراستیدا ئێران ئەو ئێرانە نەبوو، کە بەرامبەر پلانە دەرەکییەکاندا بتوانێ خۆی بگرێت، هەربۆیە هەرگیز رووسیا و فەرەنسا و بەریتانیا لەوە نەترساون، کە لەگەڵ بەخشینەوەو دارشتنەوەی سنووری موسڵ و بەسرە لەلایەک و بەشێک لەباکووری کوردستان و سوریا لەلایەکیتر، ئێرانیشی لەگەڵ بدەن. بەڵام ئەوە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە. یەکەم: ماهیەتی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ روویەکی ئاشکرا و روویەکی نهێنی هەبوو. رووە ئاشکراکەی دروستکردنی جوگرافیا و کیانێکی عەرەبی سەربەخۆ بۆ هەندێک عەرەبی ناوچە بوو، رووە شارەوەکەشی دابەشکردنی خێروبێری ئەو جوگرافیاییە بەسەر خۆیاندا بوو. ئێرانی قاجار عەرەب نەبوون،و خاوەن حکومەتی پێناسەداری خۆیان بوون. دووەم: نزیکەی ١٠ ساڵ پێشتر ئێران لەنێوان رووسیا و بەریتانیادا دابەشکرابوو. ئەو ڕێکەوتنە کە بە ڕێکەوتنی ١٩٠٧ ناسراوە، لەو ڕێکەوتنەدا هەر دوولا مەڵبەندەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان لەئێران و ئەفغانستان و تەبت بەسەر خۆیاندا دابەشکردەوە. لەو دابەشکرابییەدا رۆژهەلاتی کوردستان کەوتە دەست رووسەکان و ناوەند و باکووری ئێرانیش بۆ بەریتانییەکان مایەوە. رووسەکانیش لە شەڕێکی درێژخایەنی خوێناویدا هەر وەکوو باسکرا، بەسەر عوسمانییەکان سەرکەوتن،و بۆ ماوەیەکی زۆر لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئازەربایجان مانەوە. لەراستیدا وەکوو چۆن لە ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆدا هیچ باس لە دابەشکردنی کوردەکان نەکراوە،و هەر مەوزووعیەتیشی نەبووە، ئاواش دابەشبوونی ئێرانی قاجار لەسەر داوا و دەسەلاتی کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا نەبووە. لەهەردوولا بەرژەوەندی کۆلۆنیالەکان دۆخێکی نەویست و نەخوازراوی بۆ کوردەکان دروستکردووە. لەو دیوی سنوور کوردەکان بەسەر سوریا و تورکیا و دواتر عێراقدا سەپێندراون،و لەم دیوی سنووریش کوردستان لەلایەن ناوەند داگیرکرابوو،و خۆدی داگیرکارەکەش لەلایەن ئیستعمارەوە داگیرکرابوو. هەربۆیە سایکس پیکۆ کاریگەری لەسەر چارەنووسی هاوبەشی کوردستانی گەورە دانەنا،و بگرە بزوتنەوەکانی دواتریشی لەسەر بنەمای چارەنووس و داخوازییە هاوبەشەکە ڕێکخرانەوە.

سەرچاوە: فەیس رۆژهەلات تایمز / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# پەیمانی سایکس - پیکۆ

## ئەحمەد شێربەگی

لە ڕۆژێکی شوومی وەک ئەمرۆدا ١٦ی مانگی مەی ١٩١٦ی زایینی واتە ١٠٠ ساڵ لە مەوپێش بە پێی سازانێکی نهێنی نێوان دوو دەوڵەتی زلهێزی براوەی شەری یەکەمی جیهانی، بریتانیا وفەرانسە پەیمانێک لە نێوانیان دا واژۆ کرا کە بە پەیمانی سایکس- پیکۆ ناوبانگی دەرکرد.بە پێی ئەم ڕێکەوتنە کۆمەڵێک وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەریان هەڵدا ، درووست بوونی ئەم ولاتانە نەتەنیا لە بەرژەوەندی گەلی کورد دانەبوو بەڵکووسەرلەنوێ نیشتمانی کورد لە بری ئەوەی لە دوای هەرەس هێنانی سەرشۆڕانەی ئیپراتورەیەتی عوسمانی ببێتە خاوەنی کیان وناسنامەی خۆی ،هەمیسان دابەش کرایەوە و بوو بە چوار پارچە. لەم ڕێکەوتەوە نەهامەتی ورۆژرەشی و ماڵوێرانیی کورد دەستی پێکرد.حکومەتە فاشیستەکانی ئەم ولاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کرا، بە شێوەیەکی سیستماتیک کەوتنە سڕینەوەی زمان وناسنامەی کورد، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگایەکی فاشیستی و دژی مرۆڤایەتیان گرتە بەر.



هەرچەند ئەوپەیمانە شوومە نیشتمانی کوردی دابەش کرد ونەهامەتێکی زۆری بۆ کورد بەدوای خۆی داهێنا .بەڵام کوردەکان لە ماوەی ئەو ١٠٠ساڵە دا بە دایم بۆ پاراستنی ناسنامە و هویەتی خۆیان ڕاپەریون و لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان لە خەبات دابوون.

ئەمرۆ بە هۆی هەلومەرجێکی تایبەتی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا هاتۆتە پێش و هەلێکی زێرین کە بۆ کورد رەخساوە، سنوورە دەسکردەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ بە کردەوە کاڵ بۆتەوەوە فەشەڵی هێناوە . ئەگەر کورد لەم قۆناخەدا یەکێەتی یکی نیشتمانی هەبێ و ناوماڵی خۆی ڕێک خات ،هەموو نیشانەکانی پێکهاتنی خەریتەیەکی نوێ لە ناوچەکە دا پێمان دەلێن کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەرێگا دایە.هەربۆیە کۆنگەرەیەکی نیشتمانی لە هەموولایەنەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردی بە بێ هەژمۆنی و پاوانخوازی لایەنێک پێویستییەکی مێژوویە. هەمووکوردێکی خاوەن هەست و کوردستانی ئەرکدارە کە لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد دا بانگەشەی یەکێتی و ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد بدات...

هەرکەسێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دا ببێتە لەمپەرو بەرد بخاتە سەر ڕێگای وەدیهاتنی ،دێتە بەرەی داگیرکەرانی کوردستان و لە بارەگای مێژوودا بە خائین بە کوردستان و بە کورد ناوزەد دەکرێ.

بۆ پێشەوە بەرەو یەکێەتی یکی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ...

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# پاش سەدەیەک لە سایکس - پیکۆ

## بورهان شێخ ڕەئوف



سەد ساڵ پێش ئێستا ڕێکەوتننامەی سایکس - بیکۆ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی شانشینی یەکگرتوو ( بەریتانیا) و فەرەنساو بە پشتیوانی ڕووسیای قەیسەری هاتە واژۆکردن لە نێوان هەردوو دیبلۆماتکار فرانسۆ جۆرج بیکۆی فەرەنسی و مارک سایکسی بەریتانی کەهەرلە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٥ دوە تاوەکو مایسی ١٩١٦ی خایاند کە پێویستە بووترێت کە هەموو ئەو وتوێژو لێک تێگەیشتنانە بە شێوەیەکی زۆر نهێنی دوور لە چاوی ڕاگەیاندنەکان بەڕێوە دەچوو بە پشتگیری ڕووسیای قەیسەری بۆ دابەشکردنی ئەو خاکانەی کە لە خۆرئاوای ئاسیا لە ژێر حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون واتە ئەو ناوچەیە ی ناسراوە بە هیلالی خەسیب.

ئیتر لەناکاو کە شۆڕشی ئوکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا سەرکەوت و بوولشەویکەکان بە سەرۆکایەتی فلادیمیر لینین دەسەلاتی ئەو وڵاتەیان گرتە دەست هەموو بەڵگەنامەکان ئاشکرا بوون و بووە مایەی ناڕەزایی و بێزاری گەلانی ناوچەکە کە بە دەر لە خواست و ئارەزووی خۆیان چارەنووسیان دیاری بکرێت.

بەڵێ هەموو ئەو ڕێکەوتن و پێشنیارو نەخشە کێشانانە لە کاتێکدا دەکرا کە هێشتا دەوڵەتی عوسمانی حوکمڕان بوو قەڵەمڕەوەکەی ناوچەیەکی هێجگار پان و بەرین بوو کە گاڵتەی پێنەدەکرا بەلام ئەمان واتە ئنگلیزو فەرەنسیەکان گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوکات پێیان دەگووت پیاوە نەخۆشەکە تەواو بووەو لە گیانەلادایە پێویستە میراتەکەی دابەشبکرێت .

بەڵێ ڕێکەوتنامەو لێک تێگەیشتنەکانیان بۆ ئەوە بوو کە دەستکەوتەکانی ئەو جەنگە جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان خۆیاندا بەش بکەن و ناوچەکە دووربخەنەوە لەئەگەری هەر شەڕو پێکدادانێکی خوێناوی تر بەڕای ئەوان.

ئەگەرچی ئەم ڕێکەوتننامە وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکە بەلام دواتر ناکۆکی و ململانێی زیاتر سەریهەڵدا لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا و نەخشەکان گۆڕانکاریان بەسەرهات و شێوەی تری وەرگرت .

هەر لەو سەروەختەدا کە ڕەنگ ڕێژی تازە بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین دەکرا پەیمانی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای مەزن (ئارسۆر جیمس بیلفۆر) کە دواتر بە بەڵێنی بلفۆر ناسرا لە نۆڤەمبەری ١٩١٧ ڕاگەیەنرا کە بەڵێنی بە ڕەوەندی جوولەکە دا لە وڵاتەکەیدا کە نیشتمانێکی نەتەوەیی یان لەسەر خاکی فەلەستین بۆ دروست بکات هەروەها نامە گۆڕینەوەکانی نێوان شەریف علی کوڕی حسین لە حیجاز و هنری میکماهون ی کۆمیسیاری سامی بەریتانیا لە میسر کە باسی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ عەرەب دەکرد

هەموو ئەمانە لە پشت دەرگا کانەوە باسی لێوەدەکرا وەکو جۆرە بەڵێن و ڕێخۆشکردنێک بوو بۆ مەرام وبەرژەوەندیەکانی ئەو دوو وڵاتە.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەم ڕێکەوتنامە بە نهێنیەکی زۆرەوە نەخشەی بۆ دەکێشرا تا دواتر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا ساڵی ١٩١٧ لیۆن ترۆتسکی کۆمیسیاری سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە پەردەی لەسەر هەڵماڵی ئەمە چ نەخشەو پلانێکی ئیمپریالیستانەیە و خزمەت بە گەلانی ناوچەکە ناکات هێندەی پارێزگاری لە بەرژەوەندییە کانی ئەو وڵاتە زلهێزانە دەکات و پیلانێکی گەورە و سامناکە بۆ گەلانی ناوچەکە بە گشتی و کورد بە تایبەتی کە زەرەمەندی یەکەم و کۆتایی ڕێکەوتننامەکە بوو کەتائێستەشی پێوە بێت باجی ئەو ڕێکەوتننامە شوومە دەدات.

بەڵی کورد زەرەرمەندی گەورەو یەکەمی و کۆتایی ڕێکەوتننامەی سایکس - بیکۆ بوو ئەگەرچی گۆڕین و دەستکاریکردنی سنووری وڵاتان هێندە کارێکی ساناو خۆشدەست نیە وا بە کۆبوونەوە و بڕیارێک بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەگەر چی هەشت مانگ کۆبوونەوەو پلان و ڕا گۆڕینەوە لە نێوان ئەو دوو دیبلۆماتکارەی ئەو دوو وڵاتەدا ئنجا گەیشتنە ڕێکەوتنەکەو دواتر ڕێکەوتنامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ واژۆ کرا کە دان بەوەدا دەنێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد دابمەزرێت لە ڕۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ کە زۆرینە دانیشتوانەکەی کوردن بەڵام مەخابن ئەمیش جێبەجێ نەکرا بە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورک بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک .

ڕێکەوتننامەی لۆزان جێگەی گرتەوە لە ساڵی ١٩٢٣ کە دان بە دەوڵەتی تازەی تورکیادا دەنێت لە ڕووی یاساییەوە دەوڵەتی عوسمانی ئیتر ناوی نامێنێت و هیچ باسێک لە کوردو مافەکانیان ناکات و لێرەوە ئیتر کورد وەکو گەلێکی گەورەی دابەشکراوو پشتگوێ خراو هەست بەو زوڵمە مێژووییە مەزنە دەکات کە لێیکراوەو لەوساوە تا ئێستە کورد لە هەر چوار وڵاتی عێراق و تورکیاو سوریا و ئێران هەرچەندە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شەڕی چاڵدێرانەوە ساڵی ١٥١٧ بەر دەوڵەتی سەفەوی کەوت لە شۆڕش و بەرخۆداندایە بۆ پارێزگاری لە بوون و مانەوەو بە دیهێنانی مافە ڕەواکانی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا مێژووی ناوچەکە گەواهی جینۆسایدو مەرگەساتەکانی کورد دەدەن کە ئێستا ناکرێت لە وتارێکی ئاوادا هەمووی باسبکەم.

لە کۆتاییدا دەڵێم پێش سەد ساڵ دیبلۆماتکارە ڕۆژئاواییە کان زۆر بێ ویژدانانەو کەللەڕەقانە بە بێ ویستی گەلانی ناوچەکە ئەو نەخشەیان دارشت و لەسەر خاکی واقیع جێبەجێ یان کرد ئایا ئێستا لە پاش سەد ساڵ کە بارودۆخی ناوچەکەو جیهان زۆر گۆڕانکاری گەورەو جەوهەری بە سەردا هاتووە ئایا هەوڵنادەن ئەو زوڵمە ڕاست بکەنەوە؟

ئەگەر جاران کە بەریتانیاو فەرەنسا هێزی زل و دەسترۆیشتووبوون لە ئاستی جیهاندا ئەوا ئێستا ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی زۆر ناوەندی بڕیار و هێزی تازە پێگەیشتووی تر هەن هەر لە چین و یابانان و ڕووسیا و هێزی ئیقلیمی تر کە پارسەنگی هێزو هاوسەنگی بەرژەوەندییەکان دەپارێزن.

بەڵێ لەو کاتەوەی کە تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش خاڵی چاودێریە سنووریەکانی نێوان عێراق و سوریایان تەقاندەوەو

پێش دووساڵ و ڕایانگەیاند كە ڕێكەوتننامەی سایكس - بیكۆ هەڵوەشایەوە هەرچەندە ئەو سنوورانە دواتر و لە كۆتایی بیستەكاندا بە ڕێكەوتنەكانی ئینتدابی فەرەنسی وبەریتانی دیاریكرابوون.

ئێستا ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت هیچ ماناو مەدلوولێكی دەوڵەتێكی یەكگرتووی نەماوەو شیعە لە باشوورو كورد لە باكوورو سونەش لە ناوچەكانی خۆیان كە هەندێكی لە ژێر دەستی داعشدایە لە ژیانێكی كوولەمەرگی پڕ قەیران و ئاڵۆزی دان.

سوریاش لە ساڵی ٢٠١١ ەوە لە شەڕو پێكدانێكی خوێناویدایە كەنیوەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە ئاوارەی وڵاتانن .

توركیاش لە باكووری كوردستان شەڕو پێكدانی خوێناوی لە ئارادایە لە دوای شكست هێنانی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد و پێشبینی ئاڵۆزی زیاتری لێدەكرێت.

لە ئاوا بارودۆخێكدا كە ناوچەكە بە گشتی و ئەو ناوچانەی بەو ڕێكەوتننامە دابەش كراون خوێنی لێ دەچۆڕێت ئایا كۆمەڵگای نێو دەڵەتی تا ئێستاشی پێوەبێت كە پێداگیری لەسەر مانەوەی هەمان سنوور دەكەنەوە كەی بە بڕیارەكانیاندا دەچنەوەو و دوای سەد ساڵ ماڵوێرانی و شەڕو بە فیرۆدانی سامان و داهاتی ناوچەكە ؟؟؟؟!!!!!

ئەو خاڵەی زۆر گرنگە بەلامەوە كۆتایی وتارەكەمی پێبهێنم سەرنجێكە كە چۆن سەرەتای دامەزراندن و ڕەنگرێژی ئەم سنوورانە كاتێكی زۆری ویست هەر لە ساڵی ١٩١٦ ەوە و دواتر تا ڕێكەوتننامەی لۆزان لە ١٩٢٣ درێژەی كێشا و ئاواش هەڵوەشانەوەی ئەم سنوورانە كاتی زیاتر و بگرە ئاڵۆزی زیاترو قەیرانی گەورەتردەخوڵقێنن كە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە دەستی پێكردووە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشووری كوردستان دواتر ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە ساڵی ١٩٩٢ و واڵە ئێستا شدا ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە خۆرئاوای كوردستان وڕاگەیاندنی بەڕێوەبەری خۆسەری لە باكوور سەرەتای كۆتایی داوەشان وداڕزان و هەڵوەشانەوەی ئەو سنوورانەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان / ڕێكەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

# دوای سەد ساڵ

سەلام عەبدوڵڵا

درووست ئەمرۆ (١٠٠) ساڵ بەسەر رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ تێدەپەرێ کە لە نێوان رووسیا و فەرەنساو ئینگلستاندا ئیمزا کرا . کە لەمەودوا رووسیا بە هۆی شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ وە لەو رێکەوتننامەیە کشایەوەو بەندەکانی ئاشکرا کرد و بە کارێکی ئیمپرالیستانەی لە قەڵەمدا.



لە راستیدا ئەم رێکەوتنامەیە بۆ دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو کە پێش بینی دەکرا لە شەری یەکەمی جیهانیدا بدۆرێت بۆیە ئەوانە پێش کۆتایی جەنگەکە خاکی عوسمانیەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد.

ئەوەش راستە کە زەرەرمەندی یەکەم لەو رێکەوتنامەیە ئێمەی کورد بووین ئەگەرچی مەبەستی ئەو رێکەوتنە بەتایبەتی بۆ دابەشکردنی کوردستان نەبوو وەکو وڵات بەڵکو ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەو سنوورانەیان لەسەر کاغەز لە نێوان خۆیاندا نەخشاند ، چونکە لە بەندەکانی ئەو رێکەوتننامەیە کە لە ١٢ خاڵ پێکهاتوە ناوی کوردستان و خاکی کوردان نابات بەڵکو زیالتر ئەوان پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی سەیری دەکەن و دابەش دەکەن.

بەڵام بەهۆی ئەو دابەشکردنەوە کوردستان کە تا ئەوکاتەی دوو پارچە بوو، لایەکیان لەژێر دەسەڵاتی سەفەویەکاندا بوو لاکەی تریش لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا بوو ، بەڵام بە هۆی ئەو رێکەوتنەوە خاکی کوردستان بوو بە چوارپارچەو لە نێوان دەوڵەتانی تورکیا و عێراق و سوریاو ئێراندا دابەشکرا.

کورد لە ماوەی ئەو سەدەیەدا دژی ئەو زوڵمە بێدەنگ نەبوو، بە پێچەوانەوە لە هەموو پارچەکانیدا خەباتی دژی ئەو دەوڵەتانە دەکرد و بۆ مافی زەوتکراوی خۆی قوربانی دەدا کە زۆر درندانە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە وەڵام دەدرایەوە تا کار گەیشتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی و وێران کردنی وڵاتەکەی.

ئێستا تاوە ئەو مێژووەو ئەمرۆ بارودۆخ گۆڕاوە بە شێوەیەک کە ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەو زوڵم و دابەشکردنە بوون دان بەو راستیەدا دەنێن کە ئەوە غەدرێکی گەورەی مێژووییە کە لە گەلی کورد کرا، هرە بۆیە ئەمرۆ زۆر بە پەرۆشەوە هاوکاری گەلەکەمان دەکەن کە ئەمرۆ جارێکی تر دووچاری شەرێکی سەپێنراو بۆتەوە لەلایەن هێزێکی تاریک و درندەی وەک داعشەوە.

ئەو وڵاتانە ئەمرۆ ئامادەیی ئەوە نیشان دەدەن کە گەر هەرێمی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی رابگەیەنێت ئەوان مەسەلەی

دانپێدانانی تاوتوێ دەکەن یان هەر نەبێ دژی ناوەستنەوە، جا سەیر ئەوەیە ئەمڕۆ دژە دەوڵەتی نێوخۆمان - کە دیارە بە فیتی دەوروبەر - دەیان پاساوو لەمپەری نابەجێ دەهێنن و دەبەن و دەیانەوێ خەڵکی لەو داوا ڕەوایە سارد بکەنەوە و دەیانەوێ بێهیوای بکەن.

ئەوە نییە لەسەر لاپەڕە شڕەکانی هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامەی ڕوو هەڵبزرکاو بە مانشێتی گەورە دەنووسن (درۆی دەوڵەتی کوردی) ئەمە لە کاتێکدا ئەمرۆ لە هەموو کاتێک زیاتر بارودۆخ لەبارەو جیهانی دەرەوەش ئامادەگییەکی لەبەر چاوی پێوە دیارە، بۆیە باشترین وەڵام بۆ ئەو دەنگۆو ڕەوتە ناسازانە ئەوەیە کە گەل لە هەرێم لە ریفراندۆمێکی ئازاد دا، بڕیاری بنبڕی خۆی بدات کە بڕوامان وایە لە سەربەخۆیی کەمتر نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی: ١٥ی مەی ٢٠١٦

# ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێککەوتناممەی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت

## ڕووداو

ڕۆژی شانزەی ئەم مانگە ١٠٠ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا، کە بەهۆیەوە خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکرا.

ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کە لەساڵی ١٩١٦ لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا واژۆکرا، یەکێتی سۆڤیەتیش دەوڵەتی سێیەمی بەشداربوو بوو لەو ڕێککەوتنە، بەڵام دواتر کشایەوە و هەر لەڕێگەی یەکێتی سۆڤیەتەوە بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ هەموو جیهان ئاشکرا کران، بەڵام فەرەنسا و بەریتانیا بەتەواوەتی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشایەوە.

سەرەتای دانانی نەخشەی ڕێککەوتننامەکە و بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٥، ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی بەتەواوتی لاواز بوو و پێیدەگوترا "پیاوە نەخۆشەکە".

دوو کەس ڕۆڵیان هەبوو لە نووسینەوە و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، کە ئەوانیش فرانسوا پیکۆ نوێنەری فەرەنسا و مارک سایکس نوێنەری بەریتانیا ڕێککەوتننامەکەش هەر بەناوی ئەو دوو کەسەوە ناوی دەرکرد.

بەگوێرەی قسەی نووسەری بەریتانی جەیمس بار، مارک سایکس لە سەرووبەندی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، کە دەیەوێت هێڵێک بکێشێت بە پیتی ئەلیف دەستپێبکات، کە مەبەستی شاری "عەکا" بووە و بە پیتی کاف کۆتایی پێبێت کە مەبەستی لەوە بووە هێڵەکەی لە "کەرکووک" کۆتایی پێبێت.

ئیدی دەست بە دابەشکردنی نەخشەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا بەسەر فەرەنسا و بەریتانیا، عێراق یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە پشکی شێری بەرکەوت لەم پارچەبوونە. لەنێو هەموو نەخشەکەشدا کورد خرایە نێوسنووری چوار دەوڵەتی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا کە ئەو کات بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەم دابەشکردنەیان کرد.

ئێستا کە ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەکە تێپەڕ بووە، قسە لەسەر دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکرێت، بەجۆرێک بەشێکی زۆری خەڵک پێیان وایە ئەم نەخشەیە کۆتایی پێهاتووە و چیدی وەک خۆی نەماوەتەوە، بە تایبەت بۆ کورد کە ئێستا و لەم کاتەدا سوورە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی تایبەت بەخۆی درووستبکات.

کورد ئێستا لەوپەڕی هێزی خۆیدایە، بەتایبەت دوای شەڕی داعش کە هێزی کورد بۆ یەکەمجار توانی سنوور بۆ پێشڕەوییەکانی داعش

دابنێت و بیشکێنێت، دەوڵەتی عێراقیش لەوپەری لاوازی و بێتوانایی خۆیدایە هەم لە بەرامبەر بە داعش هەم لە پەککەوتنی دامودەزگانی و قوڵبوونەوەی کێشەکانی ناو پێکهاتەکانی عێراق.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندین جار ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە هەرێمی کوردستان گشتپرسی بۆ مانەوە یان نەمانەوە لەگەڵ عێراق ئەنجامدەدات و ناوچە دابڕێنراوەکانیش کە ئێستا هێزی پێشمەرگەیان تێدایە بەشێک دەبن لەو ناوچانەی کە گشتپرسییەکە دەیانگرێتەوە.

خەڵکی کوردستان بەڕوونی ئارەزووی جیابوونەوە لەدەوڵەتی عێراق تێیاندا بەدی دەکرێت و لە ١٠٠ ساڵەی سایکس پیکۆ چەندین هەڵمەت بۆ گشتپرسی و چەندین چالاکی جۆراوجۆر بۆ سەرکۆنەکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بەڕێوەدەچن.

عێراق، کە بەشێک بوو لە نەخشەکەی سایکس پیکۆ، ئێستا تەنها مەترسی جیابوونەوەی کوردی لەسەر نییە بەڵکو سوننەکانیش لەنێو جیابوونەوەی نەخشەکەدان، کە عێراق ببێتە سێ بەشی کورد، و سوننە و شیعە، دوای ئەوەی کە داعش سنوورەکانی زیاتر لەنێو نەخشەی عێراقدا تۆخکردنەوە و کورد بە شەهیدبوونی سەتان پێشمەرگە ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵکردن کە پێشتر پێیان دەگوترا ناوچەی کێشە لەسەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت / ڕێکەوتی: ١٥ی مەی ٢٠١٦

# قۆناغی پۆست سایکس پیکۆ



١

## +٣ لە ستۆدیۆی دەنگی گەلی کوردستان

ئەم دۆسییە پوختەی بەرنامەی بەرنامەی (٣+١)ی  رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەو کە هەر جارەی بەئامادەبوونی سێ کەسی جێگیرو میوانێک تاوتوێی دۆسییەکی گەرمی رۆژ دەکات،  بەڵام ئەم ئەڵقەیەی بەئامادەبوونی دوو کەسی جێگیر ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری کوردستانی نوێ و ئەنوەر حسێن ئامادەو پێشکەشکاری بەرنامەکەو فەرید ئەسەسەرد ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەچوو.

کوردستانی نوێ- ش ئەو بەرنامەیە وەک پرۆژەیەکی هاوبەش بڵاو دەکاتەوە، بەو هیوایەی بتوانێت خزمەتێک بەخوێنەرانو گوێگرانی کوردستان بکات لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەو دۆسێ گەرمانەی کە بەجۆرێک لەجۆرەکان تانوپۆکانی کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دەبێت، دۆسێی ئەمجارە تایبەتە بە  تێپەڕبوونی ١٠٠ - ساڵ بەسەر پەیماننامەی سایکس پیکۆ کە لە ١٦ / ٥ / ١٩١٦ دا لەنێوان بەریتانیاو فەرەنسادا ئیمزاکرا بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیو دارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

### ئامادەکردن و داڕشتنەوەی: جەمال ئاریز

**ئەنوەر حسێن:** ئێستا لەسەروبەندی تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵەی رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ - داین، کە لە ١٦ / ٥ / ١٩١٦ دا لەنێوان هەردوو زلهێزی ئەو سەردەمە بەریتانیاو فەرەنساداو بەموبارەکەی روسیا ئیمزا کرا، بەمەبەستی دابەشکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەو ناوچانە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانو بەر لەجەنگەکەش بەشێوەی ویلایەت لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوون، ئەگەرچی گفتوگۆو مشتومڕی زلهێزەکان بەنهێنی لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٥ەوە لەنێوان دیپلۆماتکاری

فەرەنسی فرانسۆ جۆرج پیکۆو دیپلۆماتکاری بەریتانی مارک سایکس دەستپێکردبوو، بەڵام لەماوەی مانگێکدا واتە لە ١٥ / ٤ / ١٩١٦ - ١٦ / ٥ / ١٩١٦ گفتوگۆ ڕەسمییەکان تەواوبوون و ڕەشنووسەکەی دارێژرایەوە و بەئامادەبوونی نوێنەری ڕوسیای قەیسەری ئیمزای لەسەر کرا.

## لەکۆنگرەی سان ریمۆدا پێداگریی لەسەر کرایەوە

هەرچی پەیوەستە بەکوردیشەوە، کورد پێیوایە کورد لەم ڕێکەوتنەدا تەنها قوربانییە کە هێشتاش بەدەست دەرهاویشتەو شوێنەوارەکانی ئەو ڕێکەوتنەوە دەناڵێنێت کە دیارترینی ئەو شوێنەوارانەش پارچەپارچەبوونی گەلی کوردو خاکی کوردستانە. هەربەو هۆیەشەوەو بەپشتبەستن بەو ڕێکەوتنە ساڵی ١٩٢٠ جارێکی دیکە فەرەنسییەکانو بەریتانییەکان لەکۆنگرەی سان ریمۆ پێداگرییان لەسەر ئەو ڕێکەوتنە کردەوەو هەر لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵەی گەلان بۆ ڕازیکردنی تورکەکان ناوچەکانی ئینتیدابی ژێر دەسەڵاتیان خستە سەر تورکیاو ڕێکەوتننامەی لۆزانیان هەموار کردەوەو دەستکاریی سنوورەکانی پەیماننامەی سێڤر کرا، بەو هۆیەشەوە دەسەڵاتێکی زۆر بەرفراوان درا بەتورکیاو کورد دابەشکرا بەسەر چوار دەوڵەتدا، کە زۆربەی چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەو ڕێکەوتننامەیە نەبوایە، ئێستا کوردیش وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی دەبوو. بەپێچەوانەشەوە هەندێک لەچاودێران دەڵێن رابەرایەتیی سیاسیی ئەوکاتی کورد نەیانتوانیوە ئەو دەرفەتانە بقۆزنەوە کە لەو سەردەمەدا هاتوونەتە ئاراوە وەک مستەفا کەمال ئەتاتورکو سەرکردەکانی وڵاتانی کەنداو و فارسەکان.

بۆیە دەمەوێت سەرەتا ئەوە بپرسم کە ئاخۆ ئەگەر لەچوارچێوەی ئەو زەمەنەدا تەماشای ڕێکەوتنەکەو بارودۆخەکە بکەین، کورد خۆی ئامادەیی نەبووە بۆ دروستکردنی قەوارەو دەوڵەت یان ئەو ڕێکەوتننامەیە بووە هۆکاری ئەوەی کە نەهێڵێت کورد ببێت بەخاوەنی دەوڵەت؟

## دەوڵەتی عوسمانی هەر دەڕووخا

**فەرید ئەسەسەرد:** بێگومان کەس ناتوانێت بڵێت ئەوە ڕێکەوتننامەیەکی ئیمپریالیستی نەبووە بۆ دابەشکردنی کوردستان سەرەتا بەسەر دوو وڵاتو پاشان بەسەر سێ دەوڵەتدا، واتە ئەوە شتێکە کە گومان هەڵناگرێت، بەڵام هۆی هاتنە ئارای سایکس پیکۆ بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە هەردوولا لەو کاتەدا کە دوو ساڵ بەسەر دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهاندا تێپەڕیبوو، بۆیان دەرکەوتبوو کە دەوڵەتی عوسمانی هەر دەڕوخێتو شکست دەهێنێت بۆیە دەبێت بەرنامە دابنێن بۆ پارچەپارچە کردنی، فاکتەری دووەمیش لەوە دەترسان کە پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی شکست دەهێنێت، ئەگەر ڕێکەوتن نەکەن لەسەر شێوازی ناوچەکە ڕەنگە لەئاییندەدا کێشەیان بۆ دروست بکات، دواتریش لە ڕەوتی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکە بیریان لەوە کردەوە کە بەریتانیاو فەڕەنسا لەجەنگدا دژی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانی ڕوسیاشن، لەبەرئەوە دەبێت پشکێکیش بۆ ڕوسەکان دیاریی بکرێت، واتە بەشێوەیەک ناوچەکە دابەش بکرێت کە هەریەک لەو سێ لایەنە پشکو سنووری خۆی بزانێتو پەلاماری پشکی لایەنەکەی دیکە نەدات.

## ئەمریکا وازی لە گۆشەگیریی هێنا

ئەگەر بەوردیی لێکی بدەینەوە، ئەو ڕێکەوتنە بەکەمترین شێوە جێبەجێ کراوە، چونکە ئەمە لەکاتی جەنگدا هاتۆتە ئاراوە، تا ئەوکاتەی کە جەنگ کۆتایی هات لە ١٩١٨، هەلومەرجێکی نوێ هاتە ئاراوە، ڕوسیا لەمەسەلەکە دەرچووبوو دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، هەروەک هێزێکی وەک ئەمریکا هاتبووە ناوچەکە کە ئەوکاتە وازی لەسیاسەتی گۆشەگیریی هێنابوو، دەیویست ڕۆڵێکی جیهانی بگێڕێت، وێڕای ئەوەش هەندێک بیروبۆچوونی نوێ سەری هەڵدابوو سەبارەت بە مەسەلەی سەربەخۆیی‌و پێکهێنانی دەوڵەتی نیشتمانی، کە بەریتانیاو فەرەنسا لەڕێکەوتنەکەدا حسابیان بۆ ئەوانە نەکردبوو، لەبەرئەوە ڕێکەوتنەکە تەنها ئەوەندە فریاکەوت کە سنوور لەنێوان عیراق‌و سوریا دابنێت، ئەگەرنا مەسەلەکانی دیکە پێموایە ڕەنگە شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکرابێت، بەڵکو هەلومەرجی پاش جەنگ وایکرد، ئەگەرنا لەناوەڕۆکدا ئەوانە پەیوەندییان بە سایکس پیکۆوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەململانێی جیهانی‌و پەرەسەندنی سیاسیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە وەک شێوەی دابەشکردنی جیهان‌و ڕێکخستنەوەی ناوچەکان، بۆیە ئەمە هێندەی پەیوەستە بەهەلومەرجی دوای جەنگەکەوە هێندە پەیوەست نییە بەڕێکەوتنەکەوە.

### ڕازیی کردنی ئەتاتورک، یان نائامادەیی کورد؟

**ئەنوەر حسێن:** ئەگەر دۆخەکەی ئەوکاتە پەیوەست نییە بە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆوە، بۆچی دوای جەنگ پەیماننامەی سێڤر بە لۆزان هەڵدەوەشێننەوەو لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی وڵاتێکی وەکو تورکیا دروست دەکەن؟ یان لەناوچەی نەجدو حیجاز چەندین وڵاتی جیاجیایان بۆ شێخی عەشیرەتەکانی ناوچەی کەنداو دروستکرد؟ ئاخۆ ئەمە پەیوەست بوو بەوەوە کە ئەتاتورک ڕازیی بکەن، یان بەوەی کە کورد ئامادەیی تێدا نەبوو بۆ گرتنە ئەستۆی ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت؟

### دەبێت سایکس پیکۆ لەچوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا تەماشا بکرێت

**ستران عەبدوڵڵا:** یادکردنەوەی ئەمجۆرە بابەتانە هەم دەرفەتەو هەمیش کێشە خوڵقێنە، دەرفەتە چونکە ئەگەر ئەو یادە نەبێت، ڕەنگە زەحمەت بێت کە بەهۆی کۆنفرانسێکی زانکۆی سلێمانییەوە چەندین توێژینەوە بخرێتەڕوو کە لایەنە جیاجیاکان‌و وردەکاریی ئەو ڕێکەوتنە بەوجۆرە تاوتوێ‌و شرۆڤە بکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەم بەرنامەیەو چەند بەرنامەیەکی دیکەش لەوبارەیەوە ئامادە بکرێت، ئەگەرنا ئەمەی دەکرێت بۆ یادکردنەوەی کارەساتەکە، گێڕانی جەژنی لەدایکبوونی کارەساتەکە نییە، بۆنموونە ماوەیەک لەمەوبەر میسرییەکان یادی داگیرکردنی وڵاتەکەیان کردەوە لەلایەن فەرەنسییەکانەوە. بەڵام لایەنێکی خراپی ئەم جۆرە یادکردنەوانە ئەوەیە کە جۆرێک لە پۆپۆلیزم بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە ڕووداوەکان، بۆ نموونە ئێستا زۆرکەس سەبارەت بە سایکس پیکۆ قسە دەکات چ لەکایەی سیاسی یان ڕووناکبیری یاخود ڕۆژنامەنووسیدایە، کە ڕەنگە ئەم ڕەهەندە مێژووییەی ئەو ڕێکەوتننامەیەو ئەو ڕووداوە نەزانێت، چونکە ئەو ڕێکەوتنە دەبێت لەچوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا تەماشای بکەیت، لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ چەندی لێ جێبەجێ کرا؟

### بۆچی یادی سایکس پیکۆ دەکەینەوە

هەروەها چ سیاسەتێکی دیکەی ئیمپریالیستی پەیڕەوکرا؟ یان دەکرێت پرسیاری ئەوە بوروژێنرێت کە ئەگەر سایکس پیکۆ ڕێکەوتنێکە

لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەدی لەو شوێنانەی دیکە کە ئەوانیش ئالودەی جەنگ بوون وەک ئاسیا، ئەمریکای لاتین، ئەفریقا، لەویێ ئیمپریالیستەکان چ جۆرە سایکس پیکۆیەکیان داڕشتو پەیڕەو کرد؟ چونکە ئەم بەراوردکارییە پارمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی بزانین تاچەند ئەم سیاسەتانە لەدژی ئەم میللەتانە بووە، یان قازانجو زیانەکانی گەلانی کوردو عەرەبو ئەوانەی دیکەی ناوچەکە لە سایکس پیکۆ، یاخود گەلی بەرازیل لەسیاسەتە هاوشێوە ئیمپریالیستییەکانی ئەو سەردەمە زیانو زەرەرەکانی چی بووە؟ بەوەش وێڕای تێگەیشتن لە باکگراوندە مێژووییەکەی، ئاسۆی بەرهەمی ئایندەیی ئەو سیاسەتەشمان بۆ روون دەبێتەوە. ئەو پرسیارەی تۆش دروستە کە بۆچی یادی سایکس پیکۆ دەکەینەوەو یادی رێکەوتننامەی سێڤر یان لۆزان ناکەینەوە؟ ئێمە تووشی پەتای یادکردنەوەی رووداوە مێژووییەکان دەبینەوە، بۆنموونە ساڵی ١٩١٨ جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی هاتووە، رەنگە ئێمە لە ٢٠١٨ بێین لەو لێکەوتەو شوێنەوارانە بکۆڵینەوە کە بەهۆی ئەو جەنگەوە دروست بوون، جا قسەکە لەسەر ئەوە نییە کە سایکس پیکۆ وەک خۆی جێبەجێ کرا یان تەنها فریای عیراقو سوریا کەوتن، بەڵام قسەکە ئەوەیە کە بپرسین ئاخۆ ئیمپریالیزم لەبەردەوامیدان بەو سیاسەتەی کە سایکس پیکۆی بەرهەمهێنا بەردەوامە یان نا، بەڵێ دەڵێم هێشتا ئەو سیاسەتە بەردەوامە. چونکە راستە لە رێکەوتنەکەدا روسیای تێدابوو، بەڵام کاتێک جەنگ کۆتایی هات روسیا بەهۆی هاتنی سیستمی سۆڤێتییەوە لە رێکەوتنەکە کشایەوە، بەڵام زۆری نەخایاند ئەویش چۆوە سەر هەمان سیاسەتی ئیمپریالیستی، ئەگەرنا سایکس-یش مردو پیکۆش مرد، بەڵام سیاسەتو نەخشەکەیان هێشتا لەچوارچێوەی سیاسەتی ئیمپریالیستیدا بەردەوامە.

### رەنگرێژی سەدەی بیستەمی کرد

رەنگە ئەوان بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە دەوڵەتێکی وەکو عیراق بۆ شا فەیسەڵ دروست بکەن، بەڵام کە فەرەنسییەکانو بەریتانییەکان زانیان خەرجییەکانی مانەوەی راستەوخۆیان لە ناوچەکە زۆرترە لە رادەستکردنی حوکم بەکۆمەڵێک عیراقی جا بەشێوەی ئینتیدابە یان بە ئەندامێتی بێت لە کۆمەڵەی گەلان رەچاوکرا، بەڵام جۆری سیاسەتە ئیمپریالیستییەکە نەک هەر بەردەوامەو رەنگرێژی سەدەی بیستەمی کرد، بەڵکو تائێستاش رێگریی لە مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەست دەکەن، مەگەر خۆیان بەهێزی ئابووریی‌و سەربازیی‌و سیاسیی خۆیان بەدەستی بهێنن، ئەمە هەمان ئەو سیاسەتی ئیمپریالیستیەیە.

### لە زۆر شوێندا جیهان بۆتە سێ جەمسەریش

**ئەنوەر حسێن:** کاتی رێکەوتنی سایکس پیکۆ دوو ساڵ بوو جەنگی یەکەم دەستپێکردبوو، زلهێزەکانیش بەردەوام لە ململانێ‌و کێبڕکێدابوون، بەبەراورد بەو سەردەمە هێشتاش ئەو سیناریۆیانە فراوانترو گەورەتر ئامادەیی هەیە، جەنگو تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەوروپا بڵاوبۆتەوەو هێشتاش جیهان بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بووە، لە زۆر شوێندا بووەتە سێ جەمسەریش، بەتایبەتی ئەوروپاو ئەمریکا لە زۆر شوێندا هاوپەیمانن‌و لە زۆرشوێنیشدا بەرژەوەندییەکان تووشی بەریەک کەوتن دەبێتەوە، جا پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئێمە لەو سەردەمەدا بووینە قوربانیی ئەو رێکەوتننامەیە، ئێستا چ گرەنتییەک هەیە کە نابینەوە قوربانیی ئەم ململانێیانە؟ خۆ بینیمان لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا تووشی چەندین کێشە بووینەوە، وەک ئەوەی لەدوای راپەڕینو کۆڕەو بینیمان ئەمریکا پشتی لە کورد کرد، لە ٣١ی ئابو لە زۆر بواری دیکەدا کە ئێمە پێی نیگەران بووین، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە بەوە حساب دەکرێین کە دۆستی ئەمریکاو پارێزەری بەرژەوەندییەکانیانین؟

### مەرج نییە هەمووی شەیتانی بوو بێت

**فەرید ئەسەسەرد:** سایکس پیکۆ پەیوەندیی بەهەلومەرجێکی تایبەتی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە هەیە، لەبەرئەوە زۆر زەحمەتە سایکس پیکۆ-ی دیکە بەهەمان شێوە لەناوچەکەدا دووبارە ببێتەوە، پێموایە زیاد لەپێویست بایەخ بەم بابەتە دەدەین و زیاتر جەخت دەکەینە سەر لایەنە خراپەکانی ئەم ڕێکەوتنە، لەکاتێکدا مەرج نییە هەمووی شەیتانی بووبێت و ناوچەکەی بەرەو گرژیی و ئاڵۆزییەکی زۆر بردبێت، بۆنموونە هاتنی هێزی ئەورووپایی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لەخۆیدا لە ڕووی مێژووییەوە هەنگاوێکی پێشکەوتوو بووە، ناوچەکەی لە دواکەوتوورییەکی بێ ئەندازەوە گواستۆتەوە بەرەو شارستانی، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی زۆر گرنگە، یان کە سایکس پیکۆ ئیمزاکراو دەست بە جێبەجێ کردنی کرا، ڕەنگە لەهەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا یەک شەقامی قیرتاوکراو لە ئارادا نەبووبێت، سیستمی فێرکاریی تەنها لەئاستێکی نزمداو هەر لەتورکیاو میسر هەبوو، تا ئەوکاتەش هێشتا شار لە لادێ جیا نەببۆوە، پاش سایکس پیکۆو هاتنی ئەورووپاییەکان شار سیمای تایبەتیی خۆی وەرگرت، ئەمە ئەو ئیجابیاتانەن کە بەهۆی سایکس پیکۆوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، ئەەر لە ڕوانگەی داگیرکارییەوە لەبابەتەکە بڕوانین، ئەوا سایکس پیکۆ داگیرکەرێکی کۆنەپەرستو دواکەوتووی گۆڕی بە داگیرکارییەکی پێشکەوتوو، چونکە داگیرکەرێک کە ئەوەندە دواکەوتوو بێت نەتوانێت وڵاتەکەی خۆی پێشبخات بێگومان ناتوانێت ئەو وڵاتانەش پێش بخات کە داگیری کردوون، بۆیە هاتنی ئەو داگیرکەرەو گۆڕینی هەندێک ناوچە لەسیستمی دەرەبەگایەتیی و لەکۆمۆنی سەرەتاییەوە لەهەندێک ناوچەی دواکەوتووەوە بۆ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، ئەوە یەکێک بوو لە دەرهاویشتەکانی سایکس پیکۆ.

### لەنێوان چەمکی داگیرکردن و لکاندندا

تەنانەت چەمکی دەوڵەتی نیشتمانی لەدوای ئەوەوە هاتە ئاراوە لەناوچەکە، هەروەها چەمکی داگیرکردن پێشکەوتووتر بوو لەچەمکی لکاندن، لەسایەی لکاندنەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەمووی یەک پارچە بوو خەڵکەکە هاووڵاتیی وڵاتێک بوون و خۆیان بەهاووڵاتیی وڵاتێک دەزانی، چونکە لەڕووی مێژووییەوە لکاندن تەمەنێکی دوورو درێژتری هەیە، داگیرکردن تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، بۆنموونە کاتێک کە کوردستان بەشێک بووە لەدەوڵەتی عوسمانی، کورد عوسمانی بووە، بەڵام کاتێک کە بەریتانیا هاتە کوردستان، کورد نەبوو بە بەریتانی، هەر بۆخۆی ئەو جیاوازییە هەنگاوێکی گرنگە، چونکە ئەو وڵاتانە هەلومەرجێکی گونجاویان بۆ دێتە پێش کە پاش ئەوە بتوانن بەرەو دەوڵەتی نیشتمانی بڕۆن، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە چەمکی لکاندن بەسەریاندا سەپاوە، لە ڕووی یاساییەوە زۆر زەحمەتە بتوانن بەرەو دەوڵەتی نیشتمانی بچن.

### کوردستانی ئێران و کوردستانی عوسمانی

سەبارەت بەکوردستان ئێمە لەچەمکەکانی خۆماندا بە داگیرکراو دایدەنێین، پاش سایکس پیکۆ-ش ئەو داگیرکراوییە هەر مایەوە، بەڵام داگیرکەرەکە گۆڕدرا، جگە لەوە ئەوکاتە کوردستان دوو پارچە بوو، یەکێکیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ئێران بەڕێوەی دەبردو یەکێکیشیان کوردستانی عوسمانی بوو، بەڵام لە سایکس پیکۆوە کوردستان بووە زیاتر لە سێ پارچە، پارچەیەک دانرابوو بۆ ڕوسیا، پارچەیەک بۆ بەریتانیا، پارچەیەکیش دانرابوو بۆ فەرەنسا، ئەمە یەکێک بوو لە لایەنە خراپەکانی سایکس پیکۆ، بەڵام

ئەم خاڵەی بەهیچ شێوەیەک جێبەجێ نەکرا، چونکە لەکۆتاییدا بەریتانییەکان کاریان بۆ ئەوە کرد کە باشووری کوردستان نەکرێت بە دوو پارچە پارچەیەکیان بۆ بەریتانیا بێتو یەکێکیان بۆ فەرەنسا بێت، ئەگەر ئێمە لەو روانگەیەوە سەیری بکەین، فەزڵی یەکگرتنەوەی باشووری کوردستان بۆ بەریتانییەکان دەگەڕێتەوە.

پێموایە سایکس پیکۆ توانی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ پێشکەوتنو گۆڕان لەناوچەکەدا بێنێتە ئاراوە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی کە سەرپەرشتیاری ئەو رێکەوتنەیان کردووە، بەدڵنیاییەوە زۆرتر بیریان لە بەرژەوەندیی خۆیان کردۆتەوە، ئینجا بیریان لە بەرژەوەندیی وڵاتە داگیرکراوەکان کردۆتەوە، کە ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە سیماکانی داگیرکەر.

### داگیرکردن بەفۆرمێکی یاسایی

**ئەنوەر حسێن:** وەک کاک فەرید ئاماژەی پێکرد کە تەنها سایکس پیکۆ هۆکار نەبووە بۆ دابەشکردنی کوردستان، بەڵکو پێشتریش کوردستان لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوە دابەشکرابوو بەسەر هەردوو ئیمپراتۆرییەتی سەفەویو عوسمانیدا، بەڵام بەبڕوای چاودێران لە دوای سایکس پیکۆوە ئیتر ئەو دابەشبوونانە فۆرمێکی یاسایی بەخۆوە گرت، بەڵام دوای سایکس پیکۆ کۆمەڵەی گەلان هاتو پشتیوانیی ئەمەی کرد کە کورد دابەش بکرێت بەسەر ئەم چوار دەوڵەتەدا، پێتوایە تەنها سایکس پیکۆ هۆکار نەبێت؟

### یادکردنەوەکە مەشقێکی فیکرییە

**ستران عەبدوڵڵا:** بێگومان لەسەرەتاوە مەبەستم بوو کە ئەم یادانە دەرفەتن بۆ قسەکردن لەسەر رەهەندە مێژووییەکانی دیکە، ئێمە ناتوانین مێژوو بگەڕێنینەوە، یان بەباسکردنو بیرهێنانەوەو رەخنە لێگرتنی رووداوەکان ئاراستە بکەین، ئەگەرنا ئەمە مەشقێکی فیکرییە بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی بۆنموونە بڵێین ئەگەر رووداوەکان وابوونایە ئەنجامەکەی چۆن دەبوو، یان ئەگەر وابووایە چی دەبوو، یان بۆ ئایندە چی بکرێت، یاخود ئەگەر جارێکی دیکە دەوڵەتێکی عوسمانی دروستبۆوە ئێمە چی بکەینو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

جگە لەوەش ئێمە باسی ئەوە ناکەین کە کام داگیرکەر باشتر بوو لەوەی دیکە، هەموویان داگیرکەرنو هیچیان بەویستی ئێمە نەهاتوون، تەنانەت ئەگەر پێشکەوتنو گەشەکردنیشیان هێنابێت بۆ ناوچەکە، چونکە کورد لەسەردەمی داگیرکاریی عوسمانیدا زیاتر خاوەنی خۆی بووە وەک لەوەی دواتر کە ئینگلیزەکان هاتوون، چونکە لانیکەم کوردستانی لە یەک یەکەی جوگرافیی ژێردەستی عوسمانییەوە کرد بە سێ پارچە، رەنگە ئەگەر لەسایەی سایکس پیکۆدا بکرابایە باشووریش دابەش ببووایە بۆ دوو بەش، ئەوەش کە کراوە بەپێی پێویستیو بەرژەوەندیی خۆیان کردوویانە نەک بەپێی ویستو پێویستیی خەڵکی کوردستان.

### نالێیین ئەم داگیرکەر لەویان باشترە،

ئەگەرنا بۆنموونە دهۆک سەربە باشووریش نەبووایە دەچووە سەر رۆژئاوای کوردستان، سەبارەت بەکورد ویلایەتی دیاربەکرو ویلایەتی

موسڵ دوو ویلایەتی کوردستان بوون لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، خۆ کە ئەمە دەڵێین مەبەستمان نییە بڵێین دەوڵەتی عوسمانی باشتربووە یا زیندووی بکەینەوە وەک نیو عوسمانییەکان پێیانخۆشە، بەڵکو قسە ئەوەیە کە ئەوەی داگیرکەران کردیان نەیانتوانی ژیانێکی باشو شایستە بۆ ئێمە دابین بکەن.

وا لەساڵی ٢٠١٦ داین بەڵام هەتا ئێستا لەبەرهەمی سیاسەتی ئیستیعماریمان نەخواردووە، چونکە مادام هێشتا دیزاینی ناوچەکە بەپێی خواستی زلهێزەکان دارێژراوەو دژ بەخواستی ئەو میللەتو نەتەوەو پێکهاتانەیە کە خاوەنی خاکو وڵاتی خۆیانن‌و ئەو دیزاینە بەویستی ئەوان رێک نەخراوەتەوە، کەواتە ئەم رۆحی سایکس پیکۆیە هەر ماوە، ئەگەرنا دەزانم بێگومان لادێ دواکەوتووە، تۆ دەتوانیت تانک ببەیتە سەر لادێکان‌و شاری هاوچەرخیشیان بۆ دروست بکەیت، بەڵام دەبێت گەشەسەندنی سروشتیی کۆمەڵگە ئەم حاڵەتە دروست بکاتو سیاسەتێکی ئیعماری هەبێت، نەک ئیستیعماری.

## کورد هاوکاریی نەکردوون

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە دەتوانین لەخوێندنەوە بۆ سایکس پیکۆ، تێڕوانینێکی رۆشنترمان هەبێت سەبارەت بەو باروودۆخەی ئێستا لەئارادایە، هەڵوێستی کورد لەبەرامبەر بەریتانیاو فەرەنسا کە تازە هاتبوونە ناوچەکە، دەبێت ئێمە لێکدانەوەیەکو تێڕوانینێکمان هەبێت لەوەی کە ئەم هەڵوێستە چی بووە، دەبێت بەو جۆرە تەماشای مەسەلەکەش بکەین کە کورد هاوکاریی بەریتانییەکان‌و فەرەنسییەکانی نەکردووەو ئەمەش بۆخۆی کێشەیەک بووە، بەریتانییەکان وایان پێشبینی کردووە کە بەگەیشتنیان کورد هاوکارییان دەکات، بۆیە وەک لەنامەو یاداشتو بیرەوەریی بەریتانییەکاندا دەبینرێت ئەوان تووشی سەرسامی بوون کە کورد بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون‌و هیچ هاوکارییەکیان نەکردوون.

ئەوە رەنگە هۆکاری تایبەتیی خۆی هەبێت، بەڵام رەنگە پێشینەشی هەبێت، چونکە لەجەنگی جیهانیدا کوردی باکوور ببوون بەهاوپەیمانی عوسمانییەکان دژی روسیا، وێڕای سنووری ناوچەکانی خۆیان، سنووری دەوڵەتی عوسمانیشیان دەپاراست، یان لەسلێمانییەوە هێزێکی گەورە بەسەرکردایەتیی شێخ مەحمودی حەفید چووە بۆ بەسرە بۆ جەنگ لەدژی ئینگلیز، جگەلەوەش کوردی باشوور شەڕی روسەکانیشی کردووە لەوکاتانەی کە دەیانویست رواندز بگرن وەک سنووری دەوڵەتی عوسمانی بەرگرییان لێکردووە، دیارە ئەم روبەڕوبونەوەو دژایەتییە درێژەی هەبووە تا ئەو کاتەش کە بەریتانی‌و فەرەنسییەکان دوای جەنگ هاتوونەتە ناوچەکەوە، یەکێک لە شۆڕشەکانی کورد لەباکووری سوریا لەدژی فەرەنسییەکان کەسێک رابەرابەتیی کردووە بەناوی هەنانۆ کە کوردە.

## خوێندنگەی میسری و هیندی

لەو سەردەمەدا دوو خوێندنەوە هەبوو سەبارەت بەباشووری کوردستان، یەکێکیان خوێندنەوەی قاهیرە بوو کە پێی باش نەبوو باشووری کوردستان بەعیراقەوە بلکێنرێت، بەڵکو قەوارەیەکی بۆ پێکبهێنرێتو دواتر بڕیار لەسەر قەوارەکە بدرێت، جا یان لەچوارچێوەی عیراقدا بێت یاخود سەربەخۆ بێت، بۆچوونەکەی دیکەش بۆچوون‌و خوێندنەوەی هیندستان بوو کە پێی وابوو باشووری کوردستان بخرێتە سەر عیراق‌و وەک وڵاتێکی یەکپارچە مامەڵە لەگەڵ عیراقدا بکرێت، کە بەداخەوە لەکۆتاییدا بۆچوونی خوێندنگەی هیندستان

سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ئیتر هەلومەرجەکە بەرەو ئەوە دەچوو کە ئاخۆ باشووری کوردستان بخرێتەوە سەر تورکیا یان بلکێنرێت بەعیراقەوە، واتە لەهەموو حاڵەتێکدا بیرکردنەوە لەوەی کە قەوارەیەکی سەربەخۆ لەباشووری کوردستان پێکبهێنرێت وردە وردە بەرەو کزبی دەچوو، بۆیە کاتێک باس لەسیاسەتی بەریتانیا دەکەین لەوکاتەی کە چارەنووسی باشووری کوردستان یەکلایی بۆوە، پاشان هاتنە سەر ئەوەی کە بەشێک بێت لەعیراق یان بخرێتە سەر تورکیا، بۆخۆم پێموایە ئەوە هەنگاوێکی پێشکەوتووتر بوو لەوەی کە بدرێتەوە بەتورکیا، چونکە مامەڵەکردنی دواتری کورد لەگەڵ دەوڵەتێک کە تازە دامەزراوەو دەستیکردووە بەدروستکردنی دامودەزگا سیاسییەکانی خۆی، ئاسانترو گونجاوتر بوو بۆ کورد لەوەی لەگەڵ دەوڵەتێکی وەکو تورکیا تێبکەوێت کە مێژووەکەی ئەوکاتە 400 ساڵ بوو و هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتیشی هەبوو.

## کوردو سەرکردایەتیی شۆڕشی سوریا

**ئەنوەر حسێن:** بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی ئێوە بێت کە کورد لەباشوور بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود دژی ئینگلیزەکان بووەو لەباکوور لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دژی ڕوسەکان بووەو لەسوریاش دژی فەرەنسییەکان سەرکردایەتیی شۆڕشی سوریای کردووە، کەواتە تەواو لەدژی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە بووە کە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆیان داڕشتووە یان بەشداربوون، جا ئەگەر کورد بەگژ ئەو زلهێزانەدا چووبێت، ئیتر بۆچی گلەیی بکەین کە بۆچی دەوڵەتی کوردییان دروست نەکردووە؟

## پەیوەندیی نێوان مەلیک مەحمودو ئەتاتورک

**فەرید ئەسەسەرد:** جا ئەوە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە دەوڵەتی کوردییان دروست نەکردووە، بۆیە لەسەردەمێکی وەک ئێستادا پێویستە ئێمە ئەو هەڵانەی ئەو کاتە دووبارە نەکەینەوە، بۆ نموونە شێخ مەحمود نامەی بۆ لینین نووسیووە، کە لینین دوژمنی سەرسەختی بەریتانیا بووە لەو سەردەمەدا، هەروەها هاوپەیمانێتی شێخ مەحمود لەگەڵ ئایەتوڵڵا خالسی بووە کە ڕابەری شیعەکان بووەو ویستویەتی بەریتانییەکان دەربپەڕێنێت، واتە ئەمانە دۆستەکانی کورد بوون لەو سەردەمەدا، خۆ بەریتانییەکان پەیوەندییەکی زۆر گرژیان لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتورکدا هەبوو، بەڵام لە ڕوانگەی شێخ مەحمودەوە ئەتاتورک دۆست بوو، هەتا کاتی پەیمانامەی لۆزان پەیوەندییەکی زۆر پتەو لەنێوان شێخ مەحمودو مستەفا کەمال دا هەبووە، تەنانەت لەکاتی ئیمزاکردنی پەیماننامەی لۆزاندا وەفدی کورد لەئەنقەرە بوون چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لۆزان دەرفەتێک بدات بەکوردی باشوور تا ببێتەوە بەبەشێک لەتورکیا، لەبەرئەوە پێموایە کە دەبێت باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ خۆرئاوادا هەبێت، واتە ئەو هەڵەیەی کە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر کراوە، دووبارە نەبێتەوە.

## ئاغاکان، شەریف پاشایان قبوڵ نەکرد

**ئەنوەر حسێن:** بەڵام کاک فەرید هێشتا زۆرێکمان پێمانوایە کە بەشێکی زۆر لەو شکستانە بخەینە پاڵ بەریتانیو فەرەنسییەکان،

لەكاتێكدا لە ساڵی ١٩١٣ شەریف پاشای خەندان بەشداریی كۆنرەی كۆمەڵەی گەلان دەكاتو لەوكاتەدا دەیەوێت نوێنەرایەتی میللەتی كورد بكات، بەڵام بەشێك لەئاغاكانو عەشایرەكانی ئەوكاتە وتبوویان ئێمە ئەومان قبوڵ نییە نوێنەرایەتیمان بكات، یان كاتێك كە رەزا شای ئێران نەفی دەكرێت بۆ باشووری ئەفریقا، هەر ئەو كاتەشە كە مەلیک مەحمود نەفی دەكرێت بۆ هیندستان، بەڵام ئەوەی ئێران محەمەدی كوڕی دەخەنە شوێنی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە پێدەچێت ئەوان باشتر مامەڵەیان كردبێت، لێرەوە دەچمە لای كاك سترانو دەپرسم: ئاخۆ ئەگەر سایكسو پیكۆ مردوون لەڕووی جەستەییەوە، بەڵام دوو وەزیری دەرەوەی ئێستای بەریتانیاو فەرەنسا یان سیاسەتی ئەو دوو وڵاتە بەگشتی هەمان دیدو تێڕوانی ئەو سەردەمەیە، لەكاتێكدا ئێستا بەجۆرێک لەجۆرەكان لە باشوورو لە رۆژئاواو تاڕادەیەكیش پشتیوانو دۆستی كوردن، یان وەک كاک فەریدیش ئاماژەی بۆ دەكات كە دەبێت سوود لەهەڵەكانی رابردووی خۆمان وەربگرین، جا ئاخۆ ئەوان تێڕوانینیان گۆڕاوە، یان ئاخۆ ئێمە پەندمان لە ئەزموونەكانی رابردوو وەرگرتووە، یاخود بڕاردەی چیمان لەبەردەمدایە؟

## ئەگەر كورد ئامادەیی هەبووایە

**ستران عەبدوڵڵا:** من لەهەندێک لەو دیدو تێڕوانینانەی كاک فەرید جیاوازمو جیاوازییەكەش دەبێتە ماكی گەشەپێدانی دیالۆگەكەمان لەسەر كۆی ئەو سیاسەتانەی لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا لەناوچەكەدا روویداوە. بێگومان نابێت ئەو فاكتەرانە هەمووی بگەڕێنینەوە بۆ داگیركەری ئینگلیزو فەرەنسا، بەڵكو فاكتەری كوردیش رۆڵی خۆی تێدا گێڕاوە، دەنا دوای سایكس بیكۆو كۆتاییهاتنی جەنگی یەكەم، جەنگی دووەمیش روویدا، خۆ لە ١٩٩١ هەڵوەشانەوەی كەمپی سۆشیالیستی لەسۆڤێتو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا روویدا، هەروەها رووداوی ١١ی سێپتەمبەر، كە هەموو ئەوانە وێستگەی زۆر گەورەن كە ئەگەر ئامادەگیی كورد هەبووایە كە قەرەبووی ئەو سیاسەتە هەڵانەی بكردایەتەوە كە لەرابردوودا پەیڕەومان كردووە، كەواتە ئێستا قسەكردن لەسەر كوردستان چ وەک یەک پاكێج یان هەر بەشەو بەجیاجیاش دەبێت پەیوەستی بكەینەوە بە ئاستی ئامادەیی سیاسەتی كوردییەوە، خۆ ئەوە زۆر زۆر گرنگە، بۆنموونە ئێستا ئەمریكا یان روسیا یاخود ئەوروپا لەزۆر وێستگەدا دۆستی كوردنو ئەوە بەئاشكرا دەركەوتووە، راستە پەیوەندیی باشو نزیكایەتی لەگەڵ زلهێزو بڕیار بەدەستەكان باشە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر بوونی سیاسەتێكی كوردیی رۆشنە كە سەركەوتن بەدەست بهێنێت، دەنا خۆ ئەو كاتەش سیاسەتی جیاواز هەبووە لەناو كورددا.

## جیاوازیی لەسیاسەت تەنها خەسڵەتێكی كوردیی نەبووە

رەنگە سیاسەتی مەلیک مەحمود جیاوازبووبێت لەسیاسەتی كوردانی رۆژهەڵات، یان سیاسەتی كوردی دەستەبژێری رووناكبیر كە لەئەنقەرە بوونو جیاوازبووە لەسیاسەتی شێخ سەعیدی پیران، هەندێكیان كە هاتبوونەوە هاوكاری ئینگلیزبوون لەدامەزراندنی دەوڵەتی عیراقدا وەک ئەمین زەكی بەگ، تۆفیق وەهبی بەگ، خۆ وڵاتانی دیكەش سیاسەتی جیاوازیان هەبوو، ئاخۆ عوسمانییەكانیش دوو سیاسەتیان نەبوو؟ ئەوانەی ژێردەستەی ئینگلیز بوون سیاسەتێكیان هەبوو، ئیتیحادو تەرەقیش سیاسەتێكی دیكەی هەبوو، لەبەرئەوە جیاوازبوون لە سیاسەتدا بۆ ئەو سەردەمە تەنها خەسڵەتێكی كوردیی نەبووە، بەڵام ئەو گۆڕانكارییە گەورانەی كە روویاندا ئەوەندە قووڵو رادیكاڵیو وەرچەرخانێكی گەورەبوون، لەو ئاستەدا نەبووبێت كە عەقڵی كوردی پەیی پێ ببات، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەمووی یەک قەوارە بووە ئەویش دەوڵەتی عوسمانی بووە، ئێ شێخ مەحمود بەشێک بووە لەدەوڵەتی

عوسمانی، شەڕی داگیرکەرێکی کردووە کە هیچ بەڵێنێکی پێی نەداوە، تائێستاش خەڵکێک هەیە سەر لەو سیاسەتەی ئینگلیز دەرناکات کە هاتۆتە ناوچەکەوە، ئیتر بۆ پێمانوابێت کە دەبوو شێخ مەحمود سەری لێ دەربکردایە لەو سەردەمەدا؟ ڕەنگە ئەو سەردەمە ئەگەر بەشێوەی زارەکیش بوو‌بێت شێخو بنەماڵەکەی‌و بەشێکیش لە دەستەبژێری خوێندەوار جۆرێک ڕێکەوتنیان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی هەبووبێت، یان لەگەڵ ئیتیحادو تورەقی، یان لەگەڵ مستەفا کەمال بەرلەوەی نازناوی باوکی تورکی لێ بنرێت، بەڵام ڕەنگە ڕێکەوتنی لەوجۆرە لەگەڵ ئینگلیز نەکرابێت، چونکە ئینگلیز هەر لەبنەڕەتەوە تەنها سوڵتانی عوسمانی مامەڵەی لەگەڵ ئینگلیز کردووە، ئەگەرنا ئەوانەی تر وەک هاووڵاتییەک کە لەسلێمانی یان لەهەر شارێکی دیکە دانیشتووە، نەیزانیووە ئینگلیز چییە، تا مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

### بەرژەوەندیی تورک و عەرەب و فارس، یان بەرژەوەندیی خۆیان

**ئەنوەر حسێن:** چ ئەوکاتە و چ ئێستاش بەریتانییەکانو فەرەنسییەکان بەرژەوەندییەکانی کوردو عەرەبو فارسیان بەلاوە گرنگتر بووە لەبەرژەوەندییەکانی کورد؟

**ستران عەبدوڵڵا:** نا نەخێر، بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکەی خۆیانیان بەلاوە گرنگ بوو، جا ڕاستە کوردستان هەبووە، بەڵام ئەندازەی حزووری نەتەوەیی کورد لاوازبووە، بەڵام سیاسەتێکی کوردیمان نەبووە یان تورکی هەبووە، یان فارسی هەبووە.

**ئەنوەر حسێن:** بەڵام هێشتاش بەرژەوەندییەکانی تورکو عەرەبو فارس لەناوچەکە پارێزراوترە لەکورد؟

**ستران عەبدوڵڵا:** ئەو ناونیشانو تایتڵانە نەبوون، بۆنموونە ئەوان هاتن ئیستانبوڵیان داگیرکرد، ئیتر کەی ئەوە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیایە، بەڵام دوایی کە مقاوەمەی تورکی دروست دەبێت لەدژی داگیرکەری خۆرئاوایی ئەوان ناچار دەبن لەگەڵ مستەفا کەمالدا مامەڵە بکەن، جا بڕوانە، ئاخۆ کاتێک ئەتاتورک شەڕی ئینگلیزی کرد، دواتر نەبوو بەبرادەرو دۆستیان، خێرە ئەوەیان کردووە بەبیانوو لەشێخ مەحمود کە لەشوعەیبە شەڕی لەگەڵدا کردوون؟ ئاخۆ جەعفەر عەسکەری سەرکردە سەربازیی‌و سیاسییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی عیراق پێشتر بەشێک نەبوون لەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لەدژی ئینگلیزو ڕوسو فەرەنسا؟ بۆ ئەوەیان لەسەر ئەوان نەکرد بەماڵو دواتر هەر ئەو دوژمنانەیان هێنا کردیانن بەسەروەر بەسەر عیراقەوە، لەبەرئەوە مەسەلەکە ئەوەنییە کە ئینگلیز بۆیە وایانکردووە چونکە شێخ مەحمود دژیان بووە، نەخێر لەبەرئەوەیە کە بەرژەوەندییەکەیان لەو کاتەدا بەوجۆرە بووە کە کورد نەیتوانیووە تێی بگات.

### میسر تاکە دەوڵەتی بەهێز بوو

**فەرید ئەسەسەرد:** هەموو جارێک باس لەوە دەکرێت کە ئینگلیز کوردستانی پارچە پارچە کردووە، بەچاوی دوژمنەوە سەیری کوردی کردووە، من پێموایە ڕێکەوت وایکردووە کە دوژمنایەتییەک لەنێوان کوردو بەریتانییەکاندا دروست ببێت، ئەوان نەخشەیان دانەناوە بۆ پارچەپارچەکردنی کوردستان، ئەوان نەخشەیان داناوە بۆ پارچەپارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانی، بۆنموونە سایکس پیکۆ بەهیچ

شێوەیەک نەچۆتە سەر پارچە پارچەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە سایکس پیکۆ پەیوەندیی بەئێرانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەدەوڵەتی عوسمانییەوە هەیە، لەبەرئەوە دەبێت لەو ڕوانگەیەوە سەیربکرێت، بۆیە ئەو بۆچوونانەی دەریدەبڕێت، بۆچوونێکی چەپانەیە دوای ٥٠ - ٦٠ ساڵ لەڕوانەی مارکسیزمو دژایەتیی ئیمپریالیزمەوە خەڵک بەوجۆرە باسی مەسەلەکە دەکات، کە دەڵێن ئینگلیزو فەرەنسییەکان هاتوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی عەرەبو تورکو فارس، بۆنموونە عەرەب ئەوکاتە فاکتەرێکی بەهێز نەبووە لەناوچەکەداو میللەتێکی داگیرکراوبوون، تاکە دەوڵەتی بەهێزی ئەوان میسر بوو کە ئەویش بەشێک بوو لەدەوڵەتی عوسمانیو پەیوەندییەکی کۆنفیدراڵیان هەبوو لەگەڵ عوسمانییەکان، دەوڵەتی حیجازیش تازە دامەزرابوو، واتە فاکتەرێک نەبوون تا ئینگلیزو فەرەنسا بێن بەرژەوەندیی ئەوان بپارێزنو بەرژەوەندییەکانی کورد لەناوبەرن، تورکەکان خۆیان هەڵوێستێکی دژ بە بەریتانیاو فەرەنسایان هەبووەو لەقۆناغی شەڕدابوون، واتە ئەگەر بیانویستایە دژایەتیی تورک بکەن، دەبوو بێن کورد بکەن بەهێزێکو فاکتەرێکو قەوارەیەکی سیاسیی بەهێزی بۆ دروست بکەن بۆئەوەی لە ڕێگەی کوردەوە دژایەتیی تورک بکەن، بۆیە پێموایە ئەو تێڕوانینانە لەدوای ٥٠ ساڵ پەیدابوون کە لەکاتی خۆیدا لەئارادا نەبووە.

## کێ لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان بێت لەگەڵی دەبین

**ستران عەبدوڵڵا:** ئەزموونی سایکس پیکۆ ئەوەمان پێدەڵێت کە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکەین، واتە ئەو سیاسەتە ئیستیعمارییە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بووە، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئێمە دوژمنی ئینگلیز بووین، دەبێت ئێستا دۆستی ئینگلیز بین، گەورەترین کێشەی کورد ئەوە نییە کە دژی ئینگلیز یان ڕوس یان فەرەنسا بووە یاخود دۆستی عوسمانی بووە، بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە بەرژەوەندیی کوردی نەکردۆتە دەستپێک، هەر بۆنموونە ئەگەر سیاسەتی ئێستای ئێمە لەهەرێمی کوردستان ئەوە دیاریی بکەین کە دەمانەوێت ببین بەقەوارەیەکی سەربەخۆ، ئەگەر ئینگلیزو ئەمریکا دژی ئەمە بن، دەبێت ئێمە دژیان بینو بەپێچەوانەشەوە لەگەڵیدا بوو، دەبێت لەگەڵیان بین، دژایەتیو ڕووبەڕووبوونەوەکەش مەرج نییە شەڕی چەکداریی لەگەڵدا بکەین، بەڵکو بەخەباتی ڕاگەیاندن، دیپلۆماسیو سیاسی لەدژی بووەستینەوە. واتە دەبێت بڕیارەکەی ئێمە لەپێویستییەکی کوردستانییەوە دەستپێبکات.

بۆ عیراق، بۆ تورکیا بۆ سوریا بۆ ئێرانو هەر وڵاتێک لەوڵاتەکان کە دەیەوێت نەتەوە بێت، دەبێت دەستپێکی نە دژایەتی نە دۆستایەتی ئەمو ئەو بێت، دەبێت سەرەتا دۆستایەتیی بەرژەوەندیی نەتەوەکەی خۆمان بکەین، جا کێ دۆستمانە دەیکەینە دۆستمان، کێش دێتە ڕێگەمانو دوژمنایەتیمان دەکات، دەبێتە دوژمنمان، خۆمان هەڵینابژێرین.

## خۆشگوزەرانیی ئەوان بەرامبەر ئەنفالی ئێمە

**ئەنوەر حسێن:** بۆچی وڵاتانی عەرەبو تورکو فارس کە قسە لەسەر دابەشکردنەوەی جۆرێکی دیکەی ناوچەکە دەکرێت، نیگەرانن نەیانشاردۆتەوە لەدوای ڕاپەڕینەوە چەندجار بەرگوێمان کەوتووە کە سەبارەت بەهەرێمی کوردستان وتوویانە ئیسرائیلی دووەم، یان هاتۆتە سەر ئەوەی کە کوردانی ڕۆژئاوا کانتۆنێکیان هەبێت تورکیا دژیان وەستاوەتەوە، ئێران کە هیچ سنوورێکی پێوەی نییە دەڵێت: ئێمە دژی فیدرالین لەڕۆژئاوا، سعودیە لەلایەکی ترەوە، بۆیە دەپرسم ئایا کاتی خۆی کە ئەوان لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە سوودمەند بوونو چەندین دەوڵەتیان بۆ دروست بوو، هەندێکیش پێیانوایە کە ئەگەر

پشتیوانیی ئینگلیزەکانو فەرەنسییەکان نەبووایە، ئەوان نەیاندەتوانی ئەو داهاتو کۆمپانیای نەوتو خۆشگوزەرانییە بەدەست بهێنن، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئێمە ئەنفال بکرێینو جینۆساید بکرێین، پێتانوایە کە دووبارە دابەشکردنی ناوچەکە نزیکبۆتەوەو یان ئەوانەش تێڕوانینی هەڵەی ئێمەیە کە ئێمە بیرناکەینەوە، بۆخۆشم پێموانییە کە تائێستا ئەو وڵاتانەی خۆرئاوا ستراتیژێکی روونیان نییە سەبارەت بەکورد؟

## هێز سنووری دیاریکردووە

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەمە پەیوەندیی بەگۆڕانی چەمکەکانەوە هەیە، بۆنموونە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر زۆر ئاسایی بوو دەوڵەتێک پەلاماری دەوڵەتێکی دیکە بداتو خاکی داگیربکاتو پاشان ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا دەکردو ئاشتی دەهاتەوە نێوانیان، بۆنموونە چەندین شەڕ لەنێوان ئێرانو دەوڵەتی عوسمانیدا هاتۆتە ئاراوە، ئەو سنوورەی کە لەنێوانیاندا دیاریکراوە، سنووری هێزە، واتە چەند ئێران هاتۆتە پێشو چەند دەوڵەتی عوسمانی هاتۆتە پێش، لەکۆتاییدا کە سنوورەکان چەسپان، ئەوە بوو بەسنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە، یان سنووری نێوان ئێرانو روسیای قەیسەری، سنوورەکە بەپێی هێزی ئێرانو هێزی روسیا دیاریکرا، لەو سەردەمەدا وابووە، سنوور پیرۆز نەبووە وەکو ئەوەی ئێستا لەناوچەکەدا سەیری دەکەین.

ئێستا لەجیهاندا کارەکە وا رۆیشتووە کاتێک کە سنوور دیاریدەکرێت، ئەودیوی سنوور هی ئێمە نییە، ئەمدیویشەوە سنووری ئێمەیەو نابێت دەستبەرداری یەک بستی ببین، ئەمەش لەجیهاندا چەسپاوە، ئێستا سنوور بەشێکە لەسەروەریی گەلانو سەروەریی دەوڵەتان، بەهۆی ئەمەشەوە هیچ وڵاتێک نایەوێت پارچەپارچە ببێتو دژی ئەوەشە کە ناوچەکە بەرەوو پارچە پارچە بوون بڕوات، چونکە پێیوایە ئەمە وەک پەتایەک وایە ئەگەر لەوڵاتێکەوە دەستپێبکات، رەنگە بڵاوببێتەوەو هەموو وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە، بەو هۆیەشەوە سیاسەتمەدارانیش هەر لەژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونەدان، کە وڵاتەکەیان نابێت دەستکاریی بکرێت.

## تێزی خۆسەریی و تێزی دەوڵەت نەتەوە

**ئەنوەر حسێن:** تائێستا ستراتیژی ئەمریکاو خۆرئاوا زۆر روون نییە بەرامبەر بەکورد، ئاخۆ دەیانەوێت پشتیوانی لەدروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بکەن، یان ئێمە خۆش خەیاڵانە بانگەشەی بۆ دەکەین، بەڵام ئەوەی دەیبینین دوو تێزی جیاوازی کوردیی هەیە، تێزێکیان تێزی دەوڵەت نەتەوەیە کە لەباشوور یەکێتیو پارتیو حزبەکانی باشوورە کە کاری بۆ دەکرێت، تێزێکی دیکەش تێزی خۆسەریی دیموکراتییە کە لەباکوورو رۆژئاوا کاری بۆ دەکرێت، کە ئەوەی کار لەسەر تێزی خۆسەریی دیموکراتی دەکات پارتی کرێکارانی کوردستانەو دەوترێت کە ئێران پشتگیریی دەکاتو هەرچی ئەوەشە کە تەبەنیی تێزی دەوڵەت نەتەوەی کردووە لەباشوور دەوترێت بەشێکیان لەمیحوەری تورکیادایەو ئەوی دیکەیان لەمیحوەری ئێراندایە، ئاخۆ پێتانوایە ئەم پارادۆکسەو ئەم بۆچوونە جیاجیایانەی ئەم پێکهاتە سەرەکییانەی کورد دەتوانن دواجار لەسەر تێزێک ساغ ببنەوەو رێک بکەون، یان ئاخۆ گۆڕانکاریی بەسەر دیدو تێڕوانینی دراوسێکانماندا هاتووە، لەکاتێکدا کە ئێمە دەتوانین بەئارەزووی خۆیمان دۆستەکانمان هەڵبژێرین، بەڵام دراوسێکانمان بەخواستی خۆمان بۆ هەڵنابژێردرێت؟

### مەسەلەی سەقامیریی پێش جیابوونەوە

**فەرید ئەسەسەرد:** دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت كە ئەمڕۆ هەموو جیهان چاویان لەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، چونكە بۆتە ناوچەیەكی مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی هەموو جیهان، ئێستا بۆچوونی زاڵ ئەوەیە كە ئاسایشی ئەو ناوچەیە بپارێزرێتو هەوڵبدرێت پێكەوەژیان لەنێوان پێكهاتەكانی ناوچەكە بەشێوەیەكی دۆستانە بێت، بەجۆرێك كە لەبەرژەوەندیی هەموو خەڵكی ناوچەكە بێت، بەڵام ئەوەی كە وەكو لێ لەم بۆچوونە جیادەبێتەوە، ئەوان پێیانوایە كە ئەو سنوورانەی كە ئێستا هەن، تا رادەیەك سەقامگیریی ناوچەكە بپارێزێت تا بارودۆخێكی دیكە دێتە پێشەوەو گەلانی ناوچەكە قبوڵی پارچە پارچەبوونی وڵاتەكانیان یان جیابوونەوەی هەرێمەكان بكەن، چونكە بەلای ئەوانەوە مەسەلەی ئاشتیو سەقامگیریی ناوچەكە لە پێش مەسەلەی جیابوونەوەی هەرێمەكانەوەیە.

بەڵام لەیەك دۆخدا دژی جیابوونەوەی هەرێمەكان نین ئەویش ئەوەیە كە لەحاڵەتی ئەو جیابوونەوەیەدا بەشێوەیەكی یاساییو ئاشتی لەنێوان ناوەندو هەرێمەكاندا بێت، چونكە پێیانوایە ئەوە زیاتر دەبێتە مایەی سەقامگیریی پەیوەندییەكانیان، بەڵام ئەگەر هەر جیابوونەوەیەك بەسەر ناوەندا بسەپێنرێت، ئەوان قبوڵی ناكەن.

### تاماوەیەكی زۆر وا دەمێنێتەوە

**ئەنوەر حسێن:** بەو پێیە بێت ئەوان رازیی نین؟

**فەرید ئەسەسەرد:** نەخێر، پێموابێت تا ماوەیەكی زۆریش هەروا دەمێنێتەوە، بەرچاوكردنی ئەوەی كە ئێمە هیچ بنەمایەكی یاساییو دەستووریی بەهێزمان نییە لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا كە ئێمە پشتیان پێ ببەستین.

**ئەنوەر حسێن:** ئەی ئەو بانگەشەیە چییە بۆ دەوڵەتی كوردییو سەربەخۆیی؟

**فەرید ئەسەسەرد:** نازانم، ئەوە دەتوانیت لەو لایەنانە بپرسیت كە بانگەشەكەی بۆ دەكەن.

**ئەنوەر حسێن:** واتا تۆ لەو باوەڕەدای كە ئالەباریی هەلومەرجی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی فاكتەرێكە؟

**فەرید ئەسەسەرد:** بەڵێ ئەوە فاكتەرێكە، بەڵام ئەو فاكتەرە بەهێزە ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش لەئارادا نەبووە، هێشتاش هەر بەهێزە، بۆنموونە فەلەستینییەكان بەهۆی فاكتەری نێودەوڵەتییەوە ناتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان رابگەیەنن، تەنانەت چەند ساڵێك لەمەوبەر كە هەڵچوونێك بەسەریاندا زاڵ بوو كە لەبەرئەوەی ئیسرائیل وتوێژی لەگەڵدا نەدەكردنو راگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستین دواكەوتووە، تەنانەت بەبێ دیاریكردنی سنووریش ویستیان دەوڵەتەكەیان رابگەیەنن، بەڵام هەموو وڵاتانی عەرەبیو جیهان گوشاریان لەسەریان دروستكردن بەوەی كە نابێت دەوڵەتی فەلەستین بەبێ رێكەوتنی كۆتایی لەگەڵ ئیسرائیل رابگەیەنن، ئەوان مەبەستیان لەوەیە كە كاتێك دەوڵەتی نوێ دروست دەبێت، نابێت كۆمەڵێك گرفت بەهەڵواسراوی بەجێ بهێڵێتو گرفتی تر بۆ

ناوچەکە دروست بکات، بەڵام بۆچوونی هەرە زاڵیان ئەوەیە کە ئەو هەرێمانەی کە دەیانەوێت جیاببنەوە بابچن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی وڵاتەکانی خۆیان ڕێکبکەونو کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئەوکاتە ئەوان ئامادەن هاوکاریی هەردووڵاش بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە.

### خەریکە سەنگو سیحری نامێنێت

**ئەنوەر حسێن:** بەڵام ئێمە لەگەڵ ناوەندی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، پەیوەندییەکانمان لەوپەڕی خراپیدایە، بێگومان بەشێکی زۆری ئەو خراپییە خەتای ناوەندە، کەواتە ئێمە هەر دەبێت قسە بکەینو بڵێین ناتوانین دەوڵەت رابگەیەنین، لەکاتێکدا وەک چاودێران باسی لێوە دەکەن ئەوەندە نەورۆزانە باسکراوەتەوە، خەریکە سیحرو سەنگی لای تاکی کورد نامێنێت یان کاڵ دەبێتەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئێمە نەمانتوانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دروست بکەین وەک چەترێکی کۆکەرەوەی هێزو کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان؟

### عەقڵی لێکدراو نییە

**ستران عەبدوڵڵا:** هەندێک بابەت هەیە پەیوەستە بەمیکانیزمەوە، چونکە مەرج نییە کە کۆنگرەی نەتەوەیی میکانیزمێک بێت بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، جگە لەوەش ئەزموونی ١٠٠ ساڵی رابردوو پێمان دەڵێت: بەهەموو ئەو پێشکەوتنو گەشەسەندنانەی کە لەخەیاڵدانی عەرەبیو کوردیو فارسی روویداوە، یان دامودەزگای دەوڵەتی کە لەم ناوچەیەدا دروستکراوە، کێشەیەک هەیە لەعەقڵی نەتەوەکانی ناوچەکەدا بەکوردیشەوە کە پێمان دەڵێت: عەقڵی ئەم نەتەوانە عەقڵێکی لێکدراو نییە، کە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین بکاتو لەهەمان کاتدا بەشێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکەش دابین بکات، وەک ئەوەی داود ئۆغلۆ دەیوت دەبێت ئاسایشو دیموکراسی پێکەوە گرێ بدرێت، بۆنموونە ئاسایشی تورکیا بەوە دەپارێزرێت کە «تیرۆر!» نەبێت کە ئەمە بەشێکێتی، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە دیموکراسی لەتورکیا هەبێتو مافەکان بدرێت.

### مافی کوردیش بداتو سنوورەکەشی بپارێزێت

هەر ئێستا دەبینین ئەو سیاسەتەی کە بەرامبەر بەکورد پەیڕەو دەکرێت، لەوەوە کە هەوڵدەدەن پەرلەمانتارەکانی کورد بخەنە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە ناتوانن ئاسایشو دیموکراسی پێکەوە گرێبدەن، واتە ناتوانن عەقڵێکی لێکدراویان هەبێت کە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی تورک دابین بکەنو سیاسەتێک پەیڕەو بکەن کە ئاسایشی خۆشیان بپارێزنو مافی کوردیش بدەن، با گریمان وای دابنێین کە «عەقڵییەتی پەکەکە، عەقڵییەتێکە کە یەک تێڕوانینی بۆ سیاسەتکردن هەیە، ئەی باشە خۆ دەوڵەتی تورکیا بەپێی ئەو کەلەپوورەی کە هەیەتی بۆچی ناتوانێت بەرهەمهێنەری بیرۆکەیەک بێت کە مافی کورد بداتو لەهەمان کاتدا پارێزەری سنوورەکانی تورکیاش بێت؟ ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، عیراقیش هەروەها، با وای دابنێین سیاسەتی هەولێر بەواتای سیاسەتی پارتیو سیاسەتی «سەرۆکایەتیی هەرێمیش» بەجۆرێک لەجۆرەکان کەموکوڕیی تێدایە، خۆ عەقڵییەتی سیاسیی عیراقیش بەرهەمهێنەری سیاسەتێک نەبووە کە بتوانێت مافو خواستەکانی کورد دابین بکاتو ئەم تەرزە سیاسییەش بیپارێزێت کە لەعیراقدا

هەیە، ئەمە بەتەنها کێشەی کورد نییە، بەڵکو کێشەی عەقڵییەتی سیاسیو نەتەوەکانو سیاسەتی پایتەختەکانی ئەم نەتەوانەیە کە ئەوەندە لێکدراوو مورەکەب نییە کە بتوانێت دوو پرۆسە پێکەوە گرێ بدات.

### لەدەستوورەوە بۆ چاوەڕوانیی وتارێکی سەدر

ئەمەش پێمان دەڵێت دیزاینی سیاسی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستو لەم وڵاتانەدا ناتوانێت مافەکانی نەتەوەی کورد دابین بکات، با عیراق بەنموونە وەربگرین، ئاخۆ چی لەوە رادیکاڵتر هەیە کە تانکەکانی ئەمریکا دێنە ناو بەغداو پرۆسەیەکی سیاسیو دەستوورێکی نوێ دەسەپێنن بەسەر عیراقدا، کەچی دەبینین سات بەدوای سات پاشەکشەی لێدەکرێتو گەلی کورد ڕووبەڕووی حاڵەتێک دەکرێتەوە کە سبەی چاوەڕوانی ئەوە بێت بزانێت لەگوتارەکانی «بەڕێز موقتەدا سەدر»دا چی بۆ گەلی کورد هاتووە. واتە ئەم یارییە دەبێت کۆتایی پێبێت، چونکە مەسەلەکە ئەوە نییە تۆ دەتوانیت دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەیت یان نا، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێستا گەلی کورد لە عیراقدا کە بەشی کوردستانی عیراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین مافی هەیە، کەچی گەیشتۆتە بەردەم چرکەساتێک کە ئەگەر ئەم پرۆسە سیاسییەی خۆی سەرنەخاتو لەچوارچێوەی قەوارەیەکدا ڕێکی نەخات، نەتەوەی کورد لەکوردستانی عیراقدا دەکەوێتە بەردەم لەناوچوونەوە، بەڵگەی ئەمەش چییە؟ بڕوانە ئەوەی لەبەرامبەر ئێزدییان کرا لەشەنگال، خۆ ئەگەر مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرابایەو ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بەسنووری هەرێمی کوردستانەوە تەواوبکرایە، ئەمانە ڕووی نەدەدا، ئێمە هەڵبجەیەکی دیکەمان بینی، بۆیە نابێت دۆسێی سەربەخۆیی کوردستان بخرێتە دەستی کەسانێکەوە کە بەهاران کەشەکەی خۆشە بیری سەربەخۆییان دەکەوێتە سەرەوە، بەڵکو دەبێت ی.ن.ک دۆسێی مافی چارەی خۆنووسین ببزوێنێت، چونکە بەرپرسیارێتی لەوەدا نییە کە ئێمە لەم ئەرکە گرنگە بێدەنگ بین، بەڵکو بەرپرسیارێتی لەوەدایە بەتەرزێکی نوێ ئەو دۆسێیە بجوڵێنینەوە.

### بۆچی یەکێتی جڵەوی بابەتەکە ناگرێتەوە دەستی خۆی؟

**ئەنوەر حسێن**: بۆچی ئێوە لەم کاتەدا ئەو دۆسێیە ناجووڵێنن، لەکاتێکدا ئێوە لەسەردەمی خەباتی شاخدا خاوەنداریێتیتان لەو دروشمە کردووەو بەفیعلیش کارتان بۆ کردووەو لەدوای ڕاپەڕینیشەوە کاتێک یەکێتی باسی فیدراڵی کرد، زۆرکەس هێشتا لەسەر کەڵکەڵەی ئۆتۆنۆمی بوون، ئێستا بۆچی یەکێتی جڵەوی ئەو بابەتە ناگرێتەوە بەدەستی خۆیەوەو کاری بۆ ناکات؟ ئاخۆ مەسەلەکە پەیوەستە بەو فاکتەرانەوە کە پێشتر باستکرد یان ئێوە شتێک باشتر دەزانن کە هێشتا کاتی نەهاتووە؟

### دەستوور بگۆڕدرێت

**فەرید ئەسەسەرد**: من بۆچوونی خۆم دەردەبڕم، ئێمە ساڵی ٢٠٠٤ مافی چارەنووسی خۆمان بەدەستهێناو چووین دەنگمان دا بەو دەستوورە، واتە کاتێک دەنگمان بەو دەستوورە دا، بەواتای دەستوورێکی فیدراڵیو مانەوە لەچوارچێوەی عیراقدا کە بەشێوەی هەرێمێک لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دەتوانین ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ بکەینو مافەکانیشمان لەچوارچێوەی عیراقدا بەدیی بهێنین، واتە لە ٢٠٠٥ کە پیادەکرا، بەو مانایە بوو کە ئێمە تەنها مافی مانەوەمان هەیە، مافی جیابوونەوەمان نەبوو، بەڵام ئێستا کە باس لەمافی چارەنووس دەکەین، بەهەردوو مافەوەیە مافی مانەوەشو جیابوونەوەش، ئێستا زۆرترین قسەمان لەسەر ئەوەی

دووەمە كە جیابوونەوەیە، بەڵام هێشتا تەگەرەی یاسایی زۆرمان لەپێشە، چونكە ئەو دەستوورەی كە خۆمان وەک كورد بەزۆرینەی هەرەزۆر دەنگمان پێداوە، هیچ مافێكی بۆ جیابوونەوەمان تێدا دیاریی نەكراوە، مەگەر كاتێک دەستوور بگۆڕدرێت، یان حكومەتێک لەعیراق بڕیار بدات كە ئێمە مافی جیابوونەوەمان هەبێت، ئینجا دەتوانین.

خاڵێكی دیكەش ئەو هەلومەرجەیە كە ئێستا لەكوردستاندا هەیە كە ڕەنگە كە ئەگەر وەسفی بكەم دەڵێم خراپترین هەلومەرجە كە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە، مەگەر لوبنان كە ئەویش كەمێک لەئێمە باشترە، هیچ دەستووریكمان نییە، پەرلەمان پەكی كەوتووە، حكومەت ناتوانێت ئەركەكانی خۆی جێبەجێ بكاتو ناتوانێت مووچەی كارمەندەكانی خۆیشی بدات، هەرچی سەرۆكایەتیی هەرێمیشە كێشەی زۆر گەورەی یاساییمان هەیە، سەرۆكێكی هەڵبژێردراومان نییە، لەو هەلومەرجەدا كەبەرەو ئەوە دەچین، ئەو كێشانەش لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ دەوڵەتە نوێیەكە.

### دەبێت مێزەكە قڵپ بكەینەوە

**ستران عەبدوڵڵا:** من پێموانییە كە یەكجار بۆت هەبێت تەنها یەک جار مافی چارەی خۆنووسین پیادە بكەیت، لەهەلومەرجێكدا ئەوەمان كردووە، لەهەلومەرجێكی دیكەدا شتێكی نوێ دێتە پێشەوە. لەبەرئەوەی هەلومەرجەكە خراپە، دەبێت ئێمە ئەم مێزە قڵپ بكەینەوە، مەرج نییە تۆ لە دۆخێكی گەشەكردووی سیاسیو ئابووریو چەركەساتێكی نموونەییدا سەربەخۆیی رابگەیەنیت، پێموایە لەبەرئەوەی دیموكراسیی كوردستان داڕزاوەو كێشەی سەرۆكایەتی چارەسەر نەبووە، پێویستمان بەوەیە كە ئەم مێزە سیاسییە قڵپ بكەینەوە، چونكە دیزاینەكەی لەقازانجی گەلی كوردستان نییە، لەڕاستیدا گەلی كوردستان لەچركەساتێكی مێژووییدایە كە دەبێت بڕیار بدات، یان بۆ دواجار بڵێت كۆتاییم پێهات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستانی نوێ / ڕێكەوتی: ١٥ی مەی ٢٠١٦

# كورد لە سەدیەكی ڕەشی چەپەڵدا

## نووسینی: ئاڤان شێخ كریم باراوی

زۆر هۆمان لەبەر دەستدایە سەدەی بیست بە سەدەیەكی ڕەش و پڕ درۆ، پڕ خیانەت و پڕ كوشتار لە قەڵەم بدەین بۆ كورد، ئەمەش هەر لەو ڕۆژە ڕەشەوە دەستی پێكرد كە بەریتانیا و فەرەنسا لە بەرواری ١٠ / ٥ / ١٩١٦ دا بە نهێنی ڕێكەوتنێكیان واژوو كرد.



ئەم ڕێككەوتنە كە بە دەستە چەپەڵەكانی سایكس و پیكۆ واژوو كرا، بۆ دابەشكردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بەسەر هەردوولایاندا، ئەمەش وایكرد هەتا ئەمڕۆ كورد وولاتی خۆی نەبێت.

زۆر هەن ڕەخنەی لێدەگرن لەبەر ئەوەی ئەم ڕێككەوتنە ئامێرێكی داگیركەر بوو، بە نهێنی دامەزرا و بەزۆر سەپێنرا بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هەرچی فێڵ و تەڵەكەی سیاسی و هەموو ڕوداوە مێژوییەكانی ئەو سەردەمە بوونە هۆی ئەم ڕێككەوتنە، لەبەر ئەوە زۆر ئاڵۆزە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەك بۆ سایكس - پیكۆ بكەین، بەڵام هیچ نەبێت ئەتوانین تۆزێك شیبكەینەوە.

هێشتا گەرمەی شەڕی جەنگی جیهانی یەكەم بوو، هێشتا سێ ساڵی مابوو كۆتایی بێت كاتێك هەر یەك لە بەریتانیا و فەرەنسا لە ژێر چاودێری ڕوسیادا بڕیاریاندا ئیمبراتۆریتی عوسمانی لەتوكوت بكەن و دابەشی بكەن لەناو خۆیاندا.

لێرەدا ئەوەی بەلای منەوە گرنگە دۆخی كوردە.

هەرچەندە پەیمانیان بە كورد دابوو كە دوای جەنگی جیهان سەربەخۆ بێت یان فیدرالی بێت، بەڵام لە ساڵی ١٩١٥ بڕیاردرا كە بەسەر چەند ناوچەیەكدا دابەش بكرێت لە توركیا و ئێران، پاش ڕێكەوتننامەی سایكس-پیكۆ بڕیاردرا دابەشی بكەن بەسەر چەند پارچەیەكیتریش لە عێراق و سوریا.

هەرچەندە سایكس و پیكۆ دوو دیپلۆماتكاری بەهێز بوون، زۆر شارەزای ناوچەكە و خەڵكەكەی بوون، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هێڵی لەتكردنیان كێشا، كەچی وەك دیبینین دوای سەد ساڵ فەشەلی هێنا.

لە ساڵی ١٩١٨ سەرۆكی وولاتە یەكگرتووەكان (وودرۆ ویڵسۆن) بەرنامەیەكی بە ناوبانگی دانا بە ناوی ( بەرنامەی چواردە خاڵ) كە بەرنامەیەك بوو بۆ هەڵسوكەوتی دوای جەنگ، بۆ دووپاتكردنەوە لەسەر سەربەخۆیی بۆ كورد و هەموو ئەو نەتەوانەی لەژێر چەتری

ئیمبراتۆریتی عوسمانیدا بوون.

بەیاننامەکەی ویلسۆن تێیدا هاتبوو: ناوچەکە و گەلی ناوچەکە نابێت گۆڕانکاریان تێدا بکرێت و ئەمدەست و ئەودەستی پێ بکرێت وەک گەمەیەک یان ئەفسەرێکی شەترەنج، بەڵکو دەبێت هەر چارەسەرێک بکرێت لە بەرژەوەندی گەل و هەرێمەکانی ناوچەکە بێت. بەڵام ئەم بەرنامە باشەی وێلسۆن هیچ جێگای خۆی نەگرت و پشت گوێ خرا.

ئاشکرا بوو وولاتە زلهێزەکانی ڕۆژاوا یارمەتی کورد نادەن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە دژی ویستی ڕوسیا، کاتێ بەریتانیا و فەرەنسا دانوستانێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە تێیدا هاتبوو ئەو گەلانەی لەژێر چەتری ئیمبراتۆریتی عوسمانیدا بوون، ناتوانن حکومەتی خۆیان هەبێت و سەربەخۆ بن.

لێرەوە جارێکیتر کوردەکان دەنگیان بەرز کردەوە. لە کۆنفرانسەکەی سان ڕیمۆ لە مانگی چواری ساڵی ١٩٢٠ بانگەوازێکیان پێشکەش کرد و داوای دەوڵەتەکەی خۆیان کردەوە.

ئەم بانگەوازە پشتگیرییەکی بەهێزی هەبوو لەلایەن هاوپەیمانانەوە، لەبەر ئەوە لە پەیمانەکەی سیڤەردا لە ١٩٢٠/٨/١٠دا بەشێکی کوردستان لە تورکیا وەرگیرایەوە و درایەوە بە کوردستان.

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی بەسەر تورکیادا هات و سەرکەوتنە گەورەکەی ئەتاتورک بۆ سەربەخۆیی تورکیا، هەروەها هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا کە شەکەتی دەستی جەنگی جیهانی یەکەم بوون و تازە لە ژێر ئەو بارە هەڵدەستانەوە و نەیان دەویست دڵی دەوڵەتێکی بەهێزی یەکگرتووی وەک تورکیا برەنجێنن و دەوڵەتی کوردان بدەنەوە دەست خۆیان، بەم جۆرە خەونی کورد بۆ درووست بوونی دەوڵەت بە با چوو.

هەر لەبەر ئەوەش بوو بڕیار درا کە جارێکیتر بە پەیمانەکەی سیڤەردا بچنەوە و پەیمانێکیتر واژوو بکەن لە بەرواری ١٩٢٣/٦ بە ناوی پەیمانی لۆزان.

هەرچی پەیمانێک بە کورد درابوو لە بار برا، ئەو وولاتەی لە سەدەی دوانزەوە هەبوو دابەش بوو بەسەر چوار پارچەدا و نەما. ئەم کارە لەو زەمانەوە هەتا ئەمڕۆ گەورەترین خیانەت بوو لە گەلی کورد کرا لە لایەن ئەورووپاوە.

ئێستا کە ١٠٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتننامە و پەیمانە چەوتانەدا تێپەڕ بوو ، سەردەمی سایکس-پیکۆ کۆتایی هات و جیهان لە دۆخێکیتردایە، ئێستا کە کورد لە بری هەموو جیهان دژی تێرۆر وەستاوە، ئێستا کە بۆ هەموو جیهان دەرکەوت کە کورد گەلێکن شایەنی لەت لەت کردن نین، ئێستا دەبێت ئەو ڕێکەوتننامەیە هەڵبوەشێتەوە و ڕۆژئاوا ئەم کارە قێزوینە پەردەپۆش بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گولان میدیا / ڕێکەوتی: ١٤ی مەی ٢٠١٦

## ناوەندێکی جیهانی: کۆتایی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ نزیکە




پێش ١٠٠ ساڵ بەریتانیا و فەرەنسا کە ئەوکات دوو زلهێزی جیهان بوون، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دارشت، بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە خاکی کورد بەسەر چوار دەوڵەت دابەشکرا، لەنێویاندا سووریا و عێراق، ئەو ڕێککەوتنە چارەنووسی بەشێکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕی، ئەویش لە ڕێککەوتن و واژۆکردنی چەند خولەکی نێوان مارک سایکس و پیکۆی فەرەنسی.

ئەو کاتەی ڕێککەوتنەکە کرا، ئارتەر بالفۆر، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا پرسیارێکی ئاراستەی مارک سایکس کرد و پێی گوت:" چ جۆرە ڕێککەوتنێک بۆ ئێوە باشە تا لەسەر ڕێککەوین و واژۆی بکەین."

مارک سایکس کە چەند ڕۆژێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕابووەوە گوتی:" دەمەوێت هێڵێک ڕاکێشین لە سنووری تورکیاوە تا کەرکووک.

بۆیە بەهۆی ئەوە ڕێککەوتنەوە ئاراستەی ژیانی ملیۆنان کەس لە ناوچەکە گۆڕاوە و نەخشەکە دارێژرایەوە، ئەمە یەکەم هەوڵی دابەشکردنی ناوچەکە نەبوو، بەڵکو پێش ئەوەش وینستن چەرچڵ لە ئیستەنبوڵ داوایەکی لەو شێوەیەی ئاراستە کردبوو، دواجار ڕۆژی ١٦ ئایار ڕێککەوتنەکە لەسەر دەستی پۆڵ کامبۆن واژۆکرا و هەوڵەکانی دابەشکردنی ناوچەکە و داگیرکردنی دەستی پێکرد، کاتێک داعش لە هاوینی ٢٠١٤ هێرشەکانی دەستپێکرد، ڕایگەیاند کۆتایی بە ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ دێنێت، بەڵام بەشێوازێکی هەڵە و تیرۆرستیانە هەوڵی گرتنی ناوچەکانی دا، دواجار سایکس بیکۆ بەرهەمی دوو سەدەی داگیرکەری وڵاتانی زلهێز و سەدەیەک نەهامەتیی بۆ ناوچەکە هێنا.

ئەمڕۆ کورد کە زەرەرمەندترین گەلی ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ بوون، بەردەوامن لە دەرکردنی داعش لەناوچەکان و بە ژن و پیاوە وە شەڕی تیرۆر دەکەن، ساڵی پێش ڕێککەوتنامەکە مارک سایکس، دەستی کرد بە هەوڵەکانی بۆ دابەشکردنی ناوچەکە دواتر دوای

چەند ساڵێک شتیک بۆ کورد نەماوە تا بەهۆیەوە شانازیی پێوە بکات.

بەگوێرەی زانیاری چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دوای ١٠٠ ساڵ ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ روو لە هەڵوەشانە و کوردیش بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت.

داعش گەورەترین هەڕەشەی لەسەر عێراق و سووریا دروستکرد، هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەمریکا و تەواوی ئەوروپاشی گرتووەتەوە، بەڵام کورد کە کەمتر لە ٣٠ کیلۆمەتر لە داعش دوورە، ساڵ و نیوێک زیاترە بەردەوام سەرکەوتن بەسەر ئەو ڕێکخراوە تۆمار دەکات و بووەتە کاریگەرترین هێزی شەڕی داعش و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو ڕێکخراوە.

لەماوەی کەمتر لە ٢٤ کاژێردا دوو وەزیری بەرگری دوو وڵاتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش سەردانی هەولێریان کرد و پاڵپشتیی خۆیان بۆ کوردستان دووپات کردەوە، ئەمەش ئاماژەی گرنگن بۆ نزیکبوونەوەی گۆڕانکاری لە رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داڕشتنەوەی سنوورەکاندا.

ناوەندێکی جیهانی بەنێوی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی جیهان لە راپۆرتێکدا دەربارەی سایکس بیکۆ رایگەیاندووە:' هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە شکستی یەکجارەکی سایکس پیکۆ نزیکە و سنووری ناوچەکە دادەڕێژرێتەوە.

سەنتەرەکە لە راپۆرتێکدا دەڵێت:" ئەمڕۆ دوای ١٠٠ ساڵ لە ڕێککەوتنەکە دەردەکەوێت، ڕێککەوتنەکە شکستی هێناوە و گەلان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەمەش لە دەستووری وڵاتانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا بە ئاشکرا هاتووە و ئاماژەی پێکراوە، بۆیە دەبێت جارێکی دیکە ئەو مافە بۆ خەڵک بگەڕێتەوە.

ناوەندەکە دەشڵێت:" خاڵی قورسی ڕێککەوتنەکە ئاماژەی ئەوە دەدات کە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ رای نیشتمان و بێ باکانە ناوچەکانی دابەشکرد، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەوکات چەندین پێکهاتە و ئاینی جیاواز هەبوون کە هەوڵدرا بەڕێککەوتنەکە هەموو پێکهاتەکان بخرێنە ژێر رکێفی بەریتانیاوە.

بۆیە بە هەموو پێوەرەکان ڕێککەوتنەکە شکستی هێناوە و نابێت چیدیکە حوکمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەو بنەمایە بکرێت، کوردیش وەک پێکهاتەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی کە پێش ١٠٠ ساڵ و لە 16 ئایاردا بێ ئاگاداری و ویستی ئەو خاکەکەی دابەش کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەولێر / ڕێکەوتی: ١٢ی مەی ٢٠١٦

# چەند ڕاسپاردەیەک لە دووەم کۆنفرانسی سایکس پیکۆدا

"کەم ڕێککەوتننامە هەیە ١٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕێو لایەنەکان هەر گرنگی پێبدەن"

دوای ئەوەی ڕۆژی ٣ی ئەم مانگە دووەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی پرسی کوردو ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ دەستپێکردو دوو ڕۆژی خایاندو تیایدا ژمارەیەک ئەکادیمیو شارەزا چەند بابەتێکی مێژوویی‌و ئابووری و سیاسییان پێشکەشکردو تەئکیدیان لە پێداچوونەوە بەو ڕێکەوتننامەیەدا کردەوە.




## تائێستاش بەکەمێک دەستکارییەوە بەردەوامە

چرۆ شەهاب مامۆستای زانکۆو وتەبێژی کۆنفراسەکە ڕایگەیاند: ساڵێک زیاترە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ بەستنی کۆنفرانسەکە، بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزایانی مێژووییەوە زیاتر لە ٣٠ توێژینەوە هاتبوو، نزیکەی ١٨ توێژینەوەیان لە دەرەوەی هەرێمو عیراق ئامادەکرابوون، هەموویان لە چەند ڕەهەندێک پێهاتبوون، وەکو ڕەهەندەکانی جیۆپۆلۆتیکیو مێژوویی‌و یاسایی.

ڕوونیشیکردەوە: ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ی سەدەی ڕابردوودا نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەڵاڵە کردو تائێستاش بەکەمێک دەستکارییەوە بەردەوامەو تەئکید لە پابەندبوون بەو نەخشەیەوە دەکرێتەوە.

## کورد فاکتەری سەرەکیی ئاسایش و ئارامییە

دوای ١٠٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتنەو دروستکردنو پێکهێنانی چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیو دوولایەنە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێشتا سنوورە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای پێگەیەکدا دەگەڕێن کە تۆکمەو چەسپاوتر بن.

لەو بارەیەوە مامۆستا جەزا تۆفیق تاڵیب مامۆستای زانکۆو پسپۆڕی بواری جیۆپۆلەتیکو سەرۆکی هەڵسەنگاندنی زانستی کۆنفرانسە ڕایگەیاند: ئێستا لەم قۆناغەدا سەنتەری بڕیار لە جیهاندا زۆرە، وەکو نەتەوە یەکگرتووەکانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا، لە ڕابردوودا کورد ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە گۆڕەپانەکەدا نەبوو، بەڵام لەم قۆناغەدا کورد لە عیراقو ناوچەکەشدا فاکتەری سەرەکیی ئاسایشو ئارامییەو لە پرسە گرنگو چارەنووسسازەکاندا پرسو ڕای پێدەکرێو حساب بۆ دیدو بۆچوونو گوزارشتەکانی دەکرێتو سەنتەری بڕیاری سیاسی کورد لە ناوچەکەو ڕۆژئاواو تەنانەت لە کوردستانی باکووریش جەمسەرێکی گرنگو

متمانە پێکراوەو بە بایەخەوە تێڕوانینەکانی لەبەرچاو دەگیرێن.

هەروەک پێشنیازیکرد کە سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستاندا سەرباری هەندێک کەموکورتی، بەردەوام بێت لەهەوڵەکانیو ئەو دۆخە هەستیارو گرنگانەی لەناوچەکەدا روودەدان، بۆ بەرژەوەندی ئەمنی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان سوودی لێ ببینرێت، بەجۆرێک خزمەتی زیاتر بەپرسی نەوەیی کورد بکات لە عیراقو ناوچەکەو جیهانیشدا.

## بایەخ بەو رێکەوتننامەیە دەدەین

لەکۆنفرانسەکەدا توێژەران ئاماژەیان بەوەکرد: دوای ١٠٠ ساڵ بەسەر رێکەوتننامەی سایکس پیکۆو بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو گۆڕانکارییە، ناوچەکەو باری جوگرافیو نەتەوەیی کورد لە جەوهەردا وادەخوازێت پێداچوونەوە بە رێکەوتنننامەکەدا بکرێت.

لەو رووەوە فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ک روونیکردەوە: ئەگەر لە قۆناغێکی تردا بوایە باس لە چاوخشاندنەوە بە رێکەوتننامەکەدا بکرایە، گرنگیو بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ١٠٠ ساڵ بەسەر رێکەوتننامەیەکدا تێپەڕیوە، ئێستا دەتوانین لە هەموو رووەیەکەوە شی بکەینەوە، ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو ئەنجامەکانی بەچی گەیشتوونو سەدەیەک بەسەر لایەنە باشو خراپەکانیدا تێپەڕیوە، ئەوەش لەکاتێکدا کەم رێکەوتننامە هەیە ١٠٠ساڵی بەسەردا تێپەڕی بێتو لایەنەکان هەر گرنگیو بایەخی پێبدەن.

فەرید ئەسەسەرد وتیشی: ئەم رێکەوتننامەیە رێکەوتننامەیەکە کە خاکی کوردستانی گرتۆتەوەو دابەشی کردووە، بەوەش کوردستانی هێناوەتە نێو کایەی سیاسەتی جیهانییەوە، لەم رێکەوتننامەیە بەدواوە مێژووی هاوچەرخو مۆدێرنی کوردستان دەستپێدەکات، بەهۆی ئەوەشەوە ئێمەو زۆربەی زۆری گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بایەخ بەو رێکەوتننامەیە دەدەینو رەخنەی لێدەگرینو تاوتوێو شی دەکەینەوە.

## گرنگترین راسپاردەکانی کۆنفرانس

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیو دەسەڵاتداری ئەوێ رۆژێی عوسمانییەکان بەتایبەتی، لەسەر دەستی بەریتانیاو فەرەنسا لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٦ کەوتە بەر نەشتەرگەری دابەشکردنو کورد بەزۆری زۆردار خزێنرایە ژێر باڵی دەوڵەتانی تازە دامەزرێنراوی ناوچەکە.

لە دووەم رۆژو کۆتایی کۆنفرانسدا راسپاردەکانی کۆنفرانس بڵاوکرانەوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە پێداگرتن لەسەر مافی رەوای کورد لە سەربەخۆییو پێکەوەنانی دەوڵەت لە رووی شەرعو یاساوە، بایەخ بە رێکەوتننامەکە بدرێتو بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە. سوود لەم هەڵە مێژووییەی ئێستا وەربگیرێت بەتایبەتی پاش هەرەسهێنانی بەناو بەهاری عەرەبی، تەئکیدیش لە پێویستیی بەشێنەیی کارکردن بۆ سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکانی ناوچەکە بکرێتو پرسی دیپلۆماتیش بایەخی زیاتری پێبدرێت،

بەجۆرێک  سوود لە هەلومەرجی تازەی پێشهاتوو وەربگیرێتو کاربکرێت بەئاراستەی ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی خاوەن پرۆژەی تایبەتی خۆی بێت بۆ داهاتووی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش بە پرۆسەی ریفراندۆم چارەنووسی کورد خۆی لەناوچەکەدا دیاری بکاتو کۆتایی بەم چەقبەستنەی ئێستا بهێنرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  /  ڕێکەوتی: ٨ی مەی ٢٠١٦

# دوای سەدساڵەی سایکس - بیکۆ، کورد لەچاوەڕوانی کیری - لاڤرۆڤ

هیوا سەید سەلیم

سەد ساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەی سایکس - بیکۆ تیدەپەڕێت، ئەو ڕێکەوتنامەی کەنەخشەی سیاسی و جوگرافی ناوچەکەی لە بەرژەوەندی براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دیاریکرد، زۆرجار کور دەڵیت ئەو خەت خەتۆکەی وڵاتانی داگیرکەر نەخشاندیان بوونەتە ماڵوێرانی بۆ کورد، چونکە لەنێو ئەو نەخشاندنە شوێنێک بەناوی کوردستانو تایبەتمەندیەک بۆ کورد لەبەرچاو نەگیراوە.



لەگەڵ ئەوەی کە کورد ئەوسا میللەتێکی بیست ملیۆنی بوو، بەڵام بۆچی بەشمان لەو دابەشکرایە نەبوو، خەتاکە لەکێ بوو؟ سەدساڵە بەدوای ئەو وەڵامەین تائێستاشی لەگەڵ دابێت وەڵامی ئەو پرسیارەمان وەرنەگرتەوە.

لە شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کوردو ڕەخنەو گلەیەکانی بەنوسینیش، خۆی لەچەندین تویژنەوە و کتێبی گەورە دەبینێتەوە، کە لەسەر ئەو غەدرە مێژوویە نووسراون، هەمیشەش ڕەخنەی کورد لەبەرامبەر ئەو وڵاتە بڕیاربەدەستانە ئەوەیە، کە لەوساوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان هاوکار و پشتیوانی زۆرێک لە وڵاتانیان لە ناوچەکە کردووە، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، کەچی نەک هەر وەک کورد بنەمای دەوڵەتیان تیدا نەبووە، بگرە خێلی بچووک بچووکی ناوچەکەش بوونە و چەندین دەوڵەتۆکەی خۆشیان هەبووە.

کەچی لەوبارەیەوە پشتیان لەکورد کردووە و نیشتمانی هەزاران ساڵەی ئەو میللەتەیان کە کوردستان بووە، بەسەر هەریەک لەسنووری جوگرافیای تورکیاو عێراق و سوریاو ئێران دابەشکرد، کە ئەمانیش خۆیان لەچوارچێوەی ڕێکەوتنامەی سایکس - بیکۆ هەریەکەو کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیاو فەرەنسا دواتر وەک وڵاتی سەربەخۆ دانیان پێدانرا.
کە باس دیتە سەر دەوڵەتی کوردستان و هۆکارەکانی دانەمەزراندنی ئەو دەوڵەتەو دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتانی ناوچەکە، یەکسەر بیرمان بۆ لای ڕێکەوتنامەی سایکس - بیکۆ دەچێت.

کە سەد ساڵ بەر لەئێستا لەنێوانی دوو دیبلۆماتکاری فەرەنسی بەناوی فرانسۆ جۆرج بیکۆ و بەریتانی مارک سایکس کاری لەسەر کراوە، ئەو ڕێکەوتنامە کە ماوەی چەند ساڵیک بەنهێنی کاری بۆدەکرا، تەنیا دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەری ئاگاداری ئەو کەین و بەینەی نیوان وڵاتانی بەریتانی - فەرەنسی بوو، تا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ ئینجا شیوعیەکان پەردەیان لەسەر ئەو ڕێکەوتنامەیە هەڵمالی.

ئەوەی شیوعیەکان کردیان بیرکردنەوەیەکی لینین بوو کە بەڵێنی بە گەلەکەی و گەلان دابوو، کە دەبێت لەمەودوا گەلان ئاگاداری ریکەوتنامەکان بن و نا بێت لە پشتی پەردەوە چارەنووسی گەلان دیاری بکرێت.

کە ئەمەشیان ناونرا دبلۆماسیەتی ئاشکرا، کە داتر (ولسن) پشتیوانی لێکرد، کە تا هاتنە سەر دەسەڵاتی شیوعیەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتی سۆفیەت هەر پەیڕەو لە دبلۆماسیتی شاراوە دەکرا و دەویستراش کە ڕێکەوتنامەی سایکس - بیکۆ تا ڕۆژی جیبەجێکردنی هەر نەهێنی بێت لە نێوان فەرەنسا - بەریتانیا بە ئاگاداری رووسیای قەیسەری.

سەدساڵ بەسەر سایکس - بیکۆ تێدەپەڕێت، کەچی لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی حاڵی کوردان گۆڕانێکی زۆر جدی پێوەدیار نیە، ئەوەی دوای یەک سەدە دەگوزەرێت دیسان پیلانی نەهێنیە وە بۆ ئێمەی کورد دیسان ترس هەیە لە هەوڵەکانی پشتی پەردە، چونکە کورد بۆ گۆرانکاریەکان وەک پێویست ئامادە نیە، وە ئەگەر ئەمجارەیان دەرفەتەکە لەدەست کوردان بچێت، ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، هەموو لایەک باسی ئەو دەرفەتە دەکەین و گلەیی لە یەکنەختستنی ناو ماڵی کوردان دەکەین، کەچی لە پراکتیک هەنگاو بۆ یەکخستنی نانێین!!

ئیستا بە هۆی شەڕی تیرۆرستانی داعش و ئەو گۆرانکاریانە لە ناوچەکە روویاندا و زیاتریش روودەدەن، هەموو لایەک باس لە پیرۆزنەمان سنورەکانی سایکس - بیکۆ دەکەن، و ەلە ئەرزی واقیعیش شتێک نەماوە بەناوی پیرۆزی ئەو سنورانە.

ئەوە وەزعی پارچەپارچە کراوی عێراق، ئەوەی جاران بۆ کورد لە باشوری کوردستان بفەبوو ئێستا بە ئاشکرا باس لە دەوڵەتی سەربەخۆ دەکرێت، جاران کەس بە ئاشکرا ئەو جورئەتەی نەدەکرد بەڵام ئێستا کەس بەئاشکرا دژ بە دەوڵەتی کوردستانی نیە، ئەوەیان مانای ئەوە نیە دووژمنی ئەو هەنگاوە کەم بن بەڵام بەژەوەندیان لە دژایەتی ئاشکرا نیە.

ئەوەش سوریا کە ئێستا لە واقع لەسەریەک هەڵوەشاوەتەوە، کورد بەو پارچەیەی کوردستان بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی تێکۆشانی خۆی دەرفەتی وای بۆ دەرەخسێت، بەوەی بۆتە خاوەنی کیانی دیفاکتۆ و لەرووی سەربازیەوە دوو هێزی گەورەی وەک ئەمەریکا و روسیا پشتیوانی سەربازی لێدەکەن، خاوەنی ئیدارەی خۆیەتی و جاڕی سیستەمی فیدرالیەتی داوە .

تورکیاش تا خاوەنی ئەو سیاسەتە چەوتە بێت، لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدەردی عێراق و سوریا دەچێت و رۆژبەرۆژ سەرداوی ئەو گۆرانکاریانە لەویش دەردەکەون.

ئەو گۆرانکاریانە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کە داگیرکەری کوردستانن دیارن، ئەوەی کە دیار نیەو جێگای رەخنەیە هەنگاوەکانی پشتی پەردەن کە ئەمجارەیان کارەکتەرەکانی وەک سەردەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم نابێت و ڕێکەوتنامەکەش سایکس - بیکۆ نیە، بگرە فایلی گۆرانکاریەکانی ناوچەکە لەدەستی دوو وڵاتی زلهێزی وەک ئەمەریکا و روسیایە.

بۆیە دەڵێین سەد ساڵ سایکس - بیکۆ، جگە بێ مافی و بی دەوڵەتی بۆ کوردان، چەندین کارەساتی گەورەی بەسەر گەلانی کوردستان داهێنا هەر لە راگواستن و جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و ..هتد

ئایا دوای سەد ساڵ بەرژەوەندی وڵاتە زلهیزەکان، دیسان کورد ناکرێتە قوربانی دابەشکاریەکی تر ئایا گۆڕینی سایکس - بیکۆ بە کیری لاڤرۆڤ چی بۆ کوردان لە هەگبە دایە.

سەرچاوە: ماڵپەری خەندان / ڕێکەوتی: ٩ی مەی ٢٠١٦

# مەرگی "پەیمانی سایكس پیكۆ" و شانسی كورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی

ڕێبوار ڕەشید



دوو ساڵی دیكە، پەیماننامەی سایكس پیكۆ (Sykes - Picot) كە لە ١٦ / ٥ / ١٩١٦ مۆر كراوە و هەروەها پێشی دەگوترێت "پەیماننامەی ئاسیای بچووك " the Asia Minor Agreement، پێش ئەوەی سەد ساڵ لە تەمەن پڕ بكاتەوە، بە تەواوی بەرەوی نامێنێت. لە مێژوودا پەیماننامەی سایكس پیكۆ یەكێكە لەو ڕێككەوتننامانەی كە بە نهێنی مۆر كراون. ئینگلستان و فەرەنسا، بە ئاگاداریی و سەلماندنی سزاری رووس، لە سەر ئەوە ڕێككەوتن كە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو خۆیاندا بەش بكەن. بە ڕووانین لە نەخشەی ئەو كاتە دەبینین كە تواندنەوەی ئەو پەیماننامەیە بە وێنەی بەفری بەر خۆر، لەبەرچاوە و دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو زۆربەی سەركردایەتیی كورددا هێندەی پرس دروست نەكردووە كە كاردانەوەیەك نیشان بدات، بەتایبەتی لە رووی دامەزراندنی هاوپەیمانیی یان كاری هاوبەش لەگەڵ بەشەكانی دیكەی كوردستان. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە مەمەڕەكانی دەسەڵاتی فارس و تورك و عەرەبدا حەتمەن پرسی دروست كردووە و بۆ وەڵامدانەوەی بە شێوەیەك پلان دادەڕێژن یان پیلان دەگێڕن.

بۆ ئەوەی لە پەیماننامەی سایكس پیكۆ تێ بگەین، پێویستە ئەوە بزانین كە نزیكەی هەموو كوردستان هەتا پێش شەڕی چاڵدران كە لە ٢٣ / ٨ / ١٥١٤ لە نێوان سەفەوی و عوسمانیەكان ڕوویداوە، لە ناو دەسەڵات و سنووری سەفەویەكاندا بووە. سوڵتان سەلیمی یەك كە لە نێوان ساڵانی ١٥١٢ تا ١٥٢٠ سوڵتانی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو و بە سوڵتانی "بە زەبر/ مشت پۆڵا" بە ناوبانگە، سوڵتانێكی شەڕانیی و پاوانخواز بوو. لە ماوەی ئەو ٨ ساڵەی  فەرمانڕەواییدا نزیكەی هەموو وڵاتانی عەرەبی ئەو كاتەی داگیر كرد و تەنانەت نازناوی "خادمی حەریمەینی شەریفەین" بۆ خۆی سەند. شا ئیسمایلی یەك، پاشای سەفەوییەكان، كە لە راستییدا ناوی "ئەبو موزەفەر بن حەیدەری سەفەوی" ـە. لە شەڕی چاڵدراندا بەشێكی گەورە لە خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەكەی كە كوردستان بەشێكی بوو، بە توركەكانی دۆڕاند. لەو شەڕەدا هەروەها توركەكان دوو ژنی شا ئیسمایلیش بە دیل دەگرن و نایدەنەوە. پاشان یەكێك لەو ژنانە خۆی لە پیاوێكی سوڵتان سەلیمی یەك مارە دەكات. دەگوترێت كە شا ئیسمایل پاش ئەو ژێركەوتنە دووچاری بەدمەستیی و خەمۆكی هاتووە و هەرگیز چاك نەبووەتەوە.

چاڵدران ناوچەیەكە تەنها ٦ كیلۆمەترێك لە شارۆچكەی "سیاچەشم" دوورە كە توركەكان ناویان ناوە "قەرە عەین/  قەرە ئەینە". وشەی قەرە بە توركی بە مانای ڕەش دێت كە وەرگێڕانی وشەی "سیا" یە و "عەین" یش وشەیەكی عەرەبییە كە بە مانای چەشمە/

کانی/ سەرچاوە دێت. تورکەکان بەوە رازی نەبوون بە ناوی خۆیەوە ناوی بهێنن و پێی بڵێن "سیاچەشمە" و گۆڕیویانە بۆ زمانی خۆیان و کردوویانە بە "قەرە ئەینە". پاشان لە مێژوودا دەبینین کە ئەم ناوگۆڕینەی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە درێژەی پێ دەدرێت. چاڵدران، یان ئەو ناوچەی شەڕەکەی تیادا روویداوە، نزیک بە گوندی چاڵا عاشقی/ دۆڵی ئاشقان ە نزیک بە ماکۆ.

شەڕی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکان لە سەر کوردستان و بە هۆی لایەنگریی کورد لەم یان ئەو لا، زوو زوو سەرهەڵی داوە. یەکەمین ڕێککەوتنی رەسمیی تورک و فارسەکان لە سەر کوردستان لە راستیدا پێی دەگوترێت" ڕێککەوتننامەی ئاشتیی ئەماسیا" The Amasya Peace Treaty کە لە ١ / ٦ / ١٥٥٥ لە شاری ئەماسییا کە دەکەوێتە باکووری تورکیا، نزیک بە شاری قارس، مۆر کراوە. جوان دیارە تورکەکان ئەو ڕێککەوتننامەیەیان وەکوو سیمبولیکێک بۆ سەرکەوتنەکەیان بۆ مۆرکردن لەبەرئەوە بردووەتە شاری ئەماسییا کە شوێنی لە دایکبوونی سوڵتان سەلیمی یەک ە، ئەو سوڵتانەی سەری بە سەفەویەکان نەواند.

لەبەرئەوە دەتوانین پێ دابگرین کە دابەشبوونی کوردستان بۆ دووبەش و لە نێوان فارس و تورکدا بە رەسمی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ئەماسیا، ١ / ٦ / ١٥٥٥ پێش ئەوە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی دیکەی رەسمیی بۆ دابەشکردنی کوردستان نییە. ئەڵبەت ئەگەرچی کوردستان بە رەسمیی بوو بە دووبەشی جیاواز لە سنووری دوو ئیمپراتۆری دژ بە یەک، لە راستییدا بەڵگە و نموونە بۆ نیمچەسەربەخۆیی کورد و ئازادی هاتنوچوون و سنووربەزاندن زۆرن. تورکەکان، ئەوی پاشان لە مێژوودا بە ناوی "ویلایەتی موسڵ" دەناسرێت، لە سەفەویەکانیان سەند. بەڵام تەنها پاش دامەزراندنی دەوڵەتی تورک، ئەتاتورک دەتوانێت ئازادیی هاتنوچوون لە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی قەدەخە بکات و بەو شێوەیە کورد لە مێژوودا بۆ یەکەم جار وەک بەدەنەیەکی نەتەوەیی لەیەک دەترازێنرێت.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا نامیلکەیەکی زۆر شایەنباس سەبارەت بە "خوێندنی سنووری نێونەتەوەیی"

International Boundary Study دەردەکەن. زانیاریەکان لەوێدا کۆنکرێت و فاکتن، بەڵام دیارە سیاسیین و ئامانجداریشن. باشترین خوێندنەوە لە سەر "ڕێککەوتننامەی زەهاو" پێدەچێت، ئەوەبێت کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ژمارە ٣٨، لە ٣ / ٢ / ١٩٦٤ بڵاوی کردووەتەوە. لەوێدا بە وردەکاریی لە سەر "ڕێککەوتننامەی زەهاو" Treaty of Peace and Frontiers between Persia and Turkey, signed at Zahab

دەدوێت. "ڕێککەوتننامەی زەهاو" لە ١٧ / ٥ / ١٦٣٩ دا لە ژێر فشاری حکومەتی بەریتانیادا بە مەبەستی سەقامگیرکردنی سنوورەکان بە سەفەویەکان و عوسمانیەکان مۆر کراوە و لە راستیدا دووبارەککردنەوەی زامنکردنی داگیرکردنی کوردستانە. پاش ڕێککەوتننامەی زەهاو، ڕێککەوتننامەی ئەرزرۆم لە ٣١ / ٥ / ١٨٤٧ دروست هەمان فەمکسیۆنی هەیە.

شایانی باسە نێوان سنووری تورکیا و ئێران کە نزیکەی ٥٠٠ کم، نێوان سنووری تورکیا و سووریا کە نزیکەی ٨٣٠ کم، و تورکیا و ئێراق کە نزیکەی ٣٥٢ کم، هەر هەمووی تەنها کوردستان دابەش دەکەن، و پێوەندی راستەوخۆیان بە:

١- شەڕی چاڵدران و ڕێککەوتننامەی ئاماسیا و...

٢- ڕێککەوتننامەی زەهاو هەیە کە ئێستایش بناخەی یاسایین بۆ دەوڵەتی تورکیا و ئێران لە سەلماندنی سنووری یەکتردا.

لە راپۆرتی ئاماژە پێدراودا، ئەو وشانەی لە رووی سیاسیی و (یاساییەوە) دەتوانن بارگەدار بن یان بارگەدارن، هەن، وەکوو "کوردستان"، "کورد" و "کوردەکان" و هەبوونی کوردەکان بە لانی کەم پێش ٣ هەزار ساڵ لەو ناوچانە و تەنانەت ئاماژە بە پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی سێڤەر کە پاشان لێی دەدوێم، دەکەن. پاش ڕێککەوتننامەی زەهاو، ٦ جاری دیکە تورک و فارس لە مێژوودا لە سەر نوێکردنەوە و درێژەدان بە ڕێککەوتننامەی زەهاو، ڕێککەوتوونەتەوە کە بە داخەوە لەبەرنەبوونی کات ناتوانم بە وردیی ئاماژەیان پێ بکەم.

هەمان وەزارەت لە سەر ڕێککەوتنی ١٥ / ٥ / ١٩٧٠ لە نێوان سووریا و ئێراق و وەبیرهێنانەوەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، دەدوێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە سایکس پیکۆ ئاماژەی چەند بارە بە مافی عەرەبەکان بۆ دەوڵەتی تاک یان بۆ کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتەکانی عەرەب پێکەوە دەکرێت، عەرەبەکان ئەسڵەن ئاگاداری وەها پەیماننامەیەک و بەڵێنگەلێکی سەرزاریی نەبوون. یەکەم جار حکومەتی بۆلشەڤیکەکان لە ڕۆژنامەی پراڤدا لە ژمارەی ٢٣ / ١١ / ١٩١٧ دا تەواوی دەقەکە بڵاو دەکاتەوە و دژ بە ڕێککەوتننامەکانی سزاری ڕووس ئەو پەیماننامەیە لە قاو دەدەن و هەروەها لە درێژەدان بە دژایەتیکردنیان لەگەڵ ئەو کارانەی سزار کردوونی و ئەمان بە دروستی نازانن، لێشی دەکشێنەوە، پاش پراڤدا، ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی "مانچێستەر گاردیان" لە ٢٤ / ١١ / ١٩١٧دا تێکستەکە بە نووسین بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبەکان بۆیان دەردەکەوێت ئینگلیز لە پشت ئەو دابەشکردنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە ڕاستییدا ڕاپەڕینی عەرەبەکان دژ بە دەسەڵاتی بێگانە لە ١٠ / ٦ / ١٩١٦ دا بە پارە و یارمەتی لوجیستیکی ئینگلیز دەست پێ دەکەن. پسپۆڕێکی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبەکان دەیانزانی ئینگلیز لە پشت ئەو کارەوەیە، هەر لە سەر وەفاداریی خۆیان بە بەریتانیا بەردەوام بوون. شایانی باسە، لە پەیماننامەی سایکس پیکۆدا کە چەندین جار باس لە مافی عەرەب بۆ دەوڵەتداریی دەکات، یەک جاریش ناوی کورد و کوردستان ناهێنێت، ئەگەرچی دابەشکردنەکان، بە دەسەڵاتی ئینگلیز و فەڕەنساش، لانی کەم بە چوار شێوەی بەڕێوەبردن خاکی کوردستان دابەش دەکات و هەروەها سەرەڕای ئەوەیش کە ئینگلیزەکان و فەڕەنسیەکان زۆر باش لە هەبوونی نەتەوەگەلی رەسەنی ناوچەکە وەکوو کورد و ئەرمەنیی و ئاسووریی و کلدانیی دەزانن و ئاگاداری ئەوەن کە لە راستییدا عەرەبەکان تا سەدەی ١٦ هەم نەیانتوانیوە لەو ناوچانە خۆیان نیشتەجێ بکەن.

پاش ڕێککەوتننامەی "سایکس پیکۆ"، دوو پەیماننامەی گەورە لە مێژوودا هەن کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کورد و کوردستان و هەروەها بە پەیماننامەکانی دیکەوە کە سەبارەت بە کوردستانن، هەیە. یەکەمیان "سێڤەر" ە و دووهەمیان لوزان ە. لە پەیماننامەی سێڤەردا The Treaty of Sèvres کە لە ٢٠ / ٨ / ١٩٢٠ مۆرکراوە و هاوپەیمانان بە تورکەکانیان ئیمزا کرد، ٧ جار ناوی کورد هاتووە و بەشی سێی پەیماننامەکە هەر بە ناوی "بڕگەی کوردستان" بە ژمارە ٦٢ هاتووە و کە هەروەها بڕگەی ٦٣ و ٦٤ یش دەگرێتەوە.

**ئەمە دەقەکەیەتی:**

### بەشی سێ. بڕگەی ٦٢ کوردستان

"کۆمۆسیۆنێک کە لە کۆنتستانتینۆپل (پاشان تورکەکان ئەو ناوەیان گۆری بۆ "ئیستەنبول" کە ئەمیش هەر ناوێکی یۆنانییە، ئایس تین پۆلین (بەرەو شار): ڕێبوار ڕەشید) و لە سێ ئەندام پێکهاتووە و لەلایەن هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا دانراوە، دەبێت لە ماوەی ٦ مانگی برەوداربوونی ئەم پەیماننامەیەدا نەخشەیەک بۆ خۆبەڕێوەبردنی ناوچە زۆرینە کوردەکان دابنێت کە دەکەونە خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات، خوارووی بەشی باشووری سنوورەکانی ئەرمێنیا کە دواتر دەستنیشان دەکرێت، و باکووری سنوورەکانی تورکیە و سووریا و میسۆپۆتامیا، بەو شێوەیەی لە بڕگەی ٢٧ بەشی دوو و بەشی سێ دا هاتووە. ئەگەر نەتوانرێت ڕێککەوتن لە سەر هەر پرسێکیان زامن بکرێت، ئەوا هەر یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە دەیگەیەنێتە دەست حکومەتەکەی خۆی. نەخشەکە گەرانتی پاراستنی تەواو بە ئاسووری - کلدانیەکان و کەمایەتیە ڕەگەزیی و ئایینیەکانی دیکە لە تەواوی ئەو ناوچانە دەدات، و سەبارەت بەم باسە کۆمیسیۆنێک کە لە نوێنەرانی بەریتانییا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، فارس و کورد پێک دێت، سەردانی ئەو شوێنە و لێکۆڵینەوە بکات و بڕیار بدەن کامە ڕاستکردنەوە، ئەگەر هەبن، دەبێت لەم سەر سنوورەی تورکدا بکرێت، و لە پرۆسەرێگای ئەم پەیماننامەیەدا، سنوورەکان لەگەڵ سنووری (ئیمپراتۆری: ڕێبوار رەشید) پارس دا بێتەوە.

### بڕگەی ٦٣

لێرەوە حکومەتی تورکیا ڕەزامەندە کە ئەم بڕیارنامانە پەسەند بکات و جێبەجێیان بکات، هەردوو هی کۆمیسیۆنەکان کە لە بڕگەی ٦٢ هاتوون لە ماوەی ناو سێ مانگدا پێوەندیی خۆیان لەگەڵ حکومەتی ناوبراودا (تورکیا: ڕێبوار ڕەشید) دەگرن.

### بڕگەی ٦٤

لە ماوەی یەک ساڵ لە برەوهەبوونی ئەم پەیماننامەیە، خەڵکی کوردستان دەبێت لەو ناوچانەی لە بڕگەی ٦٢ دا هاتوون دەنگیان بگەیەننە "ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان Council of the League of Nations" بە شێوەیەک کە تیایدا نیشان بدرێت کە زۆرینەی دانیشتووان خوازیاری جیابوونەوەن لە تورکیا، و ئەگەر ئەنجوومەن پاشان بڕوادار بێت کە ئەم خەڵکە سەربەخۆییان پێ هەڵدەسوڕێت، و پێشنیار دەکات کە سەربەخۆییان پێ بدرێت، تورکیا لێرەوە رەزامەندە کە ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکات، و کە دەست لە ناو و لە مافی خۆی لە سەر ئەو ناوچانە هەڵبگرێت.

وردەکارییەکانی ئەم پرۆسەرێگایە بۆ ئەم جۆرە ملدانە (ی تورکیا: ڕێبوار ڕەشید) دەبێت بە شێوەیەک لە ڕێککەوتننامەی جیاواز کە لە نێوان لەلایەک هێزەکانی هاوپەیمانە سەرەکیەکان و لەلایەکی دیکە تورکیادا دەبێت.

لە ئەگەری ڕوودانی ملدانێکی وادا، یان کاتێک ڕووی دا، ئەوا هیچ جۆرە دژایەتیەک لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانە سەرەکیەکان بەرامبەر بە پێکەوەبوونی دڵخوازانەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی کوردەکانی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستان نابێت کە تا ئێستا لە ناو ویلایەتی موسڵ دان."

وشەی وەکوو "دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی an independent Kurdish State"ئەو بەشەی کوردستان that part of Kurdistan " وشەگەلی سیاسین کە مانای تەواو سیاسیی و هەروەها یاساییشیان هەیە.

لە پەیماننامەی لوزان دا Treaty of Lausanne کە لە ٢٤ / ٧ / ١٩٢٣ دوو مانگ و پێنج ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیەت (٢٩ / ١٠ / ١٩٢٣)، یەک جاریش وشەی کورد و کوردستان یان ئاماژە بە پەیماننامەی سێڤەر نەهاتووە.

سەرکەوتنی تورکەکان لە شەڕەکانیاندا دژ بە ئیمپراتۆرە گەورەکانی ئەوروپا و لێدانی کۆمەڵکوژییان لە کورد، وای کرد کە بتوانن لە سەر کارتی سڕینەوەی ناوی کورد و کوردستان، سەرکەوتوو بن. بڕگەی ٣ لەم ڕێککەوتننامەیە بە پێچەوانەی سێڤەر، ڕێگا بە تورک و ئینگیلز دەدات کە لە ماوەی ٩ مانگدا لە سەر ئەو سنوورانە ڕێک بکەون. بە ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە و پەیدابوونی دۆخێکی سەقامگیر لە ئوروپا کە بۆلشەڤیکەکان حکومەتی سۆڤیەتیان چەسپاند، ئەوی پێی دەگوترێت نەتەوە دەوڵەت، لە فۆرمی ئێراق - ئێران - تورکیا - و پاشان سووریا - داسەپێندرا.

پاش لوزان، خراپترین ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیا و ئێراق ئیمزاکردنی "ڕێککەوتننامەی ئەنگۆرا" یە لە ٥ / ٦ / ١٩٢٦ واتە پاش جێگیرکردنی لوزان و سەقامگیرکردنی دەوڵەتی تورکیا بە نزیکەی ٣ ساڵ. ئەو دەم هێشتا تورکەکان فریا نەکەوتبوون ناوی شاری ئانگۆرا بگۆڕن بۆ ئانکارا. لەوێدا تورکیا و ئێراق ڕێک دەکەون کە هەریەکەیان بۆیان هەیە بە مەبەستی سەپاندنی ئاسایش تا قوولایی ٧٥ کم بچنە ناو خاکی یەکترەوە و هەروەها بۆ مەسەلەی ڕێزگرتن لە سنووری یەکتر ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی "خەتی بروکسل Brussels Line" دەکرێتەوە. بە تایبەتی تورکیا و ئێراق لە پراکتیکدا لە ڕووی سەربازییەوە ئەو کارەیان ئەنجام داوە و لە ساڵانی ڕابردووشدا سپای پاسدارانیش.

لە سێڤەردا تورکەکان ناوچەیەکی زۆر بچووکیان لە ناوەڕاستی ئاناتۆلیا پێ دەدرێت. لە لوزاندا بە کۆمەڵکوشتنی کورد تورکیایەکی گەورەی بێ ئەرمەنیی و ئاسووریی و یۆنانیش، تەنها سنوورێکیان کە نادیارە ڕووە و ئێراقە کە بە ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی "خەتی بروکسل Brussels Line" ئەو کێشەیەش لەگەڵ ئینگلیز، خۆیان گوتەنی لە کەش و هەوایەکی "دڵسۆزانە و ئاشتیانەدا" چارەسەر دەکەن.

لەو کاتەوە دەوڵەتی تورکیا بە هەموو شێوەیەک دژایەتی هەموو جۆرە سازان و پەیمانێکی ئاشتیی یان ئەگەری چارەسەری ئاشتیی بۆ کێشەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە. لەم چوارچێوەدایە کە تورکەکان تەنانەت لە کاتی سەردانیشیان بۆ وڵاتانی ئەفریقا و باکووری ئەفریقا، باس لە پرینسیپی پاراستن و ڕاگرتنی سنووری دەوڵەتیی و یەکایەتی خاک و زمان دەکەن. تێگەیشتن لە کتێبی ئیسمایل بەشکچی، بە ناوی "کوردستان: کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیی" ئەم هاوپەیمانییە بێوێنەیەی نێوان داگیرکەرانی کوردستان ڕوون

دەكاتەوە. لێرەوە، لەم هاوپەیمانییەوە دەست پێ دەكات كە توركیا و ئێراق و ئێران و پاشان سووریا دژ بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵكی كوردستان، هاوكاریی هەمەلایەنە دەكەن.

دیارە پەیماننامە و ڕێككەوتننامە زۆرن كە كەم یان زۆر پێوەندیان بە كورد و كوردستانەوە هەیە، بەڵام ئەو چوار ڕێككەوتننامەیە ئەوەمان پێدەڵێن و دەسەلمێنن كە لە ڕاستییدا لە ململانێ و كێشەیەكدا، بچووك یان گەورە، لایەنێك:

١- دەتوانێت براوە بێت، و

٢- لایەنی براوە بڕیار لە سەر سەرئەنجامەكان دەدات یان چالاكانە بەشداریی تیادا دەكات،

٣- كە پەیماننامە و ڕێككەوتننامە پیرۆز نین و دەتوانن بگۆڕدرێن و دەبن بە بەشێك لە مێژوو و لە واقیع.

لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بەشێكی شایانباس لە باشووری كوردستان و (بەشی شیعەنشینی عەرەبی باشووری ئێراق سەربەخۆیە)، لانی كەم لە مانای تێكچوونی سنووری پەیماننامەی سایكس پیكۆدا. لە دوو ساڵی ڕابردوودا شەڕی سووریا بەشێوەی دیفاكتۆ، سێ هەرێمی جودای لێكەتووەتەوە، هەرێمی كوردستان، هەرێمی عەلەوینشین، و هەرمی سوننەنشین. لە توركیا پرۆسەی ئاشتیی سەربگرێت یان نا، بەشێكی گەورە لەوی پێی دەگوترێت "كوردستان" مۆری خاوەنداریەتی كوردی لێدراوە. ئەم مۆرە خەباتێكی ئازادیخوازیی گەورە و گران كۆنكرێت ڕایگرتووە، بەڵام بە پێی هەموو پێوەرە سیاسیەكان یەكەی گەورەی سیاسیی وەكوو ئەمەریكا، یەكیەتی ئورووپا، بەریتانیا و هتاد. دەیانەوێت بەشێك لەم پرۆسە و چارەسەرە بن. دیارە لە نزیكەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بەشێكی كێشەكەیش بوون. لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەندێك ناوچەی لێدەربچێت كە تورك هاتوون و لێی نیشتەجێبوون، نزیكەی كوردستان، بە هەموو بە فارسكردن و بە ئێرانیكردنێكیشیەوە (دیارە بە ئێرانیكردنەكە مەترسیدارترە!) هەرێمێكی تا رادەیەك دیارە.

كەواتە دەتوانین پێدابگرین كە پەیماننامەی سایكس پیكۆ لە پراكتیكدا نەماوە. دوو نەتەوەی زۆر غەدر لێكراو قازانجی گەورە لەم پوكاندنەوەیەی سایكس پیكۆ دەبینن. یەكەمیان "نەتەوەی جوو"ە كە خاوەنی كۆنترین لە خەباتی ئازادیخوازیین لە ناوچەكەدا و كە لە ١٤ / ٥ / ١٩٤٨ بوون بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان؛ بەڵام دیارە هێشتا مەترسیان لە سەرە، و هەروەكوو كورد خوازیاری هەرچی زووتر لە هەڵوەشاندنەوەی سایكس پیكۆن. دووهەمیان نەتەوەی كورد و كەمەنەتەوەییەكانی كوردستانن وەكوو ئەرمەن و ئاسوور كە بە داخەوە لە سەرئەنجامی سیاسەتی ناوەندچیەتیی و ڕەگەزپەرستیی، بە ناوی برایەتیی و دەراوسێیەتی و ئیسلامگەرایی لەلایەك، و لەلایەكی دیكەوە نەبوونی یەكیەتیی نەتەوەیی تا ئێستا وەكوو گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە دونیادا ماوەتەوە.

## ئەركی كوردستانیان لە تێپەڕبوونی سەد ساڵەی سایكس پیكۆدا

- كاتێك كە داگیركەران كوردستانیان دابەش كردووە، ئەركی كوردستانیانی ئازادیخواز سڕینەوە و لابردنی ئەو سنوورانەیە. ئەوانەی لە ژێر هەر جۆرە بیانوویەكدا پارێزگاریی لەو سنوورانە دەكەن یاخود زیاتر ئەو سنووارنە دەسەپێنن، لە ڕاستییدا خزمەت بە ئامانجەكانی داگیركەریی لە كوردستان دەكەن.

- شێوەکانی ناوچەگەرایی و زیاتریش بەشکردنی ئەوی هەیە لە سەر بناخەی حیزبایەتیی، ئەوا کۆڵەکەکانی سایکس پیکۆ توندتر دەکردرێت. لەبەرئەوە ئەرکی کوردستانیان دەبێت خەباتی جەسوور و بێووچان بێت دژ بە ناوچەگەریی و زیاتر پارچەکردنی کوردستان. هەبوونی میلیسیای حیزبیی، تالانیی سامانی نەتەوەیی، دزیی و گەندەڵیی و خزمخزمێنە ئەو پێچکانەن کە تا ئێستا نەزم و هەژمۆنیی سایکس پیکۆیان لە کوردستان بە پێوە ڕاگرتووە.

- هەر ئێستا دەکرێت کە هەردوو فیدراڵیی باشوور و ڕۆژئاوا بانگەوازی یەکیەتیی فیدراڵیی یان کۆنفیدراڵیی بدەن. خەڵکی ئەو دوو بەشەی کوردستان لە کەنارگیرکەوتن و ئیسۆلەبوون و ئابلۆوقەی ئێران و تورکیا ڕزگاریان دەبێت. تەنانەت دەچنە ناو فازێکی دیکە لە پێوەندیی دەسەڵات بەرامبەر بە ئێران و تورکیا. کردنەوەی سنوور و ئازادیی هاتنوچوون و بازرگانیی و ئاڵوگۆڕ هەنگاوی دەستپێکن کە دەبا هەر ئێستا وەکوو نەفرەتکردن لەو پەیماننامە بەدناوە ئامادەی بەرقەرارکردنی بووبنایە.

- هەموو کوردستانیەکی ئازادیخواز دەبێت بزانێت کە دژایەتی سایکس پیکۆ لەوێوە دەست پێ دەکات کە کوردستان بەماڵی هەموو کوردستانییەک بزانێت، کە سامانی کوردستان هی هیچ تاکەکەس و گرووپ و حیزبێک نییە، بەڵکو سامانی خەڵکی کوردستانە، کە کوردستان دەبێت وڵاتێکی سیکولاریست بێت و جێگای هەموو ئایین و ئایینزا و باوەڕێکی تێدا بێتەوە، کە کوردستان دەبێت جێگای پلورالیزمی سیاسیی و کولتوریی بێت، کە مافی مرۆڤ و بەرابەریی ژنان و پیاوان لە کرداردا ڕەنگ بداتەوە.

- کوردستانیانی ئازادیخواز دەبێت بزانن کە هەر لایەنێک دژایەتیی خەباتی ئازادییخوازیی کورد بکات دوژمنە و بەشێکە لە نەزمی داگیرکەریی. ناو گرینگ نییە. چوار ساڵێک لەمەوبەر کەس بە خەیاڵییدا نەدەهات هێزگەلێک بە ناوی داعش و جەیش ئیسلام و ئەحرای شام و لیوای سوڵتان موراد و هتاد دروست بێت و شەڕی وەکالەت دژ بە کوردستان ئەنجام بدەن. هەروەکوو چۆن کەس دوو ساڵێک لەمەوبەر بە خەیاڵییدا نەدەهات شتێک لە ١٣ / ٧ / ٢٠١٤ دا بە ناوی "حەشدی شەعبی" لە پیاوکوژانی بەدر و کەتائیبی حیزبوڵا و ئەهل حەق و سەرایای سەلام و لیوای خۆراسان، بە تایبەتیی بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان دروست بکرێت.

تێبینی نووسەر: بەشێکی ئەم وتارە لە ٢٠١٣/٦/٢٤ لە ماڵپەڕی "هەڵوێست" بڵاو بووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی: ٥ی مەی ٢٠١٦

# ئەوەیە ڕەگی مەسەلەکە

## پیتر گالبرێیث

لە دوازدەهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی یەکێتیی ئەورووپا، تورکییە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردەکان، سێشەمە ٢٦ی ژانڤییەی ٢٠١٦

بەڕێوەبەری دانیشتن: ئیکا ئووسیتالۆ

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی

دەی با یەکەم پانێل دەست پێ بکەین. ئێمە کاتمان هێندێک کەمە، لە یەکەم پانێل دا زۆر قسەدەری هەڵکەوتوو دەدوێن. ئێمە دەمانەوێ هەر نەبێ دوای ووتارەکان هێندێک لە سەریان قسە بکرێ. جا بۆیە دەبێ دەست پێ بکەین. ئەمن لە سەرەتاوە دەمەوێ زۆر بە کورتی بڵێم کە ساڵی ٢٠١٦ ساڵێکی تایبەتییە لە زۆر رووەوە. ئەمساڵ سەدەمین ساڵی ڕێکەوتنی بریتانیا - فەڕانسەیە ، ڕێکەوتننامەی سایکس -پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ کە سنووری بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ڕایەل کرد. ئەو سنوورانەی ئەو دەمی ڕاکێشران ئێستا زیاتر لە هەمیشە کەوتوونە بەر پرسیار ئێستاکە. هەر وەها کەمتا زۆر تێوەرسووڕانەوەی ٥ ساڵە بە سەر قەیرانی سووریيە کە هیچ کۆتاییەکی ئەو قەیرانە لە ئاسۆ دا نابیندرێ سەرەرای حەولی تازەی دیپلۆماتیک لە ژێنێڤ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناکرێ زۆریش خۆشبین بین بە تایبەتی لە بەر ئەو کێشە و هەرایەی ساز بووە کە کێ دەبێ لەو کۆبوونەوانە



دا بەشداری بکا و بە تایبەتی ئەو پرسەی گەلۆ نوێنەرانی کورد بۆیان هەیە لەو موزاکەراتە دا بەشدار بن بە شێوەیەکی شیاو کە دەبێ وا بێ.

لە تورکییە دوای هەڵبژاردن لە ساڵی ڕابردوو دا، حکوومەت شەڕی خۆی بە دژی کوردەکان توندوتیژ کردووە دوای خۆ دزینەوە لە پێواژۆی ئاشتی لەبەر دەستکەوتی کورتخایەن لە هەڵبژاردن دا. سەیرە هێشتا تورکییە بەردەوامە لە سەر ئەوەی کوردەکان بە دوژمنی سەرەکی خۆی بزانێ تەنانەت زیاتر لە دەوڵەتی ئیسلام عێراق و شام، داعش، کە تورکییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتی پێ کردووە بۆ ئەوەی دەستی باڵای هەبێ لە سوورییە و لە عێراق دا. ئەمن دەڵێم ئەگەر حکوومەتی تورکییە لە جیاتی ئەو سیاسەتە هەڵانەی کە ئێستا وەپێشی گرتووە درێژەی دابا بە پێواژۆی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان و لەگەڵ کوردەکان هاوکاری کردبایە و هێزی خۆی خستبا پاڵ هێزیان، بۆ شەر بە دژی داعش تورکییە ئیشتا زۆر شوێنێکی هێدی تر دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە و هێشتا درەنگ

نەبووە بۆ گۆڕان بەڵام ئەوە حەوجێی بە لێهاتوویی سیاسەتمەدارانە هەیە کە پێشتر ڕامۆس- ئۆرتا ئەو بەیانییە لێی دووا. ئەمن بۆخۆم هەمیشە پشتیوانیم لەوە کردووە کە تورکییە ببێتە ئەندامێکی یەکێتیی ئورووپا. دە داخەوە لە ناوخۆی یەکێتیی ئورووپا دا ئیرادەیەکی ڕاستە قینەی سیاسی نەبوو کە لەگەڵ تورکییە دانوستان بکا لە سەردەمێک دا کە لەوانەبوو گرینگ بێ. ئێستا سیاسەتەکانی تورکییە لە کێشەیەکی ئاشکرا دان لەگەڵ بایەخەکانی ئورووپایی لە مەڕ مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی بەیان و مافی کەمایەتییەکان. لە کاتێکدا کە ئەمن هێشتاش پشتیوانی دەکەم لە پێوەندی ئافرێنەرانەی یەکێتیی ئورووپا لەگەڵ تورکییە، ئەوە نابێ بەشێوەیەکی ئاوا بێ کە بەهایانە پێشێل بکرێن. قەیرانی پەنابەران نابێ ببێ بە هۆکارێک بۆ نەهێشتنی ئەو شتانەی تورکییە پێویستە بیانکا و یەکێتیی ئورووپا ناتوانێ سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستای تورکییە بێ دەنگ بێ. هەر وەک لە سەرەتاوە باسم کرد لێرە پانێلێکی هەڵکەوتوومان هەیە ، جا بۆیە ئەمن دەمەوێ بە یەکەم پانێلیستەوە دەست پێکەین، ئەویش پیتر گالبرێیتە. گالبرێیث نووسەر، ئاکادێمیک، لێکدەرەوە، سیاسەتمەدار، ڕاوێژکاری سیاسی و دیپلۆماتی پێشووی ئەمریکایی یە. لە کۆتاییەکانی ۱۹۸۰ کان و سەرەتای ۱۹۹۰کان دا یارمەتی کرد بۆ ئاشکرا کردنی گازبارانی کوردەکان بە دەست سەدام حوسێن. لە ساڵی ۱۹۹۳ تا ساڵی ۱۹۹۸ ئەو یەکەم سەفیری دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە کرۆاسی کە لەوێ ئەو هاو ناوبژیوان و مێعماری سەرەکی ڕێکەوتننامەی ئێردوت بوو لە ساڵی ۱۹۹۵ دا کە ئەوە کۆتایی هێنا بە شەڕ لەو وڵاتە دا. لە سەرەتای ۲۰۰۳وە ، گالبرێیث ڕاوێژکاری حکوومەتیی هەرێمی کوردستان بوو. وەکوو نووسەر و لێکدەرەوەیەکی سیای ئەو جەختی کردەوە کە عێراق لە بەر یەک هەڵوەشاوە و کاربەدەستانی داگیرکەری دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێ حەول بدەن بۆ دروستکردنەوەی حکوومەتێکی ناوەندی بەهێز لە سەر حیسابی ئاواتی کوردەکان. لە ساڵی ۲۰۰۹، گالبرێیث کرا بە جێگری نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەفغانستان و لەوێ یارمەتی کرد بە ئاشکرا کردن و ڕوو خستنی ئەو فێڵ و گزییە بەربلاوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ساڵی ۲۰۰۹ دا کرا بوو. ئەمڕۆ ئەو لەم کۆنفرانسە دا سەبارەت بە پێویستیی دەوری ئافرێنەرانەی هێزە ڕۆژئاواییەکان لە هەرێم دا قسە دەکا. فەرموو بەڕێز گالبرایت قسە ئی ئێوەیە!

پیتر گالبرێیث : زۆر سپاستان دەکەم و بە تایبەتی سپاسی کاریانا وێسترهایم و گشت ئەو کەسانە دەکەم کە ئەم کۆنفرانسەیان ڕێک خستووە. ئەمن دەرفەتی ئەوەم هەبوو لە یەکەم کۆنفرانس لە ساڵی ۲۰۰٤ دا قسە بکەم. ئەمن خۆشحاڵم کە ئەوە جارێکی دیکە هاتوومەتەوە ئێرە. ئەگەرچی ئەمن حەول دەدەم لە عینوانی کۆنفرانسەکە بدوێم" قەیرانە کۆنەکان، و ڕێگا چارەسەرییە نوێیەکان"، بە بیرو ڕای من ئەوە قەیرانێکی کۆن نییە، قەیرانێکی نوێ یە چونکە زنجیرەیەک ڕووداوی تازەن بە دوای یەک دا کە ئێمە لەگەڵیان بەرەو ڕوو هاتووین و زۆر جیاوازن لەو شتانەی کە لەگۆڕێ دا بوون دوازدە ساڵ لەمەو پێش کە یەکەم کۆنفرانس بەسترا. بیست و پێنج ساڵ لەمەو بەر یەکەم ڕێکەوتنی وا لە دوای شەڕی جیهانی دووەم لە ئورووپا کرا بوو هەڵوەشا. واتە هەڵوەشانی دەوڵەتانی فرە نەتەوە کە لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەم دا ساز کرابوون، یۆگۆسلاوی، چێکۆسلۆواکی، و یەکێتیی شووڕەوی. لە ڕاستیدا لە ۱۹۹۱ وە تا ئەمڕۆ ۲٤ دەوڵەتی تازە لە ئورووپا سەریان هەڵداوە و هەر وەک مۆدێراتۆری ئەم پانێلە ئاماژەی پێکرد ئێمە ئێستا سەد ساڵەی ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکۆ پێرۆز دەکەین، دیارە پیرۆزی ناکەین بەڵکوو وەبیری دەهێنینەوە. چارە سەرییەک کە زۆر کەمتر عەقڵانی بوو لەوەی کە لە ئورووپا کرا دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی. چونکە هەر چۆنێک بێ یەکێتیی شووڕەوی، چێکۆسلۆواکی و یۆگۆسلاوی هەر نەبێ بە دەستی هێندێک لە دانیشتووانی ئەو شوێنانە دامەزرێندران و لە مەڕ چیکۆسلۆواکی و یوگوسلاوی زۆری دانیشتووان لە دامەزراندنیان دا بەشدار بوون، لەکاتێکدا ئەو چارەسەرییەکی کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژهەلاتی نێوە ڕاست هاتە مەیدانێ بە دەستی ئورووپایی نەزان کران: مارک سایکس کە پێشنیاری ئەو پەیمانەی کرد بوو تەنێ

باسی ئەوەی کرد بوو لە سەر نەخشە هێڵێک بکێشرێتەوە لە پیتی ئی لە ئاکرێ یەوە تا دوایین پیتی " ک " لە کەرکووک، دەی ئەمڕۆ سنوورەکان چۆنن هێڵێکی ئاسن لێکی دابڕیون و ئەو هێڵانە هێڵی ڕاستن. جا بۆیە سەیر نییە کە ۱۰۰ ساڵ دواتر کە ئەو ڕێکەوتنە گشتی خەریکە لە بەر یەک هەڵدەوەشێ. با بزانین بەچ شێوەیەک لە بەریەک هەڵدەوەشێ؟ لەو هەرێمە دا لە باکوورەکەی کوردەکان هەن، لە تورکییە، لە کوردستانی عێراق، نا لە عێراق و سوورییە، لە عێراق لە باکوور و لە ڕۆژهەڵات هاو تەریبی سنووری باکووری سوورییە. لە خوارووی وی سوننییەکان هەن لە عێراق کە دەکەونە ڕۆژئاوای سوورییە و ئەو جار لە باشووری عێراق و لە سەرەوەی ڕۆژئاوای سوورییە و لوبنان شیعەکان یان عەلەوییەکان دەژین. بە کورتییەکەی عێراق و سوورییە لە سەر بنەمای ئەو هێڵانە دابەشکراون. عێراق چیدیکە وەک دەوڵەت بوونی نییە، کوردستانی عێراق لە وەتا ساڵی ۱۹۹۱ جوێ بووە بەڵام زۆر لەوە گرنگتر ئەوەیە ئیدی ڕێبەران لە بەغدا چبڕ نایانەوێ کە کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بێ و ئەو مەسەلەیە لە هاوینی ساڵی ۲۰۱٤ زۆر بە ڕوونی دەرکەوت. لە مانگی ژوەنی ساڵی ۲۰۱٤ داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام) مووسڵی گرت و دوایە بە دەست بە سەر داگرتنی ئەو چەک و تەقەمەنییەی کە قیمەتیان لە چەندین دەیان هەزار بیلیۆن دۆلاری ئەمریکایی تێدەپەڕاند و ئەمریکا دابووی بە عێراق، هێرشی کردە سەر کوردستان، بەشێک لە عێراق کە بە پێی قانوونی بنەڕەتی عێراق وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بە ڕەسمی ناسراوە کە بەشداری کردووە لە حکوومەتی ناوەندی دا لە بەغدا. باشە ووڵام حکوومەتی عێراق لە ئاست ئەو هێرشە چ بوو، هەڵوێستی سەرۆک وەزیر چ بوو؟ ئەو سنووری هەوایی کوردستانی بۆ گواستنەوەی بار داخست ، بۆچی؟ بۆ ئەوەی نەکرێ چەک و پێداویستی نیزامی بە ڕێگای هەوایی دا بگوێزرێنەوە بۆ کوردستان بۆ بەرگری کردن لە شوێنێک کە بە پێی قانوونی بنەڕەتی بە بەشێک لە وولاتەکە دادەندرێ و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕێکخراوەیەکی تێرۆریستی. بەڵگەی دیکەی کە دەیسەلمێنن عێراق خەریکە لە بەر یەک هەڵدەوەشێ، ئێستا یەکە میلیۆن و نیو عێراقی غەیرە کورد لە کوردستانی عێراق دەژین، حکوومەتی عێراق دەکرێ بڵێین هیچیان ناداتێ پێی بژین. بۆ چی؟ چونکە ئەوان کەمایەتین و سوننی ن، شیعە نین. جا کەمتا زۆر لە بەریەک هەڵوەشانی عێراق سەلماوە. دوای هێرشی ساڵی ۲۰۰۳ی ئەنریکا بۆ عێراق، دەوڵەتە یەکگرتووەکان و هێزە ئوروپاییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەنگی بەرز پشتیوانی خۆیان لە یەکێتیی عێراق ڕاگەیاند ، بەڵام ئێستا، هیچ کەسی کە لە دەسەڵات دا بێ، لە ئاستی بڕیار دان دابێ لە مەڕ سیاسەت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەمن پێم وایە لە ئوروپاش بە زەحمەت کەس دەبینەدرێتەوە، تەنانەت ڕووسییە و وولاتانی عەرەبی سوننی ش کە باوەری بە یەکێتیی عێراق هەبێ. سەربەخۆیی کوردستان تەقریبەن بووە بە شتێکی تەشریفاتی، بەستراوەتەوە بە ئەنجامدانی ڕێفراندۆمێک کە هێشتا ڕا نەگەیێندراوە کەنگێ دەکرێ. ئاشکرایە لێرە دا دەوری هێزی دەرەوەیەش دەبێ باسی لێوە بکرێ، هەر کە هاتوو ئەو ڕێفراندۆمە کرا، ئەمن هیوادارم ئەمساڵ بکرێ - چونکە ئەمن پێم وایە ئەوە مەنتقێکی زیاتری تێدا دایە کە زووتر بکرێ و وەنەخرێ - و زۆر زوو بە دوای ئەوە دا بە ڕسمی ناسینی دیپلۆماتیکی دەوڵەتی تازە دێتە گۆڕێ. سوورییەش لە بەر یەک هەڵوەشاوە و ئاکامی پێواژۆی ئاشتی هەرچییەکی بێ ناکرێ دەوڵەتی سوورییە وەکوو دەوڵەتێکی یونیتێر دابمەزرێندرێتەوە. ئەوە مانای ئەوە نییە وەک عێراق دەبێ کە بە دوو یان سێ دەوڵەتی کە لەئاستی نێو نەتەوەیی دا بە ڕەسمی دەناسرێن دابەش دەبێ. بەڵام وەک دەوڵەتێکی تاقانە وەسەریەک ناخرێتەوە بەو مانایەی کە دەستەڵاتێکی حکوومەتی سەرتاسەری هەبێ لە پێتەخت کە کۆنترۆڵی خۆی بە سەر وولات دا دامەزرێنێ.

جا ئێستا ئەگەر باسی ئەوە بکەین کە ئۆپۆزیسیۆن لە سوورییە کێنە؟ هەڵبەت بەشی هەرە زۆری خاکی سوورییە و "دانیشتوان"ی ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام، داعش دایە. دوای ئەو ئەو هێزەی کە بەشی هەرە زۆری خاکی لە بن دەست دابێ بە شێوەی سەرەکی ئیدارەی کوردیی ڕۆژئاوایە کە وەک دەزانن ئەو ئیدارەیە بە تەواوی هەر کوردی نییە و ٤ [ ۳، وەرگێڕ] کانتۆنە لە

سەر سنووری تورکییە، دوایە کنارەیەکی دەریایمان هەیە و بەشێک لە پێتخەت دیمشق، پێم وایە بەشی هەرە زۆری هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت [ ی بەشار ئەسەد ، وەرگێڕ] دایە. بەشە ڕۆژئاوای سوورییە کە لە بن کۆنترۆلی تێکەلاوێک لە ئۆپۆزیسیۆنە ئیسلامییەکان دایە کە نە داعشن و نە جەبهەتولنەسرە. بەڵام دوای ٥ ساڵ لە شەڕی نێوخۆیی ئاشکرایە کە کوردەکان کە بە ماوەی ساڵان گەلی سەرکوتکراو و بەشخوراو بوون لە سوورییە کە تەنانەت ناسێنەشیان بە ڕەسمی نەدەناسرا ،ئەوە بە نێوی ڕەسمی وولاتەکەوە بە جوانی دیارە " جمهووری عەرەبیی سوورییە". دیارە کوردەکان قەبووڵ ناکەن دەستەڵاتی حکوومەتی نێوەندیی بە سەریان دا بسەپێندرێتەوە و بە دڵنیاییەوە ئامانجیان بەردەوام بوون و درێژە کێشانی تەجرۆبەی خۆ بەڕێوەبەرییانە. عەلەوییەکان کە لایەنگری لە حکوومەت دەکەن لەوە دەترسێن بێتوو ئۆپۆزیسیۆن سەر کەوێ واتە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە لە ریاز پێک هاتووە، ترسی ئەوان ئەوەیە ڕووبەڕووی جێنۆساید ببن، ئەمن هەر باسی ئەوە ناکەم بە دەست حکوومەتی ئیسلامی تەنانەت گۆیا ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی میانەڕۆش کە لە لایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و تورکییە، عەرەبستانی سعوودی و قەتەرەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ. قسەش هەر ئەوە نییە کە عەلەوییەکان سەر وە ڕێژیم وە حیساب دێن لە بەر ئەوەی ئەسەد و ڕێبەرە باڵاکانی ڕێژیم عەلەوی نە، بەڵکوو لە بەر ئەوەشە کە ئەوان بە لە دین وەرگەڕاو دادەندرێن لە لایەن ئیسلامییەکانەوە، جا دوو ڕێگا لە بەر دەم خۆیان دا دەبینن یان درێژە دان بە حکوومەت کردن یان بۆ مانەوە و پاراستنی خۆیان دەستکردنەوە و دامەزراندنەوەی سوورییەکی یونیتێر و یەکگرتوو. درووزییەکان حەولیان داوە خۆیان بپارێزن و ئاوری شەڕ نەیانگاتێ بەڵام ئەوانیش هۆی ئەوەیان هەیە بترسێن بێتوو ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی سەر بکەوێ، مەسیحییەکانیش هەر وەتر. لە ناو ئەو ئاڵۆزی و تێکەولێکەییەی سوورییە دا، داعش و جەبهەتولنەسرە سەریان هەڵێناوە و ئەوە شتێکە کە کشاوەتە نێو عێراقیش. بە دڵنیاییەوە داعش گرووپێکی تێرۆریستی یە و زۆر زۆر بە تواناترە لە ئەلقاعیدە چونکە خاکێکی زۆری لە بن کۆنترۆڵ دایە کە ئەلقاعیدە قەت ئەو جۆرە کۆنترۆڵەی بە سەر خاک دا نەبووە، بەڵام وەک ئەلقاعیدە ئەو تواناییەی لە خۆ نیشان داوە کە لە وولاتانی ڕۆژئاوایی دا هێرش ئەنجام بدا.

جا لەو هەرێمەی دا کە شکڵی گۆڕاوە هەم کوردەکان و هەم تورکییە دەوری گرینگیان هەیە. لە عێراق پێشمەرگە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا بوون لە نەبەرد بە دژی داعش دوای شکانی ٢٠١٤، ئەو شکانەی کە لە بەر ئەوە قەوما کە داعش چەکدار کرا بە چەکی هەرە پێشکەوتووی ئەمریکایی کە لە ئەرتەشی عێراقی وەدەست هێنا بێ ئەوەی شەڕێک بکرێ، ئەوە شکانێکی گەورە بوو، بەڵام بە پشتیوانی هێرشی هەوایی ئەمریکا و هێرشی هەوایی هاوپەیمانان پێشمەرگە هەموو ئەو خاکانەی گرتەوە کە داعش داگیری کرد بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە بڕیار دەدەن بۆ دارشتنی سیاسەتی ئەمریکا درێژە دەدەن بە سیاسەتێک کە کەس باوەڕی پێی نییە بەڕێگەی پشتیوانی لە حکوومەتی ناوەندی [ لە عێراق ] و بۆیەش درێژە دەدەن بە چەکدان بە گۆیا " ئەرتەشی عێراق"، هەڵبەت ئەوە ئەرتەشێکی عێراقی نییە، بەڵکوو ئەرتەشێکی شیعەیە و ئاکامی ئەوەیە کە درێژە دەدرێ بە چەک پێدان بە دەوڵەتی ئیسلامی بە ڕێگای ئەرتەشی عێراق دا. لە ڕاستیدا ماوەیەکی کورت لەمەو پێش کاریکاتۆرێکی جوان لە گۆڤاری ساتێریکی " ئۆنیۆن " دا بڵاو کرایەوە کە پێشنیازی دەکرد ڕاستەوڕاست چەک بدرێ بە دەوڵەتی ئیسلامی لە جیات ئەوەی بە ڕێگای ئەرتەشی عێراقەوە ئەو کارە بکرێ. لە سوورییە، بزووتنەوەی کوردەکان، تا ڕادەیەک جیاوازە لە بزووتنەوەی بەربڵاوتری کورد. تەڤ - دەمی ڕۆژئاوا، بزووتنەوەی سۆسیال دێموکرات، پارتیی یەکێتیی دێموکراتیک، گرووپی ئاوای کە بابڵێین سەر بە پ.ک.ک. ن نیشانیان داوە کە شەڕکەری هەرە کاریگەرن بە دژی داعش و هەر وەها بوون بە هاوپەیمانی سەرەکی ڕۆژئاوا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. و ئەوەش لە ڕاستیدا یەک لە زنجیرەیەک پێشوەچوونی هەرە سەرنجڕاکێشە، شتێکی کە چەند ساڵ لەمەوپێش نەدەکرا پێشبینی بکرێ. ئەمن لێرە دا تەقدیری هەرە زۆری سەرۆک کۆمار ئۆباما و ئیدارەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەم لەبەر ئەوەی لەو کاتەی

دا كە كۆبانی لە مەترسی كەوتن دا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵكەی كە دیفاعیان لە كۆبانێ دەكرد لە لایەن توركییەوە بە هەمان شت دادەندران وەک پ.ک.ک، و زۆربەی لێكدەرەوان ئەوانیان بە هاوپەیمان و سەر بە پ.ک.ک. دەناساند، بێ ئەوەی دەرفەت بدرێ خەسارێكی هەرە زۆری ئینسانی بكرێ، و كارەساتێكی ئینسانی بقەومێ بە سەركەوتنی دەوڵەی ئیسلامی، ئیدارەی ئۆباما گوێی نەدایە توركییە، هێزی هەوایی ئەمرێكای وەگەڕ خست بە دژی داعش و یارمەتی پارێزەرانی قارەمانی [ كۆبانێ ] ی كرد لە سەر زەوی بۆ ئەوەی بە سەركەوتووییەوە دیفاع لە كۆبانێ بكەن و لە هەشت مانگی كە بە دوویدا هات بەشی هەرە زۆری ڕۆژئاوا لە داعش پاک كرایەوە، لە ڕاستیدا بە دڵنیاییەوە دەكرێ بگوترێ تەقریبەن بەشی هەرە زۆی ئەو خاكەی لە سوورییە لە داعش ئەستێندراوەتەوە كەوتووەتە بەر دەست یەپەگە و یەپەژە واتە هێزە نیزامییەكانی كوردەكانی سوورییە. دیارە ئەو یارمەتییە هەر هێرشی هەوایی نەبوو، لە هەواوە یارمەتی چەكیش كرا و ئێستا جێكردنەوەی تاقە هێزی ئەمریكایی لە سوورییە كە لەوێ لە گەڵ [ئیدارە]ی ڕۆژئاوا كار دەكەن.

با بێینە سەر توركییە. دەوری توركییە لە گشت ئەمانە دا چاوڕاكێش بووە. یەكەم توركییە دەوری سەرەكی گێڕاوە و دەگێڕێ بۆ ئەوەی كە كوردستانێكی سەربەخۆ بكا بە شتێكی مومكین لە سەر خاكی پێشووی عێراق. توركییە سەرچاوەی سەرەكی سەرمایە وەگەرخستنە لە كوردستانی عێراق، هێڵكی گواستنەوەی دروست كردووە كە دەرفەتی داوە بە كوردستانی عێراق نەوتێكی زۆر هەناردەی دەرەوە بكا كە دەتوانێ وەک دەوڵەتێكی سەربەخۆ بیهێڵێتەوە بە ووتەیەكی دی، كوردستانی عێراق لە ئاكامی هەبوونی هێڵی گواستنەوەی تورک دەتوانێ ئەوەندەی دەكرێ داهات بە دەست بخا لە فرۆشتنی نەوتی خۆی، هەر ئەوەندەی كە دەكرا وەدەستی بهێنێ ئەگەر لە عێراق دا مابایەوە و ئەگەر عێراق بەشە نەوتی كوردستانی دابایە كە هەڵبەت دیارە نایدا. باشە ئەردۆغان و توركییە چما ئەوەیان كرد؟ بەشێكی لەبەر ئەوە بوو ئەو دیمەنەی كە لە وولاتانی ڕۆژئاوا لە بەرچاوی خەڵک بوو ئەوە بوو كە بێتوو هەر جۆرە دەوڵەتێكی كوردی هەبێ ئەوە بە مانای نەمانی توركییەیە، ئەردۆغان دەستی یارمەتی درێژ كرد و لە ڕاستیدا كوردستانی عێراقی وەخۆ كرد و ویستی نیشان بدا ئەوە ناوچەیەكە لە جەغزی بەرژەوەندیی گەورەتری توركییە دا، جەغزی ئابووری. ئەوە لە ڕوانگەی حكوومەتی هەرێمی كوردستانەوە پێشوەچوونێكی زۆر بەدڵ بوو، بە ووردی هەر لە بەر ئەوەی دەگاتە سەربەخۆیی و تەنانەت بە قسەی كاربەدەستانی توركییەش سیگناڵی ئەویان داوە ئەوان مافی خەڵكی كوردستانی عێراق قەبووڵ دەكەن داهاتووی خۆیان بە دەست خۆیان دیاریی بكەن.

لە سوورییە دەوری توركییە زۆر جیاوازتر بووە. لە سوورییە گەشەی بە شەڕی نێوخۆیی داوە و دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ تاكوتەرای تیژڕەو. شەڕكەرانی بێگانە كە هاتوونە سوورییە و لەوێ شانبەشانی دەوڵەتی ئیسلامی و جەبهەتونەسرە شەڕ دەكەن تەقریبەن هەموویان بە ڕێگای توركییە دا گەیشتوونەتە ئەوێ. و ئاشكرایە ئەوە شتێكە دەوڵەتی توركییە لێی ئاگادار بووە و جێی واق وڕمانێكی زۆر نییە. لەوەش دەرچێ بەشێک لە دەستە چەكدارەكانی ئۆپۆزیسیۆن واتە ئەو گرووپەی لە ڕیاز پێک هات و دەستەی نوێنەرایەتی یەكگرتووی ساز كرد [ بۆ بەشداریی لە كووبوونەوەی ژێنێڤ دا ] زۆربەیان توركییە یارمەتییان دەدا و لە توركییە مەقەڕیان هەیە و دەحاوێندرێنەوە. و ئەمن هەر ئێستا باسی دەكەم كە ئەوە بۆچی گرینگە. و هەڵبەت توركییە ڕایگەیاندووە كە دامەزرانی هەرێمێكی كوردی لە باكووری سوورییە قەبووڵ ناكا و هێندێک هێرش كراوەتە سەر " ڕۆژئاوا"، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە دەوری توركییە لە سوورییە وای لێ هاتووە كە بارو دۆخی كوردیی لە توركییە گۆڕیوە. و ڕەنگە نوختەی ئەو وەرچەرخانەش هەر كۆبانێ بێ. لە كاتێكدا حكوومەتی تورک تانكەكانی ڕووبەڕوو و لە سەر كۆبانێ دامەزراندبوو و هیچی نەكرد لە

کاتێکدا شارەکە خاپوور دەکرا. ئەو کردەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە دەنگدەران کە پشتیوانییان لە ئاکەپە دەکرد لە دژی ئاکەپە هەڵگەڕێنەوە و بە بوونی ڕێبەری هەدەپە و هاوڕێم جەنگیز [ چاندار ] لەو پانێلە دا ئەگەرچی بۆم نییە وەک لێکدەرەوەی بارو دۆخی تورکییە خۆم دەرخەم، بەڵام پێم وایە ئەوان لەگەڵم ڕێکن کە دۆزی کۆبانێ لەو ڕووەوە هۆکارێکی گۆڕان بوو. و ئەوەش بە نۆرەی خۆی دوای ئەوەی کە هەدپە هاتە نێو پارڵمان، کاتێک کە ئەردۆغان زۆربەی دەنگی لە هەڵبژاردن لە دەست دا بۆ ئەوەی پارتییەکەی بە سەر خۆی حکوومەت پێکەوە بنێ، ئەمن پێم وایە ئەوە بووە هۆی بڕانی دڵتاوێنی موزاکەراتی ئاشتی لە نێوان پ.ک.ک و حکوومەتی تورک دا. و هەڵگیرسانەوەی شەڕ.

بەڵام ئەو شەڕە جیاوازە لەو شەڕەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٩٩ کرا. شەڕی ئەو دەمی لە دەرەوەی شاران بوو ، لە بناوانەوە سەرهەڵداوانی کورد - و ئەمن پێم وایە ئەوە هەڵەیە بگوترێ گرووپی تێرۆریستی، ئەوە سەرهەڵدانێکە و شتێکی جیاوازە - ، لاپەڕەیەکیان هەڵ گرتووە لەوەی کە لە سووریە ڕادەبرێ و لە نێو شاران دا شەڕ دەکەن و ئەوە زەحمەتە بۆ حکوومەتی تورکییە لەگەڵی ڕووبەڕوو بێتەوە. و دوا قسەم پشتیوانی لە داعش بە دژی تورکییە هەڵگەڕاوەتەوە و ئێستا داعش قەپ بە تورکییە دا دەکا، هێرش لە نێوخۆی تورکییە ئەنجام دەدا، هێرشی سورووچ، هێرش لە ئانکارا و هێرش لە سوڵتان ئەحمەدی ئەستەنبووڵ بۆ سەر ناوچەیەکی توورستی کە بێ ئەملاو ئەولا شوێنێکی تێکدەرانە دەکاتە سەر تورکییە. زۆر بە خێرایی ئاماژە بە پنکتێک بکەم. باشە لە ناو هەموو ئەوانە دا پێویستە چ بکرێ؟ ڕیشەی ئەو کێشانە، شەڕە لە سووریە بۆیە دەبێ چارەسەرییەک بۆ شەڕ لە سووریە بدۆزرێتەوە و دیارە ئەو ڕێگا چارەسەرییەش ڕێگاچارەسەرییەکی نیزامی نییە. جا بۆیە هەرچەندی ئەو پێواژۆیەش کە ئێمە هیوادارین ڕۆژی جومعە لە ژێنێڤ دەست پێ بکا زەحمەت و دژواریش بێ ئێمە دەبێ هیوا دار بین کە بەرەو پێش بچێ، بەڵام ئەوە دەبێ بە بەشداری هەموو لایەنە سەرەکییەکان بکرێ لە دەوری مێزی موزاکەرە. موزاکەرەیەکی کە هەر لە نێوان حکوومەتی سووریە و ئۆپۆزیسیۆنی ڕیاز بکرێ و کوردەکانی سووریە و هاوپەیمانەکانیان دەربهاوێژێ و بخاتە پەراوێزەوە ئاشتی مسۆگەر ناکا. هەڵبەت کوردەکانی سووریە لێیان دەوەشێتەوە و مافی خۆیانە لە دەوری ئەو مێزە بن، ئەوان شەڕکەرانی سەرەکی بوون بە دژی تێرۆریزم [ چەپلەی ئامادە بووان .. ]. ئەو قسەیەی من چ پێوەندی بە دروست و هەڵەوە نییە، سپاس، ئەمن دەمەوێ بڵێم ئەم ئارگومێنتە شتێکی ئەخلاقی نییە، ئارگومێنتێکی ئەخلاقی نییە بەڵکوو ئارگومێنتێکی پراگماتیکی و بە کردەوەیە و ئەوە ئارگومێنتێکی پراگماتیکی یە لە سەر دوو بنەما. یەکیان ئەوەیە کە مرۆڤ چاوەڕوانی چ جۆرە چارەسەرییەک دەکا لە سووریە ؟ سووریە وڵاتێکە کە لە سەدا شێستی عەرەبی سونی یە و لە سەدا چلەکەی دیکەشی مەسیحی، درووز، عەرەبی عەلەوی و کوردەکانن کە تا ڕادەیەکی زۆر سێکیولارن، بەڵام زۆر لە سوننییەکانیش سیکولارن. جا بۆیە بە پێچەوانەی عێراق کە بەئاشکرایی زۆربە هەبوو بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی عەرەبی شیعە، لە سووریە دا زۆرابەیەتییەک نییە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی ، بەڵام ئەگەر ئێوە موزاکەرەیەکتان هەبێ هەر لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ڕیاز و ڕێژیم دا ئەوە ئاکامی دەبێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵام ئەگەر کوردەکانی تێدا بێ ئەوە شتێکی دیکەیە، ئەوان لەگەڵ چین؟ لەگەڵ سێکۆلاریزمن، نەک ئەوەی کە دژی دابەش بوونی تائیفی ن بەڵکوو سیکولارن و لایەنگری جودا کردنەوە کلیسا یان مزگەوت لە دەوڵەتن، ئەوان لەگەڵ یەکسانی پیاو و ژن دان، کە ئەوە نەک هەر بە سەری خۆی دروستە، بەڵکوو کاتێک ژنان لە کۆمەڵێک دا مافی تەواوی خۆیان هەبێ، کۆمەڵ دەگۆڕدرێ و ئەگەر ئێوە بچنە ڕۆژئاوا، ئەمن هەتا ئێستا سێ جار چوومەتە کوردستانی سووریە لە ماوەی ساڵی ڕابردو دا، لەوێ دەبینن کە پیاوان و ژنان لە دەزگای قانوونیان دانان دا ژمارەیان وەک یەکە، هاو سەرۆکوەزیر هەن لە هەر کام لە کانتۆنەکاندا ژنێک و پیاوێک، دەبێ ئێمە سادق بین، مەبەست ئەوە نییە بڵێم هەموو کەس یەکسانە لەوێ، بەڵام دەوری لە زێدەی ژنان هەتا بڵێی گرینگە. هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە شەڕی ئەو وڵاتانە لە سەر بنەمای

ئێتنیکی یان دینی مەکەن. و ئەگەر [ لە ژێنێڤ ] هەر دەستەی نوێنەرایەتیتان لە نێوان دوو لایەنی شۆوێنیست دا هەبێ واتە ڕێژیم و خەڵک لە ریاز ئێوە ناگەن بە سوورییەکی دەربەر، پلووڕالیست کە دەبێ هەتان بێ نەک وەک ماڵ هەر بۆ کوردەکان بەڵکوو بۆ مەسیحییەکان و درووزەکانیش. لەبەر ئەو ئاکامانەی کە ئێوە دەتانەوێ لە سووریە پەیدا بن دەبێ کوردەکانی سوورییەش لە دەوری مێزی موزاکەرە هەبن، شتێکی کە بە هەڵکەوت هەم ئیدارەی ئۆباما و هەر وەها ڕووسەکان دەیانەوێ. تورکییە دژێتی و بە بۆچوونی من هەر دوو وولاتەکان ئامادەن گرینگی نەدەن بە قسەی تورکییە، کێشە ئەوەیە گشت ئەو گرووپانەی کە پشتیان بە تورکییە بەستووە و چاو لە دەستی ئەون، دەکرێ بە هاسانی پێیان بگوترێ خۆتان نیشان مەدەن، ئەگەر بێن چبر پشتیوانی دیکەتان لێ ناکرێ و چ پێواژۆیەکی ئاشتی دەست پێ ناکا. ئەوەیە ڕەگی مەسەلەکە. هۆی دووهەمی کە دەبێ هەموو لایەنەکان لە ژێنێڤ بن ئەوەیە ئەگەر کوردەکانی سوورییە دەر بهاوێژرێن ئەوان بژاری دیکەیان هەیە، ئەوان دەتوانن دەست بە موزاکەرەی لە مەڕ خۆیان بکەن بۆ نموونە لەگەڵ حکوومەت، ئەگەر ئەوان ناچار بن ئەوە بکەن. ئەوە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە نە پێویستە لەبری ئاشتی ئامادە بێ خاوە و ئیمتیاز بدا و بسازێ. جا لە بەر ئەو هەموو هۆیانە دەبێ پێواژۆیەکی ئاشتی بۆ سوورییە بێتە گۆڕێ، نەک لە ڕووی ئەخلاقییەوە، بەڵکوو بۆ گەیشتن بە ئاکامی ئەوتۆی کە هەموان بگرێتەوە. پنکتی دووهەم ئەوەیە، دەی با ڕاستیی عێراق قەبووڵ بکەین، با لە ئاستی نێونەتەوەیی دا ئاکامی ئەوەی لەوێ دەقەومێ بە ڕەسمی بناسرێ بە هەبوونی کوردستانی سەربەخۆشەوە و دوا قسەم ئەوەیە کە تورکییە وولاتێکی گەورەیە ، لە بەهاکانی ڕۆژئاوایی دا خۆی بە شەریک دەزانێ، وەکوو زۆر لە وولاتی گەورەی دیکە گیرو گرفتی جیدی هەیە، وولاتەکەی منیش هەیەتی ، لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەو گێرە وکێشانەی کە لە ساڵانی ١٩٦٠ کان و حەفتاکان دا لە مەڕ ئازادییە مەدەنییەکان هەمان بوو، پاشماوەی دنیا مافی خۆی بوو ڕەخنە لە ئێمە بگرێ، هەر وەها ئەوە دروستە بۆ ئێمە کە لەگەڵ تورکییە دا دانوستانمان هەبێ بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر نەک هەر مافی مرۆڤ لە تورکییە، بەڵکوو بە گردبڕی دەبێ گوشار بهێندرێ بۆ دەستپێکردنەوەی پێواژۆی ئاشتی لە نێوان حکوومەتی تورکییە و پ.ک.ک. ترشمان بێ و خۆشمان بێ، ڕەنگە ئێمە هەموومان ئارەزوومان کردبا ڕێکخراوەیەکی دیکە هەبووبایە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕێکخراوەیەکە هێزی هەیە کە ئاشکرایە پشتیوانی لێ دەکرێ و لایەنگری هەیە ومرۆڤ دەتوانێ تەنێ لەگەڵ خەڵکی ئەوتۆ ئاشتی دامەزرێنێ کە لە ڕاستیدا هێزیان هەیە. شتی چاک لەو پێوەندییە دا ئەوەیە کە پ.ک.ک ئاشتی دەوێ و دەیەوێ ئەو ئاشتییە لە سەر بناخەیەکی پتەو و مەعقوول بێ.

سپاستان دەکەم.

---


* سەردێرەکە ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ هەڵی بژاردووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٥ی مەی ٢٠١٦

## پاش ١٠٠ ساڵ لە سایکس - پیکۆ; سەرکردەکانی عیراق باشترین بژاردە پێشنیار دەکەن

**س.م**

زۆرینەی سەرکردە سوننە و کوردەکان و ژمارەیەک لە شیعەکانیش پێیانوایە کە باشترین بژاردە کۆنفیدراڵی و بەڕێوەبەرایەتی سێ هەرێمییە بۆ عیراق کە ئەمە بۆ سوریاش ڕاستە. ئەوەش بەپێی راپۆرتێکی واشنتۆن پۆست.



نەخشەی عێراق

ئەم مانگە سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆدا تێدەپەڕێت کە عیراق و سوریا و نەتەوەکانی تری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێکخستەوە، بەڵام لە ئێستاوە و بەپێی پێشهاتەکان بێت ئیتر ئەو چوارچێوەیە کارناکات.

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی لە شیکارێکیدا کە "دەیڤد ئینگەیشەس" لە "سەری ڕەش"ەوە نووسیوویەتی تاووتوێی پێشهاتەکانی پاش ١٠٠ ساڵی ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ دەکات.

عیراق و سوریا ئێستا گۆڕاون، عیراق بەسەر سێ هەرێمدا دابەشبووە؛ هەرێمی سوننەکان کە داعش بەڕێوەی دەبات، هەرێمی شێوەدەوڵەتی کوردەکان، زۆنی پایتەخت و باشوور کە لەلایەن شیعەکانەوە کۆنترۆڵکراوە.

بۆ سوریاش دابەشبوونێکی لەو شێوەیە ڕاستە و لە هەردوو وڵاتەکەدا حکومەتی ناوەندی هەڵوەشاوەتەوە.

لەو بارەگا شاخاوییەی کە بەسەر هەولێردا دەڕوانێت، مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکیدا رایگەیاند: "ئەو سیستمەی کە ١٠٠ ساڵە لە عیراقدا هەیە ئێستا فەشەلی هێناوە، عیراق هەرگیز لەسەر بنەمای دامەزراوەکان بونیات نەنراوە، بەڵکو لەپێناو خزمەتی هێزە گەورەکاندا بووە".

مەسرور بارزانی جەختیکردووەتەوە کە ئیتر بەسە سەدان ساڵ ناسەرکەوتوویی و شکست، ئێمە پێویستە تاووتوێی ئۆپشنە نوێییەکان بکەین.

هەروەها دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە "عیراق و هەرێمی کوردستان لە چوارڕیانی جیابوونەوەدان".

ئەو وتـانەی دکتـۆر بەرهەم لەمیـانەی دیدارێکـدا لەگەڵ "دەیڤـد ئینگەیشـەس" بـووە لە شـاری سـلێمانی کە ئێسـتا دکتـۆر بەرهەم سەرپەرشتیاریی بەڕێوەبردنی زانکۆی ئەمریکی- سلێمانی دەکات.

دکتۆر بەرهەم ساڵح روونیشیکردەوە: "ئەمە دەربارەی گۆڕانکارییە وەزارییەکانی حکومەت نییە".

راشیگەیاند: "ئەو سیسـتمە سیاسییە کە لە پـاش ٢٠٠٣ەوە لەلایەن ئەمریکییەکـانەوە دانـرا ئێسـتا خەریـکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمە سـەردەمێکی نـوێیە، هەڵبـژاردە لەنێـوان هەڵوەشـانەوەیەکی هەرەمەکـی "جەنـگ سـالاری"یە، یـاخود ئەگەری رێکخسـتنەوەیەکی نـوێی دەستووری کە عیراقێکی کۆنفیدراڵی لامەرکەزی لێدەکەوێتەوە".

"هاوشـێوەی رایەکـانی (دکتـۆر بەرهەم) لە هەمـوو ئەو سـەرکردە کـوردانە و چەنـد سـەرکردەیەکی سـوننییەکانیش بیسـت کە لەسەردانەکەمدا بۆ عیراق چاوم پێیانکەوت، عیراق و سوریا لە لێواری هەڵوەشانەوەدان"، ئەو رۆژنامەنووسە وا دەڵێت.

ئەو سەرکردانە لەگەڵ ئەوەی جەختیاندەکردەوە کە ئەولەوییەت ئێستا شەڕی دژە داعشە، بەڵام ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێویستە خەمی داهاتووی پێکهاتەی سیاسی ئەو وڵاتـانە بخۆن، بۆ دۆزینـەوەی بەدیلی ئەو هێڵانەی لەلایەن مستەر سایکس و مستەر پیکۆوە کێشـراون، هەروەهـا بـۆ ئەوە رووداوانەش کە لە حکـومەتەکەی پـاش ٢٠٠٣ی ئەمریکییەکـانەوە لە عیراقـدا هـاتنە پـێش کە "بەدبەختییەکانی کۆڵۆنیالیزمی نوێ"ن.

بۆیەش ئەوەی بۆ ئێستای سەرۆک ئۆباما و سەرۆکی نوێی ئەمریکا گرنگە ئەوەیە کە دەستبکەن بە بونیادنـانی دامەزراوەکـان لەسەر شێوازێکی نوێ کە ببێتە مایەی ئەمنییەتێکی باشتر، حکومەتێکی باشتر و بارودۆخێکی ئابووری باشتر، بـۆ سوننە ، شیعە و کوردەکـان و کەمینەکانی تریش کە لە ناوچەکەدا دەژین.

رەنگە بەمنزیکانە کوردەکان پرسیارە گرنگەکە لە خۆیان بکەن، ئەویش ریفراندۆمە لەسەر کوردستانی عیراقـی سەربەخۆ، ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا پێویسـتە پشـتگیری پرۆسـەیەکی ئـاوا بکـات، بەڵام تەنهـا کاتێـک کە لەسـەر بنەمـای گفتوگۆ بێـت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بەغدا.

ژمارەیەکی زۆر سەرکردەی سوننە و شیعەی عیراقـی بەتـایبەت بەو رۆژنامەنووسـەیان راگەیانـدووە کە ئەوان خوازیـاری کۆنفیـدارڵییەکی دەستوورین بۆ عیراق کە سوننەکانیش وەک کوردەکان بکـاتە خـاوەنی هەرێم. دەبێـت هەمـان سیسـتمی کۆنفیـدراڵی بـۆ سوریا تـاووتوێ بکرێت.

هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانی پارچەکان سەرکەوتوو نەبوو، ئەمریکا هەوڵیدا و شکسـتیهێنا، ئێسـتاش خەریکە وڵاتـانی تـر قەنـاعەت بەوە دەکەن کە نـاتوانن ئەوە دووبـارە بـکەنەوە، ئەوەش وانەیەک بـوو لە ئاڵۆزییەکـانی هەفـتەی ڕابـردووی بەغـدا کە دەکرێـت بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان سوننە و شیعە تەفسیر بکرێت.

**چاکسازی و ڕێکخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆسەیەکە بەپێی نەوەکان، بەڵام ئەوە بۆ ئەمریکا، ئەوروپا، ڕوسیا، سعودیە و ئێران تێپەڕی، بۆیەش پێویستە بەخێرایی بیر لە داهاتووی گەلی عیراقی و گەلی سوریا بکەنەوە و پێکهاتەکان بەشێوەیەک دابڕێژنەوە کە چارەسەری هەڵە و نادادگەرییەکانی سەدەی ڕابردوویان بۆ بکات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان / ڕێکەوتی: ٤ی مەی ٢٠١٦**

# سایکس پیکۆ دژی عەرەب نەبووە، دژی کورد بوو

مەلا بەختیار

لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانی یەکەم ڕۆژی کۆنفرانسی (پرسی کوردو ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکۆ)ی زانکۆی سلێمانی، هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداری لەگفتوگۆکاندا کردو بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو پرسە ڕوونکردەوە.کە ئەمەش بەشێکە لەو بۆچوونانە.




سەراپا دژی ئەوەم، کە سایکس پیکۆ دژی عەرەب بوبێت. ئەم قسەیە، ئەسڵو ئەساسی نییە. سایکس پیکۆ، خزمەتی عەرەبی کردو بەپێچەوانەوە دژی کوردە. عەرەب، وەکو هەموو نەتەوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ژیابێ، ئێمەش وابوین، ئەمەش هیچ عەیبێکی تێدا نییە. قۆناغێک هەیە لەمێژوودا قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەو هەزار ساڵی ڕەبەقی خایاندووە. ئەم قۆناغە سیستیمی دەرەبەگایەتیو ئەرستۆکراتی تێدا حاکمە، عەقڵی خێڵ تێدا حاکمە. عەرەبیش، لەپێش ئیسلام، لەسەردەمی ئیسلام، لەسەردەمی خەلافەت، لەدوای سەردەمی خەلافەت، سیستمی ئەرستۆکراتی دەرەبەگایەتی خێڵ تێدا زاڵ بووە، نەک دەوڵەتێک لەناو عەرەبدا نەبووە، بەڵکو دەوڵەتی خەلافە، دەوڵەتی خەلیفەکان، دەوڵەتی عوسمانی، ئومەوییەکانو عەباسییەکانیش یەکگرتوو نەبوون، سەفەوییەکانیش نەیانتوانی دەوڵەتی خەلافەتی سەفەوی بسەپێنن. هەموو ئەو وڵاتانەی کە پێیانوتراوە وڵاتانی عەرەبی، لەشەڕو شۆڕدا بوونو ئەقڵی ئەرستۆکراتێتی خێڵەکی دواکەوتوو تێیاندا حاکم بووە. سایکس پیکۆ هاتووە کۆمەڵێک دەسەڵاتدارێتی خێڵی ناوچەگەرێتی، لەبیست دەوڵەتدا کۆکردۆتەوە، چ دەوڵەتی بچوک، چ دەوڵەتی گەورەو کردونی بەحاکم لەسەر خاکێک، ناوی ناوە دەوڵەت. سیستمی بۆ دروستکردون، نەوتی بۆ دۆزیونەتەوە. کردونی بەئینتیدابی دەوڵەتە داگیرکارە پێشکەوتووەکانی ئەو کاتە. سەرئەنجام ئەمانە لەئەقڵی خێڵی خێلگەراییەوە، بوون بەدەوڵەتێک کە دەسەڵات، سوپا، یاسا، دادگاو تەکنەلۆجیای هەبێت، دەرهێنراوی نەوتی هەبێت، فرۆشراوی نەوتی هەبێت، بازاڕی هەبێت، پەیوەندی نێودەوڵەتی هەبێت، لەعوسبەتولئومەم قبوڵ بکرێن، دواتریش لەنەتەوە یەکگرتووەکان قبوڵبکرێنو لەناوەندەکانی جیهانی قبوڵ بکرێن. ئەمە بۆ؟ واتا ئێستا لەدەسەڵاتێکی فرە خێڵییەوە، دەوڵەتێک بێت ئێمە کۆبکاتەوەو بمانکات بەدەوڵەتێک، با ناویشی سایکس پیکۆ بوبێت، با لەجەوهەردا ئەمکارە لەخزمەتی کۆڵۆنیالیزمدا بوبێت، ئەمە چ زیانێکی بۆ عەرەب تێدابووە؟ بەپێچەوانەوە، هیچ زیانێکی بۆ عەرەب تێدا نەبووە، بەڵکو کورد هیچی پێڕەوا نەبینراوە، نە لەپێش سایکس پیکۆ، نە لەدوای سایکس پیکۆو نە تائەم چرکەساتەش کە دەمانەوێت دەوڵەتی کوردستان دروست بکەین، کە هیچ دوڵەتێک لەدونیا، بۆ ئاگاداری جگە لەهەنگاریاو ئیسرائیل، پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا، هەڤاڵ مەلا بەختیار وتی: «تازە لەسەفەرێکی ئۆرۆپا گەڕاومەتەوە، گەورەترین کاربەدەستانی هەنگاری، هۆڵەندی، فەرەنسیم بینیوە، لەوانە جێگری سەرۆک وەزیرانی هەنگاریاو وەزیری مفەوزی سەرۆک وەزیرانی فەرەنساشم

بینیوە، کە (پێیدەڵێن وەزیری مفەوەز)، پەرلەمانتارم بینیوە، لەهۆڵەندا حەوت حزبم بینیوە، پێنج سەرۆک حزبم دیوە، مەسەلەی بنەڕەتیش کە لەگەڵمدا باسکراوە، مەسەلەی ریفراندۆم، مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ، مەسەلەی بڕیاری یەکێتییو بڕیاری پارتی بووە بەزۆری، هیچ دەوڵەتێک لەدنیادا تائێستا جورئەت ناکات لەبەر بەرژەوەندییەکانی بڵێت «ئێمە پشتیوانی کورد دەکەین». بەڵام بێگومان لەویّ وتومە، «ئێمە سورین لەسەر ریفراندۆم». وتومە کە: یەکێتییو پارتیو هەموو لایەنەکان لەسەر ریفراندۆم، ڕێککەوتوین. حەڤدە حزبەکەی کە لە (١٦ / ١ / ٢٠١٦) لەهەولێر بەئامادەبوونی جەنابی (کاک مەسعود) کۆبووینەوە، بەیاننامەیەکمان لەشەش خاڵدا ڕاگەیاندووە، کە خاڵی دووەمیان مەسەلەی ریفراندۆم بووە».

بۆیە، سایکس پیکۆ لەچوارچێوەی زەمەنی خۆی، وای نابینم کە زیانی بۆ عەرەب بوبێت، ئەگەرچی عەرەب پروپاگەندە دەکات کە ڕێککەوتنامەکە زیانی لێداوە.

دوو مانگ لەمەوپێش لەئوردن بووم، لەتەلەڤزیۆنی ئوردنیو لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئوردن، چاوپێکەوتنێکی دورودرێژمان لەگەڵ کرا. بوو بەگفتوگۆمان، هەر ئەم قسانەم کردووە کە ئێستا لێرە کردمن.


بۆیە ئومێدەوارم، کە ئاراستەکانی ئەم گفتوگۆیانە بەجۆرێک بێت، سەرەنجامەکەی، سەرەنجامێکی بابەتی بێت. سەرەنجامێک بێت لەدوای (١٠٠) ساڵ لەئەزمون، وردتر لێکدانەوەمان هەبێ. چونکە ئەرکی نوێگەرییو بونیتنانی دیموکراسی ئەوە نییە لەڕابردوودا بچەقین، بەڵکو ئەرکەکە ئەوەیە، ئایندەبین بین، بۆ ئەوەی ئایندە بونیادبنێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٤ی مەی ٢٠١٦

# وەسفی كوردەكان لە گرێبەستی سایكس- پیكۆ بە دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ

## كورد پریس

بەشی جیهان - ڕاوێژكاری مەسعوود بارزانی دەڵێت: ڕێككەوتننامەی سایكس- پیكۆ وەكوو هاوسەرگیری زۆرەملێ بوو. پارێزگاری هەولێر پێیوایە ئەم ڕێككەوتنە مردنی سەدان هەزار كەسی بەدواوە بوو.




جێگری جەلال تاڵەبانی پێیوایە سەدان ساڵ پێش ئێستا سایكس و پیكۆ سنوورەكانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیان دیاری كرد بەڵام ئەمڕۆ خەڵكی ئەم ناوچەیە نایانەوێت خۆیان ئەو سنوورانە بنەخشێنن و دیاری بكەن.

بە پێی هەواڵی كوردپرێس، دوو دیپلۆماتكاری بەریتانی و فەڕەنسایی بە ناوەكانی سێر مارك سایكس و فرانسوا پیكۆ ١٠٠ ساڵ پێش و لە ماوەی شەڕی جیهانی یەكەم ڕێككەوتننامەیەكی نهێنیان بۆ دابەش كردنی وڵاتانی ژێر كۆنترۆڵی ئیمپراتووری عوسمانی بۆ دوو ناوچەی ژێر كۆنترۆڵی وڵاتانی خۆیان واژۆ كرد. بە نووسینی گۆڤاری نیۆیۆركر، هەرچەند كە سنوورەكانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناڤین لێكچوونییەكی كەمیان بە نەخشەیەكی سەرەتایی سایكس- پیكۆ هەیە بەڵام خەڵكی ناوچەكە گۆڕانكارییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە چاوی نەخشەی ئەم دوو دیپلۆماتكارە بەریتانی و فەڕەنساییە دەبینن.

وا دەیڵێنەوە دەڵێین سێر مارك سایكسی بەریتانی لە ساڵی ١٩١٥ لە كاتێكدا دەیەویست نەخشەی خۆی بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەو كاتەی بەریتانیا ڕوون بكاتەوە، بە ناوبراوی وت: "دەمەوێت هێڵێك لە یەكەم پیتی شاری ئاكر (شارێك لە ئیسرائیل) واتا A تاكوو دوایین پیتی كەركووك واتا K لەسەر ئەم نەخشەیە دیاری بكەم."

بەرهەم ساڵح، جێگری دووهەمی جەلال تاڵەبانی ڕێبەری حزبی یەكێتی نیشتمانی كوردستان پێیوایە ئەم جارە خەڵك بە پێچەوانەی گرێبەستی سایكس- پیكۆ دەبێ كارێكی زۆر بۆ نەخشاندنی سنووره نوێیەكان ئەنجام بدەن هەرچەند كە بە ڕاستی نازانین چارەنووسی خەڵك چ دەبێت.

جێگری پێشووی سەرۆك وەزیرانی توركیا زیادی كرد: كێشەی سەرەكی خەڵكی ئەم ناوچەیە و جیهانی دەرەوە ئەمەیە كە ئەوان تەنیا دەزانن كە شتێكیان ناوێت. ئەوان هێشتاكە لەبارەی سیستەمی سیاسی و ئەوەی كە چ جۆر سنوورێك گونجاوە، بڕیاریان نەداوە.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر بە نیۆیۆركری ڕاگەیاند: سەدان هەزار كەس لە خەڵك بە بۆنەی ڕێككەوتنی سایكس- پیكۆ و ئەو

کێشانەی کە بە دوای ئەم گرێبەستە دروست بوو کوژراون. ئەم گرێبەستە ڕێبازی مێژوو و سروشتی گۆڕا.

زکری مووسا، ڕاوێژکاری سیاسی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: بە دڵنیاییەوە گرێبەستی سایکس- پیکۆ هەڵەیەک بوو. ئەم گرێبەستە وەکوو هاوسەرگیری زۆرەملێ و بەناچاری بوو و لە هەمان سەرەتا شوومی خۆی نواند چونکە بە بێ پرسیار کردن لە خەڵک لەبارەی داهاتووی ئەوان بڕیاری دا.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پریس / ڕێکەوتی: ٣ی مەی ٢٠١٦**

# سایکس پیکۆ و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد

رزگار حاجی حەمید



کورد لە وەتەی هەیە وەک نەتەوە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی دەژی، ئیدی لە سیاقی مێژوویيدا زۆرجار خاوەن قەوارەی سیاسی دەسەڵات بوون، لە مێژووی کۆندا خاوەن چەندین دەوڵەتی (لۆلۆیی، گوتی، ئۆراتوو میدی....هتد) بوون، جیا لە چەندین میرنشین چ لە سەردەمی ئیسلام و لە سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکاندا تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە بواری ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی چەندین قەڵا و پرد و ڕێگاوبان و هەروەها خاوەن جبەخانە و دروستکردنی تۆپ و لێدانی سکەی پارە و کردنەوەی چەندین قوتابخانە، هەنگاوی گەورە و دیاریان هاویشتووە لە شکاندنی سوپای داگیرکەران و ڕووبەڕووی دوژمناندا، ئیدی مانای وا نییە کەم و کورییان نەبووە و هیچ هەڵێکیان لە دەست نەداوە، بەڵام لێرەدا دەرفەت نییە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو میرنشینەکان بکرێ و پەنجە بخرێتە سەر گرفتەکان، کەسێک زانیاری بوێت لەم بارەیەوە بەئاسانی دەستی دەکەوێت، چەندین کتێب و توێژینەوەیان لەسەر کراوە و لێرەدا خاڵی سەرەکی باسەکە نین، بەپێی فۆناغەکان چەندین ڕێکەوتننامەی گرنگیان بەستووە، یان ناوی هاتووە لە زۆربەی پەیماننامەکاندا دوور و نزیک پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، جۆری پەیوەندییەکە زیاتر نێگەتیڤ بووە نەک پۆزەتیڤ، بۆ کپکردنەوە و سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بووە، یەکەم دابەشکردنی کوردستان لە پەیمانی زەهاو لە ٥ / ١٦٣٩ زایینی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و سەردەمی شا عەباسی یەکەم و دەوڵەتی عوسمانی لە سوڵتان مورادی چوارەم مۆر کرا، بەپێی ئەم پەیمانەیە، کوردستان کرایە دوو بەشەوە، بەشی خۆرهەڵات خرایە سەر دەوڵەتی سەفەوی و بەشەکانی تر لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕووی ئیدارییەوە مانەوە، ئیدی ئەم دابەشکردنە درێژەی هەبوو تا جەنگی جیهانی و دواتریش پەیمانی سایکس- بیکۆ ، کە خودی شەڕەکە یەکێک لە هۆکارەکانی تەماهی دەوڵەتە زلهێزەکان و فراوانخوازی سەرکەوتووانی جەنگ بوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکە، بەتایبەت میراتی پیاوە نەخۆشەکە (دەوڵەتی عوسمانی) کە شکست خواردوو و دۆڕاوی شەڕ بوو، هەرچەندە ئینگلیز لە مێژبوو چاوی بڕیبووە ئەم ناوچەیە، گەورە بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٣ دا وتبووی: (ئەگەر دابەشکردنی ماڵ و موڵکی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا بێت، دەبێت وڵاتی میزۆپۆتامیا ئەو پارچەیە بێت ئێمە چاوی تێ دەبڕین).

(لورد کیرزن) پێش هەڵایسانی جەنگ لەبەردەم ئەنجومەنی لۆردەکاندا وتی: (بێ پێچ و پەنا ئەگەر بڵێین بەرژەوەندیمان لەناوچەی کەنداوە و بەس، ئەوا بەهەڵەدا چووین، زیاتریش هەر لە ناوچەکانی نێوان بەغداد و بەسرەشدا نییە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ سەرووی بەغداد)، بێگومان مەبەستیان لە ویلایەتی (موسڵ)ە بەتایبەت کەرکوک، بەریتانیا و ئەڵمانیا پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکیان وەرگرتووە، ئەمانە و قسە و بەڵگەی تر زۆرن، دابەشکردنەکە بە شێوەیەکی پراکتیکی دەستکرا بەکۆبوونەوە و وتوێژ لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا لە کۆتایی (١٩١٥) دا لە شاری لەندەن بە شێوەیەکی نهێنی، لە لایەن (فرانسۆ جۆرج بیکۆ) لە کۆنسوڵی گشتی پێشوو لە بەیروت، (ئارسەر نیکلسن) جێگری وەزیری دەرەوە، نوێنەری بەریتانیا بەڵام هەر

زوو گۆڕا بە سێر مارک سایکس، هەربۆیە ناوی (سایکس بیکۆ)ی لێنرا کە گوزارشتە لە نوێنەری (بەریتانیا و فەڕەنسا)، هەرچەندە روسیای قەیسەری ئەمەی زانی ئەوانیش هاتنە پێشەوە داوای پشکیان کرد، سازانۆف وەزیری دەرەوەیان نوێنەرایەتی وڵاتەکەیانی دەکرد، کەوتنە مشتومڕ و دانوستان بۆ گۆڕینی سنووری جوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەشکردنی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، بە پێی بەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیمانان، بەڵام دواجار لە نێوان (سار دوارد گری) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و (بیل کامیون) باڵیۆزی فەڕەنسا لە بەریتانیا لە رۆژی ١٦ی مایسی ١٩١٦ واژۆ کرا، کە لە (١٢) بەند پێکهاتبوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، بەشێک لە بەندەکان پرسی دابەشکردنی کوردستان بوو بەسەر خۆیاندا، لەمەڕ ناوچە کوردییەکان لە رێکەوتننامەکەدا بەم شێوەیە بوو:

• بەشێک لە ناوچەی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستانی باکوور درا بە دەوڵەتی روسیای قەیسەری.
• ویلایەتی موسڵ کە بەشێک بوو لە باشووری کوردستان و هەروەها خۆرئاوای کوردستان درا بە دەوڵەتی فەڕەنسا.
• چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان درا بە بەریتانیا، بەم شێوازە کوردستانی یەک پارچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بە چوار پارچە دابەش کرا.

## سایکس پیکۆ لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر

ئەم پەیماننامەیە زۆری نەخایاند بەو فۆرمەی کە پێشتر لە سەری کۆک بوون، بە تایبەت لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیکەکان لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە رێبەرایەتی (لینین)، دژی وەستانەوە و ئەم هەنگاوانەیان نا:

ا. بەندە نهێنییەکانی پەیماننامەکەیان ئاشکرا کرد.
ب. سوپای رووس لەو ناوچانە کشایەوە کە پێشتر داگیریان کرد بوو.
ج. وازیان هێنا لەو پشک و ئیمتیازانەی کە بەپێی رێکەوتنامەکە بەر روسیای قەیسەری کەوتبوو.

ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو کە جارێکی دی لە ناوچەکەدا چاو پیاخشاندن بکرێت، بە دیاریکراوی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسادا، حکومەتی فەڕەنسا ترسی جێبەجێ نەکردنی پەیماننامەکەیان هەبوو، هەر بۆیە سەرۆک وەزیرانی هەردوولا دوای گفتوگۆ و دانیشتن گەیشتنە رێکەوتن، بەوەی فەڕەنسا دەست لە ناوچەی موسڵ هەڵگرێت بۆ بەریتانیا، بەرامبەر بەمەش بەڵێن درایە فەڕەنسا کە بەشێکی سامانی نەوتی باکووری عیراقی پێ ببەخشرێت.

## هاتنی داعش

داعش رێکخراوێکی چەکداری جیهادی توندڕەوە، لە منداڵدانی پاشماوەکانی قاعیدە و گرویە تیرۆریستەکانی ترەوە هاتە بوون، سەرەتا لە سوریا کەوتە دژایەتیکردن و شەڕکردن دژی ئۆپۆزسیۆن و گروپەکانی تر، دواتر پەڕینەوە بۆ موسڵ و داگیرکردنی تکریت و رومادی و دیالە و تەنانەت تا زۆرێک لە شارەکانی دەوروبەری بەغدا و بابل و کەرکوکیشی گرتەوە، مەترسییەکی گەورەی لە ناوچەکەدا دروستکرد، بووە خاوەن هێزێکی سەربازی خاوەن چەک و جبەخانە و تانک و زرێپۆش و داراییەکی بەهێز و دەستبەسەرا

گرتن و بەقاچاخ فرۆشتنی نەوت، جگە لە دانیشتووانی سنووری خەلافەتەکەیان، زۆرێک لە هێزەکانیان لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و وڵاتە بیانییەکانیشەوە هەزاران کەس پەیوەندی پێیانەوە کرد، قسەمان لە سەر لوشدانی سامان و ڕەفتاری دڕندانەیان نییە لەگەڵ دانیشتووانەکەیدا، ئیدی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییان دامەزراند و ڕایانگەیاند کە سنووری دەستکردی سایکس بیکۆ کۆتاییهات، بە ئێستاشەوە لە نێوان دوو دەوڵەتدا بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ لەمپەر هاتوچۆ دەکەن، سنوورەکە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە، لەهەمبەر ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانە و کوشتنی هەزاران ژن و مناڵ و سڤیل، دواتریش تێکدانی ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە و مەترسییان بۆ سەر جیهان و لەمەڕ ئەم وەحشیگەری و تاریکپەرستییەدا کۆی وڵاتان هاتنە دەنگ، بەهەمان شێوە (ئەحمەد داود ئۆغلو لە وتارێکیدا لە بەهاری ٢٠١٣ کە وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو ڕاگەیاند: ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ گەیشتۆتە کۆتایی و نەخشەی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و کاریگەری بۆ سەر تورکیاش دەبێت)، ئەم دانپیانانە ئەگەرچی درەنگ وەختیش بێت خوێندنەوەیەکی دروستە، کەواتە بۆ گەلانی تورکیا زۆر گرنگە دەسەڵات خۆیان ئەم ڕاستییە بڵێن، بۆ عیراق و سوریا باشتر ئامانجی پێکاوە کە ساڵانێکە تەوەری سەرکی شەڕن جیا لە ململانێی توندی ناوخۆ بەکێشەی مەزهەبی و نەتەوەییەوە، بۆتە شەڕگەی هێزە گەورەکان و ئاوێتەبوونی ئەنتی بەرژەوەندی و جەمسەرەکان.

داعش شەڕێکی نەگریس و ناڕەوای بەسەر گەلەکەماندا سەپاند، شەڕێک دوور لە خواست ویستی نەتەوەکەمان و سەرکردایەتی سیاسی کوردیان کردە ئامانج، بەدرێژای ١٢٠٠ کم لە شەڕی داعشداین، شەڕ خزاوەتە نێو ماڵی کوردەوە کە ڕۆڵەی گەلەکەمان و پێشمەرگە مێرخاسەکان لە بری هەموو جیهان دەجەنگن، لەم سنوورە و ڕۆژئاوادا خوێنی براکان (پێشمە رگە، شەرڤانان، گەریلا) تێکەڵبوون. تاکە هێزن لەسەر زەوی بەکردار شەڕی تیرۆر دەکەن و سەرکەوتوو بوون لە شکستهێنانی داعشدا، کە ئەم فاکتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیزانێ و بۆتە هۆی مشتومڕ و گەرمە باسی زلهێزان و ناونیشانی ڕۆژنامە جیهانییەکان، بەداخەوە جارێکی تر مێژوو دووبارە دەبێتەوە و جینۆساید و ژەهرباران دەکرێین، بەدڵنییایەوە کورد بەردەوام دەبێت تا سەرکەوتنی یەکجارەکی و گەڕانەوەی داعش بۆ باوەشی ئەمیرەکانیان و بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکان.

## کورد لە هاوکێشەی سیاسیدا

ماوەیەکە ڕۆژانە لە لایەن حزب و کارەکتەرە سیاسییەکان و میدیاوە دەوترێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و سەربازییەوە ئاگرە و دەکوڵێت، چاوەڕوان دەکرێت نەخشەی ڕامیاریی و هاوکێشەی سیاسی بگۆڕێت، چیتر سنوورە دەستکردەکان پیرۆز نین، سایکس بیکۆ سەدەیەک تەمەن تێدەپەڕێنێت و تابووتی بۆ ئامادەکراوە و تەڵقینی دەخوێنرێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت کۆی هێزە سیاسییەکانی دنیا و ناوچەکە لەسەر خەتن، هاوکات درکیان بەهەستیاری دۆزەکە کردووە، لە لایەکەوە بۆ ڕەوینەوەی ئەو مەترسییانە کە تارمایی گەیشتۆتە کۆی وڵاتان، لە لایەکی ترەوە بۆئەوەی لە دوای ئاوابوونی ئەو مەترسییانە و داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی نوێ بەرژەوەندییەکانیان و پشکیان مسۆگەر بکەن، لێرەدا پرسیارگەلێک لەسەر شانۆی سیاسی کورد خۆیان نمایش دەکەن، ئایا جەستەی کورد دیسانەوە بە ئەنجن کراوی دەمێنێتەوە یان دەبێتەوە خاوەن پشکی خۆی؟ ئایا کورد جارێکی دی کارتی فشارە و تا بەدیهێنانی مەرامەکانیان بە کارمان دێنن یان هاوبەشی ڕاستەقینەن؟ ئایا چیتر مێژوو دووبارە نابێتەوە و غەدرمان لێ ناکرێت؟ ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ کورد هەیە، ڕۆژانە لە ئاستی وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و پەرلەمان و ڕاوێژکاری سەربازی و چەندین دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی تر سەردانی هەرێم دەکەن، جیا لە چەک و تەقەمەنی و

کەرەستەی سەربازی، ئەمانە و لە سەنتەری بڕیار و میدیاکاندا باسی قارەمانێتی و ڕۆڵی پێشمەرگە و شەڕڤانان و هێزەکانی ناوخۆ دەکەن لە شەڕی دژە داعشدا لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا، ئەمیشیان خاڵێکی گرنگە، چونکە ئەوان بڕیاریاندا بێ دوو دڵی و بێ گوێدانە فاکتەرەکانی تر جێبەجێی دەکەن، کەواتە فاکتەرە ناوخۆییەکان لە بارن یان لە ئاستی ڕووداوەکاندا زەمینەسازی کراوە؟ بێگومان نەخێر جگە لە بەهێزیی سەنگەرەکانی پێشمەرگە چەندین قەیران جەستەی هەرێمی داگیرکردووە، هەر لە قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەککخستنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و قەیرانی بێ مووچەیی و گرانیی بازاڕ و بێکاریی و کچی بەلێشاوی گەنجان و نا دادپەروەریی بوونی هەیە، کۆی چین و توێژەکان ناڕازیی و قوربانیی ئەو دۆخە سیاسی و ئابووری و قەیراناویەن و ئەو ڕەوشە هەستیار و گوماناویی و ناجێگیرە بەرۆکی خەڵکی گرتووە، ئیدی نووسینی ئەو هەموو پرۆژە و ئەنجامدانی زنجیرە کۆبوونەوەی بێئەنجام و بێبەرهەم جگە لە کات بەسەربردن هیچی سەوز نەکردووە.

بە پێچەوانەوە تادێت بێ متمانەیی زیاتر دروست دەکات، بێ متمانەیی لە نێوان خەڵک و حکومەتدا، بەغدا و هەرێم، خەڵک و لایەنە سیاسییەکان، لەنێوان حزبە سیاسییەکان خۆیاندا کە کێشەکان لە بنەڕەتدا سیاسین و لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە، تێکڕا گلەیی زۆر و ڕەخنەی توندمان لە هاوپەیمانان و داگیرکەران هەیە کە پێش سەدەیەک و سەد ساڵ پێش ئێستا، لە بری ئەوەی کوردستان بکەنە دەوڵەت خاکی کوردانیان پارچە پارچە کرد، ئێستا خۆمان کار بۆ ئەوە دەکەین، یەکێک لەو چوار پارچەیە دوو لەت بکەین و بیکەینە دوو ئیدارەیی (سلێمانی و هەولێر)، چەند شورەییە ئەم بیرکردنەوەیە، ئەم جۆرە ئەقڵیەتە هەر کەسێک وا بکات بەدڵنیاییەوە گەل بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکات، کەچی لە بری سازان، لێکترازان خراوەتە جەستەی زۆرێک لە سیاسییەکانەوە، ئەم وتارانە و هەستکردن بەم ڕاستیانە دادمان نادات، دڵنیام ئێوەش ئەمانە دەزانن، کۆی حزبەکان بەرپرسن بەرامبەر ئەو دۆخە قەیراناوییەی ئامادەیی هەیە، ڕاستە ئەو بەرپرسیارێتیە ڕێژەییە و هەندێک زیاتر و هەندێک کەمتر تیایدا پشکی بەردەکەوێت، وەلێ دەرئەنجام تێکڕا بەرپرسیارین، هەربۆیە تازووە بەسازان ماڵی کورد ڕێکبخەین و کۆی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت و چاکسازی ڕیشەیی بکرێت، پەلە بکرێت لە بنەبڕکردنی گەندەڵی و ناهاوسەنگی جوگرافی نەمێنیت، چیتر خۆمان لە بەرپرسیارێتی نەدزینەوە و بەچاویلکەی نەتەوەییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسەکان بکەین، دوور لە عەقڵیەتی حزبایەتی تەسک و پاوانخوازی، واز لە هاوکێشەی دۆڕان و سەرکەوتن بێنین، گرنگ ئەوەیە گەل سەرکەوتوو بێت، ئەگەرنا ململانێی حزب و لایەنە سیاسییەکان مەترسی لێکترازانی لێدەکەوێتەوە و ئاسایشی نەتەوەیی دووچاری قەیران دەبێت، بەبێ چارەسەرکردنی کۆی قەیرانەکان ئایندەمان لە بەردەم مەترسیدایە، سوود لە گۆڕانکارییەکان نابینین و پرسی کورد بۆسەدەیەکی تر دوا دەکەوێت، تێکڕا تووشی بەرپرسیارێتی مێژوویی دەبین.

سەرچاوەکان


١- کەیوان ئازاد ئەنوەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلی کورد ، چاپی دووەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠.
٢- ڕزگار حاجی حەمید، هەشتا ساڵ لەمەوبەر یەکەمین حکومەتی کوردی بەڕێبەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ( ١ ١٧٤) ساڵی ١٥ / ١١ / ١٩٩٨.
٣- عومەر ئەلدیراوی، جەنگی جیهانیی یەکەم، وەرگێڕانی سەفین لاوچاک، چاپخانەی چوارچرا،چاپی دووەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

# سایکس پیکۆ لە بیری مرۆڤی کورد دایە؟

محمد مندلاوی

خوێنەری هێژا.. پێش سایکس پیکۆوەکەی فەرنسا و بەریتانیا و رووسیای قەیسەری، کە لە مانگی جوزەردان (مای) ساڵی (١٩١٦) لە



نێوانیادا واژۆ کرا، کە بە گوێرەی ئەو رێکەوتننامەدا و پاشان رێکەوتننامەی لۆزان دا زۆربەی وولاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە کوردستانیشەوە دابەش کردن لە نێوان هەردوو‌کیان دا، کە ئەو سەردەمە بێجگە لە رووسیا، کە پاش سەر کەوتنی شۆرشی ئوکتوبەر لە رێکەوتننامەکە کێشایەوە،کەچی ئەوانی تر دوو هێزی داگیرکەری گەورەی جیهان بوون. بەڵام ئەو سایکس پیکۆوەی کە لە کەلەپوری کوردی دایە؟، هەمانکە لە سەرەوە هێمامان بۆی کرد لە ناونیشانی وتارەکە، هەر لە مێژە، لە سەرەتای ژیانی کوردەواری دا، لە ناو بیری مرۆڤی کورد و لەسەر ئەرزی واقیعی کوردستان دا جێگیر بووە!!. بۆ نموونە، لە درێژایی لاپەرەکانی مێژوو دا نابینی کوردستان رۆژێک لە رۆژان وەکو وولات یەک پارچە و یەک گرتوو بووە؟؟. بۆ زانیاری، ئەگەر سایکس پیکۆوەکەی فەرنسا و بەریتانیا کوردستانیان کرد بە چەند بەش و دابەشی کرد بەسەر چەند وڵاتیکی کارتونی دا، بەڵام خودی کوردەکە، باشووری کوردستان بە تەنها کرد بە سێ بەش، بە ئەرز و مرۆڤەوە، ئەوە دەڤەری بەهدینانە، کە قەت لە گەڵ دەڤەری سۆران یەک ناگری، نە وەکو ئەرز، نە لە بواری زمانەوە، ئەگەر لەبیرتانە، لە سەردەمی داگێر کەری عەرەبی خوێن مژ یەک زاراوەی رەسمی لە باشوور کوردستان بوونی هەبوو، بەڵام ئەمرۆ بە بوونی دەسەڵاتی کوردیەوە بوو بە دوو زاراوەی رەسمی پێ ئەڵێن سۆرانی و بەهدینانی!!. دیسان، لە گەرمەی ململانی رامیاری و دارایی لە نێوانی پارتەکان لە سەر دەسەڵات و پارە، گەرمیانی چەوساوە هەر لە بەدرە و جەسانەوە هەتا ئەگەیە کەرکووک، لە گەڵ کوردەکانی بەغدا دا بە یەک جاری لە بیریان چوون!!. خوێنەری بەرێز،لەو رۆژەوە دیار بوو کە ئەم سەرکردانە کوردە رەسەنەکەی گەرمیان بە ئەرز و خەڵکەوە لە بیر کەن، کاتی قەبووڵیان کرد راپرسی لە سەر خاکەکەی بکەن!!، ئاخر لە کوێ جیهان دا نەتەوەیک یان سەرکردەییک قەبووڵ ئەکا راپرسی لە سەر خاکی وولاتی خۆی بکا!!. با بچینەوە سەر ئەسلی بابەتەکەمان. ئاخر کەی نەتەوەی کورد زمانی یەک گرتووی هەبووە؟؟. کەی تاکی کورد خۆی بە کوردستانی ناسیوە؟؟. ئەوە پارتەکان و سەرکردە مێژوویەکانمانن، لە سەر هەموویانەوە جەلال تاڵەبانی کە لە لێدوانەکانی ئەو سەردەمەی کە تەوانەی قسەکردنی هەبوو دان بە سنوورە دەست کردەکەی سایکس پیکۆوەکەی فەرنساو بەریتانیا ئەنا و بێ هیچ رێزگرتن و گرنگی پێدان بە نەتەوەی کورد هەمیشە دووپاتی کردەوە کە باشووری کوردستان بەشیکە لە عێراق!!. ئەمرۆیش بۆ درێژە پێ دان بە سیاسەتە نا کوردیەکەی ئەو شاگردەکانی لە هەموو راگەیاندنەکانی کوردستان دووبارەی ئەکەنەوە، کە باشووری کوردستان بەشیکە لە عێراق!!، یان کورد بێ بەغدا ناتوانی هەرێمەکەی خۆی بە رێیەوە ببا ئامانجی سەرەکییان لەم دژایەتی کردنە کوشتنی داخوازی سەر بەخۆیی کوردە لە باشووری کوردستان تا سەر نەکەوی بۆ هەمیشە و هەر بمینی وەکو کە ئەوان ئەیەوێ، ژێردەستەی عەرەبی زۆردار لە عێراقی دروستکراو بە دەستی ئینگلیزەکانی نەفرین کراو. خوێنەری هێژا، ئەم پیلانە چەپەڵە

کاریگەری زۆری هەبوو و هەیە لە سەر بەشیکی زۆری گەلی کورد لە باشووری کوردستان و ناوچە دابراوەکانی، کە بە بوونەی ئەو پیلانە ڕەشەی عێراقچەتیەکانی ئەمڕۆ کە خۆیان وەکو عێراقی ئەناسن نە وەکو کوردستانی!!. با خوێنەری هێژا ئەگەر نازانی ئێستە بزانی، کە ئەمە مەترسی گەورەیە بۆ ئیستەو ئایەندەی کورد و کوردستان. ئایا ئەمانە وەکو (بژاردە)ی کورد، نەبایەت گەلەکەیان هان بدەن بۆ خۆ ناسین و سەر کەوتنی یەک جارییان؟، بەڵام بەداخەوە، ئەوە بە چاوی خۆتان ئەبینن چۆن؟ هەستی وڵات پارێزی لە ناخی دڵی تاکی کورد دا زیندە بەچاڵ ئەکەن، کاتی کە بێ شەرمان ئەڵێن با لە گەڵ بەغدای قوتی کورد بڕ بمینینەوە، چونکە کوردستانیکی سەربەخۆی لە بەرژەوەندی کورد دا نییە، ئە ئەمە قسەی ئەو بەڕێزانەیە!!. هەر خودی ئەم حیزبە؟، کە لە حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان هاوبەشە سنوری بەزاند و چوو لە گەڵ حکومەتی بەغدا بە شێوەیکی نهێنی گفتوگو کرد، لە کاتیکا گفتوگو کردن لە گەڵ بەغدا دا تایبەتە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە حکومەت لە گەڵ حکومەت دا کۆدەبێتەوە نە حیزب هەڤاڵان!!!. ئەم ڕەفتارە نا مەسئولانە، بێجگە لەوەی کە زەرەری گەورە لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان ئەدا هیچ سوودیکی نییە بۆ کورد!!!. دیسانەوە، لە سیاسەتە چەوت وهەرزەکارەکانیان دا ئەمە چەند ساڵە جەلال تاڵەبانی لە سرۆکایەتی عێراق دەرچووە و کەسی تر کە هەر سەربەخۆیانە سەرۆکیکی بێ دەسڵاتی عێراقە، بەڵام پارێزەری کەرکووک کە دیسان سەر بە ئەوانە هێشتا وینەکەی جەلال تاڵەبانی لە پارێزگای کەرکووک لە پشت سەری هەڵیواسیوە!!! نازانم، سەرۆکە چاو خێلەکە چۆن ئەمە قەبووڵ ئەکا!!!. هەر وەکو ئێوە ئەزانن، کە ئەقڵ وەرگێڕی ئەو شتەیە کە چاو ئەیبینی، ئەم کابرایشە چاوی خێلە یەک وەکو دوو ئەیبێنی، بەم بوونەیە دا لەخەیاڵیدایە کە هەر وڵاتێک دوو سەرۆکی هەیە!!!. نگبەتەکە لەوەدایە کە خۆییشی - سرۆکە سپێرەکە- بە سەردانیک هات بۆ کەکووک و لە ناو پارێزگا دا لە گەڵ پارێزەری کەرکووک لە ژێر وینەکەی جەلال تاڵەبانی کۆبووەوە لە گەڵ پارێزەر!!! ئایا ئەمە ئەوە نا گێنی کە ئەم کابرایە لە لایکی تروە خۆی باوەری بە خۆی نییە کە سرۆک کۆمارە، کاتی کە قەبووڵ ئەکا لە ژێر وینەی سەرۆکی رۆیشتو کۆبووەوە!!!.هەر بەم هۆکارانەوە زۆربەی زۆری ئەندامان ولایانگرانی پارتەکەیان هاتنەپاڵیان (انتماء)یان بۆ عێراقە نە بۆ کوردستان!!!. ئەگەر باوەرتان نییە، ئەوە لاپەرەکانی نێت و فیێسبووکن کە شایەت حاڵن، کاتی شت دەنووسن، وەکو مرۆڤیکی عێراقی دەنووسن نە وەکو کوردستانی!!!. ئەو ڕۆژ یەکیک لە پارتەکەی جەلال - هێرۆ لە نووسینیک دا لە فیێسبووک ستایشی عەبد ئەلکەریم قاسمی کرد، ئەگەر ئەو تاوانانەی کە قاسم لە شەستەکان دژ بە گەلی کوردی کرد، بە چاوی ئەمڕۆ براوردی کەین لە گەل تاوانەکانی سەدامی گۆربەگۆر لە هەیشتاکان هیچ فەرق و جیاوازییکی لە نێوانیان دا نییە؟؟. مەگەر ئەوە عەبد ئەلکەریم نەبوو شەر دژی کورد هەڵگیرسان لە ساڵی (١٩٦١)؟. مەگەر هەر ئەو نەبوو ڕۆژنامە کوردیەکان لە بەغدا داخست؟ مەگەر هەر ئەو نەبوو مۆڵەتی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕانیوە (سحب)؟. مەگەر ئەو نەبوو کار بە مادە سێ دەستوری کاتی عێراق نەکرد و وستانێتی، کە ئەو مادەیە گوت کورد و عەرەب لەم وڵاتە شەریکن؟؟. مەگەر هەر ئەو نەبوو ویست مەلا (مستەفای بارزانی) لە گەڵ نێرراوەکەی خۆی بکۆژی؟؟. پاش ئەو بە دە ساڵ سەدامی لەعنەتی عەینی تاوان دوو بارە کردەوە، بەڵام هەر وەکو ئەو سەر نەکەوت لە تاوانەکەی؟؟. زۆر شت هەن کە ئەندامانی پارتەکەی تاڵەبانی - هێرۆ یان زۆرینەی خەڵکی کورد کە پێ هەڵسن ڕەفتاری کوردستانی بوون پێیەو نییە؟؟. بەداخەوە،بەم ڕۆژانە برادەریکی کوردی شیعە (فەیلی) کە ڕۆشنبیرە وشاعیرە و نووسەرە و ئەکتەری شانۆیە، لە فیێسبووک بینیم وێنەی یادگاری لە گەڵ تورکمانیکی ڕەگەزپەرست و دوژمنی گەلی کورد گرتوبوو، کە ناوی فەوزی تەرزییە!!، ئایە ئەم  کوردە شیعەیە ئەوەندە گەوجە کە نازانی، ئەم کابرای ترکمانە خۆی و کەمایەتیە ترکمانەکەی کە پاشماوەی عوسمانیەکان وسەفەویەکانن تابووری پێنجی تورکیای تورانی و ئێرانی شیعەن لە کوردستان و عێراق دا؟!،بێ گومان مەترسی دارن بۆ سەر ناوچە دابراوەکانی کوردستان؟؟. ئەوە دوینی بەچاەی خوتان بینی لە شارۆچکەی تووزخورماتوو چیان کرد؟؟. هەر وەکو گوتم لە ناو قسەکانم دا مەترسی دارن بۆ دوا ڕۆژی کورد و کوردستان. لێرا پرسیار ئەکەین، ئەبێ ئەم کابرا کوردە شیعەیە بەو هەموو نازناوە

ئەدەبی و هونەریە کە هەیەتی تا ئێستە نازانی کورد چییە و کوردستان چییە!!، وولات بوون چییە!!. یان ئەوەی پێش چەند ڕۆژ لە ناو پەرلەمانی عێراق روو ئەدا، کاتی کە دوو پەرلەمانتاری کورد چوون لە گەڵ هەتیوەکانی سەدامی لەعین دژ بە نەتەوەکەی خۆیان!!!. ئەگەر ئەمە حاڵی ڕۆشنبیرو سیاسی کوردە، بۆ نەفرینی کوردە نەخۆەنەوارەکە کەین کاتی ئەبێ بە جاش و داربەدەستی داگێر کەر!!. ئایا ئەمە ئەوە نییە کە لە ناونیشانی ووتارەکە هاتووە، کە سایکس پیکۆوی کوردی پێش و پاش سایکس پیکۆوەکەی فەرنسا و بەریتانیا لە ناو بیری مرۆڤی کورد جێگیرە؟؟!!. ئەمڕۆ ئەرکە لەسەر شانی هەر تاکیکی نەتەوەی کورد، کە بایستی قۆناغی بێ گرنگی پێدانە (لا مبالاة) بە جێ بهیلی و بچێیە ناو قوناغی تێکۆشەری ماندوونەناسی بۆ دامەزراندنی وڵاتی سەر بەخۆی، تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە لە ناو مێشکێیش دایبمەزرینی هەر سەر کەوتنیکی گەورەیە بۆ گەلی کورد،بێ گومان ڕۆژیک دێ ئەبێ بە ڕاستی (واقیع ) لە سەر ئەرزی کوردستان؟. چونکە لە سەردەمی گلۆبالیزم، ئەگەر کورد بە قسەی تاڵەبانی و پارتەکەی بکا تاهەتاهەتایە وەکو ئەوکەر لە ژێر دەستی شروگیەکانی باشووری عێراق ڕزگاری نابێ و قەت ناتوانی وەکو نەتەوەیکی سەر بە خۆی تا بەسەر درێژە بە ژیان بدا وەکو گەلانی سەرکەوتووی جیهان دا؟. بێ گومان، ئەگەر نەتەوەی کورد لە کاتیکی دیاری کراو دا هەوڵێ سەر کەوتنی یەکجاری نەیدا، ئەوە لە دوا ڕۆژ دا کاتی کە نەتەوەکان بەهۆیکەوە ئاماژە بۆی ئەکەن، ئەڵێن گەلی کورد خوا لێ خۆش بێ، چونکە ئەو کات بوونی نییە؟.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانپۆست / ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

# دوای سەدەیەک، دروستبونی دەوڵەت، یان لێکترازانی زیاتر

فەهمی بورهان

١٦ / ٥ / ٢٠١٦ سەدەیەک بەسەر ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆدا تێئەپەڕێت، کە لەنێوان وڵاتانی بریتانیا - فەرەنسا - روسیا، مۆرکراو دو ساڵ دواتر نەخشەکەی ڕاگەیەنراو جێبەجێکرا، کوردستانو وڵاتانی کوردیان بەسەردا دابەش کراو لەهەمان چرکەساتی بەستنی ڕێکەوتنەکەدان، واتە دوای سەد ساڵ مێژوی گەلانی ناوچەکە لەیەک چوارچێوەدا چەقی بەستوە، کورد تەواو وەک ئەوکات ماڵی پەرتەوازەو ناڕێکو شپرزەیە، تورکو فارسو عەرەبیش سەبارەت بەکوردو کێشەکەی، هەمان ستراتیژو تێروانینیان هەیە، وڵاتانی زلهێزیش هیچ دەستەبەرێکی راستەقینەی دیموکراسییان بۆ ناوچەکە وەک بەدیلی سیستەمە فاشیستەکانی هەرێمایەتی نییە، ئەوەی گۆڕاوە تەنها زەمەنو ئاوابونی تەمەنی نەوە جیاوازەکان بوەو هیچی تر.



ڕەنگە دوای سەد ساڵ قورس بێت بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەک کورد، هەروا بەسانای ئەم سەدەیە بەسەریا گوزەر بکاتو هیچ خوێندنەوەیەک، یان لێکدانەوەیەکی واقیعی دور لەهەڵچونە، دەرونییەکان بۆ کۆی روداو و هەڵچونو گلانو سەرکەوتنەکانی ئەم سەد ساڵە نەکات.

ئەگەر ورد تەماشای رابردو بکەین، دەرئەکەوێت ئەوەی هەنوکە لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەبەشە جیاوازەکانیەوە روئەدات، لەپەرتەوازەیی‌و بونی زیاد لەخیتابێکو زیاد لەدیدێک بۆ داهاتوی ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتە کارێکی زۆر نامۆ نەبێت، چونکە ئەوەی لەسەد ساڵی ئێمەدا زۆرترین پانتایی مێژومانی داگیرکردوە، ئەم جۆرە لەناتەبایی‌و ناڕێکییەی ناوخۆی کوردە، شەڕی ناوخۆ، خیانەتو دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵکردن، ڕێکنەکەوتنو سەنگەرلێکدان دژبەیەک، ڕەهەندی زاڵی ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتەیە. ڕەنگە تەنها نەتەوە بین بیری نوێی فەلسەفە فرەیی‌و پێکەوەی مۆدێرنەو دەسکەوتەکانی دیموکراسیەتو بەهاکانی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤو عەولەمەو کرانەوەی سنورەکانو بەگوندبونی گەردون، کەمترین کاریگەری لەسەرمان وەک نەتەوە هەبوبێت، ئەوەی پێش ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ وەک دەردێکی کوشندە لەناومان بونی هەبوبێت هەنوکە بەبیرو ڕێژەی زیاتر هەر ماوەو پانتایی گەورەتری لەژیانی سیاسی‌و ئابوری‌و فەرمانڕەواییماندا داگیر کردوە.

دوبەرەکیی‌و خیانەتو دابەشبونمان بەسەر زیاد لەئەجندایەکی دەرەکی‌و پەرتەوازەی ناوخۆی وەک جاران بەزیادەوە ئامادەیی هەیە.

لەباشور هێزەکان ناتەبان ناڕێکن، لەرۆژهەڵات سەربارى خەباتی سەخت، هێزەکان لەدوانەوە بۆ چوارو لەچوارەوە بۆ هەشت لێک ترازاون، لەرۆژئاوا نە سازانو ڕێکنەکەوتن، سەربارى دۆخی قورسی سەرشانیان، بەڵام ڕەهەندی دیارو خاڵی لاوازی کوردانە،

لەباكوریش جیاوازیو دابەشبونەكان ئەمڕۆ لەدوێنێ زیاترەو بۆ داهاتوش روداوەكان ئاماژەی ململانێی توندترمان نیشان ئەدەن، بۆیە بەخوێندنەوەیەكی بابەتیو رەخنەی دور لەفەرزكردنی یەك جۆر لەئایدۆلۆژیاو یەك دونیابینیو بەكەم روانین لەدەستكەوتەكانی باشور، رون ئەبێتەوە هەرچەندە فاكتەرە دەرەكێكان باشتر لەجاران بۆ كورد دوای ئەم سەد ساڵە رەخساوە، بەڵام لەئاستی ناوخۆی دا كەمترین ئامادەیی بۆ هەر جۆرە وەرچەرخانێك ئەبینرێت بەئاراستەی دروستبونی دەوڵەتی كوردی، ئەوەی ئێستا لەناوەندە سیاسییەكانی ئێمەدا لەمەڕ ئەم پرسە ئەگوزەرێت، درێژكراوەی ناكۆكییەكانی ناوخۆمانەو لێكدانەوەو خوێندنەوەیەكی بابەتی نییە كە تێزەكانی بون بەدەوڵەتی لەهەناودا هەڵگرتبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێرنیوز / ڕێكەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٦

# دوای سەدەیەک، دروستبوونی دەوڵەت، یان لێکترازانی زیاتر

فەهمی بورهان

١٦ی ئایاری ٢٠١٦ سەدەیەک بەسەر ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ دا تێئەپەڕێت، کە لەنێوان وڵاتانی بریتانیا - فەرەنسا - روسیا، مۆرکراو دوو ساڵ دواتر نەخشەکەی راگەیەنراو جێبەجێکرا، کوردستانو وڵاتانی کوردیان بەسەردا دابەش کراو لەهەمان چرکەساتی بەستنی ڕێکەوتنەکەدان، واتە دوای سەد ساڵ مێژوی گەلانی ناوچەکە لەیەک چوارچێوەدا چەقی بەستوە، کورد تەواو وەک ئەوکات ماڵی پەرتەوازەو ناڕێکو شێرزەیە، تورکو فارسو عەرەبیش سەبارەت بەکوردو کێشەکەی، هەمان ستراتیژو تێروانینیان هەیە، وڵاتانی زلهێزیش هیچ دەستەبەرێکی راستەقینەی دیموکراسییان بۆ ناوچەکە وەک بەدیلی سیستەمە فاشیستەکانی هەرێمایەتی نییە، ئەوەی گۆڕاوە تەنها زەمەنو ئاوابونی تەمەنی نەوە جیاوازەکان بووە هیچی تر.



ڕەنگە دوای سەد ساڵ قورس بێت بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەک کورد، هەروا بەسانای ئەم سەدەیە بەسەریا گوزەر بکاتو هیچ خوێندنەوەیەک، یان لێکدانەوەیەکی واقیعی دور لەهەڵچونە، دەرونییەکان بۆ کۆی روداو و هەڵچونو گلانو سەرکەوتنەکانی ئەم سەد ساڵە نەکات.

ئەگەر ورد تەماشای رابردوو بکەین، دەرئەکەوێت ئەوەی هەنوکە لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەبەشە جیاوازەکانیەوە روئەدات، لەپەرتەوازەیی‌و بونی زیاد لەخیتابێک و زیاد لەدیدێک بۆ داهاتوی ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتە کارێکی زۆر نامۆ نەبێت، چونکە ئەوەی لەسەد ساڵی ئێمەدا زۆرترین پانتایی مێژومانی داگیرکردوە، ئەم جۆرە لەناتەبایی‌و ناڕێکییەی ناوخۆی کوردە، شەڕی ناوخۆ، خیانەتو دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵکردن، ڕێکنەکەوتنو سەنگەرلێکدان دژبەیەک، ڕەهەندی زاڵی ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتەیە. ڕەنگە تەنها نەتەوە بین بیری نوێی فەلسەفە فرەیی‌و پێکەوەی مۆدێرنەو دەسکەوتەکانی دیموکراسیەتو بەهاکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤو عەولەمەو کرانەوەی سنورەکانو بەگوندبونی گەردون، کەمترین کاریگەری لەسەرمان وەک نەتەوە هەبوبێت، ئەوەی پێش ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ وەک دەردێکی کوشندە لەناومان بونی هەبوبێت هەنوکە بەبرِو ڕێژەی زیاتر هەر ماوەو پانتایی گەورەتری لەژیانی سیاسی‌و ئابوری‌و فەرمانڕەواییماندا داگیر کردوە.

دوبەرەکیی‌و خیانەتو دابەشبونمان بەسەر زیاد لەئەجندایەکی دەرەکی‌و پەرتەوازەی ناوخۆی وەک جاران بەزیادەوە ئامادەیی هەیە.

لەباشور هێزەکان ناتەبان ناڕێکن، لەرۆژهەڵات سەرباری خەباتی سەخت، هێزەکان لەدوانەوە بۆ چوارو لەچوارەوە بۆ هەشت لێک ترازاون، لەرۆژئاوا نە سازانو ڕێکنەکەوتن، سەرباری دۆخی قورسی سەرشانیان، بەڵام ڕەهەندی دیارو خاڵی لاوازی کوردانە،

لەباکوریش جیاوازیو دابەشبونەکان ئەمڕۆ لەدوێنێ زیاترەو بۆ داهاتوش روداوەکان ئاماژەی ململانێی توندترمان نیشان ئەدەن، بۆیە بەخوێندنەوەیەکی بابەتیو رەخنەی دور لەفەرزکردنی یەک جۆر لەئایدۆلۆژیاو یەک دونیابینیو بەکەم روانین لەدەستکەوتەکانی باشور، رون ئەبێتەوە هەرچەندە فاکتەرە دەرەکێکان باشتر لەجاران بۆ کورد دوای ئەم سەد ساڵە رەخساوە، بەڵام لەئاستی ناوخۆی دا کەمترین ئامادەیی بۆ هەر جۆرە وەرچەرخانێک ئەبینرێت بەئاراستەی دروستبونی دەوڵەتی کوردی، ئەوەی ئێستا لەناوەندە سیاسییەکانی ئێمەدا لەمەڕ ئەم پرسە ئەگوزەرێت، درێژکراوەی ناکۆکییەکانی ناوخۆمانەو لێکدانەوەو خوێندنەوەیەکی بابەتی نییە کە تێزەکانی بون بەدەوڵەتی لەهەناودا هەڵگرتبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئن - ئار - تی / ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

## د. بەرهەم: دوای ١٠٠ ساڵ لە سایکس بیکۆ ناکرێت کورد فەرامۆش بکرێت

**د. بەرهەم ساڵح**

جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رایدەگەیەنێت، سیستمی سیاسی دوای سایکس بیکۆ لەسەر فەرامۆشکردنی مافی



کورد بونیاد نرا، بەڵام دوای ١٠٠ ساڵ و دوای ئەزمونێکی پڕ لەخوێن و جەنگ و ماڵوێرانی کۆتایی هات، بۆیە ناکرێت ئەمجارە کورد فەرامۆش بکرێت.

ئەمڕۆ سێشەممە ١٢ی نیسانی ٢٠١٦، د. بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان سەردانی پەرلەمانی روسیا (دوما) ی کردو لەلایەن ئەلیکسێی پوشکۆڤ، سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی دوما پێشوازی لێکراو لە کۆبونەوەیەکدا پێویستی یەکخستنی هەوڵەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی ناوچەیی بۆ تێکشکاندنی تیرۆر و بەرقەرارکردنی سیستمێکی سیاسی و ئەمنی گونجاو و چارەسەری قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی دوما بەپێویستیان زانی کەلەنزیکەوە گوێبیستی د. بەرهەم ساڵح بن سەبارەت بەدۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عیراق و هەرێمی کوردستان کە ئێستا بەقۆناغێکی دژواری سیاسی و ئەمنیدا تێدەپەڕێت.

لەروونکردنەوەیەکدا د. بەرهەم باسی لەوەکرد کە دەربازکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم قەیرانە قوڵ و هەمەجۆرانە، پێویستی بەپشتیوانیەکی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی ئیقلیمی هەیە کەببێتە مایەی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانی و ئەمنی هاوسەنگ کەمافی پێکهاتە جیاوازەکانی تێدا فەراهەم ببێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا د. بەرهەم ئاماژەی بەوەکرد: ئێستا کورد لەو ناوچەیەدا هێزێکی کاریگەرەو پێگەی کوردیش لەپرۆسەی رووبەرووبوونەوەی داعش و تیرۆر بەگشتی بەرچاوە، بۆیە لەهەر سیناریۆ و ئەگەرێکی ئایندەدا پێویست دەکات ئەو رۆڵە لەبەرچاوبگیرێت، لەم رووەوە داوای کرد کە روسیا ئەم تایبەتمەندیە لەبەرچاو بگرێت.

دواتر ئەلیکسێی پوشکۆڤ باسی لەوەکرد کەهەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی پێویستی بەچارەسەرو رێکخستنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە، لەم رەووە روسیا ئامادەیە هاوکارو هەماهەنگی پێویست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بکات، هاوکات ئاماژەی بەرۆڵی پێشمەرگەو شەرڤانان کرد لەپاشەکشە پێکردنی تیرۆرستاندا.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا کە هەریەک لە عەدنان حەمەی مینا، ئەندامی سەرکردایەتی (ی ن ک) باڵیۆزی عیراق لە مۆسکۆ، د. ئاسۆ جەنگی نوێنەری حکومەتی هەرێم لەروسیا، ئیسماعیل مەحمود ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان، توانا ئەحمەد ئامادەی بوون باس لە پێویستی یەکخستنی هەوڵ و تواناکان کرا بە ئاڕاستەی تێکشاندنی تیرۆر و بەرقەرارکردنی سیستمێکی سیاسی ئەوتۆ کەلەخزمەتی ئارامی و ئاسایشی هاوبەشی هەمو نەتەوەو پێکهاتەکاندا بێت.

هەر ئەمڕۆ د. بەرهەم ساڵح لە بەشی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی مۆسکۆ بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو خوێندکارو مامۆستایانی زانکۆکە، وتارێکی پێشکەش کرد سەبارەت بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەر و سیناریۆکانی ئایندەو رۆڵی زلهێزەکان لەم قۆناغەدا.

هەروا باسی لەوە کرد کە سیستمی سیاسی دوای سایکس بیکۆ لەسەر فەرامۆشکردنی مافی کورد بونیاد نرا، بەڵام دوای ١٠٠ ساڵ، دوای ئەزمونێکی پڕ لەخوێن و جەنگ وماڵوێرانی کۆتایی هات، بۆیە ناکرێت ئەمجارە کورد فەرامۆش بکرێت.

دوایش بەشێک لەمامۆستاییان و خوێندکارەکانی زانکۆی مۆسکۆ چەند پرسیارێکیان ئاراستەی د.بەرهەم کردو ئەویش بەتێروتەسەلی وەڵامی دانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە / ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# نەخشەی سایکس پیکۆ تەعریفی ریفراندۆم دەگۆڕێت

## رێکان سەباح

دیدگای زاڵ لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و نەخشەی سایکس پێکۆ لەوەوە نایێت کە ئازادی و بنەماکانی مافی مرۆڤ بەرهەمی بنیات نانی ئەو دەوڵەتانە بێت، واتا میتۆدی ریفراندۆم لە جوگرافیایەکی وەکو عێراق لەگەڵ سکوتلەندا و بەریتانیا، بەگوێرەی جیاوازی جوگرافیا دەگۆڕێت "چونکە بەرهەمی بنیات نانی دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە وێنا کردنی جۆری رفراندۆم، بەڵکو ئێمە لە نەخشی جوگرافیایەک ژیاوین لەسەد ساڵی رابردوو بەرهەمەکانی" سەربرین و ئەنفاڵ و کیمیا باران بووە بۆ درێژە پێدان بە هێشتنەوەی دەوڵەتانی لێکەوتەی ئەو نەخشەیە، نموونەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە لە نەخشەی جوگرافیایی سایکس پیکۆ دایە، بەدەیان سەدام و قەزافی و بەشار ئەسەدی لە مێژووی خۆیدا پێشکەش کردووە، کە باوەری هێشتنەوەی رژێمەکانی لە



ئەنفاڵ و کیمیا باران و سەربرین کۆمەڵکوژی دا پێناسە بووە "واتا ئەوەی کە دەگوترێت لەبارەی مێژووی رژێمەکانی دەوڵەتانی لێکەوتەی نەخشەی سایکس پێکۆ، لەچوارچێوەی کەس یان ئایدۆلۆژیا لە راستەوە بۆ چەپ وێنا نابێت، چونکە کورسی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە جێگرنابێت ئەگەر روبارێک خوێنی بەژێریدا شەپۆڵ نەدات. نموونەی گۆڕێن لە سەدامەوە بۆ شیعە" دەبینرێت لە عێراق کە هەردووکیان لەسەر هەمان میتۆد درێژە بەدەسەڵاتیان دەدەن ئەویش "ئەنفاڵ و کیمیا باران بۆ برینی قوتی خەڵک" ئەمەشە وا لە ئێمە دەکات جیاواز تر بیر لە ریفراندۆم بکەینەوە.

### ریفراندۆم و وەڵامەکانی

وەڵامی ریفراندۆم "لە بەڵێ و نەخێردا" لەجوگرافیایەک کە پێکهاتەکانی بەزۆری بەو دەوڵەتەدا لکێنراوە، درێژە پێدەری بەردەوامی ئەو دەوڵەتەش" ئەنفال و کیمیا باران و داعش و برینی قوتی خەڵک بێت" ئەو ریفراندۆمە لە" بەڵێ و نەخێر " دا واتادار نابێت چونکە زەمینەی ئەو وڵاتە بەهایەک بۆ مانەوە لەگەڵ یەک تێدا نیە. ئەمەشی لێرەدا خۆی مەلاس داوە، بۆ وەرگرتنی نەخێری خەڵک دیدگایەکی لاواز و بێ بەهایی هەیە بۆ تێگەیشتن لە دژایەتیشدا بۆ گەلی کوردستان، بۆیە دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایی ئەو دیدگایە هەڵسەنگێنین لەدژایەتی تەعریفی بە نەتەوە بوون، واتا دژایەتی ریفراندۆم لەژێر هەر بیانوێک بێت، لەچوارچێوەی درێژە پێدەری بەرهەمی نەخشەیەکدا چڕۆ دەکات، کە تەنها روانگەی بەردەوامی بە نموونەی پێشکەش کراوەی بەعس و داعش خۆی پێناسە دەکات و هیچ ئەنتەرناتیڤێکی تری نیە.

### داعش و بەعس

كاتێك ناوی بەعس و داعش دێت بەو واتایە نیە كە لەروانگەی فكری ئەوانەوە پێناسە بۆ دەوڵەتی عێراق دەكرێت، بەڵكو بەعس و داعش وێنایی لێكەوتەی دوو قۆناغی بەردەوامی دیرۆكی ئەو دەوڵەتەن،كە جۆرەها تاوانیان لەژێر ناوی دا تۆمار كراوە، ئەمەشیان بەرهەمی تاقی كردنەوەی دوو جۆر لە ئەنتەرناتیڤی حكومرانی عێراقە كە لێكەوتەكانی شنگاڵ و هەڵەبجەی تێدایە، لێرەیە پاڵمان پێوە دەنێت، بگەینە باوەڕێكی یەقین كە لەو پەری چەپەوە تا ئەو پەری راست و لە سوونە و شیعەشدا، ناتوانرێت بەدیل بێت بۆ بەرێوەبردنی ئەو عێراقە، چونكە بنەمایی پێكهێنانی ئەو وڵاتە لەسەر ئەو نەخشەیە بەرهەمێكی حكومرانی نابێت، تێیدا مافەكانی مرۆڤ و پێكهاتەكانی پارێزراوبێت، دەوڵەتی عێراق لە شوێنێكی ئارام بۆ عێراقیەكاندا جێگیر نەكراوە، بەڵكو عێراق لەشوێنێك جێگیر كراوە، ئەگەر شیعە تێیدا دەسەڵات بێت دەبێت "عەرەبی سوونە و كورد كۆمەڵكوژ بكات بۆ ئەوەی حكومرانیەكەی تێدا بەردەوام بێت، بە پێچەوانەوە بۆ هەموو پێكهاتەكانی تریش ئەو جۆرە لە پێناسەیە راستە لەناو ئەو جوگرافیایەدا، كەوایە دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبیر بێت ریفراندۆم بە تەعریفی نەخێر و بەڵێ دا مانا راستەقینەكەی خۆی نادات، لەگەیاندنی پەیامی رەد كردنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێك، ئەمەش دەبێت لەدیدگا و تێروانی ئێمە دا پێناسەیەكی تر بۆ ئەو ریفراندۆمە بكەین ئەویش تێكهەڵ شێلانی ئەو ریفراندۆمەیە، بە رووداوەكانی لێكەوتەی ئەو وڵاتە.

## ریفراندۆم لە عێراق

ریفراندۆم لە عێراق بۆ جودا كردنەوەی كوردستان تەنها ئالیەتێكی یاساییە كە دەبێت مرۆڤی كورد پێیدا تێپەرێت، بەڵام وەڵامی خەڵكی كوردستان پێویست نیە لە لاپەرێكی سپی دا بە "تەنها بەڵێیەك وەربگیرێت، مێژووی ئەو عێراقە، كە كورد تێیدا بەشێك بووە، دەبێت ببێتە پێناسە جۆری وەڵامی ریفراندۆم كە تێیدا نەهامەتیەكانی گەلی كوردستان بەهەموو پێكهاتەكان بخرێتە بەردەم هەموو دونیایی مرۆڤایەتی، هیچ واتایەكیشی نیە، مرۆڤێك باب و باپیرانی بەجۆرها كوشتن و لەناو بردن تاقیی بكرێتەوە پێی بلێت تۆ لەعێراق دەمێنیەوە یان دەوڵەتی كوردیت دەوێت، ئەوانەی كە پێیان وایە ریفراندۆم ئەو پێناسەیەی تێدا جێگیر دەكرێت هەڵەن، ریفراندۆم لەكوردستاندا، تەنها وەڵامی نەهامەتیەكانی كوردستانی تێدا دەنووسرێت، جگە لەمەش هیچ واتایەك بۆ ریفراندۆم نەیە بۆ كورد چونكە دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان پێویستی بەوە نیە لەگەلی كوردستان بپرسیت تۆ لەناو عێراقی تاوانبار بە ئەنفال و كیمیا باران دا دەمێنیەوە یان دەوڵەتی خۆتت دەوێت، بۆیە ئەو ریفراندۆمە هەرگیز لەكوردستان ناكرێت تاوەكو ئەوكەسانەی كە خۆیان مەلاس داوە بۆ بەدەست هێنانی رەئی نەخێری خەڵك درێژە بەئەقلی بەعسی و داعشی بدەن لەسەر كورد.

سەرچاوە: ماڵپەری پارتی دیموكراتی كوردستان / رێكەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٦

# کیری - لاڤرۆڤ لەبری سایکس - بیکۆ

## مەشخەڵ کەوڵۆسی

بۆ هەر چاودێر و شرۆڤەکارێکی ئاگادار لەئاڵوگۆڕە جیۆسیاسییەکان، لەسەرەتای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقەوە تاکو ئێستا. خاڵێک کەزۆر بەڕوونی دەردەکەوت ئەوەبوو کە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەو شێوەیەی کەهەبوو لەسەردەستی سایکس - بیکۆدا ڕەنگ ڕێژی کرابوو، پاساوەکانی مانەوەی خۆی لەدەستداوە، بۆیە حەتمیەتی گۆڕینی وەک ڕۆژی ڕووناک خۆی نمایش دەکرد.



دواجار ڕووداوەکانی ناسراو بەبەهاری عەرەبی هاتنە پێشەوە کە هیچ گومانێکیان لەسەر ئەوە نەهێشتەوە کە نەخشەکە توانای هەڵمژینی گۆرانکارییەکانی نەماوە، چونکە بچوکترین ڕووداوی کۆمەلایەتی - سیاسی، وەک خۆپیشاندانی دانیشتوانی شارەدێیەکی تونس، وەک ئاگری ناوکا هەموو سنورەکانی بڕی و، سنورەکان مەناعەی ئەوەیان نەبوو ڕێگری لەگواستنەوەی خۆپیشاندانەکان بکەن. لەکاتێکدا ئەو دۆخەی لەتونس خۆپیشاندانەکانی بۆ داوای قووتی ڕۆژانە دروستکرد، ڕەنگە لەوڵاتەکانی تر بەو شێوەیە نەبووبێت، کەچی خۆپیشاندانەکان پەڕینەوە. ئینجا پرسیارێک کە ئەوکاتە و ئێستاش کردوومانە ئەمەیە: چۆن سنورەکان ئەو مەناعەیان لەدەستدا؟ چۆن ڕووداوێکی ئابوری - کۆمەلایەتی - سیاسی لەتونس، بونیادی نەخشەو سنورەکانی هەڵتەکاند؟.

لەگوازرانەوەی کەڤاڵەکەدا بۆ سوریا، ئەوەی لەژێر بەرەدا بوو هاتە سەر بەرە. یانی مرۆڤ بۆئەوەی تێبگات لەوەی نەخشەکە کۆتایی هاتووە، پێویستی بەئەقڵێکی باڵا و چاودێرییەکی بەردەوامی پێدراوەکان نەبوو، چونکە زووبەزوو خۆپیشاندانەکان لەسوریا بوونە هۆی دروستبوونی جەمسەرگیری تایفی لەئاستی مرۆییدا، دواتر ئەو جەمسەرگیرییە لەسەر جوگرافیای سیاسی ڕەنگی دایەوە، لەسەر زەوی خاکی سوریا بووبە چەند کانتۆنێکی جیاجیا لەسەر بنەمای مەزەب و ئیتنیک.

سەیری مەشهەدەکە بکە، گەلێکی وەک کورد، ئەو بەشەی کە بەزۆر خرایە ژێر سایەی دەوڵەتێکی وەکو سوریا، بەجۆرێک مافی پێشێلکرابوو، کە تەنانەت ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە داگیرکەرەشیان پێ ڕەوا نەدەبینرا، کەچی لەگەڵ گەیشتنی ڕووداوەکان بەخاکی سوریا، کورد لەناکاو(بەپێوەری ستراتیژی) دەبێتە ژمارەیەکی قورس، کە تەنانەت وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپا بۆ داکۆکی کردن لەمانەوەی ئەو گەلە دێنە سەرخەت. خودی گەلەکەش دەبێتە خاوەنی قەوارەی جیاجیا.

مەبەست لەو نمونەیە ئەوەیە تێ بگەین لەئاستی هەڵکشانی خواست لەسەر بەخێرایی ئامادەکردنی پێکهاتەکانی ناوچەکە لەسەر لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی دابەشکردنی ناوچەکە بەسەر خۆیاندا.

ئیدی هاتنی داعش پرسەکەی خێراتر کرد، یانی وەزیفەی داعش لەم نێوەندەدا تەنها ئەوەبوو گوڕێکی دابە پرۆژەی دابەشکردنەکە

لەسەر بنەمای مەزەبی. تاکو کارگەیشتە ئەوەی پێکهاتەکانی ناوچەکە بەتایبەت لەسوریا، ئەوەندەیان خوێن لەجەستەی یەکتر هێنا، چیتر ناتوانن پێکەوە لەناو یەک ڕووبەردا بژین. ئەوەش ترۆپکی جێبەجێبوونی تیۆری فەوزای دروستکەرە"الفوضى الخلاقە."

ئینجا لەکاتێکدا ناکۆکییەکانی پێکهاتەکان دەگەنە خاڵی نەگەڕانەوە، کیری و لاڤرۆڤ دێنە سەرخەت و بڕیار لەڕاگرتنی خوێن ڕشتن دەدەن، بەیەک مەرجی زۆر سادە وئاشکرا، ئەویش ئەوەیە کەلە دەقی ڕێککەوتنی ئاگربەست لەسوریادا هەردوو وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و ئەمریکا لەسەری ڕێککەوتوون، کەنابێت هیچکام لەلایەنەکان هەوڵ بدەن دەست بەسەر ئەو خاکەدا بگرن، کەئێستا لەژێر دەست لایەنێکی تردایە، ئەوەش بەواتایەکی ڕوونتر واتە: هەرکام لەو لایەنانەی جەنگی سوریا کەتوانیویانە دەست بەسەرخاکدا بگرن، لایەنێکی تر بۆی نیە هەوڵ بدات لەژێردەستیان دەری بهێنێت. بەڵکو دەبێتە سنوری جوڵەی خۆیان. بەدەربڕینێکی تر: ئەو سنورانەی کەشەڕی سوریا لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەدا دروستی کرد، لەڕێککەوتنی کیری-لاڤرۆڤ دا شەرعیەتی پێ دراوە. بگرە وەک مافێکی پێکهاتەکان ئاماژەی بۆکراوە.

هاوکات ڕێککەوتنەکە دان دەنێت بەو دەستەڵاتانەدا کەلەناوچە جیاجیاکانی سوریادا دروست بوون، بەو پێیەی کەداوایان لێدەکات وەک دەستەڵات ڕێگەبدەن گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان، هاوکات داوایان لێدەکات لەهەر پێشێل کارییەک نەتەوە یەکگرتوەکان بەفەرمی ئاگادار بکەنەوە. سەرباری هەموو ئەوانەش داوا لەهەموو لایەنەکان دەکات دەستدرێژی نەکەنە سەر سنورەکانی یەکتر.

**دواجار** :لەهەموو ئەوانەوە تێدەگەین کەدابەش بوونی سوریا لەسەر بنەمای مەزەب و ئیتنیک بوو بەڕاستی و بەچاوی سەر دەی بینین و دووگەورە هێزی جیهانی داکۆکی لێدەکەن و پێی قایلن. بۆیە پێم وایە لەم سەدەیەدا، لەبری سایکس-بیکۆ ڕێککەوتنی کیری - لاڤرۆڤ دەبێتە مادەی توێژینەوەکان. بەحوکمی ئەوەی هێشتا ئەو ڕێککەوتنە قاڵبی نەگرتووە، کورد دەتوانێت بیکاتە دەوازەی دەرچوون لەقۆناغی داگیرکاری و، داوابەدوای مەرگ یان توانەوەی داعش دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز / ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریویری ٢٠١٦

## ١١ ساڵ پلانی پێش وەختە بۆ ساڵ ڕۆژی نەخشەسازی سایكس و پیكۆ و كوردی بێ ئاگا

### كارزان هەنارەیی

تورەكردنی كورد لە كورد هیچ گومانی تێدانییە پلانی دوژمنان و ویستی دوژمنانە هەر لە سەرەتاوە كە قوتی خەڵك بڕدرا لەلایەن بەغداوە پلانی ئەوە هەبوو خەڵك برسی بكەن و لە برسان پەلاماری دارو بەردی دەسەڵاتەكەی خۆیان بدەن و ئەو خۆشگوزەرانییەی كە كورد تییدا بوو بە دەستی كورد خۆیان لەناو بچێت و هیچ ئینتمایەك بۆ كورد بون نەهێڵنەوە.

بێگومان كەشفی بانقەكانی كوردستانیشیان كردبوو كە ئەو پارەی هەیە هەمووی هی كەرتی تایبەتە و خەزێنەی حكومیی بەتاڵە ئەوەش چونكە كورد تاوەكو ئێستاش هەر پشتی بە و پارەیە بەستبوو كە لەبەغداوە بۆی دەهات و هیچی لێ پاشەكەوت نەكرد و هەمووی خستەبازاڕەوە و بوو بە موڵكی كەرتی تایبەت ئەو پارەیەش لەكاتی هاتنی داعش و بوونی مەترسی لەسەر كوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرمایەدارەكان ڕاكێشرایەوە و بانقەكان بەتاڵبوون.

ناردنی پارەش لەلایەن بەغداوە بە شێوەیەكی زۆر و بێ بەرنامە خۆی هەر پلانێكی ئابووری درێژخایەن بووە بۆ لەناوبردنی خەونەكانی كورد.، سەرەتا نرخی هەموو شتێك بەرز بكرێتەوە و خەڵكی ئاسایی نەتوانێت دەست بۆ زۆر شت ببات. دواتر بڕینی ئەو بودجەیە كاری گەری زۆری هەبێت بەوەی شتەكان زۆر بە ئاسانی نرخیان دانابەزێت، تاوەكو ئەو كاتەی كە نرخەكان دادەبەزن و هاوسەنگیەك پەیدا دەبێت لە نێوان داهات و خەرجییەكان و تورەیی خەڵك زۆر زیاد دەكات و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی دەكەوێتە مەترسییەوە و خەڵك لەلایەك بەهۆیی لایەنگرییان بۆ حیزبێك بوونەتە دوژمنی یەك و برا برا ناناسێت. لە لایەكی دیكەش بەهۆیی برسیەتییەوە فێل لێككردن و دزی لەیەككردن و كوشتنی یەكتر بۆ پارە، لەبەرئەو هۆكارانە كۆنترۆڵكردنی زۆر ئاستەم دەبێت بەوەش ئەو پیلانەی كە داڕێژرابوو دژی كورد و دەسەڵاتەكەی جێبەجێ دەبێت بە خودكاری و بەدەستی كورد خۆی هەموو شتێكی خۆی لەناو دەبات. ئیتر لێرەوەش عەرەب و فارس و تورك پەیامێك ئاراستەی داڕێژەران سایكس و پیكۆ دەكەن بەوەی كە نەخشەكەیان تەواو گونجاو بووە و لە پاش ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو دابەشكارییە پێویستە ئەو نەخشەیە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەوەتا كورد ناتوانێت نە لەگەڵ یەكدی بژی نە خۆی بەڕێوەببات، ئەگەر ببێتە دەوڵەتیش هەم مایەی مەترسی دەبێت بۆ دەوروبەری وە هەم دەبێتە مەترسیش بۆ خۆی.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە ئەوەندەی دوژمنانی كورد خۆیان بۆ ساڵرۆژی دابەشكردنی كوردستان ئامادە كردوە، كورد خۆیی ئامادە نەكردووە و نە كەوتووەتە خۆ و لەناوخۆدا یەكنەبووە. ئەو یەكنەبوونەش هەر بە پلانی دوژمنان دەزانم - بەوەی دوژمنان پشتی لایەنێكی كوردیان گرتووە بە و مەرجەی دژی لایەنێكی دیكەی كوردی بوەستێتەوە و لەگەڵ ویستی ئەو دابێت.

دۆخێكی زۆر مەترسیدار و نالەبار هاتووەتە پێشەوە بۆ كورد، كە چارەسەركردنی تەنها لە دەست كورد خۆیەتی - ئەو

سەرمایەدارانەی کە چەند ساڵە قازانجێکی زۆریان کردووە لە کەرتی تایبەت بە هۆی کوردستانەوە، پێویستە وەک ئینتمایەک بۆ کوردبوون پارەکانیان ببەخشنە حکومەت و بە شەفافیەت بانقەکان پڕبکەنەوە بۆ خزمەتی وڵاتی کوردی و شکستپێهێنانی پلانی دوژمنان، کە ١ ساڵە زۆر بە تۆکمەیی دایان ڕشتوە - ساڵانێک هەبوون کورد بۆ کوردبوون دەمرد و نانی رەقی نەبوو بیخوات، ئێستاکەش بۆ نانی رەق کورد کوردبوون لەناو دەبات بەهۆیی پلانەکانی دوژمنانەوە. وە بێپلانی کورد و گلنەدانەوە داهات و خۆ ئامادەنەکردن بۆ ئەو کاتەی ١٠٠ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر نەخشەسازی سایکس-پیکۆ .

جێگای سەرسوڕمانە کە بەغدا مافە دەستورییەکانی کوردی بە تەواوی پێشێلکردووە، کە چی کورد تا ئێستا پلانێکی نەبووە ئاسانترین پلانیش کە بە مێشکی هەر تاکێکی کورد دادێت ئەوەیە کە کورد ئاستی ناردنی ئاو لە بەنداوەکانییەوە بۆ خواری عێراق کەم بکاتەوە و وە ڕێڕەوی رووبارەکان بگۆڕێت، هەرچەندە لە قانوونی دەولی ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام کورد دەتوانێت پێشێلکردنی دەستوور و هەڕەشە کردن لە هەرێم کورد قسەی هەبێت، وە دەتوانێت کیمیابارانکردن، ئەنفال، زیندە بەچاڵکردن، ڕاگواستن و ماڵوێرانی کە عەرەب بەسەر کوردیان هێنا لە ئێستادا کورد سودی لێببینێت و خوێنی شەهیدانی بە هەدەر نەڕوات - جگە لەوانەش کورد دەتوانێت خاڵە سنوورییەکانی زۆر بە باشی بەکار بهێنێت.

بەگشتی ئابووریناسان و شارەزایانی بواری نەخشە و ڕێڕەوەکانی بازرگانی دەتوانن پلانی تۆکمە و کاریگەر دژی ئەو هەموو پلانگێڕییەی دوژمنان دابڕێژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو / ڕێکەوتی: ٨ی فێبریویری ٢٠١٦

## کۆتایی هاتنی سایکس بیکۆ و ململانێ ی هێزەکان لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ !!

### بهمن کاک عبدالله

لای هەموان ئاشکرایە ئێستا ١٠٠ ساڵی تەواو تێدەپەڕێت بەسەر دابەشکردنی ناوچەکەدا ، بەجۆرێک لەوسەدەیەی ڕابردودا هیچ کات ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە !!



بۆیە ئێستا ململانێ یەکی توند دەستی پێکردوە لە نێوان ئەجێندای ئەمریکاوئەوروپاو سعودیە و تارادەیەک تورکیا بۆ دابەشکردنەوەی سەرلەنوێ ی ناوچەکەو کێشانەوەی نەخشەی نوێی وولاتان بەجۆرێک کە ئاماژەیەکی گەورە هەیە کورد پشکی خۆی بەرکەوێت و دەوڵەتی کوردی دروست بیێت ، هەروەها ئەجێندای ئێرانی رووسی کەبەتوندی دژی دەسکاری کردنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروست بوونی دەوڵەتی کوردین لە ناوچەکەدا !!

هەربۆیە بڕینی بوجەو موچەی خەڵکی کوردستان لەلایەن بغداد و هێنانی داعش بۆ کوردستان و تەقاندنەوەی بۆری نەوتی کوردستان لە باکوری کوردستان و دروستکردنی شەڕی پە کە کە و تورکیا لە شاری سلوپی دەروازەی ابراهیم خلیل و دواتر هاندانی خەڵکی لەناوخۆی کوردستان بۆشۆڕشی چەکداری بەناوی موچەو پلان دانان بۆ تەقەکردن لە کونسوڵخانەو لێدان لەکۆمپانیابیانیەکان و تەقاندنەوەی بۆری غازی قادرکەرەم- هەولێر، ئەمانە هەمووی ڕووداوی ئاسایی و بێ پلان و بێ ئەجندانین !!

بۆیە مێژووی ڕووداوەکانی سەدساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێن لەئەگەری سەرکەوتنی ئەجێندای ئەمریکادا ، کورد بۆیەکجاری بەخەونەکەی دەگات،

بەڵام خوا نەخواستە لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەجێندای ئێران و مانەوەی نەخشەی ناوچەکە وەک خۆی کەزۆر مەحاڵە ! ئەوا کورد بۆ سەد ساڵی تر دەبێتەوە ژێر دەستەو نەک نابینە خاوەنی سەروەت و سامان و وولاتی خۆمان بەڵکو نابینە خاوەن ژیان و کەسایەتیمان لەبەرئەوە هەرکەس و هێزێک بەهەر بیانویەک ببێتە هۆی دواخستنی ریفراندۆم ، بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست بەخۆی بزانێ یان نا هەوڵ بۆسەرخستنی ئەجێندای ئێران دەداو گەورەترین خیانەتی مێژووی دەکا دەرحەق بەنەتەوەی کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستان.


سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست / ڕێکەوتی: ٣٠ی جانیوەری ٢٠١٦

# ئاخۆ ژنێڤ سێ سایکس - پیکۆی دووی لێ دەکەوێتەوە؟

## جەنگیز چاندار

## لە تورکییەوە: NNSROJ

سایکس - پیکۆ وەک هەوڵێکی ڕۆژئاوا دەناسرێ کە لە ڕێگایەوە خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی یەکپارچە دابەش کرا تا مۆدێلێکی دەوڵەتمەداری هاوشێوەی ئەوروپای لێ دابمەزرێنرێت. گەر بێت و روسیا و ئەمریکا لەسەر مەسەلەی سوریا بگەنە ڕێکەوتن، ئاخۆ سایکس-پیکۆی II دێتە دی؟ ئاخۆ ژنێڤ III، ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە؟



ماوەیەک لەمەوبەر، وەلید جونبولات کە خۆی یەکێک لە کارناسە سیاسییە هەرە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە، بۆ پیرۆزبایی ساڵی نوی پەیوەندی پێوە کردم. دوای بیرهێنانەوەی ئەوەی کە ئەمساڵ، " یادی سەد ساڵەی سایکس - پیکۆ"یە گوتی:" چەند ساڵێک لەمەوبەر و لە دیدارێکماندا لە بەیروت گووتم کە هەوڵێک بۆ ئامادەکردنی سایکس-پیکۆیەکی تر بۆ ناوچەکە لە ئارادایە. ئەو دۆخەی ئێستا لە ئارادایە، بە تەواوەتی نیشاندەری ئەو شتەیە. لە یادی سەد ساڵەی ئەو ڕێککەوتنەدا، بەرەو سایکس - پیکۆیەکی نوێ هەنگاو دەنێین."

سایکس - پیکۆ، ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییە کە لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، لە نێوان فەرەنسا و ئینگلستان و لە لایەن هەردوو دیپلۆماتکار سیر مارک سایکس و گۆرگیس پیکۆ سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە کرابوو.

بەڵام پاش ئەوەی بۆلشەویکەکان لە دوای شۆرشی ١٩١٧ هەرچی بەڵگە و نوسراوی نهێنی ئەرشیفەکانی قەیسەری ڕوسیا بوو ئاشکرا و بڵاویان کردەوە، سایکس-پیکۆش ئاشکرا بوو.

لە ڕاستیدا، لە دوای کۆتایی شەریش، خاکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە لایەن ئینگلستان و فەرەنساوە لە شێوازی "بەڕێوەبەرێتی مەندووب/مەندات" پارچە پارچە و دابەشکران.

بەڵام هەر بە تەنیا ئەو دابەشکردنە، بریتی نەبوو لە جیبەجێکردنی دەقاودەقی سایکس - پیکۆ، بەڵکو تەواو جیاواز بوو لەو شتەی

لە سایکس - پیکۆ دا باسی کرابوو. بۆ نموونە بە پێی ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ موسڵ درابوو بە فەرەنسا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سایکس - پیکۆ دەقاو دەق جێبەجێ نەکرابوو، بەڵام دیسانیش ئەو ڕیککەوتننامەیە وەک هەوڵێک بۆ دابەشکردنی ئەو ناوچانە لە قەڵەم دەدرێ کە بە درێژایی دەسەڵاتی چوارسەدساڵەی ئیمپراتۆری عوسمانی "یەکپارچە" بوون، تا لە شوێنی ئەوەدا دەوڵەتگەلی هاوشێوەی ئەوروپا بونیات بنرێن.

ئەوە بەو مانایە نەبوو کە کەس نەبوو دژایەتی ئەو ڕیککەوتننامەیە بکات. نەتەوەپەرستانی ئەوروپا دژی ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ بوون کە لە ڕێگەیەوە نەتەوەی عەرەب بەسەر چەندین دەوڵەتی جیاوازدا دابەش دەکرا. کورد، کە لەو نێوەدا بێ دەوڵەت مابوونەوە و ڕێککەوتنەکە وڵاتەکەیانی لەتلەت دەکرد، لە دژی بوون. عوسمانلیەکان لەبەر ئەوەی خاکی ژێر دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پارچە پارچە و دابەش دەکرا و، ئیسلامیەکانیش لەبەر " دابەشکرانی ئوممەت"ەکەیان لە دژی ئەو ریککەوتنە بوون.

ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش لە ٢٠١٤ و لە دوای داگیرکردنی موسڵ و ڕاگەیاندنی "دەوڵەتی ئیسلامی" لە سەرەتای وتارەکەیدا بە غرورەوە باسی لە "کۆتایی سایکس-پیکۆ و چوونی بۆ ناو لاپەرەکانی مێژوو" کردبوو. چوونکە سنووری نێوان عراق و سوریا لەبەر یەک هەڵوەشێنرابووە و لە شوێنی ئەو دا "خەلافەت" یانیش "دەوڵەتی ئیسلامی" دامەزرێنرابوو.

سەرۆکوەزیرانی تورکیە ئەحمەد داوتئۆغلووش لە چەندین وتاریدا باسی لە "دژایەتی سایکس - پیکۆ" کردبوو. هەروەها تەییب ئەردۆغانیش.

کەس نەبوو دژی سایکس - پیکۆ نەبێ، بەڵام هەمووان لە دیدی خۆیانەوە " بیانووی دژایەتی سایکس - پیکۆ"یان هەبوو.

نیگەرانیەکانی وەلید جونبولاَت سەبارەت بە " سایکس-پیکۆی ٢، لە یادی سەدساڵەیدا " ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بارودۆخی سوریاوە هەبوو. لە سەرجەم دیدارەکانی نێوانماندا لە بەیروت، بە لێکدانەوە و خوێندنەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بارودۆخی شەری سوریا لە سەرتای دەسپێکردنیەوە و لە ڕێگەی نەخشە و پلانی عەسکەریەوە، بە ورد و درشتی هەموو ئاقارەکانی ئەو مەسەلەیەی نیشان دابووم.

دوێنی و دوای یەکەمین ڕۆژ لە دوای کۆبوونەوەکانی ژنێڤ ٣، تویتێکیم بینی کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسیبووی. سەرجەمی بەرپرسیاریەتیەکانی بە داخ و نیگەرانیەوە دەخستە ئەستۆی ئۆباما: " جەنابی سەرۆک، گەلی سوریاتان کردە قوربانی."

لەو پەیامەیدا بۆ ئۆباما، ئاماژەیەک بۆ دانووسان و ڕێککەوتنی ئەمریکا و ڕووسیە سەبارەت بە دابەشکردنی سوریا بەرچاو دەکەوێت. بە تەواوی دیارە کە ئەو ژنێڤ٣، وەک پرۆسەی دابەشکردنی سوریا لە لایەن ئەمریکا و ڕوسیەوە دەبینێت.

سەبارەت بەو مەسەلەیە، بەشداری پێنەکردنی پەیەدە لە دانیشتنەکانی ژنێڤ ٣، هەندیک سەرەداوی گرینگ دەداتە دەستەوە. بۆ نموونە، سالح موسلیم لەگەڵ هاوسەرۆکانی ئەنجومەنی دیموکراتیکی سوریە (هەیسەم مەننا وئیلهام ئەحمەد)کە هاوپەیمانیەتیەکی

نێوان کورد و عەرەبە بەرهەڵستکارەکانە و پەیەدە خۆی پێکهێنەری هەرە کارا و سەرەکی ئەو ئەنجوومەنەیە، و هاوکات لەگەڵ قەدری جەمیل کە یەکێک لە وەزیرەکانی پێشووی حکومەتی سوریایە، دیدار و چاوپێکەوتنیان هەیە لەگەڵ نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، ستافان دیمستورا لە ژنێڤ.

موسلیم ئەو زانیاریەش دەدات کە "لەم قۆناغەدا، ئەوە هەر تەنیا تورکیا نییە کە دژایەتی بەشداری ئەوان دەکات". ئەمریکا و روسیاش بەدژی بەشداری ئەوان بوونە. یانی بێجگە لە ئەمریکا، تەنانەت روسیاش.

ئەم زانیاریە، بە ئاماژەیەکی ناراستەوخۆوە لە لایەن سالح موسلیمەوە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کراوە. بەڵام من لەلایەن گەلێک لەو ئەمریکیانەی لە برۆکسلەوە بە وردی چاودێری بارودۆخەکەدەکەن، زانیاری ئەوەم بەدەست گەیشتبوو کە نوێنەرانی ئەمریکا لە ژنێڤ " داخوازی بەشداری پەیەدە" یان هەیە.

کەوابوو دەبێ هۆکار و ڕوونکردنەوەیەکی درووست هەبێ بۆ ئەو هەڵوێستەی ڕووسیە کە بووتە هۆکاری "کۆبوونەوەکانی ژنێڤ٣ بە بێ بەشداری پەیەدە."

بە بڕوای من هۆکاری بابەتەکە ئەمەیە؛

"ڕوسیا بۆ کۆبونەوەکانی ژنێڤ ٣ توانی گەورەترین دەسکەوت لە ئەمریکا بستێنێ کە ئەویش بریتیە لە بەشداری رژێمی سوریە لە ژنێڤ ٣ و مانەوەی ئەو رژێمە لە سەر حوکم بە درێژایی ئەو کۆبوونەوە و دانیشتنانە."

ئەوە مەرجی بێ ئەملاو لای لایەنی ئۆپۆسیزیۆنی سوریا - "دەستەی باڵای دانووسانەکان"- بوو کە لەلایەن تورکیا و سعودیا و قەتەرەوە پشتیوانی دەکرێ. بەم جۆرەش، روسیا ئەم دەسکەتەی لە ئەمریکا سەند و لە بەرامبەریشدا لە ژێر فشاری ئەمریکا و (سعودیە) لایەنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە هەڵەداوان بەشدای ژنێڤ ٣ دەکات.

ڕوسیا لەبەر خاتری پەیەدە نەیدەویست بەربەست و کێشەیەکی تر درووست بکات، هەر بۆیە دەکرا پەیەدە "بەشداری لە دانیشتنەکانی خولی داهاتوو"دا بکات.

مەسەلەکە ئەوەیە.مەسەلەی دەستپێکردنی دانیشتنەکانی ژنێڤ٣ هێندەی ئەمریکا، بۆ روسیاش گرینگی و بایەخی تایبەتی هەیە. چونکە لەم قۆناغەدا، گرینگترین شت بۆ ڕوسیا ئەوەیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست – و بێگوومان لە سەر ئاستی نێودەلەتیش- جاریکی تر شوین و پێگەی خۆی وەک "ئەکتەرێکی کاریگەر" و هاوتا و هاوشانی ئەمریکا بەدەست بێنێتەوە. بەم جۆرەش، یەکێک لە ئامانجە هەرە گەورەکانی پوتین بۆ ڕوسیا لە دوای ڕوخانی یەکیەتی سۆڤیەتەوە و تا ئەمرۆ، وەدی هات. ژنێڤ ٣، وەک بەڵگەی تۆمارکراوی ئەو مەسەلەیە بۆ ڕوسیا دێتە ئەژمار.

بڕیاری ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان کە دانیشتنەکانی ڤیەننای و دواتریش دەسپێکی کۆبوونەوەکانی ژنێڤ ٣ی بەدوای خۆیدا هێنا، لە ڕێگای ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و ڕوسیاوە هاتە دی.

ئەمڕۆکە سوریا ئیتر هەر تەنیا پانتایی کێبەرکێ و ململانێی نیوان ئەمریکا و ڕوسیا نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بووەتە مەیدانی ڕێککەوتن و دانوستانی نێوانیشیان.

گەر "گەورەکان" لە نێو خۆیاندا ڕێک بکەون، ئەوا "بچوکەکان"یش ناچار بە ملدان و ڕێککەوتن دەکرێن. ئەمە هەر تەنیا دۆخی کوردانی سوریە نییە. لە چاوی "گەورەکاندا"، بەداخەوە تورکیاش، لە ئەنجامی ئەو دۆخەی بە هۆی هەڵە و چەوتی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی دەسەڵاتدار کەوتووەتە ناوی، هەمان دۆخی هەیە.

بە پێی هەوالی ڕۆیتەرز، جۆو بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە کاتی گەڕانەوەی(لە تورکیاوە-و) بۆ وڵاتەکەی و لە دیداری لەگەڵ ئەندامانی پارتیەکەی گوتبووی؛" لەوانەیە کاتێکی زۆری خۆم بۆ ئەردۆغان تەرخان کردبێ، بەڵام دواجار هاتە سەر ڕێی ڕاست". ئەم لێدوانەی سەبارەت بە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش دابوو و مەسەلەی ڕازی کردنی ئەردۆغانیشی ئاوا لێک دابووەوە: " کە بەرژەوەندی هاتە پێشەوە، مەسەلەکان دەگۆڕێن."

ئەوانەی تەنیا گوێیان بۆ ئەردۆغان و داوتئۆغڵوو شل کردووە، دەکرێ فریوی ئەوە بخۆن کە سەبارەت بە پەکەکە و پەیەدە بایدن ڕازی کراوە. کەچی بایدن، کە بۆ ئەردۆغان بەو زمانە قسە دەکات، سەرنج بدەن کە بە چ وردەکاریەکەوە هەوڵ دەدات ناوی پەکەکە و پەیەدە بەیەکەوە نەهێنێت.

دواجار وتەبێژی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک (ستێفان دوجاریک) بە ئاشکرا باسی لەوە کردووە کە بەشداری نەکردنی ئەمڕۆی پەیەدە لە ژنێڤ ٣، بە واتای بەشداری نەکردنی سبەینێی نییە لە دانیشتنەکاندا.

دوجاریک لە وەڵامی پرسیاری؛" پەیەدە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشدا لە سوریە، ڕۆڵ و دەورێکی کارا و کاریگەر دەبینێ. کورد بەشێکی گرینگی پێکهاتەی سوریان و بەشێکی بەرچاوی خاکی ئەو وڵاتە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە. بۆچی پەیەدە لە دانیشتنەکانی ئاشتیدا بەشدار نییە؟"

دەڵێ:

"هەروەک نوینەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوریە، دیمستوراش ئاماژەی پێکردووە، دانیشتنەکانی ئاشتی شەش مانگ دەخایەنێ. دەکرێ لە قۆناغی جیاجیای ئەو دانیشتنانەدا، کەسایەتی و کارەکتەری جیاجیا بەشداری بکەن. لەو دانیشتنە فراوانەنی ئاشتیدا دەکرێ لایەن و گروپی جیاجیا بەشداریان پێ بکرێ... هاوسەنگیەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە هەر ئان و ساتیک لە

گۆڕانکاریدان، دەکرێ هەندێک لە بەشداران لە ژنێڤیش بن بەڵام بەشداری دانیشتنەکان نەکەن. پیشتریش گوتوومە؛ ئێمە نازانین، چ کەسانێک و بۆچی لەوێن، یانیش لە کام هوتێل دەمێننەوە."

ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەویە؛ " دواجار، ئەوە ئەمریکا و روسیەن کە دوایین بڕیار سەبارەت بەم مەسەلانە دەدەن. هەموو شتەکان ئەم دووانە دەیزانن و دواتر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕادەگەیەنن."

یانی ئەوەی دەبێ ئێمە لێی تێبگەین ئەوەیە؛ هەر لە بنەڕەتدا ئەمریکا هیچ نارەزایەتیەکی بەرامبەر بە پەیەدە نییە، گەر روسیاش بیهەوێ، ئەوا پەیەدە دێتە سەر مێزی دانیشتنەکان.

ئەی ئەگەر تورکیا نارەزایەتی نیشان دا؟

چارە دەکرێ. هەر چۆنێک بێ، سەرانی دەسەڵاتداری تورکیا، لە ریگەی " فشاری ئەمریکا "وە " کاتیک مەسەلە دێتە سەر بەرژەوەندیەکان، دوجار ڕازی دەکرێن."

بایدن وا دەڵێ.

باشە، ئەی ئەگەر رێککەوتنی نێوان ڕوسیە و ئەمریکا سەبارەت بە سوریا جێبەجێ بوو و سەریگرت، دەکرێ ناوی بنێین سایکس-پیکۆی دووهەم؟ ئاخۆ ژنێڤ ٣ ئەوە بەدوای خۆیدا دێنێ؟

پیم وا نییە.

لەوانەیە پێویستی بە ژنێڤ ٤، یانیش ژنێڤ ٥ هەبێت.
لەوانەیە کارەکتەرەکان بگۆڕێن. ئەم گریمانەیە کارەکتەرەکانی تورکیاش دەگرێتەوە.

-----------------------

سەرچاوە: رادیکاڵ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / فێبریویری ٢٠١٦

# لە دایک بوونێکی نوێ و دواین چرکەکانی تەمەنی سایکس - پیکۆ!




**عباس آزاد عباس**

" سیکس - پیکۆ " ئەو ڕێککەوتنە نهێنیە بوو کە لە دەرئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان سێ وڵاتی زلهێز (شانشینی بەریتانیا و فەرەنسا وە بە چاودێری ڕووسیا) ئیمزا کرا لە (١٦ / ٥ / ١٩١٦) و لەلایەن" جۆرج پیکۆ" نوێنەری فەڕەنسا و " مارک سایکس" ی نوێنەری بەریتانیا واژوو کرا بۆیە هەر بە ناوی هەر دووکیان ناونرا.

بە نهێنی مایەوە تاکو شۆرشی ڕووسیا و هاتنە سەر حوکمی شیوعیەکانی ڕووسیا لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧.

ئەو کات دەسەڵاتدارانی نوێی ڕووسیا وێنەیەکی ڕێکەوتنامەکەیان کەوتە دەست و بڵاویان کردەوە وە هاوپەیمانەکانی (بەریتانیا و فەرەنسا) ی تووشی احراجی کرد...

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم ڕێکەوتنە لە دوای ڕووخانی ( ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) واژوو کرا بۆ دەبەشکردنی ئەو ناوچانەی کە میراتی عوسمانیەکان بوون و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەر فەرمانڕەوای بەریتانی و فەڕەنسی دا.

* لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ناوچەکانی، ئوردۆن، عێراق و هەندێک شوێنی کەنداو بۆ ئینگلیز بێت و ناوچەکانی سوریا، لوبنان و ویلایەتی موسڵ چەند شوێنێکی تر بۆ فەرانسە بێت. دواتر ویلاتەی موسڵیش درا بە ئینگلیز کە نەوتێکی زۆری تێدا بوو وە فەرەنسیەکان نەیانزانیبوو.

* بەم شێوەیە: کوردستان بە شێوەیەکی فعلی بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکرێ (باکووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی تورکەکان مایەوە بە یارمەتی ڕووسەکان، و باشووری کوردستانیش بە زۆرە ملێ بە میزۆپۆتامیاوە لکێنراو وڵاتی نەگریسی "عێراق" یان لێ بنیادنا هەرچەندە هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئینگلیز ویستیان کۆمارێکی سەربەخۆ بۆ باشووری کوردستان دروست بکەن و لە ژێر

سەرپەرشتی خۆیان بێت بەڵام هەر زوو پەشیمان بوونەوە . وە ڕۆژئاوای کوردستانیش کە بەشی فەرەنسیەکان بوو لەگەڵ سووریادا مایەوە تاکو ئێستا، و چونکە ئێران بەژداری شەڕی نەکردبوو بۆیە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو خۆی مایەوە)

** هەرچەندە ئەمە یەکەم دابەشبوونی کوردستان نیە بەڵکو پێشتر لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ ز. کوردستان بۆ دوو بەش دابەش بوو بەسەر (دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی ) دا.

لە دوای تێپەڕبوونی ٩٩ ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکۆ کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا کێشرا، بارووددۆخێک خوڵقاوە یاخود دەتوانین بڵێین خوڵقێنراوە کە دووبارە پێوسیت بە دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان بکاتەوە،

بەڵام ئەمجارە بە فۆرم و کاراکتەری جیاواز:

١) ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا شەڕ لەسەر میراتیەکانی خەلافەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرا ، ئەمجارە لەسەر ئی دەوڵەتی ئسیلامی لە عێراق و شام (داعش) دەکرێ.
٢) ڕێکەوتنی ئەو کات فەرەنسا و بەریتانیا واژوویان کرد، ئەمجارە گەر ڕێکەتننامە گەلێک لە ئارادا بێت لە ناوچەکە دەبێ ( ئەمریکا و ڕووسیا) واژووی بکەن، " بەریتانیا و فەرەنسا" وەکو لایەنی دووەم دەبن.

٣) ئەو کات بەهۆی ئەم پەیماننامەیە عێراق لە دایک بوو، بەڵام ئەمجارە لە گەڵ هەر پەیماننامەیەکی نوێ گۆڕی عێراقی یەکگرتوو هەڵدەکەنرێت و ڕەنگە جیهان گوێبیستی دەنگی لە دایک بوونی دەوڵەتێکی نوێ بێت لە ناوچەکە (لە ئێستادا باشووری کوردستان دەرفەتی زێڕینی لە دەستە بۆ ئەو هەنگاوە، وە تا ڕادەیەک ڕۆژئاوای کوردستانیش) بەڵام باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا ڕێگایەکی سەختیان لە پێشە...

بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە لە دەرئەنجامی هەر گۆڕانکایەک یان گۆڕانی نەخشەی جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم دوو ئەگەردا دەبێت:

آ - دروست بوونی دەوڵەت لە سەر بنەمای (دینی - مەزهەبی) کە ئەمەیان زیاتر بۆ ململانێی وڵاتە عەرەبیەکان و ئێران دەشێت لە ناوچەکانی سووریا و لوبنان و ئوردن و...هتد
ب - دروست بوونی دەوڵەت لە سەر بنەمای نەتەوەیی کە ئەمەیان خەونی کوردەکانە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان کە هەموو ئایین و ئایین زاکانی تێدا جێبێتەوە بێ جیاوازی.

بە درێژایی مێژوو کورد لە هەر باروو دۆخێکدا بووبێت هیچ کات بە قەد ئێستا خوێندنەوەیەکی درووست نەبووە بۆ کێشەی کورد و هیچ کات بە قەد ئێستا وڵاتانی زلهێزی جیهان ئەوەندە بە گرنگیەوە لە ڕۆڵی کوردیان نەڕوانیەوە و هاوکارییان نەکردووە.

لە دوای (١٦ / ٥ / ٢٠١٦) و تەواکردنی ١٠٠ ساڵەی تەمەنی ڕێکەتننامەکە ڕەنگە دەرفەتێکی زێڕینی کورد بێ و و بتوانێت ئەو ئەمری واقعەی ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان درووست بووە بکاتە کوردستانی سەربەخۆ و خەونی کوردەکان بە دی بێت، بەڵام تاکو ئێستا تاکە ڕێگر و تاکە بەربەست کە بەردەوام گومانم لێی هەیە (نا تەبایی و نا یەکڕیزی ناوخۆی کوردەکانە و پەرتەوازەبوونیانە بە سەر جەمسەری زلهێزەکان)، بەڵام سەر ئەنجام ئەوەی کە دەبێ کۆیان بکاتەوە تاکە ئامانجی سەد ساڵەی کوردە (کیانی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەییە بۆ کورد)...

لە کۆتاییدا، جوانیان فەرمووە (دار کرمی لە خۆی نەبێ تەمەنی هەزار ساڵە)، هیوادارم کرمی دارەکەی ئێمە پێش تروکاندنی گیان لە دەست بدات و نەگاتە ئەو ڕادەیەی بتوانێت ڕەگی داری کۆمارێکی تری سەربەخۆی کوردستان برزێنێت...بڵێن ئامیییین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت / ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠١٥

# سایکس - پیکۆ و داعش کەوتنە ناو گۆزەوە!

## ڕەوف گوڵبەدەن

تا چەند ڕۆژێکیتر پێ دەنینە سەتەمین ساڵی گرێبستی سایکس- پیکۆ، بە پڕکردنەوەی سەد ساڵ تەمەن، سایس- پیکۆ دەمرێت و لە مێژوودا دەنێژرێت!




ئەوەی کە ئەورۆکە گرینگە ئەوەیە کە کورد بە درێژایی تەمەنی خۆی هەرگیز بەو ڕادەیە بەهێز نەبووە کە ئەورۆکە هەیە! باشووری کوردستان لە گەڵ ئەوەی کە هێشتا لە شەڕی داعشدایە، سەرەڕای ئەوەش هەر ئێستە باشووری کوردستان لە دەوڵەتێکی دان پێدانراو دەچێت کە چاوەڕێی کات دەکات بۆ ئەوەی بانگەوازی سەربەخۆیی بە گوێی جیهاندا بدات!

ڕۆژئاوای کوردستان لە جەنگەی شەڕەکانی خۆیدا توانی شێوە دەسەڵاتێکی مۆدێرن، دەوڵەت ئاسا پێک بێنێت کە کار و باری وڵات بەڕێوە دەبات و بە هیوایەکی پڕ ئۆمێدەوە بۆ داهاتووی خۆی دەڕوانێت! لە ڕاستیدا ئەم جۆرە سیستەمە شێوازێکی نوێیە لە دەسەڵاتدارەتی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی دەوڵەتداری کوردی!

باکووری کوردستان تەجرۆبەیەکی گەلەک سەرکەفتی لە شاخ و شار و ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات بە تایبەتیش ئورووپا لە لایەن پەکەکەوە تەنگی بە دەوڵەتی تورکیا هەڵچنیوە!

لە دوای تێکشکانی هەیبەتی داعش لە لایەن کوردەوە کورد خۆی بۆ قۆناخی دوای داعش ئامادە کردووە و ئێستا ئیتر کورد لە باکووری کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی سیستەمەک هەیە بۆ ئەوەی باکووری کوردستان لە ژێر چەکمەی زۆردارانی تورک دەربێنێ و دەسەڵات لەوی بگرێتە دەست!

### کورد لە باکوور ناچارە هەنگاو باوێژێ بۆ بە دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی خۆی!

لەم پێناوەشدا پێویستە لە گەڵ هاوپەیمانی داعش واتە تورکیای ئەردۆغان بکەوێتە شەڕەوە و بە یەکجاری دوایی بە پیلانگێڕی تورکیا لە ناوچەکەدا بێنێت!

ئەو شەڕە لە باکووری کوردستان درێژەی خەباتی چەندها ساڵەی نەتەوەی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی و بەری ڕەنج و خەباتی تاک بە تاکی کوردە لە کوردستان بە گشتی و هەر وەک لە خەمەکاندا هەموو بەشدارین لە شادی و

**سەرکەوتنەکانیشدا هەست بە شادی و خۆشی دەکەین!**

**باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا بە بڕێک جیاوازی تایبەتی خۆیان هەموو بەرەو یەک ئامانج ڕێگە دەپێون ئەوڕۆکە بە شیان خۆیان دەکرێت لە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی تازەدا بە قورسایی خۆیان هاوکێشەکان بە لای بەرەی کورددا ڕاکێش کەن!**

**ئێستە ئاشکرایە کە دیاردەی دەرکەوتنی داعش لە لایەن زلهێز و خاوەن بەرژەوەندییە گەورەکانی جیهانەوە بە مەبەست بووە بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی تازە و تەنانەت بەشێک لە ئەفریقاش!**

**داعشیان بەردایە ناوچەکە و بە هەموو چەک و پێداویستییەکەوە یارمەتی کران و دەکرێن لە پێناوی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کۆنە خاوەنەکانی گرێبەستی " سایکس - پیکۆ" بە زیادکردنی زلهێزی گەورەی جیهان واتە ئەمریکا!**

**ئەوڕۆکە داعش خەریکە لە دوای جێبەجێکردنی ئەرکە ڕاسپێردراوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەفریقا دەگوێزرێتەوە و ئەوەتا بە ئاشکرا لە بەشێک لە وڵاتی لیبیا بانگەوازی خلافەتی ئیسلامی کردووە و لەوە دەچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاتی بەسەرچووبێت هەر بۆیە زۆر بە پەلە گواستیانەوە بۆ لیبی!**

## سایکس - پیکۆ دوایی دێت، کەڵکەڵەی عوسمانی دوایی نایە!

**ئەو ناوچەیە وا لە ژێر دەستی داعشدایە دیارە بۆ سوونەکانی عێراق و سووریا دامەزراوە!**

**کوردستان دەکەوێتە نێوان تورکیایەکی بچووکتر لەوەی ئێستا و عەرەبی سوونە و عەرەبی شیعە! ئەوەی وا دوای ئەم قۆناخە دەمێنێتەوە ئێرانە کە لەوە دەچێت ئێران دوایین قۆناخی گۆڕانکاری لە نەخشەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت!**

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەم پێوەرە دەکەوێتە ئەو قۆناخە و کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی هەر لە ئێستەوە دەبێ خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەن کە ڕۆژێکی دوور نییە!**

**ماوەتەوە هەر لە سەر ئەم مژارە ئەوەی لێ زیاد کەم کە کێشەی نەتەوەی کورد بە پێی پێوەری داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ دەبێ یەک کێشە بێت و بۆ هەتا هەتایە دوایی بەو لێکدابڕانە بێت کە لە پەیمانی ١٠١٦ سایکس - پیکۆ ڕێکەوتن لە سەری کراوە! مەرجی سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ویست و شیانی نەتەوەی کورد بۆ خۆی!**

**هەر بۆیە هەرچی لە هەر پارچەیەک لە کوردستان ئەوڕۆکە ڕوو دەدات هەمووی پێوەندیان بە یەکەوە هەیە! ئەرکی تاک بە تاکی کوردە هەست بە بەرپرسایەتی دۆخەکە بکات!**

ئەورۆکە رووسیاش وەک ئەمریکا لە گەڵ چارەنووسی کورد دایە و هەر بۆیە ئەویش لە ڕۆڵی گرینگی کورد تێگەیشتووە و دەزانێت کە کورد بووە بە هۆی گۆڕانی نەخشەکە بە بۆنەی شەڕی ئازایانەی خۆی لە گەڵ داعش و لە لایەکیترەوە تورکیا لە گەڵ ئەوەی ڕێگەی ترانزیتی هەمە جۆرەی داعش بوو و لە ڕاستیدا تورکیا بۆیە پشتیوانی لە داعش دەکرد لە بەر ئەوەی کە کەڵکەڵەی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە خەیاڵیدا بوو بەلام کورد خەیاڵەکەی وەک تۆقلەی سەر ئاو تەقاند و بوو بە بەربەستی فراوانخوازی ئەخوانەکانی تورکیا بە نوێنەرایەتی ئەردۆغان و ئاکەپە!

هەر بەم هۆیەوە بوو کە تورکیا داعشی لە ڕێگەی بەغدا پەشیمان کردەوە و ئاراستەکەی بەرەو کوردستان گۆڕی! داعشیان بەرەو کوردستان ئاراستە کرد! هەر لەو کاتەی کە داعش ڕووی لە هەولێر کرد تورکیا بێدەنگی هەڵبژارد!! ئەورۆکە کورد دەبێت هەموو ئەوانەی لە بیر بێت!

هەر وەها ئەو قسە بێ مانایەی ئێرانی لە بیر نەچێت کە گۆتی: ئێمە بە ٧٠ کەسەوە نەمانهێشت داعش هەولێر بگرێت کە لە ڕاستیدا ئەو قسە بۆ سووککردنی هێزی پێشمەرگە و کورد بوو!

بە هەر حاڵ کوردی چوار پارچە بە تایبەت باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا بە هێزی خۆیان نەخشەکانیان گۆڕی و بوون بە ئەمری واقێع بۆ ئەمریکا و ئورووپا و تەنانەت لە لایەن خودی ئورووپای کۆنەپارێزەوە نازناوی ئەوەیان بە کورد بەخشی کە:

" کورد بە نوێنەرایەتی جیهان شەری ترۆر دەکات" !

کورد هێشتا لە شەری ترۆر نەگەڕاوەتەوە تورکیا بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەی رووسی هەمدیسان دەیهەویست هەم دڵی ئەمریکا و ناتۆ خۆش کات و هەمیش بە پشتیوانی ناتۆ و ئەمریکا چاوی بڕیبووە سنوورە کۆنەکەی عوسمانی لە گەڵ ڕووسیا!

ڕووسیا بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەکەی وەخەبەر هات و بە تەواوی هێزەوە بەلام بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە لە سووریا جێگیربوو، بە تایبەتیش لە بەندەر و شوێنە ستراتژی و گرینگە سەربازەییەکانی کەنارەی دەریا سپی بۆ ئەوەی لە دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هاوکێشەکان بە قازانجی خۆی بە لاسەنگ بکات!!

بە هاتنی رووسیا بۆ دەریا سپی واتە مەدیتەرانە خود بە خود لە ئۆکراینا قورسایی بە لای ڕووسیادا کەوت و ئێستە ئیتر ئۆکرانیا کێشەکەی نووستووە لە بەر ئەوەی بەر پشکی ڕووسیا دەکەوێت!

تورکیا لە لایەن رووسەوە بە تۆپزی لە ژێر هەڕەشە و بایکۆتدایە!

ڕووسیا لەوانەیە وەرچەرخانێک لە سیاسەتەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ تورکیادا بێنێ و هەر وەها ڕەنگە ڕێگەیەکیتر لە دژی تورکیا بگرێتە بەر کە ئەویش پشتیوانی کردن و داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەی کوردە کە دەبێتە هۆی بە هێزبوونی بەرەی کورد لە

ناوچەکەدا!

کورد ئەگەر بتوانێت پشتیوانی ئەمریکا و ناتۆ و ئورووپا لە لایەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات بە دڵنیاییەوە دەشتوانێت لە گەڵ رووسیا دژی تورکیای هاوپەیمانی دامەزرێنێت!

کورد ئەورۆکە لە بار و دۆخێکی ئێجگار تایبەتدایە و توانیویەتی وێنایەکی جێی باوەڕ بە لە خۆی نیشان بدات!

**قۆناخی دوای داعش، قۆناخی دامەزراندنی کوردستانە!**

من ئەم قۆناخە بە قۆناخی دوای داعش ناودێر دەکەم و ئەم قۆناخە جارێ درێژەی هەیە و کوردستان دەبێ هەنگاو هەڵبێنێت بۆ دیاری کردنی سنوور و ناساندنی نیشتمانی کورد!

بە دانانی ئاڵای کوردستان لە لایەن تورکیاوە بە بێ ئەوەی ناوی کورد و کوردستان ببا، مانای ئەوە دەگەیێنێت کە تورکیا ناچارە کوردستان قەبووڵ بکات!

ئەو شەڕەی باکووری کوردستان دەکرێت هەر لەم چوارچێوەدا وەها لێکبدرێتەوە کە تورکیا شەڕ بۆ ئەوە دەکات کە نەهێڵێ کورد لەوە زیاتر وا هەیە پەرە بستێنی!

لە ڕاستیدا کورد شەڕی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن و لەوە تۆقیون کە هێزی کورد پەرە بستێنیت و بنچینەی دەسەڵاتی تورک هەڵتەکێنێ!

تورکیا لە کاتێکدا خوازیارە بگەڕێتەوە سەر مێزی وتووێژ و درێژە بدات بە پێشاژۆی چارەسەری کە دەستی باڵای هەبێت لە دانووساندنەکاندا بۆ ئەوەی یاری بە چارەنووسی کورد بکات و هەروەها کات بکوژێت! هێشتاکەش لە تورکیا ناوی " کوردستان" لە تریاک و هێرۆیین قاچاخترە!

دوا بە دوای دانانی ئاڵای کوردستان لە ئانکارا، تورکیای ئەندام ناتۆیە چووەتە ناو ئەو گرێبەستە تازەیەی کە سی و پێنج وڵات بە سەرۆکایەتی عەرەبستان لە خۆ دەگرێت!

مەسعوود بارزانی لە پێش پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تازەیە سەفەری بۆ عەرەبستان کرد، دیتمان بە فەرمی و لەو پەڕی ڕێز پێشوازییەکی شاهانەی لێکرا و دواتر کە چووە تورکیا لەوێش ئاڵای کورد هەڵکرا و ئەم هات و چووانە و ئەم هاوپەیمانییە تازەیە **لە ڕاستیدا هەم بۆ خۆ ئامادەکردنە بۆ پێشهات و ڕووداوە نەخوازراوەکانی ناوچەکە!**

ئەو هاوپەیمانییە جگە لەوەی کە خۆئامادەکردنە بۆ ئاڵ و گۆڕەکانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە هەمان کاتیشدا پەیامێکی گرینگیشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئیتر لە بەرانبەردەستێوەردانەکانی لە ناوچەکەدا، دەستەوەستان ناوەستن و بێدەنگ نابن!

کاریگەری ئەم گرێبەستە تازەیە، ئێرانی تووشی شڵەژان کرد، بە جۆرێک کە لە دۆخی هێرشەوە کەوتووەتە پاشەکشە لە ناوچەکە! هەر وەک دەبیبنین ناوی قاسم سلێمانی و سپای قودس خەریکە کوێر دەبێتەوە و کەس نازانێ چییان بە سەر هات؟

هەر لەم پێوەندییەدا دیتمان کە ئێرانیان لە یەمەن دەرپەڕاند و لە سووریاش هیچی بە هیچ نەکرد و ئێستە بیر لە هەڵاتن دەکەنەوە!

## هاوپەیمانی بی بەرهەم

لەوە ناچێت ڕووسیا و ئێران هاوپەیمانێکی قورس و قایم بن، زیاتر لە تاکتیک دەچێت بۆ زەختکردنە سەر بەرەی ئەمریکا و ناتۆ و هەروەها بازارێک بۆ چەک!

## دوای تورکیا ئێرانە؟!

کورد دەڵێ: " مەلی زیرەک بە دەنووکەوە پیوە دەبێت" ، وا دیارە ئەم پەندە خەریکە بە سەر داگیرکەرانی کورد تاقی دەبێتەوە و ئەوەتا تورکیا بە بەرچاوی خۆمانەوە خەریکە وەک سووریای لێدێت و لەوانەشە سبەینێ ئێرانیش ببی بە عێراق!

کورد لەم کاتە هەستیار و چارەنووس سازەدا دەبێت خۆی لە هژمونی هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران دوور بخاتەوە و لە هەمان کاتدا کەڵک لە بار و دۆخەکە وەر بگریت و خەریکی خۆ ئامادەکردن بێت بۆ پێشهاتە چاوەروان نەکراوەکانی ناوچەکە کە لا ئان ساتدایە!

## کورد لە ڕۆژهەڵات دەکەوێتە ئەم قۆناخە واتە قۆناخی " دوای داعش" !

ئایەکوو کورد خۆی بۆ ئەم گۆڕانکارایانە ئامادە کردووە؟!

" کوردستان ئیرۆ لە بەندا وەیە"

ناوچەکە دەکوڵێت، کورد هیچی نییە لە دەستی بدات جگە لە زنجیری کۆیلەتی!!

*لە کۆندا بە بەردروویان دەگۆت " دەرزی" ، دەگێڕنەوە کە دەرزییەک(بەرگدروو) دووکانەکەی لە سەر ڕێگەی گۆڕستان هەڵکەوتبوو، هەر کەسەک کە دەمرد لە بەر دووکانەکەی کابری دەرزی دەیانبرد بۆ سەرقەبران!

دەرزی گۆزیەکی دانابوو هەر کەسە کە دەمرد دەنکێک ناوکە خورمای دەخستە ناو گۆزەکەوە!

ڕۆژێکیان مشتەرەیەک لە بەر دووکان زۆر چاوەڕوان دەبێت و پاش ماوەیەک چاوەڕوانی دەچێت لە هاوسێ دووکانەکەی دەپرسێت: ئەرێ ئەم دەرزییە( بەرگدروو) بۆ دووکان ناکاتەوە؟ کەی دێت بۆ دووکان؟

هاوسێ دووکان لە وەڵامدا دەڵێ: دەرزی کەوتە ناو گۆزە! ( واتە مرد

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# (سیڤەر) زیاتر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕووندەکاتەوە تا (سایکس پیکۆ)

## و: کوردەوان محەمەد سەعید




٩٥ ساڵ لەمەوبەر دیپلۆماتکارە ئەوروپاییەکان لە کارگەیەکی سیرامیکدا لە دەوروبەری پاریس کۆبوونەوە و پەیماننامەیەکیان ئیمزا کرد بۆ دووبارە داڕشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە سوتماکی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو.

زۆری نەبرد ئەو پلانە هەرەسی هێناو هەر لەو کاتەشەوە لەبیر چۆتەوە. پەیماننامەی سیڤەری کورتخایەن، گرنگییەکەی لە ریکەوتنی سایکس بیکۆ کەمتر نییەو لەبیریش دەکرێ، لە کاتێکدا سەرەنجامەکانی تائەمڕۆش دەبینرێن و رەنگە پێویستیش بکات چاو بە بەشێکیدا بخشێنینەوە لە ساڵیادەکەیدا.

### دەسرۆکەی ئاوریشمی

ساڵی ١٩١٥ کاتێک هێزەکانی بەریتانیا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی لە دوورگەی (گالیبۆلی)یەوە بچنە ناو ئەستانبولەوە، حکومەتی بەریتانیا لە لەندەنەوە دەسرۆکەی ئاوریشمی چاپ دەکرد و ئامادەی دەکرد بۆ سەرکەوتن بەسەر ئیمپراتۆری عوسمانیدا، هەر لەو کاتەدا شەڕی گالیبۆلی بووە یەکێک لە سەرکەوتنە دەگمەنەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا تۆماری کرد، بەڵام لەساڵی ١٠٢٠ دا دەرکەوت کە بەریتانیا لەخۆڕا ئەو کارەی نەکردووە، ئەوە بوو هێزی هاوپەیمانان پایتەختی ئیمپراتۆری عوسمانیان داگیر کردو نوێنەری هێزە سەرکەوتووەکان پەیماننامەیەکیان لەگەڵ حکومەتە شکست خواردووەکەی عوسمانییەکاندا ئیمزا کرد بۆ دابەش کردنی ناوچەکانی ژێرباری ئیمپراتۆر بۆ چەند بەشێکی ژێرباری ئەوروپاییەکان، پەیماننامەکە گەرووی بسفۆر و ئەستەنبوڵی کردە دەوڵەت و پارچەکانی تری خاکی ئەنادۆڵیشی دایە یۆنانییەکان و کورد و ئەرمەن و فەرەنسی و بەریتانی و ئیتالییەکان، لەڕێگەی چاو خشاندنەوە بە هۆکارەکانی تێکشکانی پلانەکەی ئەوروپا بۆ دابەشکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانین باشتر لەو سنوورە تێ بگەین کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها لە ناکۆکییەکانی کورد لەسەر ئاستی نەتەوە و مەترسییە سیاسییەکانی ئەمڕۆی تورکیاش تێ دەگەین.

یەک ساڵ دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەی سیڤەر، هێزە ئەوروپاییەکان گومانیان لا دروست بوو، کە ئەو ئەرکەی لەئەستۆیان گرتووە، لەسەرو توانای خۆیانەوەیە، لە هەمان کاتدا ئەفسەرانی تورکی وەک مستەفا کەمال ئەتاتورک سوور بوون لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری ئیستعماری بیانی، پاشان دەستیان کرد بە ڕێکخستنەوەی پاشماوەی ئەو سوپایەی کە لەئیمپراتۆرەوە بۆیان جێمابوو، دوای چەند ساڵێک شەڕی خوێناوی توانیان سوپای بێگانە کە بەزۆر پەیماننامەکەیان دەسەپاند دەربکەن، دەرەنجامیش سەرهەڵدانی ئەم تورکیایەی ئەمڕۆ بوو، کە سنوورەکەی بەڕەسمی لە پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ دا دارێژرا.

## وروژاندنی نەتەوەپەرستی

خۆرئاوا تارادەیەکی زۆر پەیماننامەی سیڤەریان لەبیر کرد، بەڵام ئەو پەیماننامەیە میراتێکی بەهێزی هەیە لەتورکیا و بەجۆرێک لەجۆرەکان بووە هۆی وروژاندنی نەتەوەپەرستی، گومانیشی تێدا نییە کە پەیماننامەی سیڤەر ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەوەی کە تورکیا بەرامبەر بە بزوتنەوە سەربەخۆیی خوازە کوردییەکان زۆر هەستیارە. لەگەڵ ئەمەشدا بیروباوەڕێک لەئارادا بوو کە پێی وایە مەسەلەی قەتڵوعامی ئەرمەنەکان بەدەستی تورک، مەسەلەیەکە ئەوروپاییەکان تەنها وەک بیانوویەکی سیاسی بەرامبەر بە تورک لە ١٩٢٠ دا بەکاری دەهێنن، نەک وەک ڕاستییەکی مێژوویی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو بیری ڕاپەڕینو بەرەنگاربوونەوەیە دژی ئیمپریالیزم درێژەی کێشا، سەرەتا تورک دژی بەریتانیاو دواتر لە جەنگی سارددا دژی ڕوسیا بوو، ئێستاش ناوبەناو دژی ئەمریکایە.

## سنوورەکانی ناو تورکیا

بەڵام پەیماننامەی سیڤەر سنوورەکانی ناو تورکیا تێدەپەڕێنێت، ئەمەش کوتومت ئەو هۆکارەیە کە وامان لێ دەکات پەیماننامەکە بخەینە پاڵ ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ لەمێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی سنگ لەو بیرۆکە باوە دەرپەڕێنین کە پێی وایە کێشەکانی ناوچەکە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە ئەوروپاییەکان نەخشەی ناوچەکەیان لەسەر نەخشەیەکی بەتاڵو حەتاڵ کێشا.

گومان لەوەدا نییە کە ئەوروپاییەکان خۆشحاڵ بوون کاتێک نەخشەیەکیان کێشاوە بەدڵی خۆیانەو لەبەرژەوەندی خۆیانە، بەڵام شکستی پەیماننامەی سیڤەر دەری خست کە هەندێک جار ناتوانن چیان بوێت بەدڵی خۆیان بیکەن.

کاتێک ئەوروپاییەکان ویستیان نەخشەی ئەنادۆڵ دووبارە بکێشنەوە، شکستیان هێنا، بە پێچەوانەشەوە ئەوروپاییەکان لەناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش توانیا سنوورە دەستکردەکانیان بسەپێنن، لەبەر ئەوەی هێزی سەربازیان هەبوو، بەسەر ئەو گەلانەدا سەرکەوتن کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، بۆ نموونە ئەگەر (یوسف ئەلعەزمە)ی شۆڕشگێڕی سوریا توانیبای هاوشێوەی ئەتاتورک لە شەڕی (مەیسەلۆن)دا فەرەنسییەکان تێک بشکێنێت، ئەوکاتە پلانی ئەوروپاییەکان لەوڵاتانی شامیش شکستی دەهێنا.

ئەگەر بپرسین ئایا دەکرا سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئارامترو جێگیرتر بن؟ مەرج نییە وابێت. بەڵام تێڕوانین لەمێژوو لەدەلاقەی پەیماننامەی سیڤەرەوە ئەوە دەردەخات کە خاڵێکی قوڵتر هەیە لەنێوان هۆکارو دەرەنجامەکانی کێشانی سنووری

دەرستکردی ئەوروپاییەکانو نەبوونی سەقامگیری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئەو ناوچانەی ئەوروپاییەکان سنووری دەستکردیان بەسەردا سەپاند، بەرەو لاوازیو بێتوانایی چوون بەرامبەر بە داگیرکاریی، لە هەمان کاتدا تورکیاش لەبەر ئەوە لەوڵاتەکانی تر باشتر نەبوو، کە چانسی هەبووەو سنوورێکی راستو دروستی هەبووە، بەڵکو تورکیا هۆکاری تری هەبوو کە توانی بەرەنگاری پلانەکانی خۆرئاوا ببێتەوە، ئەو هۆکارانەش مانەوەی میراتێکی باشی سوپاو ژێرخانی ئابووری سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو، ئەمانە بەشێک بوون لەو هۆکارانەی کە تورکیا بتوانێت دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێزی هاوشێوەی ئەوروپا دابمەزرێنێت.

## ئیمپریالیزمی ئەوروپایی

زۆرێک لە کوردە نەتەوەییەکان بە سروشتی خۆیان دەڵێن سنووری تورکیا سنوورێکی راست نییە. لەراستیشدا هەندێک ئەو گەواهیە دەدەن کە نەبوونی رەگەزنامە بۆ کورد لەو سنوورەداو لەسەردەمی دوای ئیمپراتۆرییەوە هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام کاتێک ئیمپریالیزمی ئەوروپایی ویستی بەپێی پەیماننامەی سیڤەر دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت، زۆرێک لە کوردەکان چوونە پاڵ ئەتاتورکو دژی پەیماننامەکە جەنگان، ئەمەش بیرمان دەخاتەوە کە وابەستەبوونی سیاسی هەندێک جار ناسنامەی نیشتمانی تێدەپەڕێنێتو باشتر وایە ئەمڕۆ لەوە تێ بگەین.

بەپێی پلانەکەی سیڤەر، دەوڵەتە کوردییەکە لەژێر سایەی بەریتانیا دەبوو، ئەمەش بەدڵی هەندێک لە کوردە نەتەوەییەکان بوو، بەڵام هەندێکی تریان پێیان وابوو، ئەم جۆرە سەربەخۆییە کە لەژێر سایەی بەریتانیادا بێت بێ کێشە نابێت، هەر بۆیە چوونە پاڵ بزووتنەوە نیشتمانییە تورکییەکەوە، کوردە ئایین پەروەرەکانیش حوکمی تورک یان عوسمانییان پێ باشتر بوو لە ئیستعماری مەسیحی، هەندێک کوردی تریش لەبەر هۆکاری پراکیتیکی نیگەران بوون لەوەی ئەگەر بەریتانیا لەناوچەکەدا دەسەڵاتی هەبێت لایەنی ئەرمەنەکان دەگرێ کە بێبەش کراون دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە، دواتر هەندێک لە کوردەکان پەشیمانی دایگرتن، بەتایبەتی دوای ئەوەی روون بۆوە ئەو دەوڵەتەی بۆی تێکۆشابوون دەوڵەتێکی تەواو تورکی بوو، کەمتریش ئایین پەروەر بوو لەوەی کە چاوەڕوانیان دەکرد، هەندێکیش لە کوردەکان ناسنامەی دەوڵەتە تازەکەیان قبوڵ کرد.

## کوردەکان بەخەیاڵی ئەو دەوڵەتەوەن

تائێستاش زۆر لە تورکەکان لەو شێوازە ترساون کە بەهۆی پەیماننامەی سیڤەرەوە دەوڵەتەکەیانی پێ لەناو برا، لە هەمان کاتدا زۆر لە کوردەکان بەخەیاڵی ئەو دەوڵەتەوەن کە دەکرا بۆیان دابمەزرێ، هاوکات حکومەتی تورکیا ئێستا بە کەلتوری لێبوردەییو پێکەوە ژیانی سەردەمی عوسمانیدا هەڵدەڵێ، عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرکردەی کوردی جوداخوازیش کە پێ دەچێ لە زینداندا کێتێبەکەی (بنیدێکت ئەندرسن)ی زانای کۆمەڵناسی خوێندبێتەوە، قسە لەسەر ئەوە دەکات کە بۆی دەرکەوتووە هەموو دەوڵەتەکان تەنها بنیاتێکی کۆمەڵایەتین، لەچەندان ساڵی رابردووشدا هەریەک لە پارتی دادو گەشەپێدان کە ئێستا پارتی دەسەڵاتدارەو پارتی گەلانی دیموکراتی نزیک لەکوردەکانیش هەوڵیان داوە دەنگدەری کورد بەوە رازی بکەن کە دەنگیان بۆ بداتو دەنگدان بە حزبەکەی ئەوان دەنگدانە لەپێناو ئاشتیدا، هەریەکە لەو حزبانەش کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کامیان توانای چارەسەر کردنی ململانێی دوورودرێژی تورکیا بکەن، ئەویش لەرێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەقامگیرترو گشتگیرترەوە. بەکورتی لەکاتێکدا کە هێشتا

زۆرێـک لە ئەمریکاییەکـان گفتوگۆیـانە لەبـارەی سروشـتی ئەو دەوڵەتە دەسـتکردانەی دەسـتی ئەورووپـاوە، تورکیـا هەوڵ دەدات ئەو مۆتەکەیە تێپەڕێنێت کە نزیکەی سەدەیەکە بەسەر سنگیەوەیەتیو هەوڵ دەدات واقیعی بوونی خۆی بسەلمێنێت.

گومانی تێدا نییە، ئەو توندوتیژیانەی لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا تورکیای گرتەوە، هەڕەشەیە بـۆ سەر ئەو رەگەزە کلۆرانەی گردبوونەوەی بان نیشتمانی ئەو وڵاتە، لەگەڵ بانگەشەی پارتی دادو گەشەپێدانیش بۆ دەسـتگیرکردنی سـەرکردە سیاسییە کوردەکـانو هەروەهـا تەقەکردنـی کوردەکـان لە ئەفسـەرانی تورکـدا، نەتەوەییەکـانی هەردوولا دەگەڕێنەوە بـۆ هەڵوێستەکانی پێشوویان کە 95 ساڵە یەک نـاگرنەوە و نـاکۆکن، تورکیـا لەسـەرکەوتنیدا بەسـەر پەیماننـامەی سیڤەردا دەستکەوتی سیاسیو ئـابووری باشی بەدەست هێنـا، بەڵام پشتبەستن بەو دەستکەوتـانە پێویستی بەپێکهێنانی نموونەیەکی سیاسی نەرمتر هەیە، دەبێ نموونەیەک بێت دەری بخـات کە شەڕکردن لەسەر سنوورو ناسنامەی نیشتمانی کارێکی لۆژیکیانە نییە.

سەرچاوە: الانصات المرکزی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# کوردو زیندوکردنەوەی پەیمانی سیڤەر

حازم مبیضین

لە عەرەبییەوە: سەریاس سەمین

بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، کورد پشت بە دەقی پەیماننامەی سیڤەری (١٩٢٠) دەبەستێت، بێگومان پێش ئەوەی ناوەڕۆکەکەی دوای سێ ساڵ بە پەیمانی لۆزان لەکاربخرێت، کە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە بەسەر هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و سوریاو ئێران و عێراقدا دابەش کران، وادەردەکەوێت شەڕی کوردەکان دژی داعش پرسی کوردی بەرەو پێش بردوە، کەشێکی پۆزەتیڤی بۆ خواستەکانیان لە بۆنە نێودەوڵەتیەکاندا رەخساندوە، بە بونی کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکا لە کوردستان، ڕۆڵێکی کاریگەر لە دروستکردنی کەشێکی گونجاوی نێودەوڵەتیدا دەگێڕێت بە ئاراستەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.



عەرەبە نەتەوەییەکان کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پەیوەندیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیەو پێیانوایە سەرەتاکانی ئەم پەیوەندیە بۆ ساڵی (١٩٦٢) دەگەڕێتەوە لە کاتی کۆنگرەی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی لە جنیف، کە "شمعون پێریز" لەگەڵ نوێنەری بارزانی کامەران عەلی بەدرخان کۆبۆتەوەو، لەهەمان ساڵدا سەرۆکی حکومەت "لیڤی ئاشکۆل" و وەزیری دەرەوە "ئابا ئایبان" و وەزیری دارایی "ئیری ئیلیاف" سەردانی کوردستانیان کردوە، وەفدێکی پزیشکان یاوەریان بون و نەخۆشخانەیەکی گەڕۆکی پێشکەوتویان پێشکەشکردون، لە ساڵی دواتریشدا "مستەفا بارزانی" سەردانی "تەل ئەبیب"ی کردوەو لەگەڵ سەرۆکی حکومەت "ئاشکۆل"و وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگری و کاربەدەستانی دیکەدا کۆبۆتەوە، ساڵی (١٩٧٣) جارێکی دیکە سەردانی کردوە بەبێ وەدیهێنانی خواستەکانیان، بەهۆی هەڵوێستی "شا"ی ئێرانەوە کە لە پشتەوە جۆرێکی دیکە کاری کردوە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چوار نەتەوە لە خۆی دەگرێت، عەرەب و فارس و تورک و کورد، ئەمەی دواییان تاکە نەتەوەیە دەوڵەتی نیەو بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بوە، ڕاستە کە دۆخی کورد لە ڕابوردو باشترە، چونکە سەرکەتو بوە لەوەی بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی چاوەڕوانکراو بنیات بنێت، پێشمەرگە لە عێراق و سوریا توانیویەتی بەرەنگاری داعش ببێتەوەو، لە عێراقیش توانیویەتی دەسەڵاتی فراوان بکات و ئەو ناوچانەشی کە بە "کێشە لەسەر" ناودەبران دەستیان بەسەردا بگرێت، ئەمەو لە سوریاش واقعێکی نوێ خوڵقاوە بەبێ کورد بیر لە داهاتو نەکرێتەوە، لە تورکیاش توانیان ببنە هێزێکی کاریگەری نێو پەرلەمان و (٨٠) نوێنەریان هەبێت، هەمو ئەمانەش لە ئاست چاوەڕوانیەکانی کورددا نین و بە گرنگیشی نازانن، کاتێک "ئەردۆغان" جەخت دەکاتەوە لەوەی ڕێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتێک لە باکوری سوریا نادەن، خەباتیان بەردەوامە گەر باجەکەی هەرچیەک بێت، ڕەنگە

پێکەنین ئاوەریێت کە "ئەسەد" رێگە بە دروست بونی دەوڵەتێکی لەو شێوەیە بدات، هەروەک کاتێک مەترسی لەسەریان دروستبو، تورکیا دەستی هاوکاری بۆ دانیشتوانی "کوبانی" درێژکردەوە، وەک ئەوەی نەزانین چی لە ناوچەکە دەگوزەرێت، "ئەردۆغان"یش لە دوا هەڵبژاردندا تارمایی بەسەر دەسەڵاتدا نەماوەو، پێیانوابو هەمو نەیارەکانیان کار لەسەر ئاراستەکردنی رای گشتی تورکیا دەکەن و دژی وڵات بارگاوی دەکرێن، بە ئامانجی گۆڕینی بونیادی دیموگرافی ناوچەکە.

ئەردۆغان دەیویست لە دەرەوەی روداوەکان بمێنێتەوە، هەڵوێستی ئێرانیش زۆر بایەخی نەبو کاتێک نوێنەری ئێران لە تورکیا بە ئاشکرا وتی لەسەر ئێران وتورکیا پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت و ئەمەش بە مەبەستی رێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری سوریاو بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە سوریاو پاراستنی یەکێتی خاکەکەی.!

بە پێچەوانەی تورکە عوسانیەکانەوە کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتون و ژیانێکی سەرەتایی دەژیان و بەهێزی چەک و لە سەدەی سیازدە دەوڵەتیان دامەزراند و هیچ زیادەیەکیان نەخستە سەر فەرهەنگ و ژیاری ئیسلامی، نەتەوەی کورد هەزاران ساڵە لەم ناوچە دەژی و پشکیان لە شارستانیەتی ئەم ناوچەیەدا هەبوە.

وێنەیەکی گوماناوی ئیسلامیان پیشانی وڵاتانی ئەوروپا دا کاتێکیش بەریتانیا و فەرەنسا ناوچەکەیان دابەشکرد، دەوڵەتی عوسمانی "پیاوە نەخۆشە"یان لە ئاسیای عەرەبیدا بەجێهێشت، بەپێی رێکەوتننامەی "سایکس - بیکۆ"ی دوای جەنگی جیهانی، چەند قەوارەیەکیان لە ناوچەکەدا دروست کرد، وەک عێراق و سوریا و لوبنان و فەڵەستین و باکوری ئوردن، کوردیان بە نەتەوە هەژمار نەکردوە، بەبێ ئەوەی نیشتمان و قەوارەیەکیان بۆ دابمەزرێنن و ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەدا بوە کە خاکی کوردستانیان بەرکەوتوە، ئیدی هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی بەردەوام بوە، یا بەلای کەمەوە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی.

لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا لە ئەنجامی دەمارگیری و شۆڤینیزمی نەتەوەییەوە هیچ یەک لەو وڵاتانە مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کورددا نەکردوەو، رێگەیان بە خواستە نەتەوەییەکانیان نەداوەو، بگرە رێگریشیان لە هەر جوڵانەوەیەکی نەتەوەییان گرتوە. تورکیا تا ئەم نزیکانە قەدەغەی کردبو زمانی دایک "کوردی" لە فێرکردندا بەکاربهێنن، تاکو پێش هەڵبژاردنەکانیش "ئەردۆغان" ئاواتەخواز بو هیچ پارتێکی کوردی نەتوانێت بگاتە نێو پەرلەمان، بەڵام کوردەکان ئەو ئومێدەیان لە نێوبرد، پارتێکی کوردی (١٣%)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو زەمینەی خۆشکرد بۆ چونە نێو پەرلەمان، ئەگەر ئەقڵیەتی شۆڤینی نەبوایە ئەم وڵاتانە کوردیان وەکو بەشێکی ئەکتیڤ لە پرۆسەی سیاسیدا پەسەند دەکرد، هەروەک لە زۆرینەی وڵاتاندا ئەم مافانە دەستەبەر بون.

کورد لە سوریا و لەروی سەربازیەوە لە هەمو بەرەکانەوە پێشڕەوی کردوەو، بۆ هاوبەشیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، ئامادەسازی بۆ کۆنگرە لە نێوان هەمو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا دەکەن و بەئامانجی بنیاتنانی دامەزراوە و پرۆسەی سیاسی نوێ. ئەمەش دوای ئەوەی کاری دامەزراوەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنەکان بە شکستخواردو دێنە ئەژمار، وەک هاوپەیمانی نیشتمانی و دەستەی هەماهەنگی نیشتمانی، لە سایەی دژایەتی بەشێک لە سەرکردە سیاسیەکان بۆ پرۆژەی مافەکانی کورد، بەتایبەت لە گۆشەنیگای دەوڵەتی سوریاوە شکستخواردون و، کاری ئۆپۆزسیۆن گۆڕاوە بۆ جێبەجێکردنی کارنامە "ئەجیندا"ی دەرەکی، هاوکات بەشێک لە کوردەکان داخوازی پرۆژەیەکی سیاسی نیشتمانی "کورد"یین، کە تەباو پەیوەست بێت بە دەوڵەتی سوریاوە، بەپێی سیستەمی سیاسی گەرەنتی مافەکانیان

بکات بەو پێیەی نەتەوەیەکی سورییایین لە روی زمان و سیاسیەوە، کە پێیانوایە هەر دەوڵەتێک لە داهاتو بنیات بنرێت ناتوانێت داد پەروەر بێت و لەسەر بنەمای هاوبەشی راستەقینەی نیشتمانی گەرەنتی سەرجەمی مافە سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی کورد بکات، بەو پێیەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرۆکی راستەقینەی یەکێتی خاکی سوریایە، بەشێک لە کورد پێیانوایە ئەمە هەلێکی لە بارە بۆ راگەیاندنی هەرێمی کوردی و هەنگاوێکە بۆ یەکگرتنی لەگەڵ کوردستانی عێراق و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە کە پارچە پارچە کراون.

بە ئامانجی وەدەستهێنانی بەشێک لە خواستە رەواکانیان، گەنجانی کورد شتێکی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نەماوەتەوە، جگە لە پەیوەستی و پەیوەندیکردنیان بە بزوتنەوە نەتەوەییەکانەوە لە سوریا، رژێم پیلانی دورخستنەوەی کەمینەکانی"کوردو عەلەوی و مەسیحیەکان" داناوە بۆ دور خستنەوەیان لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان، بەو پێیەی دورخستنەوەی کەمینەکان لە سوننە پەرگیرەکان دەیانپارێزێت، هاوکات لە کوشتن و لەناوبردنی چالاکانی کورد، ئەوانەی کە ئارەزوی شۆڕش دەکەن، لە بەرامبەر ئەو کردەوە شۆڤینیانە بەشێک لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن هەوڵدەدەن کاری هاوشێوەی بەعس ئەنجام بدەن دەنگێک هەیە پێیوایە پاکتاوی رەگەزی بکرێت لە ناوچەی "گرێ سپی" دوای ئەوەی کورد توانی هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای ئازاد بکات و پاڵپشت بن بە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، بۆ گسکدانی داعش لە ناوچەکە و دەرفەتی دابەشکردنی سوریا و "وەک ئەوەی دابەش نەکرابێت" دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بێ ئاگا لەوەی عەرەبە نیشتەجێکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ناگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و، سەرەڕای ئەوەش هەزاران کۆچکردوی عەرەبی عێراقی و سوریایی لە هەرێمی کوردستانن و بۆتە پێگەیەکی ئاسایش و ئارام بۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٥

# کورد و پەیمانە نێودەوڵەتیەکانی (سایکس بیکۆ سازانۆف - سیڤەر- لۆزان)

ئامادەکردنی :ژیلوان هەڵەدنی خوێندکاری ماستەر لەمێژووی نوێ وهاوچەرخدا


## ١- پەیماننامەی سایکس- بیکۆ - سازانۆف:

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دەوڵەتە زلهێزەکان کەوتبوونە گفتوگۆ لەپێناوی ئەوەی کەزۆرترین داگیر گەیان هەبێت وزۆرترین ناوچەی ڕۆژهەلات بەتایبەتی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆخۆیان داگیربکەن لەمەوە پەیماننامەیەکی چاوچنۆکانەی ئیمپریالیانە بەسترا لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا کەلەمەدا بەریتانیا نەیدەویست سنوری بەسنوری ڕووسیاوە بێت کەبریتی بوو لە ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ ،ئەوەبوو لە ١٧ی مایسی ١٩١٦ مارک سایکسی نوێنەری بەریتانیا و جۆرج بیکۆی نوێنەری فەرەنسا گەیشتنە ڕێکەوتنامەیەک ،بەلام پێش ئەوەی ڕووسیا بێتە ناوپەیماننامەکە لەچەند ناوچەیەکدا ڕێکککەوتبوون بەلام نەیان دەتوانی ڕووسیا بێ بەش بکەن ،چونکە ڕووسیا مێژوویەکی کۆنتری هەبوو لە ناوچەکەدا، ئەوەبوو هەردک لا سەردانی پترۆگرادیان کرد ،پاش گفتوگۆیەکی سێ لایەنە گەیشتنە ڕێککەوتانمەیەک کەدواتر بووە (سایکس بیکۆ- سازانۆف)،ئەم ڕێکەوتنامەیە سەبارەت بەناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو کەلە (١٢بەند) پێک هاتبوو بەلام لێرەدا ئێمە زیاتر باس لەناوچەکانی کوردستان دەکەین کەدابەش کرابوو:

* ناوچەکانی باکوری کوردستان لەگەڵ ئەستانبوڵ و دەربەندەکانی ڕۆ ژهەلات درا بەڕووسیا.
* ناوچەکانی باشوری کوردستان وهەندێک ناوچەی باکوری درا بەفەڕەنسا.
* بەشی سێ یەم ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو کەوەک خۆی مابووەوە واتە هەر لەژێر دەستی ئێرا دامابووەوە.

بەلام دواتر ئەم ڕێککەوتانامە یە کەسەرەتا بەنهێنی بوو ئاشکرابوو ئەویش بەهۆی کشانەوەی ڕووسیا لەجەنگ بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ناوخۆی ڕووسیا.





مارک سایکس

فرانسوا بیکو

## ٢- پەیمانی سیڤەر:

ئەم پەیماننامە لە ١٠ى ٨ى ١٩٢٠ لەنێوان دەوڵەتانی (تورکیاو بەریتانیا وفەرەنساوئیتالیا وژاپۆن وئەرمەنستان وبەلجیکا ویۆنان وپۆڵەندا وپروتوگال رۆمانیا سربیاوکرواتیاو سلوانیا چیکۆسلۆفاکیاوووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - وەک چاودێر )مۆرکرا کە (شەریف پاشا)وەک نوێنەری کورد بواری پێدرا بەشداری بکات، ئەم پەیمانامە وەک چارەسەر بۆ کێشەی ووڵاتانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی کەهاوپەیمانان داگیرکرابوون بەسترا کە لە(٤٢٢)مادە پێک هاتبوو، کە بەندەکانی (٦٢ - ٦٣ - ٦٤) دەربارەی مەسەلەی کوردو ناوچە کوردیەکان بوو، کەنێوەرۆکی ئەو سێ مادەیش بریتی بوو لە:

مادەی(٦٢)لیژنەیەک لەسێ ئەندام پێک دێت کەلە(٣) کەسایەتی (بەریتانی وفەرەنسا وئیتالیا)کە حکومەتی ئەو سێ دەوڵەتە دیاری دەکەن ،مەڵبەندی لیژنەکەش شاری (ئەستامبول)دەبێت،ئەم لیژنەیەش پێویستە لەماوەی شەش مانگدا کارەکانیان ئەنجام بدەن ،کارەکەشیان ئامادەکردنی یاسایەکە بەمافی فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان کەزۆرترینی دانیشتوانی کوردن کەکەوتۆتە خۆرهەڵاتی فورات وباشوری سنوری ئەرمینیا وباکوری سنوری سوریاوعێراق ،هەروەها وەک لەبەندی(٢٧)لەمادەی (٢،٣)دا دیاری کراوە ئەگەر ئەندامانی لیژنەکە بڕیاریاندا لەسەر هەرکێشەیەک لەکێشەکان نەدا ئەوا هەر ئەندامێک کێشەکەی بەرەو ڕووی حکومەتەکەی دەکاتەوە ،ئەم پرۆژەیەش واپێویست دەکات کەمافی ئاسوری وکلدانی وکەمە نەتەوەیی وئاینیەکان لەخاکی کوردستاندا دەژین دیاری بکات ،لەپێناوی ئەم مەبەستەدالیژنەیەک لە ئینگلیزوئیتالی وئێرانی وکوردێک ئەنێرێت بۆناوچەکە ،ئەم لیژنەیە بڕیار لەسەر گۆڕانکاری لەسەر سنور ی تورکیا دەدات ،ئەگەر پێویستیشی کرد بەپێ ی بەندەکانی پەیماننامە ئەوا سنوری نێوان تورکیاو ئێران دەکات.

## پەیمانی سیڤەر

مادەی( ٦٣ ):دەوڵەتی عوسمانی پەیمان دەدات بەپێ ی بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراو کەلەبەندی (٦٢)دا هاتووە دوو لیژنە ئامادەبکات و لەماوەی (٣)مانگدا دوای دەرچوونی ئەم بڕیارانە بڕیاری پێویست جێ بەجێ بکات.



مادەی (٦٤) : ئەگەر گەلی کورد لەوناوچەیەی کەلەو ناوچەیەی بەندی(٦٢)دا هاتووە لەماوەی ساڵێکدا ڕووی کردە کۆمەڵەی نەتەوەکان وزۆرترینی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزووی جیابوونەوەیان کرد لەتورکیا ،وە ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان زانیان ئەم گەلە شایانی ئەم سەربەخۆییەن ئەوا کۆمەڵەی نەتەوەکان ئامۆژگاری تورکیا دەکات بۆ ئەم مەبەستە تورکیاش ئەم ئامۆژگاریانە جێ بەجێ بکات ،بەوەی وازدەهێنی لەهەموو مافەکانی خۆی لەوناوچانە کە ئەم پەیمانامە دەیگرێتەوە ،ئەگەر ئەم وازهێنانەش لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ کرا ئەوا هێزە هاوپەیمانەکان هیچ کۆسپێک ناخەنە بەردەم ئەو ڕێگایەی کەدەبێتە هۆی یەکگرتنی ئەودەوڵەتە کوردییە سەربەخۆییە لە گەڵ ئەوکوردانەی لەوویلایەتی موسڵیشدا دەژین.

بەڵام ئەم پەیمانامەیە سەری نەگرت و پەیمانێکی تر شوێنی گرتەوە کە ئەویش پەیمانی لۆزان بوو.

**٣- پەیمانی لۆزان:**

## ئەو هۆکارانەی کەوای کرد پەیمانی سیڤەر سەر نەگرێت و بریتی بوون لە:

١- بەهێزبوونی کەمالیەکان بوو ،وە ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە کە مەکالی و (عیصمەت ئنونوی)سەرکردەی کەمالیەکان بەدەستیان هێنا ،چەنکە کەمالیەکان بەسەرکردایەتی (مستەفا کەمالی – کەدواتر ناسرا بەکەمال ئەتاتورک) هەر لەسەرەتاوە دژایەتی ئەم پەیمانەیان دەکرد.

٢- گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیا کەلەسەرتاوە پشتگیری لەمافەکانی کورد دەکات بەڵام دواتر وازی لێ دەهێتنێت ،ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری لەپشتەوە بوو لەوانە :لاوازی سەرکردایەتی کورد و هەروەها دۆستایەتی وپشتگیری رووسەکان بۆکەمالیەکان کە ئەمەش ترسێکی گەورەی بۆبەریتانیا درووست کرد ،کە دەیویست بیری کۆمۆنیستی بڵاوبکاتەوە ،بەریتانیاش کەوتە سەر ئەوەی گۆڕان لەسیاسەتی خۆی دا بکات و کەمالیەکان بەلای خۆیدا کەمەند کێش بکات.

٣- هۆکارێکی تر بریتی بوو لەوەی کە ئیتالیاو فەرەنسا کە پێشتر هەردووکیان لەسیڤەردا بەشدار بوون بەڵام دواتر دووڕێکەوتن لەگەڵ کەمالیەکاندا دەبەستن واز لە کۆمەڵێک مافی خۆیان دەهێنن لەناوچەکەدا ،بەهەمان شێوەی بەریتانیائەم ڕێکەوتنە وای لە بەریتانیارکرد سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بۆئەوەی بتوانێت دۆستەکانی خۆی لەدەست نەچێت .

٤- هۆکاری یۆنانیش هەیە ئەویش ئەوەبوو کەسەرۆک وەزیرانی نوێ لەیۆناندا کە هەوڵیدا پەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر هەڵدایەوە و پەیڕەوی سیاسەتی ئاشتی دەکرد.

٥- هۆکاری ئەرمەنی،چونکە ئەوەی لەپەیمانەکەدا هاتبوو سەبارەتی بەبەڵێن دان بەدروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی ئەرمەنیەکانی ترساند وە ئەمەیان بە دژی بەڵێنەکانی خۆیان دەزانی کەپێیان درابوو ،هەربۆیە دژایەتیەکی یەکجار زۆریان بۆ سیڤەر هەبوو. ئەمەو جگەلەوەی بەریتانیاو فەرەنسیەکان کێشەی ئەوەیان هەبوو کەدانانی مەلیک فەیسەڵ بۆ مەلیکی عیراق کە ئەمەش هۆکارێکی ناڕاستەخۆبوو لە دوورکەوتنەوەیان لەیەکتری وسەرنەگرتنی ئەم پەیماننامە.



وەفدی تورکی و ئتاڵی لە ڕاستەوە بۆ چەپ: جوسبی فولبی، رومبی

هەربۆیە لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا لەشاری (لۆزان)ی سویسرا پەیمانێکی تر لەنێوان دەوڵەتانی (بەریتانیاوفەرەنساو ژاپۆن و یۆنان ورۆمانیا و سربیاو کرواتیاسلوانیاو تورکیا)بۆناسینی دەوڵەتی نوێ ی تورکیاو پیاچوونەوە بەپەیمانی سیڤەرداکرا،لەم کۆنگرەیەدا (عیصمەت ئینونو)ی سەرۆک وەزیرانی تروکیا وەک نوێنەری تورکیا و (لۆرد کرزن)سیاسەتمەداری ئینگلیز وەک نوێنەری بەریتانیا لەسەر مەسەلەی ناوچەی موسڵ

أوغلو فخر الدين، غويدو فوزيناتو، محمد نابى بك، بيترو بيرتولينى.

کەوتنە گفتوگۆیەکی درێژخایەن ،دوای چەندین دانیشتن گەیشتنەچەند خاڵێک لەوانەی:

مادەی (٣٧) کەدەڵێت: حکومەتی تورکیا مافی هەیەبڕیار دەربکات کە دەگونجێت لەگەڵ بڕیارەکانیدا.

مادەی (٣٨): حکومەتی تورکیا بە لێن بە دانیشتوانی تورکیا دەدات کە بەرگری لەماف وسامان وسەربەستیان بکات بەبێ جیاوازی ( ڕەگەز و زمان و ئایین).

مادەی (٣٩) : حکومەتی تورکیا هیچ کۆسپێک ناخاتە بەردەم کەس کەلەژێر چاودێری تورکیادان ،هەروەها ئازادن بەزمانی خۆیان بازرگانی وڕۆژنامەگەری وخواپەرستی وچاپەمەنی و هەموو چالاکی سیاسی خۆیان بکەن.

**سەرچاوەکان :**


١- عزیز شەمزینی (دکتۆر) جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان،وەرگێڕانی /فەرید ئەسەسەرد

٢- حسین مدنی: کوردستان وئیستراتیژی دەوڵەتان ،بەشی یەکەم،چاپی یەکەم، ٢٠٠٠ هەولێر.

٣- فاتح ڕەسوڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان،چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ز.

٤- کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لەمێژووی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٥- عبدالرحمن قاسملۆ: کوردستان وکورد ، چاپی یەکەم،بغداد ،١٩٧٣ ز.

٦- بلەچ شێرکۆ: کێشەی مێژینەوئێستای کورد،وەرگێڕانی / محمد حمە باقی ، چاپی سێ یەم، کوردستانی عیراق،١٩٩١ ز.

٧- عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانینێک بۆدۆزی کورد ، چاپی یەکەم،سلێمانی ،٢٠٠٢.

٨- ارشاک سافرستیان : مێژووی کوردو کوردستان ،وەرگێڕانی / عەبدوڵا شاڵی ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ،١٩٦٠ز.

٩- کەیوان ئازاد ئەنوەر : چەردەیەک لەمێژووی کورد ،چاپی یەکەم ، سلێمانی ،٢٠٠٦ ز.

١٠- فاضل حسين : مشكله الموصل ،طبعه الثانية ،بغداد ،١٩٦٧،مطبعة اسد،بغداد.

١١- كمال مظهر احمد (الدكتور): كردستان فى سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة/ محمد ملا عبدالكريم، طبعة الثانى، بغداد ،١٩٨٤، مطبعه دارالافاق العربية.

١٢- ارشاک سافرستیان:

الكرد وكردستان ، ترجمه/ د. احمدمحمود الخليل ، طبعة الثانى ،مطبعة دار سردم للطباعة والنشر،سليمانية،٢٠٠٨.

١٣-د.اسماعيل محمد حصاف :

كوردستان والمساله الكورديه ،طبعة الثانى ، موسسة موكريان ،اربيل ٢٠٠٩.

١٤- شاكر خصباك :الكرد والمساله الكردية ، بغداد ، ١٩٥٩م.


سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی ئەیوبی / ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٥

# سەربەخۆیی کورد و چارەنووسی سایکس بیکۆ دوای داعش

## گوڵستان



کورد ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ تێدەپەڕێنێ و تا ئێستەش خاکەکەی چوار بەشە و ئەگەرچی لە باشوور نیمچە سەربەخۆ و لە ڕۆژئاواشدا تا رادەیەک ئازادبووە و دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گۆڕانێکی خێرادایە و هەمووان پێشبینی هەڵوەشانەوەی هێڵەکانی نەخشەی سایکس بیکۆ دەکەن لە ناوچەکە، بەتایبەت دوای هاتنی تیرۆریستانی داعش و شکاندنی سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیا، ئەگەرەکانی سەربەخۆیی کورد نزیکتر و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روونتر دەبن.




ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لەماوەی نێوان نۆڤێمبەری ١٩١٥ و مایۆی ١٩١٦ راگەیەنرا لەنێوان هەردوو دیپلۆماتکار فرانسوا جۆرج بیکۆی فەرەنسی و مارک سایکسی بەریتانی بە نهێنی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرا و بە ڕەزامەندی رووسیای قەیسەر، بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کە بەمهۆیەوە کوردستان بوو بە ٢ بەشەوە و بەشێکی لەژێر دەستی بەریتانیا و بەشەکەی تری لەژێر دەستی فەرەنسا و هاوکات بەشێکی تریشی لەدەستی ئێراندا مایەوە.

ئەم ڕێککەوتنە بە یەکەم دابەشکاری فەرمی دادەنرێ کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە سەپێنرایە سەر گەلی کورد و نیشتمانەکەی.

ئەگەرچی ئێستە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ژان گرتوویەتی و هەمووان ئاماژە بۆ مردنی نەخشەکەی سایکس بیکۆ و لەدایکبوونی نەخشەیەکی نوێی ناوچەکە دەکەن، وەلێ تا ئێستە ئاسۆ روون نییە و هاوکێشەکان ئالۆزن.

## نەخشە دەگۆڕێ و دەوڵەتی کوردی لە ئارادایە

د.نووری عوسمان سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بۆ "وشە" گوتی، کورد ئەگەر بتوانێ کارێکی وابکات لە سەر ئاستی ناوخۆ لایەنە کوردستانییەکان ڕێک بخات و کیانێکی سەربەخۆ لە باشوور دروست ببێ، ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ بەشەکانی تری کوردستان لە داهاتوودا بۆ یەکگرتنەوەی بەشەکانی تر لەگەڵ باشوور و دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەناوچەکەدا.

د.ساڵح عومەر مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ "وشە" دەڵێ، زلهێزەکانی دنیا و دنیا بەگشتی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە سیستمی حوکمرانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاڵوگۆڕی بەسەر دێت، هەمووان تێگەیشتوون کە ئیتر سایکس بیکۆ لەسەر ویستی خەڵکی ناوچەکە نەخشەی بۆ ناوچەکە نەکێشاوە، بەڵکو لەبەرژەوەندی زلهێزەکان نەخشەی ئەم ناوچەیە کێشرا و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هەرچی توندوتیژیی و قەیرانە لەو ناوچەیە دروست دەبێت، بێگومان لە ئەگەری کێشانەوەی نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکان.

هەروەها گوتی، ئێستە لە رووی واقیعییەوە دەوڵەتی سووریا بوونی نەماوە و هەر ناوچەیەکی لەدەست هێزێکە، عێراقیش بەهەمانشێوە لەرووی کردەییەوە کورد لە ناوچەکانی خۆی بالادەستە و شیعە لە باشوور و سونەکانیش بەشێکیان لە دەستدایە و بەشێکیش لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە و تورکیاش ئەو باوەڕەی لا دروست بووە کە گۆڕانکاری لە سیستمی حوکمی بکات و بەرووی کورددا بکرێتەوە. بۆیە لەوباوەڕەم لە داهاتوویەکی نزیک گۆڕانکاری گەورە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست دەبێ و دەوڵەتی نوێ دروست دەبن و یەکێ لەو دەوڵەتانەش دەوڵەتی کوردستان دەبێ.




پێشتر شارەزایان و میدیا نێودەوڵەتییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی ڕۆژئاوا چەندین جار پێشبینی نەخشەی جۆراوجۆریان بۆ داهاتووی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کردووە و یەکێک لەوانە دابەشبوونەوەی ناوچەکە بوو، بەسەر دەوڵەتێکی کوردی و ئەرمەنی و ئاشووری و عەرەبی لەناوچەکە بێتە کایەوە.

## هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆی

لە مێژوودا کورد ژمارەیەکی بێشوومار قوربانیداوە و تا گەیشتووە بە ئاستی جینۆساید بۆ دەستەبەرکردنی

مافەکانی. گرنگترین ئەو هەوڵانەش لەدوای ڕێککەوتنی سایکس بیکۆوە بریتین لە شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود و دواتر شوڕشی بارزانییەکان بەسەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی ١٩١٩ و دواتریش شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ و شۆڕشی گوڵان لە ١٩٧٦ و ڕاپەڕین و ئازادبوونی بەشێکی باشووری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە ٢ / ٥ / ١٩٩١، بەشێکن لەهەوڵەکانی بەدەستهێنانی مافی کورد لە باشووری کوردستان.

هاوکات لە ڕۆژهەڵاتیش شۆڕشی سمکۆی شکاک و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە بە یەکەم کۆماری کوردی دادەنرێ لە مێژووی کوردستاندا، توانی بۆماوەی ساڵێک حوکمی ناوچەیەکی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات.

هەروەها لە ڕۆژئاوا و باکوری کوردستانیش هەریەک لە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدلای نەهری و شۆڕشی ئاگری داغ و چەندان بزاوت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تر سەریان هەڵدا بۆ گەیشتنی کورد بەمافەکانی.

## سەربەخۆیی باشووری کوردستان

لە ساڵی ٢٠١٤ مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرسەختانە پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و جێبەجێ کردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ باشووری کوردستان کرد و لەو پێناوەش ڕاسپاردەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆ پەسەندکردنی پرۆژە یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنی کوردستان و دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام هاتنی داعش بۆ ناوچە کوردستانییەکان و هەڵگیرسانی شەڕ و فرەوانی بەرەی شەڕی پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر بە تیرۆریستان هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هێواش کردەوە.

لەمیانەی لێدوانەکانی بەرپرسانی کورد بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و کاردانەوەکانیش بۆیەکەمجار سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێشاندا و هاوکات وەک باسی لێوە دەکرێ بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپاش لەگەڵ سەربەخۆی کوردستاندان.

لەنوێترین کاردانەوەی نێودەوڵەتیش لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا بە ئاشکرا پێویستی سەربەخۆبوونی کوردستانی لە هەفتەی ڕابردوو ڕاگەیاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت / ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیوێری ٢٠١٥

# ئایا کاتی کۆتاییهاتنی سایکس - بیکۆ هاتووە؟

سەروەر سالار




نەخشەی وڵاتانی کەنداو

گریگۆری گۆز، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ڤێرمۆنت لە ئەمریکا، شیکردنەوەیەکی سیاسی لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی واشنتن پۆستدا بڵاوکردووەتەوە و تێیدا پێشبینی خۆی بۆ سنووری داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتەڕوو.

ئەو دەڵێت کە تەماشای جەنگی سووریا و ئاڵۆزییەکانی ناو عێراق و نائارامییەکانی لوبنان دەکەیت وای بۆ دەچیت سنوورە "دەستکرد"ەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی کە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لەسەر پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کێشایان، لە کۆتاییەکانی خۆیاندا بژین و بەرەو تەوانەوە بچن.

بەڵام ئەو سەرەڕای ئەوەی وای نابینێت هیچ یەک لەو سێ دەوڵەتە (عێراق – سووریا - لوبنان) بتوانن لەو زووانەدا کۆنترۆڵێکی کاریگەری ناوخۆی وڵاتەکانیان بکەن، هەمانکات پێیوانییە ئەو سنوورە نێودەوڵەتییانەش گۆڕانکارییان بەسەردابێت.
نووسەر دەڵێت لەگەڵ شارەزای زانستە سیاسییەکان ڕۆبەرت جاکسن هاوڕام سەبارەت بە داهاتووی ئەو وڵاتانە، کە دەڵێت "نیمچە دەوڵەت دەمێننەوە، واتە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەک دەوڵەتی شەرعی دەناسرێن، بەڵام لە واقیعدا ئەو سیفەتانەیان نابێت کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دەبێت هەیبێت، وەکو کۆنترۆڵکردنی سنوور و ناوچەکانیان".

گریگۆری گۆز دەڵێت سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی دواهەمین شت دەبن کە دەگۆڕێن.

پرۆفیسۆرەکە دەڵێت لە ڕاستیدا ئەم سنوورانەی ئێستا بەرهەمی کۆنگرەی سان-ریمۆن کە لە ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیاوە سنوورەکانی ئێستا چەسپێندران، نەوەک سایکس-بیکۆ کە تێیدا بەشێوەیەکی سەرەتایی و لە ساڵی ١٩١٦ دا ناوچەکە لەنێوان ئەو دووانەدا دابەشکران. بۆیە باشترە سنوورەکانی ئێستا بە سنووری سان-ریمۆ ناوببرێن نەک سایکس-بیکۆ.

ئەو پرۆفیسۆرە کە هاوکاری سەنتەری (بروکینز) ە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر، دەشڵێت ئاماژەگەلێک هەن کە پێمان دەڵێن سنوورەکانی ناوچەکە وەک خۆیان دەمێننەوە:

**یەکەم**: گومان لەسەر تەمەندرێژیی سنووری ئیسرائیل و ئەردەن نییە. ئەگەر دەوڵەتی فەڵەستین دروستببوایە، ئەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە نەخشەی ئەو دووانەدا درووست دەبوو. کەچی درووستبوونی دەوڵەتی فەڵەستین ئەوەندەی لە ١٩٩٩ دا لە واقیعەوە نزیک بوو، ئێستا بەو جۆرە نییە.

**دووەم**: هەڵوەشاندنی عێراق بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ و دروستکردنی هەرێمی کوردی لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی عێراق. بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقی دوای سەددامدا چەسپێندرا. بیست ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی جیاکەرەوەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە، کەچی سنووری عێراق هەر بە نەگۆڕی ماوەتەوە.

بە بیرِوای بەرێز گۆز حاڵەتی حکومەتی هەرێم کە لە واقیعدا سەربەخۆیە بەڵام کۆمەڵی نێودەوڵەتی دانی پێدا نانێت، بەهێزترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بیرۆکەی "کۆتایی سایکس-بیکۆ" لاوازە.

ئەو هەروەها دەڵێت حکومەتی لوبنان لە ١٩٧٥ ەوە نەیتوانیوە کۆنترۆڵی تەواوی خاکەکەی بکات، کەچی تاکە دەوڵەتێکیش نەبووە دان بە سەروەری و سەربەخۆیی نیمچەن دەوڵەتەکانی ناوخۆی وڵاتەکەدا بنێت.

گریگۆری گۆز کە نووسەری کتێبێکی بەنێوبانگە بەنێوی "سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانی کەنداوی فارس"ە، دەشڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کارا حوکمی رووبەرێکی بەرچاوی عێراق دەکات، کەچی نە تاکە دەوڵەتێک دانی بە سەربەخۆیی ئەو حکومەتەدا ناوە، نە تاکە دەوڵەتێکیش گومانی لەسەر سەروەری حکومەتی ناوەند لە بەغدا بۆ درووستبووە.

بە بۆچوونی ئەو پرۆفیسۆرەی زانستە سیاسییەکان دوای شەڕی ناوخۆی سووریاش دابەشبوونی ناوخۆیی دەبێتە ئەمری واقیع، بەڵام هیچ کام لەو دەوڵەتۆچکانەی ناو سووریا وەکو دەوڵەتی سەربەخۆ ناناسرێن.

لە کۆتاییدا دەڵێت بیانییەکان ئەو سنوورانەی ناوچەکەیان کێشاوە، ئەوان نە خواستی گۆڕینی ئەو سنوورانەیان هەیە نە دان بە هەر گۆڕانکارییەکی ئەو سنوورەش دا دەنێن لە ئێستادا. ئەوەتا ئەمریکا نزیکەی چارەگە سەدەیەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپارێزێت، کەچی هەرگیز کوردی هان نەداوە لە عێراق جیاببنەوە و سەربەخۆیی رابگەیەنن. هەرگیز هیچ سەرکردەیەکی چینی و ئەورووپی داوای کۆنگرەیەکیان نەکردووە بە مەبەستی بیرکردنەوە لە گۆڕینی ئەو سنوورانە.

دەوڵەتەکان لە ناوخۆدا دابەش دەبن، دەسەڵاتی نوێی ئەمری واقیع پەیدا دەبن، بەڵام سنوورە نێودەوڵەتییەکان ناگۆڕێن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو / ڕێکەوتی: ٢٣ی مەی ٢٠١٤**

# کۆتایی ڕێکەوتننامەی نهێنی "سـایکس - پیکۆ"

## جەهانگیر قوربانی




ئێستا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست خەریکە بەکردەوە کۆتایی بەقۆناغی "سایکس- پیکۆ" دێت.

لە سەرەتای شەری جیهانی یەکەمدا ئەوکاتەی کە ئینگلیس و فەرانسە بەسەر ئیمپراتوری عوسمانیدا سەرکەوتن، هەردوو ولات دوو ئەفسەری خۆیان بەناوی "مارک سایکس" و "جۆرج پیکۆت" هەڵبژارد تا نەخشەیەک بۆ ئەو مەڵبەندە داریژن.

ئەم دوو کەسە دوای وتوویژێکی زۆر لەسەر ئەوە ریکەوتن کە ناوچەکانی فەڵەستین، ئوردۆن، عێراق و هەندێک شوێنی کەنداو بۆ ئینگلیس بێ و ناوچەکانی سوریا، لوبنان و چەند شوێنێکی تر بۆ فەرانسە بێت. فەرانسە سنورەکانی دەریای سپی هەڵبژارد و ئینگلیسیش نەوت؛ بەم شێوە چارەنووسی میلیۆنان مرۆڤ کە سەر بەناسنامە و دینی جیا جیا بوون، کەوتنە ژێر ئازارێکی هەتا هەتاییەوە، کە نەتەوەی کوردیش بەشیک لەئەم مال وێرانییە بوو وگیرۆدەی گرفتی ئەم دابەشکردنە بووە،

ئەم دوو نوێنەرە بە سوودی ولاتەکەیان نەخشەکەیان دارشتووە، جا مرۆڤەکان لە ئەم شۆێنانە چی ئەکیشن و چیان بەسەر دێت و چییان بە سەر هات با بووەستێت،

ئەمرۆ دنیا و ناوچەکە بەکردووەوە خەریکە قۆناغی سایکس پیکۆ دەرباز دەکات. سایکس پیکو دوو ئەشرافی نموونە و کارلیهاتوی سەردەمی ئیمپراتوری بوون و لە ناو سیستەمی ئیمپراتوری پەروەردە کرابوون، هەر بۆیە زانیاری تەواویان لە سەر رۆژهەلاتی ناوەراست هەبوو. "سایکس- پیکۆ" لە سالی دووهەم و شەڕی جیهانی ئەوەڵ لە ساڵی ١٩١٦ دا بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی ریکەوتنێکیان ئیمزا کرد، ڕێکەوتنیک کە کاریگەری زۆری لە سەر ناوچەکە هەبوو. ئەم ریکەوتنەی "سایکس-پیکۆ" و دابەشکردنی ئەم ناوچانە لە نیوەی قەرنی بیستەمدا بۆ بریتانیا و فەرانسە قازانجی زۆری بوو، بە پێچەوانەشەوە بۆ

ناوچەکە ئاکامەکەی جیاواز و لە ڕاستیداماڵوێرانی بوو. بە داڕشتنی هێڵی "سایکس- پیکۆ" دیار و ناچەکانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتوری عوسمانی لە سەدەی ١٦ دا لە نێوان ئینگلیس و فەرانسە دابەشکرا. ئەو هێزانەی کە لەو کاتەدا ئەم نەخشەیان کیشا و دروستیان کرد ئیستا هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە؛ بەڵکە ئێستا دوو ولاتی زلهێزی دونیا وەک روسییە و ئەمریکا و هەروەها تا ڕادەیەک ولاتانی ئورووپا لە ئەم داڕشتن و دابەشکردنە نوێیەی ناوچەکەدا بە شدارن،

بۆیە ئەم وڵاتانە بە نیازن، کە لەکۆنگرەی ژنێف ٢ سەرلەنوێ نەخشەی ناوچەکە داڕێژنەوە و بیکەنە هەرێمێک کە سیاست و قەوارەکەی گرێدراو بێت بە سیاسەتی خۆیانەوە. شەر هەمیشە مێژوو دەگۆڕێ، سیستەمی ئورووپا خۆی لە حالەتی شەردا هاتونەتە ئاراوە.

ئەو شەڕەش، بە تایبەت ئەوەی داعش کە ئێستە بەرۆکی کورد و ناوچەکەی گرتووە، هاوکات هەرەشەشە بۆ سەر ئاشتی جیهانی. بە لە بەرچاوگرتنی پشتگیریە نیودەولەتییەکان بۆ کورد و ئەگەری گۆڕینی نەخشەی سیاسی و جوغرافی ناوچەکە، دوور نییە لە ئاکامی ئەم شەرە ڕێرەوی سیاسی کوردستان بگۆڕێت بەرەو قۆناغێکی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەلات تایمز / ڕێکەوتی: ١٧ی نوڤمەبەری ٢٠١٤

# "سایکس بیکۆ سنوورەکەی بەلم دروستکرا،ئێستا بەخوێن دەسڕدرێتەوە"

## مایکل ولیامز، دیپلۆماتی پێشووی بەریتانیا

مایکل ولیامز،دیپلۆماتی پێشووی بەریتانیا لەنوێترین وتاریدا کە بۆزمانی عەرەبی وەرگێڕدراوەو لەرۆژنامەی"العرب"دا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشان"سایکس بیکۆ سنورەکەی بەلم دروستکرا،ئێستا بەخوێن دەسڕدرێتەوە"،تیایدا هاتوە:هەفتەی رابردوودا فلیپ هاموند، وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوتی: شەڕی رێکخراوی داعش دوا هەلی عیراقە کەوەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی بمێنێتەوە،ئەم بۆچونە دڵەتەنگەی هاموند راستەوخۆ دوای ئەو گەشتەی بۆ عیراق دێت کە چەند رۆژ پێش ئێستا لەوێ بوو دۆخی پڕ مەترسی عیراقیشی بە"دوا هەل" نابرد.



نووسەر لەدەستپێکی بابەتەکەیدا نووسیویەتی: عیراق هەروەک سوریا لەدەرئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم کەلەچاوی عەرەبەوە ئەو رێککەوتنە شووم و بێ ناوبانگەیە لەنێوان ئەلسێر مارک سایکس و فرانسوا جۆرج بیکۆ بووە مایەی دابەشکردنی دەسکەوتەکانی تورکیای عوسمانی لەنێوان بەریتانیا و فەڕەنسا گەورەترین دوو هێزی ئەوروپا.ئەم رێککەوتنە نزیکەی ۱۰۰ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ، قورسایی خستوەتە سەر هەردوو دەوڵەت"عیراق و سوریا" شەڕو دابەشکاری تایەفی چەندین ساڵە هەڵیوەشاندون و ماندویانیکردون هیچ چارەسەرێکی ئاسانیشیان پێنیە.

نووسەر لەدرێژەی بابەتەکەیدا دەنووسێت: "چیکسلۆڤاکیا و یوگسلاڤیا وەک دوو دەوڵەت دەرکەوتن هەروەک سوریا و عیراق لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لەکۆنگرەی ئاشتی لەفرسای ساڵی ۱۹۱۹ دەرکەوتن،دەشێ هەروەک چۆن یۆگسلاڤیا تێکەڵەیەکە لەسلۆڤی و کرواتی و کاسۆلیک لەگەڵ ئەرسەدۆکس و موسڵمان زۆر لەمۆزایکی رەگەزی و ئایینی لەسوریاو عیراق بچێت"،هەردوو دەوڵەت لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستن لەپاڵ لوبنانێکی بچووک- لەهەموو ولاتانی ناوچەکە هەمەچەشنترە، ئەم دوو دەوڵەتە سوریا و عیراق، سوننەو شیعەو مەسیحی(لەهەموو تیرەکان)و ژمارەیەک لەدروز و یەزیدی و عەلەوی تیایە،نزیکەی 30ملیۆن کورد لەو دوو دەوڵەتە دەژین کە گەورەترین پێکهاتەن لەجیهاندا تا ئێستا بێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن.

نووسەر لەبارەی دەسەلاتدارێتی سوریاو عیراقەوە دەنووسێت: "هەردوو دەوڵەت هەر لەپاش بەدەستهێنانی سەربەخۆییان لەبەریتانیاو فەڕەنسا بەمشتێکی ئاسنین ولات بەڕێوەدەبەن و باوەڕیان بەهیچ سەرگوزشتەیەکی سیاسی نیە ئەو دوو دەوڵەتە عەرەبیە سەرەکیەباوەڕیان بەهیچ ناوەڕۆکێکی دیموکراسی نەبوە بەدرێژایی ئەو چەند دەیەی دەسەلاتدارێتیان هەمیشە دیکتاتۆرێکی توندڕەوبوون".

مایكڵ رەخنەی توند دەگرێت لە پاوانكردنی دەسەڵاتی عیراقی نوێ لەلایەن شیعەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە كۆنترۆڵكردنی دەسەڵاتی شیعە بووە مایەی سەرهەڵدانی داعش،ئەو دەنووسێت "لەعیراقدا خوێنێكی تایەفی زۆر رژا لەدوای ساڵی 2003و هاتنی ئەمریكا و ئینگلیز لەنێوان هەرسێ پێكهاتە سەرەكیەكە سوننەو شیعەو كورد لەبەر ئەوەی هەر لایەنەو دەیویست بەرێگای خۆیدا بڕوات،هەر بۆیە حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی بەغدا كە شیعە باڵادەستە تیایدا بەهاوكاری ئێران رێككەوتن لەسەر بارودۆخەكە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی رێكخراوی داعش پشتگیری گەورەی دارایی بەدەستبهێنێ بەچەندین جۆرو پشتیوانیەكەش لەكەسان و كەسایەتیەكانی سعودی و هەندێ لەوڵاتانی عەرەبی خەلیجی بوو".

هەروەها نووسەر درێژە دەدات بەوتارەكەی و دەڵێت: "ئەمانە هیچیان ئەوە ناگەیەنن شتێكی راستی هەیە كەرێكخراوی داعش چەند ئامانجێكی لەتێكشكاندنی سایكس بیكۆ-دا هەیە،دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی و درێژكردنەوەی لەخەلیجەوە بۆ دەریای سپی وەك دەربابوون دەیبینن،جۆرێك لەدەوڵەتی وا هیچ پێگەیەك بۆ شیعەو كورد و مەسیحیەكان دانانێت تەنانەت كەمایەتیەكانیتری هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

نووسەر لەكۆتایی بابەتەكەیدا ئاماژە بۆ ئەو مەترسیانە دەكات لەسوریاو عیراق كە ناهێڵن هیچ دەوڵەتێكیتر لەناوچەكە لەدایك بێت هەر بۆیە دەنووسێت: "زۆر نیە تەیموری رۆژهەڵات و باشووری سودان لەئەنجامی ململانێی هەرێمەكان كە پێشتر داگیركەران بۆیانیان پێكهێنابوو دەوڵەتی نوێی خۆیانیان دامەزراند،مەترسیە راستەكەش لێرەدا ئەوەیە سوریا و عیراق هەرگیز بوار نادەن بۆ كردنەوەی رێگای دروستكردنی دەوڵەتی نوێ،بەڵام بەدڵنیاییەوە گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی سوریا یان عیراقێكی بەهێز وەك لەرێككەوتنی سایكس بیكۆ-دا ئاماژەی بۆ كراوە زۆر دوورە لەجێبەجێكردنەوە".

سەرچاوە: رۆژنامەی(العرب).

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان / ڕێكەوتی: ٢٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٤

# ڕەهەندەکان ١٠٠ ساڵ دوای سایکس بیکۆ

سمکۆ محەمەد



١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ تێپەڕی کەهەم بۆ نیشتیمانی بەناو عەرەبی دابەشکرا و جگە لەدیکتاتۆریەت وەکو سیستم و نەگبەتی بۆ خەڵکەکەی هیچی تری بارنەهێنا، هەم بۆ کوردیش کەدابەشی سەر چوار دەوڵەت کرا و جگە لەدواخستنی لەکاروانی نێودەوڵەتی و گەورەترین نەگبەتی شتێکی تر نەبوو، ئێستا ئیتر هاوکێشەکە پێچەوانە بووە کە عەرەبەکان بەو ٢٠ دەوڵەتەوە ناتوانن قەناعەت بەسیستمی سیاسی و ئابوری دونیا بکەن و وەکو خۆیان بمێننەوە، بۆیە زلهێزەکانی دونیا لەسەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەن و جوگرافیای سیاسی و ئابوری دەگۆڕن، ئەمە هەم بەشێکە لە پەشێمان بونەوەیان لەوەی لانیکەم ١٠٠ ساڵ کوردیان دواخست، باشترین سەلمێنەریش دانپیانانی بەرتانیەکانە کەئەمە یەکەمین جارە لەمێژوودا سیقەیان بەکورد هەبێت پشتگیری بکەن دەوڵەتی هەبێ، کەچی بەشێک لەکورد وەکو بڵێی دژی هەڵوەشاندنەوەی سایکس بیکۆ بێت، دژی بەدەوڵەت بوونی خۆیەتی.

هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ بۆ کورد لەساڵی ١٩٩١ وە دەستپێپ‌ِدەکات کەسەربەخۆیی خۆی وەرگرت وەکو هەرێمێک، بەڵام کە کورد خۆی نەیتوانی بیقۆزێتەوە و خراپ کەڵی لێوەرگرت، بۆیە ئەوەی لێبەرهەمهات کەدواکەوتین، هەر ئەو نەزانینە بوو کەساڵی ٢٠٠٠ قسە زۆر لەسەر هاتنی هەزارەی سێهەم و گۆڕانکاریە سیاسی و ئابورییەکان دەکرا و باسی ئەوە دەکرا ئیتر شانسی پیشکەوتنی گەلانی ژێردەستە نەما، لەگفتوگۆیەکدا کەتەلەفزیۆنی جەزیرە سازیکردبوو لەگەڵ موعەممەر قەزافی سەرۆکی پێشووی لیبیا سەبارەت بەکورد و داهاتووی، گوتی بەداخەوە زۆرشت گۆڕا و قیتارەکە لەئێرە دەوەستێت، بەڵام بۆ کورد قیتارەکە ڕۆیشت و شانسیان نەما بىن بەشتێک، کەچی پێچەوانەکەی ڕاست بوو کەهەم بەچاوی خۆی ڕوخانی ڕژێمی سەدام و هەم ڕوخانی سیستمەکەی خۆی بینی، بەڵام نەیبینی کەقیتارەکەی کوردیش گەیشت و بەدەستی خۆی و بەپاڵپشتی هێزە نێودەوڵەتیەکان چارەنووسی خۆی دیاری دەکات. بۆیە دەڵێم قیتارەکەی کورد دوای ١٠٠ ساڵ لەڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ گەیشت، چونکە بەڕاستی دونیای دەرەوە هەم لەگەڵ دابەشبوونی عێراقن کەبەشێکە لەسڕینەوەی ڕێکەوتننامەکە، هەم لەگەڵ بوونی کورد ببێت بەدەوڵەت و لانیکەم لەئێستادا لەچوارچێوەی عێراقی بەناو فیدراڵ ببێت بەهەریمێک سەربەخۆیی خۆی رابگەیێنێ، بەڵام هێشتا گەیشتنی قیتارەکە گرینگ نییە، بەقەد ئەوەی سەرکەوتنی کورد بەیەکڕیزی گرینگە، نەک ئەوەی کوردێک هەبێت پەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی هەبێت و کوردێکی تریش خەمساردانە هێشتا بەخەیاڵی گەڕانەوەی عێراق بێت بۆ یەکپارچەیی، لەکاتێکدا لەئاستی دەرەوەدا هەموو دەوڵەتان هیوایان بەعێراق نەماوە و لەئاستی ناوخۆشدا خودی عەرەبەکان بڕوایان بەیەکپارچەیی نەماوە کەلەشەڕی تاییفی زیاتر هیچی بەرهەمنەهێنا. هەڵوەشاندنەوەی سایکس بیکۆ و دروستکردنی دەوڵەت بۆ کورد، لەکاتێکدایە کەدەوڵەتی نەتەوەیی هیچ بەهایەکی لەدونیادا نەماوە وەکو چێژی نەتەوەیی، بەقەد ئەوەی بەهایەکی ئابوری هەیە بۆدەستەبژێرێکی سیاسی، پشتگیری کردنی لەلایەن ئیسرائیل و یان لانیکەم دژنەبوونی بەشێک لەدەوڵەتانی زلهێز و سەنعەتی باشترین سەلمێنەرە، ئەم فەزا سیاسیە کەڕۆژئاوا و ئامریکا خەڵقاندوویانە و لە ١٠٠ ساڵی رابردووی

**خۆیان پەشیمانن، ئەگەر بۆ عەرەب و ناوچەکە شتێکی نوێ نەبێ، بۆ کورد گەورەترین شانسە کەنابێ چیتر قەبوڵ بکرێ خاوەنی دوو گوتاری دژ بەیەک بێت، ئەگەرنا سایکس بیکۆ هەر هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر کوردیش رازی نەبێت.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی زاری کرمانجی / ڕێکەوتی: ٢٠ی تەمموز ٢٠١٤**

# چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، سایکس بیکۆ هەڵدەوەشێنێتەوە؟

هۆشیار عەلی - سەردار قادر

بڕیارە ئەمڕۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بگەنە شاری کۆبانێ، ئەمەش کاردانەوەی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێناوە، بەشێک ڕەخنەی بە حزبی بوون لەو پرۆسەیە دەگرن، بەشێکی دیکەش پێیانوایە کە ئەوە هەنگاوێکی مێژووییە، ئەو پرسیارەش دێنێتە ئاراوە کە ئایا ناردنی پێشمەرگە سنورەکان دەشکێنێ و ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ هەڵدەوەشێنێتەوە؟.



## بە حزبی کراوە

بەختیار سەعید ؛چاودێری بواری سیاسی؛ بە (خەڵک)ی ڕاگەیاند: "خەباتی سیاسی حزبەکانی باشووری کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتی گەشتووەتە حاڵەتێک ئەوەندە ناشیرین کراوە، کەس نازانێت بۆچی خەبات دەکات، بۆچی قوربانی دەدات، یەکێتی لە ماوەی ڕابردوودا بە بەڵگە سەلماندویان کە ئەو چەکانەی ناردویانە هی ئەوانە، بەڵام نەدبوو بگاتە ئەوەی کە ئەو موزایدە سیاسییەی پێوە بکرێت".

ئاماژەی بەوەش کرد: "ئەو هێزانەی کە ئێستا چوونەتە کۆبانێ، یەکەی ٧٠ و ٨٠یە، ئیتر ئەگەر ئاڵا و وێنەی هەر کەسایەتییەکی پێوە بێت، دواجار ئەوە هێزێکی هاوبەشە، کوڕان و کچانی کۆبانێ خۆیان بە شەهید کردن دەدەن، لە شوێنی خۆیان، بەڵام پێیان شەرمە وێنەی خۆیان بڵاوبکەنەوە تا کاتی شەهید بوون، ئەوانەی ئێمە شەرمەزاریان بە سەر خەڵکی کوردستان و ئێمەشدا هێناوە، بۆ ئەو موزایەدە منداڵانەیە".

ئەوەشی خستەڕوو: "پێم سەیرە ئەوان نەیانتوانی شنگال و جەلەولا بگرنەوە، دەچن موزایەدە بەسەر کۆبانێ بکەن، دەیانەوێت چی بە خەڵکی کوردستان بڵێن، ئەمریکییەکان فریای خەڵکی هەولێر کەوتن، بەڵام دووجاریش باسیان نەکرد، لە کاتێکدا شەرمەزاریان بە سەر کورد هێناو ڕایانکرد".
باسی لەوەش کرد: "ئێستا کاتی ئەوە نییە، یەکێتی و پارتی ئەو موزایەدەیە بە سەر یەکەوە بکەن، ئەمەی ئەوان ناردویانە ژمارەیان کەمە، بەڵام ئەگەر ڕاست دەکەن وەک یەکەمجار چەکیان لە ڕێگەی فڕۆکەوە بناردایە زۆر باشتر دەبوو".

بەختیار، وتیشی: "بە ناردنی هێز دەرگایەکی زۆر خراپیان کردەوە، سوپای ئازادی سوریا کە لە تورکیاوە، دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەوەوە بگەنە کۆبانێ، تاوەکو مەسەلە نەتەوەی و دۆزی کانتۆنەکان بە هیچ شێوەیەک نەهێڵن و وەکو سوریا سەیری بکەن، بۆیە پێم وایە ئەمە پیلانێکی ڕەشی تورکیا بوو ئەجێنداکەی بە داخەوە لە باشووری کوردستان جێبەجێ دەکرێت".

## هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ

لای خۆشیەوە، د. سەردار قادر ؛مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی؛ بە (خەڵک)ی ڕاگەیاند: "ڕۆشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، بە مانای هەڵوەشاندنەوەی سنورە نێودەوڵەتییەکان نییە، بەڵکو سنورە نێودەوڵەتییەکان لە ڕووی جوگرافی و سیاسی و یاساییەوە لە شوێنی خۆیانن، ئەگەر تورکیا نەتوانێت بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە لە ئێستادا تیایەتی، ئاسان نییە چونە ناوەوەی تورکیا، هێزی نێودەوڵەتیش ئەو توانایەی نییە، چونکە هیچ پەیوەندی جوگرافی لەگەڵ ئەو ناوچە نییە جگە لە تورکیا و سوریا ئەمانەش ئێستا بوونەتە مەحاڵ".

ئاماژەی بەوەش کرد: "دەبێت پلانێکی جێگیر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوە بەرەی دژ بە داعش دوا نەکەوێت و یارمەتی شەڕڤانانی کۆبانێ بدرێت، باشترین شوێنیش هەرێمی کوردستان دیاری کراوە بە ڕۆشتنی بە تورکیادا، ئامانجەکەی تورکیاش سەر دەگرێت، ئەویش ئەوەیە ناهێڵێت پەیەدە خۆی لەو شارەدا بە شێوزای تاک ڕەوانە بمێنێتەوە و خۆی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات".

ئەوەشی خستەڕوو: " یەکێک لەو مەرجانەی کە خەریکە جێبەجێ دەبێت، داخوازییەکەی تورکیایە کە پێشمەرگە بچێتە کۆبانێ و ئۆپۆزسیۆنی سوریاش بتوانێ بەشداری بکات و شوێنی پەیەدە بگرێتەوە لە داهاتوودا".

## هەڵوێستی باکور و ڕۆژئاوا

ئیبراهیم ئایهان ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) لە پەرلەمانی تورکیا لە سەرناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوا بە(خەڵک)ی ڕاگەیاند: "ناردنی هێزی پێشمەرگە پرسێکی مێژوویی و گرنگە لە دۆزی گەلی کوردا، ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ یەکێتی نەتەوەیی کورد بە هەنگاوێکی گرنگی دەزانین، هیواداریـن ئەم هەنگاوانە لە هەموو پارچەکانی تردا بونیان هەبێ، پێویستە کورد لە گشت کاتێکدا بەتایبەت لە کاتە هەستیارەکاندا یەک دەنگ و یەک هەڵویست بن، ئەمەش پاشەڕۆژێکی گەشی بە دواوە دەبێت".

علی ئیبراهیم ؛ئەندامی کانتۆنی کۆبانێ؛ بە (خەڵک)ی ڕایگەیاند: "هاتنی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوا شتێکی دڵخۆشکەرە، ئەمە یەکگرتنی نەتەوەیی گەلی کورد دەسەلمێنێ، هەروەها یەکەم هەنگاوی پارچەکانی کوردستان و هەروەها جیاوازی نێوان پارچەکان ناهێڵێت لەگشت ڕوویەکەوە، بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە".

لای خۆشیەوە، عمر باڵەکی ؛ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان؛ بە (خەڵک)ی ڕاگەیاند: "دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لەهەمان کاتدا دەست خۆشی لە خوشک و برایانی ڕۆژئاوا (YPG و YPJ) دەکەین، کە توانیویانە تا ئەمرۆ بەرگری لە ڕۆژئاوا بکەن، ناردنی هێزی پێشمەرگە دەکەوێتە خانەی پرسی نەتەوایەتی و یەکریزی نەتەوەی کورد لە هەرچوار پارچەکاندا لە سەر پرسە نەتەوایەتی یەکان، ئەمە هەنگاوێکە بە جیهان دەسەلمێنین کە کوردیەک نەتەوەیەو سنورەکان دەست کردن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک / ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## جەواد مەلا: سایكس بیكۆ زەوی كوردستانی دابەشكرد و حیزبە كوردیەكانیش خەڵكەكەی ...

### سازدانی: بەهمەن عومەر

* بەبڕوای ئێمە دەوڵەتی كوردی خەیاڵ نییە خەیاڵ ئەوەیە كە جەنراڵەكانی تورك، مەلاكانی ئێران، بەعسیە فاشستەكان بكەین بەدیموكرات.



جەواد مەلا سەرۆكی حكومەتی رۆژئاوا كوردستان لە تاراوگە، و سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان KNC لەم هەڤپەیڤینەدا بۆ (میدیا) لەسەر چەند پرسێكی كوردستانی دەدوێت.

**میدیا: ئێوە سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستانن، ئامانج و كار و چالاكیەكانی ئەو كۆنگرەیە چیە؟**

- كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان لە ساڵی ١٩٨٥دروست بوو دوای ئەوە لە كوردستان دەرچووم گەیشتمە ئەوروپا ئەو باوەڕەم لا دروست بوو كە بڕوام بەوە نییە یەک لایەن یان یەک حیزب بتوانێت كوردستانی مەزن ئازاد بكات.

ئەو كۆنگرەیە حیزب نییە بەڵكو سەیوانێكی نەتەوەییە بۆ هەموو حیزب و رێكخراو لایەنەكانی كوردستان دەتوانن لەگەڵ ئێمە دانیشن بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشە گەورەیەی ئێمە چارەیەک بدۆزنەوە، چارەیەک كە كۆنگرەی نیشتمانی لەسەر بنیادنراوە سەربەخۆی كوردستانە، ئێمە بڕوامان وایە ئەو حكومەتانەی دەسەلاتیان بەسەر كوردستاندا هەیە ئامادەنیین ماف بە هاولاتیەكانی خۆیان بدەن بۆیە ناكرێت چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بكرێت مافی نەتەوەیی بەنەتەوەیەكی دیكە بدەن، لەسەر ئەو بناغەیە مەسەلەی سەربەخۆی كوردستان مەسەلەیەكی زۆر ستراتیژیە بە لای ئێمەوە، ئیمكان نییە ئێمە بتوانین كەرامەتی گەلی خۆمان بپارێزین بەبێ بوونی دەوڵەتێكی كوردی، هەندێک كە دەڵێن دروست بوونی دەوڵەتی كوردی خەیاڵە، بەلام ئێمە دەڵێن نەخێر خەیاڵ نییە راستە زۆر زەحمەتە، بەلام موستەحیل نییە، بەبڕوای ئێمە مستەحیلە ئەوەیە كە جەنراڵەكانی تورك، مەلاكانی ئێران، بەعسیە فاشستەكان بكەین بەدیموكرات.

**میدیا: لەو كاتەوە كە كۆنگرەی نەتەوەیتان دروست كردوە تا ئێستا چەند هەنگاوی كردەیتان ناوە بۆ ئەو ئامانجەی بەرزتان كردوەتەوە كە سەربەخۆی كوردستانە؟**

- کۆنگرە تەنزیمێکی حیزبی نییە، بەڵکو وەک بیروباوەڕێک ئێمە کار بۆ سەربەخۆی دەکەین لەو بوارەشدا کارمان هەیە، ئێمە رۆژنامە و ماڵپەڕی ئەلترۆنی رایدیۆ و تەلەفزیۆنمان هەیە، هەروەها حکومەتی رۆژئاوای کوردستانمان دامەزراندوە، لەبواری پەیوەندی دیبلۆماسیدا بە هەزاران نامەمان ناردوە بۆ هەموو دنیا بۆنمونە نامەیەکمان بۆ جۆرج مێجەر نارد گوتمان پاش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە باشوور لە ساڵی ١٩٩٢ پێویستە ئەو هەڵەی ئێوە لە سەرەتای سەدەی بیست کردتان ئێستا راستی بکەنەوە حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دروست بەکەن وەڵامی جۆرج مێجەر ئەوەبوو کە من پشتگیری سەربەخۆی کوردستان ناکەم بەڵکو پشتگیری ئۆتۆنۆمی دەکەم لەبەر ئەوە سەرکردەکانی کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن نەک سەربەخۆی، هەرکەسێک ئەو دوودێڕە بخوانێتەوە تێدەکات ئەویش وەک من سەربەخۆی کوردستانی دەخوازێت، بەڵام سەرکردەکانی کورد داوای سەربەخۆی ناکەن.

**میدیا: لە ئێستا دەگوترێت سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەی بەسەرچوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێوە بەردەوام باس لە سەربەخۆی کوردستان دەکەن ئایە بە راستە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوە بەسەرچووە؟**

- من تەوا و بە پێچەوانەوە دەبینم، دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت ١٠ دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو، لە یوگسلافیا حەوت هەشت دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو، هەموو دنیا بەرەو دەوڵەتی نەتەوەیی دەچێت ئێستا زەمانی دەوڵەتی نەتەوەییە.

ئەوەی کە کارەساتە کەسێک زلەیەک لە ژنەکەی خۆی بدات ژنەکەی داوای تەڵاق دەکات، بەڵام ئێمە ئەو عەرەبانە نیوو ملیۆن مرۆڤی ئێمەیان کوشتوە کەچی ئێمە داوای تەڵاقی خۆمان ناکەین، من بۆخۆم لەوە تێناگەم خەلەلێک هەیە کە نازانین چییە.

**میدیا: کام لە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەشەدارن لە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا؟**

- ئێمە لە مانگی ٤ / ٢٠٠٩ کۆنگرەی شەشمان بەست لە هەندێکیان پارتی ئامادە دەبوو **PKK** ئامادە نە دەبوو، هەندێک جار **PKK** ئامادە دەبوو پارتی نە دەهات، ئامانجی ئێمە ئەوەبوو کە هەموو ئامادەبین، بەڵام هیچکات هەموو پێکەوە ئامادەنەدەبون.

**میدیا: بۆ؟**

- بڕوام وایە دەوڵەتانی دەوروپشتی ئێمە ناهێڵن، ئێمە ببین بە یەک دەست چونکە ئەگەر ئێمە یەک دەستبین کێشەی ئێمە چارەسەر دەبێت، ئەگەر بە خەیاڵ گریمانە بکەین بۆنموونە هێزی رەحمەتی بارزانی ١٥٠ هەزار پێشمەرگەبوو، هێزی قاسملو بەدەیان هەزار پیشمەرکە بوو، پەکەکە کەش دەڵێن بە ملێۆنان لایەنگرمان هەیە، ئەگەر ئەو هێزە گەورانە لەگەڵ هێزی مام جەلال ئەوانی دیکە، ببن بەیەک بۆ هیچ کەسێکیێمان دەوێرێت؟ بێگومان نەخێر، هێزێکی زۆر گەورەیە بەداخەوە کە ئەو هێزە گەورانە جگە لەوەی کە پێکەوە کارناکەن بەڵکو یەکدیش دەکوژن.

**میدیا: ئەو زەمینە واقعیانە چین وا لە تۆ دەکات پێتوابێت دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی مومکینە؟**

- کێشەی ئێمە لە پەیماننامەی لۆزانەوە دەستی پێکرد، لەو پەیمان نامەیەدا پەیمان نامەی سیڤەر رەتکرایەوە بڕیاردرا ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەو شێوەیەی ئێستا پارچە بکرێت، تائێستاش سیاسەتی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەچێت، ئەوەی ئێستا لە کوردستانی ئێراق دروست بووە هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ پەیماننامەی لۆزان، واتە بڕیارێکی سیاسی بۆ دەوڵەتی کوردی لەئێستادا بوونی نییە، بەڵکو تەنیا بڕیارێکی ئینسانی هەیە کە گەلی کورد لە کیمیاوی جینۆساید وئەنفال بپارێزێت لە ئێراقدا، ئێمە دەتوانین ئەو رایە بگۆڕین ئەگەر بمانەوێت، بۆ ئەوەی شتێکت بوێت دەبێ داوای بکەی، بەلام تا ئێستا گەلی کورد داوای سەربەخۆی نەکردوە، ئێمە دەتوانین ئەو بڕیارەی لۆزان بگۆڕین بەلام ئەگەر داوای بکەین.

**میدیا: بەلام سەرکردایەتی کورد پێی وایە کاتی ئەوە نییە داوای سەربەخۆی بکەین بۆیە ئەو داوایە ناکەین؟**

- چۆن کاتی نییە؟ دوای پەنجاساڵ لە سیاسەتی ئەوان ئێستاش رەوشی کوردستان هەر وەک خۆی وایە، کۆمەنیست، نازیەت، سەدام، شای ئێران و خومەینی هاتن وچون ئێمە هەر وەک خۆمانماینەوە، هەموو دنیا گۆڕان لای ئێمە هە دەڵێن زەمینە نییە، هەزار زەمینە دروست بوو ئێمە هەروەک خۆمان ماوینەتەوە.

**میدیا: جاران خەباتی کورد بۆ کوردایەتی بوو، بەلام لە ئێستادا هەست دەکرێت ئەوە کوردایەتیە کاڵ بوەتەوە باسی کۆمەڵگەی مەدەنی ودیموکراسەیەت دەکرێت ئایە خەباتی راستەقینەی کورد لە پێناو دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دایە یان دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی؟**

- سەبارەت بەمافی مەدەنی و دیموکراسی پێش ئەوەش مارکسیەت و پیشتریش ئیسلامیەت، ئەوانە هەموو یارکردنە بە ئەقڵی گەلانی ژێر دەست، بۆ ئەوەی ئازادی خۆیان وەرنەگرن، ئەو خەڵکەی کە بەدەسەلاتە سیاسەتی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوە گەلانی ژێردەست داوای مافی خۆیان نەکەن، کاتێک ئیمپراتۆریەتی مەدیا کەوت زانایانی دینی زەردەشتی کورد کەوتنە ژێر کاریگەری زانایانی دینی زەردەشتی فارس، کاتێک ئیسلام هات دینی زەردەشتی لە کوردستان تێکچوو وەک ئیسلام موسڵمانی کورد کەوتنە ژێر دەسەلاتی موسڵمانی عەرەب و فارس وتورک، فارسەکان ئیسلامێکی فارسیان دروست کرد، ئێمە نەماتوانی ئیسلامێکی کوردی دروست بکەین، بۆیە هەرکەس دەسەلات داربوو ئێمە نۆکەری ئەو دەبوین، ئیسلام دەڵێت هەموو گەلان وەک یەکن، بەلام ئەوە بۆ کورد راست نەبوو مارکسیەت دەڵێت مافی چارەنووس هەیە، بەلام بۆ کوردی سۆڤیەت ئەو مافە نەبوو، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت ئەو قسانە هەمووی درۆیە ئەو فیکرانە بۆ ئەوەی بەکارهێنراون دەوڵەتانی ژێر دەست وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی ئێستا دەڵێت ئەگەر ئێراق دیموکراسی بێت کورد مافی خۆی وەردەگرێت درۆیەکە لەوەی ئیسلام ومارکسیەت گەورەتر، ئەوە دروشم و ناوێکی زۆر گەورەیە چونکە کەس ناتوانێت شەڕی دیموکراسیەت بکات، بەبڕوای من نەخشەیەکی باش دوست کراوە.

بەبڕوای من دەکرێت دەوڵەتێک دیموکراتی لەهەمانکاتدا داگیرکەریش بێت بێت هەر لە دیموکراسیەتەکەی یۆنان و ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە کە هەموو دینای داگیرکرد تا رۆمانیای کۆن کە گەورەترین ئەنجومەنی سیناتی دنیایان هەبوو گەورەترین داگیرکەر بوون، مەگەر فەرەنساو بەریتانیا گەورەتیرن هێزی دیموکراتی ئەم زەمانە نەبوون؟ خۆ ئەوانیش هەر داگیرکەربوون، واتا مانای ئەوە نییە بەغدا دیموکراتبێت ئیدی مافی کورد دابین دەکات. ئەوە درۆیەکی ئاشکرایە.

**میدیا: واتا بەڕای تۆ دیموکراتیەت ناتوانێت مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد دەستەبەر بکات؟**

- بەڵی ئەوەی ١٠٠%.

**میدیا: ئایە دەکرێت دەوڵەتکمان هەبێت هەم دیموکرات بێتو لە هەمانکاتیشدا نەتەوەیی بێت؟**

- دیموکراسیەت فەلسەفەی دەوڵەتی داگیرکەرە بۆ ئەوەی یاری بە ئەقڵی گەلان ژێر دەستە بکات.

**میدیا:لە هەموو شوێن و کاتێک وایە؟**

- بەڵی، کوا مافی میللەتی باسک لە ناو یەکێتی ئەورووپادا کە رۆژانە دەکوژرێن، یان بەریتانیا گەلی ئیرلەندی دەچەوسێنێتەوە، واتە وانییە ئەگەر دەوڵەتێک دیموکراتبێت ئیدی لەگەڵ گەلەکانی ژێردەستی باش بێت، دیموکراتیەت وداگیرکاری زۆر ئیمکان هەیە پێکەوە کاربکەن.

**میدیا:بابەتی کۆنگرەی نەتەوەی و دانانی ستراتیژیەتی سەربەخۆی کوردستان بەکوێ گەیشت و چ ئامادەکاریەکەی لە لایەن ئێوەوە بۆ کراوە؟**

- مەسەلەی حیزبایەتی نەتەوایەتی لە ئێمە تێکداوە، هەر حیزبێک لە ناوچەیەک دەیەوێت زەعامەتی خۆی دروست بکات، نەک بۆنەتەوە. کار بکەن ئەوەش زیانی بە کۆنگرەی نەتەوەی کورد گەیاند.

ئەگەر بیری نەتەوەی هەبوایە براکوژی دروست نەدەبوو، ئەگەر کوردێک باوەڕی بەبیری نەتەوەی هەبێت ئیمکانییە برای نەتەوەی خۆی بکوژێت.

**میدیا: بەبڕوای ئێوە هەستی نەتەوەی لای تاکی کورد لاوازە یان، ئەوە سەرکردەکانی کورد نایانەوێت بایەخ بەو مەسەلەیە بدەن لە بەر بەرژەوەندی خۆیان؟**

- سایکس بیکۆ کوردستان کرد بە چوار پارچە، بەڵام ئێستا لە هەموو کوردستان سەد پارتی هەیە کە دەڵێت من خاوەنی کوردستانم من کوردستان دروست دەکەم واتە بەشێوەیەک ناراستەوخۆ ١٠٠ کوردستانمان دروست کرد، سایکس بیکۆ زەوی کوردستانی دابەشکرد، بەڵام حیزبە کوردیەکان خەڵکەکەیان دابەش کردوە.

**میدیا: زۆجار دەگوترێت کە نەتەوە پێویستی بە بوونی رەمزێک یان مەرجەعێک هەیە هەمووی لە ژێر سایەیدا کۆببێتەوە ئایە کورد ئەو رەمزەی هەیە یانا ئەگەر نییەتی بۆ؟**

- ئەو رەمزە هەبوو خوالێخۆشبوو بارزانی نەمر، ئەو رەمزێک بوو بۆ هەموو کورد، نەک تەنیا باشوور بەڵکوو هەموو کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بارزانی نەمردابوو، ئەو کاتە نە قاسملو هەبوو نە PKK هەبوو نەکەس تەنیا مەلامستەفا هەبوو بەس، دوای کۆچی دوای مەلا مستەفا ئەو رەمزە نەمان، لە سەر ئەو بناغەیەش من بابەتی کۆنگرەی نیشتمانیم هێنایە پێشەوە، من لە بیرم دێت سەردانی بارزانی نەمرم کردبە بارزانی نەمرم گوت لە دورەوە هاتم رەبیەکانی ئێراق زانیم کە ئەوە رەبیەی سوپای ئێراقە بە هۆی ئاڵاکەیانەوە، بەڵام تا نەهاتمە نزیک نەمزانی رەبیەکانی پێشمەرگە کامەیە چونکە هێچ ئاڵایەکی کوردستانیان پێوە نەبوو، بارزانی گوتی راست کەیت، پاشان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی بەمن جارێکی تر لای سەرۆک ئەو قسانە مەکە چونکە ئێمە دەوڵەتی کوردیمان ناوێت ئێمە ئۆتۆنۆمیمان دەوێت منیش ئەو کات بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی کوردی سوریا بووم گوتم راست دەکات چونکە ئەو سەرکردەیەکی گەورەی شۆرشە، بەڵام ئێستا دەزانم کە من راستم دەکرد نەک ئەو، یانە وەرزشیەکان لە دنیادا ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە، ئەی بۆ ئێمە ئاڵای خۆمان نەبێت. ئێمە ئەوە چەند ساڵێکە ئاڵامان بەرز کردوەتەوە، لە سەرەتای راپەریندا خەڵک ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە، بەڵام من لە بیرم دێت لە پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتن ئاڵای ئێراق هەبوو ئەو کات ئەندامانی پەرلەمان گوتیان ئێمە لە ژێرسایەی ئەو ئاڵایەدا دانانیشین کە جینۆسایدی کردوین، کۆبونەوەی لە بەینی پارتی ویەکێتی دروست بوو، تا رۆژی دوای کۆبوونەوە بریاری دا هیچ ئاڵایەک دانەنێت پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم دانشتنیدا هیچ ئاڵایەکی نەبوو تاماوەیەکی دوورو درێژ.

**میدیا: ئێوە کۆماری رۆژئاواتان لە تاراوگە دروست کردوە هۆکاری پێکهێنانی ئەو هەنگاوە چیە ئامانجتان لەوە چیە؟ لەکاتێکدا زۆر باسە لە کوردستانی یەکگرتوودەکەن بۆ کۆمارەکەتان تەنیا لە سەر ئاستی بەشێکە نەک هەموو کوردستان؟**

- لە گەڵ ئەوروپی و رۆژئاوایەکان دەتوانم بە پێنج دەقە باوەریان پێبهێنم کە کورد مافی دەوڵەتی خۆی هەیە، بەڵام بەرۆژ و مانگ و ساڵ لەگەڵ کورد گفتوگۆدەکەم ناتوانی قەناعەت بەکوردەکان خۆیان بهێنی کە کورد ئەو مافەی هەیە، هەندێکجا دەڵێم کاکە من بەتۆم نەوەتوە کە دەوڵەتێک بۆ ئیسرائیل دروست بکە دەمەوێت بۆ خۆت دەوڵەتێک دروست بکەم بۆ کورد بەڵام ئەوان هەر باوەریان نایەت.

دەگەرێمەوە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە بۆ حکومەتی رۆژئاوا نەک هەموو کوردستان؟ بەرای من کوردستانی سوریا لە ژێر مەترسیەکی گەورەدایە چۆن کوردستانی سور لە سۆڤیەت نەماو هیچ کەسێک باسی ناکات، کوردستانی سوریاش ئێستا لە ژێر هەمان مەترسیدایە، کوردستانی ئێراق و تورکیا و ئێران کەس ناتوانێت ئینکاری بکات، بەڵام ئینکاری کوردستانی سوریا دەکرێت ئێستاش هەندێک لە سەرکردەکانی کورد دەڵێن کوردی سوریا لە تورکیاوە هاتوون، هەندێکی دیکە لە سەرکردەکانی کورد دەڵێن بۆ سێ چوار گوندی کورد ئێمە ئامادەنین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ سوریا تێکبدەین. تێگەیشتنێکی هەیە لە دوژمنانی کوردستان و ناو خودی کوردیشدا بۆ ئینکاری کردنی کوردستانی سوریا بۆیە ئێمەش بۆ داکۆکی کردن لەو قەزیە کۆماری کوردستانی رۆژئاوامان راگەیاند.

لەو ناوندەدا ئێمە لەسەر ئاستێکی باش پەیوەندیمان هەیە من خۆم چەند جارێک تۆنی بلێرم بینیوە لە لیبیا لە سەرۆکایەتی کۆماری لیبیا پێشوازیمان لێکراوە وەک سەرۆک کۆمار هەروەها وەزیرانی دەرەوەی جەندین وڵاتمان بینیوە لە چوار چێوەیەکی زۆر فراواندا

کاردەکەین.


**میدیا: لە شۆڕشی ئەیلولدا، پشتگیری و پشتیوانی سەکردایەتی ئەو شۆڕشە نەتەوەیە کە دەدرا، کەچی ئێستا پێچەوانەی لێهاتووە؟**

**- کاتی خۆی لە شۆڕشی ئەیلول بارزانی نەمر گرنگی و پشتیوانی زۆری بەو خەڵکانە دەدا کە بیری نەتەوەییان هەبوو، فەتاح ئاغا ئامیر هێزی رزگاری و حەمە عەزیز لێپرسراوی دارایی و مام هەژار لەنزیکەوە هاوکاری بوو، کاک ئیدریس لێپرسراوی پەیوەندییە نەتەوەییەکان بوو، کەچی ئێستا ئەو حزب و لایەنانەی پەیامی سەربەخۆیی کوردستانن، نەک هەر هاوکاری و پشتگیری ناکرێن، بەڵکو دژایەتی دەکرێن و پشتگیری لە بیروباوەڕە هاوردەکان دەکرێن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت / ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیوەری ٢٠١٠**




Israel
Syria
Lebanon
West Bank
Gaza Strip
Iraq
Iran
Jordan
Kuwait
Egypt
Saudi Arabia
Bahrain
Qatar
Dubai
UAE
Oman
Yemen




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧١٦ی کوردی - جوونی ٢٠١٦ی زایینی**